KURDOLOGY

# کوردۆلۆجی

گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی

سەرنووسەر: د. ڕەفیق سابیر

بەڕێوەبەری نووسین
د. عەبدوڵلا مەردۆخ

دەستەی نووسەران:
د. موحسین ئەحمەد عومەر
عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی
محەمەد ئەمین حسەین (مینە)

هەواڵنامەی کتێب

ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٠٩

هەریمی کوردستان
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
مەڵبەندی کوردۆلۆجی

سەرپەرشتیی هونەری و دیزاین: مینە ، بڕیار فەرج
کۆمپیوتەر: سروە عوسمان ئەحمەد
هەڵەبڕی: سەلاح شاکەلی
نەخشەی بەرگ: رەنج شوکری
سەرپەرشتیی چاپ: بڕیار فەرەج کاکی

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

مەڵبەندی کوردۆلۆجی
ناونیشان: سلێمانی
گردی ئەندازیاران
گەڕەک: ١٠٥ - کۆڵان: ٢٥، ژ.خانوو:٤
ژ.پۆست:٩٥ - تەلەفون: ٣١٩٣٠٩٣
kurdology-govar@kurdology.com

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەڕۆك


| | | |
|---|---|---|
| ❊ كورد لە دیدی گەلی سەردەستی فارسەوە | زرار میرۆ رەواندزی | ٤ |
| ❊ وێنەی كورد لە سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەكاندا | م. حەیدەر لەشكری | ٣٤ |
| ❊ رەگەزپەرستی دژی كورد | هەریەت مۆنتگۆمەری | ٩٤ |
| ❊ كورد لە سووریا | مستەفا نازدار | ١٥٠ |
| ❊ بزووتنەوەكەی شێخ محمود لەبەڵگەنامەكانی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی ئێراندا | د. عەبدوڵڵا مەردۆخ | ١٦٤ |
| ❊ داهاتووی ویلایەتی موسڵ لەسەدەی بیستویەكەمدا | هێرش عەبدوڵڵا | ١٨٤ |
| ❊ كێشەی كورد و سنووری موسڵ | پیتەر سلاگێت | ١٩٦ |
| ❊ پرسی ئاسووری لە كوردستان، پەیوەندیی ئاسووری-كوردی لە دەوروبەری جەنگی جیهانیی یەكەمدا | د. ئارام عەلی | ٢١٠ |
| ❊ رێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی- خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی | بوتروس ئەبومەننە و تێری زەركۆن | ٢٢٤ |
| ❊ پرنسیپەكانی گەشەی ئابووری بۆ كوردستانی باشوور | موفید عەبدوڵڵا | ٢٥٢ |
| ❊ گەشەكردنی درامای كوردی ١٩٧٥-١٩٩٥ | د. سەلام فەرەج | ٢٧٠ |
| ❊ زانستی بڕگە | محەمەد ساڵح سەعید | ٣٢٦ |
| ❊ نەتەوە چییە؟ | ئێرنێست رێنان | ٣٤٨ |
| ❊ رۆژهەڵات داهێنانێكی رۆژئاوایە، خوێندنەوەی وردی كتێبی رۆژهەڵاتناسیی ئیدوارد سەعید | د. موحسین ئەحمەد | ٣٨٠ |
| ❊ عەرەبی بەدو و شوانكارەی كورد، بەراوردێك لە نێوان رواڵەت و بنەماكانی ژیانیان | د.شاكر خصباك | ٤٠٢ |
| ❊ چاوپێكەوتنێكی بڵاونەكراوە لەگەڵ هێمنی شاعیردا | رەفیق سابیر | ٤٢٢ |
| ❊ چاوپێكەوتن لەگەڵ دوكتۆر مەحموود ئەمین عالمدا | و. عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی | ٤٤٢ |
| ❊ كتێبخانەی كوردۆلۆجی | . | |
| ١-خوێندنەوەیەكی سەرپێیی بۆ دوو كتێبی محەمەد حەمە باقی | د. عەبدوڵڵا مەردۆخ | ٤٥٦ |
| ❊ ٢-گەشتێك بەناو بڵاوكراوەكانی مەڵبەندی كوردۆلۆجیدا | | ٤٦٤ |

# کورد لە دیدی گەلی سەردەستی فارسەوە*

زرار میرۆ رەواندزی

گەلی کورد لەگەڵ کۆنترین شارستانییە جیهانییەکان، وەك میزۆپۆتامی، ئێران، سووریا، فینیقیا و ئۆرارتو ژیاوە، بەڵام بەهۆی دوورە پەرێزییانەوە، دەستکەوتە شارستانییەکانی ئەو میللەتانە، ئەمانی نەگرتۆتەوە. ئەم گەلە لەبەرئەوە بە دوو زلهێزی گەورەی- ئێران و عوسمانی- گەمارۆ درابوون و شەڕی ناوخۆیی، کە بە هاندانی ئەم دوو دەوڵەتە ئاگرەکەی خۆش دەکرا، بە درێژایی مێژوو لە شەڕی مان و نەماندا هەر ئەوەی پێکراوە لە هەر شوێنێك بێ، خۆی بپارێزێ و دوای بەرژەوەندیی تایبەتی عێڵ و عەشیرەتەکەی خۆی بکەوێ. بۆ مانەوە و ژیانێکی ساکار و ئاسایی، پەنای بردووەتە چیا سەرکەش و مەزنەکانی، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاو هاوسێکانیدا، لە کاروانی شارستانی بەجێما و لە بارودۆخێکی سەرەتاییدا ژیانی بەسەر دەبرد. ئەم وتە کوردییە" چیای مەزن، نانی هەرزن، شیری بزن" گەواهیی ئەم ژیانە ساکارەیە، کە دوژمنانی ئەوەشیان پێ رەوا نەدەبینی. ئەم هۆیانە و گەلێك هۆی تر نەیان هێشت گەلی کورد دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێکەوە بنێ.

ئەگەر ئەو ناتەبایی و دووبەرەکییەی شەرەف خانی بەدلیسی سکاڵای لێ دەکات و لەناو کورددا بڵاوە، سەرچاوەکەی هێرش و شەڕی داگیرکەرانەی دوو وڵاتی ئێران و عوسمانی بوو، کە لەژێر پەردەی بەرگری لە ئاینی ئیسلام، بەڵام بۆ داگیرکردنی وڵاتی کورد، هەڵدەگیرسا. لەبەرئەوەی کورد دەرەقەتی ئەم دوو زلهێزە نەهاتوون و لە چەند بەرەشەوە شەڕیان پێنەدەکرا، ناچار بۆ پاراستنی خۆیان هەوڵیان داوە بە چەشنێك لە گەڵیان رێکەون،

جارێك رۆمی بن و جارێك ئێرانی. خۆ ئەگەر هەلێکیش هەلکەوتبێ، ئەوا سەربەخۆیی خۆیانیان لە بیر نەکردووە. دوژمنانیش، کە هەستیان بەم"یاریکردن بە دوو سەری پەت"ە کردبوو. ئیدی بۆ زیاتر چەوساندنەوەیان بەگژ یەکتریاندا داون و بە دەستی خۆیان تەفر و توونایان کردوون.

نەریتی مێژوویی و رووناکبیریی دەوڵەمەند و رادەی بەرزی گەشەسەندنی ئێتنیکی کورد، بە پێچەوانەی ئەو بارە سیاسییەوەیە، کە تێیدا دەژی. لەبەر رەگ و ریشەی ئەم بارودۆخە تایبەتییە، کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد چووەتە ریزی پێشەوەی گیروگرفتی چارەسەرنەکراوی میللەتانی ترەوە. کورد لەناوچەی خوارووی رۆژئاوای ئاسیادا گەورەترین کەمینەی نەتەوەییە، لە هەموو دەوڵەتەکاندا جگە لە ئێران، کە لە ئازەرییەکان کەمترن، بە ژمارە دووەم میللەتن، بەڵام لە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتیدا لە هەموو میللەتانی ژێردەستەی ناوچەکە چالاکترن.

دوژمنان چەند کوردیان پاڵەپەستۆ و لە مافی مرۆڤایەتی بێبەش کردووە، ئەوەندەش بەری خۆیانیان بەرەڵڵا کردووە، قەڵەمیان بە دەستەوە بووە چیان ویستووە لەسەر کورد وتوویانە و نووسیویانە. سەرەڕای گشت ئەمانە، بە بێ رەچاوکردنی مەسەلەی کورد ناتوانرێت - بە شیوەیەکی راست و هەمە لایەنە، لە مێژووی رابردوو و باری ئێستا و داهاتووی چاوەڕێکراوی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا دەژی- بکۆڵرێتەوە.

لەبەرچی و هۆی چییە مەسەلەی کورد هێشتا کێشەیەکی زیندووە؟ ئەم پرسیارە دەتوانێ ئەو وەڵامەی هەبێ، کە هەموو ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆی پەیدابوون و گەڵاڵەبوونی ئەو مەسەلەیە، هەر بە هێزی خۆیان ماون و لە ئارادان، لە پێش هەمووشیانەوە ئەو چەوسانەوە نەتەوایەتی و زوڵم و زۆرەیە، کە میللەتی کورد چەندان سەدەیە بە دەستییەوە دەناڵێنێ.

ئەم وتارە کورتە هەوڵێکی گچکەیە بۆ نیشاندانی سیمای کورد لە روانگەی بۆرجوازی گەلی سەردەستی فارس لە ئێراندا، کە دەردەکەوێ لە ژێر پەردەی گوایە هاوڕەگەزیدا چی بەم گەلە دەکرێ و چۆن دەبینرێ. دیارە لە ئێراندا زوڵم و ستەم لە کورد، رابردوویەکی دوور و درێژی هەیە و بە دەیان وتار و کتێب دەرناخرێ. بەداخەوە لە بەر دەست نەگەیشتن بە سەرچاوە رەسەن و سەرەکییەکان، نەکرا ئەم بابەتە دەوڵەمەندتر بێ. بە هەر حاڵ ئەمە مشتێکە لە خەروارێك!

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، زانیاری لەسەر ئەم وڵاتە بە گشتی و گەلانی ئێرانی بە تایبەت، لە سێ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە لە بەردەستدایە. لەم ماوەیەدا ئەم گەلانە لەگەڵ دەوڵەتانی جۆربەجۆر، کە خاوەن زمان و شارستانییەتی تایبەت بوون، پەیوەندیان کردووە و لە هەمان کاتدا ژیانی سیاسی و ئابووری و کولتووریی تایبەت بە خۆیانیان پێکهێناوە و بە درێژایی مێژوویان پاراستوویانە و داکۆکیان لێکردووە.

ئێران لە بەر بارودۆخی جیۆگرافی و رێکخراوی دەوڵەتی و پەرەسەندنی کولتوور و شارستانیەتی، لە مێژووی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراستدا، ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆدا بووە، تەنانەت جاروبار دەوری فەرمانڕەوایی لەم هەرێمانەدا بینیوە. لە سەردەمانی زۆر کۆندا، ئێران لەگەڵ میسر و یونان پەیوەندی پەیداکرد و گەلێك ناوچەی ئاشوور و بابل و ئۆرارتۆ و ئاسیای ناوەندی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئێران پاش هێرشە داگیرکەرانەکانی ئەسکەندەری مەقدوونی لە بەربەرەکانێ لە دژی رۆم و بیزانس (رۆمی رۆژهەڵات) لە سەربەخۆیی خۆی بەرگری کرد، پاشان لە بەرامبەر هێرشی بەربڵاوی عەرەبدا تووشی شکان و پەرشوبڵاوی بوو، لە دوای ماوەیەك عەرەبەکانی خستە ژێر کاریگەریی کولتوور و شارستانیەتی خۆیەوە. بەڵام ئێرانی پاش ئیسلام هیچ کاتێك نەبووەوە بە ئێرانی پێش ئیسلام.

لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، کەس گومانی بۆ ئەوە نەدەچوو، کە مەترسیی سەرەکی بۆ سەربەخۆیی ئێران، نەك لەلایەن رۆمەکان یا تورکانی ئاسیای ناوەند، بەڵکو لە لایەن عەرەبەکانەوە بێ، کە پادشایانی ساسانی هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەدان. ئێرانییەکان عەرەبەکانیان بە کۆمەڵێك عێڵ و عەشیرەتی کۆچەری دەوارنشین و رەش و رووت دەزانی، کە جاروبار دەس دەدەنە دزی و راووڕووت و گێروگرفت بۆ ئێرانییەکان دەسازێنن، بەڵام هەر ئەم "عەرەبە رەش و رووتانە" کارەساتێکی وایان بە سەر ئێراندا هێنا، کە لە پاش هێرشەکانی ئەسکەندەری مەقدوونی بێ وێنە بوو. دوای سەرکەوتنی عەرەبەکان، بنچینەی ئاین و کولتوور، بە گشتی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی وڵاتانی داگیرکراو، بە تایبەت ئێران، بە دەستی عەرەب، لە رەگ و ریشەوە دەرهێنرا.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینیدا، بە شاکانی ساسانیان دەوت "شاهەنشا" واتە شای شاکان. ئەم شایانە لە هەرێمە جۆربەجۆرەکانی ئیمپراتووریای

ئێرانی بەرینی ئەو سەردەمەدا دەسەڵاتدارانی بچووك بوون. هەرێمی فارس، خووزستان،کرمان، تەبەرەستان، دەیلەم، گورگان، خوراسان و ئازەربایجان لە بندەست دەسەڵاتدارانی ناوچەییدا بوون، کە پشتاوپشت لەو ناوانەدا فەرمانڕەواییان دەکرد. مێژوونووسە عەرەبزمانەکان بەم شا بچووکانەیان دەوت " دهقان". ئەم دێهقانانە لە هەرێمەکانیاندا، خۆیان بە دەسەڵاتداری تەواو دەزانی و هەوڵیان دەدا لە بەرامبەر "شاهەنشا"دا لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتداریی خۆیان بەرگری بکەن. هەر ئەم هەست و کردەوەیە و خۆ دوورخستنەوە لە دەسەڵاتی ناوەند، بە رای زوربەی مێژوونووسان بوو بە هۆی سەرەکی لاوازی و بەزینی ئێرانییەکان لە بەرامبەر هێرشی یەکگرتوو و بەکۆمەڵی عەرەبەکاندا.

لە لای عەرەبەکانیشەوە ئاینی ئیسلام موسڵمانەکانی هاندەدا لەو هێرشانە، کە بە ناوی جیهادەوە بۆ سەر کافرەکان دەکرا بەشداری بکەن. لە قورئاندا موسڵمانەکان هاندەدرێن بە کۆمەڵ هاوبەشیی ئەم شەڕانە بکەن و پاش داگیرکردنی وڵاتی کافرەکان مافی رەوای خۆیانە ژن و پیاو و منداڵیان لێ بکوژن، یان بیانکەن بە کویلە و ماڵ و سامانیان لێ داگیربکەن. ئامانجی سەرەکی عەرەبە موسڵمانەکان لە داگیرکردنی وڵاتانی بە وتەی ئەوان کافر لەم وتەیەدایە، کە دەڵێن قسەی عومەری کوڕی خەتتابە: " موسڵمانەکان خەڵکی زیندووی وڵاتانی داگیرکراو دەخۆن و کاتێ هەم ئێمە و هەم ئەوان مردین منداڵەکانمان منداڵەکانیان دەخۆن".

عەرەبەکان جگە لە زمانی دەوڵەمەندی عەرەبی و ئاینی ئیسلام، شتێکی دیکەیان بۆ گەلانی ئێرانی نەهێنا. بەڵام هەتا پێیان دەکرا بە ناوی باج و پیتاك و جزیەوە، خەڵکیان دەڕووتاندەوە. بۆ وەرگرتنی ئەم باجانە، پارچە ئاسنێکیان لە مل خەڵك دەکرد و لەسەر ئەم ئاسنە نووسرابوو ئەم گوندییە خەڵکی کام گوندە و ئەگەر لە شوێنێکی تردا بیانگرتبا دەیانناردەوە بۆ گوندەکەی خۆی و ئەگەر پارچە ئاسنەکەشی لە ملدا نەبووایە بە ناوی بەرەڵڵا و بێ سەروشوێن دەیان گرت. ئەم کارە داخکردنی کویلەکانی وەبیر دەهێناوە و سەرشۆڕییەکی یەکجار گران بوو بۆ ئەم گەلانە. عەرەبەکان مەڵبەندی خۆیان "دارالسلام" بوو و بە گشتی بە گەلانی ناعەرەبیان دەوت "موالی" و بە وڵاتەکەیان "دار الحرب" بە تایبەت ئێرانییەکانیان ناو نابوو "عەجەم"، ئەم وشانە کەسایەتی ئێرانییەکانی تێکشکاند و بە درێژایی مێژوویان هەتا ئەمڕۆش

لێیان نەبۆتەوە و ئەمە رۆحو رەوانی ئێرانی بریندار کرد و لەبەر ئەمە کاتێ دەوڵەتی عەرەبی بەنی ئومەییە هاتە سەر دەور ٧٥٠-٦٦١، لەسەر ئەمە سوور بوون، کە دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی عەرەبیە و خەڵکی وڵاتانی داگیرکراو نابێ هیچ هیوای چاکە و بەخشینیان پێ بێ. ئەم دەوڵەتە بێ بەزییانە خەڵکیان دەگرت و پاش ئەزیەت و ئازارێکی زۆر ملیان دەپەڕاندن و ماڵ و سامانەکەیانیان داگیر دەکردن. ئەم چەشنە ئاکارانە خەڵکی زۆرلێکراوی بەرەو خەباتێکی نائۆمێدانە دەبرد. ئەم خەباتە، گەلانی بەزیو و داگیرکراوی سەدە سەرەتاییەکانی فەرمانڕەوایی عەرەبی هاندەدا، کە شێوەیەکی گونجاو بۆ بەربەرەکانێ و رزگاری لە هەموو جێگا و شوێنێکدا بدۆزنەوە. هەر ئەم خەباتە بوو رێی خۆشکرد بۆ دزەکردنی فەلسەفەی یونانی کۆن بۆ بێ هێزکردنی ئاینی ئیسلام لە سەرزەمینی خەلافەتی ئیسلامیدا.

سەرکەوتنی عەرەبەکان بە سەر گەلانی ئێرانیدا بوو بە هۆی ئەوەی، کە زمانی ئەدەبی ئەم گەلانە، کە رووی لە گەشە کردن و لە رەوتی پەرەسەندندا بوو، پێشی پێبگیرێ و زمانی عەرەبی ببێتە باو. دەسەڵاتدارانی عەرەب لە پاشماوەی میراتی ئەدەبی گەلانی ناعەرەب چیان بە دەست کەوت تەفروتوونایان کرد، ئینجا هەموو شت لە ئیسلام و بۆ ئیسلام بوو. ئاینی ئیسلام لە هەر موسڵمانێکی دەویست رۆژێ پێنج جار نوێژ بخوێنێ و ئەم نوێژەش دەبێ بە زمانی عەرەبی بێ، دەنا خوا لێیان قبووڵ ناکات. بۆ نووسینیش جگە لە ئەلفوبێی عەرەبی نابێ لە هیچ ئەلفوبێیەکی دیکە کەڵك وەربگیرێ. ئەم هەلومەرجە زمانی میللی گەلانی ناعەرەبی تازە موسڵمان بووی لە رەوتی سروشتی خۆی دەرکرد و رێگای گەشەکردنی پێگرت و شێواندی و خستیە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، ئەم کاریگەری و شێواندنە ئەوەندە بە هێزبوو شوێنەواری هەتا ئەم رۆژگارەش هەر دیارە. بۆ نموونە یەکێ لە هۆیە سەرەکیەکانی پەرشوبڵاویی زمانی کوردی لە باری رێنووس و گرامەر و وشە و تەنانەت پێکنەهاتنی زمانی یەکگرتووشەوە هەر کاریگەریی زمان و ئەلفوبێ عەرەبیەکەیە. یا زمانی فارسی ئێستاش لە بەر گیروگرفتی زمانی عەرەبی، کە زۆر کاری تێدا کردوە، رێنووسێکی پڕاوپڕی بۆ نەکراوە و تەنانەت گرامەرێکی زانستیی و روون و دوور لە کێشە و گرفتیشی نییە. ئاشکرایە جەماوەری خەڵکیش هیچ کاتێ فێری ئەم زمانە، کە نامۆ بوو بە گیان و رۆحیان نەبوون و ئەوەش، کە بەناوی نوێژ دەیانخوێند و ئێستاش

هەولێرنامەی کتێب

دەیخوێنن لە واتاکانی تێنەدەگیشتن و تێناگەن، سەرجەمی ئەمەش زۆربەی خەڵکی لە خوێندن و زانین دوور خستەوە و خوێندن و زانین بوو بە موڵکی تایبەتی پیاوە ئاینیە موسڵمانەکان واتە مەلاکان. ئەوانیش بۆ تێگەیاندن و دابەزاندنی ئاینی ئیسلام لە وڵاتەکەیاندا هەر خەریکی شەرح لەسەر شەرح و تەفسیر نووسین بوون و بەداخەوە هیچیان بۆ گەشە پێدانی زمان و کولتووری گەلەکەی خۆیان نەکرد، ئەمەش کۆسپێکی دیکەی کولتووری عەرەبی بوو، کە گەلانی ناعەرەبی لە میراتی ئەدەبی و مێژوویی رەسەنی خۆیان بێ بەشکرد، جا هەتا ئەم بارودۆخە لە ئارادا بێ، ئەم گەلانە و زمانەکەیان لە گێروگەفت رزگاریان نابێت.

بەڵام پاشان چینی دەرەبەگ و خاوەن موڵکی تازە موسڵمان بوو، بۆ پاراستنی موڵکەکانیان، لە دەسەڵاتی عەرەب نزیك بوونەوە، زمانی عەرەبی بوو بە زمانی نووسین و ئاخافتنیان و نەختە نەختە زمانە سەرەکیەکەی خۆیانیان کردە زمانی گفتوگۆ لە گەڵ خەڵکی ڕەمەکی و هەژار و خزمەتکارەکان، وەك چۆن لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم لە دەرباری رووسیای قەیسەریدا بە زمانی فرەنسایی دەدوان و زمانی روسیش لەناو خەڵکی هەژاردا باو بوو.

هەرکە گلۆڵەی دەسەڵاتی عەرەبەکان کەوتە لێژی، لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لە دژی دەسەڵاتی عەرەب، رووناکبیرانی وڵاتانی داگیرکراو، گیانێکی تازەیان بەبەردا هاتەوە، دەستیان کرد بە زیندووکردنەوەی زمانەکەی خۆیان و هۆنینەوەی شیعر بەو زمانە و نووسینەوەی مێژوویان و هەڵدان بە مێژووی پڕ لە شانازی باوباپیرانیان. لەم سەردەمەدا ژیلەمۆی رق و قینی ساڵانی ساڵ لەژێر خۆڵەمێشی دان بە جەرگ داناندا، هاتە دەر و بەردەوام گەشایەوە و گڕێ کوێرەکانی رەوانی و کەسایەتی رووی لە کردنەوە کرد و لەچوارچێوەی چەشنە "نیشتمانپەروەری"یەکدا قەتیس ما. ئەم نیشمانپەروەرییە کرچ و کاڵە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بوو بە چەکی دەستی وردەبۆرجوازی تازە پێگەیشتووی ئێرانی، وردەوردە پەرەی سەند و بوو بە شۆڤێنیزمی رەش و بەرەڵڵای بۆرجوازی گەلی سەردەستی فارس بۆ بێ رێزکردنی گەلانی دیکە. گەلێك، کە دوێنێ کەسایەتیان دەشکاند و بێ رێزیان دەکردن، ئەمڕۆ خۆی حورمەتی گەلانی دیکە دەشکێنێ. بۆ نموونە ئەمە نووسراوێکی میرزا ئاقا خانی کرمانی، نووسەری ئازادیخوازی سەرەتای

بزووتنەوەی مەشرووتەخوازیە لە ئێران، کە خۆی بە دەستی بەرەی پاشکەوتوو لە سێدارە دراوە. ناوبراو لە یەکێ لە بەرهەمەکانیدا بە ناوی "سە مکتوب" سەبارەت بە عەرەب دەنووسێ: *"رێگرانی رووت و قوت، مشك خۆرانی سەرگەردان، پەنابەرانی ژێر درِووی موغیلان، خراپترین مرۆڤ، درِندە ترین گیانلەبەران، کۆمەڵێك جەردەی شوانی وشتر، ژمارەیەك رەش و زەردی کزو لاواز و بێ ئەدەب و بێ نامووس وەك ئاژەڵ بەڵکو خراپتریش، دەوڵەتی ئێرانیان بەو هەمووە گەورەییە و گەلی بە ئەمەك و خاوەن ئالا و شارستانیەتی ئێرانیان بە بای فەنادا دا و تەخت و تاجی کەیانیان بە تالان برد، هەی تف لەم بێ نامووسانە..."*

لە بەر پەرشوبلاوی و لاوازی خەلافەتی عەرەبی و زیندووبوونەوەی دەوڵەتانی ناوچەیی دەوڵەتی تاهیریانو... ئێران لە دەسەلاتی بێگانە رزگار بوو. ئەم رەوتە لە ساڵی ٩٣٥ دا بە پێکهاتنی دەوڵەتی بنەماڵەی بوویە لە رۆژئاوای ئێرانەوە دوایی هات و بە ئاکام گەیشت.

دەوڵەتی سامانییەکان ٩٩٩-٩٠٠ بە پێچەوانەی تاهیریەکان٨٧٣-٨٢١ هەستیان بەوە کردبوو، کە بێ بووژانەوەی تradیسیونی کولتووری کۆن، سەربەخۆیی و سەقامگیریی دەوڵەتەکەیان سەرناگرێ. لە هەمان کاتیشدا بە ئاشکرا دژایەتی ئاینی ئیسلام و عەرەبیان لەو سەروبەندەدا پێنەدەکرا. سامانیەکان رێگایەکی دیکەیان گرتەبەر، هاتن لە ئاینزا جۆربەجۆرەکانی ئیسلام، کە ئاینی ئیسلامی سونی سەردەستی تێك دەشکاند، پشتیوانیان کرد. رادەی ئەم کار و کردەوەیە بەو جێگایە گەیشت، کە رێزلێنان لە ئاینی زەردەشتیش ئیتر کارێکی مەترسیدار نەبوو.

یەك لەو بەرهەمانەی، کە ئەم بۆچوون و بیر و باوڕانەی لە خۆگرتبوو "شانامە"ی فیردەوسی ١٠٢٥-٩٣٤ بوو، کە هەموو گەلانی ئێرانیزمان بە موڵکی خۆیانی دەزانن و یەك لە شاکارەکانی ئەدەبی جیهانە. شانامە پڕە لە هەست و نەستی دژ بە عەرەب و داگیرکەر و شانازی بە رابردوو و پادشاکانی ئێرانەوە. کاتێ فیردەوسی لە عەوەب دەدوێ و باسی بارودۆخ و بیچمیان دەکات، بەم چەشنە دەیاننەخشێنێ، کە سامالّسای رق و قینە لە عەرەب:- *ئای لەم مار خۆرانە، کە دەموچاویان وەك ئەهریمەنە، لە زانایی و شەرم بێ بەشن، نە گەنجیان هەیە نە ناو و نە تەخت و نە*

*رەگەز، هەر دەیانەوێ دنیا وێران بکەن. ئای لەم قەلە رەشە بێ رەنگ و روخسارانە، لە وریایی و زانایی و ناو و نەنگ بێ بەشن.*

ازین مار خوار اهرمن چهرگان ز دانائی و شرم بی بهرگان
نه گنج و نه نام و نه تخت و نژاد همی داد خواهد گیتی بباد
ازین زاغ ساران بی آب و رنگ نه هوش و نه دانش نه نام و نه ننگ

لە باسی ژێرەوژوربوونی تەخت و تاجی پادشایانی ئێران بە دەستی ئەم عەرەبانە، خەم و داخ هەڵی دەگرێ و چەرخی گەردوون نەفرین دەکات بۆ کار و کردەوەی و ئاخ بۆ رابردووی ئێران هەڵدەکێشێ: لە شیری وشتر خواردنەوە و خواردنی مارمێلکە، عەرەب بەو جێگایەی گەیاندوە کار، تاجی کەیانی بکات ئارەزوو، هەی بە نەحلەت بی ئەی چەرخی گەردوون.

زشیر شتر خوردن و سوسمار عرب را به جائی رسیدەست کار
که تاج کیانی کندی آرزو تفو بر تو ای چرخ گردون تفو

هەواڵنامەی کتێب

سەرەڕای ئەمانە، لە پاش هێرشی عەرەب، گرنگی بار و هەڵکەوتی ئێران بە تەواوی تێکنەچوو، پاش ماوەیەك بە گەلێك هۆ توانی خۆی بگرێتەوە. رێگای کاروانی، کە لە ئێمپراتۆریای چینەوە هەتا قەراغ دەریای ناوەڕاست دەهات، بە هەزاران ساڵ لەناو ئێران و گەلانی ئێرانیەوە تێدەپەڕی، لەبەر ئەمە دەوری ئاڵوگۆڕیی بازرگانی و کولتووری نێونەتەوەیی ئەم ناوە یەکجار گرنگ بوو. بەشداری ئێران لە کولتوور و پەروەردەی سەردەمانی کۆن و بەتایبەت سەدە ناوەندیەکاندا زۆر دیار و لە بەرچاوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کولتوور و شارستانیەت و زمان و ئەدەبی فارسی هیچ لە کولتوور و زمانی یونانی کۆن کەمتر نەبوو.

لە وڵاتی ئێرانی ئێستادا گەلانی جۆربەجۆر و جیاواز لەیەك بە تایبەتمەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیانەوە، کە لە کۆنەوە هەرکام لەسەر خاکی خۆیان ژیاون، بەسەر دەبەن. ئەم گەلانە بە باشی ئاگایان لە جیاوازیەکانی خۆیان و

گەلەکانی دیکەیە. وەك فارس، تورك، عەرەب، بەلووچ، ئەرمەن و کورد. زوربەی ئەم گەلانە، کە لەسەر سنووری ئێرانی ئێستا دەژین، بە هۆی شەڕ و پەیماننامەکانی پاش شەڕ، لە بەشەکانی دیکەیان لەو بەری سنوورەوە دابڕاون، بەڵام نێوان و پێوەندیەکی پتەویان لەگەڵ ئەوبەرەوەدا هەر هەیە. وەك تورك، تورکمان، عەرەب، ئەرمەن، بەلووچ و کورد.

لەم سەردەمەدا، هەموو ئەم گەلانە، کە نیوەی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن، بە نان و جل و بەرگی خۆیانەوە، لە زیندانی ئێراندا زینداین و رژێمە دژ بە گەلەکانی ئێران، ئەم گەلانەیان لە هەموو مافێك بێبەش کردووە و گەلی فارسیان بە پاسەوان و زیندانەوانی ئەم زیندانە گەورەیە و ئەم زیندانییە بێ تاوانانە داناوە.

گەلانی ئێران لە سەرەتایی ترین مافی مرۆڤایەتی بێبەشن، ئەم بێبەشیەش، پەرەسەندنی سیاسی، ئابووریی و کولتووریی هەموو ئەم گەلانەی تووشی قەیران و کێشە کردوە. ستەمی نەتەوایەتی و ئاینی بە هەموو ماناوە بە سەریاندا سەپاوە. ئەم ستەمە بەگوێرەی بارودۆخی گەلەکان شێوە و رووکاری جۆربەجۆری هەیە، لە نکوولی هەبوونیانەوە بگرە هەتا گاڵتە پێکردن و سووکایەتی و تالانکردنی سەرچاوە سروشتیەکانیان و کۆسپ و تەگەرە خستنە رێی و رەوتی پێشکەوتنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیان و پێشێل کردنی مافی بەرابەریی هاوبەش و دابینکردنی چارەنووسیان، بەرێوە دەچێ.

کوردستان، وەك ولاتێکی دابەشکراو و گەلی کورد وەك خەڵکێکی ژێردەست، لەو ولاتانەدا، کە ئەمڕۆ چارەنووسی ئەم ولاتە و ئەم خەڵکەیان بە دەستەوە گرتوە، نە سنوورێکیان بۆ دیاریکراوە و نە دان بە هەبوونیاندا دەنرێ و بەگشتیش بڕوا بە هیچ چەشنە بەڵگە و زانیاریەك سەبارەت بە هەبوون و رابردوویان ناکرێ، ئەوەی، کە هەیە و لەبەر دەستدایە یا دەیفەوتێنن و یا دەیشارنەوە و یا دەستی تێوەردەدەن. بۆ نموونە کوردی ئێران وەك کورد و گەلێکی جیاواز سەیر ناکرێن، بەڵکو بە ئێرانی پێناسە دەکرێن. جا لەبەر ئەمە و گەلێ هۆی تر، دەرخستنی هەر جۆرە زانیاری وردی دیمۆگرافی و جیۆگرافی و هیستوریوگرافی سەبارەت بە کورد و کوردستان، پڕاوپڕ و لە جێگای خۆیاندا نین، ناچار دەبێ ئەو بەڵگە و هەر چەشنە کەرەسەیەك، کە بۆ

لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم گەلە بە کار دەبرێن، زۆر بە وردی و گومانەوە سەیر بکرێن و بۆ زانینی گەلێك شتی دیکەش، دەست بدرێتە مەزەندە و هەڵسەنگاندنی گشتی.

کوردستانی ئێران، ناوچەیەکی بەرین و فراوانە، رووپێوی بە گوێرەی زوربەی زۆری سەرچاوەکان، ١٢٥٠٠٠ کیلومەتری چوارگۆشەیە، واتە ٨٪ رووپێوی گشت ئێران و ٢٧٪ تێکرای خاکی کوردستانە. دەوڵەتی ئێران هەرێمی کوردستانی لای خۆی، دابەشکردوەتەوە و لە یەکی دابڕیون و بۆ هەر بەشێك ناوێکی تایبەت بە خۆی داناوە، کە ئەمانەی خوارەوەن: پارێزگای کوردستان/ سنە، سەقز، بانە، مەریوان، دیواندەرە و کامیاران، ئەم پارێزگایە هەر لە کۆنەوە کوردستانی ناو بووە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران قەت ئەم راستیەیان لە بەر چاونەگرتووە و نایانەوێ دانی پێدا بنێن بەم ناوچەیە دەڵێن رۆژئاوای وڵات و کاتێ ناچار دەبن لەم بارەوە شتێك دەربڕن دەنووسن" خەڵکی ساویلکە بە شاری سنە دەڵێن کوردستان". پارێزگای پێنجەم واتە کرماشان، قەسری شیرین، کەنگاوەر، کرێند، سەحنە و گێلانی رۆژئاوا و...، پارێزگای چوارەم ئازەربایجانی رۆژئاوا ورمێ، مەهاباد، بوکان، شنۆ، نەقەدە، میاندواو، سەردەشت، خوی، لاجان و ماکو و پارێزگای ئیلام دێهلوران، دەرەشار، شیروان، مێهران و ئەیوان. بەشێکی بەرچاو کورد لە پارێزگای نۆیەم واتە خوراسانە- قووچان، بجنورد، شیروان و درەگەز. لە تاران و شارە گەورەکانی دەرەوەی کوردستانیشدا کوردێکی زۆر دەژین.

کوردستانی رۆژهەڵات ناوچەیەکی وەرزێری و ئاژەڵداریی گرنگە. لەو بەشەی کە شاخاوی و دارستانە و بە کەڵکی چاندنی دەغڵودان نایەت، ئابووری شوانکارەیی بەڕێوە دەچوو، لە هەمان کاتیشدا کشتوکاڵ رۆڵێکی یارمەتیدەری هەبوو. لەو ناوچانەشدا کە دەشت بوون ئیشوکاری سەرەکی خەڵکەکە وەرزێری بووە و مەڕ و ماڵات بەخێو کردنیش لە پاڵ ئەوەدا بە رادەیەکی کەم باو بوو. ئەوانەی وا تەنیا خەریکی کشت و کاڵ بوون، یا هەر مەڕ و ماڵاتیان بەخێو دەکرد، ژمارەیان کەم بوون و بەرەبەرەش دەبوونە گوندنشین و نیشتەجێ دەبوون. زستانان لە گوندەکان دەمانەوە و هاوینانیش دەچوونە هەوارگەی سەر چیا نزیکەکانیان.

نەبوونی سەرمایە و هەژاریی گشتی و ژێردەستەیی، دانیشتووانی کوردستان، چ لە باری ئابووریی سیاسییەوە و چ لە باری کولتوورییەوە، لە کاروانی بەرەو

هەواڵنامەی کتێب

پێشچوون بە تایبەت بازرگانی لەگەڵ دەرەوەدا وەدواخست و هەر ئەمەش بوو بە کۆسپێکی گەورە لە ڕێگای گەشەکردنی بۆرجوازی کورددا. بۆرجوازی و پرۆلێتاریای پیشەسازی لە کوردستاندا بە شێوەیەکی سرۆشتی پەرەی نەسەند، بۆیە رۆڵی سیاسی و ئابووریشیان بە باشی دیار نییە.

پاش ئەو ئاڵوگۆڕە رووکەشانەی، کە بە دەستی شای ئێران، مەحەمەد رەزا شا، هاتە کایەوە و بە ناوی " شۆڕشی سپی" ناوبانگی دەرکرد، باروداۆخی کوردستانیش کەم و زۆر گۆڕانی بە سەردا هات، پەیوەندیی بەرهەمهێنان، کە لەسەر دیاردەی ئاغا و وەرزێر بوو، تووشی هەرەس هێنان هات و زۆر لایەنی پەیوەندی کۆنی ئابووریی کۆمەڵایەتی نەما، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە دەبێ سەرخانەکانی، واتە پێوانەی کولتووری و سوننەت و... لەبەرچاو نەگرین. ئەم پێوانانە ئێستاش دەوری گرنگی خۆیان دەگێڕن و لە رووداوە سیاسی و تاقم و رێکخراوەکانی کوردستاندا کاریگەرییان هەر ماوە، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە ئابووری و کۆمەڵایەتیانە بوون بە هۆی لەناوچوون و داوەشان و لاواز بوونی هێندێ لە چینە کۆمەڵایەتییەکان و لە هەمان کاتدا زەمینەی پەرەسەندنی هێزەکانی تری پێکهێنا. بە شوێن ئەم گۆڕانکارییە ئابوورییانە و بڵاوبوونەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بەستراوە لە ئێراندا، بنچینەی داوەشانی پەیوەندی رزیو و کۆنی کۆمەڵایەتی لە کوردستانیشدا دانرا.

ژمارەی کوردی دانیشتوی کوردستانی بندەستی ئێران لە نێوان ٧- ٨ ملوێن کەس نووسراوە، کە نیو ملیۆنی لە پارێزگای خوراسانە. زوربەی زۆری کوردی رۆژهەڵات لە باری ئاینییەوە موسڵمانی سونی مەزهەبن، کوردانی ناوچەی گەڕووس (بیجاڕ) و...، خوراسان و بەشێك لە کرماشان و دەوروبەری شاری سنە شیعەن. هەروەها لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا فەلە و کاکەیی- ئەهلی حەق/ عەلیوڵلایی و جوو دەژین. دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندیش لە کوردستاندا لاینگرانی خۆیانیان هەیە.

لە باری تەندروستی و داودەرمانەوە، باروداۆخی کوردستان زۆر ناهەموار و شپرزەیە. پزیشکی کوردستان ٥٪ ی هەموو پزیشکەکانی وڵاتی ئێرانە و بۆ هەر ٥٧٦٨ کەس یەك پزیشك هەیە و بۆ هەر ٣٧٦٨٢ کەس یەك پزیشکی ددان و بۆ هەر ١٣٧٨ کەس یەك تەخت لە نەخۆشخانەدا هەیە. دەست گەیشتن بە داودەرمانیش لەمە

باشتر نییە هەر بۆیە ڕێژەی منداڵ مردن بە تایبەت لە گوندەکانی کوردستاندا لە چاو هەموو ئێراندا لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.

لە باری فێرکردن و خوێندنیشەوە، کوردستان یەکێکە لە دواخراوترین هەرێمەکانی ئێران، ڕێژەی خوێندکاری سەرەتایی ٢/٩٪، خوێندکاری پێشناوەندی (ڕاهنمائی) ٨٪ و ناوەندی ٢/٧٪ و قوتابی قوتابخانەی تەکنیکی ٦٪ هەموو وڵاتی ئێران پێکدێنن. ڕێژەی خوێندکارانی باڵاش لە زانستگاکاندا، لەچاو هەرێمەکانی دیکەی ئێراندا لە نزمترین ئاستدایە.

هەر چەند کوردستانی ڕۆژهەڵات لە باری هەلومەرجی سروشتی و سامانی ژێرزەویەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام لەبەر زۆرداری و ستەم، لە دوای بەلوچیستان، دواخراوترین ناوچەیە.

## کورد لە مێژووی ئێراندا

کورد یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا و بەر لە تورك و عەرەب لەسەر شانۆی مێژوو دەرکەوتووە. ئەم خەڵکە بە بەردەوامی لە ڕووداوە هزری و سیاسی و کولتوورییەکانی ناوچەکەدا، بەشداری کردووە و هاوبەشی پێکهێنانی مێژووی ئیمپراتۆریا گەورەکان و دەوڵەتانی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بە وتەیەکی تر، گەلی کورد بە درێژایی چەرخەکان، نەك هەر دەستاوێژێکی گرنگ، بگرە هۆکارێکی کاریگەر بووە لە پرۆسەی مێژوویی بەشێکی ئەم جیهانە، کە بە ڕاستی بە لانکی شارستانی دەژمێردرێ و دەورێکی گرنگیشی لە پەیوەندی نێو دەوڵەتاندا هەبووە. کوردەکان لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی هۆز و میللەتانی کۆن، کە لە چیاکانی زاگرۆسدا جێگیر بووبوون، پەیدا بوون. لە کاتی دروست بوونیاندا گرووپی زمانە ئێرانییەکان بەسەر گرووپی زمانەکانی تردا سەرکەوتووە و لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنەدا زمانەکەیان واتە زمانی کوردی دروست بووە و ئیستا یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان.

مێژوونووسانی گەلانی دنیای کۆن لە بەرهەمەکانیاندا بە وشەی جۆربەجۆر، ئاماژەیان بە ناوی گەلی کورد کردوە، وەك خەڵکێکی دیاریکراو، واتە وشەی کورد،

وەك ناوی میللەتێك، كە لە سنووری چوراچێوەی كوردستاندا ژیاوە، لە نووسـراوەكـانی یۆنان و ئەرمەن و سۆمەر و... بەرچاو دەكەوێ. بـەڵام ئـەم نـاوە لـە یـەك جیاوازانـە و نەبوونی كەرەسە و سەرچاوەی پتر و روونتر و بارودۆخی تایبـەتـی كـورد و پڕۆپاگانـدەی دوژمنانە و چەواشەكردن لە هەموو بارێكی ژیانی كورددا، بە درێژایی مێژووەكـەیـان و خۆگێلكردنی هێندێ گوایە كوردناس لە باسەكە، چەشنە سەرنج و بۆچوونێكی ناڕاستی لە لای كوردناسان دروست كردووە، دیارە ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەیە، كە گەلـی كـورد لە مێژووی كۆنی خۆی دابڕن و بە گەلێكی بێ مێـژوو لـە قەڵـەمـی بـدەن. بـۆ نموونـە رەشید یاسەمی دەنووسێ " لە لای ئێرانییەكان لە كۆنەوە هەتا ئەمڕۆ كورد بـە واتـای رەگەزێكی تایبـەت نـەبـووە. كاتـێ دەیـانوت كـورد، زۆرتـر مـەبـەسـتیان لـە هـەموو كۆچەرەكان بووە و یا بە پیاوی دلێر و بە ئەمەكیـان وتـووە". پاشـان چـەنـد كـەس لـە رۆژهەڵاتناسان، بە تایبەت خانم ن.ك.س. لەمپتون، ئەم بیرۆكەیانەی نەختێ بـەربڵاوتـر كردەوە، كە مەبەست لە كورد لە سەرچاوە كۆنەكانـدا، ئـەو خەڵكـە نییـە ، كـە نـاوی كوردە، بەڵكو ئەو خەڵكانەن، كە نە تـورك بـوون و نـە عـەرەب و چـەنـد وتـەیـەك لـە تەبەریی مێژوونووس و كەسانێكی تر سەبارەت بەم كوردانە دێننەوە. لـە راسـتیدا ئـەو گەلە، كە نە تورك بووە و نە عەرەب و لەو سەردەمانەدا وا باسی لێدەكرێ بە كۆچـەری ژیاون، هەر ئەو خەڵكەن، كە ئەمڕۆ بە گەلی كورد ناسراون. لە مێژووی سیستاندا، كە لە نیوەی سەدەی یازدەیەمدا نووسراوە، هـاتووە "لـەو سـەردەمـەدا كـوردێكی زۆر لـە رۆژهەڵاتی ئێـران ئـەفغانـستان و سیـستان و خوراسـاندا دەژیـان". سـترابۆن جیـۆگرافی یونانی دەنووسێ" لاوانی پارسیان وا باردەهێنا، كە لە كاتی سەرما و گەرما و بارانـدا بە تـوانا و بە تاقەت بن، شــەو بە شاخانەوە شــوانی بكەن و بـەری داری لــێرەوار وەكــو بەڕوو بخـۆن. بەم كەســانەیان دەوت كەردەك Kardak. كەردەكەكان بە تاڵان و راورووت دەژیان و كەردا بە واتای پیاوی شەڕانی و دلێرە". لە مێـژووی ئێرانـی كۆنـدا زۆرجـار ئامـاژە بـەوە دەكـرێ، كـە پادشـا ئێرانییـەكان گـەنجـەكانیـان بـۆ لای عـێڵ و عەشیرەتی شاخاوی دەنارد بۆ ئەوەی فێری شـەڕ بـن و بـە ژیـانی سـەخـت و ناهـەموار رابێن. ئەم عێڵ و عەشیرەتانە كـورد بـوون. جـا كورتـەی ئـەوەی، كـە سـترابۆن باسـی دەكات ئەمەیە، كە ئێرانییەكان لاوەكانی خۆیانیان بۆ لای كوردەكان دەنـارد تـا فێـری ژیان و شەڕ بن، كە رەشید یاسەمی خۆی لـێ گێلكردووە. بەداخەوە درێژە پێـدانی ئـەم



هەواڵنامەی کتێب

باسە لەم نووسینە کورت و تەسکەدا ناگونجێ و لەمە زیاتریش بۆمان نییە لە سەری بڕۆین.

دژایەتی دوو شێوەی ژیان واتە ژیانی کۆچەری، کە ماوەیەك ژیانی سەرەکی کوردان و گەلێك لە گەلانی تر بووە و ژیانی نیشتەجێ بە درێژایی بوون و ژیانی مرۆڤایەتی، هەبووە و هەر هەیە و هەوێنی زوربەی نێوان ناخۆشی گەلان هەر ئەمەیە. لە ئێرانی کۆندا و تەنانەت لە ئێرانی ئەمڕۆشدا، ئەم دژایەتی و نێوان ناخۆشیە شوێنەواری هەر ماوە و پاشان تێکەڵ بە رق و قینی ئاینیش بووە و بەردەوام بووە.

نموونەی ئەم دژایەتیە لە مێژوودا یەکجار زۆرە، کە جاروبار لە شێوەی دژایەتیش دەرچووە و بووە بە جنێو و سووکایەتی پێکردن. مێژوونووسان دەڵێن باوکی ئەردەشیری بابەکان بنیاتنەری بنەماڵەی ساسانی لە کوردانی شوانکارەی فارس بووە. ئەردەوانی پێنجەمی ئەشکانی دوا پادشای ئەشکانییەکان، نامەیەکی پڕ لە تەشەر و پلار بۆ ئەردەشیری ناوبراو دەنووسێ و کوردبوونی لێدەکاتە سووکایەتی:

"*انك قد عدوت طورك و اجتلبت حتفك ايها الكردي المربي في خيام الاكراد من اذن لك في التاج الذي لبسته*". بارودۆخی خۆتت گۆڕیوە هەی کوردی پەروەردەکراو لە ژێر رەشماڵی کوردان، کێ ئیجازەی بە تۆدا تانج لەسەر بنێی.

لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسیشدا، ئەم رق و کینەیە هەر بەردەوام بوو. هێندێ لە مێژوونووسان وەك ئیبن خەلەکان وایان باس کردووە، کە ئەبوو موسلیم خوراسانی، کورد بووە. کاتێ ئەبوو موسلیم، تووشی کێشە و ئالۆزیی دەکەن و سکاڵا لە مەنسووری خەلیفەی عەباسی دەکات، ئەبوو دولامەی شاعیر بەم شیعرە وەڵامی دەداتەوە و لە هەمان کاتیشدا جنێوی پێ دەدا، کە باوباپیرانی کورد بوون: باوکی تاوانبار، خودا ئەوەی، کە بە بەندەکانی بەخشیوە ناگۆڕێ، مەگەر بەندەکە خۆی بیگۆڕێ، ئایا دەوڵەتی مەنسوور هەوڵی ستەمی لێت داوە یا با و باپیرانی کوردت ستەمکار بوون.

ابا مجرم ما غيرالله نعمة     على عبده حتى يغيره العبد
افي دولة المنصور حاولت غدره     الا ان اهل الغدر آباؤك الكرد

له مێژووه فەرمیەكانی ئێراندا، بەردەوام كورد بە رێگر و چەتە لە قەڵەم دراوە. رەشـیدەدیـن فـەزلـوڵڵا هەمــەدانی١٣١٨- ١٢٤٧، مێـژوونووس، زانـا، پزیـشك و سیاسەتمەداری سەردەمی غازان خانی مەغۆلی، لە نامەیەكدا، كە سەبارەت بـە كـورد بۆ كوڕەكەی دەنووسێ و ئامۆژگاری دەكات، دەڵێ: "... *هیچ متمانەیەكت بـە خێڵـی كورد نەبێ، چونكە وەك كونـدەپـەپو شـەو بێـدار و رۆژ كـوێرن، لـە رێگـای راسـتی و رزگاری بە دوورن، كوڕی ئێبلیس و ئامانجی كردەوەی بێ خێروبێرن و سەرچاوەی زیان و كۆگای زەرەرن و لە بەرەی دێو و كانگای فڕوفێڵن و تێكدەری بنـەمـای ئـاین و بنـبڕی نەمامی گەورەیی و گوێڕایەڵین و دانیشتوانی شاخانی رژدی و نیشتەجێ بووانی كێوانی ئێرەیی و رێبوارانی رێگای دوو روویـی و خـاوەنـانی وڵاتـانی بێبایـەخـین و داوخـوازی ئەوەن قەڵایەكی زۆر قایم و پەناگایەكی زۆر بەرزیان دەسكەوێ بـۆ ئـەوەی بـە كـەیفـی خۆیان راو و رووت بكەن و خەریكی تێكدانی رێگا و بان بن و بە شیر و خەنجەری. ... خوێنرێژ، لە خوێنی بازرگان و میوان هەر جۆگایەك بكەن بە چاڵاوێك و هـەر دەشـتێك بكەن بە دەریایەك. دەبێ لە كوشتن و بڕینی كـوردەكانـدا ئـەو پـەڕی هـەوڵ و كۆشش بنوێنی و كارێ بكـەی ركێفـی خـاوەنداریـەتیـی گونـد و زەوی و شـاخە بـەرزەكـان لـە دەستیان دەربێنی با دەوری ئەم خێڵە بێ كەڵكە زوو تێپەڕێ و تەواو بێ و كاروانیەكـان بێ ترس و. .. هاتوچۆ بكەن*". رشیدالدین هـەروەها لـە تـاریخ غـازانی دا ل. ١٣٤، ٢٧٧ زۆر بە خراپ باسی كورد دەكات.

رەنگە بتوانین بڵێین ئەمە یەكێك لە یـەكـەم پلانـەكانـە بـۆ بـە كۆمەڵكوشـتنی كورد، كە لە مێژوودا بە زەقی دەیبینین و گەلێك جاریش دووپات كراوەتەوە.

لـە سـەرەتـای سـەدەی شازدەیەمـەوە، ئێران لـە بـاری سیاسییەوە وڵاتێكی یەكپارچە نەبوو، لە هەر بەشێكیدا بنەماڵەیەكی ناوچەیی حوكمی دەكـرد، كـە بـریتی بوون لە هێندی بنەماڵەی گەورەی دەرەبەگی ئێرانی، چەند بنەمالـەیـەك لـە مـەزنـانی عێڵ و عەشیرەتی تورك و كورد. هەروەها ژمارەیەك لە بنەماڵەی سادات، كە بە هـۆی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵكەوە لە سەدەكانی چواردەیـەم و پـازدەیەمـدا دەسـەڵاتیان گرتبووە دەست. بە دەركەوتنی قزلباشەكـان واتـە دەوڵـەتـی سـەفـەوی، ئـەم بارودۆخـە گۆڕانی زۆری بە سەردا هات. مێژوونووسانی شۆڤێنیستی ئێرانی و تەنانەت ژمارەیـەك لە رۆژهەڵاتناسەكان، دەوڵەتی سەفەوی بـە دەوڵـەتێكـی میللـی و نیـشتمانیی ئێرانـی

ناوەبەن، کە بە هۆی خەباتی ئێرانییەکان لە دژی داگیرکەرانی تورك پێکهات. ئەم بۆچوونە لە بارەی زانستیەوە راست نییە، لەبەرئەوە لە سەدەی شازدیەمدا هێشتا هۆکاری پێکهاتنی "نەتەوە- Nation" ئامادە نەببوو، پاشان لەناو ئەو عێڵ و عەشیرەتانەش، کە دەوڵەتی سەفەویان لێکەوتبووەوە، "قەومی" ئێرانی زۆرینە نەبوو. ئەم دەوڵەتە بە گشتی بە تێکۆشانی عەشایری خێوەتنشینی تورك پێکهات و هەتا دوایی سەدەی شازدەیەم دەسەڵات هەر بە دەستی ئەم تورکە کۆچەرانەوە بوو. زمانی تورکییش زمانی ئەوان و دەرباری ئێران بوو. دەوڵەتی سەفەوی هەر وەك دەوڵەتانی سەدە ناوەندیەکان لە خاکی ئێراندا، بریتی بوو لە کۆمەڵێك عێل و عەشیرەتی نارێك و جۆربەجۆر، کە سەرکەوتووانی شەڕ بە زۆری شمشێر و رم رێکیان خستبوون و بە سەریاندا حوکمیان دەکرد. یەکەم دەسەڵاتدارانی سەفەوی بە باشی دەیانزانی، کە پاراستنی یەکیەتیی ئەم وڵاتە بەرینەی گەلانی جیاواز بە بارودۆخی ئابووریی جۆربەجۆرەوە تێیدا دەژی، سووك و سانا نییە. ئیدی ئەم یەکێتییەیان بە سەپاندنی مەزهەبی شیعەی دەوڵەتی بە سەر ئەم گەلانەدا مسۆگەر کرد. شا ئیسماعیل ١٥٢٤-١٥٠١ بنیاتنەری ئەم دەوڵەتە، فەرمانی دەرکرد خەڵك دەبێ لە کووچە و کۆڵانەکاندا جنێو بە ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان (خولەفای راشدین) بدەن و بە نەحلەتیان بکەن، ئەگەر کەسێك سەرپێچی کرد سەری بپەڕێنن. بیست هەزار کەس لە تەورێز سەریان بۆ ئەم فەرمانە دانەنەواند و بە تاوانی سوننیبوون کوژران، ئیتر لە هەر شوێنێکدا دامودەزگای سەفەوی دامەزرا، بناغەی کوشتن و بڕینی سوننیەکان بە تایبەت دانرا. کورد و کوردستان بوو بە ئامانجی گرنگی کوشتن و وێرانکردن. بارودۆخی ئەو خەڵکانەش، کە ئاینی دیکەیان هەبوو کەوتە مەترسیەوە. "اهل الذمة" گاڵو و ناپاك دەژمێردران و گەڕەکی تایبەت بە خۆیانیان بۆ دورستکردن. نەدەبوو ئاوی بارانی ماڵە سوننی و گاور بچێ بە سەر ماڵە موسڵمانی شیعەدا. دەبوو ماڵی سوننییەکان نزمتر بن لە ماڵی شیعەکان.

کاتێ شا ئیسماعیل، هاتە سەر دەور و نیشتە سەرتەخت. میر و مەزنانی کوردستان بە ئاواتی سەردان و راموسانی بارەگاکەی، روویان کردە شاری تەورێز. شا هەر، کە چاوی پێکەوتن، بێ هیچ سڵکردنەوەیەك، هەموویانی گرت و لە زیندانی توند کردن. ئیتر سیاسەتی بنچینەیی دەوڵەتی سەفەوی سەبارەت بە کوردەکان بوو بە

تەفروتووناكردنی دەسەڵاتی مەزنە ناوچەییەكان و دانانی سەردارانی قزلباش بە خۆیان و عەشیرەتەكەیانەوە لە جێگای دەسەڵاتدارانی كورد و زۆرهێنان بۆ خەڵكی ناوچە داگیركراوەكانی كوردستان بە مەبەستی وازهێنان لە مەزهەبی سوننی و چوونە سەر مەزهەبی شیعە. هەروەها بەكار هێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ چاوترساندنی خەڵك و سەركوتكردنی بێ بەزەییانەی هەموو جۆرە بەرهەڵستی و ملنەدانێك.

لەپاش سەفەوییەكان، هەموو شا و بەڕێوەبەرانی ئێران هەتا ئەمڕۆ، بە گوێرەی توانا و دەسەڵاتیان، ئەم سیاسەتەی شا ئیسماعیلیان كرد بە دروشمی سەرەكی كار و كردەوەی خۆیان بەرامبەر بە كورد و كوردستان، هەركە دەهاتنە سەر حوكم لێهاتوویی و زەبر و زۆر و دەسەڵاتی خۆیان بە لێدان و سەركوت كردنی كورد تاقی دەكردەوە.

دەوڵەتی عوسمانی، كە بەشێكی زۆر لە وڵاتانی ئاسیای رۆژئاوا و باكووری ئەفریقای لە ژێر دەستدا بوو، خەریك بوو پەل بۆ ئەورووپاش بكوتێ و بە حیسابی چەوسانەوەی گەلانی هەژار و داگیركردنی وڵاتان، لە بیری دامەرزاندنی ئیمپراتۆریا و خەلافەتی پان و بەرینی ئیسلامیدا بوو، دەسەڵاتدارانی ئەورووپا لە مێژ بوو هەستیان بەم مەترسیە كردبوو. پێكهاتنی دەوڵەتی شیعەی سەفەوی، باشترین هەل و ئامراز بوو بۆ ئەوان بۆ شكاندن و لەناوبردنی هەڕەشەی عوسمانی و تۆڵەی داگیركردنی كوستەنتینیە! هەروا، كە پێشتر ئاماژەمان پێكرد، قیتبوونەوەی شیعەگەری لە بنەڕەتدا بۆ تێكشكاندنی ئاینی ئیسلام بوو.

خوندكاری عوسمانی سوڵتان سەلیم، كە خۆی بە جێنشینی پەیامبەری ئیسلام و بەرپرس و پارێزەری ئەو ئاینە و هەموو موسڵمانەكان دەزانی، هەستی بە مەترسی دەوڵەتی شیعەی سەفەوی بە سەرۆكایەتی شا ئیسماعیل كرد، بە كەڵك وەرگرتن لە هەستی ئاینی كوردە سوننیەكان، لە ساڵی ١٥١٤دا شەڕی چاڵدیرانی دەسپێكرد و بە یارمەتی كوردەكان لەشكری شای ئێرانی شكاند. لەو كاتەوە كوردستان دابەش كرا، زۆرترین بەش كەوتە لای عوسمانییەكان. سەرنەكەوتنی ئێران لەم شەڕەدا، نفووز و دەسەڵاتی ئێرانی لەناو كوردەكاندا بێ بایەخ كرد. لە هەمان كاتدا رقئەستووریی ئێرانییەكانی سەبارەت بە كوردەكان زۆرتر لە جاران دەرخست. نووسەری "عالم آراي نادري" مەحەمەد كازم، كاتێ دێتە سەر باسی شەڕی چاڵدیران، لە زمانی یەكێ لە مەزنانی كورد، كە لە شەڕی چاڵدیراندا شان بە شانی عوسمانی دژ بە ئێرانی سەفەوی

شەڕی کردبوو دەگێڕێتەوە، کە وتبووی " ئێمە و تورك جیاوازیمان زۆرە تەنیا شتی هاوبەشمان ئاینەکەمانە و بەس، بەڵام لەگەڵ ئێرانییەکاندا شتی هاوبەشمان زۆرە، ئێمە پێمان خۆش بوو لەگەڵ ئێرانییەکاندا بووایین بەڵام ئەوان متمانەیان بە ئێمە نەبوو بە ناچاری لامان دا لای عوسمانییەکان ". لە لای دەوڵەتی سەفەوی ئیتر کورد جێگای بڕوا و متمانە نەبوون.

لە سەردەمی شا ئیسماعیلەوە بەردی بناغەی پەیوەندی لەگەڵ کورد لەسەر ناپاکی و بێ بڕوایی دامەرزا و هەتاکو ئەمڕۆ سیاسەتی دەوڵەتان و بەڕێوەبەرانی ئێران ئەمە بووە، کە خۆیان بە داگیرکەر و کوردستان بە داگیرکراو بزانن و قەت کوردیان بە خاوەن مافی هاووڵاتی سەیر نەکردووە. کوردیش دیارە هیچکات متمانەی بە دەوڵەتی ئێران نەبووە. جەماوەری کورد لە زۆر کارەساتی مێژوویی ئێراندا دوورەپەرێز بوون و دەورێکی گرنگیان نەبووە و ئەگەر جموجولێك هەبووبێ کەڵکیان لەو هەلانە وەرگرتووە کە بۆیان هەڵکەوتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان و رزگاربوون لە دەستی دەوڵەتی ئێران، ئەوەیە دەبینین مێژووی نێوان کورد و ئێرانییەکان شتێك نییە جگە لە پیلانگێڕان و هێرش و لەشکرکێشی ئێرانییەکان بۆ کوردستان بە بیانووی یاخی بوونی ئەوەی، کە گوایە لەگەڵ عوسمانیاکاندا نێوانیان هەیە. لە سەردەمی نوێشدا کوشتاری بە کۆمەڵی کورد بە پەلپ و بیانووی جیاوازخوازی و هەوڵدان بۆ دامەرزاندنی کوردستانی سەربەخۆ هەر بەردەوامە.

لە سەردەمی جێنشینی شا ئیسماعیل، واتە شا تەهماسپ ١٥٧٦-١٥٢٤ دا، ئالوگۆڕێکی دیار و بنەڕەتی لە کار و کردەوەی بەڕێوەبەرانی ئێران سەبارەت بە گەلانی بندەستیان بەرچاو ناکەوێت. دەستدرێژی و گوشار لەسەر خەڵك کۆتایی نەهات و جەماوەی ماڵوێران بە وتەی مێژوونووسانی سەردەم "ئەجامێر و ئەوباش، رنوود و ئەجلاف" یا سەری خۆیان هەڵدەگرت یا دەستیان دەدایە چەك. لەم سەروبەندەدا، زولفەقار بەگ میری کوردی کەلهوڕ دژ بە شا راپەڕی. شەڕی شیعە و سوننی دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی هەر بەردەوام بوو، ئەوەی، کە وێران دەبوو کوردستان بوو. بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کورد بە بیانووی لایەنگری لە دەوڵەتی عوسمانی کردەوەیەکی ئاسایی بوو. لەم سەردەمەدا گەلێك لە بنەماڵە کوردەکانی کوردستانی رۆژهەلات بە ناچاری حاڵ و ماڵەکەیان بەجێ هێشت و بەرەو کوردستانی عوسمانی

ڕۆیشتن. دەمارگریی ئاینیی ئێرانیە شیعەکان، کار و کردەوەی دڕندانە و مرۆڤکوژانـەی عوسمانییەکانیی ڕوو سپی دەکرد.

شا عەباس ١٥٨٧-١٦٢٩کە حکومەتـی بـە دەسـتەوە گـرت، لـە زۆرانبـازی و ڕقەبەریی نێوان تاقمی تورکی کۆچەریی خێوەتنـشین لـە لایـەك و ئـەو دەسـتە و چینە دەرەبەگانە، کە خوازیاری حکومەتێکی نـاوەنـدی و بـە دەسـەڵات بـوون، واتـە تـاقمی مەدەنی، کە زوربەی زۆریان ئێرانی بوون، لایـەنـی ئـەم دەسـتەی دواییـەی گـرت و بە تەواوی هێزیەوە کەوتە راونانی لایـەنگرانـی دەسـتەکـەی تـر. کوردسـتان لـە زەمـانی حکومەتی شا عەباسی یەکەمدا، زۆرتر لە جاران دووچاری وێرانی و لێقەومان بوو. شا دەوڵەتی ناوەندی ڕێکوپێك کرد و لە دژی میرە کوردەکان بێ وچان کەوتە چالاکی. شا عەباس بۆ نیشاندانی زەبروزۆری خۆی پەلاماری ئـەمـیر خـانی لـەپ زێـڕین لـە قـەڵای دمدم و عێڵی موکری دا. ئەسکەنـدەری مونـشی تورکمـان، نووسـەری مێـژووی "عـالم ئارای عباسی" لەبارەی قەتلوعامی عێڵی موکری دەنووسێ: شا عـەبـاس فـەرمـانی دا بە یەکێ لە لەشکرەکانی خۆی، کە (٦٠) هەزار سوار بوون، بکەونە کوشـتنی خـەڵکی موکری، کە لە ناوچەیەکدا بوون بە پانایی دوازدە فرسەخ. ئەم هێزە چوار شـەو و چـوار ڕۆژ خەریکی کوشتنی خەڵك بوون. خێڵی موکری تێکومەکان دران، پیاوەکانیان بوونـە بەشی شمشێری تیژ و ژن و منداڵەکانیانیش یـەخـسیرکران و دەسـتیان بـە سـەردا گیرا. کوردێکی زۆریش بە زۆر بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران ناوچـەی خوراسـان دوورخرانـەوە، کـە لـە ڕاستیدا بۆ ئەوە بوو بە دەستی ئۆزبەکەکان بە کوشتیان بدەن. چـونکە لـە هـەر لایـەك کوژرابا بە سوودی دەوڵەتی ئێران بوو، ئۆزبەکەکانیش موسڵمانی سوننی بوون.

شا عەباس، لە کوردەکان زۆر داخ لە دڵ بوو، لەبەرئەوە لە کاتی شەڕی ئێـران و عوسمانیدا کوردەکان پشتی عوسمانییـەکانیان گـرت و شـا عـەبـاس خۆیـشی لـە لایـەن کوردێکی دیلی موکریەوە وەخت بوو بەر خەنجەر کەوێ.

مێژوونووسەکانی ئەم سەردەمە وەك حەسەنی ڕوملوو و ئەسکەندەری تورکمـان کاتێ باسی کورد دەکەن ناشیرینترین وشە و قسەی خراپ دەدەنە پاڵ کـورد. بـۆ نموونـە نووسەری "عالم ئارای عەباسی"، کە ناوی کورد دێنێ بە بـێ قـسەی تـاڵ لـە سـەریـان تێناپەڕێ: "کوردی پیس ڕەگەز"، " قەومی بێ ئاینی بیر جیـاواز، کـە لـە موسـڵمانی جـگە لەناو شـتێکی دیکەیان نییە"، "کـوردانی دەروون پیـس"و " کـوردان، کـە

وەحشی ترین تایفەی مرۆڤن". نووسەری "حبیب السیر" غیاسەدین کوڕی خواجە هومامەدین خاندمیر، لەسەر شەڕی شا ئیسماعیل و سارم بەگی موکری دەنووسێ:"لەبەرئەوە سارم لەگەڵ جەردە و ڕێگرە کوردەکاندا پێکەوە خەریکی ڕێگری و جەردەیی بوون، شا لەشکری ناردە سەر. سارم هەڵات و ژمارەیەکی زۆر لە کوردە بێ دینەکان کوژران و لەشکری شایش بە تالانێکی زۆرەوە گەڕایەوە".

لە سەردەمی شا عەباسدا، بە کۆمەڵکوژی و جێگا پێ چۆڵکردن، کوردستانی باکووریان وێرانکرد" لە ڕێگای دیپلۆماسیشەوە دەستیان خستە ناو کاروباری کوردستانی ئەردەڵانەوە. بۆ یەکەم جار خانی ئەردەڵان، کە پێشتر لە دەرباری سەفەویدا بە بارمتە ڕاگیرابوو، کرا بە شیعە چونکە شای شیعەمەزهەب کچی بە سوننی نەدەدا، شا بۆ ئەوە کوردستان لە بن دەستیدا بێ خوشکی خۆی لە خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان مارە کرد و ئەویش ناچار بوو ببێ بە شیعە و خەیانەتی لە باوکی کرد و بوو بە والی. هەوڵی بە شیعەکردنی خەڵکیش لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانەوە فراوانتر بوو. لەو سەردەمەوە بە شێوەیەکی زۆر دیار کوردستانی ئەردەڵان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابڕا و لە هەمان کاتیشدا لە بەر گوشار و زۆرەملێ کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوە حاڵ وماڵەکەیان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە کوردستانی گەرمێن.

کاربەدەستانی دەوڵەتی سەفەوی، لەگەڵ ئەوەشدا، کە والی کوردستان ببووە شیعە، بەڵام هێشتا نە والی و نە خەڵکی کوردستانیان پێ موسڵمان نەبوو، هەمیشە لە پاش والی گورجستانەوە، کە مەسیحی بوو ناویان دەهێنان و جاروبار فەرمانڕەوای کورجیی نۆموسڵمانیشیان بۆ ئەم ناوە دەنارد.

لە سەردەمی شا سوڵتان حسێنی سەفەویدا(١٧٢٢-١٦٩٤) کە مەلا دەمارگیرە شیعەکان بە سەرۆکایەتی مەلا مەحەمەد باقری مەجلیسی هەموو کاروباری حکومەتیان گرتبووە دەست، بەرنامەی بە شیعەکردنی کوردستان گرنگیەکی تایبەتی پەیدا کرد. لە پێشدا والی ئەردەڵانیان وەلانا و بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکەکە مەحەمەد خانی گورجیان کردە بەگلەربەگی کوردستان، بەڵام نەیان زانیبوو مەحەمەدخان سوننیە، ناوبراو لەگەڵ خەڵکەکە نوێژی جەماعەتی دەخوێند. دەربار، کە بەم کارەساتەی زانی، گورج دەریان کرد. شا سوڵتان حسین کوڕی سەرەك وەزیرانی خۆی بۆ سنە نارد و پێی ڕاسپارد، کە دەبێ خەڵکی ئەو ناوە بکات بە شیعە، ئەویش بێ هیچ

چەشنە سەرکەوتنێ لە کارەکەیدا هەر لەوێ مرد، دەوڵەت یەکێکی تری لە کوڕەکانی سەرەك وەزیری نادرە جێگای. ئەمیش دەستی کرد بە توندوتیژیی لە دژی خەڵك، تا وای لێهات جەماوەری خەڵکی شارەکە لە دژی ڕاپەڕین و شارەودەریان کرد. بەڵام کار و کردەوەی دەوڵەتی ناوەندی بەرامبەر بە کورد هەر نەگۆڕدرا. بۆ نموونە لە ساڵی١٦٩١/ ١١٠٣دا، عەباس خان زیاد ئۆغلی سەرداری سەفەوی لە ناوچەی مەریوان لە شەڕی دژ بە سلێمان پاشای بابان، چوار هەزار کەسی لە لەشکری بابان کوشت و بە ئەسیریی گرتن، هەزار و دووسەد کەسی لە ناوچەی ئەردەڵان گرت، پاش داگیرکردنی ماڵ و سامانیان هەموویانی بە بیانووی لاینگری لە دەوڵەتی عوسمانی کوشت و لە کەللەی سەریان تەپۆڵکەیەکی ساز کرد، کە پێیان دەوت "کەلێن کێو" ئێستاش هەر وای پێدەڵێن.

نادرشای ئەفشار١٧٣٦-١٧٤٧ لە پاش پەرشوبڵاوی دەوڵەتی سەفەوی هاتە سەر دەور. زوربەی ساڵانی حکومەتی بە شەڕ لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، کە هەرێمەکانی ڕۆژاوای ئێرانی داگیر کردبوو، تێپەڕی. مەیدانی ئەم شەڕانەش بە گشتی کوردستان بوو. دیسان ساڵە ڕەشەکانی پاش شەڕی چاڵدیران گەڕانەوە، وێرانکاری ئەم جارە کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا و ناوەندی گرتەوە، واتە هەرێمەکانی کوردستان، کە لە دوو سەدەی پڕ لە وێرانکاری بەردەوامی پێشوودا، ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای وڵاتەکەی گرتبووەوە، رزگاریان بوو بوو. ئەم ناوچانە ئێستا بوون بە مەیدانی سەرەکیی شەڕی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆریاکە، شار و شارۆچکە کەوتنە بەر شاڵاوی وێرانکاری و پاشماوەکانی کولتوور و ژیانی شارستانی کۆنی کورد، کە زۆربەیان لە دوو سەدەی رابردوودا لە ڕوداوەکانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بێوەی دەرچووبوون، ئەمجارە تەفروتوونا کران. سیاسەتی باج و پیتاك وەرگرتنی نادرشا بە جارێك پشتی خەڵکی شکاند، بە قسەی شێخ مەحەمەد عەلی لاهیجی لەم سەروبەندەدا زوربەی شار و گوندەکان چۆڵکران و وڵات بە تەواوی وێران بوو. نادر، کە دەیزانی سیاسەتی پاشایانی سەفەوی ڕۆحو ڕەوانی کوردەکانی بریندار کردوە و بە ئاشکرا خۆیان داوەتە پاڵ عوسمانییەکان، هەوڵێکی زۆری دا بەڵکو سەرنجی کوردکان بۆ لای خۆی رابکێشێ. لەو سەردەمەدا نامەیەکی بۆ شێخ حەسەنی گڵەزەردە نووسی بە هیوای ئەوەی لە کار و کردەوەکانیدا پشتیوانی لێبکا و هەم دڵی کوردەکانی بۆ بەدەست بێنێ. نادر لەم

نامەیەدا وای نیشان دابوو وەك پاشایانی سەفەوی دەمارگیر نییە و ڕێزی سوننیەکانی لەلا هەیە. بەڵام ئەم تێکۆشانە بەرهەم و ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو.

لە سەردەمی قاجارەکاندا، کوردستانی ئێران کرابوو بە سێ بەشی جیاوازەوە. لای باکووری واتە ناوچەی موکری، کە لە ژێر دەسەڵاتی میرانی بابامێریی موکریدا بوو و خرابووە پاڵ مەڵبەندی ئازەربایجان، لە ژێر چاوەدێری دامودەزگای وەلیعەهد، کوڕ و جێنشینی شادا بەڕێوە دەچوو. بەشی ناوەندیش بە دەستی میرانی ئەردەڵانەوە بوو، کە لە سەدەی دوازدەیەمەوە هەتا سەدەی نۆزدەیەم دەسەڵاتی هەموو ئەو ناوە و جاروباریش دەورو پشت هەتا بەغدا و لەم لاشەوە تاکو ورمێیان گرتبووە دەست. میرنشینی ئەردەڵان لە ساڵی ١٨٦٧دا بە دەستی ناسردین شای قەجەر کۆتایی پێ هێنراو، پاش پارچەپارچە کردنی، حکومەتی هەر لایەکیان دا بە دەست شازادەیەك و گەورە پیاوێکی قاجاریەوە. بەشی باشووریش واتە هەرێمی کرماشان هەر لە مێژ بوو لە کوردستانی ئەردەڵانیان دابڕی بوو وە دابوویان بە دەست دەوڵەتشای شازادەی قاجارەوە.

لە بەر ئەوە کوردستان ناوچەیەکی بە پیتە و لە باری ستراتیجییەوە گەلێك گرنگ بوو حکومەتەکەی بە پووڵ و پارەیەکی زۆر دەفرۆشرا بە شازادەکانی قاجار، ئەوانیش بۆ ئەوەی پارەی لە دەس چوویان بهێننەوە دەست و متمانەشیان بە مانەوەی خۆیان نەبوو، بێ بەزەییانە خەڵکیان دەرووتاندەوە، لەو لاشەوە چونکە ئێران خۆی لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە وڵاتێکی پاشکەوتوو بوو و زەمینەیەکی ئابووریی پتەوەی نەبوو بتوانێ پشتی پێ ببەستێ و لە ڕاستیدا بە زەبری هێز کۆمەڵێك گەل و نەتەوەی پێکەوە لە چوار چێوەی یەك دەوڵەتدا کۆ کردبووەوە، دیارە جگە لە سەخڵەتی و نەهامەتی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی بەو لاوە، شتێکی پێشکەش بە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەت نەکردبوو.

گەڕۆکی بەناوبانگی ئێرانی سەردەمی قاجارەکان، حاجی سەیاح، لە گەشتەکانی خۆیدا، بە کوردستانیشدا تێپەڕیوە و لە گەشتنامەکەیدا لە ژیانی نالەباری کوردەکان لەو سەردەمەدا دەدوێ، کە لە سەرەتاییترین مافی ژیان بێبەش بوون. نووسەرێکی دیکەی ئێرانی بە ناوی عەلی ئەسغەری شەمیمی هەمەدانی، چەند ساڵ دواتر بەم چەشنە باسی بارودۆخی کوردەکان دەکا: وەرزێری کورد لەوپەڕی هەژاری و

بێ دەرەتانیدا دەژی، رەنگە لەم بارەوە لە نێو وەرزێرانی ئێراندا وێنەی نەبێ، منداڵی وەرزێری کورد جگە لە کراسێکی کورت، کە نەختێ لەشی لە سەرما دەپارێزێ، شتێکی دیکەی لە بەردا نییە. زۆربەی ژن و پیاو و منداڵ تەنانەت لە زستانیشدا بە پێخاوسی بە سەر بەفردا هاتوچۆ دەکەن. "

لەگەڵ ئەم هەموو هەژاری و بێ دەرەتانیەدا، کاربەدەستانی حکومەت هەر وازیان لە ئاکاری خراپ لە دژی کورد نەدەهێنا. بۆ نموونە لە ساڵی ١٧٨٣دا، ئەحمەدخان موقەدەم مەراغەیی، گەورە فیۆدالی ئازەربایجان، باپیرئاغای مەنگوڕ مەزنی عەشیرەتی مەنگوڕ بە هەزار کەسەوە بۆ زەماوەند بانگ دەکات، گوایە بۆ بەشداری لە زەماوەندێکدا. سەرۆکی مەنگوڕان بڕوای پێدەکا و دەڕوا. خانەخوێ هەر پێنج میوان لە ماڵێکدا دابین دەکات و رادەسپێرێ لە کاتی خەودا هەر کەسە میوانەکەی خۆی بکوژێ. ئەو شەوە، هەموو خانەخوێەکان، میوانەکانیان کوشت. تەنیا یەك کەس دەرباز بوو، ئەویش دەڵێن لەبەر ئەوە بووە نەختێ زمانی تورکی زانیوە و بە پلانەکە دەزانێ.

ناوچەی موکریان لە کوردستانی ئێران هەم لە باری ستراتیجی و هەم لە باری ئابووری و سیاسییەوە یەك لە گرنگترین ناوچەکانی کوردستانە. هاوسنووریی لەگەڵ ئازەربایجان هەروەها پارچەکانی دیکەی کوردستان، بارێکی تایبەتی داوە بەم ناوە. لە کۆنەوە حکومەتی ئەم ناوچەیە بە دەستی مەزنانی بابامیرییەوە بووە، پاش کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئەم بنەماڵە کۆنە، پاشایانی قاجار حکومەتی ساوجبولاغی موکریان زۆر بە گران دەفرۆشت. دیارە خەڵکی ئاسایی نەیاندەتوانی بیکڕن و بە شازادەکانیان دەدا، ئەوانیش بۆ وەرگرتنەوەی پووڵ و پارەی لەدەستچوویان هەتا پێیان بکرایە خەڵك و خوایان دەڕووتاندەوە. ئەلێکساندەر کوریانس لە ساڵی ١٨٨١دا، لەم بارەوە لەسەر مەزنی مەنگوڕان هەمزە ئاغای مەنگوڕ، کە لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵادا بەشدارییەکی لێهاتوانەی کرد و بە زۆرەملێ باج وپیتاکیان لێوەرگرتبوو دەنووسێ:" تەنیا ئارەزووی، کە لە دڵیدا ماوەتەوە ئەوەیە، بە هەر فڕوفێڵ و تەکبیرێك بێ تۆڵەی خۆی لە ئێرانییەکان بکاتەوە و ئەو بەرتیلانەی کە حکومەتەکان لێیان وەرگرتووە دووقات لە گەروویان دەرکێشێتەوە. هەمزە ئاغا وتبووی ماوەیەکی دوورودرێژ، زنجیر لە مل گەلێك تاڵ و سوێریی ژیانم چەشت. ئاخری هۆیەکم بە دەست

هێنا، تینووی هێمنی و بێوەیبوون بووم بەشکوو ماوەیەك بێ دەردی سەر بژیم، بەڵام شازادە بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆی ویستی تووشی ئەم ماڵوێرانییەم بکا و رۆژم لێ بکاتە شەوەزەنگ، دیارە منیش بە تەواوی هێزمەوە شەڕدەکەم و ژیانی خۆم لە پێناوی ئەم کارەدا بەخت دەکەم". هەمزە ئاغا، کە بە قسەی خۆی وازی هێنا بوو لە هەموو شت و لە شوێنێکی هێمن دەگەڕا نەختێ بحەسێتەوە، ئەمیر نیزامی گەڕووسی بەڵێنی لێخۆشبوونی پێدەدا و بۆ وتوویژ بۆ سابلاخ بانگی دەکات و پشت قورئانی بۆ ئیمزا دەکا، کە خەیانەتی پێنەکا. هەمزە ئاغا بڕوا بە قسە و بەڵێنەکەی دەکات و بۆ لای دەچێ، بەڵام ئەمیر نیزامی خاوەن شارستانیەت! غەدری لێکرد و بە " لطائف الحیل و کمند تدبیر و تدبیرات صائبة و وسائل و رسائل"! نامرۆڤانە کوشتی. بەر لەم کارەساتە محەمەد حسێن خانی فەرمان فەرما، والی ئازربایجان، جەعفەر ئاغا برای سمایل ئاغای شکاك بانگ دەکاتە تەورێز. پشت قورئانی بۆ مۆر دەکات و سوێندی بۆ دەخوات، کە غەدری لێناکات. جەعفەر ئاغا بڕوای پێدەکات، بەخۆی و چەند کەسێکەوە بۆ تەورێز دەچێت. بەڵام فەرمان فەرما دەیگرێ و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بە شێوەیەکی نامرۆڤانە هەڵیدەواسێت.

لەسەردەمی قاجارەکاندا ئەگەر رێگای شڵتاق و بەرتیل بۆ ماوەیەك لە کوردستان دابخرایە، دەست تێوەردان و خۆتێهەڵقورتانی حاکمەکان هەتا ئەو رادەیە بوو، کە زۆربەی ناوچەکەیان لە پای قەرزوقۆڵە، کە لە بازرگانانی هەندەرانیان وەردەگرت، بە بارمتە دادەنا. ئەمیر نێزام گەڕووسی لەم بارەوە بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران دەنووسێ: "... لە بەر ئەو قەرزانەی، کە خوا لێخۆشبوو موزەفەرولدەولە و مەجید خان و چەند کەسێکی تر هەیانبووە، لەم چەند ساڵەدا هێندێ لەشوێنە گرینگەکانی ئەم وڵاتە بە ناوی جۆربەجۆر، بڕێك بە ناوی ئیجارە و هێندێك بە ناوی زەمانەت و بڕێکی تریش بە ناوی کڕین، کەوتووەتە دەست بازرگانی بیانی و خۆتێهەڵقورتاندنی ئەم تاقمە لەم وڵاتەدا وا پەرەی سەندووە، کە هیچ خاوەن موڵکێکی بە هێز ئەو دەسەڵاتەی نییە. ئەم تاقمە نەك هەر خۆیان بە خاوەن موڵك دەزانن بەڵکو لە بەر پشتیوانی دەوڵەتەکانی خۆیان و ئەو حوکم و نامە و قەرارانە، کە بۆ بەهێزی و دەسەڵاتی خۆیان لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئازەربایجان وەری دەگرن ئەم موڵکانە بە وڵاتێکی سەربەخۆ دەزانن و لە ژێر فەرمانی حاکمی ناوچەکەیان

بردۆتەدەر. لەبەرئەوە لە رابردوودا حاکمەکان زۆریان گوێ نەداوەتێ ئێستا ئەمانە هێز و توانایەکی زۆریان بە دەست هێناوە". زولم و زۆری لە رادەبەدەر، خەلکی بەتەواوی بێ تاقەت کرد و بۆ راگرتنی ئەو خەلکە پێویست بوو لەشکرێکی زۆر لە ناوچەکەدا رابگیردرێ. ئەمیر نێزام گەرووسی حاکمی موکریان لەسەر بارودۆخی ناوچەی ژێر دەسەلاتی دەنووسێ: " لەبەر هاتوچۆی سەرباز و لەشکری دەولەت و تالان و کێشەی هێندێ لە خۆیان لە دژی ئەوی تر نیوەی ئەم ولاتە وا کاول بووە سالانی سالی دەوێ هەتا ئەم وێرانییە ئاوەدان بکرێتەوە، بۆ نموونە محالی شارویران، کە ئاواترین مەلبەندی ئەم ناوەیە بە تەواوی وێران بووە و سووتاوە و هەرکام لە گوندەکانی بووەتە تەپۆلکەیەکی خۆلەمێش". زولم و زۆری حکومەتی ئێران بۆ سەر خەلکی ئەو ناوە وا کارەساتێکی هێناوەتە گۆرێ، کە خەلکەکە لەوپەری بێدەرەتانیدا داوا لە کاربەدەستانی دەولەتی رووسیا بکەن بە هانایانەوە بێن و بۆ رزگارییان پشتیوانیان لێبکەن. لە نامەیەکدا، کە بە ئیمزای بیست و شەش کەس لە مەلا و بازرگان و مەزنانی عەشایری ناوچەی موکریان گەیشتووە، داوا لە کامیسارەکان کونسۆلی رووسیا کراوە، کە سەبارەت بە یارمەتیدانی کوردەکانی ئەم ناوە، دەولەتەکەی خۆی ئاگادار بکات. لە بەشێ لەم نامەدا وا نووسراوە:" .. ئێمە خەلکی کوردستان، کە لە خاکی ئێراندا سێسەد هەزار مالین، لە بەر زۆلم و سەرەرۆیی دەولەتی ئێران و بێ قانوونیان نەمانتوانی لەگەلیان بحەوینەوە، پارەکە بە ناعیلاجی، کە ئیتر تاقەتی ئەم هەموو زولم و زۆرییەمان نەما هێندێ لە گەلی کوردستان دژ بە زولم و زۆر راپەرین. لە لایەکەوە دەولەتی عوسمانی دژ بە ئێمە دەستی کرد بە هەرەشە و گورەشە لەو لاشەوە دەولەتی ئێران دوژمنی خوێنیمان بوو، هەر چەند ئێمە دەمانتوانی زولم و خراپەی دەولەتی ئێران لەسەر خۆمان وەلانێین، بەلام لە ترسی دەولەتی عوسمانی لە شەرِ دژ بە ئێران وازمان هێنا. ناچار سێ سەد هەزار مال لە ئێمە کۆچمان کرد. پاش کۆچکردنی ئێمە دەولەتی ئێران لەشکری هێنایە کوردستان و دەستی دایە قەلاچۆی خەلك و لە کوشتن و برینی ژن و پیاو و مندال و دیلگرتن درێغی نەکرد". ئەم زۆرەملێ و بارودۆخە ناهەمواره کاری کردە سەر هەست و نەستی نەك هەر رووناکبیری ناوچەکە بەلکو هەستی نیشتمانپەروەریی هەموو جەماوەری خەلکیشی بزواند.

لە کوردستانی ئەردەڵانیش، پاش ئەوە کۆتاییان بە دەسەڵاتی بنەماڵەی دێرینی ئەردەڵان هێنا، دەوڵەتی ناوەندی فەرهاد میرزا موعتەمەد ئەلدەولە، مامی ناسرەدین شا، پادشای ئێرانی کرد بە فەرمانڕەوای ئەو ناوە. ناوبراو بۆ ئەوە زەبروزۆری خۆی نیشان بدا هێرشی کردە سەر هەورامان، حەسەن سوڵتان هەورامی بە غەدر و خەیانەت کوشت و سەرانسەر هەورامانی سووتاند و وێرانی کرد.

"هێزەکانی ئێران پاش سەرکوت کردنی هەر چەشنە دژایەتی و بزووتنەوەیەکی کورد، هەموو وڵاتەکەیانیان وێران دەکەن تا بەرهەڵستییەکی ئەوتۆ لەلایەن کوردەوە نەبینن، بە درێژایی ئەو ڕێگا و بانەی پێیدا دەڕۆن گوندە کوردنشینەکان تاڵان دەکەن و دەسووتێنن هەر کوردێك بەر دەست بکەوێ دەیکوژن." ئەمە گەواهی دیپلۆماتێکی بیانییە لە ئێران لەبارەی بارودۆخی ئەو کاتەی کورد.

## کورد لە فۆلکلۆری فارسدا

هەوڵنامەی کتێب

فولکلۆری گەلی فارس زۆر دەوڵەمەند و بەرینە. قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و گۆرانی و چیرۆك و ئەفسانە لە لای فارسەکان بە زاراوەی جۆربەجۆری فارسی قووڵە و سەرنج ڕاکێش. هەر فارسێك سەبارەت بە هەر چەشنە باسێك دەتوانێ گەلێك شیعر و قسەی نەستەق بۆ تام و چێژ و پتەوبوون و بۆ بایەخی قسەکانی، تێکەڵ بە وتەکانی بکات و ڕەنگە هیچ کاتێ بۆ قسەی نەستەق و پەندی پێشینان دانەمێنێ. لە فولکلۆری گەلی فارسدا زۆر قسەی سەیر و سەمەرە سەبارەت بە گەلانی دیکەی وڵاتی ئێران بەرچاو دەکەون، کە زوربەیان لە دژایەتیی ئاینییەوە یا لە خۆباییبوونەوە سەرچاوەیان گرتووە و زۆربەی ئەم قسانە بۆ سەردەمی سەفەوییەکانیش دەگەڕێنەوە. هێندێ لەم قسە سەیرانە وا تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بووە و لە زمانی فارسیدا جێی بووەتەوە، گەلێك کەس ئێستاش نازانن سەرچاوەی ئەم وتانە چیە و لە کوێوە هاتوون. بەشێك لەم قسانە بە درێژایی مێژوو ڕەواڵەت و ناوەڕۆکی گۆڕاوە و بووەتە جنێو و هەموو کەس بەکاری دێنێ، تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئەم قسانە بۆ ئەوان دروست کراون، بۆ نموونە"پدر سوختە"باوك سوتێندراو کە ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا بووەتە جنێوێکی ئاسایی، لە سەردەمی سەفەوییەکاندا ساز بووە و بەو کەسانەیان

دەوت، کە ئێسك و پروسکی مردووەکانیان لە قەبر دەرهێنابوون و سووتاندبوویان، ئەم کەسانە بە گشتی سونیئاین و کورد بوون. جنێودان بە سێ خەلیفەی راشدین ئەبووبەکر، عومەرو عوسمان و هاوسەری پێغەمبەری ئیسلام، واتە عایشە، جنێوێکی رۆژانەیە. کاتێ دایکێك زۆر لە کچەکەی تووڕە دەبێ بە عایشە وێنای دەکات و ئەگەر لە کوڕەکەی قەڵس بوو پێ دەڵێ عومەر. ئەم جنێوە بەتایبەت بەو کوردانەی، کە سوننی مەزهەبن دەدرێ. لە لای خەڵکی شیعەی چینی خوارەوەی کۆمەڵگای فارس و بە گشتی گەلانی شیعە مەزهەب، ئێستاش رێورەسمی عومەر کوژان، هەر بەردەوامە. جەماوەری خەڵکی شیعە بەتایبەت نەخوێندەواران، سوننی بە گڵاو دەزانن و تەوقەی لەگەڵ ناکەن. تەنانەت وادەزانن سوننی کلکی هەیە! لە لای ئەوان سوننی و کافر هیچ جیاوازییان نییە.

کورد لە لای شیعەکان، سوننیە، عومەریە و کافریشە. شیعەیەکی بە دین دەبێ هەوڵ بدا بیانکات بە موسڵمان، واتە شیعە و ئەگەر نەبوو خۆی لێیان دوور بخاتەوە باشە و بڕوا و متمانەی پێیان نەبێ. لە فولکلۆری فارسدا گەلێك قسە سەبارەت بە کورد هەیە، کە لێرەدا چەند دانەیەکی بۆ نموونە دەس نیشان دەکەین.

بە گشتی فارس کورد بە گێل و گەوج و دواکەتوو دەزانن و لە لای ئەوان جلوبەرگی کوردی، داب و نەریت و تەنانەت گۆرانیی کوردیش نیشانەی ئەم دواکەوتوویەیە. لەو رووەوە دەڵێن: *ورچ دەبێ بە ئینسان، بەڵام کورد نابێ*. هەروا، کە ئاماژەی پێکرا لە لای شیعەکان کورد گڵاوە و کافر و پیاوکوژە و نابێ نە شتی لێ وەرگری، نە شتێکی بدەیتێ، بەڵام ئەگەر ناچار بووی بەم چەشنەیە، کە لەم وتەیەدا وتراوە: *لە ماڵی کورد نان بخۆ، بەڵام نەکەی شەو لە ماڵیدا بنووی*، چونکە *شەو بە خەنجەرەکەیەوە دێتە سەرسکت*. کورد پیس و پۆخڵە و لە شارستانیەت بە دوورە، وەك دەڵێن: حەمامان هەبوو منداڵەکان خواردیان. کورد ساویلکە و بەستەزمانە، لەم وتەیەدا دەردەکەوێ **کوردی دۆ نەدیو**. لە لای فارسان کورد ژێردەستەیە و لە مافی هاووڵاتی بێ بەشە و وەکو مرۆڤێکی پلە دوو سەیر دەکرێ، کە دەڵێن: ئەگەر روو بە کورد بدەی بە کڵاشەکەیەوە دێتە ژوورەوە. و گەلێك قسەی تریش.

# کورد لە ئەدەبی نووسراوی فارسیدا

لە ئەدەبی فارسیشدا بە هەموو شێوەیەك باسی کورد کراوە، بەڵام پێش ئەوە بچینە سەر ئەم باسە، پێویستە لە بیری نەکەین، کە بەشداری کوردیش لە پێکهێنانی ئەدەبی فارسیدا وەك گەلانی تری ئێرانی، زۆر دیار و جێگای تێبینییە. بۆ نموونە یەکێ لە یەکەم شاعیرانی فارسینووس، ئەبوولحەسەن عەلی کوڕی مەحەمەد ئەلغەزالی ئەللەوکەریە، کە لە سەردەمی سامانیەکاندا ژیاوە. لەوکەری شاعیرێکی کورد بووە و بە زمانی فارسی شیعری نووسیوە. لە یەکێ لە شیعرەکانیدا ئاماژە بە کوردبوونی خۆی دەکات و دەڵێ: خودایە خۆ تۆ دەزانی بوخارا لە لەوکەر خۆشترە، بەڵام کوا کورد بە دۆی بیاوان دەحەسێتەوە.

بخارا خوشتر از لوکر خداوندا همیدانی ولیکن کرد نشکیبد از دوغ بیابانی

ئەم شیعرە بە یەکێ لە کۆنترین شیعری فارسی ناسراوە.

یەکێکی تر لە شاعیرە فارسینووسەکان، کە لە دایکەوە کورد بووە، شاعیری بەناوبانگ نێزامی گەنجەویی، دانەری شیرین و فەرهاد و لەیلی و مەجنوونە، کە لە یەکێ لە شیعرەکانیدا راستەوخۆ باسی کوردبوونی دایکی، کە لە بنەماڵەیەکی مەزن بووە، دەکات، دایکم ئەو مەزنە کوردە، دایکانەیە، لە تەکمدا مرد.

گر مادر من رئیسه کرد مادر صفتانه پیش من مرد

ئەبوولقاسمی فیردەوسی شاعیری مەزنی ئەدەبی فارسی و دانەری شانامە، کاتێ باسی زەحاکی ماران دەکات، دەڵێ: زەحاك دو مار لەسەر شانی روابوو، ئەم دوو مارە زۆریان ئازار دەدا، بۆ سرەوتنی ئێش و ئازاری دەبوو هەموو رۆژێك مێشکی سەری دوو گەنج دەرخواردی ئەم دوو مارە بدرێت. چێشتکەری زەحاك پیاوێکی باش بوو، هەموو رۆژ یەکێ لەو لاوانەی قوتار دەکرد و لە جیاتی مێشکی ئەو مەڕێکی دەکوشتەوە و

مێشکەکەی لەگەڵ مێشکی لاوەکەی تر تێکەڵ دەکرد و دەرخواردی مارەکانی دەدا و ئەو گەنجە وا رزگاری دەکرد، بێ ئەوە کەس بزانێ دەینارده کێو و شاخان خۆی بشارێتەوە، ئەمانە زیادیان کرد و کورد لە مانەوە بەدی هاتن. ئینجا فیردەوسی دەڵێ ئێستا کورد لەو تۆوەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ و ئاوەدانیی لە بیر نەماوە.

کنون کرد از آن تخمه دارد نشان　　که ز آباد ناید بدل برش یاد

وەکو پێشتر کە لە بەشی فولکلۆردا باسمان کرد، بە گشتی فارس، گەلانی تر بە هاوشانی خۆی نازانێ و هەمیشە لە سەرەوە بۆ خوار سەیریان دەکا. لە روانگەی شاعیرانی فارسەوە، کەسایەتیی کورد زۆر نزمە و ئەوانیش کورد وەك دز و جەردە سەیر دەکەن. شاعیری پایە بەرزی ئەدەبی فارسی و جیهانی، مەولانا جەلالەدین١٢٧٣-١٢٠٧ بەناوبانگ بە مەولەوی، لە شیعرێکدا باسی کورد دەکات وەك دزێکی زۆر خراپ، دەڵێ: کوردم دیوە دزی بکات، بەڵام سەیری دزەکەی ئێمە بکەن، کوردی دزی.

کرد دیدم کو کند دزدی و لیک　　دزد ما را ببین، که او دزدید کرد

لە شعرێکی دیکەدا، کە دیارە بۆ مەبەستێکی بیروباوەڕ گوتراوە دەڵێ: واز لە پێست و رووکەش بێنە، دەست بدەرە ناوەرۆك، یا ببیستە چیرۆکی ئەو تورك و کوردە، کوردەکە بۆ دزینی هەنبانەی تورکەکە، بەرگی دەروێشی کردە بەر و سەر و ریشی خۆی تاشی.

پوست بهل دست در آن مغز زن　　یا بشنو قصه آن ترك و كرد
كرد پی دزدی انبان ترك　　خرقه بپوشید و سر و مو سترد

لە لای سەعدی ١٢٩٢-١٢١٢، شاعیری هەستیاری فارس، کورد گیانلەبەرێکی ناقولا و ڕەمەکی و نەزانە. سەعدی دەگێڕێتەوە: شەوێك کوردێك لە بەر زکئێشە تا بەیانی نەنووست، بە هەڵکەوت پزیشکێك لەو ناوەدا بوو، وتی ئەگەر کابرایە بەم چەشنە گەڵای مێو بخوات، پێم سەیرە بگاتە بەیانی.، ئەر تیری کەوانی تاتاری بە دڵ بکەوێ، باشترە لەئێشی قورسایی خواردنی ناسازگار لە زکدا. گەر بە

هەواڵنامەی کیژێ

پارووەیەك ڕێخۆڵە پێچی تێکەوێ، هەموو تەمەنی نەزان لە هیچ و خۆڕایی بەسەر دەچێ. بە ڕێکەوت ئەو شەوە پزیشکەکە مرد، چل ساڵ تێپەڕی و کوردەکە نەمرد. ( ڕەنگە کوردەکە یاپراخی خواردبێ! )

شبی کردی از درد پهلو نخفت     طبيبي در آن ناحيت بود و گفت
از اين دست كو برگ رز ميخورد     عجب دارم ار شب به پايان برد
كه در سينه پيكان تير تتار     به از ثقل ماكول ناسازگار
گر افتد به يك لقمه در روده پيچ     همه عمر نادان برآيد به هيچ
قضا را طبيب اندر آن شب بمرد     چهل سال ازين رفت و زندست كرد

حافزیش١٣٩٠-١٣٢٥ کورد بە هەژار و بێ دەسەڵات و بێ بایەخ دەزانێ و دەڵێ واز لە حیکمەت و فەلسەفە بێنە، چونکە لە کاتی مردندا، ئەرەستۆش وەك کوردێکی بێچارە گیان دەسپێرێ.

مزن دم ز حكمت، كه در وقت مرگ     ارسطو دهد جان چو بيچاره كرد

سەبارەت بە کورد، لەم چەشنە نموونانە لە ئەدەبی فارسیدا زۆرن.

♣ ئەم باسە بەشێکە لە کتێبێك، کە لە داهاتوودا لەلایەن مەڵبەندی کوردۆلۆجییەوە بلاو دەکرێتەوە.

# وێنەی كورد
# لە سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەكاندا

نووسینی: م. حەیدەر لەشكری
وەرگێڕانی: د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا

## ناساندن و ناونان لە سیاقی مێژووی عەرەبی ئیسلامییدا

### چوارچێوەی گشتیی ناساندنی كورد

یەكێك لە ئاكامەكانی وڵاتگیری/الفتوحات و پڕۆسەی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە سەدەی یەكەمی كۆچی/حەوتەمی زاینیدا، ئەوەبوو دنیای بەسەر دوو بەرەی لێكدژدا دابەش كرد، كە بریتی بوون لە: خانەی شەڕ یان خانەی كوفر، كە رزگاركەرەكان/الفاتحون عەقیدەی ئیسلامیان تێدا بڵاونەكردبوویەوە، لەگەڵ خانەی ئیسلام یان ئەو چوارچێوە جیۆگرافی ـ مێژووییەی، كە ئیسلام تیایدا بڵاوبووبوویەوە. لێرەدا ئەم دابەشكردنە ـ بەپلەی یەكەم ـ لەسەر بنەمایەكی عەقیدی ئەنجام دراوە، چەمكی خانەی ئیسلامیش شەقڵێكی سەراپاگیری هەیە، بەجۆرێك، كە نیشتمانێكی فراوان و چەندین دەستەی رەگەزی ـ رۆشنبیریی هەمەجۆر لەخۆ دەگرێت. ئەم دەستە جیاوازانە بەهۆی كاریگەری پاشماوەی كولتووری ناوچەیی و بارودۆخی جیۆگرافی و كۆمەڵایەتی و رامیاریی ناوچەكانیانەوە، تەنانەت لە تێگەیشتنی خودی ئیسلامدا ناكۆكی سیاسی و جیاوازی عەقیدەییان هەبوو.[١] لەگەڵ ئەمەشدا موسڵمانەكان بەشێوەیەكی گشتی

---

[١] جب: دراسات في حضارة الإسلام، ت: إحسان عباس وآخرون، بيروت: ١٩٦٤، ص٣. عبدالله إبراهيم: المركزية الإسلامية ـ صورة الآخر في المخيال الإسلامي خلال القرون الوسطى، بيروت/الدرار البيضاء: ٢٠٠١، ص ١٢.

چاویان بڕیبووە دامەزراندنی ئەوەی بە ئوممەت ـ دەوڵەت ناودەبرێت. مەبەست لە ئوممەت، ئومەتێکی ئاینیە ـ، کە لە پلەی یەکەمدا ـ واتایەکی ئیمانی بدات بە سیستمی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو رەگەزە جیاوازانەی لەژێر ئالای عەقیدەکەیدان و هەوڵ بدات سنوورەکانی رەچەڵەك و دەمارگیری و جیاوازیی کۆمەڵایەتی و رەگەزی تێپەڕێنێت. مەبەستیش لە دەوڵەت، دەوڵەتێکی ناوەندییە، کە هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە دامودەزگا و یاساکانی لە پێکهاتندا بوون، بۆ رێکخستنی ئەم پەیوەندیە نوێیانە بەپێی گۆشەنیگای کاربەدەست و تیۆرداڕێژەکانی لە مێژووی پەرەسەندنیدا.[٢]

ئاشکرایە، کە ئەم خواستە لە زۆربەی بارەکاندا زیاتر وەك مەسەلەیەکی تیۆری مایەوەو لە واقیعدا بەدی نەهات. لەگەڵ ئەمەشدا بەلایەنی کەمەوە لە ماوەی دامەزراندا جۆرە رۆشنبیرییەکی یەکگرتووی باو هەبوو، ئەویش رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامی بوو، کە سەرەڕای ئەوەی لە خانەی ئیسلامدا ئەو جیاوازیانەی بەرجەستەدەکرد، کە پێشتر باسکران، بەلام بەهای راستەقینەی خانەکە لەناو ئەمدا بووە و بەپلەی یەکەم یەکێتیی رۆشنبیریی خانەکە بوو.[٣] ئەمەش بەسترابوو بەزمانی عەرەبیەوە، کە شوناسی شارستانیی ئەم رۆشنبیرییەی دەردەبڕی، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەم زمانە وەك زمانێکی هاوبەشی رۆشنبیریی ئیسلامیی هەمەجۆر خۆی سەپاند. لەڕاستیدا بۆ ئەم رۆشنبیرییە تازە دامەزراوە ئاسان نەبوو واز لەم زمانە بهێنێت، چونکە زمانی عەقیدە و شەریعەت بوو، زمانێك بوو بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی دی، کە لە پووکانەوەو تەسکبوونەوەدا بوون، پیرۆزییەکی هەبوو. ئیبن خەلدون بەڕوونی باسی ئەمە دەکات و دەڵێت: "نەتەوەکان لە هەموو شارو ناوچەیەك وازیان لە زمانی خۆیان هێناو زمانی عەرەبییان کردە زمانی خۆیان."[٤] زمانی عەرەبی دوای ئەوەی ناوچەیەکی فراوان و بەربڵاوی تەنییەوە، بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە زمانێکی

---

[٢] أركون: تأريخية الفكر العربي الإسلامي، ت: هاشم صالح، بيروت: ١٩٩٨، ص٩٥. الفضل شلق: الأمة والدولة ـ جدليات الجماعة والسلطة في المجال العربي الإسلامي، بيروت ١٩٩، ص٢٠٥-٢٠٦.

[٣] إبراهيم: م. س، ص ٣٥.

[٤] المقدمة: ص٣٠١. قارن مع: إبن حزم الأندلسي: الفصل في الملل والأهواء والنحل، ط٣، بيروت: ١٣٩٥هـ/١٩٧٥م، ج١، ص١١٢.

گەردوونی،[5] بۆیە دەبوو خۆی سیستماتیزە بکات و سیمایەکی نوێ بەخۆی بدات تا لەگەڵ بارە نوێکەدا بگونجێت.

دەسەڵاتی ئاینی و ئیداریی خانەی ئیسلام، کە عەرەب بەڕێوەیان دەبرد، بوواری بۆ زمانەکەیان رەخساند، لە رێگەی وشەو شێوازە گوزارەییەکانیەوە کار لەسەر ئەوە بکات، واتاو دارشتنی گونجاو بدات بە شتە تازەو دیاردە جیاوازەکان و شێوە گوزارەییەکانی خۆی فراوان بکات. بۆیە زۆر وشەو چەمکی نوێی لەخۆگرت و بووە زمانی هزرو زانینە هەمەجۆرەکان.[6]

یەکێك لەو مەسەلانەی رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامی بە تایبەتی لە بوواری مێژوودا هەولی دەدا بەم زمانە چارەسەری بکات، ناسینی ئەو گەل و نەتەوانە بوو، کە بوونە بەشێك لە ئوممەت ـ دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە رزگارکەرەکان پێویستیان بەوەبوو ئەو گەل و نەتەوانە بناسن و دواتریش یەکتر ناسین لەنێوانیاندا رووبدات بۆ گونجان لەگەڵ ئەو بانگە قورئانییەدا، کە دەفەرمویێت وجعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا و[7]داوای پێکهێنانی ئوممەتێك دەکات لە عەرەب و نەتەوەکانی تر.[8]

کورد یەکێك بوون لەو کۆمەڵە مرۆڤانەی، کە عەرەبەکان رووبەڕووی بوونەوەو[9] توانیان ملکەچی دەسەڵات و دەوڵەتیان بکەن،[10] ئیتر وڵاتەکەیان کەوتە ناو

هەواڵنامەی کتێب

---

[5] سەبارەت بە زمانی گەردوونی بگەڕێوە بۆ: **بیار بووردیو: أسباب عملیه ـ إعاده النظر بالفلسفه، بیروت: ١٩٩٨، ص ١٣٥.**

[6] بڕوانە: أحمد أمين: ضحى الإسلام، بيروت: د.ت، ج١، ص٢٩١. جورج طرابيشي: إشكاليات العقل العربي، بيروت: ١٩٩٨، ص٢١٠- ٢٢١.

[7] سورة الحجرات، الآية ١٣.

[8] رضوان السيد: الأمة والجماعة والسلطة، بيروت: ١٩٨٣، ص٣١.

[9] البلاذري: فتوح البلدان، بيروت: ١٩٨٣، ص٣١٧، ٣٢٣، ٣٢٥، ٣٧١، ٣٧٧. الطبري: تأريخ الرسل والملوك، ج٤، ص٣٣، ٧٦، ٧٨، ١٨٣، ١٨٦. قدامة بن جعفر: الخراج و صناعة الكتابة، شرح وتعليق: محمد حسين الزبيدي، بغداد: ١٩٨١، ص٣٢٨، ٣٧٨، ٣٨١، ٣٨٥.

[10] بگەڕێوە بۆ: فائزة محمد عزت: الكرد في إقليم الجزيرة وشهرزور في صدر الإسلام، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، أربيل: ١٩٩١، ص٨٤-١٠٦. أحمد ميرزاميرزا: غربي إقليم الجبال في صدر الإسلام حتى ١٣٢هـ/٧٤٩م، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين،◄◄

مەملەکەتی ئیسلام و کارەکانیەوە.[11] بۆیە سروشتی بوو رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامی وەك هەولێك بۆ ناسین و لەخۆگرتنی کورد لەچوارچێوەی ئوممەت ـ دەولەتدا خوێندنەوەی خۆی هەبێت بۆ کوردو ولاتەکەی. لێرەدا پێویستە ئەوە لەبیرنەکەین، کە ئینتیمای کورد بۆ ئەم چوارچێوەیەو شوێن و پێگەی کورد لە زانینی (المعرفە)ی مێژوویی بەرهەم هاتوودا بە زمانی عەرەبی، بەستراوە بە واقیعی خانەی ئیسلام و ئەگەرەکانیەوەو هەلوێستی کورد بەرامبەر ئەم خانەیە، وادەبێت لە سەردەمێکدا ئەم بەشەی ئوممەت ـ دەولەت بەشێکی نەفرەتلێکراوە، کەچی لە سەردەمێکی تردا دەبێتە بەشێکی چاك. لەبەرئەمە، پێناسەو ناو و وەسفکردنی ئەم بەشە مرۆیی و جیوگرافیە کوردو ولاتەکەی بەپێی بارودۆخی مێژوویی سەردەمەکە دەخەملێت و دیاری دەکرێت. لێرەدا دەتوانین لەبارەی ئەو واتایەوە پرسیار بکەین، کە لە رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامیی مێژووییدا بۆ چەمکی وشەی کورد بەکارهاتووە. ئایا ئەم ناوە بوونێکی بابەتی سەربەخۆی هەیە، یان تەنها وشەیەکەو لە کایەی ئیسلامییدا بۆ کۆمەلە مرۆڤێك بەکاردێت؟ یاخود چۆن لە واتای کورد تێگەیشتوون؟

هەندێ رۆژهەلاتناس و لێکۆلەری کورد[12] کۆششێکی زۆریان کردووە بۆ روونکردنەوەی واتای ئەم وشەیەو دۆزینەوەی رەهەندە مێژوویی و پەیوەندییە زمانەوانییەکانی ئەم ناوە. بەلام لێرەدا ئێمە نامانەوێت شوێنپێی ئەوان هەلگرین و هەولدەدەین ئەوە روونبکەینەوە، کە مانای وشەی کورد چی دەگەیەنێت لەو گوتارە عەرەبیەدا، کە هەر لە سەرەتای پرۆسەی ولاتگیری عەرەب و تێکەلّ بوونیان بە نەتەوەکانی ترو دانانی چوارچێوەیەکی نوێ بۆ رۆشنبیریی، لە شێوەگیربووندا بوو. هەروەها ئەو هەولانە دیاریدەکەین، کە لەئارادابوون بۆ ئەوەی ماناو دەلالەت بە وشەی

---

= أربیل: ١٩٩٥، ص٧٨-١٠٧. شوان عوسمان مستەفا: کوردستان و پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد، سلێمانی: ٢٠٠٢ ل١٤٤-٢٣٥.

[11] قدامة بن جغفر: م. ن، ص ١٥٩ بە دواوە.

[12] بۆ نموونە بڕوانە: ج. أر. درایفر: الکرد في المصادر القدیمة، ت: فؤاد حمە خورشید، **بغداد:** ١٩٨٦ ص١٣ بەدواوە. **ئو.** ل. ڤیلچێڤسکی: نەژادی کورد ـ رەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد، و: رەشاد میران، هەولێر: ٢٠٠٠، ل١٥٧ بەدواوە. هەروەها بڕوانە: **جمال رشید أحمد:** ظهور الکرد في التأریخ ـ دراسة شاملة عن خلفیة الأمة الکردیة و مهدها، أربیل: ٢٠٠٣ ج٢، ص ٧-٧١.

کورد بدەن و ریشەیەکی وای بۆ بدۆزنەوە لەگەڵ چوارچێوەی تازەی زانینەکانداو بەتایبەتیش زانینی مێژوویی بگونجێت.

بەبڕوای من، ناتوانین لە دووتوێی کتێبە مێژووییە عەرەبیەکاندا لە واتای ئەم ناوە تێبگەین، ئەگەر بێت و بەکارهێنانە فارسیەکەی لەناو چوارچێوەی کولتووری فارسیی پێش ئیسلامدا لەبەرچاو نەگرین، کە لە ئەنجامی فەرمانڕەوایی ساسانیەکان بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا، مامەڵەیەکی راستەخۆی لەگەڵ کورددا هەبووە.[13] گومانی تیا نییە، کە کولتووری فارسی لە پرۆسەی شێوەگیربوونی زانینی ئیسلامییدا بە مێژووشەوە، ئامادەییەکی بەهێزی هەبووە، ئەم کولتوورە رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە پێکهاتنی زۆربەی چەمك و بۆچوونە عەرەبیە ئیسلامییەکاندا، لەوانەش بۆچوونیان لەبارەی ناوی کوردو ریشەو سروشتی کوردەوە. موسڵمانەکان هەوڵیان دا لە رێگەی ئەم کولتوورەوە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی خۆیان بدەنەوە، بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی پەیوەست بوون بە مەسەلە مێژووییەکانەوە، بۆیە رۆشنبیریی فارسی سەرچاوەیەکی سەرەکی بووە بۆ زۆربەی مێژوونووسەکان،[14] پرۆسەی وەرگێڕانیش لە زمانی فارسیەوە یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ گواستنەوەی سەرجەم هزرو بیری تۆمارکراوی فارسی پەهلەوی بۆ عەرەبی.[15]

بۆ گەڕانەوە سەر بابەتەکەمان دەڵێین، لە میانەی پشکنینی گێڕانەوە مێژووییەکانی پێش ئیسلام و سەرەتای ئیسلامدا، بەتایبەتی ئەوانەی بە عەرەبی تۆمارکراون، دەبینین چەمکی وشەی کورد کۆمەڵێك دەلالەتی کۆمەڵایەتیی گشتگیری

---

[13] ابو حنيفة الدينوری: الأخبار الطوال، تحقيق: عمر فاروق الطباع بيروت: د. ت ص٤٣. اليعقوبي: تأريخ اليعقوبي، بيروت: ١٩٦١، ج١، ص١٦٤-١٦٨، ١٧٧. الطبري: م. س، ج٢، ص٤١. أحمد: م. ن، ج١، ص ٢٦٦-٢٦٩.

[14] جب: علم التأريخ، ص ٥٦-٥٧.

Bertold Spuler: - The evolution of Persian historiography, in: lewis and holt ed:- historians of the middle east, p 127 .

[15] الجاحظ: الحيوان، حققه: عبدالسلام محمد هارون، القاهرة: ١٩٦٨، ج١، ص٣٨. إبن النديم: الفهرست، ص٣٦٣-٣٦٤. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم بزافەوە بگەڕێوە بۆ: محمد محمدي: الترجمة والنقل عن الفارسية في القرون الإسلامية الأولى، بيروت: ١٩٦٤، ج١، ص٢-١٦.

هەیەو لەوە دەرچووە ناوێکی رەگەزی بێت بۆ کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو، بۆ نمونە: ئەبوو حەنیفەی دینەوەری ٢٨٢ك/ ٨٩٥ ز مردووە[١٦] لەو ساسانە دەدوێت، کە دەوڵەتی ساسانی دەدرێتە پاڵی و دەڵێت: "لە داخی کەمتەرخەمی باوکی بەرامبەری، کۆمەڵێك مەڕی راگرت و چووە پاڵ کوردەکانی ناو چیاکان و لە شارستانیەت دوورکەوتەوە."[١٧] لەبەرئەمە ـ بەپێی قسەی ئەبوو حەنیفە ـ نەوەکانی ساسان تا سەردەمی ئەبووحەنیفە، واتە، تا سەدەی سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینی، وەك نەنگییەك ئەوەیان دەدرایە پاڵ، کە "مەڕ بەخێو دەکەن، بۆیە دەوترا ساسانی کوردی و ساسانی شوان."[١٨] لەم گێڕانەوانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە کورد دانیشتووی چیاکانن و لە شارەکانەوە دوورن، مەڕ بەخێو دەکەن و بەکەم سەیردەکرێن. هەندێك مێژوونووسی تر لەبارەی ئەردەشێری کوڕی بابەکی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیەوە ئەو گێڕانەوەیە دێنن، گوایە: دواپاشای فەرسییەکان (الفرثیین)، کە فەرمانڕەوای فارسەکانی پێش ساسانیەکان بوون، نامەیەکی بۆ ئەردەشێر ناردووەو تیایدا هەڕەشەی لێدەکات و تانوتی لێدەدات و دەڵێت: "تۆ لە سنووری خۆت دەرچوویت و بەمە مردنت بۆخۆت هێناوە ئەی کوردی پەروەردەی نێو رەشماڵی کوردان."[١٩]

لەم روانگەیەوە و بەپشتبەستن بەم گێڕانەوانە، لەنێوان ئەم رۆژهەڵاتناسانەدا، کە بایەخ بە کورد دەدەن، شێوە یەکدەنگییەك بەدی دەکرێت، ئەوەش کاتێك جەخت لە گشتگیریی واتای وشەی کورد دەکەنەوە لە سەردەمی ساسانی و سەدە یەکەمەکانی ئیسلامداو ئاماژە بەوە دەکەن، کە کورد ناوبوو بۆ هەموو خێڵە کۆچەرو نیمچەکۆچەرە

---

[١٦] ئەبوو حەنیفەی دینەوەری: ناوی ئەحمەد کوڕی داود کوڕی وەنەندە خەڵکی شاری دینەوەرە، لە دەیەی یەکەمی سەدەی سێی کۆچی/ نۆی زاینی لە دایکبووە. شارەزاییەکی زۆری لە زانستەکانی سەردەمی خۆیدا هەبووە، بە تایبەتی نەحو و زمان و بیرکاری و ئەندازیاری، لە نووسەرە یەکەمانی بوواری مێژووی گشتییە. گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە: الأخبار الطوال و کتاب البلدان و کتاب الأنواء و.. هتد. بڕوانە: إبن الندیم: الفهرست، ص٨٦. عمر فاروق الطباع: مقدمه لکتاب الأخبار الطوال، ص أ ـ ن.

[١٧] الأخبار الطوال، ص ٣٠.

[١٨] هـ. س، هـ. ل.

[١٩] الطبري: م. س، ج١، ص ٣٩. هەروەها: إبن الأثیر: الکامل، ج١، ص ٣٨٢.

ناسراوەکانی ئەو سەردەمە.[٢٠] ئەوەی پشتگیری ئەم باری سەرنجە دەکات، ئەوەیە، کە مێژوونووسی بە رەچەڵەك فارس، ئەبوو حەسەن حەمزەی ئەسفەهانی ٣٦٠ ك / ٩٧٠ز مردووە[٢١] هێناویەتی و دەڵێت فارس: "بە دەیلەمیان دەوت کوردەکانی تەبەرستان و بە عەرەبیشیان دەوت کوردەکانی سورستان، کە عێراقە ".[٢٢] ئەم دەقە بەڵگەیەکی بەهێزبوو بەدەست رۆژهەڵاتناسەکانەوە بۆ سەلماندنی گشتگیریەتی وشەی کورد و بەکارنەهێنانی وەك ناوێکی ئەتنی، کە واتای خودی کورد بگەیەنێت.[٢٣]

ئێمە پێمانوایە ئەم سەراپاگیریە لە ناوناندا لای مێژوونووسەکان، گشتاندنی خودی ناوی کوردە، کە خۆی ناوی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیارو جیاوازە، بەڵام گشتێنراوەو وەك چواندنی خەڵکانی تر بە کورد لەوانیش نراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بووە بنیاتی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵانە واتە کورد، دەیلەم، عەرەب تا رادەیەك لە یەکدەچوون. کاتێك بە عەرەب دەوترێت کوردی سورستان و بە دەیلەمیش دەوترێت کوردی تەبەرستان، ئەوا ئەم ناوە وەسفیانە گوزارشت لەو بۆچوونانە دەکەن، کە لەبارەی سروشتی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە جیاوازانە لە فارس، لە رۆشنبیریی باوی فارسیدا هەبوون و ـ بەڕای ئێمە ـ ئەم ناونانە لەم کۆمەڵانە، واتە لە عەرەب و دەیلەم، لەوەوەیە، کە ئەم کۆمەڵانە ـ بەشێوەیەك لە شێوەکان ـ لە هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتیدا لەیەکدەچن، ئەم دیاردانەش رەنگدانەوەی ئەو ژینگانەن، کە تیایاندا

---

[٢٠] V.Minorsky: - The ”Kurds”, in the Encyclopaedia of Islam, Leyden – London, Vol. 11, P 1214.. هەروەها: ڤلادیمێر مینۆڕسکی: مینۆڕسکی و کورد، کۆمەڵەی ٦ وتار، و: ئەنوەر سوڵتانی، هەولێر: ٢٠٠٢، ل ٨٣-٨٤. هەروەها بگەڕێوە بۆ: برتولد اشبوولر: تأريخ ايران در قرن نخستين اسلامي، ت: جواد فلاطوری، تهران: ١٣٧٣ هـ. ش، ص ص ٤٣٦-٤٣٧. مارتین فان برونەسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، کوردۆ، سلێمانی: ١٩٩٩، بەرگی یەکەم،ل ١٣.

[٢١] ئەبوو عەبدوڵڵا حەمزە کوڕی حەسەن، ساڵی ٢٨٠ ك/ ٨٨٣ ز لە ئەسفەهان لەدایکبووەو ساڵی ٣٦٠ ك — ٩٧٠ ز هەر لە ئەسفەهان مردووە. بەوە ناسراوە، کە لە روانگەیەکی فارسیانەوە مێژووی دەنووسییەوە. کۆمەڵێك کتێبی هەیە، کە بەناوبانگترینیان کتێبی تأريخ سني ملوك الأرض والأنبياءە. إبن النديم: م. ن، ص ١٥٤. الزركلي: الأعلام، ج٢، ص ٣٠٩. سزكين: تأريخ التراث العربي، ج١، ص ٥٤٠.

[٢٢] تاريخ سني ملوك الأرض، ص ١٧٣.

[٢٣] مینۆڕسکی: س. پ، ل٨٣. اشپولدر: ن. م، ص ٤٣٦.

دەژین و لە ئاوەدانی و شارستانیەتەوە دوورن. بارودۆخی کوردو سروشتی پەیوەندیە خێڵایەتییەکانی بووبوونە هۆی ئەوەی رۆشنبیری فارسی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ماناکانی ئەم ناوە بگشتێنێت. کەوابێ وەسفکردنی ئەم میللەتانە بە کورد رەنگە لە روانینی تراندستالی فارسەوە بێ ـ، کە فەرمانڕەواو بەرهەمهێنی هزرن ـ یاخود رەنگدانەوەی چۆنیەتی روانینی شارییەکان بێ لە دێهاتی و شوانکارەکان، هەروەك ئەبووحەنیفەی دینەوەریش جەخت لەمە دەکاتەوە، کاتێك دەڵێت: "وەك بەکەم زانینێك بە ساسان دەوترا ساسانی کوردی"[٢٤]، بێ ئەوەی ئەمە ئەوە بگەیەنێت، کە ساسان لە رەچەڵەکی کوردەوە هاتووە.

بەڵام ئایا ناوی کوردو واتاکانی، لەدووتوێی کتێبە مێژووییە عەرەبیەکاندا تەنها ئەم بەکارهێنانە گشتیەی هەیە؟ پێمانوایە، کە مێژوونوسەکان لەم بووارەدا نەیانتوانیوە خۆیان لە کولتووری پێشوتر رزگاربکەن. قەرزارباری زانینی مێژوویی بۆ کولتووری پێشوو لەوەدا دەردەکەوێت، کە تەبەری لەبارەی سوتاندنەکەی ئیبراهیم پێغەمبەرەوە باسیدەکات و ئاماژە بەوە دەکات عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب لە یەکێکی پرسی: "دەزانیت... کێ ئاماژەی بەوەکرد، کە بە ئاگر ئیبراهیم بسوتێنن؟ دەڵێت: وتم نا. وتی: پیاوێك بوو لە ئەعرابی فارس. دەڵێت: وتم ئەی باوکی عەبدولرەحمان، بۆ فارسیش ئەعرابیان هەیە؟ وتی: بەڵێ، کورد ئەعرابی فارسن"[٢٥]. ئەمە مانای ئەوەیە، کە وشەی ئەعراب بۆ جگە لە عەرەبیش بەکاردەهات. لێرەدا ـ وەك پێشتر بۆی چووین ـ زیاتر سەراپاگیری وشەی کوردو توانای گشتاندنی دەردەکەوێت[٢٦]. بەڵام ـ لەلایەکی ترەوە ـ ئەم جۆرە گێڕانەوانە دەمانخەنە بەردەم

[٢٤] الأخبار الطوال: ص ٣٠.

[٢٥] تأريخ الرسول والملوك، ج١، ص ٢٤٠-٢٤١. زۆر مێژوونووسی تر ئەم گێڕانەوەیان گواستووەتەوەو کوردیان بە ئەعرابی فارس یان ئەعرابی عەجەم داناوە. بڕوانە: إبن الأثير: الكامل، ج١، ص٩٨. ابوالفداء: المختصر في اخبار البشر، القاهرة: ١٣٢٥ ك ج١، ص٨٣. إبن الوردي: تأريخ إبن الوردي المسمى تتمة المختصر في اخبار البشر، النجف: ١٩٦٩، ج١، ص ٧٢.

[٢٦] حاڵەتێکی تری گشتاندنی ناوی کورد لای جاحظ بەدیدەکرێت کاتێك باس لەوە دەکات، کە خێڵی هذیلی عەرەبی پێیان دەوترا کوردەکانی عەرەب أكراد العرب. رسائل الجاحظ: حققه: عبدالسلام محمد هارون، القاهرة: ١٣٨٤ك/١٩٦٤ز ج١، ص١٠، ٧١.

مەسەلەیەکی گرنگەوە، ئەویش بینینی کوردە لەکایەی نوێی ناساندن و ناونانـدا، کە کایەی عەرەبی ئیسلامییە، لەوانەیە ئەو گێڕانەوانەی، کە تەبەری دەیباتەوە سەر عەبدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب ٧٤ك/٦٩٣ز مردووە لە هەوڵە سەرەتاییەکانی ناساندنی کورد بێت لای عەرەب، واتە ئەم کۆمەڵە مرۆییە، کە بوونەتە بەشێك لە ئوممەت ـ دەوڵەت وای لێبکرێت لەم کایە نوێیەدا ناسراوبێت.

بەپێی ئەم گێڕانەوەیە هاوکێشەیەکمان هەیە، کە دوو لایەنە، لایەنی یەکەمی کوردەو لایەنی دووەمی ئەعرابی فارسە. بۆ تێگەیشتن لەم هاوکێشەیە پێویستە سەرنجی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە بدەین، کە ئەم زانینەی بەرهەم هێناوە. لەوانەیە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین ئەم هاوکێشەیە جۆرێکە لە پێوان (مقایسە)ی کورد بە هاوشێوەکانی، یاخود جۆرێکە لە پێوانی بینراو بە زانراو (قیاس المشاهد علی المعلوم)، واتە بینینی کورد، بەپێی بینراوی بینەری عەرەب دیاری دەکرێت کە لێرەدا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بینەرەو لە خودی خۆیەوە ـ وەك عەرەبێك ـ سەیری کورد دەکات.[٢٧] ئەعرابی فارس دەلالەتێکی هەیە ئەو واتایە تێدەپەڕێنێت، کە ئەعراب لای عەرەب هەیبووە و واتای عەرەبی دەشتەکی دەگەیاند، بە هەموو ئەو دەلالەتە نەگەتیفانەوە، کە ئەم ناوە لە سەرەتای ئیسلامەوە[٢٨] تا سەردەمی ئیبن خەلدون[٢٩] هەڵیدەگرتن، هەروەها فارس وەك وڵاتی کۆمەڵە مرۆڤێکی جیاو ناسراو بەشارستانیەتەکەی[٣٠] جیاوازە لە عەرەب، کە زیاتر دەشتەکین. سەرئەنجام، ئەعرابی فارس سیستمێکی دەلالی گشتگیری هەیەو گوزارشت لە حاڵەتی کۆچەریی دەکات لای بەشێك لە فارس و

---

[٢٧] بۆ چەمکی پێوان و بینین، بەو واتایەی لێرەدا بەکار هاتووە بگەڕێوە بۆ: منذر الكيلاني: الإستشراق والإستغراب ـ إختراع الآخر في الخطاب الأنثروبوولوجي، ضمن: الطاهر لبيب وآخرون: صورة الآخر ـ العربي ناظراً ومنظوراً اليه، بيروت: ١٩٩٩ ص ٧٥-٧٦.

[٢٨] لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە الأعراب أشدُ كفراً ونفاقاً سورة الحجرات، الآية ١٤، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی وێنەی دەشتەکی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا بگەڕێوە بۆ: السيد: م. س،ص٦١-٦٤.

[٢٩] المقدمة، ص١١٨-١٢٠.

[٣٠] الجاحظ: البيان والتبيين، حققه: فوزي عطوي، بيروت: ١٩٦٨، ص٨٧. المقدسي: البدء والتأريخ، ج١، ص٣٦.

هاوکێشەکە دەبێتە جۆرێك لە دەلالەتگەری هەڵسەنگاندن (الإستدلال الدلالي) و بۆ تێگەیشتنە لە کورد. بۆ ئاسانکردنی ئەم تێگەیشتنە لای وەرگری عەرەب، بەپێی سیستمی زانین وەرگرەکە سیماکانی کورد دیاری دەکات، چونکە کاتێك کورد بەم شێوە گشتگیرییە وەسف دەکرێت، وەسفکردنەکە لە چوارچێوەی زانینی کۆمەڵگەی عەرەبی و کۆئەندێشەکەی (مخياله الجمعي) دەرناچێت. هاوکێشەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش لەو خەیاڵگەوە هاتووە، کە فارس و عەرەب تیایدا ئامادەیی و پێگەیەکی دیاریان هەیە، کەواتە لێرەدا کارەکە لەوە تێناپەڕێت، کە دروستکردنی بۆچوونێکی گشتییە لەسەر کورد بەجۆرێك، کە لەگەڵ زانیارییە خەزنکراوەکانی ناو بەشی دووەمی هاوکێشەکەدا بگونجێت. ئەنجامی کۆتایی مەسەلەکەش بریتییە لە ناسینی کورد وەك کۆمەڵە مرۆڤێك، کە شیاوی ئەوەیە تێیبگەیت، چونکە لە سیفەتدا وەك ئەعرابن کە لەناو عەرەبدا هەن بەڵام سەر بە فارسن. لەدوای ئەمەش ـ وەك پشتگیرییەك لەم هەڵوێستە ـ زۆربەی کات لە ڕەوتی هەواڵەکان (سیاقة الاخبار)ی پەیوەست بە سەردەمە ئیسلامییە جیاوازەکانەوە، ئەوەی دەبینرێت بریتییە لە هاوواتایی کورد اکراد و ئەعراب. بەم جۆرە زانینی مێژوویی وەك بڕیاربەدەستێك دەردەکەوێت و دەسەڵاتی ناساندن دەخاتە ژێر رکێفی سنوورە تایبەتیەکانی خۆیەوەو کار لەسەر دروستکردنی نمونەیەك لە کورد دەکات، کە بەم گشتگیرییە دەناسرێتەوەو دیاری دەکرێت.

سەرەڕای ئەم گشتگیرییە لە دیاری کردنی واتای وشەی کورد و ناساندنیدا، ئەوەی لەمەودوا باسی دەکەین بەکارهێنانی وشەی کوردە، وەك ناوێکی ئەتنی بۆ کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو، بۆیە کورد واپێناسە دەکرێت، کە بەرەیەك یان کۆمەڵێك خەڵکی ناسراون[٣١] و ئەو دەلالەتە گشتگیریانەی درابوون بەم ناوە لەم کۆمەڵە خەڵکەدا چڕکرانەوە. بەڕای ئێمە چەمکی کوردو کوردایەتی ـ، کە بەمانای ئینتیما بۆ ئەم کۆمەڵە دێت ـ لە میانەی چاخە ئیسلامییەکاندا ڕەگی داکوتاو، بەمە خودێکی

---

[٣١] الأزهري: تهذيب اللغة، حققه: علي حسن هلالي، القاهرة: ١٩٦٧، ج١٠، ص١٠٩. إبن الأثير: اللباب في تهذيب الأنساب، بيروت: ١٤٠٠ك/١٩٨٠ز، ج٣، ص٩٢. إبن المنظور: لسان العرب، ج٣، ص٢٣٩.

کوردی، بەو چەمکەی لەو کاتەدا هەبوو پێکهات. هەندێك کورد دەبینین کاتێك تێکەڵ بە رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامی دەبن و لە کایەی ئیسلامییدا دەبنە زانا، گوزارشت لەم خودەیان دەکەن و بەمە ئەو هەستە مێژووییەیان دەبێت، کە لەگەڵ پێدراوەکانی ئەویتری دەسەڵاتداردا تەبا دێتەوە.[32] ئەگەر چاو بەکتێبە مێژووییەکان و الطبقات و...هتددا بخشێنین، ئەوە دەدۆزینەوە، کە ئەم هەستکردنە بە ئینتیما بۆ ناوی کورد دەگەیەنێت. ئەوەتە ناودارەکانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی لە بوواری بەڕێوەبردن و رامیاری و زانستی و شەرعیدا دیاربوون، زۆربەیان نازناوی الكرديیان بۆخۆیان دادەناو[33] لە بۆنەکاندا شانازییان بە کوردبوونیانەوە دەکرد،[34] بەتایبەتی لەکاتی شەڕی خاچپەرستەکانداو لە ئەنجامی بەریەککەوتنی (إحتكاك) زۆرو راستەوخۆیان لەگەڵ میللەتەکانی تردا، شانازیان بە کوردبوون و سیما کوردیەکەیانەوە دەکرد.[35] لێرەدا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بابەتەکە دەرنەچین، بۆیە زیاتر ناچینە ناو وردەکاری بابەتەکەوە.

## هەوڵی عەرەبی بۆ داڕشتن و ناونانی کورد

سەبارەت بە ناوی کورد لەوێوە، کە تەنها ناوەو چۆنیەتی روونکردنەوەو ناساندنی لەلایەن رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامییەوە، دوای پشکنینی سەرچاوەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بۆ نزیکبوونەوە لەم ناوەو داڕشتنە عەرەبیەکەی

---

[32] بڕوانە: المسعودي: مروج الذهب، ج١، ص٤٣٦. إبن الأثير: الكامل، ج٩، ص٣٥-٣٦.

[33] بگەڕێوە بۆ: السمعاني: الأنساب، تقديم وتعليق: عبدالله عمر البارودي، بيروت: ١٩٨٨، ج ٥، ص ٥٤. إبن الأثير: اللباب، ج ٣، ص ٩٢. الذهبي: المشتبه في الرجال أسماءهم وأنسابهم، تحقيق: علي محمد البجاوي، القاهرة: ١٩٦٢، ج١، ص ٥٤٩.

[34] عمادالدين الأصفهاني: خريدة القصر وجريدة العصر، تحقيق: شكري فيصل، دمشق: ١٩٦٨، ج ٢، ص٣٤٨.

[35] بڕوانە: عماد الأصفهاني: الفتح القسي، ص ٥٨٨. إبن الأثير: الكامل، ج١١، ص٣٤٢، التأريخ البهر في الدولة الأتابكية، تحقيق: عبدالقادر أحمد طليمات، القاهرة: ١٩٦٣، ص١٤٢. إبن شداد: النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية سيرة صلاح الدين، تحقيق: جمال الدين الشيال، القاهرة: ١٩٦٤، ص٦٣. إبن خلكان: وفيات الأعيان أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، بيروت: د. ت ج٧، ص١٥٥.

بەجۆرێك، كە لە سیاقی مێژووی عەرەبیدا بۆ بەكارهێنان بشێت، دوو هەوڵی سەرەكی هەن: پوختەی هەوڵی یەكەم ئەوەیە، كە كورد ناوی باوكی مێژوویی "ئەو بەرەیەیە، كە پێیان دەوترێت كوردەكان (الاكراد)"[٣٦] و زۆربەی ئەو مێژوونووسانەی لە ریشەی كورد دواون لەسەر ئەمە یەكدەنگن،[٣٧] ئەگەرچی لەوەدا هاوڕا نین، كە لە پشت كوردەوە چ باوكێكی تر هەیە. ئەم مێژوونووسانە، بەبێ هیچ رەخنەو پرسیارو مشتومالكردنێك، ئەم لێكدانەوە سادەو هەڵبەستراوەیان وەرگرتووە. لێرەدا ئەم كارە زۆر پەیوەست نییە بە پەرەسەندنی زمانەوانی ناوەكەوە، بەڵكو زیاتر پەیوەستە بە سنوورەكانی زانینی مێژوویی ئیسلامییەوە، كە لەبارەی كۆمەڵە مرۆییە جیاوازەكانەوە بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەیەو تیایدا هەر كۆمەڵێكی مرۆیی بەستراوە بە باوكێكی مێژوویی كۆنەوەو ناوی كۆمەڵەكە لەو باوكەوە هاتووە، وەك فارس و یۆنان یاخود عەدنان و قەحتان، كە هەموو عەرەب دەچنەوە سەریان[٣٨]. لێرەدا ئەم كارە دۆزینەوەی پاڵپشتێكی مێژووییە بۆ ناوی هەر كۆمەڵێكی مرۆیی، كە لە ئێستادا هەیە. بەم واتایە، مێژوو بریتییە لە پرۆسەی گەڕان بەدوای ریشەدا یاخود بەدوای بوونی سەرەتاو ئەو دابڕان و بەشبوونەی، كە بەدوایدا هاتووەو وادەكات لە مەسەلەی جیاوازیی نێوان میللەت و نەتەوەكان تێبگەین. ئەو مێژوونووسانەی پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەكەن، ئەوانەن، كە گۆشەنیگایەكی عەقیدەیی باویان لەبارەی بوونی باوكێكی مێژووییەوە هەیە، كە هەموو مرۆڤایەتی دەچنەوە سەری، دوای ئەمەش باوكی هاوبەشی چەند نەتەوەو میللەتێك دێت، وەك كوڕەكانی نوح: سام، حام، یافث. هەموو ئەو نەتەوانەی لای

---

[٣٦] إبن دريد: جمهرة اللغة،حيدرآباد/الدكن: ١٣٤٥هـ، ص٢٥٥.

[٣٧] المسعودي: مروج الذهب، ج١، ص٤٣٥، التنبيه والإشراف، ص٩٤. إبن خلكان: م. س، ص٣٥٨. النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، القاهرة: د. ت السفر الثاني، ص٢٩٠. المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت: ١٩٩٧، ج١، ص١٠١.

[٣٨] المقدسي: البدء والتأريخ، ج٢، ص٤٠. الهمداني: كتاب الأكليل، حققه: محمد بن علي الأكوع، بغداد: ١٩٩٧، ج١، ص١٣٧. إبن حزم الأندلسي: جمهرة انساب العرب، تحقيق: لجنة من العلماء، بيروت: ١٩٨٨، ص٧. إبن قتيبة: المعارف، ص١٢-١٣. الطبري: تأريخ، ج١، ص١٠٥-١٠٦. الهمداني: الإكليل، ج١، ص١٣٧ به دواوه. إبن الأثير: الكامل، ج١، ص٧٨. ابو الفداء: المختصر، ج١، ص ١٠-١١.

موسڵمانەکان ناسراون، دەچنەوە سەر یەکێك لەم سێ کوڕەی نوح[39]. کوردیش وەك یەکێك لەم میللەتانە لای هەندێك مێژوونووس لە (یافث)ەوە[40] هاتوون و بەلای هەندێکی تریشەوە لە سامەوە هاتوون.[41] بێگومان ئەم روانینە سەراپاییە بۆ ریشەی میللەت و نەتەوەکان لەژێر کاریگەری کولتووری تەوراتی ـ ئینجیلیی پێش ئیسلامدا هاتووەتە ناو زانینی مێژوویی ئیسلامییەوە، چونکە لە مێژووی عەرەبیدا زۆر زانیاریی مێژوویی هەن، کە مۆرکی حیکایەتیان هەیەو لە مێژوو و زانستە ئاینیەکاندا بە ئیسرائیلیات ناسراون.[42]

ئەم گۆشەنیگایە لە هەرکوێوە هاتبێت، ئێمە وای دەبینین ئەم زنجیرە مێژووییەو ئەم پرۆسەیەی دانانی ناوی کورد، گەڕانە بەدوای جۆرێك لە رەواییدا وەك پاساوێك بۆ بوونی کورد لە ئێستادا، چونکە دانانی کورد بە سەرەتای ناوەکە، وەڵامی پێویستییەکی هەنوکەییە بۆ زانینی ریشەی کورد. لەم روانگەیەوە ریشە ـ وەك یەکێك لە لێکۆڵەرەکان بۆی چووە ـ هەریمێکە (إمارە) کۆمەڵێك شت لەخۆی دەگرێت، کە دوای خۆی هاتوون. بۆیە ئەوەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی سەیری رەوتی شتەکان بکات، دەبینێت کارەکان بەشێوەیەکی شاراوە روودەدەن، هەروەها دەبینێت، کە لە رەچەڵەك و ناوی رەچەڵەکی هەر میللەتێکدا هێزێکی وزەبەخش هەیە و ئەو میللەتەی گەیاندووەتە

هەواڵنامەی کتێب

---

[39] إبن قتيبة: المعارف، ص١٢-١٣. الطبري: تأريخ، ج١، ص١٠٥=١٠٦. الهمداني: الإكليل، ج١، ص١٣٧ بە دواوە. إبن الأثير: الكامل، ج١، ص٧٨. ابو الفداء: المختصر، ج١، ص١٠-١١.

[40] الحميري: التيجان في ملوك حمير واليمن، نشره: ن. ف. كرنكو، حيدرآباد/ الدكن: ١٣٤٧هـ/١٩٢٨م، ص٥١. النويري: م. س، السفر الثاني، ص ٢٨٨-٢٩٠.

[41] إبن خلدون: تأريخ إبن خلدون، تحقيق: خليل شحادة، بيروت: ١٩٩٦، ص ٩، ١٨١. هەروەها بگەڕێوە بۆ: القلقشندي: قلائد الجمان في التعريف بقبائل الزمان، تحقيق: إبراهيم الابياري، القاهرة: ١٩٦٣، ص٣١.

[42] مصطفى: التأريخ العربي والمؤرخون، ج١، ص١٠٧. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم کاریگەریانەوە بگەڕێوە بۆ:
Franz Rosental: - The influence of the biblical tradition on Muslim historiography, in: Lewis and holt: op.cit, pp. 35-45 .

ئێستای خۆی.[٤٣] جگە لەمە، سەرەتاو ریشەی شتەکان سەرەتایەکی ناوین (بداية إسمية) نەك هۆکارییی و تەنها لە رابردوودا ناوبوون و "هیچ پەیوەندییەکیانبە پاشترەوە نییە" .[٤٤]ئەوەی وتمان بەجۆرێك لە جۆرەکان بەسەر هەوڵی دووەمی لێکدانەوەی ناوی کورددا دەچەسپێت، کە دەیەوێت وا ئەم ناوە بناسێنێت، کە گوایە وشەیەکی عەرەبییەو لەناو زمانی عەرەبیدا واتای تایبەتی خۆی هەیە. وشەی کورد "ئەگەر عەرەبی بێت ئەوا ناوەکەی لە (المكاردة) وەرگیراوە، کە وەك (المطاردة) وایە لە جەنگدا" .[٤٥]هەروەها دەوترێت "تكارد القوم مكاردة وكرادا" ، یاخود دەوترێت "تكارد القوم تكاردا" .[٤٦] لەم روانگەیەوە خوێنەر هەست بەوە دەکات ئەم هەوڵەی دووەم، کە دەیەوێت ناوی کورد بکاتە وشەیەکی عەرەبی، دەچێتە ناو هەوڵی سەراپایی بە عەرەبی بینین و بیرکردنەوە لە جیهان، ئەمەش بەوەی ناوەکان بەجۆرێك دابرێژێت، کە لەگەڵ ئەم زمانەدا بگونجێن و پێی نامۆ نەبن و لە واقیعی کۆمەڵایەتیی ئەم زمانەدا ببنە بەشێکی پەسەندکراو.

پێش ئەوەی لەبارەی ئەم پرۆسەی ناونانەوە نمونەی تر بهێنینەوە، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بە مەسەلەیەك بکەین، کە تا ماوەیەکی زۆر لە زانینی مێژوویی و تەنانەت لە جیوگرافیای ئیسلامیشدا بیرلێنەکراوە بووە، ئەویش بوونی ناوێکە بۆ وڵاتی کورد، کە بەسەر کۆمەڵێك هەرێم و ناوچەی جیاوازدا

هەولێر ئەمەی کتێب

---

[٤٣] العظمة: الكتابة التأريخية، ص ١٠٤.

[٤٤]م. ن، ص ١٠٨.

[٤٥] إبن دريد: جمهرة اللغة، ج٢، ص ٢٥٥. الجواليقي: المعرب، ص ٣٣٢. قارن مع الأزهري: تهذيب اللغة، ج ١٠، ص١٠٩. إبن فارس: معجم مقاييس اللغة، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، القاهرة: ١٩٧٩، ج ٥، ص ١٧٦، إبن منظور، ج٣، ص ٢٣٩

[٤٦] إبن دريد: م. ن، ج٢، ص ٢٥٥. الجواليقي: م. ن، ص ٣٣٢.

دابەش کرابوو[٤٧] و پێکهاتەو سنوورەکەی بەپێی بارودۆخەکان بەردەوام لە گۆڕاندا بووەو زیادو کەمی کردووە.[٤٨] بێگومان دابەشکردنی وڵاتی کورد بەم شێوەیە، کە زیاتر دابەشکردنێکی ئیدارییە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام و بە تایبەتیش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان،[٤٩] دوای نەمانی ساسانیەکانیش دەسەڵاتی ئیسلامی ئەم دابەشکردنەی چەسپاند. تێبینی ئەوەش دەکرێت ناوی هیچکام لەم هەرێم و ناوچانە هەڵگری ئەدگاری ئەتنی کورد نەبوون، وەك ئەوەی لە ناوە رەگەزیەکانی زۆربەی وڵاتاندا هەبووە و مێژوونووس و بوولدانیەکان بەکاریان دەهێنان، بۆنموونە وڵاتی فارس، جەزیرەی عەرەب، خاکی تورك و زۆر ناوی جیۆگرافی دیکە، کە لەسەر بنەمای رەگەزی ئەتنی دانرابوون. تەنانەت مەسعودی، کە زانیارییەکی زۆری لەبارەی کوردەوە هەبووە،[٥٠] ئاماژەی بەهیچ ناوێکی لەو جۆرە نەکردووە، کە وڵاتی کورد لەخۆ بگرێت، هەموو ئەوەی کردوویەتی ئەوەیە باسی شوێنی نیشتەجێبوونی کوردی کردووە لە هەرێم و ناوچە دابڕاو و جۆراوجۆرەکاندا.[٥١]

---

[٤٧] محمد أمين زكي: خلاصة تأريخ الكرد وكردستان، ت: محمد علي عوني، ط٢، بغداد: ١٩٦١، ص٣٥٥. وڵاتی کوردان لەسەردەمی ئیسلامدا بەشێوەیەکی گشتی بەسەر ئەم هەرێمانەدا دابەشکرابو: چیاکان، فارس، جەزیرەی فورات، ئازەربایجان، ئەرمینیا، خوزستان و چەند هەرێمێکی تر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: حكيم أحمد مام بكر: الكرد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة صلاح الدين، أربيل: ٢٠٠٣، ص ٨٢-١٠٧.

[٤٨] بۆ ئەو گۆڕانانەی، کە بەهاتنی مەغۆل روویاندا بڕوانە: زرار صديق توفيق: كردستان في القرن الثامن الهجري، أربيل: ٢٠٠١، ص ٤٥-٤٦.

[49] بگەڕێوە بۆ: Joha Macdonald Kinneir: A geographical memoir of the Persian empier, New york – 1973, pp.

[٥٠] مروج الذهب: ج١، ص ٤٣٥. التنبيه والإشراف، ص٩٤.

[٥١] مەسعودی دەڵێت کورد دابەشبوون بەسەر "پشتێنەی فارس و کرمان و سەجستان و خوراسان و ئەصبەهان و زەویی شاخاوی ماهەکان وەك ماهی کوفە دینەوەر، ماهی بەصرە نەهاوەند، ماهی سەبزان و دوو ئیغارەکە، کە بریتین لە البرج و كرج أبى دلف، هەروەها کەوتوونەتە هەمەدان و شارەزوور و دەراباز و صامعان و ئازەربایجان و ئەرمینیاو ئاران و بیلقان و الباب والابواب و جەزیرەو شام و ثە غور"ەوە. التنبيه والإشراف، م. ن. ص.

ئەوەی مێژوونووسەکان لە سەرەتای تۆمارکردنە مێژووییەکانەوە تا سەردەمی ئیبن خەلدون و دواتریش لەبارەی کوردەوە بە ئێمەیان گەیاندووە، ئەوەیە، کە ناوی کوردیان لکاندووە بە چیاکانەوە، بۆیە لەناو هەواڵە جۆراوجۆرەکاندا[٥٢] زۆر دەربڕینی وەك کورد لە چیاکاندا دەبینین و بەشێوەیەکی گشتی چیاکان بەشوێنی گوزەران و نیشتەجێبوونی کورد دادەنران[٥٣]. هەر ئەمە وایکردووە، کە هەرێمی چیا[٥٤] بە وڵاتی کورد ژمێرراوە.[٥٥] سەمەعانی ٤٦٢ك/١١٦٦ز مردووە لەکاتی باسکردنی کورددا ئاماژە بەوە دەکات، کە کورد "کۆمەڵێکن طائفة لە عێراقدا".[٥٦] لێرەشدا، وەك یاقوت حەمەوی دەڵێت، مەبەستی سەمەعانی لە عێراق هەرێمی چیایە، چونکە لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا ٤٤٧-٥٩٥ ك/١١٥٥-١١٩٨ز[٥٧]، کە سەمەعانی تیایدا ژیاوە، ناوی عێراق شوێنی چیای گرتەوەو بە هەرێمی چیا دەوترا عێراق. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە کورد لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی چیادا نیشتەجێبوون، بەڵکو بەپێی ئەوەی لێکۆڵەرەکان باسیانکردووە بەزۆری لە بەشەکانی رۆژئاوای ئەم هەرێمەدا چڕبووبوونەوە.[٥٨] مەبەست لە لکاندنی ناوی کورد بە چیاکانەوە، خودی هەرێمی چیا

هەواڵنامەی کتێب

---

[٥٢] بگەڕێوە بۆ: الجاحظ: البيان والتبين، ج١، ص٨٦. ابوحنيفة الدينوري: م. س، ص٣٠. الطبري: م. س، ج٢، ص. إبن الأثير: الكامل: ج١، ص ٢٧٩.

[٥٣] إبن قتيبة الدينوري: المعارف، ص ٢٧٠. ابو حنيفة الدينوري: م. ن، ص ٥، ١٦. سبط إبن الجوزي: مرآة الزمان، ج١، ص ٢٥١. إبن خلدون: المقدمة، ص ٥٠.

[٥٤] هەرێمی چیا إقليم الجبال: ناوچەیەکی فراوانی وڵاتی ئیسلامە، لە رۆژهەڵاتەوە هاوسنووری خوراسان و هەرێمی فارسەو رۆژئاواشی ئازەربایجانە، باکوریشی هاوسنووری وڵاتی دەیلەم و رەی و قەزوینەو باشوریشی عیراق و خۆزستانە. شارە بەناوبانگەکانیشی بریتین لە هەمەدان و دینەوەرو ئەصبەهان و نەهاوەندو کرمانشاو کەرەج و...هتد. إبن حوقل: صورة الأرض، ط٣، بيروت: ١٩٧٩، ص ٣٠٤-٣٠٦. ياقوت الحموي: معجم البلدان، بيروت: د. ت، ج٢، ص ١٠٣.

[٥٥] اليعقوبي: البلدان، النجف: ١٩٥٧، ص ٦.

[٥٦] الأنساب، ج٥، ص ٥٤.

[٥٧] معجم البلدان، ج٢، ص٩٩. كي لسترنج: البلدان الخلافة الشرقية، ت: بشير فرنسيس و طورطيس عواد، بغداد: ١٩٥٤ ص ٢٢٠.

[٥٨] بروانە: حسام الدين علي غالب النقشبندي: الكرد في دينور وشهرزوور خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد: ١٩٧٥ص٢بەدواوە.◄◄

نییە، بۆ نمونە دەبینین ئیبن فەزلولڵای ئەلعەمری ٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز مردووە[٥٩] کورد بە دانیشتووی ئەو چیایانە دادەنێت، کە دەکەونە نێوان وڵاتی عەرەب و وڵاتی فارسەوەو بە چیاکانی شارەزوورو[٦٠] هەمەدان[٦١] دەستپێدەکات و بە قەڵا شاخاویەکانی وڵاتی ئەرمەن کۆتایی دێت.[٦٢] ئیبن خەلدونیش چیاکانی کورد بە هەمان واتای وڵاتی کوردو نیشتمانی خێڵەکانیان بەکار دەهێنێت[٦٣].

---

نیشتمان بشیر محمد: الأحوال السياسية والإجتماعية والإقتصادية لغرب إقليم الجبال خلال القرنين الرابع والخامس الهجريين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين أربيل: ١٩٩٤، ص ١٤-٣٤. ميرزا: غربي إقليم الجبال، ص ٢٣-٢٧.

[٥٩] ئیبن فەزلولڵای ئەلعەمری: ناوی شەهابەدین فەزلولڵا ئەحمەد کوڕی یەحیایە، ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر عومەری کوڕی خەتاب، ساڵی ٧٠٠ك/١٣٠١ز لە دیمەشق لەدایکبووە، لە دیوان الإنشاءدا کاری کردووەو لە ئەدەب و مێژوو و داڕشتندا زۆر لێهاتوو بووە، لە مێژوونووسەکانی مەوسوعەی مێژوویی سەردەمی مەملوکییەالمملوکی. دەیان دانراوی هەیە، کە بەناوبانگترینیان بریتین لە مسالك الأبصار في ممالك الأمصار و التعريف بالمصطلح الشريف. ساڵی ٧٤٩ك/١٣٤٨ز مردووە. إبن شاكر الكتبي: فوات الوفيات والذيل عليها، حققه: إحسان عباس، بيروت: د. ت، مج١، ص ص ١٥٧-١٦١. الزركلي: الاعلام، ج١، ص٢٥٤. محمد حسين شمس الدين مقدمته للتعريف بالمصطلح الشريف، بيروت: ١٩٨٨، ص ٣.

[٦٠] شارەزوور: ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی چیایەو دەکەوێتە نێوان هەردوو شاری هەمەدان و هەولێرەوەو زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردبووە. بەڵام ئەم شارە تێکچووەو تەنها ناوەکەی ماوەتەوە. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ٣٧٥. النقشبندي: الكرد في الدينور وشهرزور، ص ص ٦٦-٧٢.

[٦١] هەمەدان: لە شارە گەورەکانی هەرێمی چیا بووەو دەکەوێتە ناوەڕاستی هەرێمەکەوە. یەکێکە لە شارە کۆنەکان و پایتەختی دەوڵەتی میدیا بووەو لەوکاتەدا پێی دەوترا ئەکباتانا، دەکەوتە سەر ڕێگای حاجی و کاروانە بازرگانیەکان. ابوالفداء الأيوبي: تقويم البلدان، باريس: ١٨٤٠، ص ٤١٧. القلقشندي: صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، تحقيق: محمد حسين شمس الدين، بيروت: ١٩٨٧ ج٤، ص٣٧٠. جمال رشيد وفوزي رشيد: تأريخ الكرد القديم، أربيل: ١٩٩٠، ص١١٣-١١٤.

[٦٢] مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، مخطوط مصور، ج٣، ص ١٢٤-١٢٥. وينقل عنه القلقشندى: م. ن، ج٤، ص٣٧٣.

[٦٣] المقدمة، ص ٥.

بەڵام وشەی کوردستان بەهیچ جۆرێك لە کتێبە مێژووییە عەرەبیەکاندا بەرچاو ناکەوێت، بۆ یەکەم جار گەڕیدەی بەناوبانگی ئیتالی، مارکۆپۆلۆ Markopolo ١٣٢٣ز مردووە لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەیەمی زایینیدا سەردانی کوردستانی کردووەو لە کتێبەکەیدا Il million بەکاری هێناوە. دوای ئەمیش ئەو مێژوونووس و بوولدانیانە بەکاریان هێناوە، کە بە زمانی فاسی دەیاننووسی و بەناوبانگترینیان حەمدوڵڵای موستەوفی قەزوینیە ٧٤٠ك/ ١٣٤٩ز مردووە[٦٤]. بەڵام لە زانینی مێژوویی ئیسلامی عەرەبیدا، بەپێی زانیاری ئێمە، زۆر درەنگ بەکارهاتووەو بۆ یەکەم جار (غیشانی)ی مێژوونووس دوای ساڵی ٨٩١ك/ ١٤٨٦ز مردووە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەیەمی زایینیدا بەکاری هێناوە"[٦٥].

بەکارنەهێنان و ناونەبردنی ئەم ناوە کوردستان لەلایەن ئەو مێژوونووس و بوولدانیانەوە، کە بە عەرەبی دەیاننووسی، بەوە پاساو نادرێتەوە، کە وشەیەکی عەجەمیەو ئەوانەی بە عەرەبی دەیاننووسی لێی تێنەدەگەیشتن، وەك لێکۆڵەرێك ئاماژە بەمە دەکات[٦٦]، چونکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە زۆر ناوی جیۆگرافییان بەکاردەهێنا، کە لەڕووی داڕشتنەوە وەك ناوی کوردستان وابوون. بۆیە ئەگەر سەرەتا لە روانگەی باڵادەستیی رۆشنبیریی فارسیەوە ـ، کە ناوی لەم جۆرەی تێدا نەبوو ـ و دواتر لە روانگەی رۆشنبیریی عەرەبیەوە، کە لە ئەنجامی باڵادەستیی ئیداری و رامیاریەوە هاتبوو، لەم مەسەلەیە بڕوانین، دەبینین نەبوونی ناوێکی ئەتنی بۆ ئەم وڵاتە، لە چوارچێوەی ئەم رۆشنبیرییەدا نەبووەتە کێشە. هەموو ئەوەی ئەم رۆشنبیرییە لەسایەی ئەم باڵادەستیەدا چەسپاندویەتی، دانانی ناوی جیاجیا بووە بۆ ناوچە ئیداریەکانی وڵاتی کورد، کە زۆربەیان تایبەتمەندی نەتەوەیی دانیشتوانی ئەم وڵاتەیان لەخۆ نەدەگرت. لەو کاتەدا سەبارەت بە ناوی کورد هەموو گرنگییەکە لەوەدا چڕبووبووەوە، کە چیا بە نیشتمانی کورد دابنرێت و ناوبێت بۆ وڵاتەکەیان و مۆرکی

---

[٦٤] مارکوبوولو: رحلة مارکوبوولو، ت: عبدالعزیز جاوید، مصر: ١٩٧٧ ج٢، ص ٤٥.

[٦٥] تأریخ الغیثاني، تحقیق: طارق نافع الحمداني، بغداد: ١٩٧٥ ص ١٨٣، ٣٣٦.

[٦٦] توفیق: م. س، ص ٣٩.

شاخاویبوونی کورد دەربخرێت ـ بە هەموو ئەو دەلالەتانەوە، کە ئەم مۆرکە لە چوارچێوەی مێژووی عەرەبی ئیسلامییدا هەیبوو ـ.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت لەو بارەیەوە سەرزەنشتی مێژوونووس و بوولدانیەکان بکەین، کە ناوێکی رەگەزی ـ ئەتنی یەکگرتوویان لەم ولاّتە نەناوە، چونکە ـ وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ـ ئەم مەسەلەیە بیرلێنەکراوە بووە، جگە لەوەی، کە مەسەلەی گشتێتی و بەشبوونی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە پاساوی دانەنانی ناوێکی لەم جۆرە بووە، چونکە کورد ـ وەك ناو و وەك زاراوەش ـ کۆمەڵێك سیفاتی هەیە، کە گشتگیریەکی زۆریان تێدایەو لەوە دووری دەخەنەوە ببێتە ناوێك و لە میللەتێك یان لە کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو بنرێت. تەنانەت کاتێك واتا گشتگیریەکانی ناوەکە لە بەکارهێنانە ئەتنییەکەدا کۆ دەبێتەوە، دەبن بە چەند جۆر و رەگەزێك[٦٧] و چەند خەڵك و نەتەوەیەك و چەند هۆزێکی جۆراوجۆرەوە[٦٨]، هەر جۆرێکیشیان لە کوردیدا زارێکی تایبەت بەخۆی هەیە[٦٩]، کە لەویتر جیاوازە. بێگومان ئەمەش وەك دواتر روونی دەکەینەوە، بەهۆی ئامادەیی بەهێزی سیستمی خێڵەکی و دیاردەی گەرمیان و کوێستانکردنی تایبەت بە خێڵە کۆچەرەکانەوەیە، کە سیفەتی بەشبوون و فرەییان بەکورد دابوو و ئەگەرچی کورد "رەگەزێکی تایبەتی ناو توخمێکی گشتین"[٧٠]، بەلاّم لە شوێنێکدا کۆ نەبووبوونەوە، بەڵکو لە رووی جیۆگرافی و مرۆییەوە پەرشوبلاو بوون. لەوانەیە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی مێژوونووسەکان نەتوانن ناوێکی وا لەم کۆمەلاّنە بنێن، کە لە رووی جیوگرافییەوە هەموویان لەخۆ بگرێت، وەك ئەوەی لەگەڵ ئیبن خەلدوندا هاورابن، کە نەتەوەکانی ترو لەناویشیاندا کورد بەکێوی (وحش)ی ناودەبات و دەڵێت: "ئەمانە هیچ نیشتمان و ولاّتێکیان نییە تیایدا بژین، گشت ولاّت و نیشتمانەکان سەبارەت بەمان وەك یەکن"[٧١].

---

[٦٧] المسعودي: مروج الذهب، ج١، ص٤٣٥.

[٦٨] العمري: التعريف، ص ٥٨، ١٤٩.

[٦٩] المسعودي: م. س، ج١، ص ص ٤٣٥-٤٣٦.

[٧٠] العمري: مسالك الأبصار، مخطوط، ج٣، ص ١٢٣.

[٧١] المقدمة، ص ١١٥.

بەڵام دوای ئەوەی وشەی کوردستان دەرکەوت و لە کایەی فارسیدا بەکارهات، چی دەڵێن؟ بۆچی ئەو مێژوونووسانەی بە زمانی عەرەبی دەیاننووسی هەوڵیان نەدا لێیان وەربگرن؟ بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە زانینی مێژوویی عەرەبی لەدوای قۆناغی یەکەمی دامەزراندنی، بەسەرخۆیدا داخراوبووە و نەیدەتوانی کولتووری پێشووی تێپەڕێنێت و لەوکاتەدا هیچ هەوڵێکی دیار نەدرابوو، بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی بارودۆخە تازەکاندا سەرلەنوێ ناوەکان دابنرێنەوەو دابڕێژرێن. هەموو ئەوەی مێژوونووسەکانی دوایی کردوویانە دووبارەکردنەوەی ئەوە بووە، کە مێژوونووسەکانی پێشوو وتویانەو مۆرکی شوێنکەوتن و لاساییکردنەوە باڵی بەسەر نووسینەکانیاندا کێشابوو، ئیبن خەلدوون هەستی بەمە کردبوو، بۆیە لەبارەی مێژوونووسەکانی دواییەوە دەڵێت:"لە بابەتەکانیاندا وەك شوێن پێ هەڵگرتنی پێشینەکان هەواڵە باوەکانی ئەوانیان دووبارە دەکردەوە"[72]. ئەوەی زیاتر ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت، ئەو دابڕانە بوو، کە لەنێوان زانینی مێژوویی نووسراو بەزمانی عەرەبی و هاوشێوەکانی لە کایەی فارسیدا رووی دا، بەتایبەتی دوای گرتنی بەغداد لەلایەن مەغۆلەکانەوە ٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز، کە لە تۆمارکردنی مێژوودا دوو قوتابخانەی سەرەکیی جیاواز سەریان هەڵدا: یەکێکیان عەرەبی بوو، کە بەهەمان رێچکەی رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامی تەقلیدیدا دەڕۆیشت و شوێنکەوتەی سیستمی رامیاری مەملوکی بوو لە قاهیرە ـ دیمەشقدا. ئەویتریان بە زمانی فارسی بوو، چونکە ئەم زمانە لە سەردەمی سەلجوقیەکاندا جێگیر بوو، کە مەغۆلەکانیش هاتن، وەریانگرت و لە چوارچێوەیەکی فراواندا بەکاریان دەهێنا[73]. ئیتر زانینی فارسی ـ بەتایبەتی مێژوویی ـ بووژانەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی[74] و بە پێچەوانەی زانینی مێژوویی نووسراوبە زمانی عەرەبی، بەشێوەیەکی فراوان وشەی کوردستانی بەکاردەهێنا.

---

[72] م. ن، ص ٣.

[73] بۆ زانیاری لەسەر ئەم دابڕانە بڕوانە: مصطفى: الملامح والمميزات العامة للتأريخ في العصر المملوكي ـ المغولي ـ التركماني، المجلة العربية للعلوم الإنسانية، جامعة الكويت، مج١، ع ١، لسنة ١٩٨١، ص ٣٠-٥٣.

[74] بۆ زانیاری لەبارەی پەرەسەندنی زانستی مێژووی فارسی لەم سەردەمانەی دواییدا بگەڕێوە بۆ: جب: علم التأريخ، ص١٠٣-١٠٩. ◄◄

بۆ گەڕانەوە سەر پڕۆسەی ناونان و ناساندن، دەڵێین لەم بووارەدا کۆمەڵێك هەوڵی سەرنجڕاکێش هەن، کە ناوی زۆربەی شارو ناوچە کوردییەکانیان دەکرد بە عەرەبی، یاخود هەندێك گۆڕانکاریان تێدا دەکردن بۆ ئەوەی بە عەرەبی گۆبکرێن. بێگومان ئەم پڕۆسەیە دەچێتە ناو هەوڵێکی سەراپاییەوەو لەوە دەردەچێت تەنها بەرامبەر بە ناوی شوێن و ناوچە کوردییەکان ئەنجامدرابێت، زمانەوانەکان ناویاننـاوە پڕۆسەی وشەو زاراوە بەعەرەبکراوەکان، مەبەستیشیان لەمە ئەو وشە بێگانانەیە، کە عەرەب بەکاریان دەهێنان و عەرەبی نەبوون، بەڵام بەپێی زمانەکەی خۆی گۆیدەکردن و دەیکردن بە عەرەبی[٧٥]. بۆ ئەمەش چەند ڕێبازێکیان هەبوو: جاری واهەبوو هەندێك گۆڕانیان لە وشەکەدا دەکرد، چەند دەنگێکیان لێدەگۆڕی یان چەند دەنگێکیان بۆ وشە ڕەسەنەکە زیاد دەکرد[٧٦]، تەنانەت جاری واهەبوو ناوە عەجەمیەکەیان پشتگوێ دەخست و لە جێی ئەو ناوێکی عەرەبییان دادەنا. هەموو ئەمانەیان بەرامبەر بە ناوە کوردییەکانیش کردووە، جاری وا هەیە ناوە کوردیەکەیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، بۆ نمونە وشەی کوێستان[٧٧]یان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بووە بە (إقليم الجبال) رأس العين[٧٨]یش لەسەرکانی[٧٩] وەرگیراوە. جاری واش هەیە هەندێك دەنگی ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی لەگەڵ گۆکردنە عەرەبیەکەدا بگونجێت، بۆ نمونە

---

Lewis and holt ed:- op. cit, p 126 j -151.

أشبوولر وديطران: تأريخ نطارى در ايران، ترجمه وتأليف: يعقوب اذند تهران: ١٣٨٠هـ. ش، ص٩٥-١٥٣.

[٧٥] الجواليقي: المعرب، ص ٥٣. السيوطي: المزهر في علوم اللغة وأنواعها، شرحه: محمد أحمد جاد المولى وآخرون، القاهرة: د. ت، ج١، ص٢٦٨.

[٧٦] الجواليقي: م. ن، ص ٥٤. آدي شير: معجم الألفاظ الفارسية المعربة، بيروت: ١٩٨٠، ص ٣.

[٧٧] جەمال رەشید ئەحمەد: لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، بەغداد: ١٩٨٨ ل ٦٤.

[٧٨] رأس العين: یەکێك بووە لە شارە گەورەکانی هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە نێوان حەران و نەسیبینەوە، بەوە ناسراوە، کە ژمارەیەکی زۆر کانیی هەبوو، ئێستا قەزایەکی سەر بە پارێزگای حەسەکەیە لە کوردستانی سوریا. ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ١٣، ١٤. آزاد ديركي: مدن كردية، بيروت: ١٩٨٨، ص ١٧٥ بة دواوة.

[٧٩] ديركي: م. ن، ص ١٧٦.

أژربادگان یاخود أتروپاتین[٨٠] له عەرەبیدا کراوە بە آذربایجان[٨١]، کرمانشاهان[٨٢] کراوە بە قرمسینو[٨٣] گەنجە[٨٤] بووە بە جنزة[٨٥]. نەك هەر ئەمە، بەڵکو هەندێ ناویان گۆڕیوەو بە تەواوی کردوویانە بە عەرەبی، وەك ناوی هەرێمی جەزیرە[٨٦]، دەڵێن بۆیە ئەم ناوەی

---

[٨٠] الجواليقي: المعرب، ص ٨٣. الخوارزمي: مفاتيح العلوم، ص ٧٠ ـ ٧١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: النقشبندي: م. ن، ص ٣٤-٣٧.

[٨١] ئازەربایجان: هەرێمێکی فراوانە، لەرۆژهەڵاتەوە هاوسنووری دەیلەم و الجبله، رۆژئاواشی ئەرمینیاو باکوری هەرێمی جەزیرەیە، لە باکورەوە هاوسنووری هەرێمی ئارانەو باشوریشی شاخەکانە. لەمڕۆدا بووە بە ئازەربایجانی ئێران، گرنگترین شارەکانیشی بریتین لە: مەراغە، خوی، سەلماس، ورمی، ئەردەبیل. ... بڕوانە: یاقوت: م. ن، ج١، ص ١٢٨. النقشبندي: آذربايجان ـ دراسة سياسية حضارية، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، بغداد: ١٩٨٤ص ٣٧.

[٨٢] قرمسين کرمشان: یەکێکە لە شارەکانی چیا، نزیکەی ١٨٠کم لە هەمەدانەوە دوورە، دەکەوێتە نێوان هەمەدان و حەلوانەوە، ئێستا شارۆچکەیەکی پارێزگای کرماشانی کوردستانی ئێرانە. البكري: معجم ما إستعجم، تحقيق: مصطفى السقا، القاهرة: ١٣٦٨ هـ/ ١٩٤٩ م، ج٤، ص ١٠٦٧. عەبدوڵڵا غەفور: فەرهەنگی جیۆگرافیای کوردستان، سلێمانی: ٢٠٠٢، ل ٩٠.

[٨٣] السمعاني: الأنساب، ج٤، ص ٤٧٩. ابوالفداء: تقويم البلدان، ص ٤١٣. النقشبندي: الكرد في دينور وشهرزور، ص٢٢-٢٣.

[٨٤] گەنجە: یەکێك بووە لە شارە گەورەکانی هەرێمی ئاران وساڵی ٣٦٠ك/٩٧٠ز بووە بە پایتەختی میرنشینی شەدادی کوردی، ئێستا یەکێکە لە شارەکانی قەوقاز، دەکەوێتە باشوری شاری یەریڤانەوەو نزیکەی ٣٥کم لێیەوە دوورە. یاقوت: معجم البلدان، ج٢، ص ١٧١. بارتولد: مادة جنزة، دائرة المعارف الإسلامية، ت: أحمد الشنتاوي وآخرون، القهرة: ١٩٣٠، ج٢، ص ١٢٣. إسماعيل شكر رسول: الأمارة الشدادية الكردية في بلاد آران، أربيل: ٢٠٠١، ص ٤٠.

[٨٥] بارتولد: تذكرەء جغرافيايى تاريخى إيران، ت: حمزة سرادادور، تهران: ١٣٧٢ هـ. ش، ص ٢٢١. رسول: م. ن، ص ٣٩-٤٠.

[٨٦] جەزیرە: هەرێمێکی فراوانبووە، لەسێبەش پێکهاتبوو: ديار ربيعه و ديار مضر و دياربكر. گرنگترین شارەکانی بریتیبوون لە: حەران، رەها، نەسیبین، سنجار، رأس العين، ماردين، ميافارقين، موصل، ئامەد.... سنووری ئەم هەرێمە لە باکورەوە ئەرمینیاو وڵاتی رۆمەو لە رۆژئاواوە وڵاتی شام و لە باشورەوە سەوادو لە رۆژهەڵاتیشەوە ئازەربایجانە. **إبن شداد**: الأعلاق الخطيرة بذكر أمراء الشام والجزيرة قسم الجزيرة، حققه: يحيى عبارة، دمشق: ١٩٧٨، ج٣، ق١، ص٤-٥. محمد جاسم حمادي: الجزيرة الفراتية والموصل، بغداد: ١٩٧٧، ص ٤٥.

هەواڵنامەی کتێب

لێنراوە، چونکە دەکەوێتە نێوان هەردوو روباری دیجلەو فوراتەوەو[87] بەگوێرەی نیشتەجێبوونی خێڵە عەرەبیەکان لەم هەرێمەدا، کراوە بە سێ بەشەوەو[88] ناویان ناون: دیاربکر و دیار ربیعە و دیار مضر[89]. بە هەمانشێوە جەزیرەی ئیبن عومەر،[90] پێش ئەوەی حسن بن عمر التغلبي لە سەردەمی خەلیفە مەئمونی عەباسیدا ١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٢ز لەنیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی کۆچی/نۆیەمی زایینیدا، ببێتە والیی ئەم شارەو بەڕێوەی ببات[91]، بە جەزیرەی کوردەکان ناسرابوو. شاری کەنگاوەریش دوای ئەوەی موسڵمانەکان داگیریانکرد و هاتنە ناوی، ئاژەڵەکانیان لێدزرا، بۆیە ناونرا کۆشکی دزەکان[92].

[87] إبن قتيبة: عيون الأخبار، القاهرة: ١٩٧٣، ج١، ص ٢١٤. إبن عبد ربه: العقد الفريد، تحقيق: عبدالمجيد الترحيني، بيروت: ١٩٩٧، ج٨، ص ٢٧٩.

[88] البلاذري: فتوح البلدان، ص ٣٢٣. الأزدي: تأريخ الموصل، تحقيق: علي حبيبة، القاهرة: ١٩٦٧، ص٣١٣-٣١٥، ٣٣٢-٣٣٣. قدامة بن جعفر: الخراج وصناعة الكتابة، ص ٣١٥. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: حمادي: م. س، ص١٦٠، ١٧٢.

[89] یاقوت حەمەوی ئەم سێ ناوچەیە دیاریدەکات و دەڵێت: دیاربکر ناوچەکانی رۆژئاوای روباری دیجلە دەگرێتەوە تا دەگاتە ئەو شاخانەی بەسەر شاری نەسیبیندا دەڕوانن، شارەکانی بریتین لە: حوصنکێف و ئامەدو میافارقین. دیار ربیعە ناوچەکانی رۆژئاوای دیاربەکر هەر لە موصڵەوە تا رأس العین دەگرێتەوە. شارەکانی بریتین لە موصل و نەسیبین و رأس العین و دەنیسەر. دیار مضریش دەشتاییەکانی مناطق سهلية رۆژئاوای فورات تا حەران و الرقە و...هتد دەگرێتەوە. **معجم البلدان**، ج٢، ص ٤٩٤.

[90] جەزیرەی ئیبن عومەر: شارێکی بچوکە، دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای روباری دیجلەوەو ١٨٠کم لە باکوری موسڵەوە دوورە. بۆیە ناونراوە جەزیرە، چونکە روباری دیجلە بەشێوەیەکی کەوانەیی دەوریداوە. ئەمڕۆ پێی دەوترێت جەزیرە یاخود جەزیرەی بۆتان و قەزایەکی سەربە پارێزگای شرناخی کوردستانی تورکیایە. إبن حوقل: صورة الأرض، ص٢٠٤. یاقوت: المشترك وضعا والمفترق صقعا، طوطتنطن: ١٨٤٦، ص١٤٢. عەبدوڵڵا غەفور: س. پ، ل ٣٧.

[91] **إبن شداد**: م. س، ج٣، ق١، ص٢١٣. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم ناونانەوە بگەڕێوە بۆ: سلام حسن طه: جزيرة إبن عمر في القرنين السادس والسابع الهجريين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، أربيل: ١٩٨٩، ص٢٢، ٣٠.

[92] کەنگەوەر: شارێکە دەکەوێتە نێوان کرماشان و هەمەدانەوە، ئێستا قەزایەکی سەربە پارێزگای کرماشانەو نزیکەی ٩٤کم لێیەوە دوورە. یاقوت: معجم البلدان، ج٤، ص ٣٦٣.

ئەوەی باسکرا بەشێکی کەمە لەو ناوانەی، کە کراون بە عەرەبی، هەرچەندە ئێمە بەتەواوی نازانین کەی ئەم پڕۆسەی بەعەرەبکردنە دەستی پێکردووە، بەڵام بەدووری نازانین، کە لەکاتی وڵاتگیریەکانەوە دەستی پێکردبێت وەك لە ناونانەکەی شاری کەنگەوەردا بینیمان، بەڵام پێمان وایە سەرەتاکانی ئەم پڕۆسەیە کاتێك بە تەواوی دەرکەوت و رەگی داکوتا، کە خەلیفەی ئەمەوی، عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان ٦٥-٨٦ك/٦٨٤-٧٠٥ز سەرەتا دەستی کرد بە نووسینەوەی تۆماری باجی زەوی و زار بەعەرەبی[٩٣] و دروستکردنی دراوی عەرەبی. گرنگی ئەم کارە بە تەنها لەلایەنی ئیداریدا نامێنێتەوە، چونکە ئەم بەعەرەبکردنە گونجاندنی زمانی عەرەبی و دەوڵەمەنکردنی بوو بە جۆرێك، کە سەرەڕای ئەوەی زمانی ئاین و رامیاری بوو، بوو بە زمانی بەڕێوەبردن و رۆشنبیرییش[٩٤]. بەم جۆرە دەسەڵاتی ناونان درا بەزمانی عەرەبی و بەرەو ئەوە دەچوو ببێتە زمانێکی گەردوونی ـ وەك پێشتر باسمان کرد ـ. ئیتر ئەم زمانە بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندی بەکارهێنەرەکەی بە جیهانی دەوروبەریەوە بەکار دەهات و تەنانەت کاری لەسەر گۆڕینی خودی جیهانەکەش دەکرد[٩٥]. پڕۆسەی گۆڕینی ناوەکان بەم جۆرەی باسمان کرد، گوزارشتکردنە لەوگۆشەنیگا گۆڕانکاریە (الرؤية التغيرية)، کە ـ بە بۆچوونی من ـ ئەرکەکەی لەوەدا کورت دەبێتەوە، کە شاراوەو نادیاری عەجەمی بکات بە ئاشکراو دیاری عەرەبی، بۆئەوەی لەگەڵ ئەو بارودۆخە تازەیەدا بگونجێت، کە دوای دەستبەسەراگرتنی شارو وڵاتە عەجەمیەکان لەلایەن ئەم دەوڵەتە نوێیەوە سەری هەڵداو[٩٦] لەپشت ئەم پڕۆسەی بەعەرەبکردن ـــ یەکخستنەوە پڕۆسەیەکی بنیاتنان

---

[٩٣] الجهشياري: الوزراء والكتاب، باعتناء مصطفى السقا وآخرون، القاهرة: ١٩٢٨، ص ٣٨-٤٠. البلاذري: م. س، ص ٢٩٤.

[٩٤] الدوري: النظم الإسلامية، بغداد: ١٩٨٨ ص ١٤٩. الجابري: تكوين العقل العربي، ط ٧، بيروت: ١٩٨٨ ص ٦٨.

[٩٥] بڕوانە: مطاع صفدي: إستراتيجية التسمية في نظام الأنظمة المعرفية، ط ٢، بغداد: ١٩٨٦، ص ١٩٢.

[٩٦] باشترین نموونە، ئەوەیە، کە دوای گرتنی ئیسپانیا لە لایەن موسڵمانە عەرەبەکانەوە بەسەر ناوی شارەکانیدا هات، کاتێك ناوی شارەکانیان عەرەباند بۆئەوەی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بگونجێن،◄◄

هەبوو، کە بۆ سەپاندنی بنەما گشتییەکانی گۆشەنیگاکەی پێویستی بەوەبوو بەجۆرێك لە جۆرەکان لەڕووی تیۆریەوە ناوەکان یەك بخات[٩٧]. کەواتە پرۆسەی ناساندن و ناونان بەم شێوەیە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەرکی رێکخستن لە دەوڵەتدا. بەڵام زانینی مێژوویی بەندی زمانی عەرەبی بووە و یەکێك بوو لە زانستەکانی ئەم زمانەو[٩٨] ئەرکەکەی لەو چوارچێوەیە دەرنەدەچوو،کە دەوڵەت دیاری کرد بوو. واتە دابڕانێك نەبوو لەنێوان پێدراوەکانی دەوڵەت لەناساندن و ناوناندا لەگەڵ کاری مێژوودا وەك زانینێك، کە زیاتر بایەخ بە بەرجەستەکردنی لەخۆوەی کاری دەوڵەت دەدات لە چوارچێوەی بەرجەستەکردنێکی گەورەتردا، کە مێژوو ئەنجامی دەدات، ئەویش بەرجەستەکردنی خودی دەوڵەتە. لەم روانگەیەوە، دەبینین لە کتێبە مێژووییە ئیسلامییەکاندا ناوی کۆنی شارو هەرێمە کوردییەکان، کە لە زمانی کوردی و فارسی و سریانی و ئەرمەنیدا بەکاردەهاتن، لە بەرامبەر بەکارهێنانە گشتی و زۆرەکانی ناوە تازەکانیان لە رۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامیی باڵادەستدا دەکشێنەوەو دەبنە ناوی تایبەتی و ناوچەیی، تەنانەت ئەم کارە گەیشتبووە ئەوەی، کاتێك مێژوونووسەکان هەواڵی ئەو سەردەمەی ئەم شارو هەرێمانەیان تۆماردەکرد، کە هێشتا ئیسلام نەهاتبوو، هەر ناوە بەعەرەبکراوەکانی ئەم شارو هەرێمانەیان بەکاردەهێنا[٩٩] نەك ناوە ئەسڵیەکانیان. واتە ئەم ناوە تازانە لە دەزگای زمانەوانی زانینی مێژووییدا چەسپێنران.

ئەم زانینە لە پرۆسەی ناونان و ناساندندا لەم سنوورەدا رانەدەوەستا، بەڵکو هەوڵی داوە ریشەیەکی مێژوویی قوڵ بۆ ناوی زۆربەی شارو هەرێمەکان بدۆزێتەوە. هەروەك لە باسی ریشە کۆنەکانی ناوی کورددا بینیمان، لێرەشدا بەهەمان شێوە هەندێك هەوڵ دەبینین، کە دەیانەوێت ناوی زۆر لە شارو ناوچەکان ببەستنەوە بە ریشە

---

بۆنموونە: گرانادا Granada کرا بە غرناطة، تۆلیدۆ Toledo کرا بە طليطلة، مەدريد Madrid کرا بە مجريط، کۆردۆبا Cordoba کرا بە قرطبة.

[٩٧] بڕوانە: بووردیو: أسباب عملية، ص١٣٣.

[٩٨] الخوارزمي: مفاتيح العلوم، ص٤-٥.

[٩٩] بروانە: إبن قتيبة: المعارف، ص ١٩١، ٣٨٦. تأريخ اليعقوبي، مج١، ص ١٦٦-١٦٨، ١٧٦-١٧٧. ابو حنيفة الدينوري: م. س، ص ٤٣. الطبري: تأريخ، ج٢، ص٤١.

سەراپاییەکانی مرۆڤایەتیەوە، بەتایبەتیش بەستنەوەیان بە نوح پێغەمبەرو نەوەکانیەوە. بۆنموونە شاری سنجار[١٠٠] بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە، چونکە کەشتیەکەی نوح بەر لوتکە چیای ئەم شارە کەوتووەو نوحیش وتویەتی: "هذا **سن** جبل **جار** علینا"[١٠١] هەردوو وشەی سن، جار لە دەربڕینەکەی نوح وەرگیراون و بوون بەناوی ئەم شارە، هەروەها شاری نەهاوەند[١٠٢] نوح خۆی دروستی کردووەو ـ بەپێی ئەم گێڕانەوانە ـ ناوە راستەقینەکەی نوح آوند بووە، بەڵام بۆئەوەی ئاسانگۆ بکرێت کراوە بە نەهاوەند[١٠٣]، هەروەها ناوی زۆر شاری تری وەك رەهاو[١٠٤] هەمەدان دەبرێنەوە سەر کوڕەکانی نوح[١٠٥]، هەندێ شاری تریش هەن ناوەکانیان دەگەیەنرێتەوە سەر ئیبراهیم

---

[١٠٠] سنجار: یەکێك بووە لە شارەکانی **دیار ربیعە** لە باشووری نەسیبین، بە چیاکەی بەناوبانگە، کە یەکێکە لە بەپیتترین چیاکان، لە کۆن و ئیستاشدا سەر بە شاری موصلەو نزیکەی ١٣٣کم لێیەوە دوورە. کورد بە شەنگال یاخود ژەنگار ناوی دەبەن. إبن شداد: الأعلاق الخطیرة، ج٣، ق ١، ص١٦٠. إبن سعید المغربي: کتاب الجغرافیا، تحقیق: إسماعیل العربي، بیروت: ١٩٧٠، ص ١٥٧. موسی مصطفی أبراهیم: سنجار ٥٢١-٦٦٠ هـ / ١١٢٥-١٢٦١م درایة في تأریخها السیاسي والحضاري، رسالة ماجستیر غیر منشورة، جامعة صلام الدین، أربیل: ١٩٨٩، ص ١٥.

[١٠١] الهروي: الإشارات الی معرفة الزیارات، تحقیق: جانبین سوردیل، دیمشق: ١٩٥٣، ص ٦٦. یاقوت: معجم البلدان، ج٣، ص ٢٦٢. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوی سنجارەوە بگەڕێوە بۆ: مصطفی إبراهیم: م. ن، ص ١٦-١٩. واتای رستەکەش ئەمەیە: ئەمە لوتکە چیایەکە توشمانبووەو ناچارین بووەستین.

[١٠٢] نەهاوەند: یەکێکە لە شارە گەورەکانی هەرێمی چیا، دەکەوێتە باشووری همەدانەوەو نزیکەی ٨٤کم لێیەوە دوورەو تائێستاش ئاوەدانە. الیعقوبي: البلدان، ص ٣٩. یاقوت: م. ن، ج٥، ص٣١٣. النقشبندي: الکرد، ص ١٧.

[١٠٣] إبن الفقیە: مختصر کتاب البلدان، لندن: ١٣٠٢ هـ/ ١٨٨٥م، ص ٢٥٨. السمعاني: م. س، ج٥، ص ٥٤١. القزویني: آثار البلاد وأخبار العباد، بیروت: ١٩٦٠ ص ٤١٧.

[١٠٤] دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی روباری فوڕات لە نزیك شاری حەران، یەکێکە لە شارە کۆنەکان و لای یۆنانیەکان بە ئۆدیسا ناسراوە. بە دێرو کڵێسا زۆرەکانی بەناوبانگەو ئێستا پێی دەوترێت ئورفەو یەکێکە لە شارەکانی کوردستانی تورکیا. ابو الفداء: تقویم البلدان، ص ٢٧٧. عبدالرقیب یوسف الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، أربیل: ٢٠٠١ ج٢، ص ١٦٤.

[١٠٥] یاقوت: معجم البلدان، ج٣، ص ١٠٦. ج٥، ص ٤١٠.

پێغەمبەر، وەك شاری حەران[١٠٦] کە بەناوی هاران کوڕی ئازەر برای ئیبراهیم پێغەمبەرەوە ناونراوە[١٠٧]. دەشوترێت شاری ئامەدو[١٠٨] سنجار دوو برا دروستیانکردوون، کە ناویان ئامەدو سنجار بووەو ڕەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر ئیبراهیم پێغەمبەر[١٠٩]. ناوی زۆر شاریش هەن ریشەیەکی عەرەبی زۆر کۆنیان بۆ دروستکراوە، بۆ نمونە ناوی شاری حەلوان[١١٠] لە حلوان (بن عمران بن الحاف بن قضاعة)ەوە هاتووە، کە کاتی خۆی هەندێك پاشای عەجەم ئەم شارەیان پێبەخشیوە[١١١]، بەپێی گێڕانەوەی ڕەچەڵەکناسەکان ئەم حەلوانە دەچێتەوە سەر لقی قەحتانی عەرەبەکان[١١٢].

---

١٠٦ حەران: یەکێکە لەشارە بەناوبانگەکانی هەرێمی جەزیرەو دیارمضر، دەکەوێتە سەر ڕێگەی موسڵ و شام لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فوڕات، سەنتەری صابئەکانەو لە پێش و لەپاش هاتنی ئیسلامیشدا ناوەندێکی ڕۆشنبیری گرنگ بووە. ئەمڕۆ قەزایەکی سەر بە پارێزگای ڕەهایە لە کوردستانی تورکیا. **یاقوت: معجم**، ج٢، ص٢٣٥. عەبدوڵڵا غەفور: فەرهەنگی جیۆگرافیای کوردستان، ل ٤٣.

١٠٧ الجوالیقي: المعرب، ص ١٧١. سبط إبن جوزي دەڵێت: "دەوترێت هارانی خاڵی یەعقوب دروستیکردووەو عەرەب هەکەیان گۆڕیوە بە ح و بووە بە حەران". م. س، الفر الأول، ص٧٠.

١٠٨ ئامەد: یەکێکبووە لە شارە هەرە گەورەکانی دیاربکر، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلەوە، کە وەك کەوانەیەك دەوریداوە. شارێکی دێرینەو بە شورا کۆنەکانی بەناوبانگە. ئەمڕۆ پێی دەوترێت دیاربکر، کە ناوێکی تازەیەو لەم سەدانەی دواییدا لێی نراوە. یاقوت: م. ن، ج١، ص ٥٦. یوسف: الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، بغداد: ١٩٧٢، ج١، ص ٧٢-٧٦.

١٠٩ السمعاني: الأنساب، ج٣، ص ٣١٤. الهروي: م. س، ص ٦٦. معجم، ج٣، ص ٢٦٢.

١١٠ حەلوان: لەپاش چیاکان دەکەوتە کۆتایی سنووری سەوادەوە لەنێوان بەغدادو هەمەداندا، سەرەتا سەر بە کاروباری عێراق بووەو پاشتر خراوەتە سەر کاروباری چیاکان. دوایساڵی ٧٩٤ك/١٣٩٣ز بەهۆی جەنگەکانی تەیمورلەنگەوە خاپوورکرا، دواتر ناوچەکە بە دەرتەنگ ناسراوە. **قدامه بن جعفر**: م. س، ص ١٧٣. یاقوت: معجم البلدان، ج٢، ص ٢٩٠. محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی مێژووی حەسەنەوەیهی و عەییاری، بەغداد: ١٩٩٦، ل ٢٥٧-٢٥٨.

١١١ الجوالیقي: المعرب، ص١٧٠. الزمخشري: الجبال والأمکنة والبقاع، تحقیق: إبراهیم السامرائي، بغداد: ١٩٦٨، ص٧٦. إبن الجوزي: المنتظم، ج١، ص٢٨. سبط إبن الجوزي: م. س، السفر الأول، ص ٦٨.

١١٢ الهمداني: الإکلیل، ج١، ص ٢٥٦-٢٥٧.

هەواڵنامەی کتێب

بەهەمان شێوە ناوی شاری ئەسەد ئاباد[١١٣] دەدرێتە پاڵ (أسد بن ذي السروى الحميري) کە یەکێکە لە تەبابیعەکان[١١٤] و لەکاتی تێپەڕبوونی بەم ناوچەیەدا شارەکەی ئاوەدان کردووەتەوە، بۆیە بەناوی ئەمەوە ناونراوە[١١٥]. گێڕانەوەیەکیش هەیە دەڵێت: ناوی شاری حەران لە یەکێك لە خێڵە حەمیریەکانەوە هاتووە، کە ناوی حران بن عوف بووە[١١٦]. ئەم گێڕانەوانە لەگەڵ سەرجەم ئەو حیکایەتە ئەفسانەییانەدا دەگونجێن، کە لەبارەی پاشا حەمیریە قەحتانیەکانەوە بوون و باسی ئەو داگیرکاریانەیان دەکەن، کە گەیشتبووە وڵاتی چین[١١٧]. بێگومان ئەم حیکایەتانە، وەك لێکۆڵەرێك بۆی چووە، لە بناغەدا بەرهەمی ئەو ناکۆکیە رامیارییەن، کە لەنێوان قەحتانی و عەدنانیەکاندا هەبوو[١١٨].

زۆربەی ئەمانە گێڕانەوەی قۆناغی یەکەمی تۆمارکردنی مێژوون و مێژوونووسەکانی دواییش وەریانگرتوون، بۆیە وەك یاقوت حەمەوی باسی دەکات

هەواڵنامەی کتێب

---

[١١٣] ئەسەدئاباد: شارۆچکەیەکە ٤٨کم لە لە شاری هەمەدان و ٤٢کم لە کەنگەوەرەوە دوورە، تا ئێستا شارێکی دیاری رۆژئاوای هەمەدانە. إبن حوقل: صورة الأرض، ص ٣٠٦. شترك: مادة أسدآباد، دائرة المعارف الإسلامية، ج٢، ص١٠٣.

[١١٤] تەبابیعە **التبابعه**: لە تبع، کە واتای شوێنکەوتنە هاتووەو نازناوی پاشا حەمیریەکانە، دەوترێت یەکەم پاشایان ئەم ناوەی لێنراوە، چونکە خەڵکی یەمەن شوێنی کەوتن. الخوارزمي: م. س، ص ٦٧.

[١١٥] مسعر بن مهلهل: الرسالة الثانية، إعتنى بنشرها: و. مينورسكي، القاهرة: ١٩٥٥، ص ١٦. ياقوت: معجم البلدان، ج١، ص ١٧٦.

[١١٦] السمعاني: الأنساب، ج٢، ص١٩٥.

[١١٧] بڕوانە ئەو رەخنانەی لەوجۆرە گێڕانەوانە گیراون، کە لەبارەی حەمیریەکانەوەن لای: **إبن خلدون: المقدمه، ص ٩–١٠**. هەروەها: جواد علي: المفصل من تأريخ العرب قبل الإسلام، بيروت: ١٩٦٩، ج٢، ص ٥١٤-٥١٥.

[١١٨] علي: م. ن، ج٢، ص ٥١٥.

زۆربەی ئەم گێڕانەوانە لە کتێبی أنساب البلادی مێژوونووس و ڕەچەڵەکناس هشام بن محمد إبن الکلبي[119] ٢٠٤ یان ٢٠٦ك/ ٨٢٩ یان٨٣١ز مردووە هەن[120]. بە بۆچوونی ئێمە، ئەم کارە بۆ ئەوەیە بیرەوەری شوێنەکان بسڕێتەوەو بیرەوەرییەکی تر لە شوێنیاندا دابنێت، بۆئەوەی لەگەڵ سنوورەکانی زانینی مێژوویی باو و دەرکەوتنی لە کۆئەندێشەی وەرگری ئەم زانینە مێژووییەدا بگونجێت، لێرەدا وەرگرەکە سەربەو ئوممەت ـ دەوڵەتەیە، کە گشت ڕەهەندەکانی زانینە دیاری دەکات. بۆیە بەلامانەوە سەیر نییە، کە ئەمە لە کۆئەندیشەی دانیشتوانی ئەم شارە کوردیانەشدا ڕەنگی دابێتەوە[121]. بە کورتی، ئەم لێکدانەوانەی ڕیشەی ناوەکان ڕەوایەتی خۆی لە ڕەوایەتی هەمەکی زانینی مێژووییەوە وەردەگرێت.

## ڕیشەی کورد لە نێوان ئەفسانەو مێژوودا

### زانینی ڕەچەڵەکگەری

لە میانەی سەرنجدانمان لە ناونانی کورد لە چوارچێوەی عەرەبی ئیسلامییدا، بینیمان ڕیشەی کورد ڕەهەندێکی مێژوویی قووڵی هەیەو پەیوەستە بە ڕیشەی سەراپای مرۆڤایەتییەوە، بەڵام زانینی مێژوویی ئیسلامی سەبارەت بە ڕیشەی کورد بەوەندە بەس ناکات، چونکە مەسەلەی ڕیشەو ڕەچەڵەك پانتاییەکی بەربڵاوی ئەم زانینە

هەواڵنامەی کتێب

---

[119] هشام بن محمد بن السائب بن بشير الكلبي ساڵی ٢٠٤ك/٨٢٩ز یان ٢٠٦ك/٨٣١ز مردووە. زاناترین کەسی بواری ڕەچەڵەکناسی و هەواڵی عەرەبی سەردەمی خۆی بووە. لەسەر دەستی باوکی و چەند کەسێکی تر فێری زانستبووە. لە الحافظة بەناوبانگەکانە، زۆر کتێبی هەبووە، بەڵام زۆربەیان فەوتاون، بەناوبانگترین کتێبی (جمهرة النسب)ە، کە باشترین کتێبی بواری ڕەچەڵەکناسییە. الخطيب البغدادي، تأريخ بغداد، بيروت: د. ت، ج١٤، ص ٤٥. إبن النديم: الفهرست، ص ١٠٨. إبن خلكان: وفيات الأعيان، ج٦، ص٨٢-٨٣.

[120] معجم البلدان، ج٣، ص١٠٦.

[121] بۆ نموونە یاقوت حەمەوی دوای باسکردنی سەرگوزشتەی کەشتیەکەی نوح پێغەمبەرو بەرکەوتنی لەگەڵ ئەو شاخەدا، کە بەهۆی قسەکەی ئەمەوە ناونرا سنجار دەڵێت: " گەورەو بچوکی ئەم شارە ئەمە دەزانن و لەنێوان خۆیاندا باسی دەکەن". م. ن، ج٣، ص ٢٦٢.

داگیردەکات. ئاشکرایە عەرەب، کە مادەی یەکەمی ئیسلامن، لە پێش ئیسلامیشدا گرنگیەکی زۆریان بە رەچەڵەك داوەو مێژوونووسە کۆنەکانیش بە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی زانیاریان داناوە لە بارەی جاهیلیەتەوە[122]. رەچەڵەك فۆرمێکە لە فۆرمەکانی گوزارەی مێژوویی و بەڵگەی بوونی هەستی مێژووییە لای عەرەب، ئەگەرچی هەر لە قۆناغی سەرزاریدا مابوویەوەو تۆمارنەکرابوو[123].

رەچەڵەك، واتە زنجیرەی ئەو باوك و باپیرانەی، کە کۆمەڵێکی دیاریکراو لێیانەوە پەیدابوون، ئەم کۆمەڵە شەرعیەتی بوونیان لەو زنجیرەو قووڵایی مێژوویی ئەو زنجیرەیەدا دەبیننەوە. سەبارەت بە عەرەبیش، رەچەڵەك "هۆیەکە بۆ یەکتر ناسین و پردێکە بۆ پەیوەندی"و[124] شارەزابوون لێی، پێویستییەکی زانینە بۆ رەهەندی سیاسی رێکخستنی کۆمەڵایەتی خێڵەکی باو لە دوورگەی عەرەبیداو گوزارشت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ـ رامیارییەکانی نێوان خێڵە جیاوازەکان دەکات. خێڵ وەك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و رامیاریی تایبەتمەند، پێویستی بە رەچەڵەکە، کە وەك سەرمایەیەکی رەمزی[125]بەکاردەهێنرێت بۆ بەهێزکردنی دەمارگیری خێڵەکی[126]و خۆهەڵنان/ التباهی و شانازیکردن و جەختکرنەوە لە تایبەتمەندیەتی، جگە لەوەی، کە پاراستن و دڵنیایی

هەواڵنامەی کتێب

---

[122] المقدسي: م.س، ج ٢، ص ٤. الشهرستاني: كتاب الملل والنحل، تحقيق: محمد بن فتح الله بدران، ط٣، قم: ١٣٦٤ ه. ش، ق١، ص٢٤٨. ابو الفداء: م.س، ج١، ص ٩٨-٩٩.

[123]بڕوانە: روزنتال: م.س، ص ص ٣٣-٣٤. Khalidi: - op. Cit, p5

[124] ابن عبد ربه: العقد الفريد، ج٢، ص٤٩.

[125] زاراوەی سەرمایەی رەمزی La Capital Symbolique لە زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی هاوچەرخ پیەر بۆردیۆ Pieer Bourdiue وەرگیراوە، ئەو پێی وایە سەرمایەی رەمزی جۆرێکە لە خاوەندارێتی، کە لەلایەن چەند کەسێکی کارای کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگایەکەوە دەرکی پێدەکرێت، پێدراوەکانی ئەم دەرککردنەشیان رێگەی زانین و دیاریکردنی ئەو سەرمایە رەمزییەیان پێدەدات و چەند بەهایەکی وەك رەچەڵەك و شەرەف و شتی لەم بابەتەی پێدەبەخشن. سەرمایەی رەمزی کۆمەڵێکی دیاریکراو پایەیەکی بەرز دەدات بەو کۆمەڵە لە چاو ئەوانیترداو رێگەیەکە بۆ دەلالەتکردن لە شکۆمەندییەکی باڵا وەك رەهەندێك لە رەهەندەکانی دەسەڵات، یاخود ناوێکی تری رەوایەتی وەرگرتنە. **بووردیو:** م.س، ص١٣٦. و لە ایضا: الرمز والسلطة، ت: عبدالسلام بنعبد العلي، الدار البيضاء، ١٩٩٠، ص٧٨.

[126] بڕوانە: ابن خلدون: المقدمة، ص ١٠٢.

دەروونی بۆ ئەوانە دەستەبەردەکات، کە لەژێر باڵی ئەم خێڵەدان. بەم واتایە رەچەڵەك بریتییە لە رۆحی کۆمەڵێکی خێڵەکی داخراو بەسەرخۆیدا، بۆیە رەچەڵەکناسی ـ لە سادەترین دەرکەوتنەکانیدا ـ زانینێکی مێژووییە، کە گوزارشت لەو گیانەو لە داخران دەکات.

بەڵام دوای هاتنی ئاینی ئیسلام، سەرەڕای بەدرۆخستنەوەی رەچەڵەکناسەکان[127] واتە ئەوانەی گرنگی بە ریزکردنی رەچەڵەك دەدەن، لەلایەن پێغەمبەرەوە لەو فەرموودەیەدا، کە دەڵێت: "رەچەڵەکناسیی زانینێکە سوودی نییەو نەزانیەکیشە زیانی نییە"[128] بەڵام لە دوای مردنی پێغەمبەر، بایەخدان بە رەچەڵەك و تۆمارکردن و پۆلێنکردن و گرنگی پێدانی سەری هەڵدایەوە، ئەمەش لەبەرئەوەبوو، هەرچەندە ئیسلام خێڵی ملکەچی دەسەڵاتێکی باڵاترکردو تێکەڵ بە نەتەوەی تازەی کرد، بەڵام رێکخستنی کۆمەڵایەتی ـ خێڵەکی عەرەبی هەڵنەوەشاندەوە. بۆیە راستەوخۆ دوای مردنی پێغەمبەر د.خ رەچەڵەك دینامیکیەتی خۆی وەرگرتەوە، پێ داگرتن لەسەرئەوەی، کە دەبێت جێنشینی پێغەمبەر د.خ قورەیشی بێت[129] و دابەشکردنی بەخشش و تۆمارکردنی دیوانەکان لەسەر بنەمای رەچەڵەك و خزمایەتی پێغەمبەر[130]، وایانکرد رەچەڵەك و زانینی رەچەڵەك فاکتەری دەرکەوتن و بووژانەوە بن. ئەوەی زیاتر هانی ئەمەیدا گەیشتنی ئەمەویەکان ٤١ ك ـ ١٣٢ز - ٦٦١ك ـ ٧٥٠ز بوو بە دەسەڵات لەرێگەی دەمارگیری خێلایەتیەوەو لە فەرمانڕەواییدا پشتیان بەم دەمارگیرییە خێڵەکییە دەبەست و ململانێ خێڵەکییەکانیان قووڵترکردەوە، ئەمەش

---

[127] البلاذري: جمل من انساب الأشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض الزركلي، بيروت: ١٩٩٦، ج١، ص ١٧. المبرد: نسب عدنان وقحطان، تحقيق: عبدالعزيز الميمنى الراجكوتي، الدوحة: ١٩٨٤، ص ٩.

[128] السمعاني: م.س، ص٤٢.

[129] الماوردي: الأحكام السلطانية والولايات الدينية، بغداد: ١٩٨٩، ص ١٧ ـ ١٨. ابو يعلى الفراء: الأحكام السلطانية، تصحيح تعليق: محمد حامد الفقي، القاهرة: ١٩٣٨، ص٢٠. إبن خلدون: المقدمة، ١٠٢٠؟

[130] البلاذري: الفتوح، ق٣، ص ٥٥ بەدواوە. الطبري: م. س، ج٤، ص٢٠٩ — ٢١٠.

بووه هۆی بایەخدانی زیاتر بە تۆمارکردنی رەچەڵەك[١٣١]. هەروەها ئەوەی زیاتر هانی رەچەڵەکگەری دەدا، دەرکەوتنی ئەرستۆکراتیەتی تازە بوو لە ئیسلامدا، کە هەوڵی دەدا بە پشتبەستن بەم سەرمایە رەمزییەو هاندان بۆ لێکۆڵینەوەی پلەوپایەی خۆی بچەسپێنێت و شەرعیەت بە فەرمانڕەواییەکەی بدات، بۆیە رەچەڵەکناسی بووە زانستی پاشاکان[١٣٢] و ئەوەی لە دەسەڵاتدا پێگەیەکی هەبووایە نەدەبوو ئەم زانستە پشتگوێ بخات[١٣٣]. ئەمەو زاناکانیش (الفقهاء) لەلایەن خۆیانەوە کاریان لەسەرئەوە دەکرد مۆرکێکی شەرعی بە رەچەڵەك بدەن، تەنانەت زانینی هەندێ لایەنی رەچەڵەکیان بە گرنگ و بگرە بە پێویستییەکی شەرعیش دەزانی[١٣٤].

لێرەدا دەبینین رەچەڵەك بووە بەشێك لە زانینی مێژوویی، کە تایبەتمەندی خۆی هەبوو و خاوەنی میتۆدێك بوو لەگەڵ پێویستییە هەنوکەییەکان و چێوەی ئیسلامیی زانینەکاندا دەگونجا. بۆیە رەچەڵەك چووە ناو رۆحی ئیسلامەوەو لە لێکۆڵینەوەی رەچەڵەکدا سەیرکردنێکی نوێ و گۆشەنیگایەکی ـ تاڕادەیەك ـ جیاواز هەبوو. تەنانەت دەتوانین بڵێین هەندێك جار لای عەرەب گۆڕانێکی ریشەیی لە بوونیادی رەچەڵەکگەریدا هەبووە، کە بەپێی سەنترالیزمی پێغەمبەر د.خ، دیارترینیان پۆلێنکردنی رەچەڵەکەکان بوو، دوای ئەو بەنو هاشم، ئنجا قورەیش، لە تۆمارکردنی رەچەڵەکەکاندا ئەمە بووە پنتی دەستپێکردنی رەچەڵەکناسی[١٣٥]. لەلایەکی ترەوە ئیتر زانستی رەچەڵەك تەنها تایبەت نەبوو بە رەچەڵەکی عەرەبەوە، بەڵکو ئەم جۆرە زانینە مێژووییە گشتێنرا، بۆئەوەی ئەو گەل و نەتەوانەی دی بگرێتەوە، کە لەگەڵ عەرەبدا لەناو چوارچێوەی

---

[١٣١] لەبارەی رۆڵی ئەمەویەکان لە هاندانی دەمارگیری خێڵایەتیدا، بڕوانە: الهمدانی: الأكليل، ج١، ص ١٥٦-١٦٠. بۆ کاریگەری ئەمە لە تۆمارکردنی رەچەڵەکدا بڕوانە: جب: علم التأريخ، ص٥٠. ابو الضيف: م.س، ص ٥٨.

[١٣٢] ابن عبد ربه: م.س، ج٢، ص٧٧.

[١٣٣] رِوانة: ابن قتيبة: م.س، ص٣. غرس النعمة: الهفوات النادرة، تحقيق:صالح الأشتر، دمشق: ١٩٦٧، ص ٣٧٢–٣٧٣. بۆ هەمان بۆچوون بڕوانە: Khalidi: - op. Cit, p56

[١٣٤] إبن حزم: م.س، ص ٢. إبن خلدون، تأريخ ابن خلدون، ج٢، ص ٤-٥.

[١٣٥] إبن سعد: الطبقات الكبرى، حققه: إحسان عباس، بيروت: د.ت، ج١، ص٢٠-٢٥. المبرد: م.س، ص٣. ابن حزم: م.ن، ص.

فەرمانڕەوایی ئیسلامدا بوون، بۆیە دەبوو ڕەچەڵەك پێداویستییە ڕەمزییەكانی ململانێی نێوان كەرتە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكان و دەستە ناتەباكانی ناو ئەم چوارچێوەیە دەستەبەر بكات. ئیتر ڕەچەڵەكناسی زیاتر فراوان بوو و ڕەچەڵەكی گەل و نەتەوە جیاوازەكانی تری ـ بەكوردیشەوە ـ لەخۆ دەگرت.

ریشەو ڕەچەڵەكی كورد هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانینی مێژوویی ئیسلامییەوە بایەخێكی زۆری پێدرابوو، ئەم ریشەیە یەكێك بوو لە بابەتە باوەكان و گەلێ بۆچوون و رای جیاواز لەبارەیەوە هەبوو[١٣٦]. مێژوونووس و ڕەچەڵەكناسە یەكەمەكانی وەك: **وهب بن منبه**[١٣٧] و **أبو اليقظان النسابة**[١٣٨] و هەروەها **هشام بن محمد الكلبي** و هیتد... لەچوارچێوەی لێكۆڵینەوەی گشتی ڕەچەڵەكەكاندا بایەخیان بەم بابەتە دابوو. نەك هەر ئەمە، بەڵكو مێژوونووسێكی دیاری وەك **إبن القتيبة الدينوری**[١٣٩]كتێبێكی تایبەتی لەبارەی ریشەی كوردەوە بەناوی أنساب الأكراد

---

[١٣٦] المسعودی: مروج الذهب، ج١ ص٤٣٥. المقريزي، المواعظ والأعتبار، ج٢، ص٢٣٢.

[١٣٧] وهب بن منبه بە ئەسڵ فارسەو لە دەوروبەری ساڵی ٣٤ك/٦٥٤-٦٥٥ز لە یەمەن لەدایكبووە. لە هەواڵگێڕەوە الأخبارییەنە یەكەمەكان بوو، بە گێرانەوەی حیكایەتی مێژوویی ناسراوە، زۆر شتی لە كتێبە كۆنەكانەوە دەگواستەوە. لە دانراوەكانی: كتێبی الملوك المتوجة من حميره، كە بنەمایەك بوو بۆ كتێبی التيجان في ملوك حمير واليمن. لە ساڵی ١١٤ك / ٧٣٢ز كۆچی دوایی كردووە. **إبن قتيبة**: م.س، ص٢٠٢. **ياقوت: معجم الأدباء**، ج١٨، ص ٢٥٩–٢٦٠.

[١٣٨] ابو اليقظان النسابة ناوی سحيم بن حفص، یاخوود سحيم بن قادمة لە هەواڵ **الخبارو** ڕەچەڵەك شارەزابو، ئەوەی ئەو لەبارەی هەواڵ الاخبارو ڕەچەڵەكەكانەوە دەیگێڕایەوە جێی متمانەی مێژوونووسەكان بوو. خاوەنی كتێبی **النسب الكبير** و **نسب تميم** و زۆر كتێبی ترە. ساڵی ١٩٠ ك / ٨٠٥-٨٠٦ز مردووە. الجاحظ: رسائل الجاحظ، ج٢، ص ٢٢٦-٢٢٧. إبن النديم: الفهرست، ص ١٤٤.

[١٣٩] **إبن قتيبة الدينوری** ناوی **ابو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبە**یە. لە دەوروبەری ساڵی ٢٧٣ك/٨٢٨ز لەدایكبووە، بە الدينوری ناسراوە، چونكە لەم شارە كوردیەدا سەرۆكی دادگابوە. لە نووسەرە مەوسوعیەكانە، لە زۆربەی زانست و مەعریفە باوەكانی سەردەمی خۆیدا دانراوی هەیە، لە بابەتی مێژوو و هەواڵ الأخباردا زۆر لێهاتوو بووە. ساڵی ٢٧٠ك / ٨٨٣ز مردووە. إبن النديم: ن، ١٢١-١٢٢. إبن خلكان: م.س، ج٣، ص٤٢-٤٣. مصطفى: م.س، ج١، ص ص ٢٣٩ — ٢٤١.

داناوه[١٤٠]. ئاشكرايه دینەوەری لەو کەسانەیە، کە گرنگیان بە ریشەی کورد دەدا، بۆیە ـ بەلای إبن قتیبەوە ـ ئەو ریشەیەی کوردی لێوە هاتووە[١٤١]بەشێکە لەو زانینانەی، کە ناتوانرێت لە ئەنجوومەنی پاشاو خانەدانەکاندا پشتگوێ بخرێت و باس نەکرێت[١٤٢]. ئەوەی جێی داخە ـ بەپێی زانیاری ئێمە ـ کتێبی ناوبراو لەبارەی ریشەی کوردەوە لە کتێبە ونبووەکانەو هیچ ئاسەوارو هەواڵێکی نەماوە،[١٤٣]ئەگەر ئەو کتێبە بمابایە سوودی زۆری دەبوو بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو راوبۆچوون و وێناکردنانەی لە سەردەمی إبن قتیبەدا لەبارەی رەچەڵەکی کوردەوە هەبوون. هەرچەند لەو باوەڕەداین ئەوەی ئیبن قوتەیبە لەو کتێبەدا باسیکردووە بەزۆری لەوە دەرناچێت، کە ئەو و مێژوونووسەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی لەو بووارەدا وتویانە، بەتایبەتی ئەوەی مەسعودی کردوویەتی و لە کتێبەکانیدا، ئەگەر بە کورتیش بێت، لەبارەی ریشەو رەچەڵەکی کوردەوە زۆر گێڕانەوەی کۆکردووەتەوە.[١٤٤]لێرەدا ئێمە نامانەوێت بەنێو وردەکاری ئەم گێڕانەوە جیاواز و لێکدژانەدا رۆبچین، کە لەبارەی ریشەی کوردەوەن، چونکە پێش ئێمە، لێکۆڵەری دی ئەم کارەیان کردووەو خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکانی ئەوان،[١٤٥]هەروەها بە مەبەستی دووبارەنەکردنەوەی وتەکانی ئەوان، ئەوەندە باس لەو

---

[١٤٠] حاجي خليفة: كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، ط فلوكل، ج٣، ص ١٠٨. بهزاد شرفخان: حول المصادر التأريخية المؤلفة خصيصاً لتأريخ الكرد و كردستان خلال العصور الوسطى، مجلة شانەدەر، ع٢، اربيل: ١٩٩٧، ص ٨٢.

[١٤١] المعارف: ص ٢٧٠.

[١٤٢] م.ن، ص٢.

[١٤٣] بڕوانە: شرفخان: م.س، ص ٨٢.

[١٤٤] مروج الذهب، ج١، ص ص ٤٣٥-٤٣٦. التنبيه والأشراف، ص٩٤.

[١٤٥] تازەترین و دیارترین هەوڵی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی گێڕانەوە ئیسلامییەکان لەبارەی ریشەی کوردەوە، ئەو کارەیە، کە لێکۆڵەری ئەرمەنی ئەرشاك بوولادیان لەنامەی دکتۆراکەیدا سەبارەت بە ریشەی کورد لەسەردەمی ئیسلامیدا کردوویەتی. بوولادیان کەسێکە، کە گرنگییەکی زۆر بە کورد و مێژووی کورد داوە. بڕوانە: أرشاك بوولاديان: الأكراد حسب المصادر العربية، نقله الى العربية: خشادور ها ريان و عبدالكريم ابو زيد، يريفان: د.ت ص ص ١٠٤-١٤٠. دەربارەی ئەوەی لای بلدانیون و گەڕۆکە موسڵمانەکان لەبارەی ئەم بابەتەوە هاتووە بڕوانە: مام بكر، الكرد وبلادهام، ص٢١٤ -٢٢١.

گێڕانەوانە دەکەین، کە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە ئێمە دەمانەوێت شیی بکەینەوەو لێی بکۆڵینەوە.

## ریشەی کوردو ململانێی فارس ـ عەرەب

بە شێوەیەکی گشتی لە زانینی ئیسلامییدا سێ چوارچێوەی گشتی هەیە بۆ ریشەی کورد: چوارچێوەی یەکەم لە ریشەی سەراپای کورددا خۆی دەنوێنێت، دەتوانرێت بە ریشەی ئیسرائیلی ناوبرێت، چونکە مێژوونووسەکان لە دارشتنی ئەم ریشەیەدا، کە ـ پێشتر هەندێك لایەنیمان روونکردەوە ـ پشتیان بە کتێبی پیرۆز و گێڕانەوە ئیسرائیلیەکان بەستووە. ئەوەی لەبارەی سلێمان پێغەمبەرەوە وتمان و بەکوردکردنی (استکراد) ئەوانەی شەیتان لاقەیکردن و دانانی کورد بە جنۆکە، هەموو ئەمانە دەچنە ناو ئەم چوارچێوەیەوە، سەرباری ئەوەی ئەم چوارچێوە ئیسرائیلیەی ریشەی کورد لە زانینی مێژوویی ئیسلامییدا کەس زۆر بۆی بە پەرۆش نەبووە، بەڵام ناوەرۆکی ئەم حیکایەتە، واتە ئەوەی کورد لە جنۆکەن، تا ئەم دواییەش لە یادەوەریدا مابوویەوەو لای هەندێك هەر بەکاردەهێنرا[١٤٦].

چوارچێوەی دووەم چوارچێوەیەکی فارسییە، کە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە تەنانەت دوای باڵادەستبوونی رۆشنبیریی عەرەبی لەژێر پەردەی ئیسلامدا، رۆشنبیریی فارسی لە کایەی ئیسلامییدا ئامادەییەکی بەهێزی هەبووە. لەم چوارچێوە فارسیەدا مێژوونووسەکان ریشەی کورد دەبەستنەوە بە چیرۆکی ئەفسانەیی زوحاکەوە[١٤٧] کە زۆربەی مێژوونووسەکان بە یەکێك لە پاشا کۆنەکانی فارسی دادەنێن و لەباسکردنی هەندێك لایەنی حیکایەتی ئەفسانەیی زوحاکدا جیاوازیان هەیە. وادیارە ئەم حیکایەتە لەناو مێژوونووسەکاندا بە رادەیەك باوبووە، کە کەم کتێبی مێژوویی هەیە باسی

[١٤٦] بۆ نموونە بڕوانە: العمري، مسالك الأبصار، ج٣، ص ١٢٩.

[١٤٧] لای فارس پاشا بیوراسبە، بەڵام خوارزمی دەڵێت وشەی **ضحاك** لە ئەسڵدا **دهاك**ەو لە عەرەبیدا بووە بە **ضحاك**، **دهاك** واتە دە بەڵا (**عشرة آفات**) هەروەها وتراوە بە عەرەبکراوی وشەی **آزدها** واتە تنینە. **مفاتيح العلوم**: ص٦٣. ئەم بۆچوونە ئەفسانەییە پەسەند دەکەین، هەرچەندە لە ئەسڵدا بێجێیە.

نـەكردبێت. وەك دەگێڕرێتـەوە زوحـاك پاشـایەكی زۆردار بـووەو دوو زیـادە ئێـسك[١٤٨]، وتراویشە دوو مار[١٤٩] لەسەر شانی دەرهاتوون، خواردنیـان مێـشكی مـرۆڤ بـووە، بۆیـە دەبوو رۆژانە دوو كەس بكوژن، بۆئەوەی مێشكیان دەرخواردی مارەكان بـدرێت، بـەڵام چێشتلێنەرەكەی[١٥٠]یان ئەو وەزیرەی ئەم كارەی پێ سپـێررابوو، هەندێ لـە كەسـەكانی ئازاد دەكردو بەدزییەوە دەیناردن بـۆ چیاكان و شـوێنە دوورەدەسـتەكانی وڵات[١٥١] و لـە گوندو ئـاوەدانی نزیـك نەدەبوونـەوە،[١٥٢] ئـیتر لـەوێ بوونـە كێـوی و منـداڵیان بـووە و زیادیان كرد، ئەمانە بوونـە ریـشـەی كـورد.[١٥٣]مەسعودی لـەم ئەفسانەیە دەدوێت و دەڵێت: "ئەوەی لەبارەی زوحاكەوە باسمان كرد نە فارسەكان و نە مێژوونووسـە دێـرین و نوێكـان نكـوڵی لێناكـەن".[١٥٤]ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی ئـەم ئەفـسانەیە لای مێژوونووسەكان پەسەندبووە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوەش بزانین، كە ئەفسانەی زوحـاك لـە كۆن و لە ئێستاشدا لەناو كوردو فارسدا باوە[١٥٥]، سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

---

[١٤٨] ابو حنیفة الدینوري: الأخبار الطوال، ص ١٠-١١. الطبري: م.س، ج١، ص١٩٦. الخوارزمی: م.ن، ص٦٣. إبن نباتة: سرح العیون في شرح رسالة إبن زیدون، تحقیق: محمد ابوالفضل إبراهیم، بیروت: ١٩٨٦، ص ٧٦. سلعة زیادە ئێسکێکە، کە پێست شەق دەکات.

[١٤٩] المقدسی: م.س، ج١، ص٢٨١. إبن حبیب: المحبر، تحقیق: إیزة لیختن شیتز، بیروت: د.ت، ص ٣٩٣. المسعودی: مروج الذهب، ج١، ص ٤٣٥. البیرونی: الآثار الباقیة، ص ٢٢٧.

[١٥٠] الثعالبی: تأریخ غرر السیر المعروف بسیر ملوك الفرس، طهران: ١٩٦٣، ص ٢٤. المقدسي: م.ن.ص.

[١٥١] ابو حنیفة الدینوري: م.ن، ص٥. المسعودي: م.ن.ص ٤٣٦. إبن نباتة: م.ن.ص.

[١٥٢] إبن قتیبة: م.ن،ص٧٠. المسعودي: م.ن، ج١، ص٤٣٦. الثعالبی: م.ن، ص٢٥. البیرونی: م.ن،ص٢٢٧.

[١٥٣] ابو حنیفة الدینوری: م.ن.ص. سبط إبن الجوزی: م.س، ص ٢٥٦. إبن نباتة: م.ن.ص.

[١٥٤] مروج الذهب: ج١، ص٤٣٦.

[١٥٥] بۆ نموونە بڕوانە: مسعر بن مهلهل: الرسالة الثانیة، ص ٢٢. یاقوت: معجم البلدان: ج٤، ص ص ٣١٦-٣١٧. حسین مجیب المصري: الأسطورة بین العرب والفرس والترك، القاهرة: ٢٠٠٠، ص ١٠٠-١٠٢. کورد ئەمڕۆ بە زوحاك ناوی دەبەن و زۆر لەو ئاسەوارە کۆنانەی لە کوردستاندا ماونەتەوە دەیاندەنە پاڵ زوحاك. بگەڕێوە بۆ: عبدالرقیب یوسف: شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورێن، هەرێمی کوردستان: ١٩٩٤، ل ٣١ بەدواوە.

ئەفسانەی بابلی و یۆنانیەکاندا رووی لێکچوونی هەیەو کاریگەری ئەوانی لەسەره[١٥٦]، بەڵام ناتوانین ئەوەی لێداماڵین، کە راستییەکی مێژوویی تێدایە[١٥٧].

ئەمە تاکە هەوڵی فارس نییە بۆئەوەی ئینتیمای کورد بدەنە پاڵ خۆیان، بەڵکو سەبارەت بە عەقڵیەتی باوی ئەو سەردەمە، لەبارەی ئەم ئینتیمایەوە هەندێك گێڕانەوەی تریان هەیە، کە بەجێترن، بۆنمونە باسی ئەوە دەکرێت، کە رەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە سەر ئەو پاشا فارسەی، کە هەموو گەلە فارسیەکان لەوەوە هاتوون[١٥٨]. هەندێك مێژوونووس، بەتایبەتی ئەوانەی سەردەمەکانی دواتر، تەنها بەوەندە دەوەستن، کە کورد دەبەنەوە سەر فارس، بێ ئەوەی لە وردەکاریەکاندا قوولْ ببنەوە.[١٥٩] هەندێك مێژوونوسیش هەن بە چەسپاندنی یەکێتیی ریشەی سەراپایی کوردو فارس، یەك ریشەیی کوردو فارس دەسەلمێنن[١٦٠].

هاوکات لەگەڵ ئەم جەختکرنە لەسەر فارسبوونی کورد، جەختکرنێکی بەهێزتر هەیە لەسەر ئەوەی، کە رەچەڵەکی کورد عەرەبیە ئەمە چوارچێوەی سێیەمە - و-. لەم چوارچێوەیەدا کورد لە خێڵە عەرەبییە عەدنانیەکانن[١٦١]، کە بەهۆی ململانێ لەگەڵ

---

[١٥٦] المصری: م.ن، ص٩٤، ئەویش وەریگرتووە لە: Cojee: - Studies Shahnama ,Bombay, pp 7-8 .

[١٥٧] دیاکۆنۆف، کە پسپۆڕێکی مێژووی رۆژهەلاتی کۆنە، دەلێت: زوحاك، کە بە بیوراسب، استیاگ، ئەستیاجر، ئەژدەهاك، ئەشتومیگۆ، ئیختومیگۆش ناو دەبرێت، لەڕاستیدا دوا پاشای ئیمپراتۆریەتی میدیایە، کە لە نێوان سالآنی ٥٨٤/٥٨٥ - ٥٤٩/٥٥٠ پ م فەرمانڕەواییکردووەو لەسەر دەستی کورشی ئەخمینی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەخمینی کۆتایی بە فەرمانڕەواییەکەی هێنراوە. بڕوانە: میدیا: وەرگێرانی: بوورهان قانیع، بەغداد: ١٩٨٧، ل ٥٧٧.

[١٥٨] المسعودی: التنبیه والأشراف، ص ٩٤. العمري: مسالك الأبصار، ج٣، ص ١٣٠. المقريزي: السلوط، ج١، ص ٢٣٢.

[١٥٩] ابوالفداء الأیوبی: م.س، ج١، ص٨٣. إبن الوردي: م.س، ج١، ص٧٢. المقريزي: المواعظ والإعتبار، ج٢، ص ٢٣٢.

[١٦٠] إبن خلدون: تأريخ إبن خلدون، ج١، ص٩. هتروةها: القلقشندي: قلائد الجمان: ص٣١.

[١٦١] عەدنانی: نزاریەو **المعدیة**شیان پێدەوترێت. دەڵێن ئەمانە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرن، لەبەرئەوەی چونەتە پاڵ عەرەبی عاربە **العرب العاربة** و عەرەبیان لێوەرگرتوون،بەوە ناسراون، کە عەرەبی بەعەرەبکراون العرب المستعربة. علي: م.س، ج١، ص ٣٧٥ بەدواوە.

هەوالنامەی کتێب

خێڵـەکانی دی یـان بـۆ پەیـداکردنی لـەوەڕگاو ئـاو، ناچـاربوون بـەرەو شـاخەکان کۆچبکەن[١٦٢]. هەروەها دەڵێن[١٦٣] لە خێڵە قەحتانیەکانی یەمـەنن[١٦٤] و دوای تێکـشکانی بەنـداوی مـەئرەب، یەمـەنیان بەجێهێـشتووەو بـەرەو چیاکان چـوون[١٦٥]. لـە هـەردوو بارەکەدا چیا بووەتە نشینگەیان و بەتێپەڕبوونی کـات زمـانی عـەرەبیان بیرچـووەتەوەو "زمانەکەیان بووە بە عەجەمی"[١٦٦].

یەکێك لە لێکۆڵەرەکان بۆئەوە دەچێت، کـە سـووربوونی هەنـدێك مێـژوونووس لەسەرئەوەی کورد ببەنـەوە سـەر عـەرەب، بەرژەوەنـدی خەلافـەتی عـەرەبی ئیـسلامی لەپشتەوەیە بۆ راکێشانی کـوردە بـەلای خۆیـداو دەرخستنی ئینتیمایـان بـۆ عـەرەب، ئەمـەش لەچوارچێوەی ئـەو هەوڵـە بەردەوامانـەی عەرەبـدا دێـت بـۆ لـەخۆگرتنی میللەتـەکانی ئـەو وڵاتانـەی، کـە داگیریانـدەکردن و دەسـەڵاتی خۆیـان بەسـەردا دەسەپاندن[١٦٧]. بەڵام ئێمە بۆچوونێك زیاد دەکەین ـ، کە لەوانەیە هەڵە نەبێ ـ و دەڵێین ئەم سووربوونەیان لەسەر عـەرەبێتی کـورد لـە ئـەنجامی ئـەو ناکۆکیـەوە هـاتووە، کـە لەنێوان عەرەب و فارسدا هەبوو لەسەر ریشەی کورد و ئەوەی ئایا کورد دەچێتەوە سەر کام لەم دوو نەتەوەیە. ئەم کێشەیە لە دێرەشیعرێکدا بەرجەستەبووە، کە ـ خاوەنەکـەی نەزانراوە ـ و لەناو رۆشنبیری عەرەبی ئیسلامییدا باوبووەو دەڵێت:

هەولێر کتێب

---

[١٦٢] المسعودي: مروج الذهب، مج١، ص٤٣٥.

[١٦٣] الأنصاري: نخبة الدهر في عجائب البر والبحر، لايبزك: ١٩٢٣، ص ٢٥٥. مرتضى الزبيدي: تاج العروس من جواهر القاموس، بيروت: د.ت مج٢، ص ٤٨٤.

[١٦٤] قەحتانی: دەگەڕێنەوە بۆ قەحتانی باپیرەی عەرەبی باشوور، پێشیان دەوترێت یەمانی **اليمانية**. زانا رەچەڵەکناسەکان و **اهل الأخبار** ناوی عەرەبی عارەبە **العرب العاربة**یان لێناون. لەبارەیانەوە بگەڕێوە بۆ: **علی**: م.ن، ج١، ص ٣٥٤ بەدواوە.

[١٦٥] بەنداوی مەئرەب: ئەو بەنداوەیە، کە پاشاکانی (وڵاتی سەبەء - سبأ)ی یەمەن بەمەبەستی پاراستنی شاری مەئرەب لە لافاو، دروستیانکرد، ئەم بەنداوە لەنێوان ساڵانی٥٣٩ بۆ ٥٦٥ك تێکشکاوە. ئەم رووداوە بە لافاوی بێسنوور یان زیانبەخش سیل العرم ناسراوە. بڕوانە: جرجي زيدان: العرب قبل الأسلام، راجعه وعلق عليه: حسين مؤنس، مصر: د.ت، ص١٧٢ ـ ١٧٨.

[١٦٦] المسعودي مروج، مج١، ص ٤٣٥.

[١٦٧] بوولادیان: م.ن، ص١٠٧.

لعمرك ما كرد من ابناء فارس ولكنه كرد بن عمر بن عامر[١٦٨]

واتە: سوێند دەخۆم، کە کورد نەوەی فارس نین، بەڵکو کوردی کوڕی عومەری کوڕی عامرن.

ئەم گرنگیدانەی زانینی مێژوویی ئیسلامیی بە ڕەچەڵەکی کوردو ناکۆکی عەرەب و فارس لەبارەیەوە، بەشێکە لەو ململانێیەی، کە لە سەدە سەرەتاییەکانی کۆچیداو لە کاتی باڵادەستی رۆشنبیریی ئیسلامییدا لەنێوان فارس و عەرەبدا هەبووە و بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی (الحركة الشعوبية)[١٦٩] ناودەبرا، گرنگترین ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیەش جەختکردنەوە بوو لەسەر ڕەچەڵەك و ئەوەی، کە کام ڕەچەڵەکەیان پایەدارترن، عەرەب یان فارس[١٧٠]. لە گەرمەی ئەم ململانێیەدا بایەخدان بە ڕەچەڵەك زیادی کرد. سەبارەت بە عەرەبیش ئەو مشتومڕانەی لەگەڵ شعوبیەکان و بە تایبەتی فارسەکاندا هەیانبوو لەسەرئەوەی تانەیان لە عەرەب دەداو بەکەم سەیریان دەکردن، بووە هۆی سووربوون لەسەر لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەك لەلایەن ڕەچەڵەکناسە عەرەبەکانەوە بەمەبەستی بەرگریکردن لە سەنترالیزم و ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییان[١٧١]. فارسەکانیش لای خۆیانەوە بایەخیان بە ڕەچەڵەك دەداو دەستیانکرد بە دانانی درەختی ڕەچەڵەك

هەواڵنامەی کتێب

[١٦٨] الأزهري: تهذيب اللغة: ج١، ص ١٠٩. إبن منظور: لسان العرب: ج٣،ص ٢٣٩. هەروەها وشەی کورد لە نێوەدێڕی یەکەمدا بەشێوەی کۆ واتە **الأكراد** هاتووە. بڕوانە: إبن دريد: جمهرة اللغة، ج٢، ص ٢٥٥. إبن خلكان: وفيات الأعيان: ج٥، ص ٣٥٨.

[١٦٩] بزوتنەوەی شعوبیەت (الحركه الشعوبيه): بزوتنەوەیەکی عەجەمی رکابەری دەسەڵاتی رامیاری و بەڕێوەبردن و رۆشنبیری رەهای عەرەبی بوو، لەکایەی ئیسلامیداو لەگەڵ میللەت و نەتەوەکانی تردا سازشیاندەکردو رێکدەکەوتن. هەندێك لەو شعوبیانە لە کەمکردنەوەی پایەی عەرەب و باسکردنی کەموکوڕییەکانیدا زیادەڕۆییان دەکرد. بگەڕێوە بۆ : الدوري: الجذور التأريخية للشعوبية، بيروت: ١٩٦٢ ص ص ٩-٢٧. محمود إسماعيل: الحركات السرية في الأسلام ـ رؤية العصرية، بيروت: ١٩٧٣، ص ص ٢٠١ – ٢٠٦.

[١٧٠] قارن : إبن قتيبة: كتاب العرب أو الرد على الشعوبية، ضمن كتاب: رسائل البلغاء، إختيار وتصنيف: محمد كَرد علي، القاهرة: ١٩٥٤ ص ص ٣٥٢ – ٣٥٥. إبن عبد ربه: م.س، ص٣٥١-٣٥٢. النويري: نهاية الأرب، السفر الثاني، ص ٢٧٦.

[١٧١] سزكين: تأريخ التراث العربي، ج٤، ص ٤٠٦. الدوري: بحث في نشاءة، ص ١٤٠. مصطفى: التأريخ العربى، ج١، ص ١٤٠.

(شجره الانساب)ی تایبەت بەخۆیان و دیاردەی خۆبردنەوەسەر پاشاو کەسایەتیە کۆنەکانی فارس لەناویاندا تەشەنەیکرد[١٧٢]. لەم روانگەیەوەو بە گەڕانەوە بۆ بابەتەکەمان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەریەك لەم دوو لایەنە هەوڵی دروستکردن و هەڵبەستنی گێڕانەوەی جیای داوەو لە رێگەیەوە کوردی بردووەتەوە سەرخۆی تا لەبەرامبەر ئەوی تری نەیاردا پایەی بەرزبێتەوە. تەنانەت ئەم ململانێیە لەبارەی ریشەی کوردەوە ریشەکانی ئەو گێڕانەوە فارسیەشی گرتەوە، کە باسمان کرد و پەیوەست بوو بە زوحاکەوە، لێرەدا ململانێی نێوانیان لەبارەی ریشەی زوحاکەوە بوو و لەسەرئەوە ناکۆك بوون، کە زوحاك لە کامیانە[١٧٣]، عەرەبەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە زوحاك لەوانە[١٧٤].

کەواتە لەم بارەدا دەتوانین بڵێین، کە دروستکردنی ئەم رەچەڵەکە بۆئەوە نەبووە خودی کورد بناسن، لەپێناو ئەوەشدا نەبووە لە راستییەکی مێژوویی بکۆڵنەوە بەو چەمکەی، کە ئەمڕۆ هەیە، بەڵکو دەچێتە ناو بەشی هەستانی ئەویتر بە دروستکردنی مێژوویەکی ناڕاست وەك پێویستییەك، کە دەیەوێت بەهۆیەوە بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی لەبارەی بکەرە مێژووییەکانی ئەو گێڕانەوانەوە بسەپێنێت، بەمەبەستی پاکانەکردن بۆ هەڵوێستەکان و بەهێزکردنی پێگەو زیادکردنی سەرمایەی رەمزی خۆی لەسەر حسابی لایەکەی تر، وەك لەمەودوا باسی دەکەین.

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە جۆرێکی تر لە ناکۆکی لەبارەی ریشەی کوردەوە، ئەوا ئەم مەبەسگەراییەی گێڕانەوکان رۆشنتردەبێتەوە، چونکە ناکۆکی لەسەر ریشەو بەکارهێنانی وەك بیانوویەك، تەنها لەنێوان عەرەب و فارسدا قەتیس نەمابوو، بەڵکو ئەم ناکۆکیە لەنێو عەرەبەکان خۆشیاندا دەبینرێت و لە ململانێ و ناکۆکی نێوان قەحتانی و عەدنانیەکاندا خۆی دەنوێنێت. لێرەدا رەچەڵەك سەرمایەیەکی رەمزی بوو بەدەست هەریەکەیانەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەوی دی. ئەم ململانێ خێڵکیە، کە

---

[١٧٢] بڕوانە: ذبیح الله الصفا: حماسة سراي در إيران، تهران: ١٣٥٢هـ. ش، ص ٥٧٤.

[١٧٣] المسعودي: مروج، ج١، ص ٤٣. ابو الفداء: المختصر، ج١، ص٨٣.

[١٧٤] الطبري: م.س، ج١، ص ٢٩٤. الثعالبي: م.س، ص ١٨. المسعودي: التنبيه والأشراف، ص ٩٢ ـ ٩٣. إبن الجوزي: م.س، ج١، ص ١٣٥.

بنەمایەکی ئابووری و رامیاری هەبوو، هاوکات بوو لەگەڵ تۆمارکردنی رەچەڵەك و چەسپاندنی لەلایەن رەچەڵەکناسە لایەنگرەکانەوەالمتحزبین، کە پشتگیری دەستەیەکیان دەکرد دژی دەستەیەکی دی و ـ وەك لێکۆڵەرەکان دەڵێن ـ ئەمەش بەئاشکرا کاریگەری هەبوو لەسەر پرۆسەی تۆمارکردنی رەچەڵەکەکان و دروستکردنی زۆر هەواڵ الأخبار و حیکایەتی ناواقیعی[١٧٥]. ئەم لایەنانە هەر بەوەندەوە نەدەوەستان، کە خۆیان بە رەچەڵەکە عەرەبییەکەیانەوە هەڵکێشن، بەڵکو مەسەلەکە ئەمەی تێپەڕاندو هەر دەستەیەك بەوە خۆی هەڵدەکێشاو شانازیدەکرد، کە سەر بە یەکێك لە نەتەوە دیارو ناسراوەکانە، بۆنمونە عەدنانیەکان لافی ئەوەیان لێدەدا، کە لە فارس و رۆم و ئیسرائیلیەکانن، قەحتانیەکانیش خۆیانکردبووە خزمی یۆنانیەکانیان[١٧٦]. بۆیە ئاسایی بوو ئەم ناکۆکیە کوردیش بگرێتەوە[١٧٧].

لە قەحتانیەکان هشام بن محمد الكلبي[١٧٨]سەرپەرشتی ناکۆکیەکەی دەکرد، بەڵام لەلایەنەکەی دی ابو اليقظان النسابة بەرێوەی دەبرد، کە خۆی سەر بە یەکێك لە هۆزە عەدنانیەکان بوو[١٧٩]. ابن الكلبي لافی ئەوەی لێدەدا، کە کورد دەگەڕێنەوە سەر کرد بن عمرو مزيقياء بن عامر ماء السماء[١٨٠] زۆربەی مێژوونووسەکان لەسەر زاری ئەم

---

[١٧٥] بگەڕێوە بۆ: علي: م.س، ج١، ص ٤٩٤ – ٤٩٥. الدوري: م.س، ص ١٥.

[١٧٦] بڕوانە: المسعودي: التنبيه، ص ص ٩٤ – ٩٦. مروج، ج١، ص ٢٠٦ – ٢٠٧ – ٢٤٧. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: علي: م.س، ج١، ص ٤٩٦ – ٥٠٠.

[١٧٧] لێکۆڵەری بەناوبانگ جواد علي یەکەم کەسە، کە تێبینی ئەم بەکارهێنانە پاساوگەریە (الاستخدام التبريري)ی ریشەو رەچەڵەکی کوردی کردووە لەو ناکۆکیەدا. بڕوانە: م.ن، ج١، ص ٤٩٨.

[١٧٨] الهمداني: الأكليل، ج١، ص ٨٤.

[١٧٩] الطبري: م.س، ج٤، ص ٤٤٩.

[١٨٠] عمرو مزيقياء بن عامر ماء السماء بن حارثة الغطريف بن أمرء القيس الأزدة، دوای تێکشکانی بەنداوی مەئرەب بەرەو باکوور رۆیشتن، ناونراوە **مزيقياء** چونکە هەموو رۆژێك **جلێکی** حلەیەکی نوێی دەدڕاند، دەشوترێت بۆیە بەوە ناونراوە چونکە خوا پارچەپارچەی کردوون مزقهم. إبن دريد: الأشتقاق، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، القاهرة: ١٩٥٨، ص٤٣٥. إبن حمدون: التذكرة الحمدونية، تحقيق: إحسان عباس و بكر عباس، بيروت: ١٩٩٦، مج٧، ص ٣٧١.

هەولێرنامەی کتێب

هەواڵگێڕەوە (الأخباري)یەوە ئەم گێڕانەوەیان هێناوەو باسیان کردووە[١٨١]، سەرەڕای ئەوەی، کە لەبارەی ریشەی قەحتانی کوردەوە زۆر گێڕانەوەی تر هەن[١٨٢]، بەڵام أبو الیقظان لافی ئەوەی لێدەدا، کە کورد لە عەدنانیەکانەوە بەتایبەتیش لە کرد بن عمر بن عامرەوە هاتوون[١٨٣]. هەروەها مەسعودی ئاماژە بە چەند گێڕانەوەیەکی عەدنانی سەردەمی خۆی دەکات، کە دیارترینیان ئەوەیە رەچەڵەکی کورد دەباتەوە سەر مضر بن نزار یان ربیعة بن نزار.[١٨٤] بەڵام ئەوەی لەناو خەڵکدا زۆر باو بوو و لە هەموو رەچەڵەکەکانی دی بەڕاستتریان دەزانی ـ بەپێی وتەی ئەم مێژوونووسە ـ ئەوەیە، کە کورد نەوەی **ربیعة بن نزارن**[١٨٥].

ئەم گێڕانەوە جیاوازانەو ئەو بۆچوونانەی لێیانەوە شێوەگیردەبن، پەیوەستن بە قۆناغی یەکەمی زانینی ئیسلامیەوە، کە قۆناغی پەرەسەندن یان دامەزراندنە، مێژوونووسەکانی دوای ئەمانیش ـ وەك ئەوەی، کە راهاتبوون ـ ئەم گێڕانەوانەیان دەگواستەوە بەبێ رەچاوکردنی ئەو گۆشەنیگایەی ئەم گێڕانەوانەی لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا شێوەگیرکردبوو، یان بێئەوەی بێن بەپێی سەردەمەکەی خۆیان، کە زانین بە کورد پەرەی سەندبوو و بۆچوونی نوێ دروست بوو بوو، ئەو گۆشەنیگایە بگۆڕن.

هەواڵنامەی کتێب

---

[١٨١] إبن درید: جمهرة، ج٢، ص ٢٥٥. الجوالیقي: م.س، ص ٣٣٢. إبن خلكان: م.س، ج٥، ص ٣٥٧-٣٥٨. إبن منظور: لسان العرب: مج ٣، ص ٢٣٩. المقریزي: السلوك، ج١، ص ١٠١.

[١٨٢] إبن خلدون: تأریخ إبن خلدون، ج٥، ص ٣٢٦. المقریزي: م.ن.ص. هەروەها: المواعظ والأعتبار، ج٢، ص ٢٣٢.

[١٨٣] إبن درید: جمهرة، ج٢، ص ٢٥٥. الجوالیقي: م.ن.ص. الأنصاري: م.س، ٢٥٥. النویري: م.س، السفر الثاني، ص ٢٩٠.

[١٨٤] عمرو بن عامر بن ربیعة بن صعصعتیە ـ بەپێی رەچەڵەکناسەکان ـ رەچەڵەکەکەی دەگەڕێتەوە سەر عەدنانی باپیرەگەورەی عەدنانیەکان. إبن حزم: م.ن، ص٢٦٩. یاقوت الحموي: المقتضب من كتاب جمهرة النسب، تحقیق: ناجي حسن، بیروت ١٩٨٧، ص ١٣٨، ١٥١.

[١٨٥] ئەمانە دوو بران، رەچەڵەکیان دەچێتەوەسەر عەدنان. البلاذري: أنساب الأشراف، ج١، ص٢٠، ٢٨. إبن حزم: م،ن، ص ١٠

لەلایەکی ترەوە، هەریەك لەم گێڕانەوانەو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی، کە بیرکردنەوەو گۆشەنیگای ئەم مێژوونووسانە سنووربەنددەکات، شوێنێکیان دەدا بەکورد، کە شوێنی راستەقینەی خۆی نەبوو، بەڵکو شوێنێك بوو مێژوونووس دەیویست و بۆ لێدانی ئەوانی دی یان بۆ دروستکردنی بۆچوونێك لەبارەی کوردەوە پێویستی پێی بوو، یاخود بۆ بە عەقڵانیکردنی گێڕانەوە مێژووییەکانی، کە هەردوو حاڵەتەکەی تر لەخۆ دەگرێت.

## مەبەستگەرایی گێڕانەوەکان و دیالێکتیکی ئێمە و ئەویتر

ئێمە لەوە گەیشتین، کە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا جیاوازی هزری لەبارەی ریشەی کوردەوە هەبوو، هەر لایەك هەوڵی دەدا لە بەرهەمهێنانی زانینی مێژوویی تایبەت بەخۆیدا ئەم جیاوازیە هزریەو لەناویدا بۆچوونی خۆی لەبارەی ریشەی کوردەوە بەرجەستە بکات. لەم بارەدا ئەو گێڕانەوانە قۆستنەوەی کوردن بۆ بەرژەوەندی ئێمەی رکابەر لە بەرامبەر ئەویتر ی نزیکدا، واتە ئەو ئێمەیەی، کە مێژوو تۆماردەکات، رەچەڵەك دروستدەکات و دەیەوێت کورد بناسێنێت، بەڵام نەك تەنها لەپێناو زانینێکی پوختدا، واتە نەك لەپێناو کورددا وەك بابەتێك بۆ زانین، هەرچەندە ناتوانین لەم هەوڵانەدا نکوڵی لەم رەهەندە زانینە ـ با ئەفسانەیش بێت ـ بکەین، بەڵام ئەم دەیویست بەمە لەبەرامبەر ئەوی تردا، کە لەگەڵیدا لە ململانێی راستەوخۆدابوو ململانێی فارسی ـ عەرەبی، ململانێی قەحتانی ـ عەدنانی لەسەر پێی خۆی رابووەستێت. لە زۆربەی ئەو گێڕانەوانەدا، کە پەیوەستن بە ریشەی کوردەوە دوالیزمێکی دیار هەیە، کە بریتیە لە دوالیزمی کوردی پابەند و کوردی ناپابەند پێمانەوە. ئەوەی تەحەکوم بەم دوالیزمە دەکات بریتیە لە پەیوەندی نێوان ئێمەی بگۆ، کە بەپێی رۆشنبیریی و ئینتیماکانمان مێژوو دەنووسینەوەو ئەویتر، کە لە رۆشنبیریی و ئینتیمادا لێمان جیایەو بەپێی پێدراوەکانی خۆمان لێیتێدەگەین[١٨٦]. بەڵام لەبەرئەوەی

[١٨٦] چەمکی ئێمە و ئەویتر دوو چەمکن، کە لەمرۆدا پانتاییەکی فراوانی هزری فەلسەفی و زانستە مرۆڤایەتیەکان پێك دەهێنن و گوزارشت لەو پەیوەندیانە دەکەن، کە لە نێوان کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکاندا هەن. ئێمە، کە ـ زۆربەی جار ـ دەچینەوە سەر رەگەزێکی دیار عرق متمیزو ◄◄

کایەی ئیسلامی بەوە جیادەکرێتەوە ـ، کە لەیەککاتدا ـ هەم یەکێتی و هەم جیاوازیشی تیایە، بۆیە ئاساییە لە کەناڵێکی رۆشنبیری زیاتر هەبێت، کە نوێنەرایەتی زیاتر لە ئێمەیەك بکات و هەریەکەیان کار لەسەر دروستکردنی ئەویترێك بکات بۆخۆی. ئەوەی لە چارەسەرکردنی ریشەی کورد لەم بووارەدا هەستمان پێکرد، ئەوەیە، کە هەرلایەك هەوڵدەدات ئەوە دەربخات، کە کورد لە یەککاتدا هەم سەربەئەوەو هەم لێشی جیاوازە، کورد بەشێکن لە ئێمەی فارس یان عەرەب، قەحتانی یان عەدنانی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەوان بەتەواوی وەك ئێمەن و لە هەموو روویەکەوە لە ئێمە دەچن، بۆیە سەرەڕای ئەوەی کورد بەشێکن لە ئێمەی دروستکەری مێژوو، بەڵام پەیوەندیان بە ئێمەوە تەنها لە رابردوودا بووە، ئەوان بەشە دەرکراو یاخود راکردووەکەی ئێمەن بۆ چیاکان و لەوێ سروشتیان گۆڕاوەو بوونە کێوی و لە شارو ئاوەدانی نزیك نابنەوە[187]. واتە ئەوان لایەنێکن لە لایەنە گۆڕاو و کێوییبووەکانی ئێمە، ئەوان ئەویتری ناوەکی (الاخر الداخلی)ی ئێمەن بەبێ ئەوەی ئەمە مانای دەستهەڵگرتن بێت لە ئینتیمای کورد بۆ ئێمە، چونکە لە ئێستادا ئەویتری دیکەشمان هەیە، کە لەسەر ئینتیمای کورد رکابەریمان دەکەن. لەبەرئەمە کورد ئەو ئەویترەمانە، کە بەپێی دەرککردن و چوارچێوەی تایبەتی تێگەیشتنمان وێنەمان کێشاوە. بەکورتی هەرلایەك دەیەوێت بەو حیکایەتەی، کە دروستی دەکات پێ لەسەر ئەوە دابگرێت، کە کورد ئەویتری ئەوانی هزر جیاوازو رکابەری کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئیداری ئێمە نییە، بەڵکو ئەویترێکن، کە هەرچەند لە ئێستادا لێمان جیاوازن، بەڵام لە رابردوودا سەربەئێمە بوون.

---

پاشخانێکی رۆشنبیری تایبەتمان هەیە، بە ئاگاییەوە لەگەڵ ئەویتری جیاواز لێمان لەڕووی رۆشنبیریی و رەگەزییەوە مامەڵەدەکەین، ئەم مامەڵەیە زیاتر گوتراوەکانمقولاتی دەرککردن و بۆچوونەکانی ئێمە پێکیدەهێنێت، نەك حەقیقەتی ئەویتر خۆی. لەبارەی ئەم دوو چەمکەوە زۆر تۆژینەوەی گرنگ هەن، بۆنموونە بگەڕێوە بۆ: تزیفیتان تودوروف: نحن والآخرون، ت: ربى حمود، دمشق:١٩٩٨. لبيب المحرر: صورة الآخر. ص ص ٤٥ — ٤٨.

[187] إبن قتيبة: م.س، ص ٢٧٠. ابو حنيفة الدينوري: م.س، ص٥. المسعودي: مروج، مج١، ص ٤٣٥.

بەم جۆرە کردەی بە ئەویترکردنی کورد سەبارەت بەم لایەنە ناکۆکانەو دوای ئەمان سەبارەت بە مێژوونووسەکان، پرۆسەیەکی قورس و وردەو زانینی مێژوویی بە سادەترین دەربڕین و قووڵترین مانا گوزارشتی لێدەکات و دەیەوێت بەمە مۆرکێکی ژیرانەو ماقوڵ بدات بەم پرۆسەیەو ئەو پەیوەندیانەی لێیەوە بەرهەمدێن، وەك ئەم زانینانە.، کە دەڵێین مۆرکێکی ژیرانەی پێدەدات، مانای ئەوە نییە لەڕووی دروستبوون و بوونیاتەوە نەفی ئەفسانەییبوونی گێڕانەوەکان دەکەین. ئەم گێڕانەوە هەڵبەستراوانەو ئەوەی لە زانینی مێژووییدا لەبارەی ئینتیمای سەراپایی کۆمەڵە مرۆییەکانەوە باسکران، بەڵگەیەکی روونن لەسەرئەوەی، کە لە کایەی ئیسلامییدا سنوورێکی دیار لەنێوان ئەفسانەو مێژوودا دانەنراوە. واتە لە تۆمارکردنی مێژووداو لێرەشدا لە تۆمارکردنی رەچەڵەکدا رەهەندێکی ئەفسانەیی بەسەر گۆشەنیگای عەقڵانی و میتۆدی رەخنەییدا زاڵە، ئەم گێڕانەوانە لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێن، کە توێژینەوە هاوچەرخەکان لەبارەی ریشەی کوردەوە دەیڵێن. لە راستیشدا مێژوونووسەکانی ئەوکاتە نەیاندە توانی ریشەی راستەقینەی میللەتەکان بزانن و پەی بە زنجیرەی هۆکارو ئەنجامەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵە مرۆییە جیاوازەکان ببەن، ئەوان بەڵگەو هۆکاری زانستیی پێویستیان لەبەردەستدا نەبوو، بیرۆکەکان مۆرکی لێکۆڵینەوەی زانستیان وەرنەگرتبوو، کە لەسەر بناغەیەکی جێگیرو پتەو دامەزرابن و ئەزموون بکەنە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە راستی[188].

ئەفسانەیی بوونی ئەم گێڕانەوانە لەبارەی کوردەوە لەوەدایە، کە پەیوەستە بە ریشە یاخود یەکەم سەرهەڵدانی ئەم کۆمەڵە مرۆییەوە، ئەمەش دەکەوێتە دەرەوەی مێژووەوەو لە یادەوەری مرۆڤدا ـ، کە سەرچاوەی سەرەکی مێژووی کۆنە ـ نامێنێتەوەو ناتوانێت بیپارێزێت، ئەگەرچی سوودی بۆئەو کۆمەڵەیەش هەیە. ئاشکرایە ئەفسانە لەوێوە دەستپێدەکات، کە مێژوو ناتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر رووداو و کەسەکاندا بسەپێنێت و بییانکاتە واقیعیی، ئەرکی ئەفسانە، بەتاڵکردنەوەی مێژووە لە واقیع و

---

[188] بڕوانە: محسن محمد حسين: الكُرد و بعض مصادر تأريخهم الإسلامي، مجلة كاروان ـ القافلة، بغداد: ١٩٨٤، ع ٢٤، ص ١٣٨. أحمد عثمان ابوبكر: ذكر الأكراد وأصولهم في كتابات المسلمين الأوائل، مجلة المجمع العلمي العراقي ـ الهيئة الكردية، مج ١٣ لسنة ١٩٨٥، ص ٣٦٣.

پڕکردنەوەیەتی بە سروشت[١٨٩]، کرۆکی ئەفسانە، سەرچڵیەکی هزریی مرۆڤە بە مەبەستی کەشفکردن و زانینی حەقیقەتی سەرسوڕهێن، ئەفسانە شێوازێکە لە زانین، بۆ کەشفکردن و گەیشتن بە راستیەکان بەمەبەستی لێکدانەوەی جیهان و تێگەیشتن لە دیاردەکانی و رازیبوونی مرۆڤ پێی[١٩٠]. بەڵام ئەمەش مانای دامالینی رەهەندی مێژوویی نییە لە حیکایەت و گێڕانەوە ئەفسانەییەکان، چونکە ئەفسانە، هەرچەند هی قۆناغی پێش مێژووی واقیعییە، بەڵام گوزارشت لە بۆچوونێکی دیاریکراو دەکات سەبارەت بەو مێژووەو بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە سەبارەت بە ژیان و ئەو مەسەلەیەی ئەفسانەکە چارەسەری دەکات و لێیدەدوێت.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت، کە ئەفسانەیی بوونی ئەو گێڕانەوانەو دووربوونیان لە ریشەی کوردەوە بسەلمێنین، بەڵکو دەمانەوێت لەو سیاقەدا، کە مێژوونووسەکان دروستیانکردووە مەعقولیەتی ئەم گێڕانەوانە دەربخەین. لێرەدا مەعقولیەت ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا وەسفی شتەکان دەکات و هەواڵەکانیان دەگێڕێتەوە[١٩١]. رەچەڵەکناس و مێژوونووسە کۆنەکان و.. بڕوایان بە راستی و مێژوویی بوونی ئەو گێڕانەوانە کردبوو، کە لەبارەی ریشەی کوردەوەن، واتە باوەڕیان وابوو دەشێ لەڕووی مێژووییەوە هەبن و توانست إمکانی بوونیان هەیە، ئەگەرچی لە روانگەی ئەمڕۆوە بە ئەفسانە دادەنرێن. بە بۆچوونی ئێمە ئەم مێژوونووس و رەچەڵەکناسانە لەوێوە بڕوایان بە مەعقولیەتی ئەم گێڕانەوانە هێنابوو، کە کۆمەڵێك هەواڵی کاتەکیی بەدوای یەکداهاتوو (اخبار زمنية متسلسلة) دەگێڕنەوەو[١٩٢] بەلایانەوە ئەمە بەڵگەبوو لەسەرئەوەی، کە ئەم بابەتە راست و بەڵگەدارە[١٩٣]. ئەگەر لە

---

[١٨٩] رولان بارت: الأسطورة اليوم، ت: حسن الغرفي، بغداد: ١٩٩٠، ص ٨٦.

[١٩٠] فراس السواح: مغامرة العقل الأولي ـ دراسة في الأسطورة، بيروت: ١٩٨١، ص ٩، ١٧. بير غريمال: الأسطورة والأنسان، ت: فاضل السعدوني، مجلة الثقافة الأجنبية، ع٢، بغداد: ١٩٩١، ص ٣٩.

[١٩١] العظمة: الكتابة التأريخية، ص ٩.

[١٩٢] بگەڕێوە بۆ دەقی گێڕانەوەکان لای: المسعودي: مروج، ج١، ص ٤٣٥ – ٤٣٦. التنبيه والإشراف، ص ٩٥.

[١٩٣] بڕوانە: أركون: الفكر الإسلامي، ص ٣٥.

بەشە راستەقینەکەی ئەم گێڕانەوانە بکۆڵینەوە، یاخود ئەگەر هەوڵماندا لە ناو سیستەمی وێناکردنە تایبەتەکانی دروستکەری ئەم گێڕانەوانەوە رەهەندەکانی ئەو وێناکردنە کەشفبکەین، کە لەسەر ئەم گێڕانەوانە دامەزراوە، دەبینین لەوێدا راناوەستێت، کە ریشەی کورد بچەسپێنێت و لەمیانەی پشتبەستن بە بەدوای یەکداهاتنی رووداوەکاندا شەرعیەت بدات بەو ریشەیە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەدا واقیعێکی کۆمەڵایەتی تایبەت وێنادەکات، کە واقیعی کوردو سروشتی پێکهاتنیەتی و بەمە لە شێوەگیرکردنی بۆچوونەکاندا لەبارەی نەتەوەو میللەتە جیاوازەکان بە کوردیشەوە، گوزارشت لە نەزعەی سەنترالیزم دەکات.

لێکچوونی ئەنجامی گێڕانەوەکان و ئەوەی بەڕوونی وێنای سروشتی کورد دەکات، ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئێمە بۆی چووین، بەجۆرێك، کە دەتوانرێت بووترێت رایەڵێك هەیە ئەو چوارچێوە جیاوازانە بەیەکەوە دەبەستێت، کە لەبارەی ریشەی کوردەوەن ریشەی ئیسرائیلی، ریشەی فارسی، ریشەی عەرەبی وەك لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێت:

| ریشەکان / رەوتی رووداوەکان | ریشەی ئیسرائیلی | ریشەی فارسی | ریشەی عەرەبی |
|---|---|---|---|
| رووداوی سەرەکی | جووتبوونی شەیتان لەگەڵ کەنیزەکانی سلێمان پێغەمبەر | زوحاك و ستەمکاریەکانی لەسەر زەوی | ململانێی خێڵەکی یان تێکشکانی بەنداوی مەئرەب |
| گێڕانەوەی رووداوەکە | دەرکردنی لەدایکبووەکان بۆ چیاکان | شاردنەوەی رزگاربووەکان لە چیاکاندا | کۆچکردنی هەندێك هۆز بۆ چیاکان |
| ئەنجامی رووداوەکە | بەکوردکردن دەرکەوتنی کورد | کێوویبوون و دوورکەوتنەوە لە ئاوەدانی دەرکەوتنی کورد | بەعەجەمبوون و دراوسێیەتی شارنشینەکان دەرکەوتنی کورد |

هێڵکاری لەیەکچوونی گێڕانەوەکان لەبارەی ریشەی کوردو نیشتمانەکەیانەوە

هەواڵنامەی کتێب

لە هێڵکاریەکەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە کورد لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا دوای ڕووداوێکی سەرەکی، پەنا دەبەن یاخوود دەردەکرێن بۆ شاخەکان و لە شارەکان دووردەکەونەوە. واتە مێژوونووسەکان لە سروشتی کوردو چیانشینیی کوردەوە پێوەرێکی سەرەکیان وەرگرتووە بۆ دانانی بۆچوونەکانیان لەبارەی ڕیشەی کوردەوە. ئەگەرچی مێژوونووسەکان لەبارەی سەرەتای دەستپێکردنی کوردەوە ڕێکنەکەوتون، بەڵام لە هەموو بارەکاندا ڕەگەزە مرۆڤێك دەردەکەوێت، کە چیانشینن و لە ئاوەدانیەوە دوورن.

مەبەستمان لە نەزعەی سەنترالیزم لە شێوەگیربوونی بۆچوونەکاندا نەمانی جیاوازییە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا، بۆیە وێناکردنی ڕیشەی کورد بەم شێوەیە دەبێتە مایەی دروستبوونی سیستمێك لە پەیوەندی، کە گێڕانەوە مێژووییەکان تێدەپەڕێنێت و ئەو پەیوەندییانە لە دەوری ئەوەدا کۆدەبنەوە، کە پێی دەوترێت پەیوەندی ناوەند بە دەوروبەرەوە، چونکە لێرەدا ناوەندێکی دەسەڵاتخوازمان هەیە بۆ ناسینی ئەوەی ئەو بە دەوروبەری خۆی دایدەنێت، کۆمەڵێك زانینی تایبەت بەرهەم دەهێنێت. لێرەدا ناوەند، لەبەرئەوەی ناوەندێکی دەسەڵاتخوازە، پێویستی بە ناسینی دەوروبەرە وەك بووارێکی زیندوو بۆ فراوانکردنی فەرمانڕەوایی و مومارەسەکردنی تواناو دەسەڵاتی خۆی. کەواتە ناسینی ڕیشەی کوردو جەختکردنەوە لە دەوروبەری بوونی کورد، پێویستیەکی دەسەڵاتەو دەیەوێت لە ڕێگەی ئەمەوە سەنترالیزمی خۆی بچەسپێنێت بە مەبەستی قۆرخکاریە ڕامیاری ـ ئابوورییە ـ زانینەکان و پەراوێزخستنی دەوروبەر ـ، کە لێرەدا کوردن ـ و سەپاندنی گۆشەنیگای سەنتەر بەسەریاندا. لێرەداو لە سەردەمی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەکاندا، لەبەرامبەر ڕووە ڕەسمی و یاسایی و شارستانیەکەدا، کە لەڕووی ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەوە دەستەبژێرێکی باڵادەستن، کورد بریتییە لە ڕووە کێوییەکە[194].

---

[194] لێرەدا سوودمان لە هەندێ بۆچوونی بیرمەند موحەمەد ئەرکون بینیووە، کە لەبارەی سەنتەرو دەوروبەر لە کایەی ئیسلامیدا دەریبڕیوە. سەنتەر بریتییە لە پێکهاتەی دەوڵەت و دەستەبژێری خوێندەوارو ڕۆشنبیریی ڕەسمی، دەوروبەریش بریتییە لە کۆمەڵگە خێڵەکیە بەشبەشەکان و ئاستێکی نزمی ڕۆشنبیری. أركون: قضايا في نقد العقل الديني ـ كيف نفهم الإسلام اليوم؟، ت: هاشم صالح، بيروت ١٩٩٨، ص ٧٨ — ٧٩.

## هەڵوێستی کورد لە ریشەی خۆی

ئایا هەڵوێستی کورد بەرامبەر ئەم گێڕانەوانە چییە؟ کورد چۆن ئەم گێڕانەوانەیان لەبارەی ریشەی خۆیانەوە وەرگرتووە؟ مەسعودی، بەڕوونی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، ئەو پێی وایە، کە کورد خۆیان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە دروستکردنی ئەم گێڕانەوانەو برەوپێدانیاندا بەشدارییانکردووە. بەپێی ئەوەی مەسعودی باسیدەکات کورد رازیبوون لەسەر هەڵبژاردنی رەچەڵەکی عەرەبی بۆخۆیان[195] و ئەوەیان هەڵبژاردووە، کە بچنەوە سەر لقی عەدنانی. لەسەردەمی ئەم مێژوونووسەدا هەندێك لە خێڵەکانی کورد لافی ئەوەیان لێدەدا، کە لە ربیعة بن نزارەوە هاتوون، هەندێکی تریش دەچنەوە سەر مضر بن نزاری برای[196]، هەندێکیشیان پێوان وایە، کە لە ربیعەو پاشان لە بکر بن وائلن،[197] یان دەچنەوە سەر رەچەڵەکە هەڵبەستراوەکان (الملفقة)ی تر، کە هەموویان لە عەدنانندا کۆتاییان دێت. ئەوەی بەڵگەیە لەسەر رازیبوونی کورد بە رەچەڵەکی عەرەبی ئەوەیە هەندێکیان خۆیان دەبردەوە سەر کەسانێك، کە مەسعودی گوتەنی، نەوەیان لەدوا بەجێنەماوە[198]. لە سەردەمی دوای ئەم مێژوونووسەشدا هەندێك لە کوردەکان هەوڵی ئەوە دەدەن رەچەڵەکی عەرەبی ـ عەدنانیی دیکە بۆ خۆیان دابنێن، وەك خۆبردنەوە سەر بنەماڵەی ئەمەوی، کە لەو رۆژگارەدا لە هەندێك ناوەندی کوردیدا باوبووە[199].

ئەم هەڵوێستی خۆبردنەوە سەر عەرەب لەلایەن کوردەوە، بەپێی ئەوەی وڵاتناس (البلدانیون) و مێژوونووسەکان باسیانکردووە ـ بەلایەنی کەمەوە ـ لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زایینییەوە سەریهەڵداوە[200]، کە دەکاتە

---

[195] مروج الذهب، ج١، ص ٤٣٦.

[196] ە. س، ە. ل.

[197] التنبیه والأشراف، ص ٩٤.

[198] هـ. س، ە. ل.

[199] بۆ نموونە بڕوانە: العمري: مسالك الأبصار، ج٣، ص ١٣١. المقریزي: السلوك، ج١، ص ١٠١. المواعظ والإعتبار، ج٢، ص ٢٣٢.

[200] الأصطخري: المسالك الممالك، لیدن: ١٩٢٧، ص ١١٥. المسعودي: مروج، ج١، ص ٤٣٦. إبن حوقل: صورة الأرض، ص ٢٦٩.

سەرەتای دەرکەوتنی دیاردەی پێکهێنانی کیانە رامیارییەکان بۆ کورد لە هەرێمەکانیاندا. لەم کاتەدا لەلایەن ئەوانەوە، کە مەسعودی بە شارەزایانی کورد ناویان دەبات، برەودان بەم ریشە دروستکراوە المنتحل دەستیپێکرد[٢٠١]. ئەمانە ـ لەو کاتەدا ـ نوێنەرایەتی دەستەبژێری کوردیان دەکرد و بەزمانی عەرەبی دەدوان و چووبوونە ریزی ئەو دەستەبژێرە روناکبیرەی کایەی ئیسلامییەوە، کە گرنگیان بە هەموو زانینەکان دەدا، یەکێك لەو زانینانەش ریشەی میللەت و نەتەوەکان بوو. بێگومان ئەم دەستەبژێرەی کورد هەستیان بەوە کردبوو،کە خۆبردنەوەسەر عەرەب دینامیکیەتی رامیاری و سوودی کۆمەڵایەتی زۆری هەیە بۆگەیشتن بە پلەوپایە لای چینە دەسترۆیشتووەکەی دەسەڵاتی باڵا، بۆیە هیچ لەوە دوودڵ نەبوون، کە لەبارەی ریشەیانەوە لە پێدراوە عەرەبیەکاندا بتوێنەوەو هەوڵی ئەوە بدەن خۆیان بە عەرەبەوە بلکێنن. واتە ئەمان لە میانەی ئەویتری عەرەبی و پێدراوەکانیەوە هەستیان بە ماهیەتی خۆیان دەکرد.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بمانەوێت لە هۆکارەکانی کاریگەری و کارلێککردن، یان لەو هۆیانە بکۆڵینەوە، کە پاڵیان بە کوردەوە ناوە لەناو رەچەڵەکەکاندا رەچەڵەکی عەرەبی ـ عەدنانی پەسەند بکەن، ئەوا سەرچاوە مێژووییەکان بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتی ئەو پاڵنەرانەی وایانکردووە کورد ئەم رەچەڵەك یان ئەو رەچەڵەك وەربگرن، کۆمەڵێك زانیاریی باشمان پێدەبەخشن. وادیارە هەڵبژاردنی رەچەڵەك لای کورد بە کاریگەری خێڵە عەرەبیە عەدنانیەکان بووە، کە هاتوونەتە کوردستان، بە تایبەتی ناوچەی جزیرەو شارەزوورو تیایدا نیشتەجێبوون[٢٠٢]. کوردیش لە رێگەی پەیوەندی خزمایەتیەوە پێوەیان بەستران و ئەمەش رێگەی پێدەدان رەچەڵەکی خۆیان بەرنەوە سەر ئەوان و بچنە ناویان و لە سەرمایە رەمزیەکەیاندا بەشداربن.

---

[٢٠١] التنبيه والإشراف، ص ٩٤.

[٢٠٢] الأزدي: تأريخ الموصل، ص٣١٣، ٣١٥، ٣٣٢-٣٣٣. الهمداني: صفة جزيرة العرب، تحقيق: محمد بن علي الأكوع، صنعاء: ١٩٨٣ ص٢٧٥-٢٧٦. إبن حوقل: صورة الأرض، ص١٩٥. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: محمود ياسين التكريتي: الدور السياسي للقبائل العربية في بلاد الشام والجزيرة الفراتية، بحث منشور في مجلة آداب الرافدين، الموصل: ١٩٧٦، ع٧، ص١٦٧-١٦٩.

بەنو شەیبان (بنوشیبان)[٢٠٣] لەو خێڵە عەرەبیە عەدنانیانەن، کە هاوسێیەتی کوردیان کردووەو پەیوەندی جۆراوجۆریان لەگەڵدا بەستوون، ئەم خێڵە هاتوونەتە شارەزوورو هەندێك ناوچەی جزیرەی فورات و تیایاندا نیشتەجێبوون و تا ناوچەی خوراسان تەنها کورد لەگەڵیاندا ژیاوە[٢٠٤]، کۆمەڵێك پەیوەندی رامیاری و ئابووری و خزمایەتی کۆمەڵایەتی هەردوولای پێکەوە دەبەست[٢٠٥]. جگە لەمە کورد لەگەڵ ئەمەویە عەدنانیەکاندا پەیوەندییان هەبووە، لە دووتوێی سەرچاوەکاندا ئەو ئاماژەیە دەبینین، کە کورد مەیلی بۆ هەندێك لە خەلیفەکانی بەنی ئومەییە (بني أميَة) هەبووە[٢٠٦]، هەروەها دایکی مەروانی کوڕی موحومەد ١٢٧-٢٣٢ك/٧٤٤-٧٤٩زی دواخەلیفەی بەنی ئومەییە لە ولاتی شام، کورد بووە[٢٠٧]، کە ئەمەش مایەی گاڵتەپێکردنی عەرەب بووە[٢٠٨]. بەڵام ئێمە ئەوە بەدوور نازانین، کە ئەم خزمایەتیە رۆڵی هەبووبێت لەوەدا، کە بەشێك لە کورد خۆیان بەرنەوە سەر ئەم خێزانە. هەروەها

---

[٢٠٣] بەنو شیبان: تیرەیەکن لە تیرەکانی خێڵی بەکری کوڕی وائیل، کە لە خێڵەکانی رەبیعەی عەدنانین. لە رووداوە رامیارییەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە. إبن حزم: جمهرة، ص ٣٠٢. إبن الأثير: اللباب، ج٢، ص ص ٣٦-٣٧. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: محمود عبدالله إبراهيم العبيدي: بنو شيبان و دورهم في التأريخ العربي الإسلامي حتى مطلع العصر الراشدي، بغداد: ١٩٨٤.

[٢٠٤] الهمداني: م.س، ص ٢٤٧. كذلك، مؤلف مجهول: العيون والحدائق في اخبار الحقائق، تحقيق: نبيلة عبدالمنعم داود، النجف الأشرف: ١٩٧٢، ج٤، ق ١، ص ١٣٩.

[٢٠٥] الطبري: م.س، ج٩ ص٣١٧. مسكويه: تجارب الأمم: ج٢، ص ٣٩٨. إبن الأثير:: الكامل، ج٨، ص ٧٠٢. مؤلف مجهول: م.ن، ج ٤، ق ٢، ص١٩٨-١٩٩.

[٢٠٦] لوهراني: منامات الوهراني ومقاماته ورسائله، تحقيق: إبراهيم شعلان و محمد نعش، القاهرة: ١٩٦٨، ص ٥٤-٥٥. الذهبي: تأريخ الإسلام و وفيات المشاهير والإعلام، حوادث ٦٥١-٦٦٦هـ، بيروت: ١٩٩٩، ص ٩٣. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم پەیوەندیە گەرمەوە بگەڕێوە بۆ: عزت: الكُرد في صدر الإسلام، ص١٢٥-١٣٠.

[٢٠٧] البلاذري: أنساب الأشراف، ج٩، ص ٢١٧. المقدسي: البدء والتأريخ، ج٢، ص ٢١٦. الطبري: م. ن، ج٧، ص ٤٤٧. إبن حبيب: م. س، ص ٣٢. الكازروني: مختصر التأريخ، تحقيق: مصطفى جواد، بغداد: ١٩٧٠، ص ١٠٥.

[٢٠٨] المقدسي: م. س، ص ٣٢.

کورد لەگەڵ بەنی حەمداندا[٢٠٩] پەیوەندییان هەبووە، کە فەرمانڕەوایی هەندێك ناوچەی کوردیان کردووەو لەگەڵ کورددا پەیوەندی رامیاری و کۆمەڵایەتی بەهێزیان بەستووە[٢١٠].

کارەکە هەرچۆنێك بێت، گەڕاندنەوەی رەچەڵەکی کورد بۆ عەرەب وا لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە دەکات، سەبارەت بەکورد پەیوەندی یەکگرتن و تێکەڵبوون بێت، کە بەرژەوەندییەکی کاتیی لە پشتەوەیە. ئێمە پێمانوایە کورد هەمان ئەو مەغزایەیان نەداوە بە رەچەڵەکە عەرەبییەکەیان، کە رەچەڵەك و رەچەڵەکگەری لەکایەی عەرەبیدا هەڵیدەگرت و جەختی لە جیاکاری و جیاوازی دەکردەوە، بەڵکو کورد هەوڵیاندەدا لە رێگەی وەرگرتنی ئەو رەچەڵەکانەوە جیاوازی خۆیان لەگەڵ ئەویتری فەرمانڕەواو باڵادەست لەڕووی رامیاری و ئاینی و رۆشنبیرییەوە کەم بکەنەوە. جەختکردنەوە لە ریشەی عەرەبی جۆرێکە لە هەستکردن بە ئینتیما بۆ ئەو کۆمەڵە مرۆییە تایبەتەی، کە شادەماری ئوممەت ـ دەوڵەتی ئیسلامی پێکدەهێنن. سەبارەت بەکورد ئەم رەچەڵەك دروستکردنە بە قۆناغێکی گرنگ لە قۆناغەکانی موسڵمان بوون و تەماهیکردن لە عەقیدەدا دادەنرێت. لەو کاتەدا خۆبردنەوە سەر عەرەب پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکەی بەرزدەکردەوە، بۆیە وەرگرتنی ریشەی عەرەبی لەلایەن بەشێك لە کوردەکانەوە دەمانخاتە بەردەم قۆناغێکی نوێ لە قۆناغەکانی دروستبوونی کورد و پێکهاتنیان و گەڕان بەدوای خوددا لەناو پێدراوەکانی ئەویتری باڵادەست و یادەوەریە مێژووییەکەیدا. واتە ئەم هەوڵدانە وەك هێنانەئارای جۆرە مێژوویی بوونێکی کەسێتی کوردیە تا بێتە ناو بارە نوێیەکەوە، بەو پێیەی کردەیەکی ئاگایانەیە بۆ

[٢٠٩] حەمدانیەکان: تیرەیەکن لە تیرەکانی بنی تغلب بن وائلی عەدنانی، رەچەڵەکیان دەچێتەوە سەر ربیعة بن نزار، لەنێوان ساڵانی ٢٩٣-٣٩٢ ك / ٩٠٥-١٠٠١ ز فەرمانڕەوایی موسڵ و حەڵەب و زۆر ناوچەی کوردییان لە هەرێمی جزیرە کردووە. السمعاني: الأنساب، ص١٠٧. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەیانەوە بگەڕێوە بۆ: فیصل السامر: الدولة الحمدانية في الموصل وحلب، بغداد ١٩٧١، ج١، ص ص ٣٨-٤٤.

[٢١٠] القرطبي: صلة تأريخ الطبري، تحقيق: محمد ابوالفضل إبراهيم، القاهرة: ١٩٨٢، ص ٤٤. التنوخي: الفرج بعد الشدة، تحقيق: عبوود الشالجي، بيروت: ١٩٧٨، ج٢، ص ١٧٠. مسكويه: تجارب، ج١، ص ٢٩٢-٢٩٣.

دیاریکردنی ماهیەتیان بەپێی ئەویتر و زانینە مێژووییەکەی و پاشان تێکەڵبوونە لەگەڵ ئەو ئەویترەو بەشداریکردنیەتی لە ئەندێشەیدا (مخیاله).

لەوەی باسکرا ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە توانەوەی کوردەکان لە ریشەی عەرەبیدا هەوڵێکە بۆ دەرچوون لە پەراوێزو چوونە پاڵ ئەو بووارەی، کە دەسەڵاتی ناوەندیی خاوەن رەهەندی ئاینیی تێدایە. بۆیە دەتوانرێ بووترێت ئەم هەوڵەی کورد رەهەندێکی رامیاریشی هەیەو دەیەوێت بەهۆیەوە لە جەرگەی رووداو و دەسەڵاتە رامیارییە جیاوازەکاندا شەرعیەت بدات بە دەسەڵاتی کوردی و بوونی کورد، لێرەدا پرۆسەی رەچەڵەکگەری کردەیەکی کوردانەیە، کە دەستە خوێندەوارەکە بە ئاگاداری و ئاگاییەوە لەهەوڵێکدا بۆ سەلماندنی بوونیان و دەستەبەرکردنی دانان بە شەرعیەتی ئەم بوونەدا، ئەنجامیانداوە.

گەڕان بە دوای شەرعیەتدا، بەلای ئێمەوە وادەرناکەوێت، کارێکی کۆمەڵایەتی بووبێت و لە سنوورێکی فراواندا ئەنجامدرابێت، هەموو ئەوەی مێژوونووسەکان باسیدەکەن ئەوەیە، کە خۆبردنەوە سەر عەرەب بە پلەی یەکەم ئامانجی دەستەبژێری سیاسیی کوردبووە، واتە ئامانجی ئەوانە بووە، کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی کوردیان کردووەو لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا بوون لەگەڵ ئەویتری رکابەر، کە خاوەنی رەچەڵەکی خۆیەتی. لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی بوونی کورد لە مێژووی ئیسلامییدا، کۆمەڵێك بەڵگە هەن ئەمە دەسەلمێنن، کە ئێمە بۆی چووین، بۆیە دەبینین ئەو کوردانەی خزمایەتیان لەگەڵ عەرەبدا هەبووەو چوونەتەوە سەرئەوان لە دەسەڵاتدا بوون، یان لە دەسەڵاتە کوردییە جۆراوجۆرەکاندا لەکاردا بوون. ئەوەتە حسەینی کوڕی داودی فەنکی[211] (حسین بن داود الفنکی) کە شاعیرێکی کوردەو لەسەردەمی میر بادی کوڕی دۆستەکی دامەزرێنەری میرنشینی دۆستەکی ـ مەروانی کوردیدا ٣٧٣؟-٤٨٩ ك / ٩٨٣؟-١٠٩٦ ز ژیاوەو بەشیعر پیایدا هەڵداوە ـ دوای

[211] حسەینی کوڕی داودی فەنکی: لە شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردە، لەسەردەمی میر بادی کوردیدا ژیاوەو بە یەکێك لە شاعیرەکانی ئەو دەژمێررێت. دەچێتەوە سەر خێڵی بەشنەوی **البشنویه** کوردی، کە لە جزیرەی فورات بووە. باس لەوە دەکرێت، کە ئەم شاعیرە زۆر دانراوی هەیە، بەلام تەنها بەشێك لە شیعرەکانی ماونەتەوە. إبن الأثیر: الکامل، ج ٧، ص١٤٢-١٤٣. عبدالرقیب یوسف: الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، أربیل: ٢٠٠١ ج٢، ص

پیاهەڵدانی باد و یەکێك لەشەڕەکانی ـ شانازی بەوەوە دەکات، کە ڕەچەڵەکی کورد دەچێتەوە سەر عەرەب و دەڵێت:

مفاخر الکرد في جدودي و نخوة العرب في انتسابي

نحن الذؤابة من کرد بن صعصعة من نسل قیس لنا في المجد طول[٢١٢]

واتە: شانازیەکانی کورد لە باپیرانمایەو جوامێری عەرەب لە ڕەچەڵەکما. ئێمە هەڵبژاردەیەکین لە کوردی کوڕی صەعصەعەی نەوەی قەیس و لە شکۆمەندیدا دەستێکی باڵامان هەیە.

دەشوترێت بەنی مەروان، کە لەدوای بادی خاڵیان فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینەیان کردووە، ڕەچەڵەکی خۆیان دەبردەوە سەر عەرەب[٢١٣]. هەروەها قەترانی تەبرێزی (قطران التبریزي)[٢١٤] کە شاعیرێکی ترە، بە یەکێك لە میرەکانی میرنشینی ڕەوادی کوردیدا ٣٣٧؟ -٤٦٣ ك / ١٠٤٨؟-١٠٧١ ز هەڵدەدات، ئەویش میر مەملانی کوڕی وهسوزان (مملان بن وهسوذان)ەو دەڵێت:

حبش أز عجم وقدوء شاهان عجم          نسبش أز عرب و قیبلە میزان عرب[٢١٥]

واتە: خۆشەویستیەکەی لە عەجەمەوەیەو پێشەوای پاشایانی عەجەمە. لە ڕەچەڵەکی عەرەبەو ڕووگەی دادپەروەری عەرەبە.

---

[٢١٢] عمادالدین الأصبهاني: خریدة القصر، ج٢، ص ٥٤١.

[٢١٣] المقریزي: السلوك، ج١، ص ١٠١.

[٢١٤] قەترانی تەبرێزی: ٤٢٥-٤٦٥ ك/١٠٣٤-١٠٧٢ ز ناوی شرف الزمان ابو منصور قطران التبریزيیە، بەوە ناسراوە، کە شیعری بەسەر میرە کوردەکانی هەردوو میرنشینی شەدادی و ڕەوادی دا وتووە. چەندین کتێب و دیوانێکی شیعری چاپکراوی هەیە. صفا: تأریخ ادبیات در إیران، تهران: ١٣٧٠ ه. ش، ج٢، ص٤٢١-٤٣٠.

[٢١٥] أحمد کسروي: شهریاران طمنام، تهران: ١٣٧٠ هـ. ش، ص١٨١. حوسێن حوزنی موکریانی: کوردستانی موکریان یان ئاتروپاتین، ڕەواندز: ١٩٣٨، ل ٢٥٤.

هەندێك لە میرو کەسایەتیە هەکاریەکانی[٢١٦]کورد لافی ئەوەیان لێدەدا، کە لە ڕەچەڵەکی عەرەبن، هەندێکیان دەبڕێنەوە سەر ئەمەویەکان بەتایبەتی عەتەبەی کوڕی سوفیانی کوری حەربی کوڕی ئومەییەو[٢١٧] بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەم ڕەچەڵەکە هەوڵیانداوە بەڵگەی مێژوویی بدۆزنەوە، یاخود هەوڵیانداوە مۆرکێکی ماقوڵ بەم ڕەچەڵەکە هەڵبەستراوە بدەن، بۆیە دەوترێت هەندێك لە ئەمەویەکان پەنایان بردە بەر شاخەکان "کاتێك زۆریان بۆهات، بۆ خۆپاراستن لە دوژمنەکانیان و دەربازبوون لە دەستدرێژیەکانیان تێکەڵی خەڵك بوون و چوونە ناو کوردەکانەوەو لەکاتی بەکارهێنانی هێزدا سوودیان لە هاریکاریان وەرگرت و رزگاریان بوو"[٢١٨]. تەنانەت هەندێك لە هەکاریەکان لافی ڕەچەڵەکێکیان لێدەدا، کە زۆر ئاینی بوو و دەیانوت لە نەوەی عەلی کوڕی ئەبی تالیبن[٢١٩].

نەزعەی بردنەوەی ڕەچەڵەکی کورد بۆسەر عەرەب، لەو قۆناغە مێژووییەدا زیاتر بووژایەوەو گفتوگۆ لەبارەیەوە گەیشتە لوتکە، کە کورد بەرزترین پلەی دەسەڵاتی گرتەدەست و بەوەی لە دەستە تێکۆشەر (مجاهد)و بەرگریکەرەکەی خاکی ئیسلام بوون، لە ڕوانگەی خەڵکە گشتی و تایبەتیەکەشدا بوونە دەسەڵاتداری باڵا، مەبەستیشمان لەو قۆناغە سەردەمی ئەیوبیە کوردەکان یاخود سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی کوردە، کە سەلاحەدینی ئەیوبی ٥٣٢-٥٨٩ ك/ ١١٣٧-١١٩٣ ز دیارترین ڕوخساری ئەم دەسەڵاتە بوو.

---

[٢١٦] هەکاری: خێڵێکی کوردی بەناوبانگن، بەناوی ناوچەکەیانەوە ناسراون، کە هەکارییەو لە چەند شارو ناحیەو گوندێك پێکهاتووەو دەکەوێتە جەزیرەی ئیبن عومەر لە سەرووی موسڵەوە. السمعاني: م. س، ج ٥، ص ٥٩٠. یاقوت: معجم البلدان، ج٥، ص ٤٠٨. هەکاریەکان لە مێژووی ڕامیاری و شارستانی کورددا لە سەردەمی ئیسلامی کلاسیکیدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. بۆ زانیاری لەبارەی ئەو ڕۆڵەیانەوە بڕوانە: نبز مجید أمین: المشطوب الهکاري ـ دراسة عن دور الهکاریین في الحروب الصلیبیة، السلیمانیة: ٢٠٠٢.

[٢١٧] الذهبي: م. س، حوادث ٦٥١-٦٦٥ ه، ص٣٥١-٣٥٢. العمري: التعریف بالمصطلح الشریف، ص ٥٨. المقریزي: السلوك، ج١، ص ١٠١. المواعظ، ج٢، ص ٢٣٣.

[٢١٨] العمري: مسالك الأبصار، ج٣، ص ١٣١.

[٢١٩] إبن خلکان: م. س، ج٣، ص ٤٩٧.

هەرچەندە مێژوونووسەکان[٢٢٠] لەوەدا هاوڕان، کە ئەیوبییەکان لە ریشەدا کوردن[٢٢١]، بەڵام لەم قۆناغەدا رەچەڵەکی کورد لای مێژوونووسەکان و تەنانەت لای خودی ئەیوبییەکانیش بووە جێی پرسیار، چونکە ئەم دەسەڵاتە تازەیە – بەپێی گۆشەنیگای گشتی ـ لەپاڵ ئەو شەرعیەتە ئاینییەی دەسەڵاتەکەیاندا، کە بووبووە مایەی مانەوەی باڵادەستیی رامیاری و ئیدارییان، پێویستیان بە شەرعیەتی رەچەڵەکیش بوو، هەربۆیە چەند ئەندامێکی بنەماڵەی ئەیوبییەکان هەستیان بە گرنگیی رەچەڵەکی عەرەبی کردبوو. ئەمەش لە قسەی یەکێك لە ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیەدا دەردەکەوێت، کە لە گەرمەی هەوڵەکاندا بۆ کردنیان بە عەرەب، پێیوابووە: ئەگەر سەلاحەدین قورەیشی بووایە خەلافەتی دەگرتە دەست، چونکە "جگە لە رەچەڵەك هەموو مەرجەکانی دیکەی خەلیفایەتی تێدابوو"[٢٢٢]، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك نەوەی ئەم بنەماڵە کوردە لافی رەچەڵەکی عەرەبییان لێدەداو نکولیان لەوە دەکرد، کە رەچەڵەکیان کوردبێت، پاساویشیان ئەوەبوو، کە دەیانگوت: " ئێمە عەرەبین، ئەوەندە هەیە لاماندواوەتە لای کوردو ژنمان لێهێناون ."[٢٢٣]مێژوونووسەکانیش لەلایەن خۆیانەوە، بەتایبەتی ئەوانەیان، کە هاوچاخی ئەیوبییەکان بوون، لە نووسینەکانیاندا کاریان لەسەرئەوە دەکرد، کە بیسەلمێنن رەچەڵەکی ئەیوبییەکان عەرەبە[٢٢٤]. هەم ئەیوبییەکان و

هەواڵنامەی کتێب

---

[٢٢٠] اليونيني: ذيل مرآة الزمان، حيدرآباد/ الدكن: ١٩٥٤ مج١، ص ٣٨. اليافعي: مرآة الجنان وعبرة اليقظان في معرفة ما يعتبر من حوادث الزمان، وضع حواشيه: خليل منصور، بيروت: ١٩٩٧ ج ٣، ص ٣٣٣.

[٢٢١] إبن الأثير: الكامل، ج ٤، ص ٣٤١. إبن خلكان: م. س، ج ٧، ص ١٣٩. ابو شامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تحقيق: محمد حلمي محمد، القاهرة: ١٩٦٢، ج١، ق١، ص ٣٢٩. اليونيني: م. ن. ص. اليافعي: م. ن. ص. إبن خلدون: التعريف بإبن خلدون، ص ٣٤٧. المقريزي: المواعظ والإعتبار، ج٣، ص ٨٤. الحنبلي: شفاء القلوب في مناقب بني ايوب، تحقيق: ناظم رشيد، بغداد: ١٩٧٨، ص ٢٣.

[٢٢٢] اليونيني: م. ن، ج١، ص ٣٩.

[٢٢٣] إبن واصل: مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق: جمال الدين الشيال، القاهرة: ١٩٥٣، ج١، ص ٣.

[٢٢٤] إبن خلكان: م. س، ج ٧، ص١٤٠-١٤١. إبن واصل: م. ن، ج١، ص ٤.

هەم کوردەکانی تریش، بەتایبەتی هەکاریەکان هانی ئەوەیان دەدا رەچەڵەکی عەرەبی ساختە دروستبکرێت.

لەم مەسەلەیەدا مێژوونووسەکان زیاتر گرنگییان بە (المعز إسماعیل بن سیف الإسلام)ی پاشای یەمەن دەدا، کە خۆی ئەیوبی بوو و لافی ئەوەی لێدەدا، کە لە بەنی ئومەییەیەو[225] لە نەوەی خەلیفە مەروانی کوڕی موحەمەدی[226] ئومەوییە، کە وەك پێشتر باسمان کرد دایکی کورد بووە. تەنانەت هەر بەمەوە نەوەستا، بەڵکو وازی لە گوێڕایەڵی عەباسیەکانیش هێناو خەلیفایەتی خۆی راگەیاند[227]. لەوانەیە هەر ئەم لافلێدانەی رەچەڵەك و شپرزەییە عەقڵیەکەی، وایان لەو میرە کوردانە کردبێت، کە لە یەمەن لەگەڵی بوون لە ساڵی ٥٩٨ ك/ ١٢١١زدا بیکوژن[228]. نەك هەرئەمە، بەڵکو زۆربەی ئەیوبییەکان بەم رەچەڵەکە رازی نەبوون و لە بەدرۆخستنەوەی ئیسماعیلدا یەکدەنگ بوون[229]. مەلیك عادلی برای سەلاحەدین لە توندترین بەرهەڵستکارانی ئەم رەچەڵەکە بوو، بۆیە ئیسماعیلی بە راست نەدەزانی و نامەیەکی بۆ نارد، کە تیایدا لۆمەو سەرزەنشتی کردو فەرمانیپێدا بگەڕێتەوە سەر رەچەڵەکی راستەقینەی خۆی[230].

ئەم سەرزەنشت و لۆمەکردنە، چ لەو سەردەمەو چ لە دواتردا، نەبوونە رێگر لەبەردەم ئەوەدا، کە هەندێك کورد خۆیان بە رەچەڵەکی عەرەبەوە ببەستن[231]. ئەوەتە

[225] إبن خلكان: م. ن، ج ٥، ص ٥٢٤. ج٧، ص ١٤١. إبن واصل: م. ن، ص٣-٤. اليونيني: م. ن، ص٣٩. المقريزي: السلوك، ج١، ص١٤٨. الخزرجي: العقود اللؤلؤية في تأريخ الدولة الرسولية، تحقيق: محمد علي الأكوع، بيروت: ١٩٨٣ ج١، ص ٣٨

[226] ابو شامة: م. س، ج١، ق ٢، ص ٥٣٤. إبن الساعي: الجامع المختصر في عنوان التواريخ وعيون السير، تحقيق: مصطفى جواد، بغداد: ١٩٣٤، ج ٩، ص ٩٧.

[227] ابو شامة: م. ن، ج١، ق ٢، ص ٥٣٥. إبن خلكان: م. س، ج ٥، ص ٥٢٤. إبن واصل: م. س، ج٣، ص ١٣٧. المقريزي: السلوك، ج١، ص ٢٧٢.

[228] إسماعيل: م. س، ص٤٧.

[229] ابو شامة: م. س، ج١، ق ٢، ص ٥٣٤-٥٣٥.

[230] إبن واصل: م. ن، ج ١، ص ٤. ج٣، ص ١٣٧. إبن خلكان: م. ن، ج٥، ص ٥٢٥. اليونيني: م. س، ج١، ص ٣٩. المقريزي: م. ن، ج١، ص ٢٧٢. الحنبلي: م. س، ص ٢٧٢.

[231] اليونيني: م. س، ج ٢، ص ٢٢١. إبن بطوطة: رحلة إبن بطوطة، تحقيق: عبدالهادي التازي، الرباط: ١٩٩٧، ج٢، ص ١٨

ئیبن خەلدون سەرەڕای ئەوەی ریشەیەکی فارسی ـ عەجەمی بەکورد دەدات[٢٣٢]، کەچی دەڵێت گێڕانەوەی رەچەڵەکی کورد بۆ عەرەب "قسەیەکی پەسەند بووە"[٢٣٣]. ئەمە لە کاتێکدا دێت، کە زانین بە کورد لە کایەی ئیسلامییدا زیادیکردبوو و دیاریکردنی ریشەیان سنووردارتر کرابوو و وا پێناسەدەکران، کە چەشنێکی تایبەتمەندی ناو تورخمێکی گشتین و[٢٣٤] زانینی مێژوویی دوودڵ بوو لەوەدا، کە بە عەرەبیان دابنێت و[٢٣٥] پێیوابوو عەجەمن و پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، کە خزمایەتیان لەگەڵ فارسدا زیاترە وەك لە عەرەب[٢٣٦] و ئەم خزمایەتیە لە هاوشێوەیی زمانەکەیاندا دەردەکەوێت، جگە لەوەی، دواتریش لێکۆڵینەوە نوێکان ئەوەیان سەلماند، کە لەڕووی رەگەزیشەوە خزمایەتییان هەیە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، کەچی بەشێك لە کوردەکان تا ئەم سەردەمانەی دوایش دەستیان بەم رەچەڵەکە عەرەبییە هەڵبەستراوەوە گرتبوو و لە تۆمارکردنی مێژووی خۆیاندا جەختیان لەوە دەکردەوە، کە بە رەچەڵەك دەچنەوە سەر عەرەب[٢٣٧].

هەوالنامەی کتێب

---

[٢٣٢] مرتضى الزبيدي: م. س، مج، ص ٤٨٤. وله ايضا: ترويح القلوب في ذكر ملوك بني أيوب، تحقيق: صلاحالدين المنجد، دمشق: ١٩٧١، ص ٣٧.

[٢٣٣] تأريخ إبن خلدون: ج ٢، ص ٩، ١٨١.

[٢٣٤] العمري: التعريف، ص ٥٨.

[٢٣٥] ابوالفداء: م. س، ج١، ص٨٣. إبن الوردي: م.س، ج١، ص٧٢. إبن خلدون: تأريخ إبن خلدون، ج١، ص ١٨١.

[٢٣٦] ابوالفداء: م.ن.ص. المقريزي: المواعظ والإعتبار، ج٢، ص٢٣٢.

[٢٣٧] ئەوەی چاو بە لاپەڕەکانی کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیدا ١٠١٠ ك/ ١٦٠١ ز مردووە بخشێنێت، ئەوە دەبینێت، کە زۆربەی میرەکانی میرنشینە کوردیەکان لافی ئەوە لێدەدەن، کە ریشەیان دەچێتەوە سەر عەرەب. بڕوانە: شرفنامە، ت: محمد جميل الروژبياني، أربيل: ٢٠٠١، ص ٢٦٩. ٣٢٧، ٣٤٣، ٤٢٩، ٤٤١، ٥١٣. .. ئەم حاڵەتە تا دوای شەرەفخانیش بەردەوام دەبێت، ئەوەتە لە سەدەی نۆزدەدا مەلا مەحمودی بایەزیدی، کە مێژوونووسێکی تری کوردە ١٨٥٧ مردووە پێ لەسەرئەوە دادەگرێت، کە هەموو کورد لە عەرەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە وڵاتی خۆیان کۆچیانکردووە زمانەکەیان گۆڕاوە. بگەڕێوە بۆ: داب ونەریتی کوردەکان، وەرگێڕانی: شوگریە رەسول، بەغداد: ١٩٨٤، ل ١٩.

گفتوگۆی هەندێك كورد لەسەر شوناس و وەرگرتن یان وەرنەگرتنی ئەو شوناسەو یاریكردنیان بە شوناسیان بەو جۆرەی باسكرا، دەلالەت لە دووبارە بنیتنانەوەی واقیعی كۆمەلایەتیان دەكات، بەتایبەتی واقیعی دەسەلاتدارەكانیان، بۆئەوەی لەگەڵ بنەمای دابەشكردن و گۆشەنیگای باوی ئەو فەزا كۆمەلایەتییەدا بگونجێت، كە ئوممەت ـ دەوڵەتی ئیسلامی دروستیكردبوو. خۆبردنەوە سەر عەرەب بەرهەمی زانینێكی پەسەندەو چەسپاندنی زانینی باوی قبوولكردن و شكۆمەندیە لەناو چوارچێوە گشتیەكەدا. سەبارەت بە كوردیش لەناوەڕۆكدا سەرمایەیەكی رەمزی كردەی دەسەلاتخوازیە، چونكە رەچەڵەك دەسەلاتێكی رەمزی نەبینراوەو[238] دەخرێتە سەر ئەو دەسەلاتە فیعلیەی، كە كەسەكە هەیەتی و بەمە لای خەڵك گەورە دەبێت و پێی رازی دەبن. ئەمەش لەبەرئەوەیە، كە رەچەڵەك هۆكاری دانپیانانی شكۆو رەوایەتیەو چ لە ئاستی ناوخۆ واتە ئاستی كوردی و چ لە ئاستی دەرەوەدا واتە كایەی ئیسلامی شەرعیەت دەدات بە دەسەلات و پارێزگاری مانەوەی دەكات. بەلام لێرەدا زۆربەی كات كاری زانینی مێژوویی لەوەدا چڕدەبێتەوە، كە مەراییكردنە، بەتایبەتی دروستكردنی ئەم رەچەڵەكە هەلبەستراوانە مەراییكردنن بۆ دەسەلاتدارانی كوردو بەڵگە هێنانەوەیە بۆ رەچەڵەكە تازەكەیان. مەقەریزی مێژوونووس ٨٤٥ ك / ١١٤١ز مردووە لە شیكردنەوەی ئەم مەسەلەیەدا جەخت لەمە دەكاتەوەو پێی وایە ئەم گێڕانەوانە لەبارەی عەرەبایەتی كوردەوە بریتین لە"وتەی زاناكان (الفقهاء) بۆ پاشاكان، بۆئەوەی پێگەیەك بۆخۆیان دەستەبەر بكەن"[239].

لە كۆتاییدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بكەین، كە خۆبردنەوە سەر عەرەب مانای بە عەرەبكردنی كورد و ئینتیمای تەواوەتی نەبووە بۆ عەرەب، بە بۆچوونی ئێمە كورد لەسەردەمی ئیسلامی كلاسیكیدا پێی وابووە كوردێتیەكەی تەواوكەری خۆبردنەوەیەتی بۆسەر عەرەب، ئەو لە عەرەبە، بەلام لە ئێستا ـ رابردوودا كوردبوونی خۆی بەهەند دەگرێت و بەلایەوە بایەخی خۆی هەیە. باشترین گوزارشتیش

---

[238] لێرەدا دیسان سوود لە بۆچوونەكانی بۆردیۆ وەردەگرین. بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوانەی بۆردیۆ: بعبارة أُخرى ـ محاولات بإتجاه سوسیولوجیا إنعكاسیة، ت: أحمد حسان، القاهرة: ٢٠٠٢، ص٢٢٢.

[239] المواعظ والإعتبار، ج٢، ص ٢٣٢.

لەم حاڵەتە دێڕە شیعرەکەی فەنکیی شاعیرە، کە پێشتر هێنامانەوە، چونکە ئەو وادەبینێت، کە شانازیەکانی کورد لە باپیرانیدا دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ شکۆمەندی عەرەب لە رەچەڵەکیدا[٢٤٠]. ئەمەش گوزارشتکردنە لە گۆشەنیگای کورد بۆ ریشە عەرەبیە هەڵبەستراوەکەیان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ پێدراوەکانی ئەویتردا لەبارەی ریشەیانەوە.

کوردۆلۆجی

**لەژێر چاپدایە**

**دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر** — **فاتیمە قادر مستەفا**

**ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا** — **شیلان عومەر حسین**

هەواڵنامەی کتێب

---

[٢٤٠] عمادالدین الأصبهاني: خریدة القصر، ج٢، ص ٥٤١.

# رەگەزپەرستی دژی کورد*

نووسینی : Harriet Montgomery
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە و پێشەوا

## بەعەرەبکردن

لەو راپۆرتەی ناوبەناو لەبارەی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزییەوە دەدرا بە کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ١٩٩٨دا، پارتی دەسەڵاتداری دەوڵەتی سووریا لە کۆبوونەوەیەکی دیاریکراودا ئەوەی راگەیاند: " ئێمە دەمانەوێ ئاماژە بەوە بکەین، کە لە کۆماری عەرەبیی سووریادا کێشەیەك نییە پێی بووترێ کێشەی کورد."

راپۆرتەکە لەسەر روونکردنەوەکە بەردەوام دەبێت..."کورد، لەو کاتەوە کە بە سەرتاپای وڵاتەکەدا بڵاوبوونەتەوە، کۆمەڵگەیەك پێکناهێنن، بەڵکو ئەوان بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی سووریایی."

دیسانەوە، لە مارسی ٢٠٠٤دا، جەماوەری بێزار، مووشەك ئاسا ناوچە کوردییەکانی سووریای هەژاندەوە. کەچی ئەحمەد ئەلعەلی، وەزیری راگەیاندنی سووریا، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی جەزیرەدا رایگەیاند، کە کێشەی کورد لە سووریادا نییە، هەروەها وەك دوو شتی لەگەڵ یەك نەگونجاو دەستی کردەوە بە باسی کورد و هەروەك بیەوێ بڵێت: کوردە عەرەبەکان، یان عەرەبە کوردەکان.[١]

ئەم رونکردنەوە و وێناکردنانەی کورد لە سووریا، وەکو خەڵکی کۆچەریی تورکیا و عێراق، بە شێوەیەکی بەرچاو تێکەڵی کولتووری عەرەبی سووریا و شێوازی

---

* ئەم بابەتە بەشی چوارەمی کتێبی (کوردی سووریا: بوونێکی نکولیلێکراو.)ەکە لە داهاتوودا تەواوی کتێبەکە لەلایەن مەڵبەندی کوردۆلۆجییەوە بڵاو دەکرێتەوە.

[١] Serhildan qamishlo,com, ١٥/مارت/٢٠٠٤

ژیانیان بوون، کوردیان وەك کەمایەتییەکی نەژادی پەرتەوازە و لاواز لە سووریا وێنە کردووە، کە هیچ مافێکی مێژوویيان بەسەر خاکەکەیانەوە نییە.

سیاسەتی بەعەرەبکردن، کە لە ناوچە کوردییەکاندا ئەنجام دراوە، لەگەڵ ئەو تاکتیکانەش، کە بەکارهاتوون بۆ بەزۆر تێکەڵکردنی دانیشتوانی کورد لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا، پێکەوە وایانکردووە، کە مێژووی کورد لە ناوچە کوردییەکاندا بسڕێتەوە و خەڵکی کورد پەرتەوازە بکرێن و سانسۆر بخرێتە سەر دەربڕینی ناسنامەی کوردی. هەرچۆن بە توندی خراوەتە سەر ئەو زانیارییانەی دەرەوە و ناوەوەی سووریا، بە مەبەستی ڕێگرتن لەو وێنەیەی کورد، کە بوونیان هەبووە و بەشێوەیەکی کاریگەرانە نکوڵییان لێکراوە.

لە کاتێکدا، کە زۆر دەوڵەتی عەرەبی لە ساڵانی ١٩٧٠وە وازیان لە بانگەشە و هاشەوهوشەی عەرەبیی هێناوە، چونکە ئەو ئایدۆلۆجیایە بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ پێداویستییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیاندا نەدەهاتەوە، بەڵام دەوڵەتی سووریا بەردەوام بوو بە پشتبەستن بە بانگەشە و وشەی بریقەدار و بۆشی عەرەبی بۆ شەرعیەتی ناوخۆیی و بەرگریکردن لە دژی سەرکردە عەرەبەکانی تر و دروستکردنی کاریگەری لە ناوچە عەرەبییەکاندا. دانانی کورد وەك هەڕەشەیەك لە هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ناوخۆ، بەشێك بوو لە کاردانەوەی ترسی ڕاستەقینە لە دزەکردن و دەستێوەردانی دەوڵەتانی دەرەوە لەسەر ناجێگیریی ناوخۆ. لەپاڵ هەڕەشەکانی تردا، ئەمەش بوو بووە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی ناوخۆیی لە دەرەوەی ڕژێم و سیاسەت و ئایدۆلۆجیا عەرەبییەکەی، لەبەرئەوە پێداویستیەکان، ڕژێمیان ڕابەری کرد بۆ ئەوەی، کە کورد وەك سەرچاوەیەکی دەرەکی ناجێگیر و هەڕەشە بناسێنێت و ئەو بەشەی کۆمەڵگەش، کە پێویستە ناسنامەکەی بەپێی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دووبارە دیاری بکرێتەوە.

هێشتا سیاسەتی بەعەرەبکردن بە هەردوو ستراتیجییەکەیەوە بەردەوامە، کە لەلایەك نکوڵیکردنە لە بوونی نەتەوەیی کورد لە سووریا و سەرکوتکردنی دەربڕینی ئەو هەستەیە، لە لایەکی تریشەوە بەزۆر تێکەڵکردنی کوردە لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوڵەتی سووریای عەرەبیدا. بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان بە شێوەیەکی توندوتیژ لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠وە دەستی پێکردوە، لەپێش ئەو کاتەشەوە کورد لە

ناوەڕاستی ١٩٣٠وە بە ناپاك دانراوە. لە ئاكامی سیاسەتی بەعەرەبكردندا بەشێكی دانیشتوانی كوردی سووریا مافی هاوڵاتیبوونیان لە سووریادا لێسەندراوەتەوە و زەوییەكانیان داگیر كراوە.

كورد رۆژانە بەهۆی بەكارهێنانی زمانی خۆیان و دەربڕین و هەڵسوكەوتی نەریتی كولتوورییانەوە كۆت و بەندیان دەخرێتە سەر، هەروەك چەند راپۆرتێك ئاماژە بەوە دەكەن، كە لەرووی ئابووریشەوە سەركوت دەكرێن و دەچەوسێنەوە. هەرچەندە لە ئێستادا سیاسەتی دەوڵەت بەرامبەر بە كورد لە چەند لایەنێكەوە وەكو ساڵانی شەستەكان و حەفتاكان ئاشكرا نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، كە هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر بە كورد گۆڕانی گرنگی بەسەردا هاتبێت. پاراستنی دەسەڵات وەك خەمی سەرەكیی رژێم ماوەتەوە و زیادبوونی لێكدانەوە لەسەر هەڕەشە دەرەكییەكانیش بە شێوەیەكی گشتی بۆتە هۆی هێشتنەوەی توندڕەوەكانی ناو رژێمەكە و بەهێزكردنی بانگەشە و هاشەوهوشەی عەرەبی و رێگرتن لە ریفۆرم و گەشەسەندنی فۆرمە بەدیلەكانی شەرعیەت، كە رێگە بەتێكەڵبوونی ناسنامەی كوردی دەدەن. لە دوای كۆتایی پێهێنانی جەنگی سارد، سووریا لەبەردەم گوشاری دەرەكی و گۆڕانەكانی لە دینامیكی ناوچەییدا زیاتر دوورەپەرێز و لاواز بووە. لە راستیدا هەموو بەڵگەكان ئەوە دەسەلمێنن، كە سەركوتكردنی دانیشتوانی كوردی سووریا بە هێز بەردەوامە و كورد خۆیان گەواهی ئەوە دەدەن، كە لەكاتی هاتنە سەر حوكمی بەشار ئەسەدیشەوە سیاسەتی رەگەزپەرستی بەرامبەر بە كورد زیاتر بووە. بەعەرەبكردن لە سووریا هاوشانی سیاسەتی دژ بە كورد لە عێراق و توركیا زیادی كردووە.

لە توركیا و عێراق بە تورككردن و بەعەرەبكردنی كورد و ناوچە كوردییەكان بەشێوەیەكی بەرچاو چەند تاكتیكێكی هاوشێوەی لەخۆگرتووە. سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای دەستكردو دەركردنی كورد لە زەوی و شوێنی خۆیان، لە ناوەڕاستی سییەكانی سەدەی رابردودا لە سووریا دەستی پێكرد و لە ساڵی ١٩٦٢دا دووبارە دەستی پێكردەوە. ئەم سیاسەتانە بەهەمان شێوەش لە توركیا و عێراق جێبەجێ كراون، بە تایبەتی لەو ناوچانەی لە رووی ستراتیجیی بەرگری و ئابوورییەوە گرنگ بوون، وەك ناوچە شاخاوییە سنوورییەكانی توركیا و كەركوكی دەوڵەمەند بە نەوت لە عێراق. هەرچەندە بەكارهێنانی سەربازی و تاكتیكی توندوتیژانە لە عێراق و توركیا

هەواڵنامەی كتێب

زیاتر بووە، بە بەراورد لەگەڵ سووریادا، بەڵام ستراتیجی بنچینەیی لە پشت سیاسەتی هەموویانەوە وەك یەك بووە. نکۆڵیکردن لە بوونی کورد لە تورکیا و سیاسەتی بەزۆر تێکەڵکردن و توانەوەی کورد لەگەڵ ستراتیجی دەوڵەتی سووریاش بەرامبەر کورد، بە هەمان شێوە بەراورد دەکرێت. پرۆژەی بەعەرەبکردن، کە کوردی سووریای کردۆتە ئامانج، بە هەمان شێوە کوردی تورکیا و عێراقیش، لەو لێکدانەوانەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کە کورد بە هۆی ناسنامەی نەتەوەیی و نەژادییانەوە گروپێکی هەڕەشەن بۆ سەر دەوڵەت. لە سنوور و چوارچێوەی ICCRP پەیمانی جیهانی لە بارەی مافە سیڤیل و سیاسییەکان، ئەم شێوە سیاسەتە، رەگەزپەرستییە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە راپۆرتێکدا، کە پێشکەشی کۆنگرەی نێودەوڵەتی کردووە بۆ نەهێشتنی هەموو شێوەکانی رەگەزپەرستی، دەوڵەتی عەرەبی سووریا ئاماژەی بەوە داوە کە:

"کۆمەڵگەی سووریا لە هەموو کۆمەڵگەکانی تری جیهان جیاوازە، ئەویش بە هۆی لێبووردەیی و چاوپۆشی و نەبوونی رقخوازییەوە. دیاردەی رەگەزپەرستی لە مێژووی ئێمەدا نییە و لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شتێکی نامۆیە، کە تیایدا هەر رەفتارێك یان کارێك مەبەستی رەگەزپەرستیی لە پشتەوە بێت، بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت، لەبەرئەوە گەلی ئێمە لە جەنگێکی نەبڕاوەدایە بەرامبەر رەگەزپەرستی، کە سیفەتی ئایدۆلۆژیای ئیسرائیلییە."[٢] بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و بەعەرەبکردنی خەڵکی کورد چەندین سیاسەتی جیاوازی لەخۆگرتووە. لەم بەشەدا بە وردی باسی ئەو شێوازە هەمەجۆرانە دەکرێت، کە بە هۆیانەوە ناسنامەی کوردی و نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵایەتیی سیاسی و بوونی ئابووری هەروەك تۆماری جیۆگرافی و مێژوویی کورد بە ئەنقەست لە لایەن رژێمەوە دوچاری داخوران کراون. ئەم بەشە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە. یەکەمیان باسی سیاسەتی دەوڵەت دەکات لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردییەکان. دووەمیان باسی ئەو رێگرییانە دەکات، کە بە هۆیانەوە کولتووری کوردی قەدەغە و سانسۆر کراوە، ئەویش بە ئامانجی بە زۆر تێکەڵکردن و تواندنەوەی کورد لە ناسنامەی عەرەبیدا.

---

[٢] نەتەوە یەکگرتووەکان، CERD، کۆمیتەی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزایەتی ٢٦/ئۆکتۆبەری/١٩٩٨، پەرەگرافی ٣

## گۆڕینی دیمۆگرافی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ی حەسەکە

سەرژمێری ساڵی ١٩٦٢ی حەسەکە لە سووریا، ڕووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی کورددا، کە کاریگەرییەکانی بەردەوام و تەواو نالەبار بوون، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەی ڕاستەخۆ کاریان تێکراوە. بەشێکی زۆری دانیشتوانی کورد لە سووریا بە هۆی بێبەشبوونیان لە مافی هاووڵاتیبوون، ئاوارە بوون. شێوازی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە و ئاکامەکانی پڕبوون لە هەڵە و ناڕێکی، کە دواتر وەك کارێکی ناڕەوا و ڕاپرسییەکی پشت پێنەبەستراو دەرکەوت. ئەنجامی سەرژمێرییەکە ئەو مافە بنچینەییانەی پێشێل کردووە، کە لە چەندین یاسای نێودەوڵەتیدا باسکراون و سووریا و یاسا ناوخۆییەکەشی پێوەی پابەندن. شکستی حکومەتی سووریا لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بە هۆی سەرژمێرییەکەوە دروستبوون، ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی دەوڵەتە بەرامبەر دانیشتوانە کوردەکەی. بایەخی ئەم مەسەلەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا وەك هێمایەك بۆ ڕەگەزپەرستی لە دژی کورد، هەمیشە بەردەوامە.

لە ٢٣/ ئاب/ ١٩٦٢دا حکومەتی سووریا بڕیاری ژمارە ٩٣ی یاسادانانی دەرکرد، کە بڕیاری دا لە ماوەی یەك ڕۆژدا سەرژمێرییەکی پەلە و نائاسایی لە پارێزگای حەسەکەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بکرێت. پێویستیی ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە، لە خەم و نیگەرانییەکانی دەسەڵاتی سووریاوە سەرچاوەی هەڵگرتبوو، لەبارەی هاتنی ژمارەیەك کوردەوە دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە تورکیاوە بۆ سووریا. کوردێکی زۆر لە تورکیا و عێراقەوە لە ترسی چەوساندنەوە و سزادانیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دوو وڵاتەوە، بە درێژایی ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو هەڵهاتوون، یان کۆچیان کردووە و لە نێو کەمایەتیی کوردی سووریای ئینتیدابدا جێگیربوون. ژمارەی تەواوی ئەو کوردانەی بەو شێوەیە هاتوونەتە ناو سووریاوە نەزانراوە، بەڵام باوەڕ وایە نزیکەی ٢٥٠٠٠ کەس بن، کە هەندێکیان ناسنامەی سووریان پێدراوە.[٣] بە هەمان شێوە باوەڕ وابووە، کە لەبەر هۆکاری ئابووری و

---

[٣] سەیفلسبەرگ و هاجۆ ٢٠٠٤: ٣.

خۆشگوزەرانی جەزیرە، کورد بەرەو جەزیرەی سووریا کۆچی کردبێت. لە ترسی کاراکتەری دیمۆگرافیای ناوچەکە، دەسەڵاتدارانی سووریا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، هەندێك کورد، کە لەبەر هۆکاری ئابووری و سیاسی کۆچیان کردووە، بە شێوەیەکی نایاسایی دۆکیۆمێنتی ناسنامەی سوورییایان پەیداکردووە. ئامانجی سەرژمێرییەکە ئەوە بوو، کە جیاوازی بکات لە نێوان ئەوانەی مافی هاووڵاتیبوونیان هەیە و ئەوانەی، کە نییانە، هەروەك ئەوانەی بە شێوەیەکی نایاسایی ناسنامەیان دەرکردووە.

دانیشتوانی پارێزگای حەسەکە هیچ ئاگادارنەکراون لەوەی، کە سەرژمێرییەکە دەکرێت، یان ئاکامەکانی چ دەبێت. تەنیا لە یەك ڕۆژدا، کە ٥/ ئۆکتۆبەر/ ١٩٦٢ بوو، سەرژمێرییەکە کراو هەر لە هەمان شەودا، لە نێوان ١٢٠٠٠٠- ١٥٠٠٠٠ هاووڵاتی کورد مافی هاووڵاتیبوونیان لێسەندرایەوە. سەرژمێرییەکە لە لایەن نوێنەرانی حکومەتەوە کرا، کە بە ناو شار و گوندە کوردنشینەکانی پارێزگای حەسەکەدا دەگەڕان و ماڵ بە ماڵ داوای ئەوەیان لە خەڵکەکە دەکرد، کە مافی نیشتەنی خۆیان بەر لە ساڵی ١٩٤٥ لە سووریادا بە هۆی یەکێك یان ئەم سێ دۆکیۆمێنتانەی خوارەوە بسەلمێنن: ناسنامەی سووریایی، یان کارتی خێزانی، یان تاپۆی زەوی و خانوبەرە، کە خاوەنداریێتیی موڵکەکە لە پێش ساڵی ١٩٤٥دا بسەلمێنێت.

لە هەمان کاتی سەرژمێرییەکەدا، سیستمی خاوەنداریێتی زەوی لەم ناوچەیەی سووریادا بە شێوەی نەریتی کۆن چەسپی بوو، زۆربەی ئەو کوردانەی خاوەنی زەوی بوون، بەشێکی زۆری زەوییەکان موڵکی خۆیان بوون و جوتیاری کورد تیایدا دەژیان و کاریان دەکرد. بەم شێوەیە و هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەم جوتیارانە مافیان بەسەر ئەو زەوییانەدا هەبوو، کە کاریان تێدادەکرد و هەندێکیشیان وایان دادەنا، کە خاوەنی ئەو زەوییانەن، کە جێگەی کاریان بوو، بەڵام هیچ تاپۆیەکی ئەو زەویانەیان نەبوو. هەندێکیان پسووڵەی باجی مەڕو ماڵاتیان بەکار دەهێنا تا ئەوە بسەلمێنن، کە ئەوان پێش ١٩٤٥ لەو جێگایانەدا ژیاون، گرنگ ئەوەبوو، ئەم دۆکیومێنت و پسوڵانە ئەوەی دەسەلماند، کە هەرگیز ئەوەش بە خەیاڵی جوتیارەکانی کورددا نەهاتووە و هەروەها

هەولێرنامەی کتێب

هەندێکییان نەیانتوانیوە پسولەی پارەدانی باجی مەڕومالاتی پێش حەڤدە ساڵ لەوەبەر بپارێزن.[٤]

هەزاران کورد، ئەوانەی، کە زانیارییە داواکراوەکانیشیان دابین کردبوو، لەگەڵ ئەوانەشی، کە نەیانتوانیبوو دابینی بکەن، هەروەها ئەوانەی بە ئەنقەستیش ڕێگری ئەوەیان لێکراوە، هەموویان پێکەوە لە سووریادا بوونە بێگانە، ئیتر ئایا بە رەچەڵەك لە تورکیا و عێراقەوە کۆچیان کردبێت یان نا.

بە پێی چەند سەرچاوەیەك، نزیکەی هەموو ئەو کوردانەی لەسەر سنوورەکانی تورکیا و عێراق دەژیان، بە بیانووی ریفۆڕمی زەویوزارەوە، لەم ناوچانەدا هاوولاتیبوونیان لێسەندرایەوە.[٥] هەروەها زەوییەکانیان لە لایەن دەوڵەتەوە زەوت کرا. لەوەش زیاتر ئەو جوتیارە کوردانەی لە زەوی ئەو کەسانەدا دەژیان، کە مافی هاوولاتیبوونیان لێسەندرابووەوە، لەو زەوییانە دەرکران، چونکە لە لایەن دەوڵەتەوە داگیرکرابوون و ڕێگری ئەو مافە دەکرا، کە کاری جوتیار لەو زەوییانەدا بکرێت. بەشێکی زۆری ئەو زەوییانە دواتر دووبارە بەسەر عەرەبەکانی سووریادا دابەشکران و لەم ناوچانەدا و لە لایەن دەوڵەتەوە نیشتەجێ کران.

ئەو کوردانەی لەلایەن دەسەلاتدارانی سووریاوە رەگەزنامەی سوورییایان لێسەندرابووەوە، وەك بێگانە تۆمارکراون و نکوڵی کرا لە هەموو ئەو مافە مەدەنییانەی پەیوەندییان بە هاوولاتیبوونیانەوە هەیە. کەسیان نەنێردراونەتەوە، هەروەك ئەو مندالانەی لەم بێگانانە لە دایك دەبوون، هەمان حسابیان بۆ دەکرا. لە جیاتی ناسنامەی ستانداردی رەگەزنامە، کوردە بێگانەکان پارچە وەرەقەیەکی سورییان هەڵدەگرت، کە دۆخ و حاڵەتەکەیانی لەسەر نووسرابوو. ئەو کوردانە مافی ئەوەیان نەبوو، کە پاسپۆرتیان بۆ دەربکرێت. تا ئەمڕۆش وەك بێگانە لە سووریا حسابیان بۆ دەکرێت و مافی خاوەندارێتیی موڵك و زەوییان نییە و ناتوانن بازرگانی بکەن و سلفەی دەوڵەت وەربگرن و نەخۆشخانەکانی دەوڵەت بەکار بهێنن. هەروەها لەوانەیە

---

[٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری٢٠٠٢ناوەکەی لە لایەن نووسەرەوە دانەنراوە.

[٥] زانیارییەکە لەلایەن کۆمەڵەی کوردەکانی رۆژئاوای لەندەنەوە پێشکەشکراوەWKA ٢٧/ئۆکتۆبەر/٢٠٠٣.

نەشتوانن ئۆتۆمبیلی خۆیان هەبێت و لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا کاربکەن، ئەگەر لە نێویاندا هەبێت، ناتوانن وەك دوکتۆر و ئەندازیار و پارێزەر... کاربکەن. لەم پۆستانەدا تەنانەت ڕێگەی ئەوەشیان پێنادرێت، کە کار بۆ کۆمپانیا و کەرتی تایبەتیش بکەن. هەروەك ڕێگەیان پێنادرێت، کە ئۆفیسەکانی دەوڵەت بەڕێوەبەرن و ناشتوانن وڵات بەجێبهێڵن.

ژنهێنانی پیاوێك، کە کوردی بێگانە بێت، لەگەڵ هاووڵاتییانی سووریادا نایاساییە و تۆمار ناکرێت. هەر منداڵێك، کە لە ڕێگەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەوە لە دایك بێت بە مەکتومین واتە تۆمار نەکراوەکان دەناسرێن و بە ناشەرعی لە قەڵەم دەدرێن و بە هیچ شێوەیەك تۆمار ناکرێن، چونکە بە شێوەیەکی فەرمی بوونیان نییە. لەبەرئەوە ئەوان بوونەتە بابەتی جیاوازیی ڕەگەزایەتیی زیاتر... بڕوانە لای خوارەوە.

بە پێی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ چەند کوردێکی ناوەوە و دەرەوەی سووریادا کراون، جگە لە گرانی و سەختی خستنەڕووی بەڵگەی نیشتەجێبوون لە سووریا پێش ١٩٤٥و تەنیا لە یەك ڕۆژدا، کە سەرژمێرییەکەی تیادا ئەنجامدرابوو، چەندین هاووڵاتیی کورد بە ئەنقەست ڕێگرییان لێکراوە لە بەشداربوونیان لە سەرژمێرییەکەدا، چونکە ئەوان هەوڵی ئەوەیان داوە، کە پەیوەندیی نەکەن بە سوپای سووریاوە.[٦] ئاکامەکانی بەشداری نەکردن لە سەرژمێرییەکەدا بۆ ئەوانەی ڕێگرییان کردووە یان لە بارو دۆخەکە تێنەگەیشتوون نەزانراوە. دەسەڵاتدارانی سووریاش هەرگیز ڕوونکردنەوەیەکیان لە بارەی سەرژمێرییەکەوە بەو کەسانە نەداوە، کە بەشدارییان تێدا کردووە، هەر بەم شێوەیە بایەخ و پەلەکردن لەکاری تۆمارکردندا لە دەست درا، چونکە لە یەك ڕۆژدا هەموو پرۆسەکە ئەنجامدرا.

لە بنەڕەتدا کورد زۆرینەی ناوچەی جزیرە پێکدەهێنن و باوەڕیش وایە لە چوارچێوەی بازنەی دەوڵەتدا کورد هەڕەشە بووە بۆ سەر کاراکتەری عەرەبی لە ناوچەکەدا و ڕاپەڕینی کوردی باکووری عێراقیش، کە لە ساڵی ١٩٦١ دەستی

[٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرێکی کورد، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سووریا. ناوەکان لەلایەن نووسەرەوە پارێزراون.

پێکردبوو، بەناو ناوچەی جزیرەی سووریادا بڵاو بوویێتەوە.[٧] سەرژمێرییەکە و تۆمارکردنی هەزاران کورد وەك بێگانە بە شێوەیەکی گشتی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەمە ئامرازێکە بۆ گۆڕینی کاراکتەری دیمۆگرافیای ناوچەکە لە بەرژەوەندی عەرەب و کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانەی ناوچەکە دروستی کردبوون. ئەمڕۆ نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ هاووڵاتیی کورد لە سووریا وەك بێگانە و ٨٠٠٠٠- ١٠٠٠٠٠ هاووڵاتی دیکە وەك مەکتومین[٨] تۆمارکراون و لە ژێر کۆت و بەندێکی زۆر و بارودۆخێکی ناهەمواری پڕ هەژاری و نەبوونی مافی یاسایی، ژیان بەسەردەبەن.

جۆری دووەمی کوردە بێ وڵاتەکان ئەوانەن، کە بە مەکتومین ناسراون. کوردی پارێزگای حەسەکە، کە لە ١٩٦٢ بەشداری سەرژمێرییەکەیان نەکردبوو، بوون بە مەکتومین، لەگەڵ ئەوەی ئەگەر خاوەنی رەگەزنامەی سووریاش بووبن. پاش ئەوە ئەو منداڵە کوردانەی لە یەکێك لەم دایك و باوکانەی خوارەوە لە دایك بووبن ئەم حاڵەتەیان بەسەردا سەپێنراوە:

١. هەردوو دایك و باوکەکە لە حاڵەتی مەکتومدا بن.
٢. دایك یان باوك مەکتوم بێت، ئیتر حاڵەتی ئەوەی تریان هەرچییەك بێت گوێی پێ نادرێت.
٣. دایکێك، کە رەگەزنامەی سووریایی هەبێت، لەگەڵ باوکێکی بێگانەدا بێت.

ژمارەی ئەو کوردانەی، کە بە تۆمار نەکراو ناسراون، لەساڵی ١٩٦٦دا بە پێی سەرچاوەیەکی فەرمی سووریا، ٧٥٠٠٠ کەس دەبن،[٩] بەڵام بە پێی سەرچاوە کوردییەکان ئەو ژمارەیە زۆر زیاترە. تەنانەت بە ژمارەیەکی رەسمی و لەگەڵ

---

[٧] بروانە لێکۆڵینەوەکەی محمد گلب هیلال دەربارەی جزیرە ١٩٦٣، و چاوپێکەوتنەکەی وەزیری راگەیاندنی سووریا لەگەڵ رۆژنامەی الدستور ی ئەردەنی، ٢١/سێپتەمبەر/٢٠٠١، وەك نمونە.

[٨] سەرچاوەیەکی حوکومەتی سووریا دەڵێت، کە ٦٧٤٦٥ کورد وەك بێگانە و ٧٥٠٠٠ وەك مەکتومین تۆمارکراون، HRW چاودێری مافی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦، پاشکۆی A.

[٩] HRW چاودێری مافی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦، پاشکۆی A.

زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوان، کە بە ٢,٥٪ دەخەملێنرێت،[١٠] لەوانەشە ژمارەکە لە ساڵی ٢٠٠٤دا زیاتر بێت و بگاتە ١٠٠٠٠٠ کەس.[١١]

ئەو کوردانە، کە بە تەواوی تۆمار نەکراون، بارودۆخێکی نزمتریان لە بێگانان هەیە و هیچ ماف و هەلێکی ئەوتۆیان لە سووریادا نییە. هەندێکیان پارچەیەك وەرەقەی سپی هەڵدەگرن، کە وێنە و زانیاری خێزانەکەیانی لەسەر تۆمارکراوە و لەلایەن موختاری ناوچەکەوە بۆیان دەردەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان ناتوانن ببنە خاوەنی ئەو دۆکیومێنتە. بە شێوەیەکی گشتی دوای دڵنیابوون لە باری ئاسایش، ئەو دۆکیومێنتانە لە لایەن موختارەوە دەردەکرێن. سەرەڕای ئەوەش بڕیارەکانی پارێزگا، بەدەستهێنانی ئەو دۆکیومێنتانەی گرانتر کردووە. لە ١٥/ئۆکتۆبەر/١٩٩٩دا سەرۆکی شارەوانی پارێزگای حەسەکە یاداشتی ژمارە ج- ٧٨٨٩ی ناوخۆی دەرکرد،[١٢] کە دەسەڵاتی دەرکردنی هەر بەڵگەنامەیەکی بۆ مەکتومین لە موختار و ئیدارە ناوچەییەکان سەندەوە.[١٣] سەرنجی ئەوە دەدرێت، کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارە بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە، بارودۆخەکە و ژیانی رۆژانەی ئەو کوردانەی ئەو حاڵەتەیان هەیە بە شێوەیەکی بەرچاو قورستر و گران کردووە.[١٤]

ئەو کوردانەی لە حاڵەتی تۆمار نەکراودان، ئەگەر بتوانن ئەو دۆکیومێنتانە بە دەست بهێنن، رەنگە رێگری چوونە قوتابخانەیان تا پۆلی شەشەم نەبێت، واتە بە شێوەیەکی ئاسایی تا تەمەنی ١٢ ساڵ.

بەڵام لەگەڵ تەواوکردنی ئەو قۆناغی خوێندنەشدا هیچ بڕوانامەیەکیان پێنادرێت، لە جیاتی ئەوەش وەرەقەیەك وەردەگرن، کە تیایدا نوسراوە تا پۆلی شەشەمیان خوێندووە و هەروەك ئاماژەش بەوە کراوە، کە حاڵەتی مەکتومیان هەیە. بەم شێوەیە رێگە بە مەکتومین نادرێت دوای ئەو قۆناغە درێژە بە خوێندنی دەوڵەتیی

---

[١٠] بانکی نێودەوڵەتی، ٢٠٠٣ ب.

[١١] HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣، ٨٠٠٠٠ بانگکراو لەو ژمارە کوردە مەکتومانەی لە سووریان.

[١٢] J، وەك پیتی جیمی عەرەبی دەردەبڕێت.

[١٣] اتحاد الشباب بڵاوکراوەی ٢٩٢، نۆڤەمبەری ٢٠٠١، ٦-٧.

[١٤] HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ٨

بدەن. هەروەك ناشتوانن چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی دەوڵەت یان لە بنکە تەندروستییەکان وەربگرن و لە دامودەزگاکانی دەوڵەتیشدا دابمەزرێن. مەکتومین هیچ مافێکی یاساییان لە سووریادا نییە. ناتوانن حاڵەتێکی یاسای مەدەنی بخەنە بەردەم دادگا. خاوەندارێتی و بە کرێدانی موڵك و خانوبەرە و زەوی و ئۆتۆمبیلیان لی قەدەغە کراوە.[١٥] ناتوانن وڵات بەجێبهێڵن یان سەفەری لوبنانیش بکەن، کە تەنانەت بۆ هاووڵاتییانی سووریا پاسپۆرتیشی پێویست نییە.

بێگانە و مەکتومین بوونەتە بابەتی جیاوازی رەگەزایەتی و رۆژانە لە پێناوی ژیانێکی ئاساییدا رووبەڕووی تەنگوچەڵەمە دەبنەوە، چونکە داواکردنی ناسنامە لێیان، بەشێکی رۆتینی ژیانی رۆژانەیانە لە سووریادا. داواکردنی ناسنامە لە کاتی گەشت و گەڕانی ناوخۆ و دامەزران لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا و وەرگرتنی هاوکاری و سلفەی دەوڵەتی و بە کرێدانی موڵك و شوێنە بازرگانییەکان، گرتنی ژورێکی هۆتێل یان پشکنینی ئاسایی رۆژانە، پێویستە و داواکراوە. بانگەشەی حکومەتی سووریا لەوەی ئەو کوردانەی رەگەزنامەیان لێسەندراوەتەوە "بێگانەن دزەیان کردووە و گومانیان لێدەکرێ" بەهۆی ئەو راستییەی، کە تا ئێستا هیچ هەوڵێکی ئاشکرا نەدراوە لە دوای گۆڕانەکانی شۆڕشی مارسی ١٩٦٣ و بزووتنەوەی راستکردنەوەی ساڵی ١٩٧٠، بۆ ناردنەوەی ئەو کوردانە یان بەخشینی رەگەزنامە پێیان، لە جیاتی ئەوە ئەم کوردانە بەشێکی پەراوێزخراوی لایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی سووریایان پێکهێناوە و بوونەتە کەرەستەی سەرکوتکاریی رۆژانە و بارگرانییان بەسەردا سەپێنراوە. مەبەستی فەرمی لە پشت ئەنجامدانی سەرژمێرییەکەوە ناڕاستی پێوە دیارە، ئەویش بە هۆی گەڕانەوەی هەڕەمەکی رەگەزنامە بۆ ژمارەیەك کورد، کە پێشتر و لە ساڵی ١٩٦٢دا لێیان سەندرابووەوە. ژمارەیەکی کەمی کورد، کە وەك

---

[١٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. ناوەکە لە لایەن نووسەرەوە دانەنراوە.

بێگانە و مەکتومین تۆمارکراون توانیویانە بەهۆی بەرتیلدان بە بەرپرسان، ڕەگەزنامە وەرگرنەوە.[١٦]

چەند هاووڵاتییەکی کورد، کە بەر لە ١٩٤٥ لە سووریادا لە دایک بوون، لە نێویاندا ئەندامانی خێزانە ناودارەکان و بەرپرسانی کوردی سووریا هەبوون، لە ئاکامی سەرژمێرییەکەدا ڕەگەزنامەیان لێسەندرایەوە. لەوانەش وەك جەنەراڵ تۆفیق نیزامەدین، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا سەرۆکی دیوان بوو، هەروەها ئیبراهیم پاشا ئەلمالی، کە یەکێك بوو لە ئەندامانی دامەزرێنەری پەرلەمانی سووریا لە ساڵی ١٩٢٨دا.[١٧] لەوەش زیاتر و لە چەند حاڵەتێکدا ئەندامانی هەمان خێزان تەنانەت خوشك و براکان بە جیاواز تۆمار کراون. بۆ نموونە پیاوێك ساڵی ١٨٨١ لە سووریا لە دایك بووە و وەك هاووڵاتییەکی سوورییایی پۆلێن کراوە، کەچی کوڕەکەی، کە ئەویش هەر لە سووریا ساڵی ١٩٣٥ لە دایك بووە، وەك بێگانە تۆمار کراوە، سەرەڕای ئەوەی، کە لە سوپای سووریادا خزمەتیشی کردووە[١٨].

بە هەمان شێوە، لە چەند بۆنەیەکدا ئەوە ڕاگەیەندراوە، کە ئەو کوردانەی وەك بێگانە یان مەکتوم تۆمار کراون، فەرمانی بەشداربوونیان لە سوپای سووریادا پێگەیشتووە و ناچارکراون خزمەتی نیشتمانی لە سوپای سووریادا تەواو بکەن. لە یاسای باری نەتەوەیی سووریادا لە بەندی ٤٣،٤٤دا هاتووە، کە خزمەتی نیشتمانی سووریا بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیو بۆ هەموو کەس، کە باری نەتەوەیی سوورییایی بێت و تەمەنی سەروو ١٩ ساڵ بێت، زۆرەملێیە.[١٩] بۆیە بە پێی خودی یاساکەی سووریا بەشداربوونی ئەو کوردانەی، کە وەك بێگانە تۆمارکراون پێشێلکاری یاسا بنچینەییەکانی ناوخۆی سووریاش دەکات. قەدەغە نییە ئەگەر کەسێك هاووڵاتی سووریا نەبێت و لە هێزە چەکدارەکاندا دابمەزرێت و وەك یاسایەکیش کورد ئەوانەشی،

---

[١٦] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. ناوەکە لە لایەن نووسەرەوە دانەنراوە.

[١٧] بەکێنی، سێپتەمبەری ٢٠٠٣: ٦.

[١٨] HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ٦.

[١٩] خزمەتی نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٥دا کەمکرایەوە بۆ دوو ساڵ.

که هاوولاتی سورین داواکانیان بۆ پەیوەندیکردن بە ئەکادیمیای سەربازی و پۆلیسەوە ڕەت دەکرێتەوە، سەرەڕای خزمەتیان بۆ دەولەت، ئەم کوردانە لە مافە بنچینەییەکان و دۆکیومێنت و ناسنامەی سەربازی ستانداردی سووریا بێبەشبوون.

کوردێك هەولی داوە پشتبەست بەو خزمەتە نیشتمانییەی هەیبووە ڕەگەزنامەی سووریا بەدەست بهێنێتەوە، بەلام داواکەی ڕەت کراوەتەوە و ئەو دۆکیومێنتانەشی، کە وەك بەلگەی خزمەتی سەربازی پێشانی دابوو، دەستی بەسەردا گیرا.[٢٠]

سەرەڕای سەرژمێرییەکەی حەسەکە، ژمارەیەکی بەرچاوی کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی سووریادا بەهۆی هۆکاری سیاسیی ئاشکراوە دووچاری زەوتکردنی مافە مەدەنییەکانیان بوونەتەوە، ژمارەی ئەو کوردانەش بە ٢٧٠٠٠ کەس زیاتر دادەنرێن.[٢١] هەموو ئەمانە لە نێوان سالانی ١٩٥٨-١٩٦١ روویان داوە، کاتێك رژێم چەند هەلمەتێکی لە دژی رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان ئەنجامداو سەرژمێری حەسەکەش لە سالی ١٩٦٢دا رووی داو لە کاتی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسیش پێش کودەتای حافز ئەسەد لە سالی ١٩٧٠ و دواتریش.

جگە لە لێسەندنەوەی مافە مەدەنییەکان، هاوولاتیان مافی هەبوونی پاسپۆرتیشیان لی زەوت کرابوو، چونکە مافی بەجێهێشتنی ولات بە شێوەیەکی یاسایی رێگری لێدەکرێت.

هەوالنامەی کتێب

## سەرژمێری حەسەکە و یاسا...

## باری نەتەوەیی لە یاسادا

بەندی ١٥ لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ئەوە روون دەکاتەوە کە:"هەموو کەس مافی نەتەوایەتیی هەیە، هیچ کەسێك نابێت بەبی هۆکارێك لە مافی نەتەوایەتی بێبەش بکرێت".

---

[٢٠] ماکدۆوەل ١٩٩٨: ٥٣.

[٢١] بەکێنی، سێپتەمبەری ٢٠٠٣: ٤.

"بە هەمان شێوە یاسای سووریاش ئاماژە بەوە دەکات، کە نەتەوایەتیی مافێکی مرۆڤە و هەموو کەس بەبێ جیاوازی لە سەرەتای لە دایك بوونییەوە مافی نەتەوایەتیی هەیە و هێمای ئەوەش دەکات، کە مافی نەتەوایەتی ناتوانرێت بە شێوەیەکی هەڕەمەکی زەوت بکرێت."[٢٢]، یاسای سووریا لە رووی تیئۆرییەوە گەرەنتی پێدانی رەگەزنامە دەدات بەو منداڵانەی، کە لە دایك و باوکێکی سووریایی یان ئەوانەی لەسەر خاکی سووریا لە دایك دەبن. بەندی ٢٠ لە دەستووری حیزبی بەعس هەموو مافێکی نەتەوەیی بە هەموو ئەو نەتەوانە دەدات، کە لە خاکی عەرەبدا دەژین و حیزبەکە خۆی بۆ نەتەوەی عەرەب تەرخان کردووە و لە پێکهێنانی بلۆکی رادیکاڵی خۆی بەدوور دەگرێت.

باری نەتەوایەتی لە سووریا لە رێگەی باوکەوە دەگوازرێتەوە، نەك لە رێگەی دایکەوە. ئەمەش بۆ خۆی پێشێلکاری ئەو یاساغ کردنە نێودەوڵەتییە، دژی سەرکوتکاری هەردوو رەگەزی نێر و مێ، کە لە بەندی ٢٣ ی پەیمانی جیهانی دەربارەی مافە سیڤیل و سیاسیەکاندا هاتووە. منداڵێك ئەگەر لە باوکێکی مەکتوم یان بێگانە و دایکێکی سووریایی لە دایك بێت، وەك مەکتوم تۆمار دەکرێت، واتە حاڵەکەی لە دایکییەوە بۆ نامێنێتەوە. بە پێشێلکاری یاساکەی خۆیان، کە باری نەتەوایەتی لە رێگەی باوکەوە دەگوازرێتەوە. ئەگەر منداڵێك لە سووریا لە باوکێکی بێگانە و دایکێکی مەکتوم بێت، ئەوا راستەوخۆ منداڵەکەش دەبێت بە مەکتوم، بە هەمان شێوەش ئەگەر پیاوێکی سووریایی ژنێکی مەکتوم بخوازێت، منداڵەکانیان دەبنە مەکتوم.[٢٣] مامەڵەکردنی دەوڵەتی سووریا بەرامبەر بە کورد، بە شێوەیەك پەیڕەوی سەرکوتکردنی کورد و تا رادەیەکیش پێشێلکردنی یاساکانی دەوڵەتیشە.

یاسای سووریا مافی هاوولاتیبوون دەداتە هەموو ئەوانەی، کە لە ٢١/شوبات/١٩٥٨ بە دواوە بە رەگەز سوورین و ئەوانەش، کە رەگەزنامەی کۆماری

[٢٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. ناوەکە لە لایەن نووسەرەوە دانەنراوە.

[٢٣] زانیاریەکە لەلایەن نووسەرەوە کۆکراوەتەوە.

یەکگرتووی عەرەبیان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٠ هەیە.[٢٤] بەندی سێیەمی یاسای نەتەوایەتی سووریا و بڕیاری ژمارە/٢٧٦ی ساڵی ١٩٦٩ مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی سوورییایی فراوانتر دەکاتەوە بە بوونی مافی زەوی و هاوخوێنییەوە. بەم شێوەیە، هەموو ئەو منداڵانەی، کە بەهۆی یەکێك لەم شێوازانەی خوارەوە لە دایك دەبن، ڕەگەزنامەی سووریا وەردەگرن.

- منداڵێك، کە لە خاکی سووریادا لە باوکێك بێت،کە ڕەگەزی سوورییایی بێ، لە ناوەوە یان دەرەوەی سووریادا بێت.
- منداڵێك، کە لە ناو سووریادا و لە دایك و باوکێکی غەریب بێت، کە منداڵەکە نەتوانێت باری نەتەوایەتییان بە دەست بهێنێت.
- منداڵێك، کە لە ناو سووریا و لە دایك و باوکێکی نەناسراو بێت و باری نەتەوایەتییەکی زانراویان نەبێت، یان بێ وڵات بن. یاسای نەتەوایەتیی سووریا، بەندی/٣.

بە پێی یاسا، منداڵێك، کە لە سووریا لە دایك بێت و وەك بێگانە تۆمار بکرێت، یان مەکتوم بێت، واتە لە دایك و باوکێکی غەریب لە دایك ببێت، کە منداڵەکە نەتوانێت باری نەتەوایەتییان بە دەست بهێنێت مافی یاسایی هەیە، کە ڕەگەزنامەی سووریا بەدەست بهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد ئەم مافەشی پێ نەدراوە!

لەبەر ئەوەی، کە کورد وەك بێگانە تۆمار دەکرێن، مافی ئەوەیان نییە پاسپۆرت یان دۆکیومێنتی گەشتیاری دەربکەن، منداڵانی کوردی بێگانە بە شێوەیەکی پێویست لەسەر خاکی سووریا لە دایك دەبن، کەچی بێ وڵاتن. مەکتومینی سووریا بە تەواوی دروستکراوی سووریان. ڕەگەزنامەی سوورییان لی ناسەندرێتەوە، چونکە هەرگیز نەیانبووە، بەڵام لەسەر خاکی سووریا لە دایك بوون و لەبەرئەوە مافی ڕەوای خۆیانە لە ڕێی داوا پێشکەشکردنەوە ڕەگەزنامەی سووریا بەدەست بهێنن. بەڵام دیسانەوە یاسای سووریا وا دەرناکەوێت، کە ئەوە بۆ ئەم جۆرە کوردانە بکات.

---

[٢٤] فەرمانی ژمارە/٦٧، بەندی/١، ٣١/ئۆکتۆبەر/١٩٦١.

لە سەرو ئەوەشەوە دەکرێ ڕەگەزنامەی سوورپایی لە ڕێگەی ئیسقاتی جنسییەی نەتەوە بیانییەکانەوە بە دەست بهێنرێت. لەم بارەدا ئەو کەسانە پێویستە تەمەنیان ١٨ ساڵ، یان سەروتر بێت و ماوەی پێنج ساڵ لە سووریادا نیشتەجی بووبن و لە ساڵێك زیاتر سووریایان بەجێ نەهێشتبێت و دووچاری نەخۆشییەك نەبووبن و توانای کارکردنیان هەبێت و خاوەنی رابردوویەکی باش بن و شارەزاییان لە شتێکدا هەبێت، کە سوود بە دەوڵەت بگەیەنێت. هەروەها پێویستە توانای خوێندنەوە و نووسینیان بە زمانی عەرەبی هەبێت.[٢٥] مندالانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ، دەتوانن مافی نەتەوایەتی سووریایی بەدەست بهێنن، بەبی ئەوەی داوا پێشکەش بکەن، ئەگەر لەو ولاتە نیشتەجی بن. ئەو منداڵانەی، کە مافی نەتەوایەتی بە دەست دەهێنن، لەسەرو ١٨ ساڵەوە بن، پێویستە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سووریا نیشتەجی بووبن بەر لەوەی بتوانن داوا پێشکەش بکەن بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە.[٢٦] بەڵام هێشتا بۆ کوردە بی ولاتەکان پشتبەست بەو راستییەی، کە هەڵگری هیچ ڕەگەزنامەیەکی تر نین، لەوە دوورخراونەتەوە، لە کاتێکدا دەیانتوانی بە کەڵك وەرگرتن لەم یاسایە ئەو کارەیان بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەشکردنی داوا بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی سووریایی، ڕەزامەندی نووسینگەی کۆچکردنی پێویستە، وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی ولات، مافی ئەوەیان هەیە هەر داوایەك بیانەوێت ڕەتی بکەنەوە. بەخشینی ڕەگەزنامە بە کەسێك، پێویستە دواتر لە بڕیارێکی سەرۆکایەتیدا رابگەیەنرێت. بەم شێوەیە پەیوەندی دەوڵەت بە کوردەوە بە تۆمەتی هەڕەشەی ئاسایش و خیانەتکاری، مانای ئەوەیە زۆر بە دەگمەن کورد ڕەگەزنامە، یان مافە مەدەنییەکان بەدەست دەهێنێتەوە. هەر بەو شێوەیەش کوردێکی مەکتوم، کە دایکی هاوولاتی سووریا بێت و باوکی بێگانە بێت، ڕەنگە هەوڵ بدات حاڵەتەکەی خۆی بە ڕێگەی یاسایی بگۆڕێت، کە تیایدا دادگا و

---

[٢٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. ناوەکە لە لایەن نووسەرەوە دانەنراوە.

[٢٦] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش بەشدار دەبن.[٢٧] دیسانەوە بەشداریی ئەم دەزگایانە لەم جۆرە کارانەدا و رقی سروشتیان بەرامبەر بە کورد ئەوە دەگەیەنێت، کە سەرکەوتن لەو جۆرە مەسەلانەدا شتێکی مەحاڵە.

بە گشتی بەدەستهێنانی رەگەزنامەی سووریایی بۆ نەتەوە بێگانەکان ئاسانترە، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە هاتوونەتە ناو سووریاوە، یان منداڵانی عەرەبی بێگانە، کە لە سووریا نیشتەجێن، بەراورد لەگەڵ کوردانی بێگانە و مەکتومین. بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە سووریادا لە لایەن عەرەبە بیانییەکانەوە بەوە ئاسانکاری تێدا کراوە، کە عەرەب پێویستە تەنیا دوو ساڵ لە سووریا نیشتەجی بێت و منداڵە نیشتەجێبووەکانیشیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەبی ئەوەی داوا پێشکەش بکەن، رەگەزنامە بەدەست دەهێنن.

هەروەك نەتەوەکانی عەرەب پێویست ناکات بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی وەرگرتنی رەگەزنامەکانیان رابگەیەنرێت و ئیسقاتی جنسیەی تایبەت ببەخشرێت بەو عەرەبانەی خزمەتی نیشتمانیی تایبەت بۆ دەوڵەتی سووریا ئەنجام دەدەن.[٢٨] لەوەش زیاتر لە یاسای دەوڵەتی سووریادا ئاماژە بەوە کراوە، کە بیانییەکان دەتوانن لە رێگەی ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ هاووڵاتییەکی سووریادا رەگەزنامەی سووریایی بەدەست بهێنن، یان نیشتەجێبوون بۆ ماوەی پێنج ساڵ یان زیاتر لەو وڵاتەدا.[٢٩] بەڵام ئەم یاسایە وا دەرناکەوێت، کە بێگانە و مەکتومین بگرێتەوە، ئەوانەی، کە بە بەردەوامی مافی هاووڵاتیبوونیان نکولی لێدەکرێت و هاوسەرگیرییان نایاساییە. بۆچوونی فەرمیی دەوڵەتی سووریا وایە، کە دانیشتوانی کوردی سووریا لە تورکیا و عێراقەوە کۆچیان کردووە، لەبەرئەوە کورد بە لای سووریاوە هیچیان بە هاووڵاتی دانانرێن. لەم رووەوە، سەرەڕای یاساکانی ناوخۆی سووریا، نکولی بەردەوامی پێدانی

---

[٢٧] زانیارییەکە لەلایەن نووسەرەوە کۆکراوەتەوە

[٢٨] چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەرێك، دیمەشق، سێپتەمبەری ٢٠٠٢. ناوەکە لە لایەن نووسەرەوە دانەنراوە.

[٢٩] یاسای دەسکەوتنی هاونیشتمانیی سوری، ژمارە/٢٧٦، ١٩٦٩، بە گەواهی HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ٦.

رەگەزنامە بەوانەی لە سەرژمێری حەسەکەی ساڵی ١٩٦٢ لێیان سەندرابۆوە، پشت بەستە بەو گریمانەیەی، کە کورد هاووڵاتیی شوێنێکی ترە، لەبەرئەوە دەوڵەت نکوڵی لە پێدانی رەگەزنامە دەکات، هەرچەندە مافێکی یاسایی خۆیانە. دیسانەوە ئەم بیرکردنەوەیە بەهۆی ئەو راستییەوە دووچاری شکست و گومان بووە، کە کورد بۆ هیچ وڵاتێکی بنەڕەت نەگەڕێنراونەتەوە و ژمارەیەکی گرنگیان رەگەزنامەیان بە هۆکاری سیاسیی ئاشکرا لی سەندراوەتەوە.

## مافەکانی منداڵ

بەندی ٢٤٢ی پەیمانی جیهانی لەسەر مافە سیڤیل و سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکات، کە: "هەموو منداڵێك راستەوخۆ دوای لە دایك بوون تۆمار دەکرێت و ناوێکی دەبێت". هەروەك داوا لە دەوڵەتان دەکات، لەوە دڵنیابن هەموو منداڵێك، کە لەسەر خاکەکەیان لە دایك دەبن، رەگەزنامەیان پێبدرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو منداڵە بێ وڵاتیش بێت.[٣٠] نکولیکردن لە پێدانی رەگەزنامە بە منداڵان، بەندی حەوتەمی ١٩٨٩ لە کۆبوونەوەی مافەکانی منداڵان، پێشێل دەکات، کە سووریا لە سێپتەمبەری ١٩٩٠دا واژۆی کرد و لە نیسانی ١٩٩٣دا هەمواری کرد.

لە یاسای ناوخۆی سووریادا، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەگەر منداڵێك لەسەر خاکی سووریا و لە دایك و باوکێك بێت، کە نەتەوایەتییان نەزانراوە، یان بێ وڵاتن، یان منداڵەکە نەتوانێت باری نەتەوایەتی ئەوان بەدەست بهێنێت، مافی ئەوەی هەیە رەگەزنامەی سووریا وەربگرێت. دەسەڵاتدارانی سووریا حاشا لەوە دەکەن، کە منداڵێك لە سووریادا بەبی ناو، یان باری نەتەوایەتی هەبێت.[٣١] بەڵام بە پێی چەند سەرچاوەیەکی کوردیی نزیکەی ٢٥٠٠٠ منداڵی کورد بێ وڵاتن، یان وەك بێگانەو مەکتومین تۆمارکراون.[٣٢] بوونی بەشێکی کورد، کە بە مەکتومین ناسراون لە خۆیدا

---

[٣٠] HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ٧-٨.

[٣١] HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ٧.

[٣٢] بەکێنی، سێپتەمبەری ٢٠٠٣، HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ٧-٨.

بەرهـەمی نکـولیکردنی پێـدانی ڕەگەزنامەیـە بـە کـوردی بێگانـە و دانپیانـەنانی هاوسەرگیرییانە. بـەم شـێوەیە منـداڵانی کوردی بێگانـە و مـەکتومین بـە بـەردەوامی بەربەستی ئەوەیان لێکراوە، کە ڕەگەزنامەی سووریایی وەربگـرن و هـەموو سـاڵێکیش کێشەکانیان بەرەو زیادبوون دەچێت، بەڵام بە بەراوردی ئەوەی منداڵانی عەرەب، کە لە سووریا نیشتەجێن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەبێ ئەوەی ناچار بکرێن بۆ ماوەیـەك نیشتەجی بن، ڕەگەزنامە وەردەگرن.[٣٣]

## تۆمارکردنی لە دایکبووان، مردن و هاوسەرگیری

تا ساڵی ١٩٩٩، دایك و باوکی منداڵانی مەکتوم، دەیانتوانی لـە لای موختـار یان سەرۆکی گوند داوای بەرگە بۆ مناڵەکانیان بکەن. بەڵام وا پێویست بوو، کـە پـێش ئەوەی منداڵەکانیان تۆمار بکەن، سەردانی دەزگاکـانی ئاسـایش بکـەن و ئەسـتۆپاکی خۆیان بسەلمێنن. تەنانـەت ئـەو منداڵانـە بەڵگـەی لەدایکبوونیـشیان بـۆ دەرنـەدەکرا، وەرەقەیەکیان وەردەگرت، کە تیایدا نووسرابوو، ئەو کەسە منداڵی دایك و باوکییـەتی. ئەم پرۆسەیە زۆرجار چەند مانگێکی پێدەچوو تا تەواو دەبوو، بە درێژایی ئـەو کاتـەش دان بە بوونی منداڵەکەدا نانرێت و هیچ ناوێکی فەرمی یـان حاڵـەتێکی فـەرمییان لـە سووریادا نابێت. گرانی و سەختی ئەم پرۆسەیە و چـەندین بۆنـە و حاڵـەت، کـە تیایـدا ئەستۆپاکی ئاسایش بـە داواکـەران نادرێـت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت، کـە چـەندین کوردی مەکتوم هەرگیز تۆمار نەکراون.

لـە سـاڵی ١٩٩٩دا ئـیتر ئـەوە قەدەغـەکرا، کـە موختـار بتوانێـت هـیچ دۆکیومێنتێك بۆ مەکتومین دەربکات، کە ئەم وەرەقانەش قەدەغە بکرێت، ئەوا ئیـدی کوردی مەکتوم هیچ بوونێکی فـەرمیی لـە سـووریادا نابێـت و تەنانـەت ناشـتوانن بـە پاسی دەوڵەتیی هاتوچۆ بکەن. کوردی مەکتوم، لەبەرئەوەی بە شـێوەیەکی فـەرمی لـە دایك نەبوون، هەر بۆیە مردنیشیان تۆمار ناکرێت.

---

[٣٣] چاوپێکەوتن لەگـەڵ پارێزەرێـك، دیمەشـق، سـێپتەمبەری ٢٠٠٢. ناوەکـە لـە لایـەن نووسـەرەوە دانەنراوە.

له بەندی ٢٣یـەمی پـەیمانی جیهـانی لـەبارەی مافـەکانی سـیڤیل و سیاسـیدا، مافی هاوسەرگیری دەستەبەر کراوە:

"مافی پیاو و ژن له تەمەنی هاوسەرگیرییدا بۆ پێکەوەنانی ژیـانی هاوسـەریو پێکهێنانی خێزان دانی پیانراوە".

بە هەمان شێوەش بەندی ١٦یەمی جاڕنامەی گشتی نەتـەوە یـەکگرتووەکانیش لە بارەی مافی مرۆڤەوە دەڵێت:

١. ژن و پیاو له تەمەنی تەواویاندا بەبی هـیچ سـنوور بەندییـەك بـەهۆی نـەژاد، نەتەوە، یان ئاینەوە، مافی ئەوەیان هەیە هاوسەرگیری ئـەنجام بـدەن و خێـزان پێکبهێـــنن. هـــەردوولاش مـــافی یەکـــسانی هاوســـەرگیری و لـــە یـــەك جیابوونەوەییان هەیە.
٢. هاوسەرگیری تەنیا کاتێك ئەنجام دەدرێت، کە رازیبوونی ئازاد و تـەواوی ژن و پیاوەکەی لە گەڵدایە.
٣. خێـــزان یەکـــەی گروپـــی بنـــچینەیی و سروشـــتی کۆمەڵگەیـــە و شـــیاوی پارێزگاریکردنە لە لایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە.

لـە سـووریا هاوسـەرگیریی کـچێکی سـوورییایی لەگـەڵ کـوڕێکی بێگانـە یـان مەکتومدا قەدەغـە و نایاساییە. لەبەرئـەوە مەراسـیمی هاوسـەرگیری بـە شـێوەیەکی نافەرمی ئەنجام دەدرێت و بە تۆمار نەکراوی بەسەر دەوڵەتدا تێدەپەڕێت.

لە وەڵامی حکومەتی سووریا بـۆ راپـۆرتی رێکخـراوی چاودێری مـافی مـرۆڤ، ساڵی ١٩٩٦ لەبارەی کوردی سووریاوە، هاتووە کە:

"ئەگەر لە حاڵەتێکدا کچێکی سوورییایی ئەو مەترسییە بگرێتەبـەر و شـوو بـە کەسێکی بێگانە بکات، ئەو هاوسەرگیرییە بە نایاسایی دادەنرێت".[٣٤]

ئاکامی ئەوەش بۆ خێزانە کوردەکان گرنگە. وەك لـە سـەرەوە باسـکرا، منـداڵانی ئـەو هاوسـەرگیرییە بـە هـیچ شـێوەیەك تۆمـار نـاکرێن و ئەوپەڕەکـەی پارچـەیەك کاغـەزی سپییان دەدرێتـی، کـە وێنـە و زانیـاری لـە بـارەی خێـزان و دۆخەکەیانـەوە لـە سـەری دەبینرێت. لەسـەر دۆکیومێنـت و ناسـنامەی خێزانـدارەکانیش وەك سـەڵت نـاونووس

٣٤ HRW، چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦، پاشکۆی A.

دەکرێن. ئەگەر ژنێکی سووریایی شوو بکات بە پیاوێکی بێگانە یان مەکتوم، ئەوا زەوی و موڵکەکانیان پێویستە بە ناوی ژنەکەوە تۆمار و تاپۆ بکرێت. هەر بەو شێوەیەش، لە دوای مردنی ژنەکە موڵکەکە نە بۆ مێردەکەی و نە بۆ منداڵەکانی بەجێنامێنێت. بەڵکو لە جیاتی ئەوە موڵکەکە دەگوازرێتەوە بۆ ماڵە دایکانی، خۆ ئەگەر کەسیشی نەبوو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەت.

## سایەو پەناگا

بەندی ١٧ یەمی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت:

١. هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە، کە بە تەنیا، یا لەگەڵ کەسانی تردا موڵکی هەبێت.

٢. نابێت هیچ کەسێك بە شێوەیەکی ڕەمەکی و بەبی هۆکار لە موڵکەکەی بێبەش بکرێت.

دەرکردنی کورد لە ماڵ و حاڵی خۆی و نکولیکردن لەو مافەی، کە کوردی بێگانە و مەکتومین لە سووریا خاوەنی موڵك و ماڵ بن، یان بە کرێی بدەن، لە خۆیدا سەرپێچیکردنی ئەو بنەمایانەیە.

وەك لە سەرەوە باسکرا، ئەو منداڵانەی مەکتومن موڵکیان لە دایك و باوکیانەوە بۆ نامێنێتەوە، کە ڕەگەزنامەی سووریاییان نەبێت. لەبەرئەوە نەوە لە دوای نەوە، مەکتومین زیاتر لە زەویوزار و ماڵی باوباپیرانیان دوور دەخرێنەوە و بێبەش دەکرێن.

بە هەمان شێوە ڕێگەیان پێنادرێت موڵك، یان تەنانەت ژوورێکی هۆتێلیش بە کری بگرن. کوردی بێگانە و مەکتومین داوایان لێدەکرێت لای لقی ناوخۆی ئاسایش داوا پێشکەش بکەن، تا مۆڵەت وەربگرن بۆ ئەوەی بتوانن شەو لە هۆتێلێکدا بمێننەوە، هەندێك جار ئەو مۆڵەتەش نادرێت. ئەم کۆت و بەندە چەندین کێشە بۆ ئەو کوردە بێ وڵاتانە دروست دەکات، کاتێك بەناو سووریادا بگەڕێن یان بیانەوێت کارێك بدۆزنەوە.

زۆر ئاوا ناوچەیەکە لە کەناری دیمەشق، لە لایەن کوردەکانی جەزیرەوە دروستکراوە، ئەوانەی، کە لە دیمەشق کاردەکەن و توانایان نییە خانوو لەناو، یان نزیك

شارەکە بکڕن، یان بە کرێی بگرن. هەموو خانووەکان بەبی مۆڵەتی دەوڵەت دروستکراون و ڕەنگە لە هەر کاتێکدا بێت دەوڵەت بیان رووخێنێت.

## مافی خوێندن

ئازادیی خوێندن و مافی خوێندن لە لایەن جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەستەبەر کراوە، بەندی ٢٦ ی جاڕنامەکە دەڵێت:

١. هەموو کەس مافی خوێندنی هەیە. خوێندن بە خۆڕایی دەبێت، بەلایەنی کەمەوە لە قۆناغی سەرەتایی و بنەڕەتیدا. خوێندنی سەرەتایی ئیجباری دەبێت. خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی بە شێوەیەکی گشتی فەراهەم دەکرێن و خوێندنی باڵاش بە شێوەیەکی یەکسان و لەسەر بنەمای لێهاتوویی بۆ هەمووان دەبێت.

٢. خوێندن بە مەبەستی گەشەسەندنی کەسایەتی مرۆڤ و بەهێزکردنی رێز بۆ مافی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان ئاراستە دەکرێت. هان و پەرە بە تێگەیشتن و لێخۆشبوون و هاوڕێیەتی لە نێوان گروپە نەتەوەیی نەژادی و ئاینییەکان دەدات و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی زیاتر دەکات.

٣. دایك و باوك مافی ئەوەیان هەیە جۆری ئەو خوێندنە هەڵبژێرن، کە دەدرێت بە منداڵەکانیان.

دەستووری سووریا ئاماژە بەوە دەکات، کە خوازیارە خوێندنی جیهانی دەستەبەر بکات. بەڵام رێ نەدان بە مافی خوێندن بۆ کوردانی بێگانە و مەکتومین خاڵی ناکۆکی و پێچەوانەی ئەو یاسا هەرە بنچینەییانەیە.

ئەوە راگەیەندراوە، کە مەکتومین رێگەیان پێنادرێت بچنە قوتابخانە هەتا رەزامەندی هۆبەی سیاسی دەزگای ئاسایش بە دەست نەهێنن[٣٥]

---

[٣٥] چاوپێکەوتنەکان لە سووریا، ئۆگۆستی ٢٠٠٢، و لە ئەورووپا، دیسەمبەری ٢٠٠٢ ناوەکان لە لایەن نووسەرەوە پارێزراوە، HRW، چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦: ٢٢.

راپۆرتی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٦، لەبارەی سووریا و کوردەوە سکاڵای پیاوێکی کورد دەخاتەڕوو، کە ویستویەتی منداڵەکەی لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بەم شێوەیە تۆماربکات:

"پیاوەکە ئاماژەی بە کچە گەنجەکەی کرد و وتی پێویستم بە ٢٩ رۆژ هەبوو بۆ ئەوەی سەردانی بنکەی پۆلیسی راوێژکار و بەشی ئاسایش و ئۆفیسی رەگەزنامە بکەم، تەنها بۆ ئەوەی لە پۆلی یەکەم ناونووسی بکەم. دواتر دەبووایە موختار سەردانی ئاسایشی سیاسی بکات، کە بێن و منداڵەکە ببینن. پیاوەکە وتی: کارەکانی ئاسایش هێندەی تر بارودۆخەکەیان گرانتر کرد، تەنانەت زیاتر بە ئازارتر بوو بۆ هەندێك خێزان. چونکە ئەوان پێیان دەوتین، کە ئەم منالانە هی خۆمان نین، لەوانەیە لە ئیسرائیل و تورکیاوە هاتبێتن"[٣٦]

ناونووسکردنی منداڵ وەك مەکتوم تا بچن بۆ قوتابخانە بە پێی یاسا رێپێدراو نییە و تەنیا لە کاتێکدا رێگەیان پێدەدرێت ئەگەر بەڵگەی موختاریان پێبێت.[٣٧]

هەروەها رێگە بە منداڵی تەمەن سەرو شەش ساڵان نادرێت، کە بچێتە بەر خوێندن لەبەرئەوەی لەگەڵ تاقیکردنەوەی بڕوانامە ستاندارەکان ناگونجێت، کە لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ئەنجامی دەدەن.

بە شێوەیەکی ئاسایی خوێندکار ئەگەر لە ساڵی شەشەمدا سەرکەوتوو بوو، ئەوا دیپلۆم بەدەست دەهێنێت. هەرچەندە هیچ هەڵسەنگاندنێکیان بۆ ناکرێت ئەگەر بێتو لە تاقیکردنەوەکانیشدا دەربچن و بەڵگەکان بە پێی مەکتومین مامەڵەیان پێدەکرێت و لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە ناناسرێت. کوردە بێگانەکان دەتوانن بچنە زانکۆ لە کاتێکداکە نمرەیەکی بەرز بە دەست دەهێنن و نابنە بابەتی ئەوەی جیا بکرێنەوە بە پێی ئەوەی کوردن بەڵکو وەك بێگانە ناونووس دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن دابمەزرێن یان لە بوواری شارەزایی خۆیاندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ وەك پارێزەر یان پزیشك کاربکەن. کورد دەیەوێت لەو بووارانەدا کار بکات لەبەرئەوەی ئاواتەخوازن

[٣٦] HRW، چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦: ٢٢.

[٣٧] لەو کاتەوە، کە فەرمانەکانی ١٥/ئۆکتۆبەر/١٩٩٩ دەرچووە، رێگە نادرێ بە موختار، کە ئەو دۆکۆمێنتانە دەرکات.

خۆیان رۆشنبیر بکەن و پلە و پایە لەناو کۆمەڵگەی کوردییدا بە دەست بهێنن و هیوادارن رۆژێك لە رۆژان بارودۆخەکەیان گۆڕانی بەسەردا بێت.[٣٨] سەرەڕای ئەوەش چەند خوێندنگایەکی دیاریکراوی وەك خوێندنگەی سەربازی و خوێندنگەی رۆژنامەنووسی و پزیشکی بە هیچ شێوەیەك ئەو کوردانە وەرناگرن.[٣٩] ئەم جیاکارییە تایبەتییەی سیاسەتی حکومەت بەرامبەر رەخساندنی هەل و رۆشنبیرکردنی منداڵانی کوردی سووریا وایکردووە، هەندێك جار پەنا بەرنە بەر کارکردن لەسەر جادە و کاری دەستگێڕی و رێستۆرانتەکان بۆ ئەوەی لە پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەنیاندا بەشداربن. ئەم بارودۆخە تەنیا تایبەت نییە بە منداڵە کوردەکانەوە، بەڵکو کەمە نەتەوایەتییەکانی تری سووریاش دەگرێتەوە. بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی دیار هەژارن و ئەم بارە دژوارەش لەناویاندا بڵاوترە، منداڵە کوردەکانی لە هەلی یەکسانی لە بوواری خوێندن و دامەزراندندا زیاتر بێبەش کردووە.[٤٠]

ئەم بەربەستانەی لە بەردەم پەروەردە و خوێندنی کوردە بێگانە و مەکتومەکاندا هەن، ئەوەی لە بڕیاری ٢٨ ی کۆبوونەوەی مافەکانی منداڵدا هاتووە پێشێل دەکات، کە ئاماژە بەوە دەکات، هەموو منداڵێك مافی خوێندنی هەیە لەسەر بنەمای هەلی یەکسانی. مەسەلەی پێدانی بڕوانامەی نزمتری پەروەردە و رۆشنبیری بە منداڵانی کوردە بێ وڵاتەکان بۆتە رێگر لە بەردەم بەدەستهێنانی پلەی بەرز و بێبەش بوونیان لە هەلی یەکسانی.

## ئازادیی هاتوچۆ

تۆمارکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردی سووریا وەك بێگانە و مەکتومین و رەتکردنەوەی بەڵگەی هاووڵاتیبوونیان وەك سووریاییەکی پلە یەك، یان

---

[٣٨] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کوردێکی پەنابەر لە بریتانیادا، سێپتەمبەری ٢٠٠٤ ناوەکەی لە لایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

[٣٩] HRAS، نۆڤەمبەری ٢٠٠٣: ١٢.

[٤٠] Op. cit

نەدانی پاسپۆرتی سوورییایی پێیان، پێچەوانەی بڕیاری ١٢یەمی پەیمانی جیهانی لەبارەی مافەکانی سیڤیل و سیاسییەوە، کە تیایدا هاتووە: هەموو کەسێك بەبی هیچ جیاوازییەك، ئازادە لە بەجێهێشتنی هەر وڵاتێك بە وڵاتەکەی خۆشییەوە. بەڵام کوردی بێگانە و مەکتومینەکان مافی کۆچکردنییان نییە، تەنانەت ئەگەر گەشتێکیش بکەن بۆ لوبنان.

لەناو سووریادا، هەموو کەسێکی سووریی بەبی هیچ بەڵگەنامەیەك دەتوانێت لە ڕێگەی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی گواستنەوەوە هاتوچۆ بکات، بەڵام کوردە بێگانە و مەکتومینەکان با ناسنامە و دۆکۆمێنتیشیان هەبێت، کەچی، کە دەیانەوێت لە نێوان شارەکانی سووریادا بێن و بچن، ڕووبەڕووی چەند ڕێوشوێنێکی درێژ خایەن و بیرۆکراتی و بازگەکانی ئاسایش دەبنەوە.

## تۆقاندن

ململانێی ڕۆژانەی کوردە بێ وڵاتەکان لە پێناوی تۆمارکردنی هاوسەرگیری و منداڵبوون و پەروەردە و ئیشکردن لە دەولەتێکی هەژاردا، هەموو ئەو شتانە پێکەوە وایان لەم گروپە کردووە تا ببنە کەرەستەی تۆقاندن لە لایەن دەزگاکانی هەواڵگر و ئاسایشەوە.

پێویستی پێدانی مۆڵەت لە لایەن لقەکانی ئاسایش و سیاسییەکانەوە وای لە کوردەکان کردووە تا ببنە ئامانجی پیاوانی ئاسایش. لە ئەنجامدا ئەو کوردانە پێویستیان بە پشتگیریی کەسانی پلەدار هەیە لە سووریادا، یان پێویستیان بە ئەستۆپاکی هەیە لە لایەن ئاسایشەوە بۆ چەند کارێکی ڕۆتینی وەك تۆمارکردنی ناوی منداڵ لە ئۆفیسی تۆمارگە، یان هاتوچۆ لە نێوان شارەکانی تری سووریا، یان بۆ چارەسەری پزیشکی و مانەوەیان لە هۆتێلدا.

ژمارەیەکی زۆر لە کوردە بێ وڵاتەکان، ناچار بوون ناوی ئەو هاووڵاتییە مردوانە لە خۆیان بنێن بۆ ئەوەی لە هەژاری ڕزگاریان بێت. کورد بوون بە بێ بوونی

ڕەگەزنامە تەنها بارودۆخی توندوتیژ و نادادپەروەری بۆ هێناون.[٤١] هەندێکی تر لە کوردەکان بە شێوەیەکی نایاسایی چەند ڕێگەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ بەجێهێشتنی ئەو وڵاتە.

لە سەردانی یەکەمی بەشار ئەسەد بۆ پارێزگای حەسەکە لە ساڵی ٢٠٠٢دا و لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەیدا، لە کەناڵی ئاسمانی جەزیرە لە ١/ مایس/٢٠٠٤...

بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕایگەیاند، کە ڕێگەچارە هەیە بۆ بارودۆخی کوردە بێ ڕەگەزنامەکان. هێشتا ئەو بڕیارەی ٢٠٠٠٠ کورد دەگرێتەوە، کە ڕەگەزنامەی سووریاییان پێبدرێت ئەو پرسیارە دێنێتەوە پێش، کە ئاخۆ ٢٠٠٠٠٠ کوردی بێ ڕەگەزنامە چییان بەسەر دێت؟ ئەگەر ئەو دەوڵەتەش کار بەم بڕیارە بکات، سەرەڕای ئەو وتارانەش هێشتا هیچ چارەیەك لە مەڕ ئەو کێشەیە نییە.

## ریفۆرمی زەویوزار و پشتێنەی عەرەبی

ریفۆرمی زەوی و کێڵگە کشتوکاڵییەکان هەر لە سەرەتای ١٩٥٠ لە سووریا دەستی پێکردەوە، لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٦١ لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبییەوە، ناسر ریفۆرمی میسری کردە مۆدێلێك بۆ ریفۆرمکردنی سووریا و دووبارە دابەشکردنەوەی ئەو زەوی و کێڵگانە بەسەر جوتیاری کێڵگەکاندا بەبێ ئەوەی خاوەن موڵکە گەورەکان دەستیان تیادا هەبێت.

زۆربەی خێزانە کوردەکانی عەفرین و کوبانی، خاوەن زەوی کشتوکاڵیی زۆر بوون و لە لایەن دەوڵەتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە.[٤٢]

دوای ئەوەی سووریا لە ١٩٦١ەوە دوای کۆماری یەکگرتووی عەرەب کەوت، حیزبی بەعسیش هەمان شێوازی بەکار هێنا لە ریفۆرمکردندا، مەبەستیشیان

---

[٤١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بێگانە و مەکتومی کورد، سووریا ٢٠٠٢ ناوەکان لە لایەن نووسەرەوە پارێزراون.

[٤٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ کوردێکی ئاوارەدا، بریتانیا، سێپتەمبەری ٢٠٠٤ ناوەکەی لە لایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

سنووردارکردن و فراوانکردنی ناونیشانی زەوییەکان و دامەزراندنی سەروەت و سامانێکی دادپەروەرانەی دابەشکراوە.

هەڵکەوت و بارودۆخی جیۆگرافیای پارێزگای جەزیرە وایکردووە، لەو کاتەدا چەند موڵکێکی زۆر لەو ریفۆرمی زەوییە کشتوکاڵیانە بەدوور بێت. دەیڤد ماکدۆوەڵ پێی وایە، ئەوە بەهۆی ناتەواویی نەخشەی دارشتنی پلانەکەوە بوو بێت. سەرچاوە کوردییەکانیش پێیان وایە، کە دواخستنەکەی، حسابێکی بەمەستی بۆ کرابوو بۆ ئەوەی بە پێی کات دیمۆگرافیای دروستکراو لە ناوچەکەدا بگۆڕن.[43] وەك ئاماژەی پێدراوە سەرژمێری حەسەکە لەساڵی ١٩٦٢ بە شێوەیەکی دیار رێژەی کوردی کەمکردەوە، کە پێشتر زۆرینەی پێکهێنابوو.

پشتێنەی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٥دا، پلانێکی سیاسی بوو لە لایەن حیزبی بەعسەوە بڕیاری لەسەر درابوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٣ لە سایەی حکومەتی حافز ئەسەددا جێبەجێ نەکرا. وەك بەشێکی پرۆگرامی ریفۆرمکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان سیاسەتێکی تایبەتی سەرەتایی لە هەرێمی جەزیرەدا گیرایەبەر، کە زۆرینەی کوردن. پلانی دروستکردنی ئابلۆقەی سەربازیی بە درێژایی سنووری سووریا – تورکیا و سنووری کوردستانی عێراق لە (رأس ألعین) دارێژرا.

بە درێژایی سنووری عێراق هەتا تەلکوچەك، نزیکەی ١٠- ١٥ کیلۆمەتر قووڵی و ٣٧٥ کیلۆمەتر درێژییە. پرۆژەکە هاوشێوەیەکی زۆری لەگەڵ خاڵی نۆی پیلانەکەی موحەمەد تەلەب هیلال هەبوو لە مامەڵەکردنی کوردەکانی جەزیرەی سووریا.[44] بە پێی پێشنیازەکەی هیلالی لە ساڵی ١٩٧٣ پشتێنەی عەرەب بە شێوەیەکی پراکتیکی کاری پێکرا و بە تەواوکردنی بەنداوی تەبەقە لەسەر رووباری فورات، کە رووبەرێکی فراوانی ئەو ناوچەیە بەر لافاو کەوتووە و بۆتە هۆی بێ لانەبوونی سەدان خێزانی عەرەب. لە هەمان کاتدا لە ناوچە سەر سنوورییەکانی سووریا- تورکیا- عێراق سێ سەدو چل گوندی کوردنشین ناچارکران، کە ماڵەکانیان

[43] زانیاریەکە لەلایەن WKA کۆمەڵەی رۆژئاوای کوردستانەوە پێشکەش کراوە، لەندەن، ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣.

[44] هیلال ١٩٦٣: ٤٨

جێبهێڵن و پێیان وترابوو، کە لەو جێگایانە نیشتەجێبن، کە کورد نین لەناو سووریادا وەك ناوچەکانی دێرەزور. بە گەیشتنی دەسەڵاتدارانی سووریا بۆ بینینی ئەو شوێنانەی، کە کوردەکان تیایدا جێگیربوون، لە یەکەمین گونددا دوای گواستنەوەیان، گوندنشینەکانی عەلی فورۆ خۆپیشاندەرەکانی تریش لەسەر شەقامەکان دانیشتن و لەسەر ڕێی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلدا ڕاکشان و جێهێشتنی ماڵ و زەوی و زارەکانی خۆیان ڕەتکردەوە، لە گوندی عەلی فورۆ نزیکەی نەوەد کەس لە لایەن دەسەڵاتدارانی سووریاوە دەستگیر کران.[45] ئامانجی دیاری چالاکییە هاوشێوەکان و دەستگیرکردنیان هانی دەسەڵاتدارانی دا، کە سیاسەتی خۆیان پەیڕەو بکەن. لە جیاتی گواستنەوەی هەموو کوردەکان لە ماڵەکانی خۆیان، دەستیان کرد بە هێنانی عەرەب بۆ ئەو ناوچانە و دروستکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای دەستکرد.

خێڵە عەرەبە دەشتەکییەکانی فورات دوای بێ شوێن بوونیان بەهۆی دروستکردنی بەنداوی تەبەقە و دەریاچەی ئەسەد، لەو شوێنەدا نیشتەجی کران.

لە نێو پشتێنەی عەرەبدا، نزیکەی ٤٠-١٠٠ گوندی تایبەت و نوێیان دروستکرد، کە ١٥٠-٢٠٠ خانوو دەبوون[46] بۆ ئەو خێزانە عەرەبانەی، کە بەهۆی لافاوەوە بێ لانە بوون و لەوێدا نیشتەجی کران.

ئەو زەوییانەی، کە ئەو گوندانەیان لەسەر دروست کراوە، هەروەها ئەوانەشی، کە دابینکران بۆ ئەو عەرەبانەی تازە نیشتەجێبوون، زەوی ئەو کوردانە بوون، کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بەهۆی ریفۆرمکردنی زەوییەکانی حەسەکەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو. ئەو کوردانەی، کە خاوەنی ڕەگەزنامەی سووریاین و ئەوانەشی کوردی بێگانەن و ئەو خێزانانەش، کە بێ وڵات و بێ زەوین، تەنها بەشێکی کەمیان بۆ ماوەتەوە، ناچار وەك جوتیار لەو زەوییانەدا کاردەکەن، کە عەرەبە تازە هاوردەکان بوونەتە خاوەنی و لەوانیان سەندۆتەوە، یان ناچارن منداڵەکانیان بنێرن بۆ ناوەندی شارەکان بۆ ئیشکردن و ناردنەوەی دەستکەوتەکانیان بۆ ماڵەوە.[47]

---

[45] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەواد مەلا، WKA،کۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستان ئەحمەد ٢٠٠١: ٧٨

[46] HRW، چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦: ١٣

[47] ئەم زانیارییە لەلایەن WKAکۆمەڵەی ڕۆژئاوای کوردستاندراوە، لەندەن، ٢٧/ئۆکتۆبەر/٢٠٠٣.

لە سەرەتاوە پەیداکردنی بەرهەمە کشتوکاڵی و خۆماڵییەکانی وەك تۆو پەین زۆر گران بوو بۆ عەرەبە هاوردەکان، بەڵام بۆ ئەوەی عەرەبەکان هان بدرێن، کە بەرەو ناوچە کوردنشینەکان کۆچبکەن ئاسانکاری بەدەستهێنانی قەرزی کشتوکاڵیان بۆ کرا و تەنانەت چەکداریش کرابوون.[٤٨]

گوندە نوێیەکان هەموو خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی بۆ دابین کرابوو، پێچەوانەی ئەوەش، گوندە کوردییەکان لە خزمەتگوزاریی سەرەتایی وەك ئاو و کارەبا و ڕێگاوبانیش بێبەشبوون و بۆیان دابین نەکرابوو.

هەروەها ئەوەش ڕاگەیەنراوە، کە زۆربەی ئەو زەوییانەی دراون بە عەرەبە نیشتەنیەکانی گوندە نوێکان لە ناوچەکەدا، بی ئەوەی کەڵکی لێوەربگرن، هەروا لەلایەن خاوەنەکانیانەوە بەجێهێڵراون،[٤٩] یان تەواو پشتیان بەستووە بە جوتیارە کوردەکان و کرێکاران بۆ هێشتنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمەکانیان.

چەردەیەك دەربڕینی ناڕەزایی هەبوو لە لایەن دانیشتوانی گوندەکان لەناو پشتێنەی عەرەبدا. لە یەکێك لەو گوندانەدا، هەموو دانیشتوانە کوردەکان، چ ئەوانەی، کە خاوەنی ڕەگەزنامەی سووریاین و چ ئەوانەشی، کە وەك بێگانە ناویان تۆمارکراوە و لە ساڵی ١٩٧٣دا زەوییەکانیان دەستیان بەسەردا گیراوە، لە خۆپیشاندانێکدا لە ساڵی ١٩٨٦، دانیشتوانە عەرەبەکان لەگەڵ کوردە خۆپیشاندەرەکان بەشەڕهاتن و لە ئەنجامدا کیژۆڵەیەکی کورد کوژرا و هەموو کوردە خۆپیشاندەرەکان دەستگیرکران.[٥٠] سەرەڕای بوونی پشتێنەی عەرەب، پرۆگرامی ریفۆرمکردنی زەوی بە شێوەیەکی گشتی و بەرفراوان لە جەزیرەدا جێبەجێ کرا و بەشێکی زۆری مولکایەتییە کوردییەکان هەڵوەشێندرایەوە و دووبارە بەسەر جوتیاراندا دابەشیان کردەوە، هەرچەندە جوتیارە کوردەکان، کە کاریان لەو زەوییانەدا دەکرد، لەو هەلە بێبەشبوون و زەوییەکان دران بە عەرەبە نیشتەنییە نوێکانی ناوچەکە. بەهۆی ریفۆرمکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەی جەزیرەوە، نزیکەی ٦,٥٥٢-٧٠٠٠م$^{٢}$

[٤٨] HRW، چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئۆکتۆبەری ١٩٩٦: ١٣

[٤٩] وانلی ١٩٩٢: ١٦٢

[٥٠] Op. cit

زەویی جوتیارە کوردەکان دەستیان بەسەردا گیراوە.[51] بە پێی وتەی سەلاح بەدرەدین سکرتێری پێشووی پارتی هەڤگرتنا گەلی کورد لە سووریا، ئەو زەوییانەی لە لایەن حکومەتی سووریاوە دەستیان بەسەردا گیراوە ڕێژەی ٤٣٪ سەرجەمی زەویوزاری سووریا پێکدەهێنێت.[52] ئەو یاسایەی، کە لە ساڵانی ١٩٦٥-١٩٨٩دا جێبەجێکرا موڵکایەتییە کوردییەکانی هەڵوەشاندەوە و جوتیارەکانی لێ دوورخستنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت چەند سنوور و مەرجێکیشی بۆ دیاریکردن، کە ئەگەر جێبەجێیان نەکەن، ئەوا زەوییەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێت:

١. ئەگەر زەوییەك بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە بەردەوامی لە لایەن خاوەنەکەیەوە کاری تێدا نەکرێت دەبێتە موڵکی دەوڵەت.
٢. هەر کەسێك بۆ ماوەی ١٠ساڵ بە بەردەوامی کار لەسەر پارچە زەوییەك بکات مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی پارچە زەوییەکە.
٣. هەر کەسێك پارچەیەك زەوی لە حکومەت بە کری بگرێت و بۆ ماوەی بیست ساڵ و بە بەردەوامی کاری تێدا بکات مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی ئەو زەوییە[53].

جێی سەرسوڕمان نییە، کە ئەم یاسایانە، کوردە بێگانە و مەکتومینەکانی نەدەگرتەوە و وا ڕاگەیەنراوە، کە کورد بە شێوەیەکی گشتی بێبەشبووە لە مافی خاوەنداریێتی و بە شێوەیەکی زۆر دەگمەن سوودمەند دەبوون لە دووبارە دابەشکردنەوەی زەوییەکان، بە تایبەتی لە ناوچەی جەزیرەدا.

سەرەڕای ئەم جیاوازکارییەش، وا ڕاگەیەنراوە، کە ژمارەیەك لە بڕیارەکانی پارێزگا، ئامانجیان کورد بووە و پاڵپشتی لە دەست بەسەراگرتنی زەویوزارەکانیان کردووە. کورد مافێکی ئۆتۆماتیکی نییە بۆ بوون بە خاوەنی موڵك، یان تۆماری خاوەنایەتیی موڵك بکات، لە جیاتی ئەوە ئەگەر ئاواتەخوازی ئەوە بێت پارچەیەك

---

[51] بدرالدين ٢٠٠٣: ٢٥

[52] Op. cit

[53] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پارێزەرێکدا، دیمەشق، ئۆگۆستی ٢٠٠٢ ناوەکەی لەلایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

زەوی لە هەر شوێنێکی سووریادا بۆ خۆی چنگ بخات، پێویستە پێشەکی لە راژەکانی ئاسایشدا بەڵێننامەیەکی دڵنیایی هەبێت.

راپۆرت لەبارەی ئەوەوە دراوە، کە کوردەکان بەردەوام روخسەتی بوون بە خاوەنی زەوی و موڵکایەتییان رەتدەکرێتەوە، بە تایبەتیش لە ناوچە کوردییەکانی باکووری سووریا.

ناوچەکانی دەوروبەری عەفرین و کوبانی دوور نەبوون لە ریفۆرمکردنی زەوییەکان و بە عەرەبکردن. هەرچەندە سیاسەتی عەرەب بەسەر ئەو ناوچە کوردییانەدا جێبەجێ نەکرا، بەڵام ریفۆرمکردنی زەوی بەشێکی گەورەی ناوچەی عەفرینی گرتەوە، کە کورد خاوەنی ئەو زەویانە بوون و لە لایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە. لە بەشێکی کوبانیدا، کورد بێبەش کراوە لە وەدەست هێنانی زەوی و ماڵ و موڵک، هەروەها لە داڕشتنەوەی کاروبارەوە لە هەردوو شارەکانی تەرابلوس و تەلئەبیەزدا[٥٤].

سەرچاوە کوردییەکان لەو بڕوایەدان، کە ئەم هەوڵە مەبەستێکی لە دواوەیە بۆ دابڕکردنی ناوچە و شارە کوردییەکانی ناو سووریا لە یەکتری و دابەشکردنی زۆرینەی عەرەب بەسەریاندا، بۆ نموونە لە نێوان عەفرین و کوبانی،کوبانی و سەرێ کانی (رأس العين)دا.[٥٥]

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها وا راگەیەنراوە، کە ئەم هەوڵانە بۆ بە عەرەبکردنی شارۆچکەی کوبانی نراوە بەهۆی دابەشکردنەوەی زەوییەکانی کوردەکانەوە بەسەر عەرەبەکاندا. بۆ رێگرتن لەم هەوڵە و بەگژاچوونەوەی دەست بەسەراگرتنی زەوی، کوردێکی خاوەن زەوی چەند مینێکی لە ناوچەکانی سنووری تورکیاوە هەڵگرتەوە و لە کێڵگەکەی خۆیدا دایچاندن، ئەو عەرەبەی، کە دەستی کردبوو بە کارکردن لەوزەویەدا کوژرا، کاتێ، کە بە تراکتۆرەکەی بەسەر مینەکاندا رۆشتبوو.[٥٦]

---

[٥٤] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خێزانێکی کورد لە کوبانی، سووریا، ٢٠٠٢، ناوەکانیان لەلایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

[٥٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٥٦] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خێزانێکی کورد لە کوبانی، سووریا، ٢٠٠٢، ناوەکانیان لەلایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

به هەمان شێوە بە قووڵایی پەنجا کیلۆمەتر زەوییەك بە درێژایی سنووری تورکیا لە ناوچەکانی کوبانی و باکووری عەفرین پاسەوانێکی زۆر بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان هەیە و لە ئامادەباشیدان لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر ئەو ناوچەیە هەبێت. هەر بۆیە زەوییەکان لەو ناوچانەدا فرۆشتن و کڕینیان قەدەغەکراوە. هەروەها گۆڕینی ناوی تۆمارکراوی خاوەنەکەی تەنانەت دوای مردنی خاوەنەکەشی و یان بۆ مەبەستی یاسایی قەدەغەکراوە، خاوەنی زەوییەکان هێشتا دەتوانن لە زەوییەکانیاندا کاربکەن، بەڵام لە ئەنجامدا ئەم زەوییانە لە هەر کاتێکدا بێت دەتوانرێت لە لایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت، بەبی هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی یاسایی و دوای مردنی خاوەن موڵکەکەش زەوییەکە راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت.[٥٧]

بایەخی ناوچە کوردییەکان بۆ سووریا بە بەها ئابوورییەکەیەوە وێنا کراوە. جەزیرە بە ناوچەی بەرهەمهێنانی لۆکە و گەنم جیا دەکرێتەوە و دۆزینەوەی نەوت لەو هەرێمە بۆتە هۆی بایەخدان بە زاڵبوونی کورد بەسەر ستراتیجی سەرچاوەکاندا. پێشنیازکراوە، کە پشتێنەی عەرەب و ریفۆرمکردنی زەوییەکان لە کاتێکدا جێبەجێکراوە، کە دەنگۆی ئاشکرابوون و قۆرخکردنی نەوت لە قەرەچوك و رومەلان لە جەزیرەدا بلاوە.

کۆچکردنی عەرەبەکان بۆ ناوچە کوردییەکان بۆ دروستکردنی دیمۆگرافیایەکی مەزهەبی و پیشەسازی، سیاسەتێك بوو زووتر لە لایەن کۆماری عێراقەوە جێبەجێکرا، بە تایبەتی لە شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت لە ساڵانی ١٩٣٠کانەوە و دواتریش لە لایەن پارتی بەعسی عێراقییەوە.

بایەخدانی کورد بەم ناوچانە لە رووی کارەوە، کە لە کەرکوکەوە دەستی پێکرد، وا پێدەچێت حکومەتی سووریا نیگەرانی زاڵبوونی نەتەوەی کوردی هەبێت، لە رووی ستراتیجی ئابووری و جیۆگرافیای ناوچەکەوە.[٥٨] لە سووریا ژمارەی ئەو فەرمانبەرە

---

[٥٧] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خێزانێکی کورد لە کوبانی، سووریا، ٢٠٠٢، ناوەکانیان لەلایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

[٥٨] ماکدۆوێل ١٩٩٨: ٢٨.

کوردانەی لە کارگەی پیشەسازی نەوتی رومەلان و قەرەچوکن، بەردەوام لە کەم بوونەوەدان، بە تایبەتی، کە خانوو بۆ کرێکارە عەرەبە هاوردەکان دروست کرا. بە هەمان شێوە تەواوکردن و پڕکردنەوەی بەنداوی تەبەقە لە سووریا و بەنداوی کیبان لە تورکیا لە ساڵی ١٩٧٣، کە بووە هۆی کەمکردنەوەی رژانی جۆگە ئاوییەکان لە ئەنجامدا گرژی و ئاڵۆزیی خستنە نێوان سووریا و تورکیاوە و هەروەها سووریا و عێراقیش. تەنانەت عێراق هەڕەشەی لە تەقاندنەوەی بەنداوی تەبەقە کرد و سووریا و عێراقیشی تا کەناری جەنگ برد، لە ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥ سوپای سەربازی هەردوو وڵاتی لەسەر سنوورە دیاریکراوەکانیان کۆکردەوە.[٥٩]

زیادبوونی ئەم گرژییانە هاوکات بوو لەگەڵ دروستکردنی پشتێنەی عەرەب، جێی سەرنجیشە، کە پشتێنەی عەرەب بەشێك بوو لە نەهێشتنی دەستێوەردانەکانی تورکیا و عێراق بۆ سەر کاروبارە ناوخۆییەکانی سووریا، ئەویش بە هۆی دانیشتوانە کوردیەکانیانەوە، کە زۆر بە خیانەتکارانە دەبینرا.

هەروەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، پەرەپێدانی ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب بووە هۆی گرژی و ئاڵۆزیی گومانی هاوبەشی هەردوولا. ناسیۆنالیزمی کورد لە بارێکی هەڵسانەوەدا دەبینرا. لەگەڵ راپەرینەکەی مەلا مستەفای بەرزانی لە باکووری عێراقدا سەری هەڵدا و نیشانەی یەکەمی ئەم ناسیۆنالیزمە لە تورکیاش بەئاگای هێنانەوە، سووریاش لەوە ترسا، کە ببێتە هۆی هاندانی کوردی سووریا بۆ کار و چالاکی سیاسی و شەرعیەتی لاوازیی حکومەتی خستە بەردەم گومانەوە.

پشتێنەی عەرەب، کوردی سووریای لە هاوپەیمانە سروشتییەکانی خۆی لە تورکیا و عێراق جیاکردەوە. هەروەها سووریا ترس و نیگەرانی لەو دەوڵەتە دوژمنانەی بەرژەوەندی هاوبەش و دەستێوەردانە دەرەکییەی بەرامبەر بە نەتەوەی بە ویژدانی کورد هەبوو وەك راگەیەنراوە، کە ئیسرائیل پشتیوانی مەعنەوی بەرزانی کردووە. هەروەها بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و دروستکردنی پشتێنەی عەرەب و شایلۆقەی پاراستن لە نێوان کوردی سووریا و تورکیا و عێراق، هەردووکیان هەوڵێك بوون بۆ

---

[٥٩] داودی.ن.د. khrp ٢٠٠٢: ١٣.

جیاکردنەوەی کوردی سووریا لە کاریگەرییە دەرەکییەکان و پەیوەندیی بەرژەوەندییەکانیان و لە هەمان کاتدا بۆ دانانی کاراکتەری دیمۆگرافیا لە ناوچەکەدا.

## کۆچکردن و راگواستن

لە چەند سەرچاوەیەکدا هاتووە، کە چەندان کەس و کۆمەڵە خەڵك بە پەیوەندی لەگەڵ رژێم و دەزگاکانی موخابەراتی سووریا، چەردەیەکی زۆر سودمەند بوون لەو هەڵهاتنە بەرفراوانە بۆ ئەوروپا.

سەدان کورد لە سووریاوە بە کەشتی و لە رێگەی لوبنانەوە بەرەو ئەوروپا براون، کە زۆربەیان وا چاوەڕوان دەکرا لە ئەڵمانیا بمێننەوە.

لە نێوان سالانی ١٩٩٨-٢٠٠٢ گروپێکی تایبەتی مافیا، دەربازکردنی سەدان کوردی لە رێگەی کەشتی بارهەڵگرەوە بۆ ئەوروپا رێکخستووە.

بە پێی راپۆرتی دیر سپیگل بلاوکراوەی دەوریی ئەڵمانی[٦٠] و سایتی کوردی Amude.com[٦١] مافیایەکی قاچاخچی لە سووریا لە لایەن پیاوێکی کوردی سووریاوە، کە ناوی مەجید بیرکییە لە چالاکییەکانی لەگەڵ تاکەکەس و گروپەکانی تر لە سووریا و لوبنان و ئەوروپاشدا بەشداری کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٨ بە ناردنی ٢٠-٢٥ کوردی سووریا بۆ ئەڵمانیا دەستی پێکردووە و رێکخراوەکەی بیرکی لە سالانی دواتردا بەرفراوان بوو. کەشتی گەورەتر بەکار هێنرا، گروپەکە دەستی کرد بە دەربازکردنی زیاد لە نۆسەد کەس لە یەك کەشتیدا و لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و پڕ ئازار و پیسی و ناتەندروست لەگەڵ نەبوونی خواردن و ئاوی پێویست.

لە شوبات/فەبریوەریی ٢٠٠١ کەشتیەکی کامبۆدی دەریای رۆژهەلات بە نزیك فەرەنسادا نۆسەد و دوانزە کوردی هەڵگرتووە، کە زیاد لە سی سەدیان منداڵی خوار تەمەنی دە سالان بوون. دوای یەك ساڵ لە مارتی ٢٠٠٢ دا نۆسەد و بیست و هەشت

[٦٠] دێر سپیگڵ ٢٠٠٤/١

[٦١] بێرکۆ ٢٠٠٤

پەنابەر، کە زۆربەیان کوردبوون لە کەشتی تۆنگادا بینراون، کە بە مۆنیکا تۆمارکراوە و نەیانتوانیوە لە ئیتالیا بپەڕنەوە.

هەرچەندە لە کاتی خۆیدا وا راگەیەنرا، کە پەنابەرانی کەشتیی دەریای رۆژهەڵات، کوردی عێراق بوون، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو، کە زۆربەی هەرە زۆریان کوردی سووریا بوون.

هەروەها لە لایەن قاچاخچییەکانەوە هەڕەشەیان لێکرابوو، کە بە پۆلیس و ئۆفیسی کۆچبەران بڵێن:، کە کەشتیەکە لە تورکیاوە هاتووە و کوردی عێراقین، ئەگینا لە کەشتییەکەوە فڕێدەدرێنە دەرەوە و هەروەها بڕوایان وا بووە ئەگەر پەیڕەوی ئەو فەرمانە بکەن ئەوا سەرنجی زیاتر لە بەزەیی رۆژئاوایی بە دەست دەهێنن، ئەویش بە تێڕوانینی بارودۆخی عێراق لەسەر ئاستی دەرکەوتنی نێودەوڵەتی و بەم شێوەیە زۆربەی پەنابەرەکان ملکەچ بوون.

لە ئەنجامدا بارودۆخی دژواری کوردی سووریا نەیتوانی سەرنجی میدیاکان و بایەخپێدانی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت.

بڕی تێچوو ٣٠٠٠-٤٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ گەورە و ١٧٠٠-٢٠٠٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ منداڵ، قاچاخیکردنی خەڵك داهاتێکی زۆری هەبوو.

ئەگەر نەتوانرایە نرخەکە بە یەکجار بدرێت، کوردەکان وا ناسرابوون، کە موڵکی خۆیان لە بری پارەکە دەبەخشن. دەڵێن:، کە مەجید بیرك توانا و دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە لە ئەلحەسەکە و قامیشلی و خاوەنی زیاد لە دوو هەزار خانووبەرەیە لەناوەوە و دەوروبەری ئەو شارانەدا.

بەپێی زانیارییەکانی لێکۆڵەرەوەی پۆلیسی ئەڵمانیا، مەجید بیرك پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ موخابەراتی سووریا و حیزبوالله لە لوبناندا هەبووە. لە ٢٣/نیسان/٢٠٠٣دا لە لوبنان لە کاتێکدا خەریکی رێکخستنی کەشتییەك بوو بۆ ئەوروپا دەستگیرکرا، کە لایەنی کەم حەوت سەد کەسی هەڵدەگرت و بەڵام مەجید بیرك دوای شەش مانگ لە زیندان ئازادکرا. بە پێی راپۆرتی دەزگای زانیاری ئەڵمانیا، دیمەشق پەیوەندی هەبووە بەو ئازادکردنەیەوە.[٦٢]

---

[٦٢] Op. cit دێر سپیگڵ ١/٢٠٠٤

له هه‌مان كاتدا به‌رپرسه سووریاییه‌كان به به‌رتیل ڕێگه‌یان ده‌دا به تاكی كورد و ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌شی، كه له لایه‌ن ڕژێمه‌وه داواكراو بوون، كه به فڕۆكه وڵات جێبهێڵن. هه‌ر یه‌كه‌یان نزیكه‌ی به بڕی پێنج هه‌زار دۆلاری ئه‌مریكایی له سووریا ده‌رباز ده‌بوون.

له ۱۹۹۰ه‌وه پاسپۆرتی كاتی بۆ كورده بێگانه و مه‌كتومینه‌كان ده‌رده‌كرا، به شێوه‌یه‌كی ڕه‌سمی بۆ چاره‌سه‌ری پزیشكی له ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی سووریا، ئه‌وه‌ش، كه بابه‌تی به‌رتیل بوو.

كورده بێ وڵاته‌كان ده‌یانتوانی ئه‌و پاسپۆرته كاتیه به‌ده‌ست بهێنن، بۆ ماوه‌ی شه‌ش مانگ یان ساڵێك سه‌فه‌ر بكه‌ن، كه ده‌بوو بڕی ۱۵۰۰-۳۰۰۰ دۆلاری ئه‌مه‌ریكی و ئه‌ستۆپاكی ئاسایشیان به شێوه‌یه‌كی ئیجباری پێبێت.[٦٣] ده‌ڵێن: ڕه‌نگه گروپه‌كان و قاچاخچییه‌كان په‌یوه‌ندییان هه‌بووبێت به پارتی ئه‌مه‌لی لوبنانی و حیزبی به‌عسی لوبنانی و گروپی ئه‌لئه‌سه‌ده‌وه،[٦٤]، كه پێكه‌وه له ڕێگه‌ی لوبنانه‌وه گه‌شته‌كانیان بۆ ئه‌وروپا ڕێك ده‌خست. هه‌روه‌ها ده‌ڵێن: لوبنان ڕیشه‌یه‌كی زۆر به‌هێزی هه‌بووه له ناردنه ده‌ره‌وه به ڕێگه‌ی نایاسایی له سووریاوه، ئه‌و كه‌سانه‌ی ئه‌و ڕێگه‌یه‌یان به‌كارده‌هێنا زۆربه‌یان كورد بوون به مه‌به‌ستی ڕزگاربوونیان له‌و توندوتیژیانه‌ی ناو سووریا، هه‌روه‌ها به‌ڵگه‌كان ئه‌وه ده‌رده‌خه‌ن، كه حكومه‌تی سووریا و به‌شی ئاسایش، ئاگاداری ئه‌و قاچاخیكردنه نایاساییانه‌ی خه‌ڵك بوون له ڕێگه‌ی لوبنانه‌وه و به ڕێژه‌یه‌كی كه‌میش له ڕێگه‌ی فڕۆكه‌خانه‌ی نێوده‌وڵه‌تی سووریاوه و لیستی ناوه‌كانی ئه‌و قاچاخچییانه‌شیان هه‌یه.[٦٥] له‌سه‌رو ئه‌وه‌شه‌وه بازاڕی ڕه‌ش سوودێكی باشی هه‌بووه بۆ ده‌وڵه‌تی سووریا بۆ جۆشدانی ئابووری و ئاسانكاریكردن بۆ

---

[٦٣] چاوپێكه‌وتنێك له‌گه‌ڵ خێزانێكی كوردی بێگانه له ناوچه‌ی جه‌زیره، ئۆگۆستی ۲۰۰۲، چاوپێكه‌وتنێك له‌گه‌ڵ نووسه‌رێكی كورد، دیمه‌شق، ۲۰۰۲، چاوپێكه‌وتنێك له‌گه‌ڵ پارێزه‌رێك، دیمه‌شق، ۲۰۰۲، زانیارییه‌كان له‌لایه‌ن wkaكۆمه‌ڵه‌ی ڕۆژئاوای كوردستانه‌وه به ده‌ست هاتوون، له‌نده‌ن، ۲۷/ئۆكتۆبه‌ر/۲۰۰۳

[٦٤] بێركۆ ۲۰۰٤، دێر سپیگڵ ۱/۲۰۰٤

[٦٥] Op. cit

کۆچبەرە کوردە سووریاییەکان لە لایەن موخابەرات و بەرپرسەکانی دیکەی دەوڵەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لەوانەیە مەبەستی کەمکردنەوەی کورد لە سووریا لە پشتی ئەوەوە بێت.

## کولتوور

بە پێی بیردۆزە باوەڕپێکراوەکان، کولتوور و زمان، مێژووی هاوبەش و نیشتمانیی نەتەوەیی بە بنەما سەرەکییەکانی وەك نەژاد و نەتەوەیی دادەنرێن.[٦٦] ئەم سیفەتە هاوبەشانە، خەڵك و کۆمەڵگە بە ناسنامەیەکەوە گری دەدەن، کە بنەمای نەتەوایەتیبوونە. بایەخی پاراستنی کولتوور، زمان و هەروەها پیادەکردنی ئاین لە نێو گروپە کەمە نەتەوایەتییەکانی دەوڵەتێك لە لایەن کۆمەڵگەی یاسایی نێودەوڵەتییەوە ناسێنراوە، وەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر مافە کولتووری و سیاسییەکان ICCPR و جاڕنامەی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافی مرۆڤ UDHR ماددەی ٢٧ی لە بەندێکی ICCPR"

"لەو دەوڵەتانەی کەمە نەتەوایەتیی نەژادی، ئاین یان زمان هەیە، ئەو کەسانەی، کە سەر بەو کەمە نەتەوایەتییەن نابێت مافەکانیان پێشێل بکرێت لەو کۆمەڵگەیەی، کە ئەندامەکانی تری گروپەکەی تیایدایە، پێویستە خۆشی لە کولتووری خۆیان ببینن، بانگەشەی ئاینی خۆیان بکەن یان زمانی خۆیان بەکار بهێنن."

نەتەوەی کوردیش یەکێکە لەو گروپانەی، کە کەمە نەتەوایەتییەکی نەژادی و زمانی هەیە لە سووریا و عێراق و ئێران و تورکیا و لە کۆماری سۆڤیەتی یەکگرتووی پێشوودا، کە بەهۆی دابوونەریتی کولتووری و زمانێکی زاڵ و ژمارەیەك دیالێکتی نزیك لە یەکەوە و مێژوویەکی هاوبەش، کە بە هۆی هەڵکەوتنە جیۆگرافیاییەکەوە لە ناوچەی کوردستان دەناسرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش لە لایەن عەرەب و فارس و ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە بە هەڵە لێکدراوەتەوە. لە سیاقی بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و خەڵکەکەی، ڕژێمی

---

[٦٦] بۆ نمونە گەلنەر ١٩٨٣ و ئەندرسن ١٩٩١.

سووریا ژمارەیەك ڕێگر و بەربەستی لە بەردەم چەند دەربڕینێکی ناسنامەی کولتووریی کوردیدا بە زۆر دانا، لەوانە پێشێلکردنی زمانی کوردی و ڤیستیڤاڵ و دابوونەریت.

سەرچاوە مێژووییە کوردییەکانی تایبەت بە بوونی کورد لە سووریادا لابراون، یان بە عەرەبکراون. ئامانجە سیاسییەکانی، بە زۆر ناساندن و تێکەڵ کردنی کوردە بە نەژاد و کولتوور و ناسنامەی نەتەوایەتی عەرەب.

سووریا بە شێوەیەکی یاسایی ناچارکرا لە ژێر سایەی پەیوەندی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکاندا، کە پارێزگاری لە نەژاد و گروپی کەمە نەتەوایەتییەکان و کولتوورییان بکات. [٦٧]

لەگەڵ ئەوەشدا پێشێلکردنی ناسنامەی کولتووری کوردی لە سووریا بەردەوام لە زیادبووندا بووە، هیچ ئاسانکارییەك بۆ پەیڕەوکردنی کولتوور و داب و نەریتی کوردی نە لە دەستوور و نە لە یاسای سزاداندا دابین نەکراوە.

ئەو بەربەستانەی لە بەردەم پەیڕەوکردنی کولتوورە کوردییەکان لە خوارەوە ئاماژەیان پێدراوە، بنەڕەتیترین بنەمای گروپە کەمە نەتەوایەتییەکان و مافە کولتوورییەکانە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان UDHR و کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی مافە کولتوورییەکان ICESCR هاتووە و سووریاش بە هەموو ئەوانە قایل بووە.

هەواڵنامەی کێبز

## زمـــان

لەبەرئەوەی زمان خەسڵەتێکی بنەڕەتی و گرنگی نەتەوەیە، وابەستەیی و قەدەغەکردنی زمان بۆ نەتەوەیەك یان ڕەگەزێك و خەڵکەکەی سنووردار بکرێ لەگەڵ زمانێکی هاوبەشدا، ئەوە کار لە ناوەرۆکی ناسنامەکەیان دەکات.

---

[٦٧] هەمان سیاسەت لە تورکیاش پیادە کراوە، کوردەکان وەك تورك دەناسێنن و ڕەگەز و نەژاد و پێناسەی نەتەوایەتییان پێشێل کراوە. لە ئێران، لە شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩وە، سیاسەتەکەیان هاوتا کردووە و هاووڵاتیبوون لەژێر ئاڵای ئایندایە نەك نەژادێکدا.

لەساڵی ١٩٦٣ لە لایەن محەمەد تەڵەب هیلالەوە پێشبینی ئەوە دەکرا، کە ئەو لەو بڕوایەدایە زمانی کوردی هەڕەشەیەك بێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد.

لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوەی روون کردەوە، کە چۆن قسەکەرێکی عەرەب لە توانایدا نییە لە زمانی قسەکەرێکی کورد تێبگات، لەمەشەوە هەوڵی جێبەجێکردنی پیلانەکانیان دەدا.[68] ئاشکرای کرد، کە کاتێ کوردەکان واپێشان دەدەن گوایە بۆ رژێم دڵسۆزن، ئەوە بەکارهێنانی کوردایەتییە بۆ وەدەرنانی عەرەبەکان و رێ پێدانیان بۆ بەکارهێنانی نەتەوەی کورد وەك چەکێك دژی عەرەبەکان و پلانگێڕانێکە بۆ دامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی کوردی. کاتێك هیلالی زمانی بە سەرەکیترین هۆ دانا وەك هەڕەشەیەکی کوردی، لەو باوەڕەدا بوو تەنها لە رێی رۆشنبیرییەوە بە عەرەبکردن بەس نییە بۆ ئەژمارکردنی گومان لە پلانە کوردییەکان بۆ ئازاردانی نەتەوەی عەرەب لە رێی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردییەوە[69].

لە سووریا زمانی کوردی (کرمانجی) وەك زمانێکی رەسمی نەناسراوە، لەوەش زیاتر، بە هەموو شێوەیەك فێربوون ، یان فێرکردنی زمانی کوردی لە خوێندنگا و تەنانەت بە شێوەیەکی تایبەتیش لە کوردەکان قەدەغەکراوە. ئەم چالاکییانە وەك تاوانێکی پیاوکوژی و نایاسایین. سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی، بۆ زۆرینەی کوردی سووریا زمانی دایکە، ئەوان بە شێوەیەکی گشتی هەتاکو تەمەنیان دەبێتە شەش ساڵ زمانی عەرەبی فێر نابن.

کورد وا راهاتبوون، کە لە ٩٠٪ی رۆژەکانی ژیانیان لە هەرێمە کوردییەکان بەسەر بەرن. سیاسەتی سووریا بەرامبەر بە زمانی کوردی چەندین ناکۆکی و دژایەتییەکی تێدایە بە بەراورد لەگەڵ سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرامبەر گروپە کەمایەتییە نەژادییەکان و زمانە بیانییەکانی تر. ئەرمەنی و ئاشووری و جولەکەکان رێگەیان پێدراوە زمانی خۆیان فێربن، هەروەها بە کولتوور و داب و نەریتەکانیان و لە قوتابخانە تایبەتییەکانیان و لە یانە و کۆمەڵە کولتوورییەکان ئاشنا بن. لەگەڵ ئەوەشدا

---

[68] هیلال ١٩٦٣: ٢٦-٢٨.

[69] هەمان سەرچاوە.

هەواڵنامەی کتێب

KURDOLOGY

ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە و پەیمانگای تایبەتی فرەنسی و بریتانی و روسی و چەندین زمانی تری ئەوروپی هەن و خوێندن تیایاندا بە خۆڕاییە.

قەدەغەکردنی فێرکردن و فێربوونی کوردی لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دریژبۆتەوە، مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانی کوردی بە شێوەیەکی رەسمی ستاندار نەکراوە و زۆربەی کوردەکان شارەزای زمانی دایکی خۆیان نین.

لەگەڵ ئەوەشدا فێرکردنی کوردی بە شێوەیەکی نهێنی و هەندێك جاریش لە لایەن پارتە کوردییەکانەوە رێك دەخرێت بەڵام چالاکییەکانی نایاساین. وانەکان لە ماڵەکاندا بە شێوەیەکی نهێنی دەوترێنەوە و کەم کەس بۆ فێرکردنی زمانی کوردی خۆی تەرخان دەکات چونکە زمانی کوردی لە سووریا نایاساییە و بە پێی دەوڵەت فێرکردن و فێربوونی زمانی کوردی ئیهانەیەکی سیاسییە و وەك هەڕەشەیەك لە یەکگرتویی دەوڵەت دادەنرێت.

لە ساڵی ١٩٨٦ بە پێی بڕیاری ١٠١٢/س/٢٥ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کارگە و شوێنە گشتییەکان و سینەماو کافێکاندا قەدەغە کرابوو.[٧٠] پاشان لە ساڵی ١٩٨٩ گۆرانی جیاواز لە عەرەبی بۆ نمونە کوردی لە ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵەکاندا بە پێی بڕیاری ژمارە ١٨٦٥/س/٢س/١٢ ١٩٨٩ قەدەغە کرا.[٧١] پاشان هەوڵی زیاتر درا بۆ قەدەغەکردن و رێگرتن لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئاخاوتندا بە شێوەیەکی ئاشکراو گفتوگۆکردن و جگە لە زمانی عەرەبی لە کاتی دەوامی ئیشکردندا رێپێنەدراو بوو. یەکێك لەو زنجیرانە، زنجیرە بڕیاری H/٧٠١٤/ ی ٣/١٠/١٩٩٦، کە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێکی تری ساڵی١٩٨٩ و مەبەستی زیاتر بەهێزکردنی رێگرتن و کۆنترۆڵکردنی بەکارنەهێنانی زمانی بەدەر لە عەرەبی لە پارێزگای حەسەکە لە شوێنە گشتییەکان و کارگەکاندا. ئەم زنجیرە بڕیارە تەنها لە پارێزگا کوردییەکاندا جێبەجێ کرا، کە زۆرینەی کوردن، ئەمەش ئەوەی دەرخست، کە زمانی کوردی زمانێکە ئەم فەرمانە بەدوای قەدەغەکردنیەوەیەتی.

---

[٧٠] ماکدۆوەڵ ١٩٩٨: ٤٧.

[٧١] دام ١٩٩٦: ١٧٢، تێبینی ١١.

لە ئایاری ٢٠٠٠ بڕیاری ٧٦٨، فەرمانی دا هەموو ئەو دوکانانەی، کە شریت و ڤیدیۆیان بە زمانی کوردی و لەبارەی کۆبوونەوە نهێنی و ڤیستیڤاڵەکان تێدا دەفرۆشرێت داخرێن. ڕێکخستنی هەر کۆبوونەوەیەکی نهێنی و ئاشکرا و ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ گێڕان پێویستی بە ئەستۆپاکی و مۆڵەتی ئاسایشی سیاسی هەیە.

ئەستۆپاکی تەنها بە مەرجێك دەبەخشرێت، کە گۆرانی کوردیی تێدا نەوترێت. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ وا ڕاگەیەنراوە لە کۆتایی ڕێکخستنی ئاهەنگی شەوی سەری ساڵ لە کوبانی، کە دەیویست بە شێوەیەکی ئاشکرا گۆرانی جیاواز لە عەرەبی لەو کۆبوونەوانەدا نەوترێت، کە مۆڵەتی ئاهەنگ گێڕانەکەیان لە لایەن بەشی سیاسی ئاسایشی حەڵەبەوە پێدراوە. هەروەها گۆرانی بێژە کوردییەکانی وەك ڕەشید سۆفی دەبووایە واژۆیان بکردایە، کە گۆرانی بە کوردی نەڵێن. ڕەشید سۆفی گۆرانی نەدەوت. بەڵام کاتێك ڕەشید سۆفی مایکەکەی وەرگرت، کە لەوانە بوو بڵێت یەکێك لە پیاوانی ئاسایش لە نێو بینەردا خۆی حەشارداوە و ئەوەش ڕێی لێگرت گۆرانی نەڵێت. بەمەش شەڕ لە نێو ژمارەیەك لە پیاوانی ئاسایش و بینەراندا بەرپابوو.[٧٢]

## ناوی شوێنەکان

لە سەرانسەری سووریادا ناوی شوێن و ناوچەکان بەعەرەبی یا بە ئیسلامی کراون، بۆ نموونە جەبەل ئەلدروز شاخی دروز لە باشووری سووریا ناوەکەی گۆڕا بە جبل العرب و لەبەرئەوەی، کە ناوەکەشی نزیك بووە لە زیۆن، قەڵات سەهیون نزیك لەتەکیە گۆڕاوە بە قەڵای سەلاحەدین، هەروەها بوونی قەڵا هیچ پەیوەندییەکی مێژوویی بە ناوی ئەم شۆڕشگێڕە کوردەوە نییە، کە دژی خاچپەرستەکان جەنگاوە. هەرچەندە بڕوا وایە، کە کراك دۆ شڤالین لە ڕۆژئاوای سووریا شورایەکی بەهێزی کورد بووە، کە لە سەدەی دوانزەیەمدا لە لایەن گروپە بەکرێگیراوەکانی کوردەوە بنیات نراوە، کە لە دژی سەلاحەدینی ئەیوبی دەجەنگان و ئەو شورایەیان بە دەوری دیمەشقدا دروستکرد.

---

[٧٢] لە ماڵپەڕی کوردی قامیشلۆوە Qamishlo.com لە ٨/ جەنیوەری/ ٢٠٠٤دا ڕاپۆرتی لەسەر دراوە.

فرەنسیەکان لەکاتی مانەوەیان لەو ناوچانەدا بەپێی ئەو فەرمانەی کۆمەڵەی میللەتان پێی دابوون، ناوی کراکیان لە شووراکە نا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناوە فرەنسییە هیچ مانایەکی نییە، بەڵام باوەڕ وایە لە کۆی وشەی کوردوە وەرگیرابێت، کە بە عەرەبی (اکراد)ە.

وەك بەشێك لە بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان، حکومەت چەند بڕیارێکی دەرکرد، کە فەرمانی دابوو بە گۆڕینی ناوە کوردییەکانی شار و لادی و گوندەکانی جەزیرە و کوبانی و ناوچەی کورداخ بۆ ناوی عەرەبی.

تەنها لە پارێزگای حەسەکە زیاد لە ٣٢١ گوندو ٧٢ کێڵگە بە پێی ئەو بڕیارە ناوەکانیان گۆڕاوە.[٧٣] لە ١٥/شوباتی/١٩٧٨ حوکومەت ناوی ٣٢١ گوندی حەسەکەی گۆڕیبوو، بەڵام ئەم سیاسەتە لێرەدا کۆتایی پێ نەهات.

لە ٦/ کانونی دووەم/ ١٩٨٨ بڕیارێك درا،[٧٤] بە پێی بڕیاری ١٤٨٧٥ ناوی ٥٥ گوند و ٤٩ کێڵگە لە سەری کانی (رأس العین) و قەزای دەربەسیەی پارێزگای حەسەکە لە کوردییەوە گۆڕدران بە عەرەبی.[٧٥]

پاشان ٥/ئایاری/١٩٨٨ بە پێی بڕیاری ژمارە ن٢١٢٣ فەرماندرا ناوی زیاد لە ٩٧ گوندو ٢٣ کێڵگەی پارێزگای حەسەکە بکرێ بە ناوی عەرەبی.[٧٦] لە کورداغ و ناوچەکانی کوبانی، بە پێی بڕیاری ژمارە ٥٨٠ی[٧٧] وەزارەت یان لەوانەیە ژمارە١٥٨٠١ی[٧٨] ١٨/ئایار/١٩٧٧ ناوی گوندەکان و قەڵا کوردییەکان گۆڕدران بۆ عەرەبی. لە ژێر سایەی ئەم بڕیارە ١٥١ گوند لە کورداغ و ١٦١ گوندی کوبانی عین

---

[٧٣] ئەحمەد ٢٠٠١: ٨٢.

[٧٤] ئەحمەد ٢٠٠١: ٨٣-٨٦، ماکدۆوەڵ ١٩٩٨: ٤٩.

[٧٥] ئەحمەد ٢٠٠١: ٨٢.

[٧٦] Op. cit

[٧٧] هەمان سەرچاوە

[٧٨] ماکدۆوەڵ ١٩٩٨: ٤٩، ١٩٩٦: ٥١، HRW، چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ئۆکتۆبەری ١٩٩٦: پاشکۆی ئی.

العرب لە لیستێکی ٨ لاپەڕەییدا تۆمارکران بۆ ئەوەی بڕیارەکەیان بە سەردا جێبەجێ بکرێت.[٧٩]

نموونەی بە عەرەبکردنی شوێنەکان وەك: لە پارێزگای حەسەکە ناوەکانی دێرێك کرا بە مەلیکییە و عامورا گۆڕدرا بە (ادنیە) و سەری کانی گۆڕا بە (رأس العین) و دەربەسیە گۆڕا بە خەسانیە و تیلکوچیك گۆڕا بە یعروبیە. لە کورداغ، عەفرین بوو بە عروبە و کوبانی بوو بە عین العرب.

زۆربەی کوردەکان بەردەوام ناوی شارو گوندو کێڵگەکانیان هەر بە ناوە کوردییەکەوە ناو دەبرد، بەڵام ئەم نیشانە سروشتی و مێژووییە لە رەوشتی بەسەرچووی کوردەوەیە. ئەم بڕیارە بەسەر هەموو ناوچە کوردییەکانی سووریادا کاریگەری هەبوو، بەشێکی تری ئەم پرۆژەیە بە عەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و لابردن و دیاریکردنەوەی ناسنامە و پاشماوەی مێژووی کوردە.

بە عەرەبکردنی ناوی شوێنەکان، پاکردنەوەی ناسنامە و مێژووی کورد بوو لەو ناوچانەدا و هەروەها نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی، کە کورد بانگەشە بۆ خاکەکەی بکات.

بە چەشنێك دەوڵەت توانی سووربێت لەسەر ئەو هێڵە رەسمییەی کەوا کورد دانیشتوانێکی کۆچەرین و لە تورکیا و عێراقەوە هاتوون و لە سووریا جێگیر بوون. پاشان دەوڵەت سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە کورد هیچ بنچینەیەکی ناسینەوەی نەتەوایەتی و مافی نەماوە.

## ناوی منداڵان

لە ساڵی ١٩٩٢ بە پێی رێنمایی وەزیری ناوخۆ، بڕیارێك دەرکرا کەوا ئەو دایك و باوکانەی ئارەزوویانە ناوی منداڵەکانیان بە ناوێکی جیاواز لە عەرەبی بنێن، ئەوا پێویستە بەڵگەی بەشی ئاسایشی ناوخۆیان هەبێت.[٨٠]

---

[٧٩] ئەحمەد ٢٠٠١: HRW،٨٢ ، چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ئۆکتۆبەری ١٩٩٦: پاشکۆی ئی.

ئەم فەرمانە بە شێوەیەکی زۆر نێگەتیڤانە کاریگەری هەبوو بۆ کوردەکانی سووریا.

بە هەمان شێوەی هۆی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا بەو بیانوەی، کە ئەم فەرمانە لەسەر بناغەی ئەو راستیەیە، کە ئەلفوبێی عەرەبی ئەو پیت و دەنگانەی وەك پ.ڤ.چ..ۆ ی تێدانییە.

لە روانگەی ئەو راستییەوە کەوا هەندێك ناوی کوردی رێپێدراوە ئەوە تەنیا ئەو ناوانەن، کە ئەو پیتانەی سەرەوەیان تێدا نییە بۆیە دەتوانرێت منالێك ئەو ناوەی لێبنرێت، لە کاتێکدا هەمان ناو نابێت لە یەکێکی تریش بنرێت، ئاشکرایە، کە تۆمارکردنی ناوی کوردی منداڵ، لە دەسەڵاتی دەزگاکانی ئاسایشدایە.

وەك هەموو بازرگانییەکانی لێپرسراویەتییەکانی سووریا ئەم مەسەلەیە دەتوانرێت بە بەرتیل چارەسەر بکرێت.

## ناوی بازرگانی

لە ساڵانی ١٩٩٠دا فەرمان درا زۆربەی ناوە بازرگانییە کوردییەکان بۆ ناوی عەرەبی بگۆڕێن. لە شوباتی ١٩٩٤ سوبحی حەرب، پارێزگاری حەسەکە رایگەیاند، کە ناوە بازرگانییە ناعەرەبییەکان ماوەی یەك هەفتە مۆڵەتیان هەیە تا بگۆڕێن بۆ ناوی عەرەبی یان لە عەرەبییەوە نزیك بن.

هاوشێوەی ئەم بڕیارە بە هەمان یاسا بەسەر هەموو سووریادا جێبەجێ کرا. بە بیانووی ئەوەی، کە لە بنەماوە ئەلفوبێ بەسەر هەموو ناوە بازرگانییە بیانییەکاندا جێبەجێ بکرێت. بەڵام ئەم بڕیارە بەسەر ناوە بازرگانییە ئینگلیزی و فرەنسی و ئەرمەنییەکاندا جێبەجێ نەکرا.

تەنانەت ستۆدیۆیەکی وێنەگرتن لە کورداغ، کە ناوی ستۆدیۆی ٢١ بوو، بەڵام فەرماندرا بە گۆڕینی ناوەکەی. ئەم ناوە دەگەڕایەوە بۆ نەورۆزی کورد، کە ساڵانە لە ٣/٢١ دا یادی دەکرێتەوە، لەبەر نزیکیان لە یەکەوە ناوی ستۆدیۆکە گۆڕدرا بە

---

[٨٠] ناسراوە بە بڕیاری ژمارە ١٢٢، ئەش لە قەزای حەسەکەدا بەکارهات، بەدرەدین ١٩٩٩: ١٢٩.

ستۆدیۆی ٢٣ و هیچ رەخنەیەکی لە سەر نەبوو.[٨١] لە راستیدا رەخنە لەسەر ژمارە ٢١ هەبوو، نەك لەسەر وشەی ستۆدیۆ، پێشنیارێکە لە دژی ناوە بازرگانییە کوردییەکەیە نەك لەبەر ئەوەی وشەیەکی بیانی یان بە نووسینی بیانی وەك ستۆدیۆ بەکارهاتووە.

هەرچەندە ئەمڕۆ چەند ناوێکی بازرگانیی کوردی هەن زۆربەیان هەر بە نووسینی کوردی دەنوسرێن بەڵام نایاسایین.

## راگەیاندن و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە

ئازادیی راگەیاندن لە لایەن دەوڵەتەوە لە سووریا بە توندی سنووردار کراوەو کۆنترۆڵ دەکرێت. سەرەڕای ئەو زەحمەت و کێشە گشتییانەی شوناسی عەرەبی و دەوڵەتی و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی، مانای ئەوەیە، کە ئەم کۆت و بەندانە بە شێوەیەکی بەرچاو کاردەکەنە سەر دانیشتوانی کوردی سووریا. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەدیب شیشەکلی١٩٥١-١٩٥٤دا چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردییەکان بە شێوەیەکی فەرمی قەدەغە کراون و بە هەمان شێوەش لە سەردەمی سالانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو١٩٥٨-١٩٦١ بڵاوکراوە کوردییەکان قەدەغە بوون. هەردوو رژێم هەڵمەتی دەوڵەتیان لە دژی کورد ئەنجام داوە، کە تیایدا بڵاوکراوە کوردییەکان دەستیان بەسەردا گیراوە و فەوتێنراون. حیزبی بەعسیش قەدەغەکردنی بڵاوکراوەی کوردیی زیاد کرد، ئیتر بڵاوکراوەکان کتێب بوونایە یان رۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە. نووسەرە کوردەکان و پارتە سیاسییە کوردییەکان ناچاربوون کتێب و بەرهەمەکانیان لە وڵاتانی دراوسێی وەك لوبنان، چاپ و بڵاو بکەنەوە، کە بە نرخێکی زۆر گرانتر و دواتریش بە قاچاغ دەیانهێنانەوە بۆ سووریا و خۆیان دابەشیان دەکردن. تەنانەت لە سایەی فەرمانڕەوایی بەشار ئەسەددا، کۆت و بەند لەسەر چاپەمەنی و راگەیاندن زۆرتر بووە.

---

[٨١] ئەم زانیاریە لە لایەن WKA، کۆمەڵەی رۆژئاوای کوردستانەوە دراوە، لەندەن، ٢٧/ئۆکتۆبەر/٢٠٠٣.

لە سێپتەمبەری ٢٠٠١دا حوکومەتی سووریا یاسای گشتی ١٩٤٩ی لەبارەی چاپەمەنی گۆڕی و فەرمانی ژمارە ٥٠ جێگەی گرتەوە، کە بۆ بلاوکەرەوە، چاپخانە، گۆڤار و رۆژنامەنووس، نووسەر و خاوەنی دوکانی کتێبفرۆشی بەکار دەهێنرا، فەرمانەکە لە ٥٠ بەند پێکهاتبوو، کە سنووری بۆ بلاوکراوەکان دانابوو لەگەڵ فراوانکردنی دەسەلاتی دەوڵەت بەسەریاندا، لە کاتێکدا لە لایەن رژێمەوە وا بلاودەکرایەوە، کە راگەیاندن و چاپەمەنی و میدیاکان سەربەستن و رێ پێدراون، لەگەڵ مۆڵەتدان بە ژمارەیەك رۆژنامەفرۆشانی ئازاد و ئۆرگانی پارتە سیاسییەکان لەنێو پێشکەوتنخوازی نەتەوایەتیدا. رژێمی سووریا لە لایەن هەوادارانی مافی مرۆڤەوە سەرزەنشت کراوە، کە میدیای سووریایان لە دەوری بەردا هێشتۆتەوە. ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانەکە کار بکەن، بەند دەکرێن و سزا دەدرێن، بەلام بەو شێوە هەلۆێست و کردەوانە نەیانتوانی، سووریا بخەنە ئاستی ئەو ئازادی و سەربەستییەی، کە ICCPR باسی لێوە دەکات و بە تایبەتی لە بەندەکانی ١٩،٢٧دا پیادەی کردووە.

بەندەکانی بڕیاری ژمارە ٥٠ دابەشکراوە بەسەر چوار بەشدا:

١. ئەوانەی، کە داوا پێشکەش دەکەن بۆ مۆڵەت، خاوەنداری و بەگەڕخستنی چاپ و بلاوکراوەکان.

٢. ئەوانەی لەم چوارچێوەیەدان، کە بلاوکەرەوەکان و چاپخانەکانن، دەبێت رۆژانە زانیاری بدەن بە حوکومەت.

٣. ئەوانەی سنووریان بۆ دیاری کراوە و یان قەدەغەن، بابەتێکی دیاریکراو یان ئاوازێك لە بلاوکراوەکاندا...

٤. ئەوانەی بە پێی بڕیاری ژمارە ٥٠ سزا دەدرێن لەبەر سەرپێچی کردنیان.

یاسا دەسەلاتی داوە بە سەرەك وەزیران بۆ لێسەندنەوەی مۆڵەتی بلاوکراوە و چاپخانە بەو هۆیانەوە، کە ئەو بڕوای وایە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەلکەوە هەیە.[٨٢] بەو شێوەیە دەسەلاتەکە دراوە بە لقی جێبەجێکردنی دەوڵەت بۆ چاودێریکردنی تەواوی هەموو بلاوکراوەکان. بەندی ٦و٧ ی فەرمانەکە ئەوە رون دەکاتەوە، کە دەبێ کۆمپانیا دابەشکار و چاپەمەنییەکان ژمارەی سپاردنی هەموو چاپکراوێ تۆماربکەن و بیپارێزن

---

[٨٢] HRW، چاودێری مافی مرۆڤ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ١.

و كۆپی هەموو بڵاوكراوەیەك لە هەمان رۆژدا بدەن بە وەزیری راگەیاندن لەگەڵ زانیاریی لەسەر ژمارەی كۆپییەكانی چاپكراوەكە. هەموو بابەتە بڵاوكراوەكان، لەوانە كتێب، نامیلكە، مۆزیك یان تابلۆ و وێنە، دەبێ ژمارەی سپاردنی لە تۆمارگەی كۆمپانیەكەدا لەگەڵ رۆژی چاپكردنی پێوە بێت بەندی ٨. سەرباری ئەوەش بەندی ٩ فرۆشیارەكان و دابەشكارانی بابەتە بێگانەكانی وابەستە كردووە، كە كۆپییەك لە هەر بابەتێك پێشكەشی وەزیری راگەیاندن بكەن بەر لەوەی بابەتەكە بخرێتە بازاڕەوە. هەروەها بەندی ژمارە ١٠ دەسەڵاتی داوە بە وەزارەتەكان بۆ رێگرتن لە هاتنە ناوەوەی ئەو شتانەی ئەگەر، بزانرێ، كە كاریگەری ناجۆریان هەیە لەسەر سەروەریی نەتەوە و ئاسایش یان تاوان و كردەوەی ناپەسەند هەیە.[٨٣] هەروەها رێگرتن لە وتە و زمانی ناجۆر و بڵاوكردنەوەی ئەو شتانەی كار دەكەنە سەر بیرو بۆچوونی خەڵكی و هانیان دەدەن بۆ تاوان كردن، بۆ ئەو مەبەستەش فەرمان دەركراوە بە سزادانی ئەوانەی ئەو جۆرە كارانە دەكەن.[٨٤] هەروەها ئەوانەی درۆدەكەن و راپۆرتی هەڵبەستراو پێشكەش دەكەن، یان شتێك، كە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی، یان "ئاسایشی نەتەوەیی " یان "یەكێتیی نیشتمانی" دەگەیەنێت.[٨٥] نەبوونی پێناسەیەك بۆ ئەم زاراوانە بەرپرسیارێتی ئەوانی زیاتر كردووە و لە ئاكامیشدا بۆتە هۆی ئەوەی دەزگاكانی بڵاوكردنەوە و چاپەمەنی و نووسەر و رۆژنامەنووس و دابەشكاران پابەند بن بەو مەرجانەوە. لە ئەنجامی ئەوەشدا بە تاوانكردنی دەربڕین بەو جۆرە بواری دادگایكردنی بە تۆمەتی تاوانی سیاسی فراوانتر بووە. ئەم یاسایە بە گرنگییەوە سانسۆری چڕتر كردووەتەوە، كە حاڵی حازر خاسیەتی كۆمەڵگەی سووریا بووە و ئەركی چاودێریی بەسەر دەزگاكانی پەخش و چاپەمەنی و نووسەرو دابەشكاراندا زیاتر كردووە.

بەندی٢٧ و ٢٨ ی بڕیارەكە داوا لە رۆژنامەنووس و توێژەر و وەرگێڕان دەكات، كە كار لە بواری راگەیاندندا دەكەن ببنە ئەندامی یەكێتیی رۆژنامەنووسان، كە لە لایەن حیزبی بەعسەوە كۆنترۆڵ كراوە. خۆ ئەگەر ئەندامی ئەو یەكێتیەش نەبن، ئەوا

---

[٨٣] HRW، ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ٧.

[٨٤] HRW، ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ٥.

[٨٥] HRW، ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ١.

کارتی رۆژنامەنووسییان لە لایەن وەزارەتی راگەیاندنەوە بۆ دەرناکرێ.[86] دروستیی سەرچاوە لە سووریا وجودی نییە. رۆژنامەنووسان داوایان لی دەکرێت، کە زانیاری لە بارەی سەرچاوەکانەوە دابین بکەن ئەگەر حکومەت بیەوێت. سەرچاوەی زانیارییەکان پێویستە وەك "بەرپرس" بناسرێن و رەتکردنەوەی شاردنەوەی ناوی سەرچاوەکان دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی رۆژنامەنووسەکە کارتەکەی لی بسەنرێتەوە[87].

بڵاوکردنەوەی بەرهەم بە زمانی کوردی وەك ئەوە وایە هەوڵی گۆڕینی دەستوور بدرێت یان هەڕەشە بێت بۆ سەر یەکێتیی دەوڵەت بە پەیوەندی لەگەڵ داواکارانی کورد تا لە رووی نەتەوەییەوە دانیان پێدا بنرێت و هەروەك دەوڵەتیش بە شێوەیەکی گشتی وەسفی چالاکییە کولتوورییەکانی کورد بە کاری سیاسی دەکات. ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیی کورد بە هۆی نووسینی یان دابەشکردنی بەرهەمی نووسراوی کوردی دەسگیر دەکرێن. نموونەیەکی ئەوە، ئیبراهیم نەسانی نووسەری کوردە، کە لەبەر دابەشکردنی بابەتی کولتووری و پەروەردەیی کوردی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٢ دا دەستگیر کرا.[88] بەندی ١٦ ی بڕیاری ژمارە ٥٠ تەنیا رێگەدەدات بە هاوڵاتییانی عەرەب بۆ خاوەنداری و بەرێوەبردنی خانەکانی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی،[89] لەبەر ئەوە کوردی سووریا رێگەیان پێنادرێت، کە رۆژنامە یان خانەی بڵاوکردنەوەیان هەبێت، یان پۆستی باڵایان لەنێو ئەو رۆژنامە و بڵاوکراوانەدا هەبێت. یاساکە ئاماژەی بە بەکارهێنانی زمانی ناعەرەبی نەداوە، بۆیە ئاشکرا نییە ئایا یاساکە رێگە دەدات بڵاوبکرێنەوە، بەڵام خانەکانی پەخش و چاپەمەنی لە ترسی ئەوەی نەوەك مۆڵەتەکانیان لی بسێنرێتەوە و تاوانی قورس بدرێتە پاڵیان و تەنانەت بە هۆی بڵاوکردنەوەی شتێکەوە حوکمی زیندانی بدرێن، کە ناتەبایە لەگەڵ بڕیارەکەدا، بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کوردییەکان رەت دەکەنەوە.

---

[86] HRW، ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ٨-٩.

[87] HRW، ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ٩.

[88] HRAS، نۆڤەمبەری/٢٠٠٣: ١٥.

[89] HRW، ٣١/جەنیوەری/٢٠٠٢: ٨.

بڵاوکراوە کوردییەکان لە هەندێك لە کتێبخانە گەورەکانی دیمەشق لە سووریا هەن، چەند کتێبێکی چیرۆك، کە بە زمانی کوردی نووسراون، لە دەست چاودێرییەکانی سەر بە وەزارەتی راگەیاندن دەرچوون و توانراوە پێش بڕیاری ژمارە٥٠ لە سووریا چاپ بکرێن.

یەکێك لەو کتێبانە ١٨ مانگی ویستووە تا رەزامەندیی بەدەست هێناوە[٩٠]. هەرچەندە هیچ کام لەو کتێبانە ئاماژەیەکییان بە کوردی سووریا نەداوە، بە شێوەیەکی گشتی چیرۆکن یان باسی مێژووی کولتووری کورد دەکەن، خۆ ئەگەر لە بارەی بابەتی سیاسیی کوردییەوە نووسرابن، ئەوا باسی کوردی دەوڵەتانی تر دەکەن.[٩١] لە ئێستادا باسی ئەوە دەکرێت چەند خانەیەکی چاپ بە دەگمەن بەرهەمی کوردی چاپ دەکەن، هەروەك ترسی دادگاییکردنی بە تۆمەتی سەرپێچیکردن لە پابەندبوونەکانی بڕیارەکە و رووبەڕووبوونەوەی سزای توند رەنگە ئاکامەکانی بێت. لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٣دا، نووسەری کورد پیر رۆستەم ناچارکرا دوو رۆمان، کە بە کوردیی نووسرابوون، بباتە تورکیا تا لەوی بڵاو بکرێنەوە.[٩٢]

بە هەمان شێوە، بە هۆی دابەشکردنی بڵاوکراوە کوردییەکانەوە، کتێبخانەکان لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە دادەخرێن، لە ساڵی٢٠٠١دا، کتێبخانەی بەدرخان لەحەڵەب داخرا و محەمەد حەمۆی خاوەنی دەسگیرکرا.

ئێستا ئەو لە تاراوگە و لە کوردستانی عێراق دەژی.[٩٣] یاسایەکی تر، کە کاری کردووەتە سەر ئازادیی رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن، یاسای پاراستنی شۆڕش ژمارە٦ی ٧-١-١٩٦٥، کە ئاماژە بەوە دەکات لەکەدارکردنی وەك سەرپێچیکردنی سیستەمی دەوڵەتی سۆشیالیستی دەبینرێت و قابیلی سزادانە.

---

[٩٠] عیزەدین مەلا، من الاساطیر الکردیة، بە عەرەبی، لە ئەفسانەی کوردیەوە دیمەشق ٢٠٠٢.

[٩١] نمونەی ئەو کتێبانەی، کە داستان نین و لە کتێب فرۆشییەکانی دیمەشقدان: الاتحاد الوطنی الکردستانی، أراء عربیة حول القضیة الکردیة دیمەشق ١٩٩٣ و جواد مەلا، کوردستان والکورد. بیروت ١٩٩٠

[٩٢] قزگور پۆلیتیکا، ١٧/ نۆڤەمبەر/٢٠٠٣.

[٩٣] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خێزانێکی کورد لە کوبانی، سووریا، ئۆگۆستی ٢٠٠٢.

لەکەدارکردنی ئەم جۆرە تەنیا کار ناگرێتەوە، بەڵکو وشەی سەرزار و نووسین و هەر جۆرێکی تری دەربڕین یان بڵاوکردنەوە دەگرێتەوە.[٩٤] بە درێژایی ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤، چەندان کەس بە هۆی بە کارهێنانی ئینتەرنێتەوە دەستگیرکراون. کوڕێکی کوردیش، کە ناوی مەسعود حەمید بوو لە ٢٤/ تەمووزی/ ٢٠٠٣ دا لە کاتی تاقیکردنەوەدا لە زانکۆی دیمەشق دەستگیر کرا. گرتنەکەش پەیوەندی بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانەوە بوو سەبارەت بە خۆپیشاندانی ئاشتییانەی کورد لە دیمەشق لە ٢٥/حوزەیران/٢٠٠٣و رۆژی جیهانی منالان لە ماڵپەڕی کوردی Amude.com دا هەبوو.[٩٥] مەسعود حەمید لە زیندانی عەدرە بە تەنیا هێڵرایەوە. لە ١٠/ ئۆکتۆبەر/ ٢٠٠٤ لە لایەن دادگای ئاسایشی دەوڵەتەوە لە دیمەشق دادگایی کراو بە پێنج ساڵ زیندانی حوکم درا. پاشان حوکمەکەی بۆ سی ساڵ کەم کرایەوە ئەویش لە جیاتی ئەو کاتەی، کە حاڵی حازر لە زینداندا بەسەری بردبوو.[٩٦] ئەو کەسانەی تریش، کە لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا نووسینیان بڵاو دەکردەوە، بە تۆمەتی" بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست لە دەرەوەی سووریا" تاوانبار دەکران.[٩٧]

بە هەمان شێوەی تەرخانکردنی چوارچێوەی یاسایی بۆ گوشاری توندی ئازادی رادەربڕین و چالاکی سیاسی، ئەم یاسایانەی پەیوەندییان بە راگەیاندن و دەربڕینی گشتییەوەیە، کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی کورد لە سووریا بە شێوەیەکی بەرچاو هەیە، ئەویش لەبەر بارودۆخی سیاسیی زمان و کولتووری کوردی.

## نەریت: نەورۆز

کورد یادی نەورۆز دەکاتەوە، ئاهەنگی ساڵی نوێی کورد لە ٢١ی ئاداردایە، هەروەك سەرەتای بەهارە و رۆژی بەسەرچوونی زستانە و هاتنی وەرزی بەهار، هەروەها

---

[٩٤] SHRC، کۆمیتەی سوری مافەکانی مرۆڤ ٢٠/نۆڤەمبەری/٢٠٠٤.

[٩٥] لێبووردنی گشتی جیهانی، ١٧/حوزەیران/٢٠٠٤.

[٩٦] Bureau kurde de Liaison et d’ Information 17June 2004

[٩٧] لێبووردنی گشتی جیهانی، ١٧/حوزەیران/٢٠٠٤.

یادی سەرکەوتنی ئەم گەلە ژێردەستەیە بەسەر زۆردارێکدا دەکاتەوە. بە پێی ئەفسانەیەك ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەلی کورد لەلایەن زوحاك پاشاوە فەرمانڕەوایی کراوە. ڕۆژێك پاشا نەخۆش دەکەوێت و دوومار لە شانەکانیەوە دەردەچن. بۆ ئەوەی ئەو مارانە مێشکی خۆی نەخۆن، هەموو ڕۆژێك پاشا مێشکی دوو منداڵی دەرخواردی مارەکان دەدا.

کاوە، کە ئاسنگەرێکی ئازا بوو، پاشا چەند منداڵێکی ئەوی لەناو بردبوو، سەرکردایەتیی ڕاپەڕینێکی لە دژی زوحاك کرد، بۆ ئەوەی خەڵك پەیوەندی پێوە بکەن تا پاشای زۆردار لەناو بەرن، ئاگرێکی لەسەر لوتکەی گردێك کردەوە، کاوە، زوحاکی لەناوبرد و خەڵکیش لە سایەی ئازادییە نوێکەیانەوە گەشانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی نەورۆز لە دەرەوە و لەسەر گردەکان یاد دەکرێتەوە، ئاگری زۆر دەکرێتەوە و خەڵك ئەو بەرگانە دەپۆشن، کە ڕەنگی نەتەوەیی کوردن، وەك سور، سەوز، زەرد، سپی گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن، کورد یادی نەورۆز دەکاتەوە وەك هێمایەك بۆ تێپەڕاندنی وەرزی زستان و هاتنی ساڵی نوێ، هەروەك سومبوولی ئازادی و ژیان و شۆڕشیشە. ئەم یادە لە سووریا ساڵانە دەبێتە هۆی بارگرژی و پشێوی.

ئاهەنگی ساڵی نوێی کوردی لە سووریا قەدەغە دەکرێت و هەمیشە بووەتە بابەتی کۆت و بەند. کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پۆلیس و ئاسایشی سووریا بە وردی چاودێری ناوچە کوردییەکان دەکەن و کورد بە بەردەوامی ڕێگەی ئەوەیان لێگیراوە بە مەبەستی ئاهەنگ گێڕان سەردان و هاتووچۆ بکەن و ئەو بەرگانە بپۆشن، کە ڕەنگی نەتەوەیی کوردن.[٩٨] بۆئەوەی ئەو ئاهەنگانە ڕێگەیان پی بدرێت، بە تەواوی بەندە بە کەشی سیاسیی ناوخۆی سووریا و دەسەڵات و توانای پارێزگاو دەزگاکانی ئاسایشەوە.

لە ساڵی ١٩٨٧دا، نەورۆز چەندین خۆپیشاندانی کوردی گەورەی بەخۆوە بینی، کە تیایدا هەزاران کورد لە بەردەم تەلاری سەرۆکایەتی لە دیمەشق و عەفرین لە کورداخ کۆبوونەوە و داوای ئەوەیان دەکرد، کە بە ئازادی یادی نەورۆز بکەنەوە. کاتێك پۆلیس بەسەر خەڵکەکەدا تەقەیان کرد، کوڕێکی گەنج بە ناوی سولیمان حەماد ئەمین لە

[٩٨] ماکدۆوەڵ ١٩٩٨: ٥٠-٥١.

دیمەشق کوژرا. لە عەفرینیش لە باکووری خۆرئاوای سووریا، کاتێك پۆلیس هەوڵی دا خۆپیشاندەر و ئاهەنگ گێڕان بڵاوە پێبکات، سی هاووڵاتی کورد کوژران و زیاتر لە هەشتا کەس دەستگیر کران.[99] دواتر و لە هەمان ساڵدا و لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد لەو رۆژەدا و ئەو پشێویەی قەدەغەکردنی یادکردنەوەی نەورۆز دروستی کردبوو، بە هەمان شێوەش کوشتن و دەستگیرکردنی ژمارەیەك لاوی کوردی لێکەوتەوە، حافز ئەسەد بڕیارێکی دەرکرد و ئەوەی ئاشکراکرد، کە ٢١/ئادار جەژنێکی نیشتمانیی ساڵانەیە بۆ یادکردنەوەی رۆژی دایك. باوەڕ وایە، کە ئەوە هەوڵێك بوو بێت بۆ کەمکردنەوەی پشێوی لە کاتی بۆنەو ئاهەنگەکاندا و لە گرنگی کەمکردنەوەی ئەو رۆژە بە هۆی کردنی بە جەژنێکی نیشتمانیی عەرەب. سەرەڕای ئەوەش پشێوی هەر هەیەو سەرکوتکردنی ئاهەنگەکانی نەورۆز بەردەوامە.

لە ساڵی ١٩٩٥دا یادکردنەوەی نەورۆز لە کورد قەدەغە کراوە بە بیانووی ئەوەی ساڵی پێشوو کوڕی حافز ئەسەد، کە وەك جێگرەوەی دەبینرا لە رووداوێکی ئۆتۆمبیلدا کوژراوە. لەسەر ئەم بنەمایانە دەسەڵاتی سووریا چاودێری ناوچە کوردەکانی سووریای کرد بۆ ئەوەی قەدەغەکردنێکی گشتی یادکردنەوەکان بسەپێنێت. لە ٢١/مارس/١٩٩٥دا کاتێك کورد بە نیازی ئاهەنگ گێڕان کۆبووبوونەوە نزیکەی شەست هاووڵاتیی کورد دەستگیر کران. دووبارە و لە ساڵی ١٩٩٧دا لەسەر بنەمای ئەوەی کاسێت و گۆرانی نەتەوەیی کوردییان بڵاو کردۆتەوە، ژمارەیەکی زیاتری هاووڵاتی کورد دەستگیرکران.

نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٣ بێدەنگ و کەم رووداو بوو، ئەویش بەهۆی جەنگی چاوەڕوانکراوی عێراقەوە، لە مارسی ٢٠٠٤دا، نەورۆز لە سایەی بوونی سوپای سووریا لە ناوچە کوردییەکاندا بەڕێوە چوو، دوای ئەوەی لە هەفتەیەك پشێوی و بارگرژیدا چەند هاووڵاتییەکی کورد کوژران. پارتە سیاسییە کوردییەکان داوای ئەوەیان کرد هیچ بۆنە و ئاهەنگێك نەگێڕدرێت وەك رێزێك بۆ ئەوانەی لە گرژییەکانی هەفتەی پێشوودا کوژرابوون یان بریندار بوون یان دەستگیر کرابوون.

---

[99] ڤانلی ١٩٩٢: ١٦٣.

## مۆسیقا و گۆرانی

مۆسیقا بەشێکی ناوەندی کولتووری کوردییە، لە ساڵانی ١٩٥٠وە مۆسیقای کوردی بووەتە ئامانجی دەوڵەت. شان بە شانی بڵاوکراوە کوردییەکان تۆماری مۆسیقا کوردییەکانیش دەستی بەسەردا گیراوە و خاوەنەکانیان لە هەڵمەت و کاردانەوە توندەکانی دژ بە کورددا و دوابەدوای رووخانی ئەدیب شیشەکلی لە ساڵی ١٩٥٤دا زیندانی کران.[١٠٠] بە هەمان شێوەش لە ساڵانی ١٩٩٠دا و هەتا ئێستاش کورد بە تۆمەتی فرۆشتن یان بڵاوکردنەوەی مۆسیقای کوردی دەستگیر دەکرێن. کۆت و بەند خستنەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی ئاکامەکانی کاریان کردۆتە سەر قەدەغە بوون و توانای وتنی مۆسیقا و گۆرانی کوردی.

ساڵی ١٩٨٧ نەجاح ئەلعەتاری وەزیری رۆشنبیری بڕیارێکی دەرکرد، کە گوێگرتن لە مۆسیقای کوردی و بڵاوکردنەوەی کاسێت و ڤیدیۆ کاسێتی کوردی قەدەغەیە. لە کاتی دەرچوونی ئەو بڕیارەوە، ئەم سیاسەتە ناوبەناو توندی و نەرمی بەخۆوە دەبینێت. لە ئێستادا مۆسیقا و گۆرانی بە ئازادی لە سووریا دەست دەکەوێت. تۆمارگای گۆرانی و مۆسیقا لە شارە کوردییەکان و ناوچە کوردییەکانی دیمەشق پڕن لە کاسێتی گۆرانی کوردی، تەنانەت لەسەر جادەکانی دیمەشق، هەندێك شوێن بە ئاشکرا گۆرانی کوردی دەفرۆشن یان گوێی لێدەگرن. هەرچەندە لە هەمان کاتدا مۆسیقا و گۆرانی سیاسیی ناسیۆنالیستیی کوردی رێگەیان پێنادرێت، کە ئەوەش لە لایەن گۆرانبێژە دیارەکانی کوردەوە قبووڵکراوە.[١٠١]

کۆبوونەوە و ئاهەنگ و بۆنەکان لە ناوچە کوردییەکاندا بەرلەوەی روویدەن پێویستی بەوە هەیە رەزامەندی دەزگاکانی ئاسایشیان بۆ وەربگیرێت. ئەوە راگەیەندراوە، کە زۆرجار رێکخەر و ئامادەبووانی ئەو بۆنانە پێویستە ئیمزای ئەوە

---

[١٠٠] ماکدۆوەڵ ١٩٩٨: ١٧.

[١٠١] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کوردێکی مۆسیقا فرۆش لە دیمەشق، ئۆگۆستی ٢٠٠٢. ناوەکەی لە لایەن نووسەرەوە پارێزراوە.

بکەن، کە گۆرانی کوردی لە بۆنەکاندا نەگوترێت.[١٠٢] هەروەك بە پێی راگەیاندنـەکان و بەوەی زۆر کەس لەناو کوردی سووریادا باوەڕیان وایە، کە بۆنە گـشتییە کوردییـەکانی وەك نەورۆز و ئاهەنگی ژنهێنان لە لایەن پۆلیس و موخابەراتەوە چاودێری دەکـرێن بـە مەبەسـتی بـەئاگابوون لـە دەربڕینـی شـوناس و ئـارەزووی سیاسـی نەتـەوەی کـوردی. نموونەی یادی ساڵی نوی لە کوبانی، کە لە سەرەوە باسکرا، ئەوە دەگەیـەنێ، کـە چۆن دەزگاکانی ئاسایش رێگە لە وتنی گۆرانی بە زمانی کوردی لەو جۆرە بۆنانەدا دەگـرن، دیسانەوە کۆت و بەند دانان لەسەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی یان چاوپۆشی لێکردنـی وا دەردەکەوێت، کە کەشی سیاسی لە سووریا و ناوچەکە کاری تێبکـات. لـە ئـەنجامی جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا کۆت و بەندی زیـاتر بەسـەر پراکتیزەکردنـی نـەریتی کولتووری کوردیدا سەپێنرا.

رووداوەکان گەواهی ئەوە دەدەن، کە گۆرانیوتن بە زمانی کوردی بە بـەردەوامی کۆت و بەندی لەسەرە و زۆرجاریش قەدەغە دەکرێت، هـەروەها ئـەو یاسایانەشـی، کـە هەن وەك فەرمانێك بۆ چارەسەری ئەوە لەکەدارکردنی سیاسی دەستەبەر دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## مـێــژوو

محەممەد تەڵەب هیلال لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەسەر جەزیرە، کورد وەك خـەڵکێکی شاخاوی دڕندە وەسف دەکات، کە خاوەنی نە مێژوو یان شارستانی و زمـان یـان نـەژاد نـین.[١٠٣] کـورد وەك "عـەرەبی کـورد" یـان "کـوردی عـەرەب" لـە لایـەن بەرپرسـانی سووریاوە تا ساڵی ٢٠٠٤یش وەسف کـراوە.[١٠٤] بـە هـەمان شـێوە دەوڵـەتی تورکیـاش کوردی وەك "تورکی شاخاوی" وەسف کردووە. نکـولی کـردن لـە جیـاوازیی نـەژادی و نەتـەوەی کـورد پـشتبەستە بـە دووبـارە نووسـینەوەی مێـژوو بـە شـێوەیەکی رەسمـی و

[١٠٢] لە ماڵپەڕێکی کوردیەوە لە ٨/جانوەری/ ٢٠٠٤دا راپۆرتی لەسەر دراوە، Qamishlo.com

[١٠٣] هیلالی ١٩٦٣: ٤-٥.

[١٠٤] ئەحمەد حاجی عەلی، وەزیری راگەیاندنی سووریا، لە سایتی Serhildanaqamishlo.com لە ١٥/مارتی/ ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە.

دەرهێنانی دەنگی کورد لە مێژووی ئەو ناوچەیە و ئەو دەوڵەتانەشی لێی دەژین. دووبارە نووسینەوەی مێژوو ستراتیجیکی هاوبەشە و لە لایەن ئەو کەسانەوە بەکار دەهێنرێت، کە دەسەڵاتی نووسینەوەی ئەو مێژووەیان هەیە لە دژی ئەو کەسانەی، کە ئەمان بە هەڕەشەیان دادەنێن و دەیانەوێت بێدەنگ و نادیاریان بکەن.

دوابەدوای پشێوی ناوچە کوردییەکانی سووریا لە ئاداری ٢٠٠٤دا بۆ یەکەم جار لە لایەن دەسەڵاتدارانی سووریاوە، کورد وەك بەشێکی دەوڵەتی سووریا باسی لێوەکرا.

سەرۆك بەشار ئەسەد بۆ خۆی لە بارەی نەتەوەی کوردەوە دوا و کوردی بە بەشێکی بنچینەی کۆمەڵگەی سووریا و مێژووەکەی وەسف کرد، هەروەها وتی: کورد بە تەواوی تێکەڵی دەوڵەت بووە و لەم کۆمەڵگەیەدا تواوەتەوە.[١٠٥]

بەڵام هێشتا دەوڵەتی سووریا بە شێوەیەکی رەسمی نکوڵی لەوە دەکات کورد گروپێکی نەتەوەیی رەسەن بن لە سووریا. ئەوان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە کوردەکانی سووریا کۆچەری تورکیا و عێراقن. کورد وەك پێکهێنەر تەنانەت وەك گروپیش دانی پێدا نانرێت، ئەو بۆچوونەش پشت بەوە دەبەستێ، کە کورد خەڵکێکن بە وڵاتەکەدا بڵاوبوونەتەوە و بە زۆریش تێکەڵی کولتووری عەرەب بوون[١٠٦]. هەرچەندە ئەو راستییەی لە سووریا و تۆماری مێژوویی دانیشتوانی کوردی باکووری سووریایە، کە لە لایەن نووسەرانی وەك Minorsky ساڵی ١٩٦٨ و Nikitine ساڵی ١٩٥٦ خراونەتەڕوو، دژی ئەو هێڵە فەرمیەن.

کورد رۆڵێکی گرنگیان لە مێژووی دەوڵەمەند و دێرینی سووریادا گێڕاوە. کەسایەتییە کوردییەکان پۆستی گرنگیان لە حوکومەتی سووریا و هێزە چەکدارەکان و بوارە پیشەییەکاندا هەبووە و بەشداربوون لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەی سووریا و سەرچاوە مرۆییەکان. سەرقاڵی و بەشداری کورد لە گەشەسەندنی سووریا و بزووتنەوەی سەربەخۆی سووریا نکۆڵی لێناکرێت. ئاماژەدان بە ناوی ئەو کوردانەی پێگەی گرنگیان لە دەوڵەتی سووریادا هەبووە زۆرجار هەوڵێك بووە بۆ نکولیکردن لە سەرکوتکردنی

---

[١٠٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی جەزیرەدا، ٢٦/ ٥/ ٢٠٠٤:

[١٠٦] نەتەوە یەکگرتووەکان، CERD، ٢٦/١٠/١٩٩٨، پەرەگرافی ١٠.

کورد. سەرەڕای ئەو نکۆڵیکردنانە و قبوولکردنی ئەم دواییەی بەشداری کورد لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، مێژووەکەیان لە کتێبە مێژوویەکان و دیمەنە سروشتیەکانی سروشتی سووریاوە وەرگرتووە، ئەویش بە هۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنەوە بووە. بە هەمان شێوەی عێراق و تورکیا مێژووی فەرمی دەوڵەت و بەرنامەی نیشتمانیی سووریا هیچ ئاماژەیەك بۆ کورد ناکات.

گۆڕانی تۆماری مێژوویی و بەعەرەبکردن سیاسەتێك بوون، کە مێژوویان بەڕێوە بردووە و مێژووی کوردیان لە مێژووی سووریا دوورخستۆتەوە. ئەوە سیاسەتێکە، کە شوێنەوار و یادەوەری دیار و ئاشکرای بوون و بنەچەی کوردی لەو ناوچانە گۆڕیوە یان دوورخستۆتەوە، کە بەشێکی نەگۆڕی جیۆگرافیای کوردستان پێکدەهێنن. بەعەرەبکردنی ناوچە کوردییەکان و هەوڵدان بۆ بە زۆر تێکەڵکردن و توانەوەی خەڵکی کورد لەناو کولتوور و ژیانی عەرەبدا هەوڵێکە بۆ بنیاتنانی ئەو راستییەی، کە لەگەڵ وەسف و لێدوانە رەسمییەکاندا یەکدەگرنەوە، کە دەڵێن: کورد خەڵکێکی نارەسەنی کۆچکردوون

هەواڵنامەی کتێب

کوردۆلۆجی

ئێستا لە بازاڕدایە

جیۆگرافیای باشووری کوردستان    د. عەبدوڵڵا غەفوور

# کورد لە سووریا*

**نووسینی: مستەفا نازدار**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە**

دەتوانرێ زانیارییەکی زۆر لەبارەی کوردی سووریا و جەزیرەوە کۆبکرێتەوە، بەتایبەتی لە نووسینەکانی عەرەب و موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، لە نووسینی ئەم سەردەمەدا لەبارەی ئەو بابەتانەوە تەنیا لە شێوەی وتاردا دەردەکەوێت.

بەشێوەیەکی فەرمی، سەرژمێرییەك بە ژمارەی تەواوی کورد لە سووریادا نییە، خۆ ئەگەر هەشبێت، ئەوا زۆر باوەڕپێکراو نییە. جاری وایە کەسێك دێ، ناوچە بە ناوچە دەیخەملێنێ و بە شێوەیەکی فراوان وێنە و نەخشەو زانیاریەکان دەکێشێ. لەبەر رووناکی ئەوەوە دەتوانرێ بوترێ، کە ٨٢٥ هەزار کورد لە کۆماری سووریای عەرەبیدا دەژین، واتە لە ساڵی ١٩٧٦دا رێژەی کورد ١١٪ دانیشتوانی گشتی حەوت ملیۆن و نیوە و شێوەی دابەشبوونیان بەسەر ناوچەکاندا بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ناوچە | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|
| کورداخ | ٢٩٠٠٠٠ |
| چیای سەمعان و ئەزاز | ٣٠٠٠٠ |
| عين العرب | ٦٠٠٠٠ |
| باکووری جەزیرە | ٣٦٠٠٠٠ |

* ئەم بابەتە لە کتێبی PEOPLE WITHOUT A COUNTRY وەرگێڕاوە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ چاپ کراوە.

| | |
|---|---|
| باشووری جەزیرە | ١٠٠٠٠ |
| حەڵەب | ١٠٠٠٠ |
| حەما | ٥٠٠٠ |
| دیمەشق | ٣٠٠٠٠ |
| شارۆچکە و شوێنەکانی تر | ٣٠٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | ٨٢٥٠٠٠ |

لە سێ بەش، بەشێکی کوردی ناو دیمەشقی پایتەخت، لە بەشە جیاوازەکانی شارەکەدا دەژین و دوو بەشەکەی تریش لە گەڕەکە کوردییەکاندا لە داوێنی چیای قاسیون دەژین. ئێمە لێرەدا ئەو کوردانە دەخەینە لاوە، کە لە ناوچە و شارۆچکە عەرەبییەکاندا دەژین، واتە "پێنج ژمارەی داوێنی خشتەکەی سەرەوە". تەنیا سێ هەرێمی کوردنشینمان بە دەستەوە ماوە، کە زۆربەیان دەکەونە باکووری وڵاتەکەوە. ٧٤٠ هەزار کورد لەوێ دەژین، کە ڕێژەی ١٠٪ دانیشتوانی گشتیی کۆمارەکە پێکدەهێنن.

**کورداخ**، واتە چیای کورد، کەوتۆتە ناوچەی باکووری ڕۆژئاوای حەڵەب و هاوسنووره لەگەڵ ئەنتاکیە و دەشتەکانی ئەسکەندەرییە. دانیشتوانێکی چڕی کوردی تێدایە و ٣٦٠ گوندە. کورداخ، ناوچەیەکە لەوپەڕی ڕۆژئاوای کوردستانە و لە سووریادا تاکە ناوچەی شاخاویی کوردنشینە. لە بەروبوومەکانی: دانەوێڵە و ڕووەکی خشۆك و مێو و توو، هەروەها هەنجیری لێبەرهەم دەهێنرێ. کەمێ بۆ سەرووتر و وەك شوێنەکانی تری کوردستان، دارستانی بەڕوو هەیە و هەروەها دارزەیتونیش دەڕوێ، کە زۆر لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاستەوە دوورنییە.

جگە لەو ٢٩٠هەزار کوردە، ٣٠ هەزاری تریش لە ناوچەکانی شاخی کورد دەژین، کە نزیکن بە جەبەل سەمعان و ئەزاز، لەوبەر ڕووباری دۆڵی عەفرینەوە. ئیدی کورداخ بەرەو باکوور فراوان دەبێتەوە بۆ چیایی تۆرۆس لە کوردستانی تورکیا.

(عین العرب) ئەو ناوچەیەیە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی حەڵەبەوە، واتە ڕۆژهەڵاتی ئەو شوێنەی، کە ڕوباری فوڕات دەڕژێتە ناو خاکی سووریا، لەم ناوچەیەدا ١٢٠ گوند هەیە و بەگشتی کوردن.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، جیۆگرافیناسە عەرەب و موسڵمانەکان، هەرگیز ئەم ناوچانەیان وەك بەشێك لە خاکی سووریا و شام نەناساندووە، بەڵام وەك سەرەتای جەزیرە، دوورگەی نێوان دیجلە و فوڕات، بۆیە بە بەشێکی سەرەوەی میسۆپۆتامیا دانراوە. بە هەمان شێوە عێراقیش وشەیەکی عەرەبییە و بە واتای دەشتایی و نزمایی نێوان دوو رووبار دێت، کە بۆ دیاریکردنی نزماییەك، کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و تکریتەوە بەکارهێنرابوو. هەموو باشووری کوردستان، یان باکووری عێراقی ئەمڕۆ وەك بەشێك لە جیهانی عەجەمیی ئێرانی بەجێدێڵێ.

بەشی باکووری وڵات، یان پارێزگای جەزیرە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی کوردی تێدایە، کە لە ٤٥٠ هەزار کەس، ٣٦٠ هەزاریان کوردە. ئەم ناوچەیە بە پلەی یەکەم کوردنشینە، زیاد لە ٢٨٠کم بە درێژایی بەشی باکووری سنووری عێراق کوردستانی باشوور دەکشێت. هەروەها خاکەکەی بە پانتایی ٢٠-٦٠کم درێژ دەبێتەوە و ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی وڵات پێك دەهێنێت.

لە ناوچەکەدا ٧٠٠ گوند هەیە و هەموویان کوردن، لەو سەردەمانەوە، کە عەرەبی رەوەند هەبووە، لە سەردەمی عوسمانیدا ناوچەکە خێڵی شەمەری تێدابووە، هەروەها خێڵی بەکری عەرەب وشترەکانیان تێدا دەلەوەڕاند. لە تەك ئەوانەشدا خێڵە نیمچە دەشتەکییە کوردەکانی "داکوری و هەڤەرکان" مەڕومالاتەکانیان لە چیاکانی توروسەوە دەهێنا تا زستانان لەو ناوچانەدا بەسەربەرن. ئیدی بەر لە ١٩٢٠، بۆ سەردەمانی زووتر، خێڵە کوردەکان لەم بەشەی جەزیرەدا پێکەوە لەگەڵ جوتیارانی چیا و هەندێ لە دانیشتوانی شارۆچکەکان، کە لە دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشی دژی کەمالیستەکان، لە کوردستانی تورکیاوە هەڵهاتون و بە شێوەیەکی هەمیشەیی بەرە بەرە لەوێدا نیشتەجێ بوون. بەوەش عەرەبی رەوەند لە ناوچەکەدا کشاونەتەوە و تەنیا رێی ئەوەیان پێدەدراوە، کە ماڵاتەکەیان لە ناوچە کشتوکاڵیەکاندا بلەوەڕێنن.

بەهۆی چینی جوتیارانی کوردەوە، ئەو ناوچەیە سەرەتا شوێنی ئاڵوێری بازرگانیەکی بچوك بوو، کە لە کێڵگە گەنمەکانەوە دەستی پێکرد و لەو دەشت و چۆڵەوانییەوە دوای چەند دەیەیەك جەزیرەی سووریا بوو بە سایلۆی سەرەکی وڵاتەکە.

کارگێڕیی سەرەکی پارێزگای جەزیرە دەکەوێتە بەشی باشوورەوە.

دانیشتوانی حەسەکە بریتیە لە ١٠٠ هەزار عەرەب، کە زۆربەیان رەوەندن، کەچی لە نێوانیاندا ١٠ هەزار کورد دەژین، لەو ١٠ هەزارەش ٥- ٧ هەزاریان ئێزدین و لە دەوروبەری دەریاچەی خاتوون نیشتەجێن. ئەم کۆمەڵە گچکەیە لە چیاکانی شەنگار(سنجار)ی ناوچەی ئێزدییەکانی کوردستانی عێراقەوە هاتوونەتە خاکی سووریاوە.

ئەم سێ هەرێمە: کورداخ و (عین العرب) و باکووری جەزیرە، بەشێکن لە کوردستان؟ ئایا کوردستانی سووریا پێکدەهێنن، یان ئەوانە تەنیا چەند ناوچەیەکی سووریایە و بە رێکەوت کوردی تێیدا نیشتەجێ بووە؟

ئێمە لێرەدا پێناسەی جیۆگرافیناسانی موسڵمانی سەدەکانی ناوەڕاست بەلا دەنێین، ناوچەکان لە رووی بارودۆخەوە توخمێکی تەواوکەرە بۆ خاکی سووریا و دیمەشق، بەڵام لە رووی پێناسەی نەژادییەوە، ئەم ناوچانە بە شێوەیەکی ئاشکرا درێژەی کوردستانی تورکیایە و هاوسنوورە لە گەڵیدا. بە هەمان شێوە ناوچە کوردنشینەکانی جەزیرەش هاوسنوورە لەگەڵ کوردستانی عێراقدا.

لە ٩/مارس/١٩٢١ رێکەوتنی لەندەن لە نێوان فرەنسا - سووریای ئەو کاتەی ژێر دەسەڵاتی ئینتداب- و حکومەتی کەمالی تورکیا، سنوورەکانی نێوان تورکیا و سووریایان لەسەر بناغەی رەگەزی ئێستای نێوان کورد و عەرەب جێگیر نەکردبوو.

ئەو سێ ناوچە کوردییەی، کە کەوتبوونە ناوەندی وڵاتی بێگانەوە، خرانە سەر سووریا. کەچی بەشێکی تر لە باکوور، کە زۆربەی دانیشتوانەکەشی عەرەب بوون لە باشووری حەڕران، خرایە سەر کوردستانی تورکیا.

هەروەها دانیشتوانێکی تێکەڵی هەبوو لە کورد و عەرەب بەرەو رۆژهەڵاتی کلیس. لەسەرو ئەوەشەوە، لە ١٩٣٨دا تورکە کەمالیستەکان دەستیان گرت بەسەر قەزای ئەسکەندەرونە و دەشتی ئەنتاکیە لەگەڵ دانیشتوانە تێکەڵەکەی، کە عەرەب و کورد و تورك بوون و ئێستا بە حەتەی دەناسرێت.

ئەو سێ ناوچەیە لە سووریادا، هەریەکە بەجیاواز بە دانیشتوانە عەرەبەکەوە جێی پرسیارە. تا کوردستانی سووریا ئاوا پارچە پارچە بێت، بۆ ئێمە ئاسان تر دەبێت، کە باس لە ناوچە کوردیەکانی سووریا بکەین.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە، کە ١٠٪ دانیشتوانی سووریا کوردە و لەسەر شێوە و رێڕەوی تایبەتی خۆیان و لە ناوچە تەواو دیارەکانی باکووری وڵاتەکەدا دەژین. دەبێ کێشە لەوەدا چی بێت؟، کە ئەو خەڵکە ئاوا لە رووی هاونیشتمانێتی و کولتووریانەوە مافی رەوایان قەدەغە بکرێت؟

کوردەکانی سووریا لە بنەچەدا جوتیارن، بۆیە سیستمێکی کشتوکاڵی زیاتر لە ناوچە شاخاویەکانی کورداخ و تەواوی دوو ناوچە کوردنشینەکەی تردا بڵاوبۆتەوە، شان بەشانی ئەوەش رانە مەڕ و بزنیشیان هەیە و بەروبوومی شیر و پەنیریان هەیە و خوری و موو دەڕێسن و گلێم دەچنن، هەروەها لە کورداخ رۆنی زەیتون بەرهەم دێنن و خەڵوز دەکەن و دەینێرن بۆ حەڵەب. دانیشتوانی شارەکان، کە ٢٠٪ دانیشتوانن، بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر سوکە بازرگانی و ئیشی دەستی دەژین.

لە سووریا شەش شارۆچکەی بچوك و چواری سەرەکی هەن و هەمووشیان لە ناوچەی جەزیرەن: قامشلی، کە دانیشتوانی ٤٠ هەزار، عامودا ١٥ هەزار، دەرباسییە ١٥ هەزار، کە هەرسێکیان دەکەونە نزیك سنووری تورکیا، دێرك نزیکەی شەش هەزار کەسە و نزیك سنووری عێراقە، (عین العەرب) نزیکەی هەشت هەزار کەسە و ئیدارەی ناوچەکەش بە هەمان ناوەوەیە و عەفرینیش نزیکەی ٢٠ هەزار کەسە و بەشی کارگێڕی کورد- داخیشە.

## کوردی سووریا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لەبارەی تۆپۆگرافیای مێژوویی سووریای سەدەکانی ناوەڕاستەوە، رینە دەزاود لە توێژینەوەکەیدا تێبینی ئەوەی کردووە، کە لە چەرخەکانی کۆنەوە، ناوچەکانی کورداخ و دەشتەکانی نزیك ئەنتیوچ کوردی تێدا ژیاوە.

بە هەمان شێوە ئەو بۆچوونەش لە تێزی دوکتۆراکەی کلود کایندا هاتووە، کە ئێستا پرۆفیسۆری توێژینەوەی ئیسلامییە لە سۆربۆن، ئەویش هێما بەوە دەکات، کە شارۆچکەی حەما لەلایەن سەرکارێکی کوردەوە، بە ناوی عەلی بن وەفا بەڕێوە دەبرا، کە بە عەلی کورد ناسراوبووە و لە ١١١٤دا کۆچی دوایی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

دوو کوڕەکەی عەلی کورد، ناصر و کوردانشا واتە مەلیکی کوردان بوونە کۆیلە و مسکێنی تەختەکینی سەلجوقی یان تورکمانی میری دیمەشق. بنەماڵەی عەلی کورد، گەورەی رەفانیە و حەما و ناوچە شاخاویەکان بوون، کە لە ترابلس و لازقییەی جیا دەکردنەوە. لە کارێکی نمونەیی و کەم وێنەدا لەبارەی نورەدین، ئەمیری گەورەی ئیسلام لە سەردەمی هێرشەکانی خاچپەرستەکاندا، نکیتا ئیلەسیف پرۆفیسۆر لە دراساتی ئیسلامیدا لە زانکۆی لیۆنس، بنەچەی کۆمەڵگەی سووریای ئەو کاتە شیدەکاتەوە. ئەگەر ئێمە لەرووی جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیی کلاسیکییەوە بڕوانینە دانیشتوان، ئەوا ئەم شێوە قوچەکەی لای خوارەوەمان دەست دەکەوێت: لە سەرەوەی قوچەکەکەوە، سەربازە ئۆرۆستۆکراتییەکانی تورك و کورد، کە لە شارەکاندا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و کاربەدەستانی باج و گومرگدا دەژیان. جگە لەم بێگانانە، شارەکە کۆمەڵێك موسڵمانی تێدا دەژیا، کە تایبەتمەندێتی خۆیان دەگەڕانەوە سەر رەچەڵەکی پێغەمبەر، ئەوەش پێچەوانەی کورد و تورك، یان تورکومانەکانی، کە دوای نورەدین زەنگوی کەوتبوون و تۆختەکینەکانیش لەم دواییەدا هاتبوونە ناوچەکەوە. ئەو عەرەبانەی زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا، بە قۆناغێکی تێکشکانی سەربازیدا تێپەڕین، دەبووایە پارێزگاری وڵاتەکەیان بکردایە دژی خاچپەرستەکان و لە پێناوی میرەکانی کورد و تورك.

قەڵای ناوداری کراك دەسی شازادەکان لەلایەن خاچپەرستەکانەوە داگیرکراوە، ئەو قەڵایەیە، کە کوردەکان بنیاتیان ناوە و تا ئێستاش بەسەرکەشییەوە هەر بە پێوەیە و زۆر دوورنییە لە مەسیافینەوە.

لە راستیدا کلود کاین بۆمان دەگێڕێتەوە: "لە ئەنجامی ئەو یەکێتی و رێکەوتنە سیاسیانەی نێوان باکووری سووریا و جەزیرەدا، مەمالیکە کوردەکان و هەروەها ئەو سەربازە کوردانەی لەوێدا بوون تێیدا جێگیر بوون. ئیدی لە سەدەی یانزەیەمدا یەکێ لەو کۆچنشینە کوردانە قەڵای کوردان (حصن الاکراد)یان دروست کرد، کە لە دواتردا بووە کراك دەسی شازادەکان."

بەر لە داگیرکردنی قودس، خاچپەرستەکان بەبێ کیشە و تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر، بەدرێژایی سەر کەناری دەریا خۆیان دامەزراند، بەتایبەتی لە ترابلس و ئەنتیوچ. موسڵمانە سوورياییەکان لەناو خۆیاندا دابەش بوون. ئیدی دەشتەکیەکان و کورد و

تورکمانەکان زۆریان لە یەکتری سەربڕی و ئاژاوەی نێوان شیعە و سوننە بەردەوام بوو. "بەهەرحاڵ، بەم نزیکانە دوژمنێکی هاوبەشیان دەبێت: فرانکیەکان لە دەرەوە و کوشتاری ناوخۆ." خەلیفەی عەباسی لە بەغدا تەنیا دەسەڵاتی ئاکارانەی پیادە دەکرد، میرە موسڵمانەکانی میسۆپۆتامیا و ئێران تا رادەیەك بۆ رزگارکردنیان هاتبوون، بەڵام سووریاییەکان لەوە دەترسان، کە بۆ خۆیان دەست بگرن بەسەر وڵاتەکەدا. راستییەکەی میرەکانی تورکمانی حەڵەب و دیمەشق دوودڵ نەبوون لە هاوپەیمانییان لەگەڵ فرانکیەکاندا بۆ بەرهەڵستی هەر هێرشێکی سەربازی. ئەوەش تا ١١٤٨ زیاتر نەبوو، کە موسڵمانەکان بۆ یەکەم جار سەرکەوتن بەسەر فرانکدا. نورەدین زەنگوی میری تورکومانی موسڵ خۆی سپارد بە رابەرانی جیهاد. بەڵام ئلیسیف هێما بەوە دەکات، کە میری لاوی زەنگوی ژمارەیەکی زۆر لە میرانی کورد و تورك لەژێر فرمانیدا بوون. ئەو هێزە تێکەڵەی تورك و کورد، لە بنەڕەتدا بێگانە بوون بە دانیشتوانی سووریا، هێزەکەی نارد بۆ سووریا، لەکاتێکدا خۆی لە موسڵ مایەوە، بەڵام هێزەکە لەلایەن دوو براوە رابەری دەکرا، کە لە خێڵێکی رەوەند بوون بە ناوی نەجمەدین ئەیوب و شێرکۆ، کە باوك و مامی سەلاحەدینی مەزن بوون. پاڵەوانی دوارۆژ و لاوێکی ئەو سەردەمە واتە سەلاحەدینی ئەیوبیش لەگەڵیاندا بوو. شێرکۆ و نەجمەدین ئەیوب حەڵەبیان داگیر کرد و تۆختەکین لە دیمەشقدا وەدەر نرا. نەجمەدین ئەیوب کرا بە یاریدەدەری مەلیکی سووریا، هەروەها شێرکۆش کرا بە ئاسەف سالار، کە وشەیەکی ئێرانیەو بەمانای سەرۆکی گشتی سوپا دێت.

جووتە برا بە فرمانی نورەدین بەردەوام بوون لە داگیرکردنی میسر و رزگار بوونیان لە خەلافەتی فاتیمیەکان، لەو سەردەمەدا شێرکۆ لە قاهیرە مرد و سەلاحەدینی برازای بە فرمانی سەرکردانی سوپای ئیسلام کرا بە ئاسەف سالار، واتە سوپا سالار، کە ئەوەش بووە هۆی دلڕەنجانی زۆربەی میرە تورکمانە ناتەبا و نزیکەکانی نورەدین. ئەو کاتە سەلاحەدین تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو، هەر زوو کەوتە دژایەتی نورەدین و ئیتر سوپاکەی تورکی و کوردی نەبوو، بەڵکو بوو بە کوردی و تورکی، هەروەها زۆربەی میرەکانیشی کورد بوون.

لە کۆتاییدا بۆ سووریا گەڕایەوە و پلە و پایەی سوڵتانی لەلایەن خەلیفەی عەباسییەوە وەرگرت. لە حەتیندا بەسەر فرانکدا سەرکەوت و لە ١١٨٧دا تەختی

پاشایەتی فرانکی لە قودسدا روخاند. ماوەیەك بەر لەوەش، سەلاحەدین لیبیا و سۆدان و حیجاز و یەمەنی داگیر کردبوو.

میرە کوردەکانی دیاربەکر و موسڵ، ملی دڵسۆزیان بۆ کەچ کرد. لە فەلەستینیشدا بەرگرییەکی سەرکەوتوانەی لە سێیەم هێرشی خاچپەرستەکان کرد، کە لە لایەن فیلیپ ئۆگەستەسی مەلیکی فەرەنسا و ریچارد شێردڵی مەلیکی بریتانیا و هێزەکانی ئیمپراتۆریای ئەڵمان و فریدریك باربەرۆسەوە رابەری دەکرا.

لە ٤/ئۆکتۆبەری/١١٨٩ لە شەڕی هکتاردا، سوپای ئیسلام لەژێر فرمانی سوڵتانێکی کورددا، چواردە جەرەناڵی هەبووە و نیوەیان لە میرانی کورد بوون. ئیدی تورانشای دوا مەلیکی کورد لە میسر و سووریا و جێنشینی سەلاحەدینی مەزن، بەر لەوەی لەساڵی ١٢٤٩دا بە دەستی یەکێ لە مەملوکە تایبەتیەکانی خۆی بکوژرێت، توانی سانت لویسی مەلیکی فەرەنسا بە دیل بگرێت.

## بنەچەی یاسا و بیروباوەڕ بۆ تاوان

لەو ماوە درێژەی فرمانڕەوایی عوسمانیدا، پەیوەندی نێوان گەلانی عەرەب و کورد بێ کێشە بووە. هەروەها کاتێ هێزەکانی فەرەنسا و بریتانیا لە ١٩٤٦دا کشانەوە، وڵاتەکە سەربەخۆ بوو، بەڵام هێشتا پەیوەندی نێوان عەرەب و کورد زۆر باش بوو. بەهەرحاڵ، سووریای سەربەخۆ لەلایەن دەرەبەگە بۆرجوازییە عەرەبەکانەوە بەڕێوە دەبرا، کە سەرچاوەکەی لە یەکگرتنەوەی نەتەوایەتییەوە هەڵگرتبوو، ئیدی بیروباوەڕی پانعەرەبیزم پیادە دەکرێ و وەك کەمە نەتەوایەتیەك دان بە مافی کورددا نانرێت. بەڵێ بوونی کورد نکولی لێکراوە، هەرچۆن لە کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکانی ناو هەموو وڵاتە عەرەبییەکانی تر رووی داوە. لەوانەش بەربەر لە باکووری ئەفریقا، قیبتیەکان لە میسر، مارونیەکان لە لوبنان، یان دروزەکان و عەلەویەکان لە سووریا. بەڵام کوردەکانی سووریا ئەوکاتە راستەوخۆ نەبوونەتە نیشانەی چەوساندنەوە.

لە ١٩٤٦- ١٩٦٢ جگەرخوێنی شاعیری ناودار سەربەست بوو لە چاپکردنی دیوانەکەی بە پیتی لاتینی و بە زمانی نەتەوەیی خۆی. لە بەشەکانی کارگێڕیی

شارۆچکەکانی قامیشلی و عامودا، پەروەردەی فەرمی تەنیا بە عەرەبی بووە، بەڵام کتێبەکانی قوتابخانە کوردییەکان بەخۆڕایی دابەش دەکران.

لە ساڵی ١٩٥٧دا کۆمەڵێك رۆشنبیر و کرێکار و جوتیار پارتی دیموکراتی کوردیان لە سووریا دامەزراند، کە هاوشێوەی پ.د.ك.ی عێراق بوو، بەرنامەکەیان بەدەستهێنانی دان پێدانان بە مافی رەوای کورد وەك نەتەوەیەکی نەژادی، کە کولتووری تایبەتی خۆیان هەیە. هەروەها هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە هاوخەبات بن لەگەڵ رێکخراوە سیاسیەکانی تردا بۆ چاکسازیی کشتوکاڵ و دامەزراندنی رژێمێکی دیموکراتی لە دیمەشق.

لە ١٩٥٩دا هەندێ سەرکردەی جیا جیای پ.د.ك. گیران، ئەو گرتنەش لە سەردەمی یەکیتیەکەیاندا بوو لەگەڵ میسر، ئەویش بە یارمەتی عەقید سەراج بوو، کە راستەوخۆ فرمانی لە ناسری سەرەك کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە وەردەگرت.

ئیدی لە ئەیلولی ١٩٦١دا سووریا لە میسر جیا بووەوە و دەرەبەگە خاوەندارە گەورەکان بە سەرۆکایەتی قودسی و عەزم دەسەلاتیان گرتە دەست.

حکومەتی نوێ سیاسەتی توندوتیژ و سەرکوتکردنی دژی کوردەکان گرتەبەر و بە دژە عەرەب تاوانباریان دەکردن، هەروەها مەترسی ئەوەی لێدەکردن، نەبا بچنەپاڵ کوردەکانی عێراق، کە لە ئەیلولی ١٩٦١دا، بۆ بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، راپەڕین.

لە ٢٣/ئاب/١٩٦١دا حکومەت بە پێی یاسای ژمارە ٩٣ سەرژمێرییەکی تایبەتی دانیشتوانی پارێزگای جەزیرەی راگەیاند. چونکە لەو بڕوایەدا بوون، کە کورد، بەشێوەیەکی نایاسایی لە کوردستانی تورکیاوە دێنە ناو جەزیرەوە و کەسایەتیی عەرەب تێکدەشکێنن. سەرژمێری دانیشتوانەکە لە نۆڤەمبەر/(تشرینی دووەم)ی هەمان ساڵدا جێبەجێ کرا، دوای دەرچوونی ئەنجامی سەرژمێریەکە، نزیکەی ١٢٠ هەزار کوردی جەزیرە وەك بێگانە ئەژمار کران و بەشێوەیەکی نایاسایانە و بەزۆرەملێ گشت مافەکانی هاووڵاتیبوونی سووریاییان لێسەندرایەوە.

لە ١٩٦٢دا بۆ نەهێشتنی مەترسی کورد و پارێزگاری نەژادی عەرەبی لە ناوچەکەدا، حکومەت پلانی پشتێنەی عەرەبی خستەکار، کە بەهۆیەوە دەیویست تەواوی دانیشتوانی کورد دەربکات، کە بە درێژایی سەر سنوورەکان لەگەڵ تورکیادا

دەژین، شوێنەکانیان بە عەرەب پڕ بکرێنەوە و ئەوانیش لە باشووردا دووبارە بڵاو بکرێنەوە.

دۆزینەوەی نەوت لە قەرەچوك لە ناوەندی جزیرەی کورددا لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بە سیاسەتی حکومەتەوە. هەروەها لە مارسی ١٩٦٣دا پارتی بەعسی میشێل عەفلەق دەسەڵاتی گرتە دەست، هەرچەند بەو زووانە سۆشیالیزمەکەی دەبینن، کە بەگشتی بۆتە پێکهاتەیەکی قەومی. ئیدی بارودۆخی کوردەکان بەرەو نالەباری چوو.

لە نۆڤەمبەری ١٩٦٣دا، پارتی بەعس لە دیمەشق لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی سیاسەت و کۆمەڵایەتی نەتەوەیی پارێزگای جەزیرەوە بڵاوکردەوە، کە محەمەد تەڵەب هیلالی بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوچەکە نوسیبووی. هەر بەهۆی ئەوەشەوە بەرپرسی شاری حەمای وەرگرت، پاشان پۆستێکی لە ئەنجومەنی وەزیرانی بەعسدا وەك وەزیری گوزەران لە (حکومەتەکەی زووایین)دا وەرگرت، بەو کارەوە بۆ چەند ساڵێك لە ئەنجومەنی وەزیرانە یەك لەدوای یەکەکاندا مایەوە. ئیدی هیلالی دەستی کرد بەوەی، کە لەسەر بنەچەی مرۆڤناسیی جیاواز، بە زانیاری بیسەلمێنێ، کە کورد نەتەوەیەك پێك ناهێنن. دەرئەنجامەکەشی ئەوە بوو: "کورد، خەڵکانێکی بێ مێژوو، یان بێ شارستانی، یان بێ زمانن، تەنانەت رەگەزی بنەچەیی تایبەتی خۆیانیان نییە . تاکە جیاکەرەوە، کە تایبەتە بەوانەوە، ئەو گیانی وێرانکاری و توندوتیژییە، کە ئەویش بە ئاسایی لە هەموو چیانشینێکدا هەمان جیاکەرەوە هەیە. لەسەرو ئەوەشەوە کوردەکان لەناو شارستانی و مێژووی نەتەوەکانی تردا دەژین، کە هیچ هاوبەشییەکیان لە شارستانی و مێژووی ئەو نەتەوانەدا نییە."

هەست و پەرۆشی نەتەوەپەرستی، وای لە هیلالی کرد، کە پیلانێکی ١٢ خاڵی پێشنیار بکات و بەر لە هەموو شت دەبێ دژی کوردەکانی جەزیرە بەکار بهێنرێت.

١. بڕینەوە: یان سیاسەتی بێبەشکردن و دەست بەسەراگرتن، کە بریتیە لە بڵاوەپێکردن و گواستنەوەی خەڵکی کورد.
٢. سەرکوێرکردن: یان سیاسەتی کۆنەپەرستانە لە بێبەشکردنی کورد لە فێربوونی هەر جۆرە زانیاریەك و تەنانەت بێبەشکردنیان لە فێربوونی زمانی عەرەبیش.
٣. برسیکردن: یان سیاسەتی برسێتی، کە رێگەبگرێت لە هەوڵ و توانای کارکردن.

٤. سیاسەتی ڕەوانەکردنەوە: تاوەکو لە باکووری کوردستاندا بەسەر حکومەتی تورکیادا ڕاپەڕن.
٥. سیاسەتی (فرق تسُد): واتە هاندانی کورد دژی کورد. یان بەگژاکردنی کورد تا دەوڵەتی سووریی بەسەریاندا زاڵ بێت.
٦. پشتێنە یان ئابلۆقە، بەچەشنی ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٢دا پێشنیار کراوە.
٧. نیشتەجێکردن: یان سیاسەتی ژێردەستەکردن و دەستنیژکردنی عەرەبە نەتەوەپەرستەکان لە ناوچەکانی کورددا، تا بتوانرێ چاودێریی کورد بکرێت و لە ئەنجامدا بڵاوەیان پێبکەن.
٨. سیاسەتی سەربازیی: کە پشت بەو بەشانەی ناوچەی ئابلۆقەکە دەبەستێت، تا بە پێی ئەو پلانەی حکومەت دایڕشتووە دڵنیابن لە بڵاوەپێکردنی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنەکانیان.
٩. سیاسەتی بەکۆمەڵکردن: لەژێر شێوە بە کۆمەڵەکاندا، وەك کشتوکاڵی بەکۆمەڵ، عەرەبیش بۆی هەیە، کە لە ناوچەکاندا کشتوکاڵ بکات، هەروەها عەرەبە هاوردەکان چەکدار دەکرێن و لەهەمان کاتدا مەشقیشیان پێدەکرێت.
١٠. هەرکەسێ زمانی عەرەبی نەزانێت، مافی دەنگدانی نییە و ڕێگریی دەکرێت، کە لە هەر ئۆفیسێکدا کار بکات.
١١. ناردنی شێخەکانی کورد بۆ باشوور و هێنانی شێخە ڕەسەنە عەرەبەکان بۆ جێگاکانیان.
١٢. لە کۆتایشدا، پڕوپاگاندەیەکی بەرفراوان دژی کوردەکان لەناو عەرەبدا بڵاو دەکەینەوە.

## باری گرانی ستەم

زۆر لەو هەولاّنەی لەسەرەوە ریزکراون، دەستکرا بەجێبەجێ کردنیان، ئەو ١٢٠ هەزار کوردەی بەپێی سەرژمێریەکە وەك بێگانە جیا کراونەتەوە، تەواو دەچەوسێنرانەوە. ئەوانە، سەرەڕای ئەوەی لە وڵاتی خۆیاندا وەك بێگانە مامەڵە دەکرێن، کەچی بەرپرسن لەبەرامبەر خزمەتی سەربازیدا و بانگ دەکران بۆ شەڕکردن لە

بەرزاییەکانی جۆلاندا. بەهەرحاڵ، ئەو کوردانە لە هەموو شێوە مافێکی تر بێبەشن. ناتوانن بەشێوەیەکی یاسایی ژن بهێنن و شوو بکەن، یان بچن بۆ نەخۆشخانە، یان منداڵەکانیان بۆ خوێندن لە قوتابخانەکاندا ناونووس بکەن. ئیدی وشەی جوان و ناسك بۆ پلانەکە بەکار دەهێنرا، وەك دامەزراندنی کێڵگە دەوڵەتییە هاوچەرخەکان لە پارێزگای جەزیرەدا.

ئەوەی پێیدەوترا پشتێنەی عەرەب، پلانێك بوو، کە لە ساڵانی دواتریشدا هەر لانەبرابوو، هەروەها لە ژێر پەردەی یەکسانی و چاکردنی کشتوکاڵدا، ١٤٠ هەزار جوتیاری بەهێزی کورد دەرکران و عەرەبی هاوردە خرانە شوێنەکانیان.

لە ١٩٦٦دا تەنانەت بیریان دەکردەوە، کە ئەو شتانە زۆر بە توندی جێبەجێ بکەن و لەوانەشە پەرەی پێبدرێ و تا کورداخ درێژ بکرێتەوە. بەڵام ئەو جوتیارە کوردانەی، کە ئاگادارکرابوون ناوچەکانیان جێبێڵن، بەو فەرمانە رازی نەبوون.

لە ساڵی ١٩٦٧دا جوتیارەکانی ناوچەی پشتێنەکراو ئاگادارکران، کە زەویەکانیان تەئمین کراوە، تەنانەت حکومەت هەندێ تیمی نارد بۆ دروستکردنی کێڵگەی هاوچەرخ، بەڵام جەنگی ئیسرائیل ناچاری کردن تا بە شێوەیەکی کاتی واز لە پلانەکە بێنن. دوای دروستکردنی بەربەست (سەد) ی تەبەق لەسەر فوڕات، پێشنیاری ئەوە کراوە، کە ئەو عەرەبانەی گوندەکانیان بووە بەژێر ئاوەوە، دیسانەوە لە جزیرەی کوردان نیشتەجێ بکرێنەوە.

لە ساڵی١٩٧٢دا دەوڵەت ٤٠ گوندی هاوچەرخی لە ناوچەی پشتێنە دروست کرد، کە دەکەونە ناوچەی قامیشلییەوە، لە نێوان عامودا لە رۆژئاواوە و دێرك لە رۆژهەڵاتەوە. ئیدی ٧ هەزار جوتیاری عەرەب چەکدار کران و لەو گوندانەدا نیشتەجێ کران. پلانەکە بەشێوەیەکی پلەپلە جێبەجێ دەکرا، تا سەرنجی زۆری جیهانی دەرەوە رانەکێشێ. کوردەکان رۆژانە دوچاری تەنگوچەڵەمەی ئیداری دەبوون، لەلایەن پۆلیسەوە پەلامار دەدران، لەسەر ئیشوکار دەردەکران و دەست بەسەرامولك وماڵیاندا دەگیرا. کاروچالاکی ئەدەبیی کوردی ، هەر وەك لێدانی کاسێت و سی دیی مۆسیقای کوردی لە شوێنە گشتیەکاندا یاساخ کراوە. شارۆچکەی دێرەکی خنجیلانە ناوە کوردیەکەی لەدەست دا و بە مالیکییە ناونرا. سەرکردەکانی پ.د.ك. سووریا، بە تاوانی دژە عەرەب چەند ساڵێکە زیندان کراون. لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا نزیکەی

٣٠ هەزار کورد ناچار بوون جزیره جێبهێڵن و بە دووی ئیشوکار و ژیانی ئارامدا لە لوبنان و شار و شارۆچکەکانی تری ناوخۆدا بڵاو ببنەوە. لە کورداخ، دەوڵەت عەرەبەکانی هان دەدا کورد تاڵان بکەن، بۆ ئەوەی کوردێکی زیاتر ناچار بکەن ناوچەکە جێبهێڵن و لە حەڵەب جێگیر بن.

لەناو ئەنجومەنی سووریاییدا چەند نوێنەرێکی کوردی دیاریکراوی تێدایە، بەڵام ناتوانن وەك کورد رای خۆیان دەربڕن، بەتایبەتی لەو کاتەوە، کە بڕیار دراوە هەموو هاووڵاتییەکی سووریایی عەرەبن. لە سەرتاپا نووسراو و بڵاوکراوە فەرمییەکانی کۆماری عەرەبی سووریادا ناوی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی تر نەهێنراوە. ئیدی لەو دەمەوە، کە کۆمارەکە عەرەبییە، کوردیش ئاوا ژیان لە سووریادا بەسەر دەبات.

بە هەرحاڵ، لەساڵی ١٩٧٦دا، سەرۆك ئەسەد وازی لە هەموو پلانە فەرمییەکان هێنا و گواستنەوەی دانیشتوانی راگرت و وازی لە زۆربەی شتەکانی تریش هێنا و چیتر جوتیارە کوردەکانی جەزیرە سەغڵەت ناکرێن و گوندی نوێ لەسەر زەویەکانیان دروست ناکرێت. ئەمرۆ بە ئاشکرا رادوێکان مۆسیقای کوردی بڵاو دەکەنەوە و کورد زیاتر هەست بە ئارامی و دڵنییایی دەکات، هەرچەند ئەوەش بە گوێرەی کوردەوە سەرەتای سیاسەتێکی نوێیە، یان تەنیا گەمەیەکی دەوڵەتە و پشت بەو ململانێیەی نێوان دیمەشق و بەغدا دەبەستێ...؟

کوردۆلۆجی

**سەردانی ماڵپەڕی کوردۆلۆجی بکەن**

www.kurdology.com

# References سەرچاوەکان

1. During the Twenties, Roger Lescot, the orientalist, who was then serving as a French officer in Syria, produced some interesting studies including one on 'Proverbes et Enigmes Kurdes' Revue des etudes islamiques, Paris, 1937, Chapter IV, pp.307 -50 and his excellent Enquete sur les Yezidis Beirut, 1938. Father Thomas Bois's writings contain descriptions of the cultural renaissance amongst the Syrian Kurds. The orientalist Pierre Rondot, also a one-time French officer in Syria, has left us a good study of 'Les Tribus montagnardes de l' Asie anterieure. .. ' Bulletin d'ethnologie orientale de l'Institut francais de Damas, Vol. VI, 1937, pp. 1-50 which deals with the sociology of the classic Kurdish tribes, as well as an article on 'Les Kurdes de Syrie' in La France mediterranienne et africaine, Paris, Sirey, 1939, Vol. II, Sect. I, pp. 81-126. Other unpublished works by the same author, including his article on Les Kurdes 1937, can be consulted in the CHEAM Centre library at the University of Paris.
2. In its Statistical Abstract, 1975, the Damascus Government gives the population of Syria in 1975 as 7,346,104, with a projected population of 8,623,044 in 1980.
3. The figure for the Kurd-Dagh is based on the number of representatives it sends to the People's Assembly. The region sends four delegates, one for each 60,000 inhabitants, and was only narrowly refused a fifth.
4. According to Statistical Abstract, 1975, the city of Damascus and its suburbs had a population of 836,688 in 1970.
5. Statistical Abstract, 1975 gives the total population of the Governorship of Jezireh as 545,899 in 1975.
6. R. Dussaud, Topographie historique de la Syrie antique ET medievale, Geuthner, Paris, 1927, p. 425
7. C. Cahen, La Syrie du Nord. .., Geuthner, Institut francais de Damas, Paris, 1940, p. 272, note 27.
8. IQid.
9. Ibid.
10. N. Elisseef, Nur ad-Din, Institut francais de Damas, Damascus, 1967, Vol. III, p. 835
11. The Arabic word Hisn means 'fortress', whilst Akrad is the plural of 'Kurd'. The Krak des Chevaliers is still known as the 'Fortress of the Kurds' in Arabic.
12. C. Cahen, op. cit., p. 186.
13. Ibid.
14. N. Elisseef, op. cit., Vol. III, pp. 721-2.
15. V. Minorsky, Studies in Caucasian History, Annexe: 'Notes on the Kurds under the Ayyubids', London, 1953.
16. M. T. Hilal, 'Etude sur la province de Djazira . ...' Damascus, 1963, pp.3-5.
17. Ibid., p. 45-8.
18. amongst them, Daham Mira, Kenaan Aguid, and the lawyer Nazim Mirkan. The first two have been 'adopted' by Amnesty International.
19. It seems clear that a country like Syria, which calls itself socialist and modern, ought to renounce oppressive policies directed against the Kurds and ought to constitutionally recognize their existence as a national group, entitled to their own language and culture, within the Syrian people.

هەوارنامەی کتێب

# کێشەی کورد و سنووری موسڵ ♣

## ١٩١٨- ١٩٢٥

**نووسینی: پیتەر سلاگلێت***
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مینە**

چـوار ڕۆژ دوای کۆتـایی جـەنگی تورکیـا، لـە ٣/نۆڤەمبـەر/١٩١٨دا، هێـزی بریتانیا چووە ناو شاری موسڵەوە و داگیری کرد. بەمـەش ئـەو ناوچانەی کەوتنـە ژێـر دەسەڵاتی بریتانیاوە، هەموو ویلایەتی موسڵی گرتەوە.

گروپە کوردە نیـشتیمانپەروەرەکان، کـە ئـاوارەی دەرەوەی تورکیـا بـوو بـوون، لەگـەڵ سـەرکردەکانی نـاوخۆی کوردسـتاندا، لـە مێـژ بـوو داوای جـۆرێ لـە دەوڵـەتی سەربەخۆیان لە ناوچەکەدا دەکـرد. بۆیـە تێکـشکانی تورکیـا و داگیرکردنـی موسـڵیان لەلایەن بریتانیاوە، وەك هەلێکی بەنرخ رەچاو دەکرد بۆ گوشاری داواکەیان.

مەیجەر سۆن و مەیجەر نۆیل، دوو ئەفسەری بریتانیایی بوون لە عێراق و خاوەنی ئـەزمونێکی فـراوان بـوون لـەبارەی نەتـەوەی کـوردەوە. ئـەوە بـوو لـەم سـەروبەندەدا فـەرمانیان پێـدرا، کـە بـە پەلـە بکەونـە وتووێـژکردن لەگـەڵ سـەرکردەکانی نـاوخۆی کوردستان.

---

♣ ئەم بابەتە لە کتێبی
BRITAIN IN IRAQ,Contriving King and Country, By PETER SLUGLETT
وەرگێڕاوە کە ساڵی ١٩٧٦ چاپ کراوە.

* پیتەر سلاگلێت، پرۆفیسۆری مێژووە لە بمواری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقی نوێدا.وەرگێڕ

حاكمی مەدەنی بریتانیاش لە بەغدا، پێشنیاری ئەوەی بۆ لەندەن كرد، كە ئەنجومەنی ناوەندی سەرانی باشووری كوردستان، پێویستە لەژێر چاودێریی بریتانیادا دابمەزرێت.

دوای چەند هەفتەیەك مەیجەر نۆیل، پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لە ناوچەكەدا كرد، كە سنوورەكەی لەوپەڕی باكووری وانەوە بۆ نزیكەی ٩٠ میل بۆ باكووری سنووری توركیا- عێراقی ئێستای دەگرتەوە.

لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەردا، شێخ مەحموودی بەرزنجی، كە لە ناوچەكەدا سەرۆكی یەكێ لە بنەماڵەی شێخە ناودارەكانە ، بە فەرمانڕەوای سلێمانی دانرا.

ئەو یەكێتی و تەباییەی نێوان كوردەكانی توركیا و عێراق، كە تێشكانی توركی لێكەوتەوە، تەمەنی كورت بوو.

مەیجەر نۆیل لە بەهاری ١٩١٩دا راپۆرتی دا، كە هاوكاری و تەبایی نێوان كورد لە ناوەندی ئەنادۆڵدا، بەگشتی پشتی دەبەست بەو مەترسیەی، كە هاوپەیمانان سزایەكی توند بسەپێنن بۆ لابردن و لەناوبردنی ئەرمەن و ئاشووریەكان، بەڵام ئێستا ئەوە، لەوانە نییە بێتەدی، بۆیە ناكۆكی لەناو خێڵەكاندا بەرپابووەوە و كەسیان رازی نەبوون بە سەركردایەتی و رابەریی كەسێكی تریان.

جیۆگرافیای ناوچەكە، بەرز و نزمی چیاكان و دۆڵە بەپیتەكان، پێكەوە لەگەڵ دابوونەریتی ناكۆكی خێڵایەتی، وای لە بریتانیا كرد، كە پارێزگاری لە فەرمانەكەی خۆی بكات، چونكە ئەوەی ئەو پلانی بۆ دادەنا بە كردەوە پیادە نەدەكرا.

كێشەكانی سیاسەتی كورد لەوە دەچێت تا رادەیەك هەروا كۆتایی نەیەت، بەڵام بەو شێوەیەی بریتانیا ئارەزوو دەكات زۆر سەختتر بووە، كە دەیویست یەكەی ئیداریی رێكوپێك دابمەزرێنێ و لەلایەن سەركردەكانی ناخۆوە، واتە بڕواپێبووان، یان ئەوانەی پشتیوانی بریتانیایان دەكرد بەڕێوە ببرێن.

كێشە سەرەكیەكەش، ئەو تێگەشتننەیە، كە بۆ مافی چارەی خۆنووسین داوای پێكهاتنی گشتی دەكات لە داننان بە نوێنەری شیاو و لەبار بۆ گەلی كورد.

كوردەكانی هەرێمی باكووری عێراق، لە دەوروبەری دهۆك، زاخۆ، ئامێدی و ئەوانەی بەرزان و هەولێر، رازی نەدەبوون، كە شێخ مەحموود لە سلێمانییەوە بێت و لەلایەن ئەمانەوە وەك مەلیك دابنرێت. چونكە لە راستیدا ئەو هیچ دەسەڵاتێكی

بەسەر هەڵەبجە و پێنجوێندا نەبوو، هەرچەندە هەردووکیان تەنیا ٢٠ میل لە پایتەختەکەیەوە دوور بوون.

کۆمەڵێکی تر، کە داوای ئەوەیان دەکرد تا ببنە رابەری گەلی کورد، بەدرخانییەکان بوون، کە خێزانێکی کۆنی کوردن و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە بۆ ئەستەمبووڵ دورخراونەتەوە. پێدەچێت لەوێ سەرنجی دەسەڵاتدارانی بریتانیایان راکێشابێت، بەڵام نەیانتوانی پاڵپشتی ناوخۆ بەدەست بهێنن. بە هەمان شێوە بنەماڵەی بابانەکان، کە ماوەیەکی درێژە لە بەغدا نیشتەجێن، بە دەردەکەی ئەمان چوون.

لەوانەیە بریتانیاییەکان ئەو دەرفەتەیان سازاندبێت، بەڵام کورد دەیانویست خۆیان کاروباری ئیداریی تایبەتی خۆیان دابمەزرێنن. سەربەستییەکەی خۆیانیان لاپەسەندتر بوو، لەو ئازادییەی بریتانیا، کە هەر بە ناو بوو. ئەوەش زیاتر لەو دڵنیایی بوونەوە بوو، کە تورك لەو ناوە نەماوە و ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی بریتانیادایە. لە سەرو ئەوەشەوە، کورد نەیان دەویست ئۆتۆنۆمیان هەبێت، ئەوەش بەهۆی بیری خێڵایەتی و ناکۆکیی خێڵایەتییەوە، کە لەم قۆناغەدا هیچ دیاردەیەکی بەرچاو نییە بۆ بنبڕکردنی ئەوە و بەرەو یەکێتیی کورد.

لە مایسی ١٩١٩دا دەسەڵاتی بریتانیا ناچاربوو شێخ مەحموود لابەرێت، ئەوەی، کە سەرکەوتو بوو لە دوورخستنەوەی زۆربەی ئەوانەی، کە بڕوای پێیان بوو بۆ پاراستنی ئەو پۆستەی لە سلێمانیدا هەیبوو.

سەرکردەی هاوشان، سەید تەهای نەهری، نەوەی شێخ عوبێدوڵڵای سەرکردەی شۆڕشە مەزنەکەی کورد ١٨٩٦،* لە ململانێی سەرداریدایە و لافوگەزافی ئەوەی لێدەدا، کە لە توانایدایە سەرکردایەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد لەژێر چاودێری بریتانیادا بکات. بەڵام زۆر ئاشکراو روون بوو، کە ئەویش دیسانەوە، بۆ پشتگیری و دەستەبەرکردنی سەرکەوتنێکی هەمیشەیی بنکەیەکی زۆر تەسکی هەبوو.

* شۆڕشەکەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری لە ١٨٨٠– ١٨٨١، بەڵام نووسەر بە هەڵە ١٨٩٦ نوسیووە. وەرگێڕ

پەیمانی سیڤەر، کە بەندێکی بۆ سەربەخۆیی کورد لەخۆ گرتبوو، بە بووژانەوەی هێزی تورك لە هاوینی ١٩٢٠دا ئەویش پوچەڵ کرایەوە.

لە کۆتایی ١٩١٩ و تەواوی ساڵی ١٩٢٠ هێزەکانی بریتانیا بە سەرقاڵی لە سنووری باکووری عێراقدا مانەوە. لە هەموو لایەکەوە شۆڕش بەرپا ببوو، هەندێکیان بە هاندانی تورك بوو، بە مەبەستی دورخستنەوەی هێزەکانی بریتانیا لە ناوچەی موسڵ، هەندێکی تریشیان بەو دەربڕینە سادەوساکارە کوردانەیەوە بوو، لە قینی ئەوەی، کە بۆچی ئەوان تا ئێستا دەسەڵاتیان بە دەست نییە ؟

"جەرترەید بێڵ" لەبارەی شەڕی پارتیزانییەوە هەندێ زانیاری هەبوو. ئەو، لێدانی ئاغاکانی بە تاکە وەڵام دادەنا بۆ ئەو هەڵچوونانەو دابڕانی کوردەکان لە سەرکردەکانیان، بەتایبەتی ئەوانەی ئارەزووی هاوکارییان هەبوو لەگەڵ بریتانیادا.

بەڵام "سۆن" بە زانیارییەکی زۆرترەوە، لەبارەی بارودۆخی راستەقینەی باشووری کوردستان دەنوسێت و بە دیدێکی فراوانترەوە دەڕوانێت: "بەگشتی ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵك هەرگیز ناگۆڕێت، بەر لە هەموو شت ئەوان ئەنجومەنیان بۆ کوردستان ناوێت، تەنیا بەوە شادمانن، کە لە شێخ مەحموود پارێزراون، بەشێوەیەکی ئاشکرا شۆڕشەکەی شێخ مەحموودیش لەبەرئەوە سەرکەوتو نەبوو، کە لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە پشتگیری لێنەدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان دەیانزانی، کە ئێمە هیچمان پێناکرێت، ئەگەر دژمان راپەڕن."

لە کۆتایی ١٩٢٠دا وەزارەتی موستەعمەراتی بریتانیا بەیانێکی گشتی لەبارەی ئینتیدابی میسۆپۆتامیاوە دەرکرد و بریتانیا رازی بوو بە ئینتیداب و میسۆپۆتامیا خرایە سەر موسڵ، بڕیارەکە لەلایەن بەغداوە پێشوازی لێ کرا و دڵیان پێی خۆش بوو، بەڵام لە کوردستان هەرگیز بەو گرنگییەوە پێشوازی لێنەکرا. لێرەدا دەهێنێ هێما بکەین بەوەی، کە بڕیارەکە پێنج مانگێك پێش خرا و بەر لەوەی راپرسی گشتی لە ناوچەکەدا بکرێت، کە لە پەیمانی سیفەردا هاتبوو، دەستکرا بە کارکردن لەسەر ئینتیداب.

لەو سەردەمەوە و بگرە تا ئەمڕۆش هەمیشە ئەوە ئاشکرایە، کە کوردی عێراق نەیان ویستووە و نایانەوێ لەلایەن بەغداوە فەرمانڕەوایی بکرێن. بەڵام سەرەڕای

ئەوەش هەمیشە ئەوە پێویست بووە، یەکەم لەبەر بەرژەوەندی بریتانیا و دووەم بۆ خودی عێراق، چونکە ئەوە سیاسەتە و گوێ بە خواستی کەس نادات.

دەکرێ بۆ پاراستنی کوردەکان مەرج دابنرێت: گەرەنتی مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی و خستنە سەرکاری فەرمانبەرانی کورد و تەنانەت ئیدارەی راستەوخۆی سلێمانی لەلایەن مەندوبی سامی بریتانیاوە دەبێت. بەڵام ئەم بەڵێنانەی سەر کاغەز تەنیا بەس نین. تەنانەت زۆربەی ئەو هەوڵە گچکانەی لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە دەدرا بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێ لە چارەسەری تایبەت بە کورد، بە توندی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرەنگاری دەکرا.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠دا، بارودۆخی ناوچەکە لە چاو سەردەمانی پێشوتردا زیاتر پشێوی تێکەوت. لە راپۆرتێکدا هاتووە، رای گشتیی سلێمانی دژن، "تەنانەت دژی یەکگرتنی مەرجداریشن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا." کەچی ئامێدی و دهۆك و زاخۆ دژی پێوەلکان و چوونە ناو عێراق نەبوون. رەواندزیش هێشتا لەژێر دەستی تورکیادا بوو، هەروەها هەولێر رازی بوو بەوەی، کە لە بەغداوە موتەسەڕیفی بۆ دابنرێت، ئەگەر راستەوخۆ لەلایەن بەرپرسی سیاسیی بریتانیاوە چاودێری بکرێت.

چارەسەرێکی یەکگرتووانەی گشتی لە تەواوی ناوچەکەدا پێناچێ پیادە بکرێت، بەڵام فەرمانڕەواییە جیاوازەکانی هەر ناوچەیەك بە شێوەیەکی سروشتی کاریگەرییان هەبوو لەسەر هەست خرۆشاندنی یەکتری، هەرچەند ئێستا تا رادەیەك ستە. تورکمانەکانی کەرکوك، وەك هێزێکی دژ بە عەرەب نەك بریتانیا خەریك بوون لە راپرسییە گشتیەکەی ١٩٢١دا دژی فەیسەڵ دەنگ بدەن.

هێندە نابێت، کە واز لە بیری جیابوونەوە هێنراوە و بیری پێکەوە لکان و چوونە ناو عێراق بەگشتی و خەریکە پیادە دەکرێت.

لە ئەیلولدا، کۆکس کورتەی بۆچوونەکانی خۆی و فەیسەڵی بە بروسکەیەك نارد: فەیسەڵ مەترسی لەوە هەبوو، کە ئەگەر هەر جۆرە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە هەر کوێ دابمەزرێت و کوردەکانی عێراقیش لە تورکیا و وڵاتی ئێران بچنە ناو هاوزمانانیانەوە، ئەوە لەسەر عێراق مەترسییەکی هەمیشەیی دەبێت.

لەسەروی ئەوەشەوە، کاریگەری ئەو بڕیارە دیاریکراوەی پێشو ئەوەیە، کە خواستی مەلیك فەیسەڵ بۆ پێوەلکاندنی کوردستان بە عێراقەوە زیاتر لەوەوە

سەرچاوەی هەڵگرتووە، تا لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا لە زۆرینەی سوننە بەرامبەر شیعە دڵنیابێت.

ئیدی کۆکس بەم وتانەی لای خوارەوە... کۆتایی بە بروسکەکە هێنا: بە بڕوای من بۆچوونێکی بەجێیە، کە کاربکەین بۆ ئەوەی ناوچە کوردییەکان بخەینە سەر عێراق، بەو مەرجەی لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا بەشداریان بکەین، ئەوەش دەبێ لە لایەن خۆیانەوە ئەم بۆچوونە پەسەند بکرێ و ئەفسەرانی بریتانیایی سەرپەرشتیان بکەن، ئەگەر پێویستیشی کرد لەلایەن خودی مەندوبی سامیەوە ئەو کارە جێبەجێ بکرێت.

## وەڵامی چەرچڵ:

"بەڵگە و بۆچوونە بەهێزەکانتان دەنرخێنم، بەو مەرجەی ئەو بەندە وابەستەی ئەوە بێت، کە کورد نابێ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەوە، ئەگەر خۆیان ئەوە نەخوازن!"

تەنانەت ئەو مەرجەش چارەنووسی وەهابوو، کە ڕەهەندی ژووری بەڵێنە سیاسیە شکاوە کەڵەکە کراوەکان بێت. هەر زووش ئەوە ئاشکرا بوو، کە بەو ئاسانییە نابێت ڕێ بە سەربەستیی بیروڕا دەربڕین بدرێ ، بەتایبەتی لەناو ئەو بەشە کوردەی، کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی نەخراونەتە سەر عێراق. هەروەها پێویست بوو بارودۆخێك بسازێنن، کە توانای دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە کردەوە پوچەڵ بکاتەوە، یان هەر شتێك، کورد وا لێبکات تا لەو بڕوایەدابن، کە ئەو خەونە دەکرێ بێتە دی.

لە (دیسەمبەر)ی ١٩٢٢دا کۆکس بۆ فەیسەڵی نووسی، کە تورکیا و عێراق لەو مەسەلەیەدا و لە ڕێکەوتنەکەدا براوەن.

کاریگەری ئەو جۆرە بڕیارە سیاسییانە لەوەدایە، کە توانای ئەوەیان نەهێشت، تا ناوچە کوردییەکانی عێراق بخرێتە سەر کوردستانی دایك و دەوڵەتی سەربەخۆو جیاواز بێت لە تورکیا. دیسانەوە حکومەتی تورکیاش پابەندی ئەوە نابێت، کە ڕێ بدات بە ناوچە کوردییەکانی ناو تورکیا تا سەربەخۆیی تەواو هەڵبژێرن.

ئەگەر ڕێکەوتنێکی بە پەلە لەگەڵ تورکیادا نەکرێ، ئەوا بارودۆخی ئاسایش گەشتۆتە ئاستی تێکچوون. لە تەموزی ١٩٢١ و کانونی یەکەمی ١٩٢٢، هەشت

ئەفسەری بریتانیایی لە سنوورەکانی باکووردا کوژراون، هەندێکیان کەوتونەتە کەمینەوە و ئەوانی دیکەش لە چالاکی سەربازیدا پێکراون.

لە پایزی ١٩٢٢دا کاربەدەستانی بریتانیا وەك هەوڵی دووەمیان بۆ دەربازبوونیان لەو پاشاگەردانی و ئاژاوەی ناوخۆیە، ناچاربوون شێخ مەحموود بهێننەوە بۆ سلێمانی. ئەو سەلماندی، کە لەوە زیاتر، نە بۆ ئەوانەی دایانناوە بە فەرمانڕەوا و نە بۆ ئەوانەشی، کە فەرمانیان داوە بە سەریدا پەسەند نییە، ئیتر نایەوێت چالاکیەکانی بە چەشنی ١٩١٩، تەنیا لە چوارچێوەی سلێمانیدا بمێنێتەوە.

لە ئۆکتۆبەری ئەو ساڵەدا، مەیجەر نۆیل، راپۆرتێکی لەبارەی بارودۆخەکەوە پێشکەش کرد: "من دژی ئەو گومانە گشتیانەم، کە لە هەندێ حاڵەتدا خەریکە دەگەنە ئاستی راستی. ئێمە بە هەر فرتوفێڵێك بێت، دەمانەوێت کوردەکان بخەینە سەر عێراق، هەڵبژاردنیش جگە لە چاوبەست هیچی تر نییە، بە واتایەکی تر بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن ناودەبرێت، من لێرەدا دەمەوێ هێما بۆ ئەوە بکەم و بیری کوردی بهێنمەوە، کە هیچ شێوە دڵنیابوونێك گەرەنتی نییە بۆ ئەوەی زۆر لە کورد نەکرێ تا بچێتە ناو عێراقەوە، ئەوەش بە پشتبەستن بەو بنەمایانەی لە شاری کەرکوکدا دەردەکەوێت، وەك دەستەیەکی هەڵبژاردن.

ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە، کە کێشەکان بوونەتە هۆی دواکەوتنی دانپێدانانی پەیمانەکە لە ئەنجومەنی دامەزراندندا. ئەو کێشانەش لە باکووردا کاری کردۆتە سەر کەمکردنەوەی خواستی دانیشتوانێکی زۆر بۆ بیری دەوڵەتی عێراق.

کەرکوك... وەك بینیمان پەرۆشێکی کەمیان هەبوو بۆ عێراق و تەنانەت کەمتریش بۆ شێخ مەحموود، لەوەش زیاتر هاووڵاتییە دیارەکانی شاری کەرکوك هێمای ئەوەیان دەکرد، کە هەرگیز رازی نین بەوەی، کە بریتانیا خەریکە بۆ عێراقی ساز دەکات. ئەوان نەیان دەزانی بریتانیا نیازی چی بوو بۆ سلێمانی و سەرتاپای کوردستان.

ئەدمۆنزی بەرپرسی سیاسی لە کەرکوك، پێشنیاری ئەوەی کرد، کە نوێنەرانی کەرکوك و هەولێر بانگ بکرێن بۆ بەغدا، تا لە بارەی یەکێتی و جۆرە فیدراڵییەکەوە گفتوگۆ بکەن، کە لەوانەیە لەسەر رێڕەوی سیاسەتی وەکالەتی هیندی رێك بخرێت. ئیدی کوردەکان تەواو بۆیان روون بۆوە، کە جگە لە ئۆتۆنۆمی سنووردار لە چوارچێوەی عێراقدا نەبێت، هیوایەکی ئەوتۆیان بە سەربەخۆیی کورد نییە. لەوەش دەچێ

ڕەتکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو پێشنیارە لەلایەن کوردەوە، لە دیسەمبەری ١٩٢٢دا، کۆتایی هێنابێت بەو هاتنە پێشەوە فەرمییە بۆ کوردەکان:

"هەردوو حکومەتی بریتانیا و عێراق دان دەنێن بە مافی ئەو کوردانەی لە ناو سنووری عێراقدا دەژین، تا حکومەتی خۆیان لەناو ئەو سنوورانەدا دابمەزرێنن، هەروەها ئاواتەخوازن، کە ڕێکەوتنێکی بە پەلە لەنێوان کوردەکان خۆیاندا بکرێت لەبارەی شێوەی ئەو جۆرە حکومەتەی خۆیان هیوای بۆ دەخوازن و ئەو سنوورانەی، کە دەیانەوێ بیگرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نوێنەر و بەرپرسیان بنێرن بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لەگەڵ حکومەتەکانی بریتانیا و عێراق."

لەوە دەچێت ئەم بانگهێشتنە هانی زیاتری شێخ مەحموودی دابێ تا گوێبیستی نێردراوانی تورک بێت، کە ماوەیەک بوو سەردانییان دەکرد لەگەڵ پەیمان و بەڵێنی یارمەتیدانی لەلایەن تورکیاوە. هەرچەند لە هەمان کاتدا ناوچەی دەسەڵاتی خۆی لە سلێمانیدا لە دەست دابوو.

بەڵگەیەکی زۆر بەهێز هەیە، کە لە نێوان مەیجەر نۆیل و ئەدمۆندزدا ناکۆکی لەبارەی بەردەوام بوونی پشتگیریی شێخ مەحموودەوە هەبووە، لە زۆربەی ئەو ڕاپۆرتانەی لەو بارەیەوە دراوە، بە ئاشکرا هەردووکیان تێیدا ناکۆک و توند و تیژن.

ستەمە وێنەیەکی ڕوونی ڕووداوەکان لە ناوچەکەدا پێشکەش بکرێت، وا دەردەکەوێت لە کۆتایی مانگی دیسەمبەردا تیمێکی هەڕەمەکی و نائاسا لەژێر چاودێریی یەکێ لە ئوزدەمیرییەکان*، بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی شێخ مەحموود لە کاردا بن.

لە هەولێرەوە مەیجەر نۆیل ڕاپۆرتێکی داوە، کە شێخ مەحموود بە دڵنیاییەوە دژی هەموو جۆرە سەروەرییەکی عێراقە، هەروەها لە هەولێر و کەرکوکیشەوە پشتگیری زیاتر دەکرێ و خۆشی لەسەر باج و گومرگی توتن دەژی.

---

* ئۆزدەمیرە (عەلی شەفیق) بوووە وچەرکەسە، تورکەکان کاتی خۆی ناردویانەتە ڕەواندز بۆ گێرەشێوینی و تێکدانی کاروباری ئینگلیز لە ناوچەکەدا. وەرگێڕ

لە سەرەتای ١٩٢٣دا، بە سەرنەکەوتنی پەیمانی لۆزان بۆ ڕێکەوتن لەبارەی هەر ئارامییەکی بە پەلەی سنوورەکان بڕیاردرا، کە پێشاندانی هێزی زۆر، تاکە ڕێگەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا. ئەم ڕووداوانەش سەرەتا بوو بۆ "پێشبینیکردن لە سیاسەتی ناوچەکەدا"، کە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا* باسی لێوە کراوە. هەر ئەوەش بووە هۆی لێدانی زەنگی ئاگادارییەکی گەورە لە هۆڵی سپی و پشکێنەرانی کارگێڕیی ناخۆی لێ ئاگادار کرایەوە:

"لەکاتی جێبەجێکردنی کاری سوپاییدا هیوای ئەوە دەکرا، بۆ درێژە پێدانی کاریگەریی حکومەتی عێراق لەناو ئەو کوردانەی، کە لەم سەردەمەی ئێستادا ملکەچی نین، هەر جۆرە هەلومەرجێك، کە خۆی قوت دەکاتەوە، دەبێ بە پەلە دابین بکرێ و ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتی لەبارەوە بدرێت."

لە ٢٢/نیسان/١٩٢٣دا ڕەواندز لەلایەن هێزی ئیمپراتۆریاوە داگیر کرا، دوای کەمێکی تر کۆیە و ڕانیەش بە هەمان شێوە داگیر کران، پاشان بڕیار درا، تا لیژنەی پێشنیارکراوی دیاریکردنی سنوورەکان دەگەن، مۆڵگە سەربازییەکان هەر لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە، چونکە لەوانەیە دەستبەجێ دوای چۆڵکردنیان، بۆ جاری دووەم لەلایەن تورکەکانەوە داگیربکرێنەوە، ئەو کاتە بارودۆخەکە لە بەرژەوەندی تورک دەبێت.

ئەو ئاژاوانەی، کە بۆ ماوەی ساڵێك لە هەموو سنوورەکان بەردەوام بوو، بە بۆچوونی مەندوبی سامی، زیاتر لەو مەترسیەوە هاتووە، کە تورکیا پێی وایە دەسەڵاتی عێراق بە شێوەیەك لە شێوەکان، سەربەخۆیی بدات بە کوردەکانی ناوخۆی خۆیان، ئەو کاتە تورکیا لە ئاستی کوردەکانی ناو تورکیادا دەکەوێتە هەڵوێستێکی ناجۆر و نالەبارەوە." بۆ ئاسانکاری وتووێژکردن لەبارەی سنوورەوە، دەتوانین بەڵێن بدەین بە تورکیا، کە لەم هەلومەرجەی ئێستادا واز لە بیری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان بهێنین و ئەوەشی لە پەیمانی سیڤەردایە، تەنیا ئامانجمان لکاندنیانە بە عێراقەوە

---

* ئەم دەقەی لە کتێبی:"بریتانیا لە عێراق: ١٩١٤- ١٩٣٢" دەزگای چاپی ئیسەکە، لەندەن، ١٩٧٦ وەرگێڕاوە.

هەواڵنامەی کتێب

تا لـە ژێـر ئیـدارەی عێـراقـدا بـن، هـەموو ناوچـە کوردییـەکانیش کەوتونەتـە دەوروبەری ویلایەتی موسڵەوە." هێرشی هێزە هاوبەشەکانی تـورك و کـورد لـە پـایز و زسـتانی ١٩٢٣ و بـەهاری ١٩٢٤دا هـەر بـەردەوام بـوو، بـەڵام پێدەچێت هێزەکـانی بریتانیا بە تایبەتی دوای داگیرکردنەوەی سلێمانی، لـە تـەموزی ١٩٢٤دا سـەرکەوتوتر بووبن. دوای هەوڵێکی زۆر دەیان ویست خۆیان بسەلمێننەوە، بۆ ئەو مەبەسـتەش دەبـێ هێزەکەیان لە پەڕینەوەی ئاوی هەزیلّ سو لـە ناوچـەی هـەوارە پـایزەی ئاسـوورییەکانی نزیك ئامێدی و دهۆك بەرەنگاری هێـزی تـورك بێتـەوە. هـەر بۆیـە تورکـەکانیش بـەو سـادەییە هێـزی هەرِەمـەکی و نانیزامییـان ئامـادە نـەکردبوو، بـەڵکو لـە یەکـەکانی سەربازی تورکیا هێزێکیان بەکار دەهێنا.

ئەفسەری هێزی ئاسمانی بە راشکاوی فەرمانی هێرشی بۆ سەر زاخـۆ راگەیانـد، بەڵام وتی: پێویست بە پەلەکردن ناکات، چونکە لەوانەیە موسڵ لە مەترسیدا بێت.

لەوە دەچوو، کە کوردەکان کەڵکیان لەو دواکەوتنەی کاروباری لیژنەی سـنوور و هێڵرێژی سنوور و بارودۆخی ئێستا وەرگرتبێت، کە لە ٣٠/ ئەیلولەوە بـۆ ١٥/تـشرینی دووەم/١٩٢٤ بەردەوامە.

هـەر زوو تێبینـی ئـەوە دەکـرا، کـە هـەردوو حکومـەتی بریتانیـا و عێراقـی دەیانویست موسڵ بخەنە سەر دەوڵـەتی عێـراق. ئـەوەش ئاشـکرا بـوو کوردەکـانی ئـەو ناوچانە، کە بـە یەکـسانی لـە بـارودۆخێکی بـێ لایەنانـەی لـەباردا دەژیـان، بـەڵام لـە ئەنجامی ئەو پلانەدا کەوتنە بارێکی نالەباری دوژمنانەوە.

تورك و کورد دواکەوتنی کاری ئارامکردنەوەی سنوورەکانیان بەکار دەهێنـا بـۆ ئەوەی چەند لە توانایاندا بێت ناوچەکە هەر لە بشێوی و ئاژاوەدا بیهێڵنەوە. کـورد بـە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و تورکیش بۆ پایە و دەسەڵات ئەوەیان دەکرد.

تورکەکان و دەسـەڵاتی بەغـدا نەیانـدەتوانی بەرگـەی دان پیادانـان و ڕێپێـدانی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی بگرن، کە بدرێت بـە ناوچـەکە. تورکـەکان لـە ئەنجامـەکانی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کـورد لەسـەر سـنوورەکانیان دەترسـان، عێراقییـەکانیش هـەرگیز لەگەڵ هیچ چارەسـەرێکدا نـەبوون، کـە سـنووری دەسـەڵاتی دەوڵـەتی عێراقـی دیـار و سنووردار بکردایە.

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٢٤ و چەند رۆژێ دوای سەلماندنی پەیمانەکەی ١٩٢٢، کە تایبەت بوو بە ئەنجومەنی دامەزراندنەوە، لێدوانی راستەوخۆ لە نێوان بریتانیا و تورکیادا لە شاری ئەستەمبووڵ لەبارەی سنوورەوە بە تێکچوون و پێکنەهاتن کۆتایی هات. ئەوان زیاتر دەیان ویست بزانن رای گشتیی کۆمەلانی خەڵك چییە؟ تا بزانن دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان رازین بەوەی لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە، یان دەچنە ناو تورکیاوە! چالاکییەکانی لیژنەکەش زیاتر لە باشوور، یان باکووری عێراقدا چڕببوونەوە و بەلای ئەو هێڵەدا دەچوون، کە ئێستا بە هێڵی برۆکسل ناودەبرێت.

کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی لەندەن، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمەوە دەستیان کرد بە زنجیرەیەك کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و تا سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٢٥ نەگەیشتنە عێراق.

لە سەروبەندی پایزی ١٩٢٤دا سەیرمان کرد، گوشاری تورکیا بەرەو زیاد بوون دەچوو، چالاکییەکانی شێخ مەحموود لە دەوروبەری سلێمانیدا، بووە هۆی ئەوە لە تشرینی دووەمدا شارەکە لەلایەن .R.A.Fەوە بۆردومان بکرێت. ئەو بڕیارەش کەمێ لەندەنی ناڕەحەت کرد.

ناوچەکە هێشتا لە بارودۆخێکی نائارام و شلۆقدا بوو، کە لیژنەکە سەردانی ئەو دەڤەرەی کرد، هەرچەند هاتنی زستان، ناچاری کردن، کە کۆتایی بە کارەکەیان بهێنن.

لە بەرەوپێشچوونی سەردانەکاندا، لە کانونی دووەمەوە بۆ مانگی مارس، سەرۆکی دەسەڵاتدارانی بەڵگەکان لە بەغدا، لەژێر چاودێرییەکی تەواوی بریتانیادا گەشتێکی فراوانی بە ویلایەتی موسڵدا کرد. لە خاڵێکدا ئەندامانی لیژنەکە هەڕەشەی دەست لە کار کێشانەوەیان کرد، ئەگەر ئامرازەکانی سەردانە کوتوپڕەکان بۆ ناوچەکە دەستەبەر نەکرێ، چونکە ئەوان لە راستیدا توانییان سەردانی زۆربەی مەڵبەندە زۆر گرنگەکان بکەن.

هەر زوو لە سەردانەکانی لیژنەکەدا ئەوە دەرکەوت، کە لەوانەیە ئەندامانی ئەو لیژنەیە داوا بکەن، کە پەیوەندییەکانی بریتانیا بە شێوەیەك لە شێوەکان درێژ بکرێتەوە. لە کۆتایی مانگی شوباتدا دۆبس نامەیەکی بۆ وەزارەتی موستەعمەرات نووسی، ئەو پێی وابوو کە ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق، بە مەرجێ ئەگەر بکرێت

هەواڵنامەی کتێب

سایەیی بریتانیا لەسەر ناوچەکە، تا کۆتایی ماوەی دیاریکراوی دەستوور درێژ بکرێتەوە، بە واتایەکی تر، تا کۆتایی ئەو چوار ساڵە مەرجدارەی بۆ ئاشتی لەگەڵ تورکیادا دیاری کراوە.

بە هەرحاڵ، بەردەوامبوونی ئەندامان لە سەردان و چاوپێکەوتنەکانیاندا، وای لە بەرپرسانی سیاسیی ناخۆ کردووە، تا لە شکستی ئیدارە و بێ هیوایی چاکسازی سکاڵا بکەن. راستی ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کە لە سەرەتای ١٩٢٥دا ئاسانترین بەشی چوونە ناو ویلایەتی موسڵەوە لە ژێر چاودێری راستەوخۆ و کارای حکومەتدا بۆ ماوەی شەش ساڵ کارگێڕی و کارگوزاریی تەواو تا رادەیەك دادەمەزرێت.

شەش ساڵ مانەوەی ویلایەتی موسڵ لەژێر کۆنترۆڵی ئینگلیز- عێراقدا هەلی ئەوە دەڕەخسێنێ، کە جارێکی تر داگیرکردنی لە لایەن تورکیاوە کارێکی مەحاڵ بێت و بەگشتی پێشوازی لێنەکرێت.

لە سەرو ئەوەشەوە، لیژنەکە وای دانابوو، بۆ خۆشگوزەرانی دانیشتوانە کەمە مەسیحیەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی کوردەکانیش لە عێراقدا، دەبێ ئەوان بە بەراود لەگەڵ ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکیدا باشتر خزمەت بکرێن.

دیاریکردنی هەڵوێستی ئەو لیژنەیەی، کە پەیوەندە بە بەرهەمهێنانی بیرە نەوتەکانی موسڵەوە ئاسان نییە، چونکە لە راستیدا مافی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ کۆمپانیای تورکیایە و ئەو بڕیارە لە دوا کۆبوونەوەی لیژنەکە لە وەزارەتدا مۆر کراوە. لیژنەکە لە ١٧/تەموزی/١٩٢٥دا راپۆرتێکی تەواوی پێشکەش بە کۆمەڵەکە کرد و زیاتریش لەسەر ئەو رێڕەوە بوو، کە دۆبس پێشبینی کردبوو. ئەو وایدانابوو، کە موسڵ بەشێك بێت لە عێراق و بابەتی درێژەپێدانی پەیوەندییەکان بێت لەگەڵ بریتانیادا، هەروەها بابەتی پاراستن و مانەوەی تاکی کورد بێت لە ناوچەکەدا، لە کاروبارەکانی، وەك فەرمانبەری کارگێڕی و پەروەردە و زمان.

حکومەتی بریتانیا لیژنەی کۆمەڵەی گەلانی بانگهێشت کرد تا پەیمانێکی نوێ لەگەڵ عێراقدا ببەستێت، کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بەردەوام بێت و لەسەر ئەو دەستورە ئیلزامییەی، کە بە پەیمانی هاوپەیمانێتیی نێوان بریتانیای مەزن و عێراق دەناسرێت و لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە پرۆژەکەی دیاری کراوە.

له ٢٧/ئەیلول/١٩٢٤دا لیژنەکە ئەوەی سەلماند، کە عێراق بە لایەنی کەمەوە تا پێش کۆتایی ئەو ماوەیە، بە پەیوەستی لەگەڵ بەندی یەکەمی کۆبوونەوەکە، دانی پیانراوە، کە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بێت.

حکومەتی بریتانیا وەك هێزێکی پێویست و زۆرەکی بانگکراوە تا باری سەرنج و بۆچوونی خۆیان بە ئەنجومەنی کارگێڕی پێشکەش بکەن بۆ پاراستنی کوردەکان، کە لە لیژنەی لێکۆڵینەوەکەدا باسکراوەو تایبەتە بە کارگێڕی ناوخۆوە، ئیدی لە بڕیاری کۆتاییدا ئامۆژگاری لیژنەکە لەو روەوە کراوە.

هەرچەندە لە پەسەند کردنی ناوەڕۆکی راپۆرتەکە هەندێك دواکەوتن، سیاسەتمەدارانی تورکیش لەوەدا سەرکەوتوو بوون، کە کێشەکەیان بۆ دوا بڕیار گەیاندە دادگای هەمیشەیی بۆ دادوەریی نێو نەتەوەیی لە هاوای.

بە هەرحاڵ راپۆرتی لیژنەکە نابێ هەروا ئاوەژوو بکرێتەوە، ئەوە بوو لە ١٨/تەموزی/١٩٢٦دا لەلایەن هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە پەسەندکرا.

لەگەڵ ئەوەی، کە ماوەی دەست بەسەراگرتنەکە وەك پێویست درێژ کرایەوە، پەیمانی بریتانیا- عێراقی لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٢٦، کە بە ئامۆژگاریی کۆمەڵەی گەلان بەرجەستە کرابوو، بێ ئەوەی بەرپەرچییەکی راستەوخۆ لەناوەندی سیاسەتی عێراقدا هەبێت، جگە لەو کۆمەڵ و گروپانەی لە کەرکوك و موسڵ و سلێمانی، کە پشتیوانیان لە تورکیا دەکرد.

لە راپۆرتە هاوچەرخەکەی رای گشتی بەغدادا، بە ئاشکرا تێبینی ئەو قایلبوونە ناچارییە دەکرا. پەیمانەکە لە بەرژەوەندی کێ بوو. هەرچۆنێ بێت، پەیمانەکە تەنیا بۆ مەبەستی مانەوەی ویلایەتی موسڵ نەبوو، بەڵکو پێویستیەکی کردەیش بوو بۆ سەربەخۆیی عێراق و مەلیکەکەی.

لە هۆڵی کۆبوونەوەکەدا، لە ١٨/کانونی دەووم/١٩٢٦ بەکۆمەڵ بڕیار درا. کۆی دەنگدەران ٥٨ ئەندام بوو، ١٩ ئەندامیش لە بەرژەوەندی یاسین ئەلهاشمی و لایەنگرانی لە پارتی گەل دەنگیان نەدا. ئیدی لە شاری حلەوە پروپاگەندەیەك بلاو بۆوە، کە گوایە ئەوە کردەی بریتانیاییەکانە تا دوور بن لە رەخنەی ناحەزانیان، ئەگەرنا ئەوە خۆی دروستکراوە و چاوبەستە. جگە لە بەڵێندان لەبارەی کوردستان، کە لە وتارە سەرنج راکێشەرەکەی عەبدلموحسین ئەلسەعدونی سەرەك وەزیران، لە ٢١/کانونی دووەمدا

دوپات کرایەوە، پەیمانە نوێکە ئەوەی دەگرتەوە، کە هەر چوار ساڵ جارێ چاو بە پەیمانی بریتانیا- عێراقیدا، کە لە تشرینی یەکەمی ۱۹۲۲دا بەستراوە، بخشێندرێتەوە.

حکومەتی پاشایی بریتانیا فەرمانی ئەوە دەدات، کە یان دەبێ عێراق بچێتە ناو کۆمەڵەی گەلانەوە، یان ئەگەر ئەوە نەکرا، بڕیار بدرێ لە بەهاری ۱۹۲۷دا چاو بە ڕێکەوتنە سەربازی و داراییەکاندا بخشێنرێتەوە، کە هاوپێچی پەیمانی ۱۹۲۳کراوە. شایانی باسە، کە پەیمانی ۱۹۲٦ لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی سنوور ناکۆك نەبوو، هەروەها بە شێوەیەکی یەکسان هەردوو دۆکیومێنتەکان ئەوەیان لەخۆ گرتووە، کە ئینتیداب بۆ ۲۵ ساڵ بەردەوام دەبێت، بە هەمان شێوە ئەو بەندانەیان لەخۆگرتووە، کە باس لە قبووڵکردنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلاندا دەکات پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیە. بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی مەلیك فەیسەڵ و سیاسەتی بەغدا توانیان لەو مەرجانە خۆیان دەرباز بکەن، ئەویش لەو ڕێگەیەوە کە عێراق بەرەو کۆمەڵەی گەلان بەرن.

هەواڵنامەی کتێب

# داهاتووی
# ویلایەتی موسڵ لە سەدەی بیستویەکەمدا

هێرش عەبدوڵڵا

کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەو کێشەیە بوو، کە لە نێوان نەتەوەکانی کورد و تورك و عەرەبی پاشماوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، لە ساڵی ١٩١٨دا دەستی پێکرد و بریتانیاش وەك نەخشەکێشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لەدوای جەنگ خۆی کردە لایەنی سەرەکی کێشەکە، دواتر بە پێی ڕێکەوتننامەی لۆزان ساڵی ١٩٢٣، کۆمەڵەی گەلان کرا بە دادوەر لە نێوان تورکیا لە لایەکو بریتانیاو عێراقیش لە لایەکی تر. کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٤/١٢/٣٠ لیژنەیەکی تایبەتی ناردە ویلایەتەکەو بەپشتبەستن بە ڕاسپاردەی لیژنەکە لە ١٩٢٥/١٢/١٦، کۆمەڵە بڕیاری دا ویلایەتەکە بخرێتە سەر عێراق، تورکیاش بەپێی ڕێکەوتنی لەگەڵ عێراق لە ساڵی ١٩٢٦دا وەك بەشێك لە خاکی عێراق دانی نا بە ویلایەتی موسڵدا.

گرنگی ئەم کێشەیە لەوەدایە، کە تا ئێستاش کێشەیەکی زیندووە و مایەی دووبارە و چەند بارەی سەرهەڵدانەوەی ململانێی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییە.

ئامانجی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە، دیاریکردنی دەستکەوتەکانی کوردە لەم کێشەیەداو ئەو ئیمتیازاتانەیە، کە کورد دەستی کەوتووەو تا چەند کورد لە داهاتوودا دەتوانێت لەسەر بنەمای ئەو ئیمتیازانە پەرە بە کێشە نەتەوایەتییەکەی بدات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر سی تەوەرەدا بەم شێوەی خوارەوە دابەشکراوە:

**تەوەرەی یەکەم:** بڕیارە نێودەوڵەتییەکان.

**تەوەرەی دووەم:** ئەنجامی بڕیارەکان.

**تەوەرەی سێیەم:** کێشەی ویلایەتی موسڵ لە سەدەی بیستو یەکەمدا.

KURDOLOGY

## تەوەرەی یەکەم: بڕیارە نێودەوڵەتییەکان

لەدوای پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەن لە لایەن کۆمەڵەی گەلان بۆ یەکالاکردنەوەی کێشەکە، ئەم لیژنەیە دوای سەردانی ویلایەتەکە چەند ئەنجامێکی خستە بەردەست کۆمەڵەی گەلان، کە کورتەکەی لە دووخاڵدا، لەژێر ناوی پوختەی کۆتایی کۆکردبووەوە:

- پێویستە ناوچەکە بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ لەژێر ئینتدابی کۆمەڵەی گەلاندا بمێنێتەوە.
- پێویستە ڕەچاوی داواکارییەکانی کورد لەبارەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵکەکانیان بکرێت. هەروەها ڕێکخستنی کاروباری دادگاو فێربوون لە قوتابخانەکاندا بگرێتەوەو زمانی کوردیش لەو کاروبارانەدا زمانی فەرمی بێت. لیژنەکە رای وایە ئەگەر چاودێری کۆمەڵەی گەلان لەدوای تێپەربوونی چوارساڵ بەسەر ڕێکەوتنامەی ئەنگلۆ- عێراقی کۆتایی هاتو کوردەکان بەڵێنی ئەوەیان دەست نەکەوت، کە کارگێڕیەکی خۆجێییان هەبێت، ئەوا زۆرینەی خەڵکەکە حوکمی تورکی لە عەرەبی بە باشتر دەزانن.[1]

ئەم پێشنیارە بوو بە بنەمای بڕیاری کۆمەڵەی گەلان، کە لە ١٩/دیسەمبەر/١٩٢٥ بەم شێوەیەی خوارەوە پەسەند کرا:

هێڵی برۆکسل دەبێتە سنووری نێوان تورکیاو عێراق.

- o داوا لە بریتانیا دەکرێت، کە لەماوەی شەش مانگدا ڕێکەوتننامەی ئەنگلۆ- عێراقی بخاتە بەردەست کۆمەڵەی گەلان، کە تیایدا ماوەی ئینتدابی بریتانیا بە بیستوپێنج ساڵ دیاری کرابێت.
- o بریتانیا بەسیفەتی ئەوەی، کە دەوڵەتی ئینتدابە، داوای لێدەکرێت، کە ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕییانەی وەك گەرەنتیەکی پێویست بەرامبەر کورد دەیگرێتەبەر، بیخاتە بەردەستی ئەنجومەن، واتە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بەو شێوەیەی، کە لە لیژنەی سنووری نێودەوڵەتی مەبەستی لیژنەکەیە سەبارەت بە کارگێڕیی خۆجێیەتی

[1] عصبة الامم: مسألة الحدود بين تركيا والعراق. ١٩٢٥.ل١١١.

باسی کردووەو وەك راسپاردەی کۆتایی بڕیاری لەسەر داوە.[2]

o پێویستە بریتانیا راسپاردە تایبەتەکانی لیژنەکە، کە سەبارەت بە ئاسایشو کەمایەتیی ئاینیو کاروباری بازرگانییە، جێبەجێ بکات.[3]

لەم بڕیارەدا دوو مەرجی سەرەکی جەختی لەسەر کراوە، کە یەکەمیان بۆ ئەوەیە ئەگەر عێراق ئەم ویلایەتەی وەرگرت ئەوا پێویستە ئینتدابی بریتانیا بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ بمێنێتەوە. لێرەدا پێویستە پێناسەی ئینتداب بزانین، کە لە ئینسیکلۆپیدیای سیاسیدا بەم شێوەیە پێناسە کراوە بەو پێیەی، کە لە دەقی گەلاڵەنامەی کۆمەڵەی گەلاندا هاتووە بریتییە لەوەی دەوڵەتێك، کە پێی دەوترێت دەوڵەتی ئینتداب، رابسپێریت تا یارمەتی دەوڵەتە لاوازو دواکەوتووەکان بدات بۆ ئەوەی لەسەر پێی خۆیان راوەستنو لەسەر فەرمانڕەوایەتیی راستەقینە راهێنانیان پێبکەن تا توانای ئەوەیان هەبێت سەربەخۆیی وەرگرنو خۆیان حوکمی خۆیان بکەن.[٤]

بەو واتایە بریتانیا پێویستەو دەبێت پابەند بێت، کە بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە تا ناوچەکە لەسەرجەم لایەنی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیریی سیاسییەوە ببووژێنێتەوە. ئەم پابەندیەش بەپێی ئەو رێکەوتنەی، کە بڕیارە لە نێوان بریتانیاو عێراقدا ئەنجام بدرێت و سیفەتێکی بەردەوامیو داهاتوویی دەبێتو پێویستە عێراقیش پێوەی پابەند بێت.[٥] دانانی مەرجی بیستوپێنج ساڵی ئینتدابی بریتانیا لە ویلایەتی موسڵو عێراق بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە لیژنەکە بە راشکاوی لە بڕگەی ج دەرئەنجامەکان بە ناوی خواستی خەڵك ئەوەی خستبووە روو، کە " هەڵوێستی زۆرینەی خەڵك بە خۆشحاڵیەوە بۆ سودمەندبوون لە هاریکاریی راستەقینەی ئینتدابو ئیعتیبارە ئابوورییەکان، زۆر زیاتر بوو لە هەستکردن بە چونەپاڵی دەوڵەتێکی

[٢] عبدالرزاق الحسنی: عراق فی ظل المعاهدات، الطبعة الثامنة، دار الكتب، بيروت،١٩٨٣،ل١٥٤-١٥٥.

[٣] فاضل حسين: مشكلة موصل، مطبعة اسعد، بغداد،١٩٦٧، ل١٧٧٣-١٧٤

[٤] عبدالوهاب الكيالي: الموسوعة السياسية، الفصل الاول، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للتوزيع والنشر، بيروت،ل٤٢٣.

[٥] هنرى فوستر: نشاة العراق الحديث، ترجمة: سليم طه التكريتى، الفصل الثانى، الفجر للتوزيع والنشر، بغداد، ١٩٨٩.

عەرەبی"[٦]، ئەمەش نارەزایی خەڵك بەرامبەر بە زاڵبوونی دەسەڵاتی عەرەبی یان تورکی لە ویلایەتەکە دەگەیەنێتو هاوکات لایەنگرییان بۆ ئینتداب دەردەخات.

خاڵی دووەم، کە جەختی لەسەر کراوەتەوە کارگێریی خۆجێییە (الادارە المحلیە) Local Administration بۆ کوردەکان، کە لیژنەکە لە لایەكو هەروەها بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لەلایەکی تر جەختی لەسەر کردۆتەوە.

ئەم بڕیارە لەیەکەم کاردانەوەیدا بوو بەهۆی بەستنی ڕێکەوتنامەی ئەنگلۆ عێراقی ساڵی ١٩٢٦، بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە، وەك لە دیباچەکیدا هاتووە، هەردوو دەوڵەتی بریتانیاو عێراق" بەتەواوەتی مەرجەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان جێبەجی دەکەن"[٧]

ئەم ڕێکەوتنە مەرجێکی بریتانیا بوو بۆ عێراق، کە یان بەو ڕێکەوتنە ئامادەکراوەی بریتانیا رازی بن یان بریتانیا دەستبەرداری موسڵ بۆ تورکیا دەبێت.[٨] پێشتریش عێراق زۆر بەراشکاوی لە کۆتایی گفتوگۆکانی لەبارەی ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٢٣ ئەوەی بە بریتانیا ڕاگەیاندبوو، کە ڕێکەوتنەکە "ڕەت دەبێتەوەو کاری پێناکرێت گەر بریتانیا پارێزگاری لە مافی عێراق لە تەواوی ویلایەتی موسڵ نەکات"[٩] لێرەوە ویلایەتی موسڵ چەندە مەرجێکی بریتانیا بوو بەسەر عێراقەوە بەهەمان شێوە مەرجێکی سەرەکی عێراق بوو بۆ بەستنەوەی عێراق بە بریتانیاوە لەڕێی ڕێکەوتنامەیەکەوە. بۆیە ویلایەتی موسڵ خاڵی بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی نێوان عێراقو بریتانیا بوو.

دواتر لەهەمان ساڵدا تورکیاو عێراق ڕێکەوتنیان مۆرکرد بەو پێیە عێراق بەهۆی یەکلاییکردنەوەی کێشەی موسڵەوە سنووری خۆی دیاری کرد. ئەم سنوور دیاریکردنە گرفتێکی گەورە بوو لەبەردەم بەدەستهێنانی سەربەخۆیی عێراق، چونکە

---

[٦] عصبة الامم: مسألة الحدود بین ترکیا والعراق.ل١١١.

[٧] احمد رفیق: العلاقات السیاسیة بین العراق و بریطانیا، ١٩٢٢-١٩٣٢،دار الطلیعة، بغداد، ١٩٨٠،ل٢٠٧.

[٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل١٠٣.

[٩] فاروق صالح عمر: المعاهدات بین العراق و بریطانیا واثرها علی السیاسة الداخلیة، بغداد، ١٩٧٧،ل١٤١-١٤٢.

بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان ئەو دەوڵەتانەی دەبوونە ئەندامی کۆمەڵە دەبوو خاوەنی سنوورێکی دیاری کراو بن. هاوکات بریتانیا لەم ڕێکەوتنەی، کە وەك دەوڵەتی ئینتداب لە عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ لەگەڵ تورکیا گرێی دا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ڕەنگرێژکردنی ناوچەکە بوو بە شێوەیەك، کە هەرێمەکە بە دەوڵەتی تورکیاشەوە لە نفوزی سۆڤیەت دوورخاتەوەو بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بۆیە هەموو زەمانەتێکی دا بە تورکیا، کە وەك فەرمانبەرێکی بریتانیا بە تورکەکانی وتبوو" ئێمە نامانەوێت لە نزیك سنوورەکانی ئێمە و لە خاکەکەماندا هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی (ئۆتۆنۆمی) بدەینە کورد، ئەوەی ئێمە کردوومانە، لە بەکارهێنانی زمانەکەیانو دامەزراندنی فەرمانبەری کورد تێپەڕ ناکات". [١٠]

بەواتایەکی تر لایەنی تورکیو عێراقیو بریتانیا کۆك بوون لەسەر ئەوەی، کە مافی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتیی تەسك بکرێتەوەو لە سنووری دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە دامودەزگا کارگێرییەکانو بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا قەتیس بکرێت، ئەمەش لەڕاپۆرتی مەندوبی سامی بریتانیا بۆ کۆمەڵەی گەلان پێداگری لەسەر کرابوو، کە لە ڕێکەوتی ٢/مارت/١٩٢٦ و لە حەڤدە خاڵدا کورتی کردبووەوە. گەورەترین گرەنتیەکیش، کە درابێت بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە بارەی پێشێل نەکردنی خواستەکانی کورد لە ئێستاو داهاتوودا، وتەی سەرۆك وەزیرانی عێراقە، کە وتوویەتی ...پێویستە کوردەکان مافی خۆیان پێبدرێتو هەروەها مەندوبی سامی بریتانیا کە دەڵی کوردەکان نابێت هەوڵیان لەگەڵدا بدرێت بۆ ئەوەی ببن بە عەرەبێکی باش، بەڵکو دەبێت هەموو هۆکارە خۆشگوزەرانییەکانیان بۆ بەدی بێت بۆ ئەوەی ببن بە کوردێکی باش، ئەمە یەکگرتوویی دەوڵەتە، پێشکەوتنیشی بە لەناوبردنی دابوونەریتە تایبەتیەکان نابێت، بەڵکو بە هاندان دەبێت بۆ دەستپێوەگرتنی. دواجار

---

[١٠] بیار مصطفی سیف الدین: السیاسة البریطانیة تجاه ترکیا واثرها علی کوردستان، ١٩٢٣-١٩٢٦، سپرێز، دهۆك،٢٠٠٤، ت٣١١

وتەی مەلیك فەیسەڵە، کە دەڵێت: ئەرکی هەموو عێراقییەکە، کە هانی برا کوردەکەی بدات، کە دەستبگرێت بە ناسنامەکەیەوە[١١]

لە بەرامبەر پلانە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکاندا، کورد هیوایەکی زۆری بە بڕیاری کۆمەڵەی گەلانی ساڵی ١٩٢٥ هەبوو، هەر بۆیە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٠ بەردەوام داوای پابەندیان لە عێراقو بریتانیا دەکرد سەبارەت بەو مەرجانەی، کە کۆمەڵەی گەلان بۆی دانا بوون، گرنگترینیان داوای چەند ئەندام پەرلەمانێکی کورد بوو لە ساڵی ١٩٢٩دا بۆ پێکهێنانی یەکەیەکی کارگێری لە کەرکوكو سلێمانیو هەولێر، کە لە لایەن کەسێکی کوردەوە بەڕێوە ببریت.[١٢] بەڵام کاتێك گوێبیستی ڕێکەوتنی٣٠/یۆنیۆ/١٩٣٠ بریتانیا- عێراقی بوون، تووشی شۆك هاتن، چونکە بەو پێیە بریتانیا دەسبەرداری ئینتداب لە عێراقدا دەبێتو عێراقیش دوای دووساڵ سەربەخۆیی تەواوەتی وەردەگرێتو دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان بەبێ ئەوەی بە مەرجەکانی کۆمەڵەی گەلان پابەند بێت، هاوکات عێراقو بریتانیا وایان لە کۆمەڵە گەیاند، کە لە ماوەی ١٩٢٦-١٩٣٠ کوردەکان تەواوی مافی خۆیان لە عێراقدا دەستگیر بووەو ئەو بووژاندنەوەی، کە وا بڕیار بوو ئینتداب لە ماوەی بیستو پێنج ساڵ بیکات، لە ماوەی چوار ساڵدا جێبەجی بووە. ئەمە وایکرد، کە کورد بکەونە خۆو راپۆرت بۆ کۆمەڵەی گەلان بەرز بکەنەوە، دواتریش لە ساڵی ١٩٣٠دا لە سلێمانی پەنایان بۆ راپەرینی ٦/ئەیلول برد. هەر بۆ ئەم مەبەستەو وەك سڵکردنەوەیەکی بریتانیا، مەندوبی سامی بریتانیا لە نووسراوێکدا بۆ کۆمەڵەی گەلان لە ١٣/ئۆکتۆبەر/١٩٣٠ ئەوەی خستە روو، کە کۆمەڵەی گەلان پێویستە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی رەت بکاتەوە، چونکە کورد ئەزمونی خۆبەرێوەبردنیان نییە. راستییەکەی ئەمە پێچەوانەی بڕیاری ئینتداب بوو، کە پێویست بوو هێزی ئینتداب ئەو ناوچەیە فێری ئەزمونی خۆبەرێوەبردن بکات، هەروەها مەندوبی سامی خاڵێکی تری باس کرد، کە کورد بە هەڵە لە بڕیاری ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلان گەیشتوونو بەو

---

[١١] عبدالرزاق الحسنی: تاریخ العراق السیاسي الحدیث، الفصل الثانی، مطبعة عرفان، لبنان، ١٩٥٧، ل١٣١-١٣٢.

[١٢] عثمان علی: دراسات فی الحرکة الکردیة المعاصرة،١٨٣٣-١٩٤٦، تەفسیر، أربیل، ٢٠٠٣، ل٥٣٠.

هیوایەن، کە لەسەر بنەمای بڕیارەکە دەوڵەتی کوردیان بۆ دادەمەزرێنرێت، لەبەر ئەوە هۆشداری دا، ئەگەر ئەو بیرە راست نەکرێتەوە ئەوا نارەزایی خوێناوی لە باکووری عێراقدا بەردەوام دەبێت. ئەمە وایکرد، کە کۆمەڵەی گەلان لەژێر رۆشنایی روونکردنەوەی بریتانیا ئەم بڕیارەی خوارەوە بدات:

١. رەتکردنەوەی داخوازی سەرکردە کوردەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان.

٢. داوا لە هێزی ئینتداب دەکرێت، کە جەخت لەسەر رێ وشوێنە یاساییو کارگێرییەکان، کە بۆ کورد دیاریکراون، بکاتەوەو بە خێراییو بە شێوەیەکی گونجاو جیبەجێی بکات.

٣. چاوخشاندنەوەو هەڵسەنگاندنی توانای ئەو رێوشوێنانە بکرێتەوە، کە زامنی باشکردنی بارو گوزەرانی کورد دەکەن، لە بارێکدا ئەگەر عێراق رزگاریی لە ئینتدابی بریتانیا بەدەست هێنا.[13]

لە رۆژی ١٩/ئایار/١٩٣٢ لیژنەیەك بۆ کۆتاییهێنان بە ئینتدابی بریتانیا لە عێراق پێکهات، ئەم لیژنەیە پێنج مەرجو حەوت گەرەنتی لە عێراق داوا کردبوو، کە خاڵی یەکەمی گەرەنتییەکان تایبەت بوو بە پارێزگارییکردنی کەمایەتیی رەگەزیو زمانو ئاینی،[١٤] ئەوە بوو لە ٥/ئایار/١٩٣٢دا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دوو یادداشت وەڵامی فەرمی کۆمەڵەی گەلانی دایەوە، کە یەکەمیان تایبەت بوو بە گەرەنتییەکانو دووەمیان تایبەت بوو بە ئیمتیازاتە نێودەوڵەتییەکان. لەسەر بنەمای ئەم یادداشتە لە ٣/ئۆکتۆبەر/١٩٣٢عێراق بوو بە ئەندام لە کۆمەڵەی گەلان و سەربەخۆیی وەرگرت.

یادداشتی یەکەم لە ١٠ مادە پێکهاتبوو. مادەی یەکەم دەڵێت:

مەرجە دیاریکراوەکانی ناو ئەم بەشە وەك یاسا بنەرەتیەکانی عێراق دانی پێدادەنرێتو نابێت هیچ یاساو سیستەمو کارێکی فەرمی دژ یان بەرامبەر ئەم مەرجانە بووەستێتەوە، هەروەك نابێت هیچ یاساو سیستەمو کارێکی فەرمی نە لە ئێستاو نە لە داهاتوودا پێشێلی بکات. لە مادەی چوارەم و پێنجەمدا هاتووە، کە عێراقیەکان بەبێ

---

[١٣] عثمان علی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥٧.

[١٤] فاروق صالح عمر: سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٦.

جیاوازی رەگەزو زمانو ئاین لەبەردەم یاسادا یەکسانن‌و بەبێ سانسۆر هەموو مافێکی مەدەنی‌و سیاسییان هەیە. لە مادەی هەشتەم لە برگەی دووەمدا هاتووە، لەو ناوچانەی، کە بەشێکی گەورەیان سەر بەکەمایەتیی رەگەزی‌و ئاینی‌و زمانین، بەشێکی دادپەروەرانەیان لە دارایی گشتی هەیە. لەمادەی نۆیەم برگەی یەکەمدا هاتووە، لەو قەزایانەی سەر بە لیواکانی موسڵ‌و هەولێرو کەرکوك‌و سلێمانین‌و زۆرینەیان کوردن، پێویستە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا زمانی فەرمی بێت. لە کەرکوکیشدا بۆ تورکمانەکان زمانی تورکی بەکار بێت. هەروەها لە برگەی دووەمدا هاتووە، کە فەرمانبەری ئەو قەزایانە پێویستە خەڵکی ناوچەکە بن‌و بەڵام پێویستە پێوەری لێهاتوویی زمان بێت، نەك رەگەز. لە مادەی دەیەمدا هاتووە، مادەکانی ئەم یادداشتە، کە سەبارەت بە کەمایەتییەکانن، وەك پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دادەنرێت‌و کۆمەڵەی گەلان زامنی جێبەجێکردنی ئەو مادانەیە.[١٥] هەموو ئەم یادداشتەش بوو بە یاسایەك بەناوی (القانون الأساسي) - قانون اللغات المحلیه.

## تەوەرەی دووەم: ئەنجامی بڕیارەکان

کورد لە بەرئەنجامی راپۆرتی لیژنەکە لە عێراقدا چەند مافێك‌و چەند گرەنتیەکی یاسایی دەستکەوت بەدوور لەوەی، کە ئاخۆ جێبەجی کراون یان نا، کە بەکورتی ئەمانەن:

- مافی بەرێوەبردنی خۆجێیی وەرگرت، بەپێی راپۆرتی لیژنەکە.
- مافی دیاریکردنی چارەنوسی وەرگرت، کە تیایدا سەرپشك کراوە لە نێوان هەڵبژاردنی عێراق یان تورکیا.
- بەهۆی راپۆرتەکەوە ئەو دەنگەی کورد بە روونی دەرکەوت، کە کورد ئەگەر بە خواستی خۆی بێت ئەوا نە دەسەڵاتی عەرەبی قبووڵە نە دەسەڵاتی تورك بەڵکو ئینتدابی بریتانیای پی پەسەندە.
- ئەم راپۆرتە سنووری ویلایەتی موسڵی دیاریکردووە، کە پێکهاتووە لە موسڵ‌و هەولێرو سلێمانی‌و کەرکوك.

---

[١٥] عبدالرزاق الحسنی: سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٤-٢٦٦.

- ئەم مافانە، کە لیژنەکە بۆ کوردی دیاری کردبوو لە بڕیاری کۆمەڵەی گەلاندا بە تەواوی چەسپاو عێراق لە رێکەوتنامەی ١٩٢٦ لەگەڵ بریتانیا بە تەواوی پابەندی خۆی پێوە دەربڕیو تەواوی ئیلتیزاماتی یاسایی خستە ئەستۆی خۆی.
- هەرچەندە بریتانیاو عێراق لە ئیلتیزاماتی ساڵی ١٩٢٦ خۆیان دزیەوەو ئەوەیان راگەیاند، کە لە ماوەی چوار ساڵدا هەموو ئەو پابەندیەیان بۆ کورد دەستەبەر کردبوو، هەروەها لە رێکەوتنی ساڵی١٩٣٠دا مەسەلەی کوردیان لە کێشەی ویلایەتێکەوە بۆ کێشەی کەمینەی رەگەزیو ئایینیو زمان بچوك کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی لە مەرجو گەرەنتیە نێودەوڵەتییەکان خۆیان بە دوور بگرن، کە بەو پێیە دەبێت کورد مافی زمانو دارایو بەرێوەبردنی فەرمانگەکان لە ویلایەتەکەدا بەدەست بهێنن.
- بەپێی دەقی یادداشتنامەکانی عێراق، کە خستویەتیە بەردەست کۆمەڵەی گەلان، کورد لە پارێزگاکانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوك زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.
- عێراق بەپێی مادەی یەکەمو دەیەمی یادداشتەکە، کە دواتر بوو بە دەستوور، پابەندییەکی نیودەوڵەتیی بۆ ئەوکاتەو بۆ داهاتوی عێراق دەربڕیوە، کە پێویستە مافی کولتوورو زمانو دارایی کوردەکان بە شێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی بپارێزێت.

سەرباری ئەوەی کوردستانی باشوور لە سایەی رژێمی پاشایەتی عێراقدا ١٩٢١-١٩٥٨، سەرجەم ئەو مافانەی، کە بریارە نێودەوڵەتیەکان بۆی دیاری کردبوو چنگی نەکەوتو حکومەتی پاشایەتی بە بەهانەی جۆراوجۆر خۆی لێخافڵکرد، دواتریش لە سەردەمی کۆماری ١٩٥٨- ٢٠٠٣ کوردەکان بەرەوڕووی چەندین شێوەی ستەمو زۆرداری بوونەوە، کە لە پێشێلکاری مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەیەك تا پاکتاوی رەگەزیی گرتەوە، وێڕای هەموو ئەمانە، ئەو بڕیارانەی پێشوو گەلێك سوودو قازانجی بۆ کورد لێکەوتەوە، لەوانە:

١. کوردی باشووری کوردستان بە سودوەرگرتن لە بریاری ساڵی ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلانو هەروەها دەقی یادداشتەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٣٢، توانیویەتی، بە بەراورد لەگەڵ کوردی پارچەکانی تری کوردستاندا، لە سنووری دەوڵەتی عێراقدا، گەشەکردنێکی بەرچاو لەسەر ئاستی رۆشنبیری بەخۆیەوە ببینێت.

٢. ئەو بریارانە زەمینەیەکی لە باری بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە باشووری کوردستان رەخساندووە، کە بە هۆیەوە ئەم بزووتنەوەیە چ لە کاتی شەرو چ لە دانوستانەکانی لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق، ئەو بریارانەی کردۆتە بنەمایەك بۆ شەرعیەت پێدان بە داواکاریە رەواکانی.

٣. لە رێگای گەشەکردنی رۆشنبیریو خەباتی سیاسیو چەکدارییەوە، کوردەکان توانیویانە لە ناو عێراقدا چەند مافێك بەدەست بهێنن، کە گرنگترینیان مافی هاوبەش بوونی کوردە لەگەڵ عەرەب لە چوارچێوەی نیشتمانی عێراق بەپێی دەستوری ساڵی١٩٥٨، هەروەها بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠.

٤. حکومەتی عێراق دوای ئەوەی هەموو رێوشوێنێکی بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد گرتە بەر، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٨٨، چیتر کورد متمانەی بەو دەوڵەتە نەما، کە تیایدا پارێزگاری لە مافە نەتەوەییەکانی بکات، هەر بۆیە بە سودوەرگرتن لە گۆرانکارییە نێودەوڵەتییەکان، دەسەلات لە هەر سێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆك دەگرێتە دەستو پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی دوانزە ساڵ ١٩٩١-٢٠٠٣و بە دوور لە دەوڵەتی عێراق، بەرێوە دەبات.

٥. دواجار کورد لە ساڵی٢٠٠٣ بۆ یەکەم جارو بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بەشداریەکی سەرەکی لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ دەکات.

## تەوەرەی سێیەم: کێشەی ویلایەتی موسڵ لە سەدەی بیستویەکەمدا

ئەم ویلایەتە تا ئێستاش خاڵی ململانێیە لە نێوان تورکیاو عێراقدا، لە کاتێکدا عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ بە رەزامەندی تورکیاو بە رێکەوتنێکی نێودەوڵەتی ئەم ویلایەتەی وەرگرتووە. بەڵام تورکیا تا ئێستاش بە تەواوی دەستبەرداری نەبووە، ئەمەش لە وتەی سەرەك کۆمارەکانیاندا بەدیار دەکەوێت. کەمال ئەتاتورك ١٩٢٣-١٩٣٨ لەدوای رێکەوتنەکە دەڵێت، لەوانەیە چاوەرێی کات بین تا بەهێز دەبینو دەستی بەسەردا دەگرینەوە، مەبەستی ویلایەتی موسڵە. هەروەها سلێمان دیمیرێل ١٩٩٣-٢٠٠٠ زۆر بە راشکاوی رایگەیاند، کە تا ئیستاش ویلایەتی موسڵ بەشێکە لە

تورکیا. تورگۆت ئۆزالیش ١٩٨٧-١٩٩٣ لە کاتی دووەم شەری کەنداودا ١٩٩٠-١٩٩١ پلانێکی گەلاڵە کرد بۆ داگیرکردنی ویلایەتەکە.[١٦]

ئەگەر زۆرینەی خەڵکی ئەم ویلایەتە لە سەدەی بیستەمدا بەهۆی لاوازی خۆیەوە بووبێت یان بەهێزی پیلانە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان، نەیتوانیوە داکۆکی لە مافەکانی خۆی بکات، بەڵام لە سەدەی بیستو یەکەمدا کورد چ لە ئاستی ناوخۆی ویلایەتەکەو چ لە ئاستی عێراقو ناوچەکە و جیهاندا ئەو نەتەوەیەن، کە دەتوانن راوبۆچونی خۆیان دەربڕنو خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن.

لەلایەکی ترەوە کورد دەبێت ئەو باسە بخاتە بەردەم عێراقو هێزی داگیرکەر، کە دەوڵەتی عێراق دوای ئەو بەڵێنانەی، کە لە ساڵی ١٩٣٢ لە مادەکانی پێنجەمو حەوتەمو دەیەم داویەتی، ئایا تا چەند پابەندیان بووە. لێرەشدا دوو بەڵگە بەدەست کوردەوەیە:

بەڵگەی یەکەم: بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٩١، کە تیایدا هاتووە، عێراق ناوچە کوردنشینەکان سەرکوت دەکاتەوەو هەڕەشەی بۆ سەر ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستکردووە.[١٧]

بەڵگەی دووەم: بڕیاری ژمارە ٢٦/ ساڵی ٢٠٠٨ی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق، کە بە پشتبەستن بە بڕیاری پەرلەمانی عێراقی لە ١٤/نیسان/٢٠٠٨ بڕیاری داوە، کە کردەوەکانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٨٨دا بەرامبەر بە کوردەکان بە کۆمەڵکوژی دادەنێت.[١٨]

لە بەڵگەی یەکەمدا، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری لەسەر دراوەو جێگرەوەی کۆمەڵەی گەلانە، سەلمێنراوە، کە ناوچە کوردنشینەکان سەرکوت دەکرێن لە کاتێکدا عێراق گرەنتی داوەتە کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٣٢، کە زامنی مافەکانی کورد بکات، لە بەڵگەی دوەمدا حکومەتی عێراق بەفەرمی دان بەوەدا دەنێت، کە

---

[١٦] هێرش عەبدولا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤٥.

[17] www.uninfo.state.gov\arabic\iraq\freedom\index.htm. Freedom 1991 - 2002
الأمم المتحدة. تسلسل زمني لأحداث العراق:

[١٨] سایتی سەرۆکایەتیی کۆمار

دەوڵەتی عێراق تاوانی جینۆسایدی بەرامبەری گەلی کورد ئەنجام داوە.، کە ئەمە پێچەوانەی وتەی مەندوبی سامی بریتانیایە، کە لە ساڵی ١٩٣٢ وەك زەمانەتێك داویەتی بە کۆمەڵەی گەلان، کە کورد پێویستە لە عێراقدا پاکتاو نەکرێتو کولتوورو تایبەتمەندییان پارێزراو بێت. ئێستا عێراق مێژووی ساڵانی بیستەکانی سەدەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە، کە لە ململانێدایە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆی، چونکە بە پێی بەشی حەوتەمی گەڵاڵەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان عێراق لەژێر سپاردەی نێودەوڵەتیدایە، هەنوکە عێراق لە دانوستاندایە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بگەنە رێکەوتنێك، کە بە هۆیەوە عێراق لەژێر باری بەشی حەوتەم دەربچێتو جارێکی تر سەربەخۆیی وەربگرێتەوە. لەم سۆنگەیەوە کورد بە هەمان شێوە دەچێتەوە بەردەم پرسێکی نوی، کە کاریگەری درێژخایەنی لەسەر دۆزەکەی دەبێت. لێرەدا گرنگە کورد پێ لەسەر مەرجەکانی ساڵی ١٩٢٥ی راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان دابگرێت، ئەوە وەبیر هێزی داگیرکەرو عێراقی نوی بهێنێتەوە، کە کورد لەوکاتەدا تواناو سەنگی نەبووەو دەنگی نەبیستراوە، بەڵام لە ئێستادا کەناڵەکانی گەیاندنو راگەیاندن لەبەردەستان و کوردیش لە عێراقدا سەنگی مەحەکی هاوکێشەکانە، بۆیە دەتوانێت دەوڵەتی عێراق، کە ئێستا دەیەوێت سەربەخۆیی بەدەست بهێنێتەوە، بخاتە بەردەم ئەو پرسیارەی، کە ئایا گرەنتی چییە، کە دەوڵەتی عێراقی لە ئێستاو لە داهاتودا جارێکی تر پەیمانەکانی ناشکێنێو مافەکانی کورد پێشێل ناکات؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن، کە تەنها وەڵامەکەی بەوە دەبێت، کە چۆن لە دەستووری نوێی عێراقیدا پابەند بوون بەو دەستوورە، کراوەتە گرەنتی بۆ ئەوەی کوردەکان یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزن، بەهەمان شێوە لە دەقی رێکەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی و لەمیانەی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی عێراقدا پێویستە کورد بە گرەنتیەکانی هاوشێوەی ١٩٣٢ رازی نەبێتو کۆمەڵێك مەرجی ئاشکراو روون دیاری بکات بە پشتبەستن بە راپۆرتی ١٩٢٥ی کۆمەڵەی گەلان، کە تایبەتمەندیی خۆبەرێوە بردنو مافی داراییو کولتووری بۆ کورد تیایدا دەستەبەر کراوە، دیاری بکات. خۆ ئەگەر پێچەوانکەی بوو ئەوا کورد بەپشتبەستن بە دەستوری ئێستاو راپۆرتی کۆمەڵەی گەلان توانای هەڵبژاردنی تری هەیە.

# پرسی ئاسووری لە کوردستان

## پەیوەندیی ئاسووری- کوردی
## لە دەوروبەری جەنگی جیهانیی یەکەمدا

نووسینی: د. ئارام عەلی

وڵاتانی ئەورووپی، بەتایبەتی ئەڵمانیا و بریتانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دەیان ویست پێگەی خۆیان لە ناوچەکە و بەتایبەتیش لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەهێز بکەن، هەربۆیە هەوڵیان دەدا لەناو کوردستانیشدا کاربکەن و شوێنپێی خۆیان توند بکەن. بۆ ئەم مەبەستە دیپلۆمات، ئاژان* و مژدەبەخش میسیۆنێرەکانی سەر بەم وڵاتانە، بەتایبەت لە ساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهاندا زۆر چالاکانە لەناو کورد و نەتەوە ناموسڵمانەکانی کوردستاندا کاریان دەکرد. ئینگلیزەکانیش، بە هەمان شێوە هەوڵیان دەدا کەڵك لە فاکتەری ئاینی و نەتەوەیی وەربگرن. بەڵام ئینگلیزەکان، بەتایبەتی لە ساڵانی پێش جەنگدا، زۆرتر بایەخیان بە ئاسوورییەکان دەدا و هەوڵیان دەدا تا هێژموونیان لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی رامیاری و ئابووری و کولتوورییان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن لە بەدیهێنانی ئامانج و نەخشەکانیاندا بەکاریان بێنن، هەربۆیە بەمەبەستی کارتێکردنی راستەوخۆ لەسەریان

* -ئاژان لە Agent – Agenc ی لاتینیەوە هاتووە: بەو کەسە دەوترێت، بۆ راپەڕاندنی ئەرکێکی تایبەت رادەسپێردرێت، یاخود کەسێك لە بەرژەوەندی کەسێك، لایەنێك یا وڵاتێکی بێگانەدا کاربکات، واتە جاسووس بێت.

هەموو ڕێگەیەکیان دەگرتەبەر، باشترین و ئاسانترین ئامرازیش بۆ ئەم نیازە بەکارهێنانی کارتی ئاینی و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و رامیاریی خۆیان بوو لە ڕێگەی کەسانی ئاینییەوە. یەکێك لەو هەنگاوانە ئەوە بوو، کە میسیۆنێرە فەلەکان لە ئاوایی کوجانس لە هەرێمی هەکاری خوێندنگەی ئاینییان کردەوە، کە راستەوخۆ لەژێر سەرپەرشتی کونسوڵی بریتانی بوو لە وان[1].

لە بەرامبەر ئەم نەخشانەی بریتانییەکان، رووسەکانیش هەنگاویان بۆ راکێشانی ئاسوورییەکان دەنا و کاریان لە ناویاندا دەکرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی رووس لە ئێران دەیانزانی پێش هەموو کارێك لە ناو فەلەکانی ئێران، بەتایبەتی ئاسوورییەکاندا، دەبێ کار بۆ هێمنکردنەوە و پتەوکردنی بارودۆخی رامیاریی ناوخۆی ئێران بکەن و هەندێك هەنگاو هەڵبێنن. رووسەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە بۆ بەرژەوەندی رووسیا دەبێت کۆتایی بە دوژمنایەتیی نێوان کورد و فەلەکان بهێنرێت هەروەها بە مەبەستی رێکخستنەوەی بارودۆخەکە نابێت رووسیا لە نەخشە رامیارییەکانیدا ئاسوورییەکان پێش کورد بخات، چونکە ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت، ئەوا ئاڵۆزبوونی نوێ لە نێوان ئەو گروپانەدا درووست دەبێت.

بەڵام، لەگەڵ ئەم بڕوایەشیاندا، زۆر کار لە بەرژەوەندی ئاسوورییەکان دەکرا و پێش کورد دەخران، بەو پێیەی وایان دادەنا ئاسوورییەکان زوڵملێکراون و دەرەبەگە کوردەکان جوتیارە ئاسوورییەکان دەچەوسێننەوە و گوایە لە کاتی هێرشی لەشکری تورکدا بۆ سەر ناوچەکە، زەوییەکانیان داگیرکردون. هەر بۆیە پێویستیان بە پشتیوانی دەرەکی هەیە، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوەیان دەکرد، کە ئاسانکاری بۆ یەکگرتنەوەی جیۆگرافی ئاسوورییەکانی ئێران و ئیمپراتۆریای عوسمانی بکەن بۆ ئەوەی رێگە لە پەرەسەندنی هێژموونی هەراشبووی ئەڵمانەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێت و خێڵە کوردەکانیش لاواز بکرێن[2].

---

[1] - بزوتنەوەی کورد لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا.کۆمەڵێك نووسەر مۆسکۆ- ١٩٨٧. ل٥٣.

[2] - م.س. لازەرێڤ. کوردستان و کێشەی کوردنەوەدەکانی سەدەی نۆزدە- ساڵی ١٩١٧. مۆسکۆ- ١٩٦٤. ل٢٧٤.

ئاسوورییەکان سەدان ساڵ بوو بە ئاشتی و هێمنی لە هەندێك ناوچەی کوردستان، یاخود نزیك بەم هەرێمە، لەگەڵ کورددا ژیاون. تا سەدەی چواردەیەم بارەگای پەتریارك سەرگەورەی قەشەکان لە بەغدا بوو، بەڵام لە سەدەی پانزەیەمەوە بۆ ئەلقوش لە موسڵ گوازرایەوە. لە سەدەی حەڤدەیەمیشەوە، لەبەر هۆی ئاسایش بۆ ئاوایی کۆچالیس لە قەزای جولەمێرگی سنجاقی هەکاری، ویلایەتی وان، گوازراوەتەوە.

کێشە و ناکۆکی نێوان هەردوو گەلی کورد و ئاسووریی دراوسێ، تەنیا لە سەرەتا و ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم، دوای پەیدابوونی میسیۆنێرە فەلە و ئاژانە ئەورووپییەکان لە کوردستان و ناوچەکەدا دروست بوو. نمونەی روونی ئەمەش ئەو کارە دوژمنکارییانەی لە سەردەمی بەدرخان پاشای میری جزیرەیە، وەك لە جێگایەکی ئەم بەرهەمەدا باس کراوە*، بێگومان، رووسیا وەك وڵاتێکی مەزن هەوڵی دەدا کاریگەری لەناو ئەوان و نەتەوە فەلەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا هەبێت. بەتایبەتیش رووسیا، بەپێی رێکەوتنەکان، وەکو داکۆکیکارو چەتری گەلانی فەلە رەفتاری دەکرد. میسیۆنێرە ئاینییەکانی سەر بە کلێسای ئەرتۆدۆکسی رووسیا، لەگەڵ کەمی ژمارەیاندا، بەڵام سەرکەوتنی زۆریان بەدەست هێنابوو و توانیبوویان لە رێگەی بەڵێنی یارمەتی مەتریاڵی و رامیاری و جەنگیشەوە، هێژموونی رووسیا لە ناو ئاسوورییەکاندا بڵاوبکەنەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی، رامیاریی رووسیا لەناو ئاسوورییەکانی ئێراندا چالاکتر کرا. نوێنەرایەتیی پراڤۆسلاڤیی ورمێ کرا بە ناوەندی خراپکاری agitation و پروپاگەندەی پرۆڕووسی چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوای کوردستان. لەژێر کاریگەریی پروپاگەندەی میسیۆنێرەکانی رووسیادا بەشێك لە ئاسوورییەکانی سەڵماس لە ساڵی١٩١١، بەشێك لە ئاسوورییەکانی تەرگەوەر لە ساڵی ١٩١٢، بەشێکی سولدۆز لە ساڵی ١٩١٣ و مەرگەوەر و برادۆستیش لە ساڵی ١٩١٤دا بۆ سەر کلێسای پراڤۆسلاڤی گواستیانەوە. رووسیا، بەتایبەتی وەك هێزێکی جەنگاوەر لە شەڕی داهاتوویدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی پێوستی بە ئاسوورییەکان

---

* ئەم بابەتە بەشێك لە کتێبێکی نووسەری ئەم دێڕانەیە، کە لە داهاتویەکی نزیکدا چاپ دەکرێت.

هەواڵنامەی ئێستێر

هەبوو. ئاسوورییەکان جەنگاوەری زۆر لێهاتوو بوون، ئەمەشیان زۆرتر ئەو کاتە دەرکەوت، کە بڕیاریان دا لە ناوچەی هەکارییەوە بۆ کوردستانی بندەستی ئێران بگوێزنەوە، بە درێژایی ڕێگەکە لە جەنگدا بوون. ئاسوورییەکان پێویستییەکانی خۆیان لە ڕێگەی تالانکردن و ڕاووڕووتەوە بەدەست دەهێنا. یەکێك لەو هۆیانەشی کە وای کردبوو، لە کەس سڵ نەکەنەوە، پشتگیریی ڕووسیا و وڵاتانی ئەورووپی بوو. ئەمەش وای کرد، وردە وردە کەڵکەڵەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیان لە ناوچەکانی ورمێ و سەلْماس لە لا دروست ببێت، کە زۆربەی دانیشتووانەکەیان کورد بوون. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پلانە مارشیمۆن بڕیاری دا لەگەڵ سمایل خانی سمکۆدا هاوکاری بکات. بەڵام، سمکۆ، کە بۆ خۆیشی ڕێبەریی خەباتی ئەو بەشەی کوردستانی لە پێناوی ئازادی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد و بێجگە لەوەش موسڵمان بوو، زۆرتر لایەنی ئیمپراتۆریای عوسمانی دەگرت، لەبەر ئەوە پشتگیریی پێشنیارەکەی نەکرد. بەتایبەتیش، هۆیەکی تری هەبوو، ئەویش ئەوەی، کە خێڵی هەرکی هاوپەیمانی سەرەکی ئەم، کە زۆرجار دوچاری هێرش و دەستدرێژی ئاسوورییەکان دەبووەوە ، بەهیچ شێوەیەك بەو ڕێکەوتنە ڕازی نەدەبوو[٣].

ئاسوورییەکان، تەنانەت ئەو کاتەیش، کە لە هەکاری بوون نیازی دروستکردنی قەوارەیەکی دەوڵەتیان هەبوو، ئەگەرچی ژمارەیشیان کەم بوو. لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ ر. تیرمان جێگری کونسوڵی ڕووسیا لە وان مارشیمۆن وتبووی ئەگەر هێزەکانی ڕووسیا وان بگرێت و چەك بە "نەستورییەکان" ئاسوورییەکان بدات، ئەوا دەتوانێت هێزێکی چل هەزار کەسی ئامادە بکات، کە ٢٠ هەزاریان بۆ پاراستنی چیاکان و بیستەکەی تریشی بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی تر هەموو ناوچەکانی نێوان موسڵ تا بەدلیس و تا سنوورەکانی ئێران بە ئاسانی گوێڕایەڵی ئەو دەکەن و ئەو هەوڵ دەدات هەموو ئەو ناوچانە بۆ ڕووسیا ڕزگار بکات[٤]. بەڵام ڕووسەکان ئامادەنەبوون هیچ هەنگاوێك لەو بووارەدا بنێن و چەك بە ئاسوورییەکان بدەن، ئەگەرچی، وەکو زووتریش وترا بەنیازبوون لە کاتی جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا سوود لە ئاسوورییەکان

---

[٣] ك. پ. ماتڤێیف. پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوە.ل ٨٦.
[٤] هەمان سەرچاوە.ل ٤٢.

وەربگرن. یەکێك لەو هۆیانەی کە وایان لە رووسیا کرد چەك بە ئاسوورییەکان نەدات، زانیاری چەواشەکارانەی باڵوێزی ئەستەمبوڵ گیرس بوو، کە ئاژانی سەربازیی رووس جەنەراڵ لیۆنتیڤیش پشتگیری دەکرد، رێگەی لە گەڵاڵەکردنی پلانێکی رامیاریی روون بەرامبەر ئەرمەن، کورد و ئاسووریی هاووڵاتیی ئیمپراتۆریای عوسمانی گرتبوو. بێجگە لەمەش ئەنوەر پاشای وەزیری بەرگری عوسمانی و هاوڕێیانی لە لای خۆیانەوە، هەوڵیان دەدا تا باوەڕ بە دیپلۆماتە رووسەکان بێنن، کە تورکەکان نیازیان نییە دژ بە رووسیا شەڕ بکەن، ئەگەرچی لە ٢/ئاب/ ١٩١٤ تورکەکان لەژێرەوە رێکەوتنی هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆر کردبوو. تورکە لاوەکان هەوڵیان دەدا کەڵك لە کات وەربگرن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ جەنگ ئامادە بکەن. تەنانەت پێشنیاری رێکەوتنی یەکێتیی داکۆکیکەرانەیان لەگەڵ رووسیا و دورخستنەوەی هێزەکانیان لە سنوورەکانی قەفقاز بۆ رووسەکان کرد[٥].

بەم شێوەیە لە ئەنجامی ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باس کران، پلانی چەکدارکردنی ئاسوورییەکان لە چوارچێوەی لەشکرێکدا سەری نەگرت، بەڵام توانرا لە شێوەی سوارەی حەمیدیەی تورك، دەستەی چەکداریان لێ درووست بکرێت. چەکدارە ئاسوورییەکان چالاکانە لەگەڵ لەشکری رووسیدا لە ئۆپیراسیۆنەکانی کوێپریکیۆی١ی تشرینی یەکەمی- ٣/کانونی دووەم/١٩١٤، ساریقامیش ٤/کانونی یەکەم- ٨/کانونی دووەم/ ١٩١٥، وەك پۆلیس و لە پەلامارەکانی پشت بەرەی دوژمن بۆ گرتنی ئاژان و کۆماندۆسەcommando تورك و ئەڵمانەکان و کاری هەواڵگری بەشداریان کرد. بەڵام دوای بڕیاری پەتریارك، لە تەمووزی ١٩١٥ هەموو ئاسوورییەکانی دانیشتووی هەکاری ناوچەکەیان چۆڵ کرد و بەرەو لای رووسەکان لە ئێران رۆیشتن و لەوێش لەمپەڕێکیان لە بەرامبەر هێرشی لەشکری تورك بەرەو ناوچەکە لێ درووست کردن. سەبارەت بەمە، جێگری قونسوڵی رووسیا لە ورمێ نیکیتین ئەو هەواڵەی راگەیاندبوو، کە رۆیشتنی ئاسوورییەکان بە چەکەوە بۆ ناو ورمێ، بەسوودە ئەمانە چیۆرنەگۆڕی

[٥] ئا. ف. میللەر. کورتەیەکی مێژوی نوێی تورکیا. ل ٣٢.

سریانین*. کاربەدەستانی رووسی و فەرماندەی هێزەکانیان لە ئێران، هەر بەوەوە نەوەستان، بەڵکو هەندێك هەنگاوی خۆپاراستنیان بۆ پاراستنی ئاسوورییەکان لە ئەگەری هێرش و پەلاماری لەشکری تورکیا بۆ ناو خاکی ئێران هەڵهێنا. چەندان دەستە و پەلی چەکداریی بەرگرییان بۆ ئاسوورییەکان درووست کرد، گوایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پەلامارانەی چەکداری کورد بەشێوەیەکی سیستیماتیکی لە دەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بۆ سەر گوندە ئاسوورییەکانی ناو ئێران دەیان کرد. بەڵام بوونی ئەو هەموو هێزە چەکدارەی ئاسووری، و هاریکاریی رووسەکان بۆیان، کوردەکانی زۆر نیگەران و سەغڵەت کردبوو، ترسی داگیرکردن و لەدەستدانی زەویوزار و موڵکەکانیان لەلا درووست ببوو. تورکەکانیش ئەمەیان بە هەلدەزانی و زۆرتر ئاگری دووبەرەکییان خۆش دەکرد، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەفسەری تورك بە جلی کوردییەوە سەرپەرشتی چەکداری کوردیان لە پەلاماری سەر گوندە ئاسوورییەکان دەکرد.

کاتێك ئاسوورییەکان تێگەیشتن، کە ناتوانن هەموو ئەو شتانەی دەیانویست لە رووسەکان دەستیان بکەوێت، بڕیاریان دا پەیوەندی بە نوێنەرانی ئەڵمانیای دوژمنی رووسیا، لە ئێران بکەن. پاییزی ساڵی ١٩١٥ لە تاران گفتوگۆیان لەسەر گەڕاندنەوەی ئاسوورییەکان بۆ ناوچەی هەکاری کرد. کاتێك رووسەکان بەمەیان زانی، بڕیاری وتووێژکردنیان لەگەڵ ئاسوورییەکان دا و بۆ ئەم مەبەستە لە کانونی یەکەمی هەمان ساڵدا مارشیمۆنیان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شازادە نیکۆلای نیکۆلاییڤیچ بۆ رووسیا بانگ کرد. لە بەرامبەر بەشداریکردنی ئاسوورییەکان لە شەڕدا شان بە شانی رووسەکان، بەڵێنی رێگەپێدان لە لایەن رووسیاوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان وەرگرت. بێجگە لەمە، بەڵێنی ئەوەیان پێدرا، کە رووسیا لەشکرەکەی لە ئازەربایجانی ئێران نەکێشێتەوە. هەروەها بڕیار درا چەند پەلێکی چەکداری ئاسووری لەناو سوپای رووسیدا درووست بکرێت. لە ئاکامی ئەم رێکەوتنەدا سێ بەتالیۆنی ئاسووری لەناو هێزەکانی رووسیادا درووست کران: دووانیان لەژێر فەرمانده‌یی ئەفسەرانی رووس و

* چیۆرنەگۆری- مەبەست لە خەڵکی دانیشتوی کۆماری چیۆرنەگۆریا «چیای ڕەش»ی یۆگۆسلاڤیای کۆنە.

سێیەمیشیان لەژێر فەرمانداەیی مارشیمۆن خۆی[٦]. بەڵام مخابن، هەرچەند تورکەکان، وەکو چەکێك بۆ لێدانی ئەرمەن و ئاسووری و زیانگەیاندن بە پەیوەندی دۆستانەی مێژوویی نێوان ئەو نەتەوانە، سوارەی حەمیدییان لە خێڵە کوردەکان و گەلانی تر درووست کردبوو، بەم شێوەیەش رووسەکان سوارەی حەمیدییەی ئاسوورییان درووست کرد و یەکەم چالاکیەکی ئەم هێزە ئاسوورییەش دژ بە کورد ئەنجام درا. خۆلەئاوهەڵکێشانی* جەنگیی بەتالیۆنە ئاسوورییەکان هێرشکردنە سەر سۆتۆ ئاغا لەژێر فەرمانداەیی داودی برای پەتریارك گەورەی قەشەکان لە ئۆرەمار بوو. داود سەری سۆتۆ ئاغای لە لەشی جیاکردەوە. لە پاداشتی ئەو پەلامارەدا، زۆر لە بەشداربووەکان خەڵات و مەدالیای رووسییان وەرگرت، و پەتریارکیش پیرۆزبایی سەرکەوتنی لە نیکۆڵای دووەم ئیمپراتۆری رووسیاوە وەرگرت[٧] چالاکی دوژمنکارانەی ئاسوورییەکان دژ بە کورد هەر بەردەوام بوو، دوای ئەوەی لەم کارانەیان قاڵبوون و شارەزاییان پەیدا کرد، بە بێ هاریکاریی رووسەکان درێژەیان بە پەلاماردانی کورد دا. لە ئایاری ساڵی ١٩١٦ دا جەنەراڵ چیۆرنۆزووبۆڤ، فەرماندەی هێزەکانی رووسیا لە ئازەربایجان، فەرمانی بە بەتالیۆنە ئاسوورییەکان دا سەربەخۆ، بە مەبەستی تەمێکردنی هێزە کوردەکان، ئۆپێراسیۆنی سەربازی ئەنجام بدەن.

سەرچاوە ئاسوورییەکان باس لەوە دەکەن، کە لە ٢٣/ئایار/١٩١٦، هێزێکی پێشەنگی ئاسووری دەستیان بە بزاوتن لە لای ناوچەی باشقەڵاوە، و دواتر بۆناو قووڵایی کوردستان، لە رێگەی کۆچانیسەوە بۆ جولەمێرگ کرد. دوای شەڕێکی سەخت هێزی کورد- تورك ئۆرەمار، چای، تخوم و هەندێك ناوچەی تری سنجاقی هەکارییان بەدەستەوە دا. دواتر هێزی ئاسوورییەکان بە سێ قۆڵدا بڵاوبوونەوە. یەکەمیان بە

---

[٦] ڕ. س. سەفرەستیان. تراژیدیای ئاسوورییەکان. ل٣٩.

[*] لەناو فەلە و هەڵگرانی هەندێك ئاینی تردا، بە هەڵکێشان لە ئاو (تەعمید) لەبەردەستی قەشە و لە ریتواڵێکی ئاینیدا، کەسەکان، کە زۆرجار هەر لە تەمەنێکی بچووکی منداڵیدا، وەك شێوەیەك لە پاکبوونەوە و وەك چۆن لەناو موسڵماندا شایەتمانهێنان هەیە نیشانەی باوەڕهێنانە، بۆ ئەمانیش چونەسەر ئاینەکەیە.

[٧] ك. پ. ماتڤێیڤ. پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوە. ل٦١.

ڕێبەری داودی برای پەتریارك، دووەمیان- مەلیك ئیسماعیل لە تیاریی سەرووەوە، سێیەمیان، مەلیك ئەندریۆس لە جیلۆوە. هێزەکان دەبوو هاوتەریب بەیەك بجوولانایە و هێزەکانی پشت بەرەی دوژمنیان لەناو ببردایە. هێشتا هێزەکانی ئاسوورییەکان بە تەواوی بەڕێ نەکەوتبوون، کاتێك هێزێکی هاوبەشی تورکی-کوردی لە موسڵەوە بەڕێکەوت و بە مەبەستی ئەوەی پشتیان لێبگرن و هەموو هێزەکە لەناو ببەن. بەڵام، ئاسوورییەکان کە زۆرتر شارەزای ناوچەکە بوون، بە مانۆڕی بەردەوام و پەلاماری کتوپڕ هێزەکەیان ناچارکرد بۆ بنکەکانی خۆی لە موسڵ بگەڕێتەوە.[٨] هێزە چەکدارە ئاسوورییەکان، بەدرێژایی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، تەنیا یەك ئەرکیان لە سەرشان بوو: ئەویش لێدانی کورد بوو. بەم شێوەیە، تەنانەت لە ئەیلولی ساڵی ١٩١٧ یشدا، هەڵمەتێکی تری هێزە چەکدارە ئاسوورییەکان بۆ تەمێکردنی کورد لە هەموو کوردستانی بندەستی تورك و ئێران ئەنجام درا. بەڵام، هەرچۆن سوارەی حەمیدییەی کوردی بێجگە لە زیان بە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا و زڕاندنی ناوی کورد، هیچ سوودێکیان بۆ کورد نەبوو، بە هەمان شێوە، و بگرە خراپتریش، بەو کارە دوژمنکارانەی حەمیدییە ئاسوورییەکان زۆرتر رقی کوردیان هەڵدەساند و دوژمنایەتیانی توند دەکرد. سەرانی ئاسووری بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە لە کۆتاییدا، هەر دەبێت ئاسوورییەکان لەگەڵ کورددا، یاخود، ئەگەر بە جیابوونەوەش بێت، وەك دراوسێ لەگەڵ کورددا بژین.

بە جێبەجێ کردنی کوێرانەی نەخشە و پلانی دەسەڵاتدارانی رووسیای تزاری و بە وەرگرتنی ئەرکی پۆلیسی، سەرانی بەدەسەڵاتی ئاسوورییەکان هەڵەیەکی رامیاریی زۆر کوشندەیان کرد. لەم دەمەوە* ئاسوورییەکان بوون بە داردەستی ئیمپریالیستەکانی رووسیا و دواتریش بریتانیا، ئەمەش ئاکامێکی تراجیدی و پڕمەترسی بۆ گەلی

---

[٨] ك. پ. ماتڤێیف. پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوە.ل٦٢.

*ئاشکرایە، ناکرێت سەرلەبەری ئەم گێڕانەوەیە بە راست و بابەتی دابنرێت، بە تایبەتیش ئەو بەشەی باس لە بوونی هێزی هاوبەشی تورکی-کوردی دەکات، چونکە زۆر لە مێژوونووس و کوردناسان باسی ئەوە دەکەن، کە کوردەکان بە کۆمەڵ ریزەکانی لەشکری تورکیان بەجێ دەهێشت و تەنانەت لە هەندێك یەکەدا تەنیا یەك کورد چییە نەدەمان و هەر هەموو هەڵدەهاتن.

ئاسووری هەبوو. مارشیمۆنی سەرکردەی ئاینی و سەربازیی ئاسوورییەکان کەسێکی هەڵپەرست بوو، هەوڵی دەدا بە هەرچی شێواز و رێگەیەك بێت، مەبەستەکانی خۆی بەدی بێنێت" دەیتوانی لە یەك کاتدا پەیوەندی لەگەڵ لایەنی جیاواز و دژ بەیەکدا، وەك رووسیا، ئەڵمانیاو بریتانیا هەبێت، لە کاتێکدا ئەو دەمەی لەشکری رووسیا ئێرانی داگیر کردبوو، لە تەك رووسەکاندا بجەنگێت. ئەم هەڵوێستەی بە روونی، لەو یاداشتەیدا دەردەکەوێت، کە ٢/کانونی دووەم/١٩١٨ بۆ باڵوێزی فرەنسا، ئینگلستان و ئەمریکای ناردبوو، مارشیمۆن نوسیبووی: "ئەو چەکەی بەدەست ئاسوورییەکانەوەیە، بۆ پارێزگاریکردنی سنوورەکانی ئێرانە. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئێران لە توانایدا نییە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، هەروەکو لە رابردوویشدا بۆی نەدەکرا." بەڵام ئەمە راست نەبوو، چونکە لەو کاتەدا باڵوێزی ئەو وڵاتە ناوبراوانە یاداشتەکەیان وەرگرت، حکومەتی ئێران بڕیاری چەکداماڵینی ئاسوورییەکانی دا، بەڵام لە ئاکامی ئەو گوشارەی لە رێگەی وەزارەتەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتانە بۆ سەر حکومەتی شا کرا، ئەو هێزە چەکدارەی، کە لە ٣ هەزار قۆزاقی ئێرانی لەژێر فەرماندەیی جەنەڕاڵی رووسی شوییسکیدا بۆ چەکداماڵینی ئاسوورییەکان نێردرا بوو، بۆ دواوە گەڕێنرایەوە.[٩]

وەك پێشوتر باسکرا، رووسەکان یارمەتیەکی زۆری ئاسوورییەکانیان دەدا و تەنانەت بێجگە لە پێدانی چەك و جبەخانە و رێکخستنیان لە چوارچێوەی سێ بەتالیۆنی سەربازییدا، لە دوای کشانەوەی سوپای رووسیا لە خاکی ئێران، هەندێك لەو سەرباز و ئەفسەرە رووسانەی لە ئێران مانەوە، لەوانە سەرهەنگ عەقید کۆندراتیێف، خۆخوازانە بۆ ناو ریزی چەکدارە ئاسوورییەکان رۆیشتن، بەڵام، لە هەمان کاتدا ئینگلیزەکانیش هاریکارییەکی زۆری ئاسوورییەکانیان دەکرد، بەتایبەتیش دوای ئەوەی، ئاسوورییەکان لە پشتیوانیی رووسەکان بۆ جێبەجی کردنی نەخشەو پلانیان لە دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی بێ هیوابوون، ئینگلیزەکان چالاکانەتر بە دەمیانەوە هاتن. سەبارەت بە پشتیوانیکردنی ئینگلیزەکان بۆیان، ویڵسن، کۆمیساری باڵای بریتانیا لە عێراق دەڵێت: خێڵە فەلەکان لە ناوچەی ورمێ، ئاسووری و ئەرمەنەکان لە سەرەتای هاویندا بەهێزبوون و پێکەوە رووبەڕووی پەلامارەکانی

---

[٩] پرسی ئاسووری- لە کات و دوای جەنگی یەکەمی جیهان. هەمان سەرچاوەی پێشو. ل٦٥-٦٦.

تورکەکان دەبوونەوە. ئەوان داوای چەك، جبەخانە و پارەیان لە ئێمە کرد، بۆ ئەوەی بتوانن رووبەڕووی دوژمنە هاوبەشەکانیان ببنەوە. وەك روونکرایەوە، مەبەستی سەرەکی جەنەڕاڵ دۆنستێرڤێل لە کارەکەیدا، پروپاگەندەکردن دژ بە هێزە چەکدارەکانی تورکەکان و بەلشەڤیکەکان لە قەفقاز بوو، ئەمەش لە رێگەی ناردنی ژمارەیەکی کەم ئەفسەر لەگەڵ بڕێك پارە و چەك بوو[١٠] بەدەستێوەردانی ئینگلیزەکان بۆ ناو پرسی ئاسووری، زۆرتر مەترسی درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئاسووری لە ناوچە کوردنشینیەکانی ورمێ و سەڵماس درووست بوو. کاتێك لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ دا، لە بەرەی ورمێ بارودۆخی ئاسوورییەکان بەرەو ئاڵوزبوون چوو، فڕۆکەوانی ئینگلیزی پێنیگتون بۆ لای مارشیمون پۆلوس رەوانە کرا. بە پێی ئەو قسانەی لە چاوپێکەوتنەکەدا کردبووی، بریتانیا بەڵێنی یارمەتیدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئاسووری، بە سنجاقی هەکاریشەوە، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، بە ئاسوورییەکان دەدات[١١] لە راستیدا، بەتایبەتیش دوای نەمانی ئیمپراتۆریای رووسی و کشانەوەی هێزەکانی رووسیا لە ناوچەکە، کە بەکردەوە لە پێش و کاتی جەنگی یەکەمدا داگیریان کردبوو، زەمینەیەکی باش بۆ دەستێوەردانی هەموو کاروبارەکانی ناوچەکە بۆ ئینگلیزەکان رەخسا. کاربەدەستانی ئینگلیزیش لە ناوچەکەدا تەمەڵییان نەدەکرد و بە هەموو شێوەیەك نەخشە و پلانەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد. یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە لە بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەکەیاندا بوو سمایل خانی سمکۆ بوو، کە خاوەنی هێزێکی جەنگاوەری، تا رادەیەك بە ئەزموون بوو، هەر بۆیە ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا، لە رێگەی رێکەوتنی ئاسوورییەکان لەگەڵ کورددا، ئەو کێشەیە نەهێڵن. کاربەدەستانی بریتانی لە ناوچەکە، کاپتن گرێسییان بۆ ئامادەکردنی زەمینە بۆ ئەو رێکەوتنە رەوانەی ناوچەکە کرد، دوای بینینی سمکۆ، ئاسوورییەکانی ئاگادار کردەوە، کە سمکۆ دەخوازێت، بە مەبەستی درێژەدان بە خەباتکردن دژی تورکەکان، هاوپەیمانی ئاسوورییەکان بێت. کاپتن گرێسی ئامۆژگاری مارشیمونیشی کرد لەگەڵ

[١٠] ئارنۆڵد ویلسن. میزۆپۆتامیا ١٩١٧-١٩٢٠. لەندەن- ساڵی ١٩٢٥. ل ٣٥. بە زمانی ئینگلیزی.

[١١] پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوە. ل٧٥-٧٦.

سمکۆدا یەکێتییەکی جەنگی کوردی- ئاسووری درووست بکرێت[١٢]. بەڵام لەگەڵ ئەو پەیڤەی نوێنەرەکەی بریتانیا، سەبارەت بە ئامادەیی سمکۆ بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ مار شیموندا، سمایل خانی سمکۆ پێشنیارەکەی قبوولّ نەکرد. لەگەڵ ئەو دانوستاندنانەی، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە رێگەی ئینگلیزەکانەوە، لە نێوان سەرانی کوردی رۆژهەلات و ئاسوورییەکاندا هەبوو، بەلام هەردوولا، بەکردەوە باوەڕیان بە یەکتر نەبوو و لە ژێرەوە پلان و نەخشەی دژبەیەکیان هەبوو. پاش ماوەیەك پەیوەندییەکانی نێوان سمکۆ و ئاسوورییەکان خراپتر و ئالۆزتر بوو، بەتایبەتیش، کاتێك سمکۆ لەوە گەیشت، کە مارشیمون، دەیەوێت، نەك تەنیا لەسەر خاکی کورد دەوڵەتێکی ئاسووریی، بە یارمەتی کورد درووست بکات، بەڵکو کورد پەراوێز بخات و مافەکانیان پێ رەوا نەبینێت. دوژمنەکانی هەردوولاش لە لای خۆیانەوە، رۆڵیان لە ئالۆزترکردنی پەیوەندییەکەدا هەبوو، تورکەکان و ئێرانییەکان کوردیان دژ بە ئاسوورییەکان هان دەدا، ئینگلیزەکان و تەنانەت رووسەکانیش، ئەوانەی کە راستەوخۆ لە ریزی هێزەکانی ئاسوورییەکاندا بوون، بە دەستی خۆیان ئاگری شەڕ و ناکۆکییەکەیان خۆشتر دەکرد. لە ئاکامدا، لە کاتی سەردانێکی مارشیمون بۆ لای سمکۆ لە ١٦/مارت/١٩١٨ دا سەرکردەی کوردی شکاك، سمایل ئاغای سمکۆ، سەرکردەی ئاسوورییە هەکارییەکانی جیلۆ، پەتریارك بنیامین مار شیمۆنی کوشت، دوای ئەمە هەموو پردێکی نێوان کورد و ئاسوورییەکان سوتێنران.[١٣]

ئاسوورییەکان، کە ئەم هەواڵەیان بیست ئاگریان گرت و دەستبەجێ هێزێکی گەورەیان بۆ سەر سمکۆ نارد، بەڵام سمایل خان توانی دەرباز ببێت و بەرەو خۆی پاشەکشەی کرد، ئاسوورییەکان دەستیان بەسەر ماڵەکەیدا گرت و ئەرشیفە تایبەتیەکەی سمکۆیشیان دەستکەوت. بە پێی پەیڤی ئەو مێژوونووسە ئاسوورییەی پێشتریش ناوبرا، گوایە لەناو ئەرشیفەکەیدا نامەیەکی پارێزگاری تەورێز موهتی شەمس دەدۆزرێتەوە، کە تیایدا پێشنیاری کوشتنی مارشیمۆنی بۆ سمکۆ کردووە،

---

[١٢] پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوە. ل٦٩.

[١٣] م. س. لازەرێف. ئیمپریالزم و پرسی کوردی. هەمان سەرچاوەی پێشو. ل١٣.

هەروەها لە نامەکەدا نووسراوە، کە بە جێبەجێکردنی ئەو کارە سمکۆ شایەنی سوپاس و پێزانینی حکومەتی ئێران دەبێت. ئەم مێژوونووسە تەنیا بەوەوە ناوەستێت و بە پشتبەستن بە ن. ئەمیر، نووسەری مێژووی ئاسووریی دەڵێت: سمکۆ دە هەزار ژن و منداڵی ئاسووریی لەناوبردوە[١٤]. بێگومان بێجگە لەوەی ئەم زانیارییە لە هیچ جێگایەکی تردا بوونی نییە، تەنیا هێندە بەسە بڵێین، سمکۆیەك کە نەیپەرژابێتە سەر رزگارکردنی ماڵ و ئەرشیفە تایبەتیەکەی خۆی و بە پەلە بەرەو خۆی هەڵهاتبێت، چۆن فریای قڕکردنی دە هەزار کەس دەکەوێت.

بێگومان سمایل خانی سمکۆ بە کوشتنی سەرکردەی ئاسوورییەکان هەڵەیەکی ستراتیجی زۆر کوشندەی کردووە و رەنگە بە چەندان پشت ئەو دوژمنایەتی و رق و کینەیەی ئاسوورییەکان* بەرامبەر بە کورد نەسڕێتەوە. بەڵام دەبێت دەستێوەردانی بێگانە و هەموو لایەنەکانی بەشداربووی کێشەکانی ناوچەکە، وەکو پێشتریش باس کرا، لەبیر نەکرێت: ئیمپراتۆریای عوسمانی بەرپرسە لە قڕکردنی ئەرمەن و ئاسوورییەکان، کە ماوەیەکی زۆر هێزەکانی بە بێ بەدەستهێنانی سەرکەوتن ئۆپێراسیۆنی لە دژیان دەکرد" ئێران، کە هێزی پێویستی، تەنانەت بۆ راگرتنی هێمنی و کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێردەستی نەبوو، دەیەویست لە مەترسییەکی گەورەی چەکداری رزگاری ببێت" لە کۆتاییشدا، ئینگلیزەکان، نەخشە و پلانیان بۆ داهاتووی میسۆپۆتامیا و گواستنەوەی ئاسوورییەکان و بەکارهێنانیان لەوێ هەبوو. وەك دواتر دەردەکەوێت، دەسەڵاتی بریتانی لە عێراقی بندەستیاندا لەو ئاسوورییانە لەشکری لیڤی سوارەی حەمیدیی ئاسووری بۆ دژایەتیکردنی کورد و سەرکوتکردنی بەرخۆدان لە عێراقی دوارۆژدا درووست کرد.. لێرەدا نابێت رۆڵی رووسەکانیش لەبەرچاو نەگرین. دوای کشانەوەی هێزەکانی رووسیا لە ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ دا، زۆر لە ئەفسەران و سەربازانی سوپای رووسیای تزاریی ئامادە نەبوون بۆ رووسیای سۆڤێتی بگەڕێنەوە، بەشێکیان لە

---

[١٤] ك. پ. ماتڤێیڤ. پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوەی پێشو. ل٦٩.

* بۆ خۆم رێکەوتی ئاسووریی ئێران و روسیام کردوە، کە زۆر بە رقەوە باسیان لە «دڕندەیی و تاوانی» کوردان کردوە.

ریزەکانی سوپای ئێراندا مانەوە و بەشێکی تریشیان وەك کرێگرتە لەگەڵ هێزی ئاسوورییەکاندا کاریان دەکرد، ئەمانە لەگەڵ سوپای سپی[15] دەیانویست لە ناوچەکەدا، دژ بە بەلشەڤیکەکان هێزێکی بەهێز لە ئاسوورییەکان درووست بکەن. کاتێکیش هێزەکانی رووسیا لە ناوچەکە کشانەوە، هەموو چەك و جبەخانەیان بۆ ئەمان بەجێ هێشت. نوێنەرانی وڵاتانی ئاشانت هەموو چەکدارە ئاسوورییەکان، کە ٥ هەزار چەکدارێك بوون، لەگەڵ پاشماوەی لەشکری رووسی کۆکردەوە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی هێزێکی جەنگاوەری پڕچەکیان لێ درووست کردن. بەم شێوەیە، هێزێکی شەش هەزار چەکداری جەنگاوەر و بە ئەزموون درووست بوو، کە بە راستی هەڕەشەیان لە نەتەوە موسڵمانەکانی ناوچەی ورمێ و بەتایبەتیش کورد دەکرد. بەم شێوەیە، ئاسوورییەکان دوای ئەوەی بە تەواوەتی بەهێزبوون و لە خۆیان رابینی، کەوتنە جێبەجی کردنی نەخشە و پلانەکانیان، و شاری ورمێیان گرت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە ناوچەی ورمێ و خودی شارەکەیش بارودۆخێکی زۆر سەخت درووست ببێت و تەنانەت لە ٢٣ی شوباتدا راپەڕینی چەکداریی موسڵمانەکان دژ بە ئاسوورییەکان سەری هەڵدا.... هۆی سەرەکی راپەڕینەکەش ئەوە بوو ئاژانە ئەڵمانی و تورکەکان دەنگۆی ئەوەیان بڵاودەکردەوە، کە گوایە ئاسوورییەکانی تورکیا دەیانەوێت بە یەکجارەکی لە ناوچەی ورمێدا بمێننەوە و دوایش خۆ بە دەوڵەتی ئاسوورییەوە ببەستن. هۆی دووەمیش ئاژاوەگێڕیی و خراپەکاریی بەشێك لە سەرباز و ئەفسەرانی ئاسووری بوو[16]. بێگومان، ئەگەر بە پێی زانیارییەکانی م. ر. هاوار بێت، وەکو لە لاپەڕە ٣٧٣ کتێبەکەیدا هاتووە، لەم بەیەکدادانەی نێوان ئاسووری و ئازەرییەکاندا، کوردەکان، بەتایبەتیش خودی سمکۆ هیچ بەشدارییەکی نەکرد، یا راستتر بووترێت، فریانەکەوت بەشداری بکات. سمکۆ خۆی و ٦٠٠ سوارەی چەکدار بە هانای پارێزگاری

---

[15] محەمەد رەسول هاوار. سمکۆ(سمایل ئاغای شوکاك) بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد. ستۆکهۆڵم-١٩٩٥. ل٣٩٢.

[16] ك. پ. ماتڤێیف. پرسی ئاسووریی. هەمان سەرچاوەی پێشو. ل٧١.

ورمێوە چوون، بەڵام کاتێك لە نزیك گوندی کەریم ئاباد هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی ئازەرییەکانیان بیست، سمکۆ هێزەکەی بۆ دواوە گێڕایەوە.

دەتوانرێت دەرئەنجامی ئەوە لەم روداوانەی سەرەوە بکرێت، کە چۆن چۆڵکردنی ناوچەی هەکاری لە لایەن ئاسوورییەکانەوە و هاتنیان بۆ ناوچەی ورمێ بۆ ئامانج و مەبەستی ئیمپریالیستانەی رووسیای تزاری و بەکارهێنانی گەلی ئاسووری بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو، بە هەمان شێوەیش، چۆڵکردنی ناوچەی ورمێ و دووبارە ئاوارەبوون و رووبەڕووبوونەوەی چارەنووسی نادیار، ئەگەر تەنانەت، بە نەخشە و هاندانی بریتانییەکانیش نەبووبێت، بەڵام بەلای کەمەوە بە قازانجی ئەوان بووە و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی کردووە. چونکە، وەك روداوەکانی دواتر دەری دەخەن، ئینگلیزەکان بۆ بەهێزکردنی خۆیان و سوپاکەیان لە عێراقدا، وەك هێزێکی جەنگاوەر، پێویستیان بە ئاسوورییەکان بووە. دوای ئەوەی کە بە رێگەیەکی سەخت و دژواردا، ئاسوورییەکانیان، لە رێگەی خانەقینەوە بۆ ناو عێراق برد، ئینگلیزەکان بڕوایان بە بەشێك لە ئاسوورییە برسی و رەش و روتەکە هێنا، بەتالیۆنی چەکداری ئاسووری درووست بکەن. ئینگلیزەکان بەڵێنی ئەوەیان پێدان، کە ئەو بەتالیۆنانە تەنیا بۆ رزگارکردنی هەکاری و ناوچەی ورمێ بەکار بێنن. لە ئاکامدا چوار بەتالیۆن لە سەرجەمی ٨ هەزار کەس درووست کرا،[١٧] بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە بێجگە لەم ئاسوورییانە، کە لەناو سوپای لیڤی ژێر فەرماندەی راستەوخۆی ئینگلیزەکان، وەکو هێزێکی بە ئەزموون لە شەڕی شاخاوی بۆ لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی باشووری کوردستان رێکخرابوون، هێزی تری خۆبەخشیش، وەك هێزێکی پشتیوان و بەرگری هەبوو، کە بە هەمان شێوە بۆ سەرکوتکردنی کورد و بزووتنەوەکەی بەکار دەهێنران.

[١٧] ك. پ. ماتڤێیف. پرسی ئاسووری. هەمان سەرچاوەی پێشو. ل٢٣٩

# ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندیی ــ خالیدی

## مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی

بوتروس ئەبومەننە و تێری زەرکۆن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

### دەرکەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا

بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم دوو ڕێبازی ئاینی ئیسلام لە بەغدا بەرەنگاری یەکتر بووبوونەوەو ئەوانەش بریتیبوون لە بزووتنەوەی سەلەفی و ڕێبازی نەقشبەندیی خالیدی. لە کاتێکدا، کە سەلەفیەت تا دوایین دەیەکانی ئەو سەدەیە هەر لە بەغدادا مایەوە کەچی ڕێبازی خالیدی چالاکی و دینامیکیەتێکی گەورەی بەخۆوە بینی و لە سەرانسەری ئیمپراتۆریای عوسمانی و غەیری ئەویشدا بڵاوبووەوە. دەرکەوتنی بزووتنەوەی سەلەفیەتی نوێ لە بەغدادا لە دوادوایی سەدەی هەژدەیەمدا بوو، لە ژێر کاریگەریی راسپاردەو بۆچوونی وەهابیداو بە رابەریی شێخ عەلی ئەلسوەیدی بوو، کە زانایەکی بەناوبانگ و لە بنەماڵەیەکی خاوەن ڕێزی گەورەی زانایانی سوننە بوو لە بەغدا. ئەم ڕێبازە بەهۆی ئەوەی هیچ بەرهەڵستییەك نەدەکرا لەلایەن فەرمانڕەوا مەملووکەکانی ویلایەتەوە، گەلێ موریدی بۆخۆی پەیدا کرد لە نێو زانایان و خەڵکانی تری چینە باڵاکانی شاردا، وەك لە بابەتێکی تازە بڵاوکراوەدا باسم لێوە کردووە[1].

---

[1] "سەلەفییەت و پەیدابوونی تەریقەتی خالیدی لە بەغدا لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا". جیهانی ئیسلام ــ ٢٠٠٣ ، ل ٣٤٩ — ٣٧٢، Die welt des Islams ، هەروەها بڕوانە"ڕێبازی خالیدیو سەلەفییەت لە بەغدادا لە پاش مەولانا خالید"، ل ٢١ -- ٤٠.

بەڵام فرەی نەخایاند سەلەفییەت بەرەوڕووی بەرهەڵستیی ڕێبازی خالیدیو دواتریش سیاسەتێکی داپڵۆسێنەرانەی دەوڵەت بووەوە. بەهەرحاڵ، ئێمە لەم پێشەکییە کورتەدا سەرنج دەخەینە سەر مەولانا خالید و نەوەکانی دوای ئەو، کە ناویان هەڵگرتووەو بابەتی باسەکانی ئەم کتێبە پێکدەهێنن.

مەولانا خالید خەڵکی شارەزووری کوردستانی عێراق لە دەلهی و لە سەر دەستی شاە غولام عەلیدا تەمەسسوکی بە تەریقەتی نەقشبەندیی موجەددیدییەوە کردووەو ئەمیش بە جێگر و خەلیفەی خۆی داناوە.[٢]

پاشان لە ساڵی ١٨١١دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، کە زێدی خۆی بووەو لە پێش سەفەرەکەیدا بۆ هندستان خوێندنی تێدا تەواو کردووە. سەرەتا بەو نیازەوە دەستی پێکرد، کە ئامۆژگاریی خۆی لە شارەکەدا بڵاو بکاتەوە، بەڵام دژایەتیکردنی لەلایەن شێخێکی قادریی خۆولاتییەوە ناچاری کرد لە شار دوور بکەوێتەوەو لە بەغدا بمێنێتەوە، ئەمەش بوو بە هەنگاوێك بە قازانج بۆی شکایەوە. لە بەغدا سۆفییە پایەبەرزەکانی، کە موفتیی حەنەفی ئەسعەد سەدرەدینی حەیدەری رابەرایەتیی دەکردن بە ئاشکرا روانییان کەوا بانگهێشت و ئامۆژگاریی نەقشبەندی ـ موجەددیدی کاریگەرن لە بەرەنگاربوونەوەی سەلەفییەکاندا. ئەوان لەم سۆنگەیەوە باوەشیان بۆ خالید کردەوەو ئەویش چالاکانەو دڵگەرمانە کەوتە کار. لە ساڵی ١٨١٥ دا توانییان قەناعەت بە سەعید پاشای حاکمی گشتیی ویلایەت بکەن (مەبەست لێرەدا والییە ــ وەرگێڕ) بۆ تازەکردنەوەی مەدرەسەیەکی چۆڵو ببەخشرێتە مەولانا خالید. ئەم مەدرەسەیە بوو بە یەکەم تەکیە خانەقاو تەریقەتی خالیدی تێیدا لەدایك بوو.

شێخ عەلی ئەلسوەیدی، لە هەوڵدانیدا بۆ پێشخستنی مەزهەبی سەلەفی باسێکی نووسی و تێیدا هانی گەڕانەوە دەدا بۆ سەرەتاکانی ئیسلام "بۆ پەیڕەوکردنی قورئان و سوننەت، چونکە دوو کۆڵەکەی ئیمانن کەوا پێغەمبەر فەرمانی پێکردووین پەیڕەوییان بکەین"[٣]. هەروەها دەبێ پەیڕەوی گفتارو کرداری پێغەمبەر بکرێت و

---

[٢] بڕوانە ئارسەر بوهلەر Arthur Buehler:"مەولانا خالیدو شاە غولام عەلی لە هندستان"، لەم بەرگەدا لاپەڕە ١٩٩ -- ٢١٣.

[٣] "العقد الثمین فی بیان مسائل الدین"،١٧٩٩، القاهرة: المطبعة المیمنیة، ١٩٠٧.

هاوەڵانی وەك نموونە چاو لێ بکرێن. بێجگە لەوەش، ئەلسوەیدی بەرهەڵستیی "زیادەڕۆیی لە ئایندا" دەکرد، چەشنی زیارەتی قەبرو پەرستنی چاکان و هەر دیاردەو دەرکەوتەیەکی ئاینیی میللی. ئەم کتێبەی سوەیدی پشتگوێ خرابوو تا ئەو کاتەی موریدێکی مەولانا خالید، بە ناوی محمد بن سلێمان کە هەندێ جار البغدادیشی پێدەوترێت، باسێکی نووسی، کە بەزۆری خالید خۆی رێنمایی نووسینی کردبوو[٤]. لەم باسەدا بۆچوون و ئامۆژگاریی بنەڕەتی شێخ و تەریقەتی خالیدیی نەقشبەندیی جێگیر کراوە.

ئیبن سلێمان لە پێشەکیی باسەکەیدا روونی دەکاتەوە کەوا ئەوەی پاڵی پێوەناوە بۆ **نووسینی** ئەم باسە ئەوەیە کەوا هەندێ کەس نکووڵی لە پێویستبوون دەکات بە رێبازێکی سۆفیگەری و بە ئیدیعاکردنی ئەوەی گوایە" هیچ شتێك نامانگەیەنێتە خوا جگە لەو یاسا و رێسا ئاینییەی، کە دەقاودەق لێیتێگەیشتووین و پەیڕەوی دەکەین"[٥]. بێجگە لەمە داوای ئەوەش دەکات، کە "بۆ تەئکیدکردن لەمە ئەوانەی، کە دڵێکی خاوێن و بێگەردیان پێ نەبەخشراوە دەبێ بکەونە سەر رێگەی عیلمی باتینی ئاین و داوای رابەریی رۆحی بکەن لە سەر دەستی شێخێکی پڕو کامڵدا"[٦].

لە کاتێکدا کە وەك راستییەکی بەڵگە نەویست پێ لەسەر ئەوە دادەگیرا کە دەبێ موسڵمانان دەقاودەق شوێنکەوتەی ئامۆژگاریی قورئان و سوننەت بن، بەڵام سۆفییەکان دەیانوت هەر ئەوە بەس نییە و هەموو کەسێك پێویستی بە رابەرێتیی رۆحیی شێخێکی سۆفی هەیە. باسەکە جەخت لەوە دەکات کەوا رێبازی نەقشبەندییە موجەددیدەکان پڕاوپڕ لەگەڵ فەرمانی شەریعەت و ئەسحابەکاندا یەك دەگرێتەوە. هەروەها ئیبن سلێمان دەنووسێت "ئەوانەی ئاگاداری نەریت و هەڵسوکەوتی پێغەمبەرن دەیسەلمێنن، کە پێغەمبەر ئەو رێبازەی هەڵبژاردبوو، لێرەدا مەبەستی نەقشبەندییە...و خەڵکی خۆی هان دەدا بێنە سەری و هەر ئەمەشە، کە ئەسحابەکان

---

[٤] "الحديقة الندية فى أدب الطريقة النقشبندية والبهجة الخالدية، ١٨١٧ ــ ١٨١٨"، طبعت على هامش عثمان ابن سندالوائلى، "أصفى الموارد من سلسال أحوال الأمام خالد"، القاهرة: المطبعة العلمية ١٨٩٥ــ ٩٦.

[٥] "الحديقة الندية"، ل٤.

[٦] هەمان سەرچاوە.

پەیڕەوییان کردووە..."[7]. بۆ سەلماندنی تەواوی ئەم خاڵە فەرموودەیەکی شێخ موراد ئەلبوخاری دێنێتەوە، کە دەڵێ "ڕێبازی نەقشبەندی ڕێبازی ئەسحابەو شوێنکەوتووانەو... پێکهاتووە لە خۆگەیاندنێکی بەردەوام بە خوداوەند، بەشێوەیەکی باتینی و زاهیری و لە هەمان کاتیشدا پەیڕەوکاری تەواوی سوننەتەو جێبەجێکاری پڕاوپڕی شەریعەتەو دوو بنەمای مەحکەمی هەیە، کە لە ملکەچیی تەواو بۆ پێغەمبەرو دڵسۆزی بۆ شێخی تەریقەت خۆی وێنا دەکات.[8]

مەولانا خالید مەبەستی ئەوەیە کەوا جیاوازیی کەم هەیە لە نێوان ئامۆژگاریی ئەم و سەلەفییەکاندا سەبارەت بە پەیڕەوکردنی پێغەمبەرو رەفتاری نموونەیی ئەسحابەکان و جێبەجێکردنی یاساو فەرمانەکانی شەریعەت. ئەو تەنانەت جارێکیان ئەوەشی نووسی بوو، کە لە راستیدا مەزهەبەکەی ئەم هەمان مەزهەبی سەلەفەو ڕێبازەکەشی هەمان ئەوەی ئەسحابەکان و شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانیانە[9]. مەولانا خالید باوەڕی وابوو، کە پەیامەکەی ئەم لە ئامۆژگاریی سەلەفی باڵاترە چونکە لە هەردوك سۆفیزم و زانین(المعرفة) پێکدێت. ئیبن سلێمان دەنووسێت، پێویستە موسڵمان لە پاش فێربوونی عیلمی زاهیر، عیلمی باتینیش بەدەست بێنێت لە سەر دەستی شێخێکی سۆفیدا[10]. رابەریی رۆحیی پێویست بوو چونکە دڵ و دەروونی خەڵکی پاك دەکاتەوە.

ئەم ئامۆژگارییە بە گرێدان لەگەڵ پێداگریی بڵاوکردنەوەیاندا لە هەموو شوێنێکی دنیا وای لە مەولانا خالید کرد بەربەستێك بخاتە رێی بەرفراوانبوونی سەلەفییەت لە بەغداو کەمەنکێش کردنێکی گەلێك لە شوێنکەوتوان، بە تایبەتی لە نەوەی نوێ، لەهەردوك بەغداو ناوچە کوردییەکاندا. لە راستیدا ئەرك و پەیامەکەی سەرکەوتنێکی گشتگیری سەلماند. شێخ لە ساڵی ١٨٢٢ عێراقی بە تەواوەتی جێهێشت

---

[7] "الحديقة الندية"، ل١٣.

[8] "الحديقة الندية"،ل١٤.

[9] سعد صاحب "بغية الواجد من مكتوبات حضرة مولانا خالد"، دمشق ١٩١٥ ــ ١٩١٦، ل ٩٦.

[10] "الحديقة الندية"، ل/ ١٧ ــ ١٨

و لە دیمەشق نیشتەجێ بوو[11]. گۆڕینی چالاکی لە بەغداوە بۆ دیمەشق بەڵگەی وەرچەرخان بوو لە ئەرك و پەیامەکەیدا. دیمەشق لە سەر ڕێگای حەج بوو و لە بەغدا نزیکتر بوو بۆ ئەستەموول و مەککەو لە دیمەشقەوە دەیتوانی بە شێوەیەکی باشتر سەرپەرشتیی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی بکات. ئەمە شوێنگۆڕکێیەکی زیرەکانە بوو لەلایەن مەولانا خالیدەوە و بەمە تەریقەتی خالیدی لە گرووپێکی ناوچەیی عێراقەوە گۆڕییە بزووتنەوەیەك بۆ سەرانسەری وڵاتی عوسمانی.

ساڵی ١٨١٩، ئەو دەمەی، کە مەولانا خالید هێشتا لە سلێمانی بوو پەیکێکی نارد بۆ ئەستەموول. بەڵام ئەوە یەکەم جار نەبوو، کە نەقشبەندییەکی ــ موجەددیدی بچێتە پایتەختی وڵاتی عوسمانی، چونکە لە دوادوایی دەیەکانی سەدەی حەڤدەیەمدا شێخ موراد ئەلبوخاریی بۆی چووبوو. لە سەدەی هەژدەیەمدا شێخ ئەحمەدی جوریانی، ناسراو بە یەکدەست وەك موریدێکی موجەددیدی لە مەککەوە هاتبووە ئەوێ. دۆخی خالیدیی جیاواز بوو لەوەی موجەددیدییەکان. لە دیمەشق و دوور لە فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان، وەك ئەوانی بەغداو سلێمانی، ئەرك و پەیامەکەی خالید مۆرکێکی چالاك و جیاکاری بەخۆوە بینی چونکە لەو دوو شوێنەی باسکران بە ئاشکرا نەیدەتوانی هەڵسووڕێت و ئیرشادکردنی شێخ و بنەماکانی کارکردنی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی سنووردار کرابوو و هەمیشە لەگەڵ سەلەفییەتدا لە ناکۆکی و ململانێدا بوو.

بەهەرحاڵ، ئەو لە دیمەشقدا سەربەستییەکی زیاتری بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەکاندا. بەمجۆرە، لە نامەو نامەکارییەکانیدا لەگەڵ جێگر و خەلیفەکانیدا، بیدعەو لادان لە ئیسلام مەحکووم دەکات و ناموسڵمانیش نەعلەتشۆ دەکات. سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانیش وەك دوا قەڵای ئیسلام ئەو داوای لە شوێنکەوتووانی دەکرد "کە شەو و ڕۆژ دەستیان بە دۆعاوە بن و لە خودا بپاڕێنەوە دەوڵەتی عوسمانی بپارێزێت و سەری بخات بە سەر دوژمنانی ئایندا". بێجگە لەوەش دۆعایان بۆ پشتگیریی سوڵتان دەکرد، وەك پارێزەری ئیسلام، کە ئەمەیان بە زۆری لە

---

[11] هۆکاری ئەم شوێن گواستنەوەیە بە وردی باسکراوە لە کتێبی "ڕێبازی خالیدی و سەلەفییەت لە بەغدادا لە پاش مەولانا خالید"، ل ٢١ ــ ٢٢.

نامە نووسراوەکانیدا دووبارە دەبۆوەو هەندێ جاریش بەم دۆعایە کۆتایی پێدەهێنا "خوایە سولّتان پایەدار بکەیت بۆ بەرزراگرتنی ئالآی شەریعەتی پێغەمبەر".[١٢]

کارێکی گران نەبوو بۆ تەریقەتی خالیدی کەوا کاربکاتە سەر چینە باڵا دەستەکانی ئەستەموولّو مورید لە نێو ریزی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا پەیدا بکات. کاریگەری لەم چەشنە رۆڵی لە زۆربەی ئەو بڕیارە سیاسییانەدا دەگێڕا، کە لە لایەن بابی عالییەوە دەردەچوون، چەشنی تێکشکاندن و لەناوبردنی یەنگیچەرییەکان، ئینکیشاری و هەڵوەشاندنەوەی رێبازی بەکتاشی، لە ساڵی ١٨٢٦دا، چونکە بە لەرێلادەرو هۆکاری لاوازبوونی کۆمەڵی موسڵمانان و دەوڵەت تۆمەتبار دەکران.[١٣]

بەهەرحاڵ، ساڵێك لە پاش ئەم رووداوانە مەولانا خالید لە دیمەشق بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کردو زۆرێك لە ئەندامانی خێزانەکەی و گەلێکیش لە خەلیفە رابەرەکانی، کە لە عێراقەوە یاوەرییان کردبوو بەم دەردە تیاچوون و ئەم مەرگی ناوادەیەی زیانێکی گەورەی بە تەریقەتی خالیدی راگەیاند. ئەو، کە کۆچی دوایی کرد تەمەنی پەنجاو یەك ساڵ بوو و هێشتا لە سەرەتادا بوو، تەریقەتی خالیدیش تازە تەمەنی پانزە ساڵی تێپەڕاندبوو.

بەڵام خالید خۆی رێکخەرێکی بە تواناو رابەرێکی سۆفیی جیاواز بوو. ئەو توانی لە ناو کورددا گەلێ کەسی نەوەی نوێ رابکێشێت بۆ رێبازەکەی، کە وەك خۆی لەو مەدرەسانەدا، کە میرە کوردەکان دروستیان کردبوو، خوێندبوویان. بەم رەنگەو لە ماوەی شانزە ساڵی چالاکیی لە تەریقەتەکەیدا توانی ژمارەیەکی زۆر مورید بۆ رێبازەکەی کێش بکات و لانی کەم حەفتا خەلیفە پێبگەیەنێت، کە زۆربەی زۆریان کوردبوون و ناردنی بۆ شارو شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی عوسمانی و شوێنانی تر. ئەوانە دڵسۆزانە پەیامەکەیان جێبەجێ دەکرد، بەڕادەیەك، کە لە میانەی یەك پشت (جیل، نەوە) لە دوای مەرگی، تەریقەتی خالیدی زۆر بە بەرفراوانی بڵاو بووەوە، بە

---

[١٢] بڕوانە ئەم بابەتەمان "تێڕوانینێکی نوێ لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی" لە کتێبی یەشار ئوجاکدا بە ناوی "سۆفیگەری و سۆفییەکان لە کۆمەڵگای عوسمانیدا"
Ankara: Turk Tarih Kurumu, 2005، ل ٢٩٩.

[١٣] هەمان سەرچاوە ل ٣١٢ -- ٣١٣

تایبەتی لە شارەکانی ئەنەدۆڵدا و لە نێو عەشیرەتە کوردەکاندا. دواجار بانگهێشتی بە تەواوی پەیڕەو کردنی شەریعەت و بە توندی پاڵپشتیکردنی راستەڕێی ئیسلامی مۆرکی خۆی بە ناوچەکانی رۆژئاوای ئاسیاوە بەجێهێشت لە سەدەی نۆزدەیەمدا.

لە ئەستەموول، سولتان مەحمودی دووەم، کە دەرکەوتن و تەشەنەکردنی تەریقەتی خالیدی پێخۆش نەبوو، لە ساڵی ١٨٢٨دا خەلیفەکانی خالیدی دەرکرد و ژمارەیەك لە رابەرەکانی تەریقەتەکەی دوور خستەوە. بەڵام فرەی نەخایاند و سەرەڕای ئەم کۆسپ و رێگرییەش کەچی خالیدییەکان چالاکییان لەو شارە دەست پێکردەوەو لای گەلێك لە ئەندامانی چینی باڵادەست بە پەسەندیی مایەوەو بەم پێیەش کاریگەریی بەرچاوی بەجێهێشت لە سەر کارو کردەوە ریفۆرمخوازەکان لە ماوەی یەکەم قۆناخی تەنزیماتدا.[١٤]

مەولانا خالید کاتێ، کە لە دیمەشق بوو لە ساڵی ١٨٢٦دا حەجی مەککەی کردو ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ رێکخستنی چالاکیی تەریقەتەکەی لەوێ. تەریقەتی خالیدی توانی لە مەککەوە تا جاوا لە ئیندونیسیا ـ و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بڵاو بێتەوەو لەوێش لە تەریقەتەکانی تر پەسەندتر بێت و موریدێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات.[١٥]

**بوترس ئەبومەننە**

هەواڵنامەی کتێب

[١٤] بڕوانە ئەم بابەتەمان "ڕەگە ئیسلامییەکانی خەتی گوڵخانە"، کە لە: "جیهانی ئیسلام Die welt des Islams 1994" دا بڵاوبووەتەوە ، ل ١٧٣ — ٢٠٣.

[١٥] بڕوانە ئەم بابەتەمان: "تێڕوانینێکی نوێ بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی لقی تەریقەتی خالیدی"، ل ٣٠٧ ــ ٣٠٨، هەروەها بابەتەکەی مارتن ڤان برونەسن: "عولەمای کورد بە سەر ئیسلامەوە لە ئیندۆنیسیا" لە کتێبەکەی برونەسن خۆیدا: "مەلاکان و سۆفییەکان و نەریتەکان: رۆڵی ئاین لە کۆمەڵگای کوردیدا"، ئەستەموول، ٢٠٠٠ ل ١١١ -- ١١٣.

# بـــــــلاوبـــــوونـــەوەی
# تـــەریـــــقـــەتـــی خـــالـــیـــدی بـــــەرەو رۆژهـــــــەڵات

مێژووی تەریقەتی خالیدی لە پاش مەرگی مەولانا خالید مـۆرکی دوو رووداوی لەخۆی گرتـووە. یەکـەم بڵاوبوونەوەیـەکی خێـرا بـە شێوەیەکی سـەرەکی بـەرەو وڵاتـە ئیـسلامییەکانی ئاسـیا. دووەم رووداو ئەوەیـە، کـە لـە میانـەی سـەدەی بیـستەمدا سـتەمکردنێکی سیاسـی و ئـاینی لەلایـەن رژێمـە مۆدێرنیـست و وەهابییەکانـەوە کاریگەرییەکی درێژخایەنی بەسەر خالیدییەکانەوە بەجێهێشتووە.

بەهەرحاڵ لەسەدەی نۆزدەیەمدا تەریقەتەکە لە زێدو نیشتمانی کوردی خالیدا بەهێزتر بوو، لەوێشەوە بە وڵاتە دراوسێکاندا بڵاوبـووەوە، بـە تایبـەتی لـە ئەنەدۆڵـدا، پێش ئەوەی بگاتە ئەستەموڵو بەشەکانی تری ئیمپراتۆریای عوسمانی[16] بـەرفراوانبوونی خەتەکە بەردەوام بوو لە ماوەی هەمان سەدەداو تا تەتارستان و ئیندۆنیـسیا رۆیـشت و رێبازی خالیدی جێگەی موجەددیدی و تەنانەت هەندێ لق و پـۆی تریـشی گرتـەوە لـە گەلێ وڵاتدا. تەریقەتی خالیدی لە کوردستانەوە گەیـشتە ناوچـەی تـالش لـە بـاکووری ئێران و هەروەها وڵاتانی قەوقازیش[17]. شارە پیرۆزەکانی حیجاز مەککە و مەدینە، کـە تەکیـەکانی رێبـازی خالیـدیی تێـدا دروسـتبوو رۆڵـی سـەرەکییان بینـی لـە نێـو حاجیەکانـداو، کـە دەڕۆیـشتنەوە لـە وڵاتـەکانی خۆیانـدا بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد، بـە تایبەتی لە وڵاتی قەوقازدا وەك داغستان و چیچان لە ساڵانی ١٨٢٠کانـداو لەوێـشەوە

---

[16] بڕوانە هەڵکەوت حەکیم "یادی مەردان یان کوردە نەقشبەندییەکان" لەم کتێبەدا لاپەڕە٦١-٦٨.
سـەبارەت بـە بڵاوبونـەوەی تەریقەتەکـە لـە ئیمپراتۆریـای عوسمانیـدا بڕوانـە:
Istanbul ،Abdurrahman Memis: "Halidi Baghdadi ve Anadolu'da Halidilik" 2ooo. ،Kitabevi

[17] بڕوانە حەمید ئەڵگەر "تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە تالش باکووری رۆژئاوای ئێران"، لـەم کتێبـەدا دەکەوێتـە لاپـەڕە، ١٦٩-١٩٧. هـەروەها بڕوانـە: مۆشـێ گەمـەرو داڤیـد وەسەرشـتاین: "داغستان و جیهانی ئیسلام"، 2006،Helsinki Academia Scientiarum Fennica .

دواتر گەیشتە ئازەربایجان پاشانیش کۆمەڵە دوورگەکانی ئیندۆنیسیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا[18] شێخە کوردە خالیدییەکانی لە حیجاز جێگیر بووبوون بەشێوەیەکی سەرەکی بانگەشەکاری تەریقەتەکە بوون و تەکیەی جەبەل ئەبو قوبەیسی تەریقەتەکە لە مەککە، کە خەلیفەیەکی مەولانا خالید دایمەزراندبوو تەمەسسوکی بە گەلێ لە موریدانی ئیندۆنیسیا کرد[19]. تەریقەتی خالیدی لە داغستان، کە لەلایەن رووسەکانەوە موریدیزمی پێدەوترا، رۆڵێکی سەرەکی گێڕا لە ماوەی جەنگی پیرۆزدا لەژێر سەرکردایەتیی سێ ئیمامدا ۱۸۲۸ ـــ ۱۸۵۹و لەو سیانە دوانیان سەر بەم تەریقەتە بوون غازی محەمەد، کە ساڵی ۱۸۳۲ کۆچی دوایی کردووەو شامیلی بەناوبانگ، کە لە ساڵی ۱۸۷۱دا کۆچی دوایی کردووە[20]. هەرچەندە رێبازی خالیدی رۆڵی وردی لەم جەنگە پیرۆزەدا گێڕاوە بەڵام تاوتوێی زیاتری گەرەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، کە رێبازی خالیدی چووەتە هەندێ ناوچەی جیهانی عەرەبەوە،[21] بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بەرەو رۆژهەڵات بڵاوبووەوە و تا ئێستاش لەو ناوە لەنێو خەڵکدا برەوی هەیە.

تەریقەتی خالیدی، بە بڵاوبوونەوەی لە ئەستەموڵدا لە یەکەم دەیەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن مورید و شوێنکەوتووانی مەولانا خالیدەوە، وردە وردە هەموو تەکیەو خانەقاکانی تەریقەتی موجەددینی پێشووی لەخۆگرت، کە لە دوا دوایی سەدەی حەڤدەیەمەوە لە پایتەختی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا دامەزرابوون و تەنانەت

[18] بڕوانە رەمەزان موسلۆ،"مەولانا خالید لە ئازەربایجان: محەمەد ناسیح ۱۹۰۷ ـــ ۱۹۹۶"، لەم کتێبەدا دەکەوێتە ل ۱۳۵-۱۴۹.

[19] بڕوانە مارتن ڤان برونەسن "لەپاش رۆژگاری ئەبوقوبەیس: گۆڕانی ئیندۆنیسیەکان بۆ رێبازی خالیدیی نەقشبەندی" لەم کتێبەدا دەکەوێتە لاپەڕە/۲۲۵-۲۵۱.

[20] ئەم خاڵانە لەلایەن میشێل کێمپەرەوە گفتوگۆی لێوەکراوە،" تەریقەتی خالیدی لە باکووری قەوقازدا: کێشە مێژوویی وجوگرافییەکان"، لەم کتێبەدا دەکەوێتە ل۱۵۱-۱۶۷.

[21] لەبارەی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە جیهانی عەرەبدا، بڕوانە بابەتی تازەکانی ئەبومەننە"سەلەفییەت و سەرهەڵدانی خالیدیی لە بەغدا، سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم"، Die welt des Islams 43:3،2003 . هەروەها ئیسحاق وایزمان "شێخی لەبیرکراو: عیسای کوردی و گۆڕانی تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدی لە سوریای سەدەی بیستەمدا"، ل ۳۷۳ – ۳۹۳ . لە بابەتی "دەستی نهێنی: تەریقەتی نەقشبەندی ـ خالیدیو هاوکاریی فەندەمێنتاڵیستی ئۆرسۆدۆکی لە حەڵەب"، لەم کتێبەدا ل۴۱-۵۹.

هەندێ تەکیەو خانەقای نەقشبەندیش، کە لە سەدەی شانزەیەمەوە دامەزرابوون. بایەخدارترین تەکیەی خالیدیی، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا دامەزراو کاریگەریی هەبوو لە سەر ژیانی فەرهەنگی وسیاسی لە ئیمپراتۆریادا، تەکیەی گومیوشانێڤی بوو Gumushanevi ١٨٥٩، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد زیائەدین گومیوشانێڤ ساڵی ١٨٩٤ کۆچی دوایی کردووە.[٢٢] ئەم پیاوە ژمارەیەکی زۆر خەلیفەی هەبوو، کە دەیناردن بۆ چەندین شوێنی ئیمپراتۆریا بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە.[٢٣] بێجگە لەمەش، بەرپرسیارێتیی تەریقەتەکەی لە میسرو ناوچەکانی ئورال ــ ڤۆلگا لەئەستۆ گرتبوو، کە بە تواناترین و زیرەکترین زانای بۆ نارد بەناوی زەینەللا رەسوولۆڤی ترۆتسك ساڵی ١٩١٧ کۆچی دوایی کردووە. دواتر شێخە خالیدییەکانی ئەم ناوچەیە بەناوی "گومیوشانێڤی ئیشانلەر Gumushanevi Ishanler"[٢٤] دەناسران. ژمارەیەکی بەرچاوی نووسین لە سەر تەریقەتی خالیدی، کە لە قازان چاپکراون ناوچەی ئورال ـ ڤۆلگای کردووەتە سەنتەرێکی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی تەریقەتی خالیدی، شان بە شانی تورکیاو ئیندۆنیسیا. موریدەکان لای رەسوولۆڤ تەریقەتەکەیان تا بانی کازاخ و سیبریاو شارەکانی سنووری چین برد.[٢٥] یەکێکیان ساڵی ١٩٠٥ مەدرەسەیەکی لە ئەستراخان کردەوە.[٢٦]

هەولێرنامەی کتێب

---

[٢٢] دانەری یەکێك لە کارە نایابەکانی ئەدەبی تەریقەتی خالیدی "جامع الأصول"، القاهرة: الجمالي،١٩١٠ و دامەزرێنەری چەندین کتێبخانەی سۆفیگەری لە ئەنەدۆڵ. لەبارەی مێژووی ئەم تەکیەیەوە بڕوانە بەها تانمان "تەکێی گومیوشانێڤی لە ئەستەمبوڵ، مێژوو و پێکهاتەی تەکێی خالیدیی نەقشبەندی". لەم کتێبەدا ل٨٧-١٠٦.

[٢٣] بۆ نموونە بڕوانە چیرۆکی شێخێك و ئیسماعیل قەرەی نەوەی رۆحیی، "شێخ عوسمان نیازی ئەفەندی و لقی گومیوشانێڤیی دەریای رەش لە سەدەی نۆزدەیەمدا". لەم کتێبەدا، ل١٠٧-١٣٤.

[24]، pp.103 – 107 ١٩٣١، Qazan: Yangalif، Zarif Mozaffari "Ishanlar – Darvishlar"

[٢٥] بڕوانە تێری زەرکۆن "تەریقەتە سۆفییەکان لە سیبیریادا لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا"، لە ئیسلام لە سیبیریادا ــ لاپەڕەیەك لە بارەی جیهانی رووسیاوە ، ٤١: ٢ — ٣ ٢٠٠٠ ، ل ٢٩١ — ٢٩٣.

[٢٦] ئالن جەی فرانك "مێژووی پیرۆزی موسڵمان و شۆڕشی ١٩٠٥ لە مێژوویەکی سۆفیگەریی ئەستراخاندا"، لە Devin de weese "لێکۆڵینەوە لە مێژووی ناوەڕاستی ئاسیا لە سەر شەرەفی یوری برێگێل"، برومینگتۆن، ئیندیانا: زانکۆی ئیندیانا، ٢٠٠١، ل ٣٠٨.

## لە نێوان سەرەولێژبوونەوەی
## رێ و رەسمی ئاینی و بووژانەوەی کۆمەڵایەتیدا

لە یەکەم دەیەکانی سەدەی بیستەمدا تەریقەتی خالیدی تووشی ململانێ و بەرەنگاربوونەوەیەکی دراماتیکی بووەوە لەگەڵ رژێمە مۆدێرنیست و ئیلحادییەکاندا بوو بەهۆی لاوازبوونی لە تورکیای کۆماریدا، کە لە ساڵی ١٩٢٥دا هەموو تەریقەتە سۆفییەکانی تێدا قەدەغە کرا. هەمان شت دوای ساڵی ١٩١٧ لە قەوقازی سۆڤێتدا رووی دا و بەشێوەیەکی کردەیش لە تەتارستاندا شوێنەواری نەما. بە هەمان شێوە تەریقەتی خالیدی ساڵی ١٩٢٤ دوای گرتنی مەککەوە لەلایەن ئیبن سعوودەوە بە دەست وەهابیەکانەوە گرفتار بوو ، کە دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەوانیش تەواوی تەریقەتە سۆفییەکانیان قەدەغە کرد و تەکیەکەی جەبەل ئەبو قوبەیسیان رووخاند[٢٧] و هەموو شێخەکانی تەریقەتی خالیدی ناچارکران لە حیجاز هەڵبێن.

بەهەرحاڵ، لەپاش ساڵی ١٩٢٥ تەریقەتی خالیدیی تورکیا فێری ئەوە بوو، کە بە نهێنی پارێزگاری لە نەریت و رێورەسمی خۆی بکات و کەوتە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەجێمابوو لە هەڵوەشاندنەوەی مەدرەسەکان و پەرش و بڵاوبوونەوەی زاناکان و دەسکەوتنی کتێبە ئاینییەکان. وەچەیەکی یەکەمی شێخە ناودارەکانی وەك محەمەد عیزەت ١٩٣٠ مردووە، عەبدولحەکیم ئەرڤاسی ١٩٤٣ مردووە، عەبدولحەی ١٩٥٧ مردووە، ئەحسکەلی عەلی حەیدەر ١٩٦٠ مردووە، کە هەموو لە کۆتایی سەردەمی عوسمانیدا خوێندوویانە، بەردەوام بوون لە گواستنەوەی تەریقەتی خالیدی. هەندێك لەوانە وازیان لە رێ و رەسمە تایبەتەکان هێنا بۆ نموونە سازدانی کۆڕی زیکر لە پێناوی فێرکردنی شێوازی رەسەن و بنەڕەتی ئیسلام.[٢٨] ئەحسکەلی عەلی حەیدەر یەکێك بوو

---

[٢٧] بڕوانە بروونەسن "ڕەگ و ریشەو پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیا"، ل/١٧٤.

[٢٨] لەو بارەوە بڕوانە جەمال بایاك، "حەیدەر ئەفەندیی ئەحسکەلی"، هەروەها "ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی" ئەستەمبوڵ: دەزگای وەقفی ئاینی، بەرگی ١٧، ل 27 – 28. هەروەها بڕوانە:
Mehmet Fatsa, "Tasavvufta Mekki Kolu", Istanbul: Mavi Y., pp. 99 – 101, 2000.

لەو زۆر پایەبەرزانەی خالیدی لـە تورکیـای نوێـداو ئوسـتادی ڕۆحیـی چـەندین شـێخی هاوچەرخ بوو.

دواتر وەچەیەکی نوێی شێخەکان تەریقەتی خالیدییان بەهێز کردووە پاش ئەوەی دابەش بوو بوو بەسەر گەلێ لق و پـۆدا، کـە هەنـدێکیان بـوون بـە ڕێکخـراوی ئـاینیی بەهێزو بەتوانا و بووژاندنەوەی ئاینی، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایـەتیی ئیـسلامیان لـەخۆگرت. ئـەمانی شـێخانی وەك زاهیـد کۆکتـو ۱۹۷۹ مـردووە، عیـززەت جۆشـان ۲۰۰۰ مردووە، مەحمود ئوستا عوسمان ئۆغلۆ، لەخۆگرتووە.[۲۹]

هەرچەندە ڕێ و ڕەسمی ئاینی و چالاکیی تەریقەتی خالیدی بەشێوەیەکی بەرچاو کـەمی کردبـوو، بـەڵام لـە سـاڵی ۱۹۵۰وە وردە وردە لـە تورکیـادا بووژایـەوەو لـە قەوقازیشدا پاش ساڵی ۱۹۹۰و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیێت. لـە تورکیـادا تەریقەتی خالیدی نەك تەنها بوو بە یەکێك لـە ئەکتـەرە سـەرەکییەکان لـە بووژانـەوی ئیسلامدا، بەڵکو ئـەو چوارچێوەیەشـی ڕەخـساند بـۆ سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوە ئاینییـە نوێیەکان کەوا کەم تا زۆریان میراتـی نـەریتی تەریقـەتی خالیـدین وەك بزووتنـەوەکانی سولێمانجی و ئیشکـچی و ئەزمەنـدی، یـان لادانـە لـەو تەریقەتـە وەك بزووتنـەوەکانی نورجو، فەتحوڵلاهجی.[۳۰]

خاسییەتێکی تایبەتی تەریقەتی خالیدی، کە لـە ڕێبازەکـانی تـری سـۆفیگەری جیای دەکاتەوە پەرۆشییەتی بـۆ چـالاکییە کۆمەڵایـەتییـەکان و سیاسـەت. تەریقـەتی خالیـدی سـەرکەوتوو بـوو، بـە تایبـەتی لـە تورکیـادا بـۆ نموونـە لـە پـارتی برایـەتیی

---

[۲۹] کارێکی پێشەنگانە لە سەر مێژووی تەریقەتی خالیدی لە ژێر ڕکێفی کۆماری تورکیادا، ئەلگەر "تەریقـەتی نەقـشبەندی لـە تورکیـای کۆماریـدا"، ڕاپـۆرتی جیهـانی ئیـسلامی Islamic World Report ل/ ٥١ – ٦٧.

[۳۰] بڕوانە زەرکۆن "گواستنەوەی تەریقەتە سۆفییەکان لە کۆماری تورکیاداو مەسەلەی سۆفیگەریی نهێنی"، لە J.L.Warner "Cultural Horizones: a Festschrift in Honor of Talat Halman" New York and Istanbul: Syracuse University - Yapi Kredi 2001, pp. 198 – 209; Hakan Yavus"Turquuie Moderne et l'islam" Paris: Flamarrion 2004, pp. 210 – 224, 272 – 289.

نیشتمانیدا 1971 ـ 1970 و لە ئیندۆنیسیادا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانداو بۆ دامەزراندنی حیزبی سیاسی خۆیان.[٣١]

بوارێکی تری جیاکەرەوەی خالیدییە دروستکردنی "گوندەکانی نەقشبەندی، کە بەشێوەیەکی گشتی لە دەوری تەکیە/ مەدرەسەیەکدا چڕ دەبنەوەو دەخرێنە ژێر سەرپەرشتیی بەڕێوەبردن و ئیرشادی رۆحیی شێخەکانەوە. لە ئیندۆنیسیاو باوسەلام گوندێك لەو جۆرە هەیە لە ساڵی ١٨٨٣ وە دروست کراوەو تا ئێستاش هەر ماوە. لە تورکیا گوندێك لە پشتی یالۆڤاوەیە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروست کراوە لەلایەن ئاوارە خالیدییەکانی داغستانەوەو لە جەنگی سەربەخۆییدا لەلایەن سوپای یۆنانەوە رووخێنرا[٣٢]. لە هەردوو حاڵەتدا تەریقەتی خالیدی جێبەجێکردنی یەك لە یانزە بنەمای نهێنی رێبازەکە ئەنجام دەدا، کە "خۆ دابڕانە لە کۆمەڵ" خەلوەت دەر ئەنجومەن، کە بەشداریکردنە لە بەهارمۆنییکردنی پێداویستیی رۆحی و تێڕامان و سیاسەت.تەریقەتی خالیدیی شام لقێکی کوردیی هەیە، کە لەلایەن ئەحمەد کوفتارۆ ١٩١٥ ـ ٢٠٠٤ لە دیمەشق دامەزراوەو هەزاران ئەندامی هەیەو کەرتێکی زۆر چالاکی ئافرەتانیشی هەیە. ئەمان بەرهەڵستیی وەهابی دەکەن و دەچنە دیالۆگ و مشتومڕی ئاینییەوە لەگەڵ مەسیحی و جوولەکەدا. زۆرێك رەخنە لە پەیوەندی نزیکی دەگرێت لەگەڵ سەنتەری دەسەڵاتی سوریدا[٣٣]. لقی سەرەکی تەریقەتی خالیدیی کوردی بە

[٣١] ئەلگەر "ڕووە سیاسییەکانی مێژووی نەقشبەندی"، لەم. گابۆری، ئە. پۆپۆڤیچ، ت. زەرکۆن "نەقشبەندییەکان: پەرەسەندنی مێژوویی و بارودۆخی ئێستای تەریقەتێکی سۆفیی ئیسلامی" ئەستەموڵ ـ پاریس: ئیزیس، ١٩٩٠، ل ١٢٣ – ١٥٢، زەرکۆن "نەقشبەندی و کۆماری تورکیا: چەوساندنەوە و گێڕانەوەی دۆخی ئاینی و سیاسی و کۆمەلایەتی ١٩٢٥ ـ ١٩٩١"، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی تورکی ژمارە ٢٤ ، ١٩٩٢، ل ١٣٣ – ١٥١. ئوراڵ مانچۆ "تەریقەتە سۆفییەکان و کەشوهەوای پەیوەندییان لە تورکیادا. گریمانەی پاڵپشتی کۆمەڵگەی تورکی".

[٣٢] بڕوانە دینیس لۆمبارد "تەریقەتەکان و پرۆژەیان لە سۆمەترەدا: نموونەی شێخ عەبدولوەهاب رۆکان ١٨٣٠ـ ١٩٢٩"، لە "نەقشبەندییەکان"، ل ٧٠٧ ـ ٧١٥، هەروەها ئەلگەر "تەریقەتی نەقشبەندی لە لە تورکیای کۆماریدا"، ل ٥٧

[٣٣] ئەنەبێل بۆچەر "دەستەبژێری ژنانی کورد لە تەریقەتی کۆفتارییەدا ـ کە رێبازێکی نەقشبەندیی دیمەشقییە"، لە ئیسلامی کورد جۆرێکی ترە لە مێژووی ئیسلام، ١٩٩٨، ل ١٢٥ ـ ١٣٩. هەروەها لێڤ شتێنبێرگ "تەریقەتی نەقشبەندی لە دیمەشقدا: ستراتیجی دامەزراندن و بەهێزکردنی◄◄

هەواڵنامەی کتێب

شێخەکانی سیراجەدینی هەورامان پێناسە دەکرێت، لە بەشی باشووری کوردستانی عێراق، کە لە ساڵانی ١٨٣٠کانەوە لە کوردستانی عێراق و تورکیادا کاریگەر بوون تاساڵی ١٩٩٧، کە عوسمان سیراجەدین لە ئەستەمووڵ کۆچی دوایی کرد. لەبەرئەوەی دوای ئەو هیچ جێگرەوەیەك دانەنرا ئەوە ڕەنگە مانای کۆتایی هاتنی ئەم لقە بگەیەنێت.[٣٤] کەمبوونەوەی چالاکیی لقێکی تری تەریقەتی خالیدیی کوردیی، لە ساڵانی ١٩٧٠کانەوە، کە بنکەکەی لە (نۆرشین Norshin)ە لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە شێوەیەکی خراپ کاری کردووەتە سەر مەدرەسەکەی.[٣٥] بەهەرحاڵ تەریقەتی خالیدی تا ئێستا لەلایەن چەندین لقی تریەوە لە بەشە کوردییەکەی تورکیاو سووریاو عێراق و ئێران بوونی خۆی دەنوێنێ.

لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، خالیدییەکانی تورکیا گەلێك لەو خەلیفانەی موریدو شوێنکەوتوویان زۆرە لە ئۆزبەکستان و داغستان ناردە ئەوێ و لەوێ لقە ناوخۆییەکانی تەریقەتی خالیدی چالاکی خۆیان نوێکردەوە.[٣٦] بارودۆخی نەقشبەندی لە قەوقازدا هیچ ئارامییەکی تێدا نییە ، چونکە خالیدی و وەهابیەکان بە توندی شەڕی یەکتر دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە خالیدی و وەهابیەکان سازشیان لەگەڵ یەکتر کردووەو "گوندی تیۆکراتی" جیاوازیان دامەزراندووەو پێکەوە کاروباریان

---

تەریقەتەکە لە کۆمەڵگەیەکی ڕوو لە گۆڕانکاریدا"، لە کتێبی ئێلیزابێس ئۆزداڵگادا بلاو بووەتەوە "نەقشبەندییەکان لە ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیادا"، ئەستەمبوڵ: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی سوێدی، ١٩٩٩، ل ١٠١ ـ ١١٦.

[٣٤] فەرهاد شاکەلی "شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و میراتی ڕێبازی خالیدی ـ موجەددیدی لە کوردستاندا"، لە کتێبەکەی ئۆزداڵگادا بلاو بووەتەوە "نەقشبەندییەکان لە ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیادا"، ل ٨٩ ـ ١٠٠.

[٣٥] موفید یۆکسەڵ "کوردستاندە دەغەشم سورێچ"، ئەنقەرە: سۆر، ١٩٩٣، ل ١٦١ ـ ١٨٨.

[٣٦] بڕوانە زەرکۆن: "کارییگەریی تەریقەتی نەقشبەندیی ـ خالیدی لە ئاسیای ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بە ئەفغانستان و خیانجانگیشەوە"، ل ٢١٥ — ٢٢٤. تەریقەتی خالیدیی ـ هەققانی لە قوبرس لە دوادوایی ساڵانی ١٩٩٠کاندا لە ئیندۆنیسیا و داغستان گەلێ خەلیفەی پەیدا کردووە. هەروەها بڕوانە بابەتە نووسینی جۆرگن نیڵسن، مستەفا دراپەر، گالینا یێمیلیانۆڤا "سۆفیزمی بان نەتەوەیی یان نیشتمانی"، لە کتێبەکەی جەمال مالیك و جۆن هینیێلسدا "سۆفیزم لە ڕۆژئاوادا" لەندەن: ڕۆتلیج، ٢٠٠٦، ل ١٠٩— ١١٠ و بروونەسن لەم بەرگەدا، ل ٢٢٥- ٢٢٨

بەڕێوە دەبەن.[٣٧] لە بەشی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕێبازی خالیدی گەیشتە ئەورووپا و ئەمەریکا و لەوێ لە نێو دیاسپۆرای موسڵماندا بڵاوبووەوە و بەهەمان شێوە لە نێو تازە موسڵمانیشدا. چەندین لقی ڕێبازی خالیدی لە ئەورووپادا هەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە فەرەنسا و ئەڵمانیادا، کە بۆ نموونە لقەکانی مەنزلکۆیی Menzilkoy محەمەد ڕەشید و ئەسکەندەر پاشا Iskender pasha ز. کۆکتۆ، عیزەت جۆشانو هەروەها ڕێکخراوی سولێمانجی.[٣٨] لقی ئەسکەندەر پاشا لە نێو دیاسپۆرای تورکیشدا لە ئوسترالیا دامەزراوە. شێخ نازم قوبرسی ساڵی ١٩٢٢ لە دایك بووە کە کەسایەتیی دامەزرێنەری ڕێبازی خالیدی ــ هەققانی یە، موریدو شوێنکەوتووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا هەیە. تەریقەتی خالیدیی ـ هەققانی تەنها هەر لەناو دیاسپۆرای موسڵماندا و لە ئاین وەرگەڕاوەکانی ڕۆژئاوادا کە بوون بە موسڵمان ــ و بڵاونەبووەتەوە، بەڵکو لە ناوچە ئیسلامییەکانی تریشدا بڵاوە، وەك داغستان، ئیندۆنیسیا، ئۆزبەکستان.[٣٩]

هەواڵنامەی کیژ

---

[٣٧] بۆ نموونە لە گوند یان کیرۆڤۆلدا، لە ڕۆژئاوای مەحەج قەلاوە لە داغستان، بڕوانە دیمتری ماکارۆڤ "سەپاندنی یاساکانی شەریعەت لە گوندێکی داغستاندا"، ISIM Newsletter 1:98 1998:p.19

لە بارەی ئەو ڕۆڵەوە، کە خالیدییەکان لە قەوقازدا گێڕایان لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییێت، بڕوانە بابەتی عەلی ئەکبەر ك. عەلی ئەکبەرۆف "چالاکی و کاریگەرییەکانی تەریقەتەکانی سۆفیزم لە ناوچەی قەوقازدا"، لە کتێبەکەی ماریێتا ستێپانیانت "سۆفیزم و ڕێکخراوەکانی لە ئیسلامی هاوچەرخدا: قورسیی هاوتا ڕاگرتنی نێوان سۆفیگەری و سیاسەت"، تورین: دەزگای ئەگنێللی، ٢٠٠٣، ل ١٦١ — ١٧٩.

[٣٨] بڕوانە بەشی دووەمی کتێبەکەی بیرۆڵ کەیمەز: "بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تورکیا لە پاریس"، پاریس: دەزگای هارماتان، ٢٠٠٢، کە پێشکەشی سولێمانجییەکانی پاریس کراوە. هەروەها بڕوانە گێردن◄◄ جۆنکەر"پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی ــ موجەددیدی و سولێمانجییەکانی ئەڵمانیا" لە "سۆفیزم لە ڕۆژئاوادا" ، ل ٧١ -- ٨٥.

[٣٩] دێڤید دەبلیو دەمرێڵ: "ڕوخسارەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی ـ هەققانی لە باکووری ئەمەریکادا لە سۆفیزم لە ڕۆژئاوادا" ل ١١٥ -- ١٢٦.

بەهەرحاڵ لقەکەی قوبرسی زۆر جێگەی گومانە لای دەستەوتاقمی شێخە خالیدییە تورکییەکان، کە وەك خراپییەکانی دادەنێن بەرامبەر بە تەریقەتی خالیدیی ڕەسەن و گونجاندنێکی زیانبەخشە بۆ ژیانی مۆدێرنەی ڕۆژئاوا.[٤٠]

ئەمڕۆ تەریقەتی خالیدی کۆمەڵێك لقی بەهێزی هەیە بە هەزاران ئەندامەوە لە تورکیاو ناوچە کوردییەکان و ئیندۆنیسیا و سووریا و قەوقاز. ئەمە لە ڕێکخراوێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ئەولاترە وەك بەردەوام لەلایەن ناحەزانیەوە وێنا دەکرێت، کە خالیدییەکان هێشتا هەر خەریکی بەجێهێنانی کۆڕی تێڕامانی ڕۆحین چەشنی کۆڕی زیکر. هەروەها تەریقەتی خالیدی لە سەر ڕاهێنانی خەلوەت بەردەوامە ، کە بە پێویست دەزانرێ لای خالیدییەکانی ئیندۆنیسیا و بیرکردنەوەیەکی ڕەمزییە لە مەرگ تژکّر الموت.[٤١] بەهەرحاڵ، زیادبوونی مورید لە هەندێ ڕێبازی خالیدیدا لە تورکیا و ئیندۆنیسیا و شوێنانی تر شان بەشانی وابەستەیی داراییە بە ڕێکخراوی دارایی گەورەترەوە (وەقف). ئەمە وای لە فرە ڕێبازی سۆفیگەری کردووە، کە بە گومان و دوودڵییەوە لە بیرۆکراتییەتی پەیوەندییەکان و تەمومژاویی شتەکان بڕوانن.

بەم چەشنە، لە تورکیا گەلێك لە خالیدییەکان سکاڵای ئەوە دەکەن، کە پەیوەندیی شەخسی نێوان شێخ و موریدەکان گۆڕاوە بە پەیوەندییەکی ڕەسمی و ئیداریی وشك و برینگ. ئەم بیرۆکراتییەتە لە ئایندەدا دەبێتە یەکێك لە گەورەترین ئاستەنگەکانی، کە بەرەوڕووی تەریقەتی خالیدی دەبێتەوە لە دەیەکانی داهاتوودا و هەڕەشەیەك دەبێت، کە ڕەنگە لە سیاسەتی حکومەتە عەلمانییەکان و هێرش و پەلاماری وەهابییەکان کاریگەرتر بێت.

**تێری زەرکۆن**

---

[٤٠] تەیفون ئەتای "سۆفییەکانی نەقشبەندی لە شێوازێکی ڕۆژئاواییدا"، نامەی دکتۆرا، زانکۆی لەندەن، ١٩٩٤ کە لە ژێر ناوی Bati’da bir Nakshi Cemaati Shekh Nazim Kibrisi Ornegi” بە تورکی بڵاو کراوەتەوە. ئەستەموول، ١٩٩٦

[٤١] هەمان سەرچاوە.

# سەرنجە بیبلۆگرافیاییەکان لەبارەی نەقشبەندیی ـــ خالیدییەوە

**حەمید ئەلگەر**

ئەمەی نوسراوە هەولّدانێکی ڕێخۆشکەرو بێگومان ناتەواوە بۆ لیستکردن و هەلّسەنگاندنی ئەو نووسینە بەرز و بەپێزانەی لە سەر نەقشبەندیی ـــ خالیدی و پەرەسەندنی تەریقەتەکە نووسراون. نووسینە زۆرو پڕ بڕشتەکانی خالیدییەکان خۆیان بە عەرەبی و فارسی و کوردی و تورکی و مەلایۆ شیاوی تاوتوێی جیاواز و وردن. تا ئێستا ژیاننامەیەکی تەواو و گونجاوی مولانا خالید بلاّوبونەتەوە، سەرەڕای زۆرێك لە سەرچاوەی بەردەست. عباس العزّاوی پێشەکییەکی کورتی لە سەر ژیانی نووسیوە لە "مەولانا خالید ئەلنەقشبەندی"دا.[٤٢] لێکۆلّینەوەکەی ئەلبێرت حۆرانی یەکەم کارە بە زمانێکی ئەوروپی بە ناوی "مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی"[٤٣]. دووبارە چاپکرایەوە وەك "سۆفیزم و ئیسلامی مۆدێرن: مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی"[٤٤]. ئەمە گریمانەی ئەوەی لەخۆ گرتبوو، کە پێکهاتەی پەرەسەندنەکان لە دنیای ئیسلامی سەدەی نۆزدەیەمدا زیاتر "کاردانەوەی کاریگەریی ڕۆژئاوا" بوون وەك لەوەی لە جیهانی ئیسلام خۆیەوە هاتبن. لەگەلّ ئەوەشدا ئەم کتێبە شیاوی متمانەیە وەك پێشەنگی میانڕەو. کتێبەکەی بوترس ئەبو مەننە "سەرهەلّدان و بلاّوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی ـ خالیدی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا"، کە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە دوکتۆرانامەیەکی ئۆکسفۆرد بەسەرپەرشتی حۆرانی و هەمان جەخت کردنی بابەتەکەی حۆرانیی تێدایە.[٤٥] ئەمە ژیاننامەیەکی کورتی مەولانا خالیدی تێدایە

---

[٤٢] مجله المجمع العلمی الکردی بغداد ژمارە ١ ١٩٧٣ ل/٦٩٦ — ٧٢٧.

[٤٣] لە س. م. شتێرن: "فەلسەفەی ئیسلام و نەریتی کلاسیکی"، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ١٩٧٢ ل٨٩– ١٠٣

[٤٤] لە حۆرانی "دەرکەوتنی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستی مۆدێرن"، لەندەن، ماکمیلان، ١٩٨١ ل٧٥– ٨٩.

[٤٥] لە ل١٣ — ٢٦ی بابەتە کۆکراوەکانی "توێژینەوە لە سەر ئیسلام و ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا" ئەستەمووڵ، ٢٠٠١.

لەگەڵ باسێکی بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکەی بۆ دیمەشق و ئەستەموولو ڕەشنووسێکی ئامۆژگاریی مەولانا خالید و تەئکیدێك لە سەر مۆرکە سیاسییەکانی. کتێبەکەی مەهین دوخت موعتەمەدی نەقشی ئەز مەولانا خالیدی نەقشبەندی و پەیڕەوانی تەریقەتی، لەگەڵ ئەم ناونیشانەشیدا کەچی تەنها نزیکەی دە لاپەڕەی بۆ مەولانا خالیدو لقی سیراجەددینی خالیدییە تەرخان کردووە[٤٦]. بەڵام دواتری کارەکە بریتییە لە باسی سیلسیلەی نەقشبەندی بە پەخشان و هۆنراوە. کتێبەکەی نزار ئەبازە: "الشیخ خالد النقشبندی العالم المجدّد: حیاته وأهم مخلّفاته"، لە کاتی نووسیندا لەبەردەستمدا نەبوو.[٤٧] هەڵکەوت حەکیم باس لە مامەڵەی مەولانا خالید دەکات لەگەڵ فەرمانڕەوایانی میرنشینی بابان و عوسمانی و ئێران لە کتێبی: " مەولانا خالید و دەسەڵاتەکان Mawlana khalid et les pouvoirs"[٤٨].

کورتە دەروازەکانی ئیسکلۆپیدیا لە سەر مەولانا خالید هی ئەم نوسراوانەن"بەغدادی، خالید زیائەدین"[٤٩]و"خالید ئەلبەغدادی"[٥٠]. لانی کەم دوو دوکتۆرانامەش بۆ مەولانا خالید تەرخان کراوە، یەکێکیان: سیریل شۆدکۆڤسکی، "مەولانا خالید ١٧٨٠ -- ١٨٢٧ و تەریقەتی نەقشبەندی لە سووریا "[٥١]. ئەویتریان: سین فۆلی، "مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی -- خالیدی ١٧٧٦- ٢٠٠٥"[٥٢] وەك ناونیشانی هەردوو نامەکە، کە دەری دەخەن، هەردوکیان بە وردی لە پەرەسەندنەکانی دوای مەولانا خالیدیان کۆڵیوەتەوە.

---

[٤٦] لە ل١٣ — ٢٦ی بابەتە کۆکراوەکانی "توێژینەوە لە سەر ئیسلام و ئیمپراتۆریێتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەدا" ئەستەموول، ٢٠٠١.

[٤٧] دیمەشق: ١٩٩٤

[٤٨] لە: M. Gaborieru, A. popovic and Th. Zarcone, eds., پەرەسەندنی مێژوویی و بارودۆخی ئێستای ڕێبازی میتۆلۆجی ئیسلامی ئەستەمبوڵ و پاریس : Isis, 1990 ل ٣٦١-٣٧٠.

[٤٩] ئینسکلۆپیدیا ئیرانیکا لەندەن: ڕۆتلیج ـ کێگان پۆڵ، ل ٤١٠ — ٤١٢.

[٥٠] Islam Ansiklopedisi, Turkiye Diyanet Vakfi Ankara: Diyanet Vakfi, XV, pp. 283 - 285

[٥١] 1980، Universite Paris –IV،Memoire de Maitrise

[٥٢] نامەی دکتۆرا، زانکۆی جۆرج تاون، ٢٠٠٥.

پێداچوونەوەیەك بە جێگرەوەكانی مەولانا خالیددا لەلایەن عەبباس ئەلعەززاوییەوە نووسراوە بەناوی "خلفاو مولانا خالد"[٥٣]، بەلام رووپێوییەكی گشتگیری بلاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە ئارادا نییە . قۆناخە بەراییەكانی بلاوبوونەوەی ئەم تەریقەتە لە بەغدا، دیمەشق، ئەستەموولو كوردستان بە كورتی لەلایەن ئەبو مەننەوە ئەنجامدراوە لە كتێبی "تێڕوانینێكی نوێ بۆ سەرهەلدان و بلاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی"[٥٤]. ئەلبەتە "خالیدییە" و "نەقشبەندییە" ی نووسەر تەنها سكێچی زەمینەسازییە.[٥٥]

لە نێو ئەو ناوچانەدا، كە تەریقەتی خالیدی تێیدا رەگی داكوتابوو كوردستانی زێدی مەولانا خالید گەورەترین سەرنجی دراوەتێ و بە تایبەتی زۆرینەی خەلیفەكانی كورد بوون. كتێبەكەی مارتن ڤان بروونەسن "ئاغاو شێخ و دەولەت: لەبارەی رێكخستنی كۆمەلایەتی و سیاسیی كوردستانەوە" یەكەمینی چەندین هەولو بەشداری نووسەرە لە بواری لێكۆلینەوەی نەقشبەندیدا لە كوردستان و شوێنانی تر.[٥٦] لە سەرەتاوە بایەخدانی ئەم بەم كارە بەشێوەیەكی سەرەكی لەگەل شێخەكانی دووڕووە بۆ نموونە خەتی سیراجەدین، كە لە بیارەی كوردستانی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە و جزیرە لە باشووری رۆژهەلاتی ئەنەدۆل، بەلام زانیاریی زۆریشی لە سەر رێبازەكانی تری خالیدی بلاو كردووەتەوەو بە درەختی سوودبەخشی نەسەب تەواوی كردووە. كتێبەكەی موفید یۆكسل Kurdistan ‘da Degisim Sureci تیشكی خستووەتە سەر شێخە كوردەكانی خالیدییە لە باشووری رۆژهەلاتی ئەنەدۆلداو بە تایبەتی ئەوانەی نۆرشین.[٥٧]

هەواڵنامەی کتێب

---

[٥٣] مجلة المجمع العلمی الكردی بغداد، العدد ٢ ١٩٧٤: ١٨٢-- ٢٢١.\

[٥٤] لە كتێبی ئەحمەد یەشار ئۆجاك "سۆفیزم وسۆفییەكان لە كۆمەلگای عوسمانیدا" Ankara Turk Tarih, Kurumu, 2005, p. 279-314

[٥٥] "ینسكلۆپیدیای ئیسلام"، دەزگایوەقفی ئاینیی توركی، ژمارە١٥، ل ٢٩٥ - ٢٩٦، جەی ئێل ئێسپۆسیتۆ لە "ئینسكلۆپیدیای ئۆكسفۆرد لەمەڕ جیهانی ئیسلامی مۆدێرن" نیویۆرك: چاپخانەی زانكۆی ئۆكسفۆرد، ١٩٩٥، ژمارە ٣، ل ٢٢٦ -- ٢٢٩.

[٥٦] ئوتریخت: زانكۆی ئوتریخت، ١٩٧٨، لەندەن: زەد بووكس، ١٩٩٢.

[٥٧] Ankara: Sor Y. ،١٩٩٣

ئەو بە قەناعەت هێنانەوە وایدەگەیەنێت کەوا بەهۆی دەستاودەستکردنی سەرکردایەتیی تەریقەتەکەوە لە ڕێگەی ڕەچەڵەکەوە، ئەوە وەچەکان هاتوون "ئەریستۆکراتییەتی شێخە کوردەکانی نەقشبەندییان" پێکهێناوەو بەم ڕەنگەو بەزۆریی لە بەرگی عەلمانیدا ماونەتەوە، لە سەردەمی تورکیای کۆماریدا. شێخەکانی نۆرشین لەنێو ئەو خالیدییە زۆرانەدا بوون کەوا تا ڕادەیەك کاریگەرییان هەبوو لە سەر سەعیدی نوورسی لەماوەی سالآنی خۆسازدانیداو ئەمەش بوارێکی جێی بایەخی نووسەرانی ئەم سەردەمەیە "سۆفیزم و تەریقەت لە ژیان و کاری بەدیعولزەمان سەعیدی نوورسیدا "[٥٨]. ئەو ڕۆڵەی، کە شێخە خالیدییەکان گێڕایان لە پشتکیری کردنی هەستێکی کوردیی شوناسی نەتەوایەتیدا لەلایەن ڕۆبەرت ئۆلسنەوە بایەخی پێدراوە لە پێشەکیی باس وخواسە ووردەکەیدا لەبارەی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پالۆدا، بەناوی سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و یاخیبوونی شێخ سەعیدا ١٨٨٠-١٩٢٥.[٥٩]

دوا لاپەڕەکانی نامەی دوکتۆراکەی هەلکەوت حەکیم: "تەریقەتی نەقشبەندیی لە کوردستان لە سەدەی نۆزدەیەمدا "، وێنەی چالاکییە سیاسییەکانی شێخ عوسمانی سیراجەدینی دووەم روون دەکاتەوە، کە شۆڕشی ئیسلامی ئێران ناچاری کرد سالی ١٩٧٩ دووڕووە بەجێبێلێ وسەربنێ بە گەلێ شاری یەك لە دوای یەکی بێگانەوە، کە یەك لەو شارانە پاریس بوو کەوا حەکیم تێیدا چاوی پێکەوت،[٦٠] حەکیم ئەنجامی لێکۆلێنەوەکەی لەبارەی مێژووی بەرایی تەریقەتی خالیدی لە کوردستاندا لە ژێر ناوی"أبعاد ظهور الطريقة النقشبندیه فی کوردستان فی أوائل القرن التاسع عشر" کورت کردەوە[٦١]. هەروەها بنەمالەی سیراجەدین مایەی بایەخدانی بنەڕەتیی لێکۆلێنەوەیەکی فەرهاد شاکەلییە بە ناوی"شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و

---

[٥٨] گۆڤاری مێژووی سۆفیزم، Journal of the History of Sufism ژمارە ١ ٣،٢٠٠١: ل ١٩٩ — ٢٢١.

[٥٩] Texas: University of Texas - 1989، Austin

[٦٠] نامەی دکتۆرا، پاریس IV ، ١٩٨٣.

[٦١] گۆڤاری لێکۆلینەوەی کوردی پاریس، ژمارە ١ ١٩٨٤ : ل ٥٥ -- ٦٧

میراتی تەریقەتی خالیدی - موجەددیدی لە کوردستاندا"[٦٢]. بە هەمان شێوە لەنێو ئەو ڕێبازانەشدا باسیان هاتووە، کە لەلایەن عەبدولڕەئوف تەوەککولییەوە، لە کتێبەکەیدا "تاریخ تەسەووف در کوردستان"[٦٣] بە فارسی خراونەتەڕوو - ئەوەی، کە پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، کورتەی ژیاننامەی ژمارەیەکی زۆری شێخی خالیدی لەلایەن بابا مەردۆخی ڕۆحانییەوە لە یەکەم بەرگی کتێبەکەیدا "تاریخی مەشاهیری کورد " باسی لێوە کراوە.[٦٤]

پەیوەندیی خالیدییەکان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و قەدەری نوێنەرە بەراییەکان لە ئەستەمووڵ بابەتی چەندین نووسینی بوترس ئەبومەننەیە، کە لە سەرەوە باسکراوە، وەك "تەریقەتەکانی نەقشبەندی -- موجەددیدی و خالیدی لە ئەستەمووڵ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا"،[٦٥] "تەریقەتەکانی نەقشبەندی -- موجەددیدی و بەکتاشی لە ساڵی ١٨٢٦"[٦٦] و "بابی عالی و ئاراستەی سوننیی ئوسوولی لە دوادوایی سەردەمی تەنزیماتدا"[٦٧]. شێخ ئەحمەد زیائەدین گومیشانێڤی، کە یەکێکە لە شێخە خالیدییە سەرەکییەکانی سەردەمی حەمیدی لە ئەستەمووڵ، لەلایەن ئەبومەننەوە لێکۆڵینەوەیەکی کورتی بەناوی "تەریقەتی شێخ ئەحمەد زیائەدین ئەلگومیشانێڤی و زیائیی -- خالیدی "لەسەر نووسراوە[٦٨] و بە دووردرێژییش لەلایەن عیرفان گویندزەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ئەحمەد زیائەدین ئەلگومیشانێڤی" باس کراوە[٦٩]. ژمارەیەکی زۆری ڕێبازە خالیدییەکان کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەنەدۆڵ ڕەگیان داکوتابوو بەکورتی لەلایەن مستەفا قەرەوە قسەیان لە سەر کراوە لە کتێبی "خالیدییە

[٦٢] ئیلیزابێس ئۆزدەڵگا ، "نەقشبەندییەکان لە ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیا"، ئەستەمووڵ: ئینستیتیوتی لێکۆڵینەوەی سوێدی، ١٩٩٩ ل ٨٩ -- ١٠٠.

[٦٣] تاران: ئینتیشاراتی تەوەککولی، ١٩٩٩.

[٦٤] تاران، سرووش، ١٩٨٥.

[٦٥] ئەبومەننە"لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام"، ل ٤١ — ٥٧.

[٦٦] هەمان سەرچاوە، ل ٥٩ — ٧١.

[٦٧] هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥-- ١٤٠

[٦٨] ئەبومەننە"لێکۆڵینەوە لە سەر ئیسلام"، ل ١٢٥-- ١٤٠

[٦٩] ئەستەمووڵ، سەها، ١٩٨٤

و خالیدییەکانی ئەنەدۆڵ"،[٧٠] و زۆر بە دوورو درێژیش لەلایەن عەبدولڕەحمان مێمیشەوە لە کتێبی "خالیدی بەغدادی و خالیدییەت لە ئەنەدۆڵدا"[٧١]. خالیدییەکان لە تەریقەتە سۆفییەکانی تر زیاتر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بۆ مانەوە لەژێر ئەو کۆت و بەندانەی کەوا کۆماری تورکیا خستبوویە سەریان. ڕەهەندە سیاسیەکانی ئەم سەرکەوتنە و بە تایبەتی ئەوەی، کە پەیوەندیدار بوو بە پەیڕەویکردنی ئەم دواییەی محەمەد زاهید کۆتکو، کە جێنشینی ڕێبازی گومیشانێڤی بوو، ئاگادارکردنەوەیەکی بەرچاوی وەرگرت، کە بە زۆری دوژمنکارانە بوو. ڕەنگەی سەرچاوەی سوودبەخش زیاتر هەکان یاوز بێت بە ناوی: "پەیدابوونی بزووتنەوە ئیسلامییە تورکییە مۆدێرنەکان: تەریقەتی سۆفیگەریی نەقشبەندی" [72]، هەروەها کتێبە پەیوەندیدارەکەی ڕەوشەن چاکیر "Ayet ve slogan"[٧٣]. کتێبی "تەریقەتی نەقشبەندی لە تورکیای کۆماریدا" ی هەمان نووسەر هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ڕێبازە بنەڕەتییەکانی خالیدی لە سەردەمی کۆمارییدا.[٧٤] بە پلەی جیاوازی سەرکەوتن هەوڵێك درا بۆ هەنارده کردنی دوو لقی تورکیی تەریقەتی خالیدی بۆ ئاسیای ناوەڕاستی سەردەمی سۆڤیەت، یەکێکیان لە کۆتکۆوە سەرچاوە دەگرێ و ئەویتریش لە ڕەشید ئێرۆڵی مەنزلکۆییەوە، کە لەلایەن تێری زەرکۆنەوە باسکراون بۆ "پڕکردنەوەی بۆشایی لە نێوان سۆفیگەریی پاش و پێش سۆڤیەت لە دۆڵی فەرغانە ئۆزبەکستان، واتە تەریقەتی نەقشبەندی لە نێوان نەریت و نوێکردنەوەدا".[٧٥] بەشداریی پەیوەندیداری تری زەرکۆن ئەمانەی خوارەوەیە:"سەرنج لە سەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیی شێخە نەقشبەندییەکان لە تورکیای هاوچەرخدا"،[٧٦] "تەریقەتی نەقشبەندی و کۆماری تورکیا: چەوسانەوە و

---

[٧٠] Turkiye Diyanet Vakfi "Islam Anisklopedisi", 15, p. 296-299.

[٧١] Istanbul: Kitabevi ، ٢٠٠٠

[٧٢] ئۆزدەلگا "نەقشبەندییەکان لە ئاسیای ڕۆژئاواو ناوەندا"، ل ١٢٩- ١٤٦

[٧٣] ئەستەمبووڵ: مەتیس ،١٩٩١.

[٧٤] Islamic World Report 1:31996 p. 51- 67

[٧٥] ماساتۆشی کیسایچی "بزووتنەوە میللیەکان و دیموکراتیزە لە جیهانی ئیسلامدا"، لەندەن: ڕۆتیلح، ٢٠٠٦، ل ٤٣ ــ ٥٦.

[٧٦] گابۆری "نەقشبەندییەکان "، ل ٤٠٧ ــ ٤٢٠.

گەڕانەوەی دۆخی تیۆلۆجی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ١٩٢٥ -- ١٩٩١"[٧٧] ، "هەندێ شێخی سۆفیی کوردی هاوچەرخ و خەلیفەکانیان لە ئەستەمووڵ".[٧٨]

تەریقەتی خالیدی لە رۆژگاری مەولانا خالید خۆیەوە بەردەوام لە سووریادا بوونی هەبووە و هەر لە دیمەشقیش بوو کە کۆچی دوایی کرد پاش نەخشەکێشان بۆ رابەرایەتییەکی یەکگرتووی تەریقەتەکە لە دوای خۆی. ئەو پارچە پارچەبوونەی، کە بە پێچەوانەی هیوای مەولانا خالیدەوە رووی دا بە دوور و درێژی لە لایەن ئیسحاق وایزمانەوە لە کتێبی "تاقیکردنەوەی مۆدێرنیتە: سۆفیزم و سەلەفییە و عەرەبیزم لە سووریای دوادوایی حوکمی عوسمانیدا باس کراوە."[٧٩] لەم لێکۆڵینەوە تۆمارکراوەدا، وایزمان زیرەکانە بەڵام نەك بە قەناعەتی تەواوەوە مشتومڕ لە سەر ئەوە دەکات، کە کێبەرکێی داواکاریی رابەرایەتیی تەریقەتی خالیدییە لە دیمەشق لە گرژی و ناکۆکییەکی بنەڕەتیی دوو تەئکیدکردنی مەولانا خالیدەوە پەیدابوو: خۆبەستنەوە بە رابیتەوە وێناکردنی ئەقڵیی شێخ وەك زەمینە خۆشکەرێك بۆ زیکرو هاندان بۆ خەڵوەت وەك مێتۆدێکی سەرەتایی، بە تایبەتی بۆ مەقام و پایەی بەرز. وایزمان دیسان پرسیارێك لە بۆچوونەکەی دەئاڵێنێ کەوا گۆڕانێك لە بیری ئەکبەریدا لە وردبوونەوەیەکدا لە سەر "وحده الوجود" بۆیەکێك لە سەر "الحقیقە المحمدیە" لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا و کاری کردبووە سەر پلەیەکی تایبەتمەندیی لەگەڵ دیدی تەریقەتی خالیدیدا[٨٠].

گریمانەکەی لە سەر ئەوە بوو، کە شێوازێکی لەو چەشنە بەتەواوی ناوبانگی "سۆفیگەریی نوێ " دەزڕێنێ. ئەو باسەی، کە ئەو دەیهێنێتەوە لە سەر سێ "ئاڕاستەی ریفۆرمی"یەك لە دوای یەکی خالیدییە و ئەکبەرییە و سەلەفییە لە سووریادا هاوکات لەگەڵ خاڵەکانی چونیەك و ناکۆك و تێهەڵکێش لە کەسەکانیدا، سەرەڕای هەموو شتێك، کارێکی سوودبەخشە.

---

[٧٧] لێکۆڵینەوەی تورکی، Turcica XXIV 1992, p. 133 - ١٥١

[٧٨] "ئیسلامی کوردەکان ــ مێژوویەکی تری ئیسلام" ، ١٩٩٨، ل ١٠٩ ــ ١٢٣.

[٧٩] Leiden :Brill 2001

[٨٠] وایزمەن "تاقیکردنەوەی مۆدێرنیتە"، ل ١٤٦ــ ١٤٧.

هەندێك لەو بنەمایانە ئەگەرچی بە وردەکارییەکی کەمترەوەیە، لە کتێبەکەی دێڤید کۆمینسی "ڕیفۆرمی ئیسلامی: گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سووریای دواوایی سەردەمی عوسمانیدا"،[٨١] کە کارێکە بە شێوەیەکی بنەرەتی بۆ سەلەفییەت تەرخان کراوە. ئەبو مەننە وایدەبینێ، کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سەرهەڵدانی تەریقەتی خالیدی تاڕادەیەك وا لێکدەدرێتەوە، کە کاردانەوەیەك بێت بۆ ئاراستە سەرەتاییەکانی سەلەفییەت "سەلەفیەت و سەرهەڵدانی تەریقەتی خالیدییە لە بەغداد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە".[٨٢]

هەروەها باسێکی کورتی تەریقەتی خالیدی لە سووریا و میسردا لە دوای سەردەمی عوسمانی لەلایەن فەریدریك دی جۆنگەوە نووسراوە بە ناونیشانی "تەریقەتی نەقشبەندی لە میسر و سووریادا: بوارەکانی مێژوویی و چاودێری کردن سەبارەت بە بارودۆخی رۆژگاری ئەمڕۆی"[٨٣]

هەروەها دەکرێ ناوی دوو رێبازی کوفتارییە بهێنرێت، کە خەتێکی میراتگریی شێخە کوردەکان بوو و زیاتر بەوە ناوبانگی رۆیشتووە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ شێخ ئەحمەد کوفتارۆ موفتیی کۆماری سووریا بووە وەك لە کتێبەکەی ئەنەبێلێ بۆتچەردا هاتووە: "دەستەبژێری ئافرەتی کورد لە کوفتارییەدا ـ، کە تەریقەتێکی نەقشبەندییە لە دیمەشقدا"[٨٤].

هەروەها لیف شتێنبێرگ، "نەقشبەندییە لە دیمەشق: ستراتیجییەتی دامەزراندن و بەهێزکردنی تەریقەتەکە لە کۆمەڵگایەکی پڕ گۆڕانکاریدا"[٨٥].

رۆڵی تەریقەتی خالیدی لە وزە بەخشین و بەردەوامی پێدانی گیانی بەرەنگاری دژ بە داگیرکردنی باکووری قەوقاز لە لایەن رووسیاوە بە وردەکارییەکی جۆراوجۆرەوە لە زۆربەی ئەو نووسینانەی لە سەر شێخ شامیلی داغستانە باسی هاتووە، لەوانە کتێبەکەی موشێ گرامەر "بەرەنگاریی موسڵمانان بۆ تسار (قەیسەر): شامیل و

---

[٨١] ئۆکسفۆرد:چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد ، ١٩٩٠ .

[٨٢] جیهانی ئیسلام ٣٧٢ ـ Die welt de Islams 43:32003 :pp.349

[٨٣] گابۆری "نەقشبەندییەکان"، ل ٥٨٩ – ٦٠١.

[٨٤] "ئیسلامی کوردەکان ـ مێژوویەکی تری ئیسلام" ، ١٩٩٨، ل ١٢٥ ـ ١٣٩.

[٨٥] ئۆزدەلگا "نەقشبەندییەکان لە ئاسیای رۆژئاواو ناوەندا"، ل ١٠١- ١١٥

هەواڵنامەی کتێب

داگیرکردنی چیچنیا و داغستان"[٨٦]و ئاننا زێلکینا لە کتێبی "گەڕان بە دوای خودا و ئازادیدا: کاردانەوەی سۆفی بۆ پێشڕەویکردنی رووسیا لە باکووری قەو قازدا.[٨٧] زاراوەی "موریدیزم"، کە لە لایەن دەسەلاتی تسارییەوە بۆ ئەو بەرگریکارانە داتاشرابوو، کە تەریقەتی خالیدی رابەریی دەکردن، وەك میراتێك لە لایەن نووسەرانی سەردەمی سۆفییێتیشەوە مایەوە، لەوانە ن.

ئە. سمیرنۆڤ ، دانەری کتێبی "موریدیزم لە قەوقاز"[٨٨]، هەروەها لە کاری غەیرە سۆڤییێتیەکانیشدا دەردەکەوێت، وەك کتێبەکەی ئایتەك کوندوخ "موریدیزمی قەوقاز: مێژووی غەزەوات"[٨٩].

تەریقەتی خالیدییە لە چیچنیا بە گەورەیی لە کتێبەکەی ئە. د. یاندارۆڤدا دەردەکەوێت بە ناوی "سۆفیزم و ئایدیۆلۆجیا لە بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانیدا"[٩٠].

گەممەر مەسەلەکە لە سەرەتاوە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت و بەڵگەداردا بە ناوی "گورگی تەریك و ورچ : سێ سەدە لە بەرەنگاربوونەوەی حوکمی رووس باس دەکات"[٩١].

هەروەها باسوخواسی تری پەیوەندیداردا بە تەریقەتی خالیدییەوە لە باکووری قەوقازدا لە کتێبێکی ئەلێکساندەر بێنیگسن دا بەرچاو دەکەوێت بە ناوی "سۆفیزم لە یەکێتی سۆڤێتیدا: بیبلۆگرافیایەکی سەرچاوە سۆڤێتییەکان"[٩٢].

خاڵی ئەوپەڕی باکووری بلاوبوونەوەی خالیدی ناوچەکانی ڤۆڵگا ـ ئووراڵ کەوا تەریقەتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن شێخ زەینولای رەسوولۆفەوە، کە موریدێکی گومیوشانێڤی بوو، بلاوبووەوە. رەنگە لە بارەی ئەم پیاوەوە راوێژ بە

هەواڵنامەی کتێب

[٨٦] لەندەن: فرانك کاس، ١٩٩٤.

[٨٧] لەندەن: هێرست، ٢٠٠٠.

[٨٨] Moscow:Izdate 1963،l'stvo Akademii Nauk SSSR

[٨٩] Istanbul: Gozde Kitaplar Y.1987

[٩٠] ئەلما ــ ئاتا: بنکەی بلاوکردنەوەی ئەکادیمیی ناووکا ــ کۆماری کازاخستان، ١٩٦٣.

[٩١] لەندەن: هێرست ، ٢٠٠٦.

[٩٢] Central Asian Survey 2:4 Dec.1983 P.81- 107

نووسەری کتێبی "شێخ زەینولای رەسوولۆف: دوا شێخی گەورەی نەقشبەندیی ناوچەکانی ڤۆلگا ــ ئوورال" کرابێت.[٩٣]

بڵاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدی لە وڵاتانی مالیزیا ـ ئیندۆنیسیادا رەنگە کەمترین لێکۆڵینەوەی مێژووی تەریقەتەکەی لە سەر کرابێت. یەك لە مامەڵە بەراییەکانی ئەم بوارە کارەکەی (سەید نەجیب ئەلعەتاسی)یە، کە لە سەرەتایی ساڵانی ١٩٦٠کاندا ئاشنای حاجی عوسمان بووە، کە یەکێکە لە شێخە خالیدییەکان کەوا سەرپەرشتی کۆڕێکی تەریقەتی کردووە Pesantren لە نزیك باتوپەهات لە جۆهۆر و ئەم کتێبەی لە سەر داناوە "هەندێك لایەنی سۆفیزم بە پێی تێگەیشتن و پراکتیزە کردنی لە ناو مەلایۆکاند".[٩٤]

ئەو سیلسیلەیەی عەتاسی لەلاپەرە ٦٥ی کارەکەیدا دەیهێنێتەوە، دەیگێڕێتەوە بۆ خەلیفەیەکی ئیندۆنیسیی مەولانا خالید بە ناوی "شێخ عەبدوڵڵا ئەفەندیی مینانگکاباوە"، کە دانیشتووی مەککە بووە. لێرەدا دوو کەسایەتی تێکەڵ دەبن. شێخ عەبدولای ئەرزنجانیی خەلیفەی مەولانا خالید لە مەککە و شێخ ئیسماعیل مینانگکاباوە، کە لە رێگەی ئەمەوە چووەتە سەر رێبازی خالیدی. ئەمەی دواییان بابەتی کتێبێکی کورت بەڵام سوودبەخشە لە لایەن محەمەد شاغر عەبدولاوە بە ناوی: "شێخ ئیسماعیل ئەلمینانگکاباوی: مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی"[٩٥].
هەمان کۆکردنەوە و ریزبەندیی ئەو نووسەرە بە ناوی: Thariqa shufiyah Mu'tabara penyebaran Thariqat- di dunia Melayu.[96] باسی ژمارەیەك رێبازی مالیزی یان ئیندۆنیسی دەکات. بە هەمان شێوە هەواش عەبدولا دڵسۆزیی خۆی بۆ ئیسماعیل مینانگکاباوی دەردەبڕێت لە کتێبەکەیدا:

"Perkembangan Ilmu Tasawuf dan TokohTokohnya di Nusantara[٩٧]"

---

[٩٣] جۆ ئان گرۆس "ئیسلامەکان لە ئاسیای ناوەندا: گوزارشکردن لە شوناسی و گۆڕانکاریدا"، دورهام چاپخانەی زانکۆی دۆك، ١٩٩٢، ل ١١٢ -- ١١٣.

[٩٤] سینگاپوور: ئەنیستیوتی لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسیی مالیزیا، ١٩٦٣.

[٩٥] سۆلۆ: رەمەزانی، ١٩٨٥.

[٩٦] Kuala Lampur: Khazanah Fathaniyah,2000

[٩٧] Surabaya: AlIkhlas، 1980

ناونیشانی نووسینێك لە لایەن وێرنەر كراوسەوە، كە بەم جۆرەیە "چەند سەرنجێك لە سەر بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندیی خالیدی لە ئیندۆنیسیادا"[98]، هاوبەشییکردنی كراوس لە نووسینی "تەریقەتە ئیسلامییە باتینییەكان لە ئیندۆنیسیای هاوچەرخدا"[99]، باسوخواسەكە بەرەو سەدەی بیستەم دەباتە پێشەوە و وای وەسف دەكات، كە تەریقەتی خالیدی رووكاری هەردوو سەلەفییەت و دەسەڵاتی كۆلۆنیالییەتی هۆڵەندییە كە ئەوەدەمە ئەو وڵاتانەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای داگیر كردبووو بەرەنگاریی دەكرا.

بابەتەكەی دینیس لۆمبارد بە ناوی: "تەریقەت و پرۆژەكانی لە سۆمەترەدا: نموونەی شێخ عەبدولوەهاب رۆكان ١٨٣٠ ـ ١٩٢٦"، لەگەڵ یەكێك لە كاریگەرترین سەنتەرەكانی خالیدییەدا مامەڵە دەكات، كە كۆمەڵگەی بابولسەلامە نزیك بە مێدان لە باكووری سومەترەدا[100].

لە نوێترین كاریشدا، مارتن ڤان بروونەسن رووپێوییەكی گشتگیر و سیستماتیكی لە بارەی تەریقەتی خالیدی لە ئیندۆنیسیادا بڵاوكردۆتەوە، كە دەكرێت ببێتە بناغەیەك بۆ لێكۆڵینەوەی زیاتر بە ناوی "تەریقەتی نەقشبەندی لە ئیندۆنیسیادا"[101]. كاری زۆر كەم لەو بوارانەی تایبەتن بە كۆڕی خواپەرستیی خالیدییە كراوە. لەم رووەوە سێ هەوڵ دراون: ئەبو مەننە لە بارەی "خەڵوەت و رابیتە لە تەریقەتی خالیدیدا"[102] نووسیویێتی و هەر كام لەم راهێنان و كردارانە بووە بە مۆركی خالیدییە، هەر هیچ نەبێ لە سەروەختی گەشەكردنیدا.

تێری زەركۆن بە كۆنتێكستێكی بەراوردكاریی بەرفراوان، لە بارەی راهێنانی تەریقەتی خالیدی دواوە بە تێڕامانێكی مەجازی بۆ مەرگ، كە بە "تذكّر الموت" یان "ڕابیتەیی مەوت" ناودەبرێن لە "تاقیكردنەوەی مەرگ و خۆ ئامادەكردن بۆ مەرگ:

---

[98] گابۆری: "نەقشبەندییەكان"، ل ٢٩٧ ـ ٧٠٦.

[99] Hamburg: Institute fur Asian kunde, 1990, P. 17 - 74.

[100] گابۆری: "نەقشبەندییەكان"، ل ٧٠٧ ـ ٧١٥.

[101] باندۆنگ: میزان، ١٩٩٢، ساڵی ١٩٩٤ یش جارێكی تر چاپ كراوەتەوە.

[102] ئەبو مەننە "لێكۆڵینەوە لە سەر ئیسلام"، ل ٢٧ -- ٤٠.

مەسەلەی نەقشبەندی لە تورکیادا"[١٠٣]. هەمان راهێنان لە کتێبێکی نوێی نووسەردا دەردەکەوێت بە ناوی"راهێنانەکانی خوداپەرستی لای خالیدییە نەقشبەندییەکانی تورکیای عوسمانی"[١٠٤] .

**حەمید ئەلگەر**
**زانکۆی کالیفۆرنیا**
**بێرکلەی**

کوردۆلۆجی

**ئێستا لە بازاڕدایە**

**جیۆگرافیای باشووری کوردستان د. عەبدوڵڵا غەفوور**

103 گیل ڤینشتاین، "عوسمانییەکان و مەرگ: مانەوە و گۆڕان"، لیدن: بریڵ، ١٩٩٦.
104 رەیمۆند لیفشێز، "تەکیی دەروێش"، بێرکلەی و لۆس ئەنجلس: چاپی زانکۆی کالیفۆرنیا، ١٩٩٢، ل ٢٠٩–٢٢٧

# پرینسیپەکانی
# گەشەی ئابووری بۆ کوردستانی باشوور

موفید عەبدوڵڵا

ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێك لە ئابووریناسانی کوردستان و هەندێ جاریش چەند سیاسەتمەدار و بەرپرسانی کورد، لە هەوڵی پرۆگرام دانان و ئامادەکردنی چەند پرۆژەیەکن "بەناوی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و ژێرخانی ئابووری، پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان".

راستە هەموو نووسەرێك لە چارەسەری کێشەکاندا کۆمەڵێ تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، بەڵام دەبێ ئەوە رەچاو بکەین، کە هێڵە پان و پرینسیپە گشتییەکانی پشتگوێ نەخرێن. هەڵەیەکی کوشندە دەکەین، ئەگەر لەمڕۆدا تەنیا سەیری کوردستان بکەین و مێژووی گەشەی ئابووریی وڵاتانی تر پشتگوێ بخەین. هەوڵی ئەوە نادەم جیاوازیی نێوان کوردستان و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بکەم، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەم بە هێنانەوەی کۆمەڵێ زانیاری بتوانم سوود لە مێژووی گواستنەوەی قۆناغی ئابووری لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر وەربگرین.

زۆربەی زۆری نموونەی ئەو توێژینەوانەی، کە من لێرەدا رۆشنایم خستوونەتە سەر، بۆچوون و بڕوای کۆمەڵێ ئابووریناسی کردەییە، بە جۆرێك هەموو ئەو ئابووریناسانە رەچاوی بنەما ئەکادیمییەکانی ئەو بابەتانەیان کردووە، کە بە ناحەق پشتگوێ خراون. ئەوانەی ئەمڕۆ لە باسی بواری ئابووری لە کوردستانی باشووردا دەیانەوێ بەشداری چالاکانە بکەن، بەڵام پسپۆر نین لەو بابەتانەدا، ئەوەش دوو کێشەمان بۆ دروست دەکات:

یەکەم: بە بابەتەکە نامۆن و کەچی بە زۆر دەیانەوێ خۆیانی تێهەڵقورتێنن.
دووەم: لە پێناوی ناونیشانی بابەتەکەدا، خۆیان لـە سـنووری بابەتەکـە بـدەن، هـەر بـۆ ئەوەی وا ناو دەربکەن، کە لە بنەما سەرەتاییەکانی ئابووریدا قاڵ و شارەزان.
بۆیـە مـن لێـرەدا دەمـەوێ ئـەو خاڵـە سـەرەکییانە دەسـت نیشان بکـەم، کـە ئـەمڕۆ پرینسیپی گەشەی ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی لەسەر وەستاوە. لە هەمان کاتدا چۆن بتوانین ئەزموونی ئەو وڵاتانە بۆ کوردستان بەکاربهێنین. گەشەی ئابووریی وڵاتێـك و پێوانەکانی کۆمەڵێ بڕیاری گەورەن خەڵك و سەرکردەی چالاك هەڵیان دەبژێرێ.
لێـرەدا، کۆمـەڵێ توێژینـەوەی کـۆن و تـازە دێنمـەوە، کـە کاریـان بەسـەر پرینـسیپە سەرەکییەکانی گەشە و پێشکەوتنی ئابوورییـەوە هەیـە. پێویـستە ئـەوەش بڵـێم، کـە بایەخی بابەتەکە لەلای من و گەورەبوونی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:
**یەکەم:** یارمەتی و هەوڵی پرۆفیسۆر کۆڵن سمن، کاتێك لە ساڵەکانی ١٩٩٤ مامۆستام بوو لە زانکۆی سالفۆرد و هەڵـبژاردنی بابەتەکـە و سەرچاوەکان، کـە ئـەوە زیـاتر بـە بابەتەکەی ئاشنا کردوم.
دووەم: بەشداری کردنم لە کۆنفرەنسی گەشەی ئابووری لە سوید، کە ناوەنـدی بازرگـانی و یاسادانانی ئابووری ساڵی ١٩٩٨ لە ستۆکهۆڵم سەرپەرشـتی و ئامادەیـان کـرد. لـەو کۆنفرەنسادا لەگەڵ کۆمەڵێ ئابووریناسدا ئاشنایم پەیداکرد، ئـەوانیش هانیـان دام ئـەو بابەتانە لەگەڵ ئەزموونی خۆم کاریان پێ بکەم، کـە وەکـو راوێـژکارێك لـە یـەکێك لـە کۆمپانیاکانی بریتانیا وەدەسـتم هێنـابوو. ئـەو هۆیانـەی سـەرەوە هانیانـدام زیـاتر لـە بابەتە سەرەتاییەکاندا قاڵ ببمەوە بۆ زیاتر توێژینەوە تیایاندا.

## گەشەی ئابووریی کۆمەڵی نەتەوە:

هەمیـشە وتـە بەنرخەکـەی گـەورە پیـاو و ئابووریناسـی سکۆتیـشی و سـەرکردەی قوتابخانـەی کلاسـیکی ئـابووریم لـە یـادە، کـە دەڵێـت: "میللـەتان بـە خاوەنـدارێتیی تایبەتی هەرگیز هـەژار نـابن، بـەڵکو بـە بـەفیڕۆدانی سـەردەمی نەتەوایـەتی". ئـادەم

سمیث، سەرکردەی قوتابخانەی گەشەی ئابووری بوو،[1] باوەڕی وابوو، گەشەی ئابووری لە چەندین وڵاتی جیاوازدا ئەنجام و کاریگەریی جیاوازیان دەبێت، چونکە بوونە سروشتییەکان پێکهاتەی جیاوازیان هەیە، لەوانەش: خاك، زەوی، دەوروبەر و مۆراڵی خەڵك. هەر ئەم هۆیانەش کاری گەورەیان هەیە لە بەدەستهێنانی گەشەی ئابووریدا. تا ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر، زۆربەی زۆری ئابووریناسەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە گەشەی ئابووری لەگەڵ رەوتی گەشەی تەکنەلۆجیا جودایە و کار لە یەك ناکەن،[2] ئەویش ئەو کاتانە بوو، کە گەشە و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیا، هۆش و بیری خەڵکیان داگیرکردبوو، بە جۆرێ هەموو گەشەی ئابوورییان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت و دەبینی لە زۆربەی زۆری زانکۆکانی جیهاندا میللەتان بەسەرسوڕمانەوە سەیری گەشەی ئابووریی وڵاتانی وەکو سۆڤێت و ئەمریکایان دەکرد، بە جۆرێك لە هەموو شوێنێکا ئەوەیان رەچاو دەکرد چۆن کاردەکاتە سەر بارتەقایی بەرهەمی نەتەوایەتی GROSS NATIONAL PRODUCTION (GDP) ئابووریناسی نەرویجی، راگنەر فریچ Ragnor Frisch، کە لەم بوارەدا هەڵگری خەڵاتی نۆبڵە، پێی وایە زۆربەی زۆری ئابووریناسەکانی رۆژئاوا، کوێرانە تیۆرە ئابوورییەکانیان دەسەپێنن. ئەوان بە جۆرێکی ئەوتۆ تێکەوتن، کە روانییان لەساڵی ١٩٦٥ دا، بەرهەمی پیشەسازی سۆڤێت زیاتر بوو لە بەرهەمی پیشەسازی ئەمریکا، دوای ئەوە هەرچییەکی تریان بە خەیاڵدا دەهات زۆر درەنگ بوو[3]. هەر بەو شێوەیە لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا نووسین و بۆچوونی گەلێکی زۆر لە ئابووریناسەکانی ئەو سەردەمانە رەنگدانەوەی ئەو بیروهۆشانەی سەرەوە بوون، کە کوێرانە شتیان دەگواستەوە و ئەنجامەکانیشیان پێچەوانە دەردەچوون. هەر بۆیە پرۆفیسۆر شۆرڤالدۆر پێی وابوو، زۆربەی زۆری ئابووریناسەکان چالاکانە لەوە تێگەیشتبوون، کە بۆچی هێزەکانی ئابووریی وڵاتە

---

[1] Adam Smith, An Inquiry Into The Nature A Causes Of The Wealth Of Nation(Liberty Classics, Indiana Polis,1976) page 342

[2] Thomas Malthus, Essay On Population ,5th Edition ,London 1817.page 310

[3] Ranger Frisch, Norway And Common Market, Oslo 1961 page 9.

کۆمۆنیستەکان شکستیان هێنا. کەواتە لێرەدا ئەگەر سەیری کاریگەریی کارگێڕی نارێکوپێك لەسەر ئاستەکانی ئابووری وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بکەین، بە جۆرێکە، کە پەکی گەشەی ئابووری دەخات و دەبێتە هۆی دواکەوتنی و دروستکردنی ڕێگای کێشەکان. ئاکامە سیاسییەکانی بە شێوەیەك دەبێت، کە لە نارێکوپێکی دابەشبوونی داهاتی نەتەوایەتی و نایەکسانیدا خۆی دەبینێتەوە. لە هەمان کاتدا کاریگەری کارگێڕیی چاپوك و بەهێز لەسەر پێوەرەکانی گەشەی ئابووری زۆر ئاشکران و زۆر ئەنجامی باشیان لێ کەوتۆتەوە.

ئادەم سمیث، باوکی تیۆری و بیروهۆشی گەشەی ئابووری، هەر لە سەرەتاوە هەستی بەوە کرد، کە دابەشبوونی کار، بەرهەم بەرەو پێشەوە دەبات. پاشان بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکانی بازاڕ بەرفراوان دەکات و بەرفراوانی بازاڕیش، مەرجێکە بۆ کەڵەکەکردنی سامانی نەتەوە.

## وڵاتانی جیهان و هەوڵیان لەم بوارەدا

گانا- Ghana، لە ساڵی ١٩٥٨ سەربەخۆیی وەرگرتووە، بە ئاشکرا ئەم وڵاتە دەبینین، کە لە بواری گەشەی ئابووریدا هەنگاوی بەرچاویان ناوە. گانا سنوورەکانی گەشەی قۆرخ کردبوو، چونکە دەزگا و یاساکانی ئەو وڵاتە هاندەرێك بوون بۆ ئەو ڕێگا دوور و درێژە.

وڵاتێکی وەکو ئەلبانیا لە هەمان تەمەنی گانادا بوو. بەڵام لەبەرئەوەی دەزگاکانی ئەو وڵاتە، هاوردەکردن و ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتی قەدەغەکردبوو، بۆیە گەشەی ئابووری بە ئاقارێکی مەترسیداردا ڕۆیشت و کۆتایی بەو سیستمە وەستاوە هێنا. دەوڵەتێکی وەکو چینیش، ئەگەر هەمان سیاسەتی ئابووری پشت بەخۆبەستنی بگرتایەو لە یاسا و پرینسیپە سەرەتاییەکانی گەشەی ئابووری نەکۆڵیایەتەوە، هەتاوەکو ئەمڕۆ گەشەی ئابووری وەکو خۆی دەبوو. بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە هەموو هەلومەرجەکان بۆ چین و خەڵکەکەی گۆڕان[4].

---

[4] Oxford University Press ,Oxford ,1997,page 87

ئەمڕۆ جیهان لە هەلومەرجێکی تردایە، مەسەلەی کۆمۆنیزم و ئابوورییەکەی لە پشتەوەی مێژوودایە. یاساکانی ئابووری و سیستمی کارگێڕی بەهێز دەتوانێ بە دروستی لە سیستمی بازاڕی تێکەڵدا کاربکات. ئەوانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە، کە ئەگەر جیاوازی سیستمە ئابووریی و کارگێڕییەکان نەبێ، بۆچی دەبێ ئەو دەوڵەتانەی جیهان جیاوازی بەرهەم و ئەنجام و کار و قەیرانیان هەبێت، ئەو وڵاتانە وەکو ئادم سمیث دەڵێت: هەموویان لە سامانە نەتەوایەتییەکاندا زۆر تا کەم یەکسانن. ئەو وڵاتانە لەسەر ئاستی سامانی سروشتیدا وەکو یەکن، هەموو ئەو وڵاتانەی جیهان خاکیان بە پیتە و خاکەکەشیان مرۆڤی لەسەر دەژی. ئەی کەوابێ بۆچی وڵاتێکی وەکو فینلەندا و ئیستۆنیا لە بەرهەم و ئەنجامدا جیاوازن. ئەڵمانیای رۆژئاوا و رۆژهەڵات و نەمسا و چیکۆسلۆڤاکیا و کۆریای باشوور و باکوور، تایوان لەگەڵ چین. تەنانەت هەندێك لەو وڵاتانە زمانیشیان جیا نەبوو، ئەڵمانیا و کۆریا. لە ساڵی ١٩٦٥دا کۆریای باشوور و باکوور، جیاوازی لە ئەنجامە ئابوورییەکاندا تۆمارکرد، ئەم دوو وڵاتە هەردووکیان بە گەشەی ئابووریدا تێپەڕبوون، بەڵام بە دوو ئاکاری جیاوازدا، لە هەردوو وڵاتدا بەرهەمی داهاتی نەتەوایەتی زیادی کردبوو، بەڵام بە دوو جۆری جیاواز. لە کۆریای باشوور داهاتی نەتەوایەتی زیادی کردو لە ئەنجامی وەبەرهێنانەوە بوو لەو بەشانەی، کە قازانجی سەرمایەیان تازە کردووە. لە کۆریای باکوور پلانی ئابووری لە ناوەندی دەوڵەتەوە دەردەچوو و کۆنترۆڵ دەکرا، لەبەرئەوە سیاسەتەکانی وەبەرهێنان بنیاتنان و تازەکردنەوەی سەرمایەی قازانج نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە یا تەنها ئەو بەرهەمانە دەست دەکەوتن، کە بۆ ماوەیەك خواستی لەسەربوو[5]. ئەمانە نەدەبوونە هۆی ئەوەی، کە سەرمایە وەبەرهەم بێت، ئەمانە وایانکرد ئابووریی کۆماری باکوور بەرەو کزبوونەوە و هەڵدێران بەرن چونکە سەرمایەیان پێکەوە نەدەنا. هەر لەبەر ئەوەشە، کە ئەو وڵاتانەی پشتیان بە پلانی ئابووریی ناوەندیی دەوڵەت بەستبوو بۆ گەشەی ئابووری، هەموویان بەرەو رووخان و داچوونی سامانی نەتەوایەتی دەچوون، ئەوەش بە جۆرێك کە تەنها دەوڵەت دەیتوانی خاوەنداریێتی سامانە نەتەوایەتییەکان بکات و هیچی تر. لە ساڵی ١٩٩٥دا بارتەقای بەرهەمی نەتەوایەتی بۆ هەر تاکێکی

[5]World Development Indicator ,1997

سۆڤێت ١/١٢ بەرهەمی نەتەوایەتی کەسێك بوو لە ئەمریکا. کەواتە کارگێڕی لە بەڕێوەبردنی ئابووری دەوڵەتێکدا چەند ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ.
ئەگەر بەراوردی نێوان چین و ڤێتنام بکەین لەو پێوەرانەی سەرەوە بەدەرنین و ئەنجامەکانیشییان هەروەکو ئەوانە دەبێت. لێردا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە. گەشەی ئابووری و خۆپێشاندانیان لە کەش و هەوایەکی دروستدا، پەیوەندیان بە دەزگاکانی ئامادەکردن و یاساکانی ئابووری و جیۆگرافیاو مێژووی هەر وڵاتێکەوە هەیە.

## چەند وڵاتێکی ئاسـیا

**بۆرما**، وەکو یەکێك لە وڵاتە ناودارەکانی ئاسیا، ناوبانگی بە کیسە برنج دەرکردبوو، لە پێشکەوتن و گەشەی ئابووریدا لە پێش تایلاندەوە بوو. بۆرما، وڵاتێك بوو لە ساڵی ١٩٤٨ەوە سەربەخۆیی خۆیی لە بریتانیا وەرگرت. لە ساڵی ١٩٦٧دا سەرکردەیەکی سوپایی بە کودەتا فرمانی گرتە دەست و بۆ ماوەی چوار ساڵ فرمانڕەوایی کرد. هەر لە سەرەتای فرمانڕەواییەکەیەوە بەرنامەی سۆشیالیستی پیادەکرد. بە جۆرێك سیاسەتی پشت بەخۆبەستنی (أکتفاء ذاتي) داڕشت، لە کاتێکدا بۆرما بە گەشەی ئابووریدا کاروانی بەڕێ خستبوو. لە بانکی جیهانی و نێودەوڵەتیدا زۆر چالاك بوو، زۆربەی زۆری سەرکردەکانی بۆرما لە بواری سیاسی و هەروەها لە بواری تەکنیکییەوە لە بریتانیا مەشقیان پێ کرابوو، هەتاکو ساڵی ١٩٦٥، هەموو چاودێرە ئابوورییەکان وایاندەزانی بۆرما زۆر چاکە و لە ڕێگایەکی زۆر چاکدا هەنگاو بۆ گەشەی ئابووری دەنێ. بۆرما گەشەیەکی ئابووری سەرسوڕهێنەری بەخۆیەوە دی، بە جۆرێك بارتەقای بەرهەمی ناوخۆیی GDP لە ١٩٧٢ ١٥٪ -٢٠٪ لە ساڵی ١٩٨٥، بە پێی پێوەرە جیهانییەکان، بۆرما بازاڕێکی زۆر چاك بوو. سەرباری ئەوەی بۆرما سیستمێکی ئابووری سۆشیالیستی پیادەکردبوو. لە لایەکی تریشەوە هاوردەی بۆرما بە جۆرێك بەرەو کزربوونەوە چووبوو، کە لە ساڵی ١٩٨٠دا تەنها لە ٨٪ داهاتی نەتەوایەتی ئەو وڵاتە بوو. ئاستی هاوردەکانی بۆرما لە ساڵی ١٩٧٢دا ١٨٪ بوو.
لە هەمان کاتدا تایلەندی دراوسێی هاوردەی لە ١٦٪ - ٢٤٪ زیادی کردبوو بۆ هەمان سەردەم. بەو جۆرە، ڕەنگە بنەڕەتییەکانی ئاکام و کارەکانی ئابووری بۆرما بۆ

چاودێرە ئابووریزانەکان لەسەرخۆ دەرکەوت ، هەستیان بەوە کرد، کە بۆرما و ئابوورییەکەی لە مەترسی رووخاندان. جیاوازی نێوان بۆرما و تایلەند وەکو جیاوازی فینلەندا و سۆڤێت وابوو، ئەوانیش تەنها سنوور لە یەکی جیاکردبوونەوە. ئابووریزانەکان دەیانزانی بۆرما لە کێشەدایە و تایلەند لە بەرەو پێشچووندایە.

بەم جۆرە ئەنجامەکانی سیاسەت و نەخشەی بۆرما وایکرد هاوردەکانی دەوڵەت بەرەو نزمبوونەوە بچن ئەمانە بوونەهۆی نزمبوونەوەی ئاستی ژیانی مرۆڤی بۆرمایی و تێکچوونی ژێرخانی ئابووری و لەناوچوونی بەشە خزمەتگوزارییەکان. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٥ سوپای جەنتای بۆرما نەیتوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکات و سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی بۆرمایان تا ساڵی ١٩٩٥خستە ژێر چاودێری سەربازییەوە.

**تایلەند** وەکو بۆرما نەبوو، هەندێ هەڵەی کەمتری کرد، تایلەند و سیاسەتەکانی پاشەکەوتکردن و بەگەڕخستن بەهێز بوو، بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٩٥دا بەگەڕخستن لە ٤٠٪ ی داهاتی نەتەوایەتی تایلەندی پێکدەهێنا لەبەراوردا لەگەڵ بۆرما، کە تەنها ١٢٪ بوو. هەناردەی تایلەند گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوەبینی، لە ساڵی ١٩٩٤دا لە ٣٩٪ و لە ساڵی ١٩٩٥دا لە ٤٢٪ داهاتی نەتەوایەتی پێکدەهێنا.

لە بەراوردا لەگەڵ بۆرمادا، کە لەو ساڵانەدا رێژەی بۆرما لەسەدا ٢٪ بوو. لە تایلەند ئاستی خوێندن و ناونووسین بۆ خوێندن لە پلە سەرەتاییەکاندا لە ١/٣ - ١/٢ی خەڵکەکەی بەرزبووەوە، کە ئەمە بۆ خۆی بازدانێکی گەورەبوو لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٩٣. بەو جۆرە تایلەند پێکهاتە گرنگەکانی گەشەی ئابووری پێکەوە دروستکرد. لە ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٩٤ بارتەقای بەرهەمی نەتەوایەتی بۆ هەر تاکێکی تایلەندی بە رێژەی ٥٪ بەرزبووبۆوە. لەبەراوردا لەگەڵ بۆرما، کە تەنها ١٪ بوو بۆ هەمان سەردەم. کەواتە لەو کاتەدا تایلەند چوارجار دەوڵەمەندتر بوو لە بۆرما. ئەو قۆناغە مێژووییەی، کە تایلەند و بۆرمای پێدا تێپەڕی، ٣٤ ساڵی خایاند.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لایەنە گەشبینەکانی گەشەی ئابووری و پێکهاتەکانی لە تایلەند بە بەردەوامی دەڕوات و هەوڵی چاکترکردنی ئاستەکانی وەگەڕخستن و هاوردە و ئاستی خوێندن دەدەن. ئەمانەی سەرەوە ئەوەمان پیشان دەدەن، کە رێگاکانی گەشەی ئابووری ئاسان و بێ گرفت نین.

## ( وڵاتانی ئەفریقا )

ئەفریقا یەکێکە لەو ناوچانەی، کە مەڵبەندی گەشە و پێشکەوتنی ئابووری و مرۆڤایەتی پێوە دیارە. هەر لە زووەوە جێگای سەرنج و گرنگی ئابووریناسە جیهانییەکان بووە. ئەفریقا بە کۆمەڵێ قۆناغی گەشەی ئابووری و گواستنەوەی قۆناغی مرۆڤایەتیدا رۆیشتووە. هەر لە سەرەتادا کۆلۆنیالیستەکان لەبەر دەوڵەمەندی سامانی سروشتی و سامانە نەتەوایەتییەکان چاویان لەسەر ئەفریقا بووە.

**نەیجیریا**، وڵاتێکە، کە خاوەن نەوتێکی زۆرە، ئەوە بوو لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە نێوان ساڵانی **١٩٦٢-١٩٧٣** کاریگەری زۆر گەورەی کردەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری، بە جۆرێك داهاتی نەتەوایەتی بۆ هەر تاکێکی نەیجیری، چوار ئەوەندە زیادی کرد، هەڵبەت ئەمە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی، کە نەوتیان بەرهەم دەهێنا.

لە نەیجیریا حکومەت توانی لە هەموو جێگا جیاوازەکانی وڵات و لەسەر ئاستێکی زۆر گران و بەرفراوان زیاد لە ٣١ زانکۆ دروست بکات، کە ئەمە لە وڵاتێکدا وەسوودهێنەرێکی باش نییە. بەتایبەتی لە وڵاتێکدا، کە نیوەی مێردمنداڵان و نەوە تازە پێگەیشتووەکان نەخوێندەوارن، دەبینین ئەم بڕیارە هەڵەو بێ ئەنجام بوو. ئابووریی نەوت لە وڵاتانی جیهاندا بە گشتی و وڵاتانی تازە پێگەیشتوو نەهامەتی و ئەنجامی زۆر خراپی هەیە.

مەسەلەی وڵاتی نەیجیریا و نەوت هەندێ توێژینەوەی دیکەم بیردەخاتەوە. لەدوا بیرەوەرییەکانی ئاڵان گرینسپان، سەرۆکی بانکی فیدراڵی ئەمریکی، سەبارەت بە ئابووریی نەوت لە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەردا، کە دوو تاوەرە گەورەکەی نیۆرك بە کاری تیرۆرستی رمان و تەخت بوون، یەکەم پرسی گەورەپیاوان و سەرانی ئەمریکا ئەوە بوو، کە ژیانی ئاڵان گرینسپان، بەڕێوەبەری بانکی فیدراڵی ئەمریکا پارێزراوبێت. لەو کاتەدا ئاڵان گرینسپان لەناو فرۆکەدا دەبێت، داوایان لێ کرد رێڕەوی سەفەرەکەی بگۆڕێت و نەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، تا لە مەترسی بەدوربێت . ئەمریکا و دەوڵەتەکەی

نرخی ئالآن گرینسپانیان دەزانی، بۆیە بۆی بە پەرۆش بوون. ئالان وەکو ئەندازیار و راوێژکار و کارگێڕیی ئابووریی ئەمریکا لە ماوەی چواردە ساڵدا ئیشی کردووە.

جوان پاپلۆ، وەزیری نەوتی بۆچوونەکانی ئەو پیاوە مەزنە سەبارەت بە ئابووریی نەوت هەتا ئەمڕۆش بنەماکانی بەرەو پێش دەچێت. (ئالان) پێی وابوو نەوت و بوونی لە وڵاتێکدا دەبێتە مایەی نەهامەتی و نەوت سەرچاوەی سەرەکییە لە دروستبوونی هەڵئاوساندا، بە شێوەیەك هاتنە ژوورەوەی پارەی قورسی وەکو دۆلار، نرخی کاڵا بنەڕەتییەکان زیاد دەکات و دەبێتە مایەی کوێربوونەوەی بەشەکانی تری ئابووری. هەر بۆیە ئەم دیاردەیەی ناوناوە "نەخۆشی هۆڵەندی"[6]. هۆڵەندا لەوەتەی غازی تێدا دۆزراوەتەوە، ئەو وڵاتە دووچاری گەورەترین ئاستی هەڵئاوسان بووە، کەسێك نییە هەست بە گرانی و ژیانی قورسی هۆڵەندا و بێ کاری نەکات.

**هۆڵەندا** یەکێکە لەو وڵاتانەی سکەندەناڤیا، کە ئەو دیاردەیەی بەسەردا سەپاوە. بریتانیا لەوەتەی نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، واتە لە ساڵی ١٩٨٠ەوە، دووچاری هەڵئاوسانێکی پارەیی بووە، کە بەهای پارەی بریتانیا بەرامبەر نرخی پارەی وڵاتانی تر بەرزترە. کەواتە نەوت و ئابوورییەکانی نەوت فاکتەری سەرەکی نین لە گەشەی ئابووریدا، دەبێ لە خۆمان بپرسین چۆن و چۆن دەبێ وڵاتێك خاوەنی ئەو سامانە گەورەیە بێت، بەڵام ئابوورییەکەی بەرەو کزبوونەوە بڕوات و ببێتە مایەی هەژاری و کارەساتی گەورەی ئەو وڵاتە؟ کەواتە هەربۆیە ئەو وڵاتانەی کەمترین سامانی سروشتییان هەیە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، ئەوانەش وەکو هۆنگ کۆنگ، یابان و ئەوروپای رۆژئاوا و....

لە ساڵی ١٩٦٥دا یەکێك لە دامەزرێنە سەرەکییەکانی رێکخراوی OPEC، وەزیری نەوتی ڤەنزوێلا بوو، لەگەڵ رۆژنامەنووسێکدا ئەو راستییەی راگەیاند، کە دەڵێ "لە ئێستاوە بۆ دە ساڵی تر یان بیست ساڵی تریش دەبینین چۆن نەوت نەهامەتی بۆ هێناوین. ئەم بۆچوونە پێش ٣٨ساڵ لەوەبەر وتراوە، زیرەکی و شارەزایی ئەو چاودێرە لەوەدایە، کە لەو کاتەدا ئەو هەستی بە نارێکوپێکی و ناتەواوی هاوکێشەکانی

[6] Alan Greenspan. The Age Of Turbulence, Penguin Book 2007, page 257

کردووە.ڤەنزوێلا و بۆچوونەکانی لە مێشکی هەموو ئابووریناسەکاندایە، ئەو باوەڕی وابوو:

یەکەم: ئەو پارەیەی لە ئابووری نەوت دێتە دەست میللەتانی تازە پێگەیشتووەوە، ئابووری وڵاتی پێ دروست نابێت، وڵاتانی ئەندامانی ئۆپیك ناتوانن لە دروستکردنی ژێرخانی ئابووری وڵاتەکەیاندا هیچ بازێکی گەورە بدەن.

دووەم: ئەو وڵاتانەی داهاتی نەوتیان هەیە، پارەکەی بۆ خەڵکانێك بەکاردێنن، کە لە خۆیان نزیکن، تا بتوانن پارێزگاری دەسەڵاتی خۆیانی پێ بکەن و ببنە دیکتاتۆری عەسکەری.

سەبارەت بە نەیجیریا و ئەو داتایانەی لەبەر دەستدایە، وا نیشان دەدەن، کە نەیجیریا هەرچی پارە و سامانێکی لە ئەنجامی نەوتی هاوردە دەستکەوتبێ، هەمووی بە فیڕۆ چووە.

لە ساڵی ١٩٦٥دا، GDP بارتەقای بەرهەمی ناوخۆیی لە ١٦٪ بووە، ئەم ئاستە ساڵی ١٩٨٠نزم بۆتەوە بۆ ١٥٪ ، لە ساڵی ١٩٦٥دا کاڵای هاوردەی غەیرە نەوتی ٤٠٪ بووە، ساڵی ١٩٨٠دا ئاستەکە بووە بە ٤٪. لێرەشەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا بووە بە ١/٣.

**گانـــا:** وەکو وڵاتێکی تری ئەفریقا باشتر بوو لە نەیجیریا، بە تایبەتی دوای ساڵەکانی ١٩٨٠ ئەوە بوو گانا بوو بە یەکێك لە مشتەرییە گەورەکانی بانکی جیهانی و بانکی نێودەوڵەتی، ئەم وڵاتە هەموو جارێ گوێی بۆ ئامۆژگارییەکانی بانکی نێودەوڵەتی دەگرت و ڕەچاوی یاسا ئابوورییەکانیان دەکرد و پەیڕەوییان پیشان دەدا لەو بوارەدا. سەرکردە و شارەزایی وەکو نیکرۆما کوامی، ئابووریی گانای کۆنترۆڵ کرد، سەرەتا بازاڕی گانای کردەوە بۆ ئەوانەی، کە دەیانویست خستنەگەڕ بکەن، ئەمە لەو ساڵانەی، کە ئەو سەرۆك وەزیران بووە (١٩٥٦-١٩٦٠). گانا لە ساڵانی ١٩٦٠-١٩٩٥ بارتەقای داهاتی نەتەوایەتی بە ڕێژەی ١٪ کەمتر بوو. ناردنە دەرەوەی کاڵا و شتومەکی سەرەکیش بەرەو کەمبوونەوە چووە، بە جۆرێك ١٥٪ لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ ٣٪ لە ساڵی ١٩٨٢. گانا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو نەهامەتی هەنگاوی دەنا، کاتێك بناغە و بۆچوونەکانی سەرۆك وەزیرانی گانایان ڕەتکردەوە، لە ئەفریقادا نیکرۆما کوامی بە غاندی ئەفریقا ناوی دەرکردبوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتییەوە، کاری بازرگانی لە

پەرلەمانی گانادا بەرپاکرد. نیکۆرما لە گانا لە دایك بووبوو. بەڵام لە ئەمریکا و بریتانیا خوێندنی باڵای تەواوکرد. دوای تەواوکردنی خوێندنی ئابووری، لە ساڵی ١٩٤٩دا گەڕایەوە ئەفریقا و لە ساڵی ١٩٥٠- ١٩٥٦ زیندانی کرا. خاوەنی چەندین بنەما و پرینسیپ و پەرتووکی ئابووری بوو. پیاوێك بوو باوەڕی بە فەلسەفەی مارکسیزم هەبوو. هەربۆیە باوەڕی بەوە بوو خەباتی خەڵکی ئەفریقا بۆ سەربەخۆیی و ئازادی، بەشێکە لەو خەباتەی بۆ شۆڕشی سۆشیالیزم بەرپا دەکرێ. کەواتە گانا خاوەنی سەرکردە و پیاوی سیاسەتمەداری نێودەوڵەتی و پیاوی دەوڵەت و ئابووری بوو، بەڵام خەڵك ئاکامەکانی بە چەوتی بردەوە. ململانێی نێوان نیکرۆما و ستراتیجییەکانی بۆ خەڵکی گانا لەگەڵ کۆمەڵێ سەرکردەی سەربازی بوو ئەمانە هۆکاری رووخان و لەناوبردنی ئابووری گانا بوون، پرۆژەکانی نیکرۆما هیچی لە ئابووریناسەکانی جیهان کەمتر نەبوو. بەڵکو هەوڵی دەدا بونیادی ئایدیۆلۆجیای ئابووری بۆ وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو دابڕێژێ. ئەو تێزانەی نیکرۆما کاری بۆ دەکرد خەونەکانی نەهێنایەدی. بەڵام بۆچوون و قوتابخانەی بیروهۆشی **نیکرۆما** بە جۆرێك چەسپاوە، کە بە بەڵگەی زۆرەوە ئەوە سەلما، کە وڵاتی ئازاد، ئابووریی ئازادی دەبێ. لێرەدا کۆمەڵێ وتەی جەواهر لال نەهرۆم دێتەوە یاد، کە دەڵێ: "هەمووومان، کە باس لە ئازادی دەکەین، ئەمڕۆ دەزانین، کە دوور نییە لە ئازادیی سیاسی دوور نییە لە ئازادی ئابوورییەوە. راستییەکەی شتێك نییە بە نێوی ئازادیی مرۆڤی برسی یان ئازادیی وڵاتێکی برسی، برسییەکان میللەت بن یان تاك جێگەیان نییە لەم وڵاتە گەورەیەدا "کەواتە ئەگەر ئازاد بووین و ئازادیی سەربەخۆییمان وەدەست هێنا، دەبێت ئەو سەربەخۆییە سیاسی و ئابوورییە بتوانێ ئاستی ژیانی مرۆڤی ئازاد بەرزبکاتەوە، تا بە دیدێکی رووناکەوە گەشبینیان بکات.[7]

**بۆتسوانە:** نموونەیەکی ترە، کە لەو وڵاتانەی لە ئەفریقادا سەرکەوتن و گەشەی ئابووری بەدەست هێناوە و لە ئەنجامدا ئاستی ژیانی خەڵکەکەی بەرزتر بۆتەوە. کاتێك، کە **بۆتسوانە** لە ساڵی ١٩٦٦دا ئازادی وەدەست هێنا، ژیان و کەرامەتی خەڵکەکەی

[7]W.Arthur Lewis, Some Aspect Of Economic Development, Ghan Publishing

لەسەر کشتوکاڵ بوو، پاش دۆزینـەوەی ئـەڵماس لـە **بۆتـسوانە** بـووە مایـەی گـۆڕینی سەرخان و ژێرخانی ئابووریی ئـەو وڵاتـە. **بۆتـسوانە** بارتـەقای بەرهـەمی نـاوخۆیی بـە شێوەیەکی بەرچاو و لەو ڕۆژەی سەربەخۆیی بەدەست هێناوە لە بەرزبوونەوەدا بـوو. بـە جۆرێك لە ١٩٦٦ لە ٧,٥٪ دا بووە. لـە هـەمان کاتـدا سـەرمایە و داهـاتی بـۆ هـەر تاکێکی **بۆتسوانە،** ٨ ئەوەندە بەرزبووەوە.

گەشەی ئابووری نێوان **نێجیریـا و بۆتسوانە**، وەکو دوو نەفەرن یەك پاسکیل لێ بخورن، بەڵام بە دوو ڕێگەی جیاواز و بـۆ یـەك ئامـانج. نەیجیریـــا خـاوەنی نەوتـە، بۆتـسوانە خاوەنی ئەڵماسە.

نەوت بە ٨٠٪ ی هاوردەی نەیجیریـا مەزەنـدە دەکـرێ و هـەروەها لـە ٨٠٪ی داهـاتی نەتەوایەتی نەیجیریـــایە. لە **بۆتسوانەدا**، ئەڵماس ٨٠٪ هاوردەی ئەو وڵاتە پێکدەهێنێ و بەشێکی گەورەی داهاتی بارتـەقای بەرهـەمی نـاوخۆیی ئـەو وڵاتـەیە. جیاوازییەکـە لێرەدا ئەوەبوو، **بۆتسوانەش** لەگەڵ ئەوەی خـاوەنی سـامانی سروشـتی بـوو، تـوانی بـە چاکی داهاتەکانی بەکاربهێنێ بە ڕێگـای سەرخستنی فاکتـەرەکانی گەشـەی ئـابووری وەکو کەمکردنەوەی ئاستی نەخوێنـدەواری بـۆ سـێیەکی خەڵکەکـە، ئەگـەر بـەراوردی بکەیت لەگەڵ نەیجیریادا کە نیوەی ئەو خەڵکی وڵاتـە نەخوێنـدەوارە. **بۆتـسوانە** وەکـو وڵاتێکی چەسپاو لەسەر ئاستی گەشەی ئابووری ساڵانەی لە خشتەکانی بانکی جیهانی و بانکی نێودەوڵـەتی ٧٣٪ بەرامبـەر ١,٢٪ گانـا، ٠,٩٪ نـەیجیریا، هـەروەها لەسـەر ئاستی هەڵئاوسانیش **بۆتسوانە** یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە ڕێژەی هەڵئـاوسـان تێیـدا زۆر کەمە بە بەراوردکردنی لەگەڵ گانا و نەیجیریـــادا.

## وڵاتـانی خوارووی ئەمریکا

**ئۆرۆگـوای:** یەکێکـە لـەو وڵاتـە دەوڵەمەندانـەی، کـە خـاکێکی بـە پیتـی هەیـە، خەڵکەکەی بە هۆی کۆمـەڵێ یاسـا و داب و نـەریتی (دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی)یـەوە پارێزراون. دەوڵەت ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی بەرگریی ئـابووری، کە یەکێك بوو لەو فاکتەرە رووخێنەرانـەی، نـەك تـەنها دەسـتی دایـە ملـی بەرهـەمی ناوخۆ، بەڵکو لەناو بازاڕی ناوخۆدا کاریکردە سەر رمان و داڕووخانی کاڵای بێگانەش.

ئەمانە وایانکرد هاوردەی کشتوکاڵی ئۆرۆگوای پەکی بکەوێت و ببێتە شکستی ئەو بەشە ئابوورییەی، کە بارتەقای بەرهەمی نەتەوایەتی لەسەر بەندە. ئیسپانیا وەکو وڵاتێك هەر لە دوای لەناوچوونی دیکتاتۆریای جەنەڕاڵ فرانکۆ ساڵی ١٩٧٦، هەنگاوێکی گەورە و بازێکی بەرچاوی لە بواری گەشە و پێشکەوتنی ئابووریدا نا.

دیموکراسی راستەقینەو دەسەڵاتی خەڵك لەناو حکومەتدا زامنی سەرەکییە بۆ گەشەی ئابووری و نابوتکردنی گەندەڵیو بەرقەراربوونی ئارامیی سیاسی. ئیسپانیا ساڵی ١٩٨٦ بوو بە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا و ئابووریەکەی لە بەردەم ئابووریی جیهاندا کرایەوە. هاوردەی ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٦٥ لە ١٤٪ەوە بوو بە ٢٤٪ لە ساڵی ١٩٩٥. هاوردەی ئیسپانیا بوو بە خاڵی سەرەکی بۆ گەشەی ئابووری و نیشانەی گەشبینییەکی تەواو بوو لە بەردەم پێشکەوتنی وڵاتدا. سەرجەمی ساڵانەی گەشەی ئابووری لە بەرهەمی نەتەوایەتی لە ١٩٦٥-١٩٩٥ ئیسپانیا ٢,٠٠٪، ئەرجەنتینا ٤,٠٪ و ئۆرۆگوای ٢,٠٪ بووە. ئەرجەنتینا، وەکو یەکێك لە وڵاتە گەورەکانی خوارووی ئەمریکا جێگای سەرنج و توێژینەوەی ئابووریناسەکانی ئەو وڵاتە بوو. بانکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی ئامۆژگاری ئەرجەنتینیان کرد، بگەڕێتەوە سەر ئەو رێگا راستانەی، کە لە بواری ئابووریدا لە ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٨٠ گرتبوویە بەر. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لە مەسەلەی ئەرجەنتینا و ئۆرۆگوایدا ئەوەیە، کە هەردووکیان داهاتی هەر تاکێکی ئەو وڵاتانە وەکو یەك بێت، بەڵام گەشەی ساڵانە بۆ سەرمایە بە رێژەی ٣,٠٠ ٪ جیاوازە، لەو وڵاتەی گەشەی ئابووری خێراترە. ئەو روونکردنەوەیەی لە پشتی ئەم گۆڕانەوەیە ئەوەیە: ئەرجەنتینا وڵاتێکە لە باری سیاسییەوە لە دواوەی گەشەی ئابوورییەوە بوو. نەبوونی ریفۆرمی دابەشکردنی زەوی و زار، ئەمەش وای کرد خاوەن موڵکەکان وەکو خۆیان بمێننەوە و هەر ئەو چینە بە زەبری ئاگر و ئاسن وڵاتەکە بەڕێوە بەرن.[8]

هەر ئەنجامی ئەم حوکمە بوو وای کرد ئەرجەنتینا نەتوانێ گەشەی ئابووری و پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ. دیکتاتۆریەت و مەرکەزیەت وایان لە ئەرجەنتینا کرد،

---

[8]David Rock, Argentina 1516-1987( University Of California Press) Berkley ,Calif,1987

هەواڵنامەی کتێب

نەتوانیٚ لەو بازنە ئابوورییەی، کە تێیدایەتی بێتە دەرەوە و لە بوارەکانی تردا گەشە بکات. لە ئەوروپا زیاتر بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکان بەوەدا شکانەوە، کە گرنگی بدەن بە بازرگانی و پیشەسازی، لەگەڵ هەندیٚ بەشی خزمەتگوزاری. بەو جۆرە ئەوروپا توانی زاڵ بێت بەسەر بەشی کشتوکاڵی و ئەو ئابوورییەی، کە سەدان ساڵ بوو ئەوروپا لەگەڵ داهاتێکی زۆردا خۆی پێوە خەریك کردبوو. لە هەمان کاتدا پێشکەوتن و گەشەی ئابووری و سیاسی لە ئەرجەنتینا بەرەو داڕمان و هەڵوەشاندنەوەی ئاستی ژیانی خەڵکی و بەشی کشتوکاڵی بە جۆرێك بەرەو دواوە رۆیشت، کە نەتوانیٚ لە دوای ساڵی ١٩٣٠ەوە هیچ شتێك لە ئەوروپاوە بێنێت.

ئەم هەلومەرجە نالەبارەی ئەرجەنتینا وایکرد **جۆن پیرۆن** بە رێگای هەڵبژاردن بێتە سەر کار لەبەرئەوەی بەڵێنی بە میللەتەکەی دا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بیمەی کار، چاکردنی ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان و هەروەها بە خاوەنداریٚتیکردنی بەشەکانی پیشەسازی. جۆن پیرۆن هاتە سەرکار، بەڵام نەیتوانی بەڵێنەکانی بباتە سەر، هەڵئاوسانێکی گەورە دووچاری ئەرجەنتین بووەوە، هەر بۆیە سوپای ئەرجەنتیناش و سەرکردەکانی خۆیان گەیاندە مەسەلەکان و جۆن پیرۆن بەرەو هەندەران هەڵهات.

ئەرجەنتینا گۆڕانی ئابووریی بە خۆیەوە نەبینی، یاسا ئابوورییەکانی هەر ئەو یاسایە بوون، کە لە دوای ساڵی ١٩٣٠ەوە کاریان پیٚ دەکرا. سامانە ئابوورییەکان لەبەر نەبوونی دیموکراتیەت بە باشی کاریان پیٚ نەدەکرا و بە فیڕۆ دەرۆیشتن. کەمبوونەوەی بازرگانی دەرەوەش وایکرد، پارەی ئەرجەنتینی لە بەرامبەر دراوەکانی تردا نرخی زۆر بەرز بێت. ئەمانەش بۆ خۆیان هۆیەکی گەورە بوون لە بڵاوبوونەوەی ئاژاوەی سیاسی و هەڵهاتنی زۆربەی زۆری پسپۆر و شارەزایان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا. ئیدی هەموو ئەمانە رێگا راستەقینەکەی گەشەی ئابوورییان پەکخست. لەبەر ئەوە جارێکی تر، جۆن پیرۆن لە ساڵی ١٩٦٣دا لە رێگای هەڵبژاردنەوە هاتەوە سەر کار. خەڵك داوای گۆڕینی سیاسییان دەکرد، وایاندەزانی جۆن پیرۆن دەتوانیٚ ئەوە بەجیٚ بهێنیٚ. کێشەی گەورەی ئەرجەنتینا کێشەی هەڵئاوسان بوو، کە ئەویش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

یەکەم: بەرزی بەهای دراوی خۆماڵی.

دووەم: کەمبوونەوەی وەبەرهێنان، کە ئەم دوو هۆیە گەورەترین کۆسپ بوون لە بەردەم گەشەی ئابووریدا. سیستمی بانکەکان کێشەیەکی تر بوون لەم قەیرانانەی ئەرجەنتیندا،

چونكە بەبێ هیچ پاڵپشت (رەسید)ێكی ئاڵتوونی پارەیەكی زۆریان لە چاپ دەدا ئەگەر پارە بۆ چەند هۆیەكی بەرهەمهێنەر بە ئەنجام بگات ئەوا هەڵئاوسان دروست ناكات.

## كۆڵەكەكانی گەشە و پێشكەوتنی ئابووری

**ئارسەر لویس** Arthor Lewis: ئەو ئابووریناسەیە، كە لە رۆژەكانی یەكەمی سەرهەڵدانی كۆلۆنیالیزمی جیهانی و بەهەدەربردنی ئابووریی وڵاتانی ژێردەستەدا رۆڵی خۆی بینیوە. **ئارسەر لویس** ژیانی لە نێوان (١٩١٥-١٩٩٠) لە زانكۆی لەندەن خوێندن و بڕوانامەی وەرگرتووە. پاشان هەر لە زانكۆی لەندەن مامۆستا بووە و لە ساڵی **١٩٤٨** دا بڕوانامەی پرۆفیسۆرییان دایە، كە زۆربەی كارە گرنگەكانی لەسەر وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بوو. راوێژكاری سەرەكی ئابووری وڵاتانی ئەفریقی و كاریبی بوو. لە زۆربەی زۆری رێكخراوە جیهانییەكان بەشدار بوو، هەموو خزمەتی ئابووری بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم بوو. لە ساڵی **١٩٨٣**دا بوو بە سەرۆكی ئابووریناسانی ئەمریكا. **ئارسەر لویس** هەموو كاتێك باوەڕی وابوو، كە سەرچاوەكانی گەشەی ئابووری بە نزیكی ئەو هەوڵانەن، كە دەدرێن بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و كەڵەكەی سەرمایە.[9] هەرچەندە رۆبەرت سۆلۆ Robert Soleo سەرچاوەی گەشەی ئابووری و گۆڕانی بارتەقای بەرهەمی نەتەوایەتی بۆ هەر تاكێكی وڵاتێك
بە پێشكەوتنی تەكنەلۆجیاوە دەبەستێتەوە.[10]

بیردۆزەكانی گەشەی ئابووری مێژوویەكی كۆنیان هەیە، هەر لە (ئادەم سمیث)ەوە بۆ دیڤید هیوم، كە هاوشانی ئادەم سمیث بوون. قوتابخانە كلاسیكییەكانی گەشەی ئابووری لە دیڤید ریكاردۆ و جۆن ستیومیل لەگەڵ كارل ماركسدا بوون. هەریەك لەو ئابووریناسانە رێگا و بیری خۆیان بنیات نا بۆ دروستكردنی ئابووری نەتەوایەتی و

[9] W.Arthur Lewis, The Theory Of Economic Growth (Allen&Unwin,London 1955)page 164
[10] Robert M Solow ,Growth Theory ,An Exposition (Oxford University Press,Oxford 1970)page 77

گەشە و بەرەو پێشچوونی[11] . دیڤید هیوم، باوەڕی وابوو، تەنیا ڕێگایەك بۆ بەرزکردنەوەی سامانی نەتەوەیەك، بازرگانییە لەگەڵ دەرەوەی وڵاتدا، بەو جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە نێوان بازرگانی و سەرمایەی نەتەوە و گەشەی ئابووریدا دارشت. بۆچوونەکانی دیڤید هیوم، کە گرنگی بە بازرگانی دەدا، بە شێوەی گشتی (هاوردە و هەناردە) بەرزبوونەوەیان بۆ ئاستێکی بەرز. زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێت: ئەگەر سەیری مێژوو بکەین بۆمان روون دەبێتەوە، کە ئەو وڵاتانەی توانیویانە سامانی نەتەوایەتی پێکەوە بنێن لە ئەنجامی بازرگانی دەرەوەدا بووە، بە ئاستێکی گشتی (هەناردە و هاوردە) هێز و توانایان خستۆتە بەر بەرهەمەکانی ناوەوە و کارگەکانیان.
یەکەمین شۆڕشی گەشەی ئابووری لەسەر دەستی ئادەم سمیثدا دەستی پێ کرد، کە پێی وابوو دابەشبوونی کار و گەشەی بەرهەم و پەیدابوونی بازاڕ کۆڵەکەی سەرەکی گەشەی ئابوورین. هەروەها باوەڕی وابوو پاشەکەوت کردن و خستنەگەڕی لە ناوەوە و دەرەوەی بەرهەمدا دەبێتە گەورەکردنی قەوارەی بازاڕ و کار دابەشبوون. جێگای سەرسوڕمان نییە، کە دەبینین هەندێ جار وڵاتێکی بچووك (هەناردە و هاوردە)ی زیاترە لە چەند وڵاتانێکی گەورە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەکو بەلجیکا و سوید ڕێژەی بازرگانییان بەرزترە لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا و کەنەدا، بەڵام گەورەیی ئەمریکا و کەنەدا خۆی لە خۆیدا بازاڕێکی گەورەی دروستکردووە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی بەبێ بازرگانی دەرەوە. لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەمریکا و یابان بەشی بازرگانییان لە نێوان ١٦٪ - ٢٤٪ی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو وڵاتە بوو GDP. لە هەمان کاتدا بەلجیکا و سوید ڕێژەی بازرگانییان لە نێوان ٦٦٪ - ١٤٣٪ بوو. لە هەردوو باردا بازرگانیی نێوان ئەو وڵاتانە بچووکن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی گەورەن، ئەمانە هەموو لە یەك ئاراستەی گەشەی ئابووری و بنیاتنانی سامانی نەتەوایەتیدا کاردەکەن. لە هەردوو گرووپەکەدا ئامانج و دەستکەوتی سەرەکی دروستکردنی بازاڕی گەورەیە. ئادەم سمیث لە پەیوەندی نێوان گەشەی ئابووری و بازرگانی لە لایەك و پەیوەندییان بە جیۆگرافیاوە لە لایەکی ترەوە ئاگادار بوو. بە بڕوای ئەو ئەگەر دراوسێکەت وڵاتێکی دەوڵەمەند بێت، ئەوا لە

[11] David Hume, Writings On Economics ,ed by Eugene Rotwein (University of Wisconsin Press ,Madison,1955,) page 13

پەیوەندی سیاسەت و شەڕدا کاری خۆی دەکات. لە هەمان کاتیشدا سوودمەندە بۆ ئەو وڵاتە بەوەی بتوانێ خۆی دەوڵەمەند بکات لـە بـواری پیشەسازی و بازرگـانی و شـتی تردا. ئادەم سمیث باوەڕی وابـوو، فاکتـەرە سـەرەکییەکانی گەشـە و بـەرەو پێشـچوونی ئابووری لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لەسـەر سـێ فاکتـەری سـەرەکی وەسـتاون: بەرهەم، سەرمایە، زەوی. هەربۆیە ناتوانین ئەوە دەست نیشان بکـەین، کـە کـام یـەکێ لەو فاکتەرانە لە گەشەی ئابووریدا سەرەکین. بـەڵام دەتـوانین سەرچاوە سـەرەکییەکانی گەشەی ئابووری بۆ دوو هۆی سـەرەکی جیابکەینـەوە: یەکـەم زەوی وەکـو کەمیەیـەکی چەسپاو و نەگۆڕاو، هەرچەندە چۆنایەتییەکەشی بگۆڕین. بۆ نموونە لە شۆڕشی سەوزدا، کە زۆر لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووی کشتوکاڵی گرتـەوە، هندسـتان یـەکێك بـوو لـەو وڵاتانە، کە سەرچاوەی ئابووری و خواردنیان بەشی خۆیانی دەکرد. لە وڵاتێکـی وەکـو چیندا ئەو راستیانەی سەرەوە دەرکەوتن، کە چۆن کەش و هـەوا لـە زەویـی بـە پیـت و بەرەکەتدا یارمەتیدەر بوون بۆ گەشەی ئابووری لە رێگای چۆنایەتی زەوییەوە.

دووەم: ئادەم سمیث باوەڕی بوو، هێزەکانی بەرهەمهێنان بە سەرچاوەی گەشەی ئـابووری ناژمێرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە، بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی خەڵکەکەیە، ئەویش بـە هۆی بەرزبوونەوەی بارتەقای بەرهەمی نەتەوایەتییە دەبێ بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵ، نەك بـۆ سـەرمایە. کەواتـە دابەشـکردنی داهـاتی نەتەوایـەتی بـە شـێوەیەکی یەکسان، فاکتەرێکی تری سەرەکی گەشەی ئابوورییە. لە رابردوودا حسابێکی زۆر بچووك دەکـرا بۆ ئەوەی کە مرۆڤ وەکو هەر جۆرێکی تری سەرمایە، یەکێکە لـە ماکـەکانی شـێوازی بەرهەمهێنان. لەبەرئەوە هـەر زیادبوونێـك لـە دابەشـبوونی سـامان و بیمـەی کـار بـۆ کرێکاران زیاد بکرێ بـەو جـۆرە ئامـانجێکی تـر بـۆ بەرزبوونـەوەی بەرهـەم و سـامانی نەتەوایەتی زیاد دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنجام

تێگەیشتن لە مێژووی ئابووریی وڵاتانی جیهان مەرجی سەرەکییە لە زامنکردنی پرۆژەی دروستکردنەوەی نیشتمانێکی وەکو کوردستانی باشوور. چی دی کوردستانی باشوور وڵاتێکی گۆشەگیر نییە و پانتایی عێراق بازاڕێکی گەورەیە بۆ هەموو ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان و ئامانجە سەرەکییەکانی گەشەی ئابووری و پێکەوەنانی سەرمایەی نەتەوەیەیی وەکو کورد. جیهانگیری و سەرمایەداری بازاڕی ئازاد کۆمەڵێ سەنگەری تازەن، کە تاکی کورد و ئابووریناسەکان پێویستە توێژینەوەیان لەسەر بکەن. هەموو میللەتێك ناتوانێت شۆڕشێکی سپی بباتەوە. گرفتی ئێمە لە بەردەم دروستکردن و بنیاتنانەوەی کوردستاندا، نەبوونی سامانە سروشتییەکانی نییە، بەڵکو نەبوونی پرینسیپەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردنێتی. لە باشووری کوردستاندا، یارمەتی دەرەکیمان هەیە و خێرخوازەکان خێرمان پێ دەکەن، بەڵام پێمان ناڵێن چۆن خۆمان دروستبکەین و چۆن پشت بە خۆمان ببەستین. ئازادی و سەربەخۆیی ئابووریمان لە بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی تاکی کورددایە. سامانی سروشتی وەکو نەوت جێگای باوەڕ و متمانەی ئابووری نین. سامانە سروشتییەکان کۆڵەکەی سەرەکی گەشەی ئابووری نین، بەڵکو یاریدەدەرن! گەشەی ئابووری و پرۆژەکانی کۆمەڵێ میکانیزمن نەك دروشم، پێویستی بە سەرکردەی جەسوور هەیە، کە ئەو ئامانجانە بگەیەنێتە شوێنی ئەنجام. گەشەی ئابووری و سیاسی لە کوردستاندا دەبێت شان بە شانی یەکتر بڕۆن. دابەشکردنی داهاتە نەتەوایەتییەکان بە شێوەی یەکسان یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی گەشەی ئابووری. بەرزکردنەوەی بیمەی کرێکاران ئامانجێکی ترە بۆ بەرزکردنەوەی بەرهەم و سامانی نەتەوایەتی.

# گەشەکردنی درامای کوردی
## ١٩٧٥-١٩٩٥

د. سەلام فەرەج

**سەرەتا:** مێژووی درامای کوردی لە ساڵەکانی پێش ١٩٧٥دا توانیویەتی تارادەیەك سەرکەوتن بەدەست بهێنێتو چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بێت، هەرچەندە بارودۆخە مێژووییەکە تەگەرەی خستۆتە بەردەم گەشبوونو هەندێ جار تووشی سستیو پەنگخواردنەوەی کردووە، بەڵام رەوتی گەشەسەندنی ئەم هونەرە ئەوەی دەرخستووە، کە بەستەڵۆكو پەنگخواردنەوە قەیرانی بۆ دروست دەکات بەڵام شەکەتی ناکاتو برستی لێ نابڕێت، بەڵکو لە بچوکترین هەلو نزیکترین دەرفەتدا وزەو تینی تێدەکەوێتەوەو تەقینەوەی کانیاوەکانی تا داهێنان دەچێت لە هەڵچونێکی ستاتیکیدا گەشەسەندنی بەباڵا دەبڕێت، ئەو ماوەیەش، کە لێرەدا پێشکەشی دەکەین لە دوو قۆناغدا دەبینرێتەوە، کە هەر قۆناغێکیشی بەچەند هەنگاوێك بڕیوە، وەك لەلای خوارەوە دیارییان دەکەین:

**قۆناغی یەکەم:** ١٩٧٥-١٩٨٥ دەخایەنێتو بەم هەنگاوانەدا تێدەپەڕێت:

- هەنگاوی یەکەم توانەوەی بەستەڵەك        لە ساڵی ٩٧٥ تا ١٩٧٧
- هەنگاوی دووەم بووژاندنەوە        لە ساڵی ٩٧٨ تا ١٩٨٠
- هەنگاوی سێیەم گەشەسەندن        لەساڵی ٩٨١ تا ١٩٨٥

**قۆناغی دووەم:** ١٩٨٦- ١٩٩٥ دەخایەنێتو بەم هەنگاوانەدا تێدەپەڕێت:

- هەنگاوی یەکەم نوێخوازیو ئەزمونگەری        لەساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩٠
- هەنگاوی دووەم راپەڕینو راپەڕینی دراما        لەساڵی ١٩٩١ تا ١٩٩٥

بەو دابەشکردنە هیچ لەتکردنێك لە مێژووی درامادا دروست ناکەینو مەبەستمان ئەوەنییە، کە درامای هەنگاوێكو قۆناغێك لە یەکێکی تر دابڕینو بەنیازی دابەشکردن جیای بکەینەوە، چونکە مێژووەکە یەك مێژووەو دراماکەیش یەکە، بەڵام قۆناغەکانو ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە ڕۆژگاری تایبەت دەخوڵقێننو کۆمەڵگاش لە کاردانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە هەڵوێستەکانی دەردەبڕێتو باری شارستانی تایبەتی لێ بەرجەستە دەبێتو ئەو بارە بەسەر دراماشدا دەسەپێت، چونکە ئەدەب بەگشتی وابەستەی ژیانی کۆمەڵایەتیو پەرەسەندنی شارستانیەو لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەمیشەییدایە لەگەڵیدا، هەربۆیە هەنگاو بەهەنگاو بارودۆخە گشتیەکەو سیما سەرەکیەکانی دەخەینە پێش چاو لە دووتوێی ئەو سیما گشتیانەشیدا تایبەتییەکانی دراما پێوانە دەکەینو ڕەوتەکەی دیاری دەکەینو دەریدەخەین، کە ڕووداوەکانی مێژوو ڕەوتەکەی گورج کردووەتەوە یان سستی کردووە؟ لە ئاکامدا بۆمان دەردەکەوێت، کە درامای کوردی لەنێوانی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩٥ چ ڕەوتێکی هەبووەو تا چ رادەیەك گەشەکردنی سروشتی بەخۆیەوە دیوە. جا گەشەکردنەکە لەڕووی چەندێتی یا چۆنێتیەوە بێت، هەر بەو مەبەستەیش ئەو دابەشکردنەی ڕووداوەکان بەسەر مێژوویاندا سەپاندووە ئێمەش بەباڵای درامامان گرتووە. ئەمەش بە زێدەڕۆیی نازانین چونکە بڕوامان وایە ئەدەبو ڕۆشنبیری لە کۆمەڵ دانابڕێت هەریەکەیان ئاوێنەی ئەویتریانە، بەوپێیە لە هەنگاوی سەرەتایی قۆناغی یەکەمەوە چاو بۆ تایبەتییەکانی ئەگێڕین:

## قۆناغی یەکەم: ١٩٧٥-١٩٨٥

**هەنگاوی یەکەم: ١٩٧٥- ١٩٧٧:** ئەم هەنگاوە، کە ئێمە لە ١٩٧٥ەوە دیاریدەکەین سەرەتاکەی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ دەستپێدەکاتو ڕووداوەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن، کاتێ، کە نوێنەرانی شۆڕشی کوردو ڕژێمی بەعس لەسەر بنەماکانی ئۆتۆنۆمی ڕێکنەکەوتنو لەمانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤دا "گفتوگۆی نێوانیان چووە کۆڵانێکی داخراوەوە بیرو بۆچونی هەردوولا سەبارەت بە ناوەرۆكو سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی جیاوازبوو، هەرلایەکیان پرۆژەیەکی ئامادەکردبوو هیچ لایەکیان بە پرۆژەی

لایەکەی تر رازی نەبوو"[1] لە ئاکامدا شەڕ دەستی پێکردەوەو "دەیان هەزارکەس چوونە ریزی شۆڕشەوە"[2] ئەمە سەرەتای ئەم قۆناغەیە، کە بەهۆی رووداوەکانەوە نەك هەر دراما بەڵکو ژیانی گشتی کارەساتی شەڕ خامۆشی کرد، ژیان بەگشتی بوو بە دراما، شەڕو کوشتار هێندە سەخت بوو، کە وەك سەدام حسێن خۆی دانی پێدا دەنێت، کە "لەماوەی یەك ساڵی جەنگدا زیانی هێزە چەکدارەکانی سوپاو کەرتەکانی هێزە نیشتمانییەکان ژمارەیان دەگاتە ١٤ هەزار کەس لە شەهیدو زامدار"[3]

دیارە شۆڕشیش قوربانی خۆی داوە*.. جا ئەم بارودۆخە نالەبارە هونەرو ئەدەب سڕ دەکات، وە ئەوەیشی زیاتر دۆخەکەی ئاڵۆزکرد نوشوستی هێنانی شۆڕش بوو، لە ئاکامی رێکەوتننامەی نێوان "سەدام حسێنو شای ئێران، کە لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ دا لە جەزائیر بە ئامادەبوونی هواري بومدین"[4]، کە بە رێکەوتننامەی جەزائیر ناودەبرێت ئیتر بارودۆخی گشتی کۆمەڵگەی کوردی لە عێراقدا زۆر دژواربوو.. دراماش لەو دژواریەدا چەقیبوو بەڵام ئەم دۆخە زۆری نەخایاندو "هەر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٥ەوە بزووتنەوەی شانۆ فەڕو گوڕی کەوتەوەبەر بەشێوەیەکی راستترو زانستانەتر لە

---

[1] پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ج٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١١٢.

[2] پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ج٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١١٢..

[3] خندق واحد ام خندقان، صدام حسين، دار الثورة للصحافه والنشر، بغداد، ١٩٧٧، ص٣٩.

* گەلی کورد بەگشتی بە گومانەوە سەیری ئەو رێکەوتننامە شومەی دەکرد دڵنیابوو لەوەی، کە پلانێکە دژی گەلی کوردو ئاکامەکەیشی بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ گشت گەلی عێراق، بۆ نموونە "سەرکردایەتی کاتی" پارتی دیموکراتی کوردستان ساڵی ١٩٧٦ بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر رێکەوتننامەی جەزائیردا بەیاننامەیەکی بە زمانی عەرەبی دەرکردو زۆر لەو راستیانەی تیا روونکردەوە، کە لە عێراقدا روودەدەنو زیانی گەلی عێراقی تیایەو هۆکەیشی ئەو رێکەوتننامەیەیە بەیاننامەکە بۆ ئەمڕۆش گرنگە، خواستی ئەو بەیاننامەیە ئەمڕۆ خواستی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازەکانی سەر گۆڕەپانی تێکۆشانی عێراقیە، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ج٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٩٧، ٤٤٠-٤٤١.

[4] نفس المصدر، ص٢٩.

هەواڵنامەی کتێب

پێشوو"[5]. بەڵێ راستە دراما وزەی بۆ هاتەوە تیپە هونەریەکان کەوتنەوەکار** بەڵام لە بارودۆخێکی تازەدا، کە سانسۆر زۆر توندبوو وە مۆڵەتدانی کاری درامی زۆر گیروگرفتی لەسەر رێ دانرا، تەلەفزیۆنی تەئمیم زۆر گرفتی بۆ هونەرمەندان دروستکرد، لەمیانی ئەو دەزگایانەدا چەندین بەرهەمی درامی لە چاڵ نرا***، بەڵام هونەرمەندان کۆڵیان نەداو ژمارەیەکی باش بەرهەمیان پێشکەش کردو بۆ دەربازبوون لە سانسۆر نووسەران بەگشتیو درامانووسان بەتایبەتی پەنایان بردە بەر هێما ڕەمز و مەبەستەکانیان بە رەمز ئارایشت دەداو لە چاوی سانسۆرەکان دەیانپاراست، بەگشتی دراماکانی ئەم قۆناغە دەچنە خانەی درامای هاندەرێتیەوە (الدراما التحريضية) وەك درامای پیلان، کە تەلعەت سامان لە چیرۆکێکی محەمەد مەولود مەم ەوە ئامادەی کردبوو "ئەم دەقە لە ناوەرۆکدا دەقێکی ئەدەبی سیاسی زۆر زەقە بەڵام بەشداربووانو ئامادەکارو دەرهێنەر توانیان بەو بەرگە تەماوییەی هەندێك لە زەقیەتی دەقەکە کەم بکەنەوە بۆئەوەی مەلی خۆیان لە چەقۆی دەسەڵات بپارێزن، شانۆگەری پیلان بۆ ساڵی ١٩٧٧، کە دەکاتە دوو ساڵ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بووێریەکی هونەری گەورەبوو"[6] ئەم درامایە تایبەتیەکی تری ئەم قۆناغەی پێوە دیاربوو ئەویش فەرامۆشکردنی پاڵەوانە نموونەییەکە، کە تاکیکەو توانا رەهاکانی دەیکاتە رزگارکەرو

هەولێرمەی کتێب

---

[5] گۆڤاری ٢٧ی مارس، کاوە ئەحمەد میرزا، مەلەفێکی تایبەت بە ئەرشیفی شانۆی کوردی، ل٩٥.

** لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕدا زۆربەی ئەندامانی تیپەکان چوونە شاخو پەیوەندیان کرد بە شۆڕشەوە هەندێ تیپ بەگشتی چووبوونە شاخ وەك تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، کە ئەحمەد سالار سەرۆکی بووو وە سمکۆ عەزیز سەرۆکی تیپی نواندنی سلێمانیو..هتد

*** وەك درامای مانگرتن، کە تیپی نواندنی سلێمانی نیوەیشیان تۆمارکردبووو بەڵام لە ئاکامی مەرجەکانی دەرهێنەری تەلەفزیۆن، کە حکمت ژنون بووو تیپ ناچار بووو بەرهەمەکە تەواونەکەنو بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی.

[6] پاڵەوانێتی گەل، درامایەك بووو غازی بامەرنی لە درامای ئادابای معد الجبووریەوە ئامادەی کردبووو تیپی نواندنی سلێمانی رۆژی ١٩٩٤/٢/٢٨ لە هۆڵی خولد لە بەغدا پێشکەشیان کرد.

بەتەنیا رووبەڕوو دەبێتەوە، وە پاڵەوانەکەی درامای پاڵەوانێتی گەل*، کە بەتەنیا وەك رزگارکەر پەیدا دەبێت گەل رزگار دەکات، لە قۆناغی پێشوودا ئەم پاڵەوانە نموونەییە باوی بوو بەڵام لەم قۆناغەدا "کۆ" واتە رۆڵەکانی گەل رزگارکەرن، لە درامای پیلانیشدا هەمان تایبەتی بەرجەستە دەبێت وەك لە کۆتایی دراماکەدا دووبارە دەبینرێتەوە..."کۆرس: هەر لەم رۆژەدا هەر لەم مانگو ساڵانەدا هەزاران تۆو هەزاران هەزار خونچە دەپشکۆن دڵدارەکان سەرلەنوێ دەست لەملی یەك دەکەنەوە...

کۆرس:.. مەموزین ئەمڕۆ دەست لەناو دەستی یەك دەنێن.

دەستی یەکتر بەرنەدەن دەستی یەکتر بەرنەدەن"[٧]

هەر لەم قۆناغەدا گەلێ دەقی درامی لە گۆڤارەکانی بەیانو رۆشنبیری نوێو رۆژی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە، کە بەگشتی رەمز باڵی بەسەر رووداو و باسەکاندا کێشاوە، بۆ نموونە لە درامای کێ تاوانبارە نووسەر عەبدوڵا سەراج ئاوا کەسەکان پێشکەش دەکات:

سامان: ماڵمان وا... پەنجە بۆلایەك ئاڕاستە دەکات لەناوەند ئەو گەڕەکە خاوێنو تازە بابەتانەیە باخچەیەکی گەورەش بەر ماڵمان ئەرازێنێتەوە.. بەتەوسەوە گوایە بە ئێمە مانان ئەڵێن... بۆر... بۆژ... چی؟

شێرکۆ: بۆرژوازی بۆرژوازی لە وشەی وادا لاڵ ئەبیت.

شیرین: روناکی ئاراستە ئەکرێت، لە شێرکۆ دوور کەوتۆتەوە. ماڵی ئێمەیش لە خوارووی شارە لە خوارووی خانووە قوڕەکانەوەیە. کۆڵانەکەمان خۆڵە پەتانە.

شێرکۆ: روناکی ئاراستە ئەکرێت. ماڵی ئێمەیش لەنێوان خانووە قوڕەکانو گەڕەکە نوێیەکەی سەرووی شارە[٨]

---

* گۆڤاری رامان، ژ١٨، ٥ ك١، ١٩٩٧، موحسین محەمەد پیلان شانۆی دروشمو پەروەردەی سیاسی، ل١٤٣. هەروەها گۆڤاری بەیان، ژ٤٥، ك١، ١٩٧٧، ئەحلام مەنصور، کۆمەڵو هونەر لە کۆمەڵی هونەردا، ل٥٩-٦٢.

٧ هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤٤.

هەر لەو کورتە پێناسەیەدا نووسەر رایدەگەیەنێت، کە ئەم کەسانە هێمان بۆ چینی جیاواز، کە یەکێکیان چینی چەوساوەیەو ئەوی تریان چینی بۆرژوازیو سێیەمیش، کە لە نێوانیاندایە وردە بۆرژوازی نیشتمانیە. یەکی لە خاڵە گرنگەکانی مێژووی درامای کوردی لەم قۆناغەدا خۆی دەنوێنێ ئەوەیە، کە دەقەکان بۆ رژێم نەبوون لەگەڵ ویستو دەنگی جەماوەردا مانەوە، هەرچەندە رژێم زۆر توانای خستەگەڕ بۆ ئەوەی هەرچی نەبێت "دراما" بی لایەن بکات. ئەوەتا لە یەکی لەو بانگەوازانەدا تانەوتەشەر لە رابردووی درامای کوردی دەدرێتو ئاوا هەڵدەسەنگێنرێت: "ئەوەی بەرچاو ئەکەوی لەسەرتاپای ئەو سەرنجە وردانەی، کە بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی کراوە لەم بارەیەوە بەشی زۆری ئەو بابەتانەی، کە شانۆگەری کوردی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بایەخی پی ئەدان بریتی بوون لەو خورەوشتە کۆن پەرستانە، کە بۆ سەردەمێکی زۆر رەگی خۆی لە کۆمەڵی کوردەواریدا داکوتابوو، لە جێگای خۆی پەنگی خواردبۆوە... تا دەڵی ئەبی ریشەکێش بکریو نەمێنی چونکە لەگەڵ قۆناغی ئێستامان ناگونجی، کە شان بەشانی دەسکەوتەکانو ئامانجەکانی شۆڕشی ١٧ی گەلاوێژی نەتەوەیی سۆشیالیستی خولقان"[9] نووسەرێکی تری هەواداری رژێم لەپاڵ پێشکەوتن خوازیو داهێناندا دەیەوێت هانی نووسەران بدات بەرەو ویستی رژێم بڕۆنو دەڵێت: "هونەرمەندی کورد بەهۆی هۆشو هەستی دیارکەوتوی پێویستە بەسەر پاشماوەی ئەو تاقمە لە رێ لادەرانەدا زاڵ بێت، کە لە هەموو کردارەکانیا هەوڵی ئەوەیان ئەدا گەلی کوردمان بە رێگەی ئاسایی خەبات کردن دورخەنەوە، مێژووش شایەتی ئەوەیە، کەواتە ئەرکی هونەرمەندی ئەمڕۆ وەگەڕخستنی وزە هونەرییەکانە. تاوەکو ئەو مەسەلە مەزنەی لە شۆڕشدا قەوارەی سەندووە بخاتە چوارچێوەیەکی هونەریی، کە لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکانی سەر خاکی نیشتمانیدا بگونجێ... هەموو ئەو سەرنجەی بەرامبەر هونەرو هونەرمەندان خستراوەتە روو لە

---

[8] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ٦٠، نیسانو مایس ١٩٨٦، عبداللە نجم سراج، شانۆیی کێ تاوانبارە ل٤٤.

[9] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ٤٦، شوباتی ١٩٧٦، نووسەری هونەری، رواڵەتەکانی شانۆی کوردی بەرەو کوێ ئەچێ؟، ل ٣٦.

وتەی هاوڕێی خەباتگێڕ سەدام حسێن، کە سەلماندی هونەرمەند وەك سیاسی وایە[١٠]. ئەمە، کە سیمای گشتی بارودۆخەکە بێتو لەپاڵ ئەوانەیشدا هەڕەشەو چاوسورکردنەوەو گواستنەوەو دوورخستنەوەی هونەرمەندانو نووسەران لە گۆڕێدا بێت، بێگومان جوانی هونەرو داهێنان لە قەیراندا دەبێت بۆیە دراماش تاڕادەیەك سست بوو بەرهەم کەم بوو بەڵام گەش بوونو لەڕووی هونەرییەوە لە ئاستی خواستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوونو نەبووە ئەدەبی دەربار بەڵکو وەك ئەدەبێکی جەماوەریی پێشکەوتنخواز هێدی هێدی ڕەوتە مێژوویەکەی خۆی بەسەردەبرد تا بوواری نوێ هەڵکەوتو درامایش هەنگاوی نوێی نا بۆ تەواوکردنی ڕەوتەکەی.. بەڵام دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، کە لەم قۆناغەدا هەندێ ناوی نوێ هاتە ناو مێژووی درامای کوردییەوە، کە دەقی ناوازەیان بەرهەمهێنا وەك سمکۆ ناکام، کە لەم قۆناغەدا دەقە سەرکەوتووەکەی ڕەجەبو پیاوخۆرانی نوسی، هەر ئەم قۆناغە پێشکەشکردنی هەندێ بەرهەمی سەرکەوتووی بەخۆیەوە دی وەك مرۆڤ و زەوی لە نووسینی تەها بابان هەروەها لەگەن لە نووسینی ئەحمەد دەنگ گەورە.. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەمی دەق هێنابوویە ئاراوە پەنا برایە بەر وەرگێڕانو ژمارەیەکی باش لە دەقە جیهانییەکان کران بە کوردیو پێشکەشکران وەك: مانگرتن لە نووسینی کلیفۆر ئۆدیس و کاوەی ئەحمەد میرزا وەریگێڕابوو بۆ کوردی، نهێنی لە نووسینی محێدین زەنگەنە مەحمود زامدار کردبووی بە کوردی، ئابلۆقەی عادل کازم عوسمان چێوار کردبووی بە کوردی، شێرکۆ بێکەسیش مۆڵەتی محێدین زەنگەنەی کردبوو بە کوردی ئەو دەقانە پێشکەش کراونو سەرکەوتووبوون هەرچەندە مۆڵەت وەرگرتنی ئەو بەرهەمانەو پێشکەش کردنیان کێشەی زۆری لێ ئەبۆوە.

[١٠] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ٥٥-٥٦، ١٩٧٦، صباح عبدالرحمن، هونەرمەندی کورد لەنێوان خواستو کەم بەرهەمیدا، ل ٥٧.

# هەنگاوی دووەم لەساڵی ١٩٧٨- ١٩٨٠

## بەرەو گەشەسەندن:

ئەم هەنگاوە هەندی تایبەتمەندی گرنگی هەیە کەوای لێکردووە نەك هەر لەم قۆناغەدا بەڵکو لە پانتایی مێژووی درامای کوردیدا بەهەنگاوێکی گرنگو تایبەت دادەنرێت چونکە

١. ئەگەر لەهەنگاوی پێشوودا وابەستەی سەردەمەکە ببوو وەك کاردانەوەیەکی رووداوەکان دراما لەبەرەی گەلو دەنگی ئەواندابوو، ئەوا لەم هەنگاوەیاندا دراما دەبێتە پەیامێك لەو بارەیەوە "عوسمان چێوار دەڵێت: ئەتوانین هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ بەناوی شانۆگەری کوردیەوە پێشکەش ئەکرێن بەهەوڵدانی سەرەتایی دانێن، ئەمەیش شتێکی ئاساییە بۆ جوڵانەوەیەکی شانۆیی، کە تەمەنی لە پەنجا ساڵێك تێپەڕ ناکات... ئێستا کار لەوەدا نەماوە شانۆ هۆیەك بێت بۆ کات بردنە سەر، ئەبی خەمو ئازارو ئاواتو ئامانجو خۆشیو ناخۆشیەکانی ببنە هەوێنی هەموو کارێکی هونەریو لەروانگەی بەرژەوەندی زۆربەی خەڵکەوە بڕوانینە کارە هونەریەکان ئاکامیش ئەبی هەر بۆ قازانجی ئەوان بێت[11] ئەگەر رێگە بدرایە عوسمان چێوار راستەوخۆ رایدەگەیاند، کە دراما پەیامە... عەبدوڵا سەراج لە درامای پێداچوونەوە دا لەسەر زاری پاڵەوانەکەیەوە نووسەر هەمان بۆچوون دەردەبڕێت: نووسەر: "چەکوشەکەی کاوە دەگرێتە دەست- شانۆ تاریك دەبێت- کاوەو ئافتاو لەپشتەوە دەست لەمل یەك دەکەن"... دۆزیمەوە، دۆزیمەوە، دەبی بەم چەکوشە، لەودیوی بێستوونا داستانێکی راستەقینەی سەدەی نوێتان بۆ بتاشم[12] نووسەر سەراج لەم درامایەدا چی دەڵێت؟ ئایا مەبەستی ئەوە نیە، کە نووسەران پەیامداربنو ببنە کاوەی چەرخی نوی؟ ئایا ئەمیش خۆی ئەوە ناگەیەنی، کە بەرهەمەکەی پەیامێکە؟: ئەمینی میرزا کەریمی درامانووسی درامایەك بۆ ئەو پەیامە تەرخان دەکات بە ناونیشانی تەرازوو تابلۆیەکی شانۆگەرییە لەم بەرهەمەدا نووسەر دادگایەك ساز دەکات بۆ نووسەرو هونەرمەندانو داواکاری

---

[11] گۆڤاری بەیان. ژ٤٨ ئادارو نیسانی ١٩٧٨، بەیان هونەری ئەمڕۆ لە سلێمانی، ل٤٧

[12] گۆڤاری رۆشنبیری نویّ، ژ٧٣ ئازاری ١٩٧٩ عبدالله سراج شانۆگەری پێداچوونەوە، ل٤٢

گشتی ناوی دەنی چەتەوڵ، بۆ ئەوەی، کە خۆی نموونە بێت دیمەنێکی شانۆییەکە دەخەینە پێش چاوو!.

چەتەوڵ: لە جێگەی تەرخانکراو دائەنیشی

حاکم: چەند جارێك چەکوشەکەی ئەدا بەمێزەکەدا ئێوە تاوان خراوەتە پاڵتان، ئەڵێن چی یەك بەدوای یەکدا وەڵام بدەنەوە....

گیراوەکان: بە یەك دەنگ تاوانبارنین

حاکم: بە تورەبوونەوە وتم یەکە یەکە

گیراوەکان: هەر بە یەك دەنگ تاوانبارنین تاوانبارنین

حاکم: ڕوودەکاتە چەتەوڵ فەرموو چیت لەمانە بیستوەو دیوە...

چەتەوڵ: ئەچێتە لای شمشاڵ ژەنەکەوەو قۆڵی ئەگرێ گەورەم... ئەم شمشاڵی لـێ ئەدا، ئەگەرچی شمشاڵ لێدان تاوان نییە بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین، کە چۆنو بۆکێ ئەژەنرێ، کە چی... ئەچێتە نزیك شاعیرەکەوەو دەست دەخاتە سەرشانی بۆ ئەم شاعیرەی ئەژەن لەکاتێکدا، کە شیعرەکەی ئەوت ئەوەندەی تر ئاوازەکەی شیعرەکەی گەرمتر ئەکرد، ئەمەیان شمشاڵ ژەن، شیعری ئەم شاعیرەش هەمووی بە ماناوە بووە، چەند دێرێکم بیرماوە فەرموو گوێ بگرە...

لەسەر ئەوەی بۆ گوڵ گریایت　　　بەم حاڵەی بردیت وا تیایت

دەسا هەڵۆو پڵنگو شـێر　　　بۆ داڵاشی شومی بێ خێر

لە جەنگەڵو لە بێشەوە مەردانە بێنە پێشەوە.... بەڵێ گەورەم.. مەردانە بێنە پێشەوە

پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکات بەڵکو ئاشکرایە، هاندانە[١٣] ئەمینی میرزا کەریم بەم دەقە دەنگی دەخاتە پاڵ دەنگەکانی ترو هونەرو ئەدەبو وەك پەیام سەیر دەکات.

تیپی نواندنی سلێمانی راستەوخۆ ئەو پەیامە رادەگەیەنێو لەدوابەرهەمی ساڵی ١٩٧٨دا روانگەی تیپ تۆماردەکاتو لەسەر رێنمایی شانۆگەری پردی ئارتا، وتەی تیپ دەنوسێو دەڵێت!. دوابەدوای تاقیکردنەوەکانی تیپو قاڵبوون لە مەسەلەی گرنگی شانۆو دەوری شانۆدا، ئەوەمان کردۆتە پرۆگرام، کە تیپی نواندن هەمیشە

[١٣] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ٦٥، ك٢ و شوباتی ١٩٧٨، ئەمینی میرزا کەریم تەرازوو ل٦٢.

هەڵگری دروشمی داهێنانو نوێکردنەوە بێتو لە ڕێبازێکی ڕاستو دڵسۆزانەوە بە ئێوەی خۆشەویست بگات. ئەم بەرهەمەمان نموونەیەکی ڕاستەقینەی دڵسۆزیو هاوبەشی کردنە ئەمانەوێ لە بەرهەمەکانی تیپدا ئەوە پیشان بدەینو لەسەر ڕێبازی بڕوامان بە هونەرو جەماهیر چەند تاقیکردنەوەیەك پێشکەش بکەین، کە لە تەکنیكو ڕێبازی هونەریدا جیاوازن بەڵام هاوئامانجنو یەك مەبەست کۆیان دەکاتەوە لە ڕێڕەوی بزووتنەوەی هەموویان خزمەتی شانۆی کوردی ئەکات. تیپی نواندنی سلێمانی کانونی یەکەم ١٩٧٨[١٤]. ئەمە ڕاگەیاندنێکی ڕاستەوخۆی تیپێکی هونەری شانۆییەو تائێستاش لە کارکردندایەو پەیامەکەی خۆیشی بردەسەر.

٢. یەکێکی تر لەو هۆیانەی ئەم قۆناغە تایبەتمەند دەکاتو لەم هەنگاوەدا دراما بەخۆیەوە بینی گەشبوونەوەی درامای تایبەت بە منداڵە، کە لەوەو پێش زۆر زۆر کزبوو بەڵام لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی باش لە درامای منداڵ بەرهەمهێنرا وەك: "داپیرەی دانا نووسینی سمکۆ ناکام، ئۆپەرێتی شادی نووسینی کاوە ئەحمەد میرزا، ئۆپەرێتی چەژنو دەوڵەمەندی شەڕ نووسینی عبدالرزاق بیمار"[١٥] گەلێ بەرهەمیش ئامادەکرا یا وەرگێڕرا وەك شانۆگەری ڕووبار لە ئامادەکردنی کاوە ئەحمەد میرزا[١٦]... ئیتر درامای منداڵان بوو بە بەشێکی دیاری درامای کوردی[*].

٣. لە گرنگییەکانی ئەم قۆناغە نوێکردنەوەو نوێخوازی بوو لە ئاکامدا شێوازی هونەری نوێ باو دەرکەوت، کە لە درامای جیهانیدا شوێنی دیاری هەبوو، بەتایبەتی شێوازی درامای داستانی، لەم ڕووەوە فوئاد مەجید میسری ڕۆڵی گرنگی هەبووە

---

[١٤] لە ئەرشیفی تیپی نواندنی سلێمانییەوە ڕێنمایی شانۆگەری پردی ئارتا.

[١٥] گۆڤاری بەیان، ژ٥٧، ت١ ١٩٧٩ دەقی شانۆگەرییەکان ل ٧-٢٦-٣٠.

[١٦] خەجو سیامەند، فوئاد مەجید میسری.

[*] درامای منداڵ لەوەوپێش ئاوڕی لێدرابۆوە بۆ نمونە عومەر عەبدول ڕەحیم ساڵی ١٩٧٢ حەوت درامای منداڵانی لە بەرگێکدا چاپکرد بەناوی شانۆگەری منداڵەوە بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ وە وەك بەشێکی تایبەت لەناو هونەرمەندانو تیپە هونەرییەکانەوە ئاوڕی لێدرایەوە.. بێگومان لە سەرتاسەری عێراقدا خۆی نواند چونکە بەڕەسمی کرا بە ساڵی منداڵانی جیهان بۆنمونە هەر لەو ساڵەدا لە گشت عێراقدا گرنگی پێدراو هونەرو ئەدەبی منداڵ بووژایەوە.

بەتایبەتی لە دراماكانی راپۆرت و خەجو سیامەنددا، وە ئەو شێوازە لەم هەنگاوە بەدواوە بوو بە یەكێك لە شێوازە دیارەكانی درامای كوردی.

٤. لەم قۆناغەداو لە هەنگاوە نوێكەیدا بەپێی خواستی قۆناغە رۆشنبیرییەكە ئاوڕ لە كەلەپووری نەتەوایەتیمان درایەوەو لە ئەنجامدا بەشێوەی جیاجیا سوودی لێ وەرگیرا لە نووسینی دراماداا، نووسەران هەندێ جار دەقێكی دێرینیان وەردەگرتو لە پرۆژەی بە دراما كردنی هاوچەرخدا بەكاریان ئەهێنا وەك خەجوسیامەند[17] یا هەندێ جار سوود لە هەندێ دەق وەردەگیرا بۆ بەهێزكردنی درامایەكی نوێ، وەك لە دراما شیعرییەكەی ئاسك[18] ی شێركۆ بێكەس[19] دا یا وەك مرۆڤ و چاخو بیر ی مەهدی ئومێدو شەوێك لە ژیانی خانزادی حەمەكەریم رەمەزان و لێبووك داستانا مەمۆزینا دگوهریتێ ابراهیم سلمان و...هتد.

٥. لەم قۆناغەدا هەوڵی دڵسۆزانەی هونەرمەندان بە ئاكام گەیشتو توانیان، كە وەزارەتی پەروەردە قایل بكەن بەوەی، كە پەیمانگای هونەرە جوانەكان لە سلێمانی بكرێتەوە، ئەمیش فاكتەرێكی گرنگ بوو بۆئەوەی هونەری كوردی دۆخی زانستی وەربگرێتو لە دەزگایەكی هونەری پسپۆڕەوە كادیری زانستی بۆ پێبگات، هونەرمەندانو تیپە هونەرییەكان گەلێ ئەركیان بینیو ماندووبوونیان چەشتو چەندەها یاداشتیان گەیاندە بەرپرسانو سەردانی دەزگا تایبەتیەكانی پایتەختیان كرد تا توانییان "لەساڵی "١٩٨٠" پەیمانگای هونەرە جوانەكانی سلێمانی بكەنەوە"[20] ئەمەیش دەستكەوتێكی هونەری زۆر گرنگ بوو چونكە لەوەوپێش زۆر كەم لە ئارەزوومەندانی هونەر دەیانتوانی بچن لە بەغداو لە پەیمانگای هونەرە جوانەكان بخوێنن هەرگیز ژمارەی ئەو قوتابیە كوردانەی لەو پەیمانگایە وەردەگیران لە پەنجەكانی دەست زۆرتر نەبوون بەڵام لەم قۆناغە بە دواوە ساڵانە سەدان ئارەزوومەندی هونەر لەم

---

[17] ئاسك، شێركۆ بێكەس، چاپخانەی كۆڕی زانیاری، ١٩٧٨، ل٢.

[18] مرۆڤو چاخو بیر، مەهدی ئومێد، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوكردنەوەی كوردی، ج١، ١٩٧٨، ل٥.

[19] گۆڤاری بەیان، ژ٥٣، ك٢ ١٩٧٩، مەحمود زامدار راپۆرتێك بۆ ساڵی پیرۆزی منداڵان، ل٨٢.

[20] الحیاه المسرحیه فی العراق، أحمد فیاض المفرجي، دائره سینما والمسرح، بغداد، ١٩٨٨، ص٣٨.

پەیمانگایە بەرەو پسپۆڕی دەچوون، ئەمەیش کاردانەوەیەکی باشی هەبوو لەسەر پاشەڕۆژی هونەری کوردی بەگشتیو هونەری درامایش بەتایبەتی.

٦. لەم هەنگاوەی ئەم قۆناغەدا: رەخنەی هونەریو ئەدەبی بەگشتیو رەخنەی شانۆی بەتایبەتی پەرەی سەندو دواتر سیمینارو لێکۆڵینەوەی تایبەت دەربارەی کارە دراميیەکان زۆربوو وە چەند رەخنەسازێکی نوێ لەو بووارەدا دەرکەوتن وەك فاضل علی جاف، مهدی ئومێد، فوئاد مەجید میسری، ئەحمەد محەمەد ئابلاخی...هتد.

٧. بەرهەمی درامی لەوماوەیەدا ژمارەی زۆرتر بوو لە چاو پێشوودا، ئەو دەقانەیش، کە سەربەخۆ وەك کتێب لەم ماوەیەدا چاپکراون لە گشت سەردەمەکانی تر زۆرتربوو وە تائێستایش هیچ سەردەمێکی تر ئەو ژمارە دراما چاپکراوەی بەخۆیەوە نەدیوە، بۆنموونە لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٧ تەنها یەك دراما چاپکراوە ئەویش لەپێناوی ئەویندای زەکی ئەحمەد هەناریيە وە لە ساڵی "١٩٧٧"یشدا تەنها شەوێك لە ژیانی خانزادی حەمەکەریم هەورامی چاپکراوە بەڵام ساڵی ١٩٧٨ سێ دراما چاپکراوە، کە ئەمانەن ئاسك نووسینی شێرکۆ بێکەس، مرۆڤ و چاخو بیر نووسینی مەهدی ئومێد، وانەی رەشبەڵەك نووسینی ئەحمەد سالار. ساڵی ١٩٧٩یش پێنج دراما چاپکراون، کە ئەمانەن: بووکی بەفر نووسینی مەهدی ئومێد، خەجو سیامەند نووسینی فوئاد مەجید میسری، دڵدارانی باران نووسینی ئەحمەد سالار، ژان نووسینی فەهمی کاکەیی، لێبووك داستانا مەموزیناد گوهریت* نووسینی ابراهیم سەلمان وە ساڵی "١٩٨٠"یش سێ درامای تر چاپکراوە، کە ئەمانەن: شێخی سەنعان نووسینی د. نافع ئاکرەیی، مانگرتن نووسینی محمد عبدالرحمن زەنگەنە، سەرچاوەی ژانێکی خامۆش نووسینی ئەمینی میرزا کەریم[٢١]. کەواتە کۆی ئەو درامایانە لەم ماوەیەدا چاپکراون ١١ یازدە دەقن وە لە هیچ قۆناغێکدا نەگەیشتۆتە ئەو ژمارەیە، کەواتە دراما لەم قۆناغەدا بەتایبەتی لە دواهەنگاویدا بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەندووەو هەرچۆن

---

* لێبووك داستانا مەموزینا دگوهرێت یەکەم درامایەکە، کە بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو لە عێراقدا چاپکرابێت.

[٢١] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ١١٦، ك١ ١٩٨٧، یاسین قادر بەرزنجی شانۆگەرییە کوردییە چاپکراوەکان ل ١٦٥.

لەڕووی چۆنێتییەوە هەنگاوی گەشەسەندنی ناوە بەهەمان شێوە لە چەندێتییشدا گەشەی سەندووە، دیارە ئەو گەشەسەندنەش هۆکاری خۆی هەبووە، چەند خودی دراما لەڕووی پەیوەستبوونیەوە بە رەوتی گەشەسەندنی ژیانی ئەدەبییەوە پەیوەندی هەیە، هێندەش کاریگەری ژیانی بابەتیو گۆڕانکاریە رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان کاری تێ دەکەن، ئەم هەنگاوەش لە رۆژگارێکدا بوو، کە شۆڕشی نوێ گەشەی کردبوو، ئاسەواری شکۆو رووخانی شۆڕش لەناخی تاکی کورددا نسکۆو رووخانی خودی دروستکردبوو، جۆرە بێهودەییەك باڵی کێشابوو بەسەر خەڵکدا بەتایبەتی رۆشنبیرەکان، بەڵام گەشانەوەی شۆڕش ئەو بارودۆخەی ئاوەژوو کردەوە لە بێهودەییەوە بۆ هیواو ئاواتو ورەبەرزی، هەرچەندە شۆڕش لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا هەڵگیرسابۆوە، بەڵام بەهۆی کزی رەوتەکەی سەرەتایەوەو بەهۆی راگەیاندنی بەهێزو ئاوەژووی رژێمەوە شۆڕش وەك دۆخێکی تازە وەك پێویست کاری لە بوونیادی خودی تاکی کورد نەکردبوو بەڵام لەسەرەتای ئەم هەنگاوەیانەوە واتە لە ساڵی "١٩٧٧"ەوە شۆڕش وەك راستی خۆی سەپاندبوو، تواناو چالاکیو ئاسودەیی دەخستە دڵە ترساوو رووخاوەکانەوە سەرلەنوێ خەڵك هەستیان بە بوونی خۆیانو نەتەوە نوێ بووەوە، رژێمیش بۆ بەرگرتن لە شۆڕش دەستی کرد بە راگوێزانی گوندەکانو کاولکردنی کێڵگەکان،... لە کاردانەوەی ئەو رووداوانەو دۆخە بابەتیە نوێیەکەدا هونەرمەندانو نووسەران لە شارەکاندا بە بەخششو داهێنانی هونەریو ئەدەبی هەڵوێستی خۆیان دەنواندو لە داهێناندا شۆڕشگێڕی خۆیان ئەدۆزیەوە. بەواتایەکی تر هونەری ئەم قۆناغە بووە جۆرێك لە جۆرەکانی دەنگدانەوەی بارودۆخ لە هۆشیاری تاکی کورددا و بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو بەشداری چالاكو زیتی لە گۆڕانەکانی شۆڕشو پەرەسەندنیدا کردووە چونکە وەك لەسەرەتاوە وتمان هونەر ببوو بە پەیام و خاوەنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیو شۆڕشگێڕی بوو. لە بەدیهێنانی ئەو ئەرکەشەوە ئاوا گەشەی سەندووە.

هەواڵنامەی کتێب

## هەنگاوی سێیەم: ١٩٨١- ١٩٨٥

### أ- دەتوانین ناوی بنێین لە خەم رەخسین:

ئەم قۆناغەو سەرەتاکەی نەك هەر بۆ درامای کوردی تایبەتمەندە بەڵکو بۆ مێژووی عێراقو ناوچەکەیش تایبەتمەندو گرنگە، چونکە سەرەتای بەرپابوونی جەنگی نێوان عێراقو ئێرانە، کە رۆژی ٤ی ئەیلولی ١٩٨٠[٢٢] ئەم جەنگە عێراقی خستە دۆخێکی تایبەتەوە، کە کۆی گشتی دۆخەکە خۆی لە جەنگدا دەبینیەوە هەربۆیە رژێم هەوڵی ئەدا، کە لە کوردستاندا بە شێوازێکی نوێ رەفتار بکاتو خەڵك لەخۆی نەوروژێنێ بۆئەوەی بتوانێ ئاسایشی هەرێمیی خۆی بپارێزێ چونکە تێڕوانینیان بۆ ئاسایش لەو هەڵوێستەوەیە کە بە پاراستنی ئاسایشی ناوەوە دەتوانین ئاسایش بۆ ئەودیو سنووریش دابین بکەین[٢٣] جا لەبەرئەوەی سوپاکەی سەرقاڵی جەنگ بوو لەگەڵ ئێران هەوڵی ئەدا هەندێ نەرمی بنوێنێ لەگەڵ کورددا چونکە بڕوایان وانەبوو، کە ئەمە کێشەی نەتەوەیەکەو پێویستی بە چارەسەر هەیە بەڵکو بە "وەرەقەی هەڕەشە ئامێز" سەیریان دەکرد، کە بەدەست ئیمپریالیستەوە یاری پێ دەکرێت[٢٤] بۆیە وەك چارەسەرێکی کاتیی هەوڵی سڕکردنیان ئەدا تا لە هەلێکی تردا کپی بکەن. هەر بەو نیازەش هەندێ هەوڵیان ئەدا بۆئەوەی خەڵکەکە لە شۆڕش دووربخاتەوەو شۆڕش لە خەڵکەکە تەریك بکات. ئەوکاتەیش لاواز دەبێتو کاریگەری ئەوتۆی نابێت، کە مەترسی بۆ سەر ئەمنی قەومی هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش پلانی دانابوو وە لەسەر ئاستە جیاجیاکانی کۆمەڵ جێبەجێی دەکرد. بەڵام ئەوەی بۆ ئەم باسە گرنگە ئەدەبو درامایە، کە رژێم لەم رووەوە هەوڵی زۆری دا، کە هونەرمەندو نووسەری کورد بەلای خۆیو قادسیەکەیدا راکێشێت*، بەڵام نەکراو هونەرمەندانو نووسەران لە بەرەی گەلدا

---

[٢٢] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ٩٥ ئابو ئەیلوولی ١٩٨٢ ٤ی ئەیلول یادی دووساڵەی جەنگ ل٢.

[٢٣] استراتیجیه الأمن الداخلی، د. فاضل البراك/ دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ص٣٨.

[٢٤] نفس المصدر، ص٥٢-١١٤.

* لەساڵی ١٩٨٢ دا ژمارەیەکی زۆر نووسەرو هونەرمەندیان کۆکردەوە بەو ناوەی، کە بەخشندەیی سەرۆك ئەمانیشی گرتۆتەوەو دەبێ خواستو پێویستیەکانیان دابین بکرێتو یەکەم هەنگاو هەریەکەو◄◄

مانەوەو درامایش زیاتربوو بە پەیامو ئەرکی شۆڕشگێڕانە، بۆیە رژێم بیری لەوە کردەوە، کە ئەم هونەرە پاوانە بکاتو راستەوخۆ بیخاتە ژێردەستی خۆیەوەو لەوێوە دزە بکاتە ناو هونەری کوردیەوە بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری "بڕیاری کردنەوەی تیپی نەتەوەیی درا، کە سەر بە دەزگای سینەماو راگەیاندنی وەزارەت بوو. فەرمانبەرو کارمەندیان بۆ دامەزراند. تیپ کەوتە گەڕو پارەو پولی زۆری بۆ دابین کرا"[25] بەڵام تیپ نە یەکەم بەرهەمو نە دوابەرهەمی بۆ رژێم بوو، یەکەم بەرهەمیان، کە هەبوو نەبوو بوو لە عەرەبییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی کوردیو دوای ئەویش محمدو سێویان پێشکەش کردو دوای ئەویش درامای وەلی دێوانەی پێشکەش کرد، ئەم درامایانەش لەڕووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو بوون ئەیشچوونە خانەی درامای قادسیەو رژێمەوە، هەرچەندە رژێم بۆ خەرجی ئەم درامایانە پارەیەکی زۆر زۆری دابین کردبوو، لەنێوان ٨ هەزار بۆ ١٠ هەزار دینار بۆ هەر درامایەك، کە ئەوکات هیچ تیپێكو بەرهەمێك شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، ئەو درامایانەی، کە نەچوونە ریزی درامای هاندانەوە بەڵام بەرپەرچدانەوەی خواستەکانی گەلی کوردیش نەبوو بەڵکو لە ئەنجامدا هەر لە خزمەتی گەلدا بوون چونکە لاکردنەوە لە کەلەپوورو خزمەتی کەلتوری نەتەوە ئامانجێکی تری نووسەرانی کورد بوو لەم قۆناغەدا ئەو درامایانەش هەبوو نەبوو، محمدو سێوێ، وەلی دێوانە بەشێك لەو ئەرکانەیان گەیاند، بەکورتی ئەم تیپە هونەریان لەکەدار نەکردو خواستەکانی رژێمیشیان نەهێنایەدی بەپێچەوانەوە بەرهەمەکان سوودیان بۆ گەل هەبوو، لە چاوی رژێمەوە وشەی نەتەوەیی نەتەوەی عەرەبی دەگەیاند بەڵام ئەندامانی تیپەکە نەتەوەی خۆیان مەبەست بوو وشەکە لای ئەمان نەتەوەی کوردی دەگرتەوە. لەگەڵ ئەم تیپەدا کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی-

---

پارچە زەوییەکیان ئەدرێتیو هەر لەوێدا ناو نووسراوە هەرکەسە ژمارەی پارچە زەوییەکیان دایە بەڵام بۆ دواتر، کە هونەرمەندان چووبووون بۆ تاپۆکردنی زەوییەکانیان مەرجیان بۆ دانأبوون، کە دەبێ بەرهەمەکانیان تەرخان بکەن بۆ قادسیەی سەدام و پورە، تەنها یەك کەس مەرجەکەی قبووڵ نەکرد.

[25] گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ٩٥ ئابو ئەیلوولی ١٩٨٢ شێرزاد عبدالرحمن تیپی نەتەوایەتی هەولێر، ل١٠٥.

هەولێر لە چالاکییەکانیدا بەردەوام بوو، لەم قۆناغەدا هەندێ بەرهەمی باشی پێشکەش کرد وەك بووکی بەفری مەهدی ئومێدو کێچەڵەکانی حەمە وەی‌وەی لە نووسینی تەلعەت سامان و قەلاّی دمدمی هەمان نووسەرو مام حسن دەگرێتەوەی جەوهەر کرمانجو لاس‌و خەزالّی نازم دلّبەندو سورمێ خان لە نووسینی ئەحمەد عەبدوللاّ، لە سلێمانیش ژمارەیەکی زۆرتر کاری درامی بەرهەمهێنراوە. سەرجەمی بەرهەمی قۆناغەکە لە خۆیدا بەردەوامی بەرەو پێشچوونی قۆناغەکەی پێش خۆیەتی. هەندێ تایبەتی تر دەخەنە سەر تایبەتییەکانی تری درامای کوردی وەك:-

١. بەردەوامیی پەیامدارییەکەی پێشوو وەك لە دراماکانی پێشوودا دراما لە ریزی ئەدەبی بەرگریدا بوو لەم قۆناغەیشدا بەردەوامی بەو هەلّوێستە دراوەو بەڕاستی سیمای گشتی درامای ئەم قۆناغە بەرگرییە.

٢. ئاوڕدانەوەیەکی هۆشمەندانە لە مێژووی کوردو کەلەپوورەکەی‌و تێڕوانینیان وەك سەرچاوەیەك بۆ نووسینی درامای نوێ، وەك فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەی تەلّعەت سامان و خەج‌و سیامەند... هتد[٢٦].

٣. دەرکەوتنی تەواوی درامای داستانی‌و بەکارهێنانی بەرنامەکەی برێخت بەشێوەیەکی فراوان‌و بەرچاوو بە رادەیەك بێتە سەرەتایەك بۆ ئاوڕدانەوە لە رێبازە نوێکان‌و دوورکەوتنەوە لە شانۆی لاساییکار وەك لە دراماکانی راپۆرت، دوکتۆر پالّمی، پۆنتێلاو ماتی، تەنەکە...هتد.

٤. زۆربوونی درامای تایبەت بە منداڵ بۆ نموونە هەر لە ژمارە تایبەتەکەی رۆژی کوردستان دا ئەم دەقە درامییانە، کە تایبەتە بە منالّ بلاّوکراوەتەوە وەك گورگی بێشەو هەرد نووسینی سمکۆ ناکام ئۆپەرێتی- رووبار نووسینی حەمە فەریق حەسەن. ئۆپەرێتی ژانی دەچلەو فرەهات[٢٧] هەروەها دوو دەقی وەرگێڕانی تایبەت بە منالاّن هەر لەو گۆڤارەدا بلاّوکراوەتەوە ئەمە بێجگە لە زۆر دەقی تر، کە چاپو

---

[٢٦] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق. ژ٤١ ك٢ شوبات‌و ئازاری ١٩٨١ یاسین قادر بەرزنجی شانۆگەری کوردی، ل٧.

[٢٧] نووسینی فەهمی کاکەیی، سەوزە نووسینی فاضل قصاب گۆڤاری رۆژی کوردستان، ژ تایبەت بە شانۆو چیرۆك، دەقی دراماکان لە ل ٢١-٥٧-٦٢-١٠٢.

بلاّونەکراوەتەوەو لە خوێندنگاکاندا پێشکەش کراون، گرنگیدان بە درامای منالّ لە قۆناغی پێشوودا لای لێ کرابووەوە بەلاّم لەم قۆناغەدا بوو بە دیاردەیەکی هونەریو بەتایبەتی باسی دەکرا*.

٥. گرنگی دانی دەزگاو میدیاکانی راگەیاندن بە درامای کوردی و زۆربوونی بابەتی رەخنەییو ریپۆرتاژی رەخنەیی دەربارەی دراما، بە رادەیەك، کە زۆرینەی ژمارەکانی رۆژنامەی هاوکاریو پاشکۆی عێراقو گۆڤاری بەیانو کاروانو رۆژی کوردستانو گۆڤاری ئۆتۆنۆمیش باسو خواسو ریپۆرتاژیان دەربارەی دراما بلاّوکردەوە بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر لە دەقی درامی جا چ خۆمالّی یان ئامادەکراو یان وەرگێڕاوبوون.

٦. گەشەسەندنی وەرگێڕان، کە خزمەتێکی زۆری بزووتنەوەی زانستی دەکات لە بووارەکانی رەخنەو لێکۆلّینەوە، لە لایەنەکانی دراما بەگشتیو درامای کوردی بەتایبەتی، چونکە لەم قۆناغەدا گرنگیەکی تەواو درا بە وەرگێڕانی تیۆرو میتۆدو باسو هەوالّەکانی دراماو وەرگێڕانیان ببوو بە شتێکی گرنگ لە چالاکیە ئەدەبیەکان ئەمە بێجگە لە وەرگێڕانی دەقەکانی دراما، کە دەمێك بوو لای لێ کرابووەوە.

٧. سەرهەلّدانی مۆنۆدراما**، کە شێوازو بوونیادو تەکنیکی هونەری خۆی هەیە

---

* نووسەرێك لە گیروگرفتەکانی دراما ئەدوێتو ئەلّێ: گرنگترین گیروگرفت شانۆی منالاّنە، کە تائێستا شانۆییەکی منالاّنی کورد لە گۆڕەپانی شانۆی کوردیدا نییە جگە لە شاری سلێمانی نەبێت، کە بەو دواییە زیاتر گرنگی پێدرا "گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژ٤، ١٩٨٥، شاهێن نەجمەدین بینەرو شانۆی کوردی ل٦٧".

** مۆنۆدراما Monodrama واتە درامای یەك ئەکتەر: یان ئەو درامایانەی، کە یەك کەسی تێدایە: درامایەکە رەگەزەکانی درامای تێدایەو یەك ئەکتەر پێشکەشی دەکاتو رۆلّەکە دەبینێ یا هەر خۆی دەچێتە ناو دەورەکانەوە "معجم المصطلحات المسرحیه، سمیر عبدالرحیم الجلبی، دار المأمون، بغداد، ١٩٩٣، ص ١٥٥-١٥٦" ئەم هونەرە بۆ یەکەمجار لە سالّەکانی کۆتایی چەرخی هەژدەهەمداو لەنێوانی سالاّنی ١٧٧٥ و ١٧٨٠ وە لەسەر دەستی ئەکتەری ئەلّمانی براندز لەدایکبووە "٤ مسرحیات مونودراما تألیف أمین بکیر، تقدیم د. عبدالعزیز حمودە، مرکز العربی للثقافة والعلم، بیروت، ص٦.." لەناو کوردەواریشدا ریشەی ئەم هونەرە زۆر لە سالّی ١٩٧٤ کۆنترەو وەك لە باسەکەی د. شکریە رسولدا "ئەحەی کوڕنو قارەمانی گالّتەوگەپو ئەکتەری شاری◄◄

له جۆرەکانی تری درامای جیادەکاتەوە، هەرچەندە دەرکەوتنی ئەم هونەرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی درامای کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، کە عەبدوڵا سەراج دەقی مۆنۆدرامای "ئایا هەموو شێتین؟ی بڵاوکردبۆوەو نووسیبووی چیرۆکێکی شانۆگەرییە لە یەك پەردەدا"[٢٨] بەڵام گشت بنەماکانی مۆنۆدرامای تێدایەو دیارە نووسەر ئەوکاتە لەڕووی تیۆرییەوە شارەزای ئەم هونەرە بووە[*]، کە یەك پەردەیەو دواتر شارەزایی پەیدا کردووەو زانیویەتی، کە ئەم دەقە دەچێتە خانەی مۆنۆدراماوە، ئەوە سەرەتای ئەو هونەرەیە لە مێژووی درامای کوردیداو ئیتر ناوبەناو مۆنۆدراما لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە خۆماڵیو وەرگێڕاویش، بەڵام لەم قۆناغەدا نووسینو وەرگێڕانی دەقی مۆنۆدرامایە، ئەم جۆرە درامایە بوو بە دیاردەیەکی بەرچاوو

---

سلێمانی، د. شکریە رسولە دەستنووس، دەردەکەوێت ئەحەی کوڕنو گەلێ جار مۆنۆدرامای پێشکەش کردووە لەناو بازاڕو سەیرانو بۆنەکاندا یان لە دیوەخانی میرو گەورە پیاواندا بە نواندنو تمپیل بابەتێکی گاڵتەئامێزو پێکەنیناوی پێشکەش کردووە، ئەمەیش سەرەتای ئەم هونەرەیە لە ئەدەبی کوردیدا..." تێبینی "هەرچەندە ئەم هونەرە بە درامای یەك کەسی ناسراوە بەڵام لەم دواییەدا پسپۆڕانی شانۆی جیهانی پێناسەیەکی نوێی هونەری مۆنۆدرامایان کردووەو دەڵێن:- مۆنۆدراما بریتییە لە خۆگوتار "مۆنۆلۆج"ێك لەلایەن یەك کەسی سەرەکییەوە گۆدەکرێت، ئەم پێناسەیە مەرج دانانێ بۆئەوەی، کە لە مۆنۆدرامادا تەنها یەك کەس دەربکەوێت بەڵکو دەشێ، کە لەگەڵ کەسە سەرەکییەکەدا چەند کەسێکی تر دەربکەون بەڵام هیچیان قسە ناکەن تەنها کەسە سەرەکییەکە نەبێت.! لەڕووی مێژووییەوە ئەم پێناسەیە گرنگە چونکە زۆر دەقی دراما هەن، کە لەمەوپێش نەخراونەتە خانەی مۆنۆدراماوە بەڵام ئێستا بەپێی ئەم پێناسەیە وەك مۆنۆدراما رێکدەخرێت.." بڕوانە فی المسرح السویدی المعاصر. د. فاچل جاف، ١٩٩٩، سوید، ص ١٧٢.

[٢٨] گۆڤاری بەیان، ژ١٢ ١٩٧٤، عبداللە سراج، ئایا هەموو شێتین؟ ل٢٨-٢٩.

[*] چیرۆك نووس عبداللە سراج دەڵێت: لە ساڵی ١٩٧٣ دا شانۆنامەی ئایا هەموومان شێتین؟ بڵاوکرایەوە دوایی بۆم روونبۆوە، کە ئەوە مۆنۆدرامایە پێشتر نەمدەزانی، کە ئەوە مۆنۆدرامای پێدەڵێن، ئەوەیش یەکەمین مۆنۆدرامایە لە کوردیدا، دووەمین مۆنۆدرامای کوردیش بەناوی قەفەسە هەر من نووسیومە.. "گۆڤاری رامان، ژ١٨، ١٩٩٧/٢/٥، پەیڤینی ئازاد عبدالواحد گفتوگۆ عبداللە سراج، ل٧٦. جێگەی سەرنجە دەقەکەی ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە نەك ١٩٧٣ وەك نووسەر لەو گفتوگۆیەدا دەڵێت، هەروەها بەناوی ئایا هەموو شێتینەوە بووو نەك ئایا هەموومان شێتین.

له بزاڤه‌كه‌دا گرنگی تایبه‌تی پێدرابوو گه‌شه‌ی سه‌ند به‌ راده‌یه‌ك بووبه‌ یه‌كێك له‌ تایبه‌تیه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی شانۆی كوردی، هه‌روه‌ها "دیارده‌یه‌كی به‌رچاوی درامای عێراقی بوو له‌م قۆناغه‌دا، ئه‌م جۆره‌ درامایه‌ له‌ ئه‌ده‌بی عه‌ره‌بی عێراقیدا بووبه‌ دیارده‌یه‌كی به‌رچاو"[٢٩].

٨. خاڵێكی تر له‌ تایبه‌تیه‌كانی دراما له‌م قۆناغه‌دا خۆسه‌پاندنه‌، واته‌ دراما خۆی سه‌پاند به‌سه‌ر ناوه‌نده‌ رۆشنبیرییه‌كه‌دا ئه‌وه‌یش به‌زۆری‌و چالاكی به‌رهه‌مه‌كان، بۆیه‌ ده‌بوو له‌ بوواره‌ رۆشنبیرییه‌كاندا ئاوڕی لێبدرێته‌وه‌و دیدارو كۆبوونه‌وه‌ی له‌سه‌ر بكرێت، چونكه‌ ئه‌و بابه‌ت‌و لێكۆڵینه‌وانه‌ی، كه‌ له‌ چه‌ند ساڵی رابردوودا له‌ گۆڤارو رۆژنامه‌كاندا بڵاوكرابوونه‌وه‌ وه‌ك زه‌خیره‌یه‌كی زانین له‌ بزاڤه‌كه‌دا چڕبۆوه‌و ئیتر له‌وه‌ ده‌رچوو، كه‌ به‌ وتارێك لێره‌ یا سیمینارێك له‌وێ بتوانرێ وه‌ڵامی پرسیاره‌كان بدرێته‌وه‌، چونكه‌ دراما له‌ وتاری رۆشنبیریی كورددا پێویستی به‌ بووارێكی فراوانتر هه‌بوو تا دیدگاكانی تیا روون بكرێته‌وه‌و سه‌رنج‌و بۆچوونه‌كانی تیا بخرێته‌ڕوو بۆیه‌ سازدانی دیدار یان فیستیڤاڵێكی تایبه‌ت به‌ دراما ببووه‌ پێویستییه‌كی هه‌نووكه‌یی، چونكه‌ له‌دوای فیستیڤاڵی یه‌كه‌می هونه‌ری كوردی‌یه‌وه‌، كه‌ ساڵی ١٩٧٤ سازكرا ئیتر چالاكیه‌كانی كۆڕگێڕی نه‌هاتبووه‌ ئاراوه‌ تا ئه‌م قۆناغه‌، ئه‌وه‌بوو له‌ "٢٦/١٠ تا ٣٠/١٠/١٩٨٥ زنجیره‌ لێكۆڵینه‌وه‌ی شانۆو ئه‌ده‌بی شانۆ له‌لایه‌ن ده‌زگای رۆشنبیری‌و بڵاوكردنه‌وه‌ی كوردییه‌وه‌، له‌ شاری هه‌ولێر سازكرا، ١٨ باس‌و لێكۆڵینه‌وه‌ی تێدا پێشكه‌شكرا، ده‌رباره‌ی شانۆو ئه‌ده‌بی شانۆ"[٣٠] ئه‌مه‌ش سه‌ره‌تایه‌كی باش بوو بۆ له‌یه‌كگه‌یشتن‌و نزیكبوونه‌وه‌ی دیدگاكان‌و سازدانی چالاكی زیاترو هه‌وڵدان بۆ سازدانی دیدارو فیستیڤاڵی تر له‌ داهاتوودا.

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

---

[٢٩] جريده الجمهوريه، ع ٦٩٣٤، الاحد ١١ ايلول ١٩٨٨، حسين الانصاري، لا غبار- للاحد مونودرام، ص ١٠.

[٣٠] گۆڤاری به‌یان، ژ١٥٧ ته‌مموزی ١٩٨٩، مه‌غدید حاجی بزوتنه‌وه‌ی شانۆگه‌ری كوردی له‌نێوان واقیع‌و ئه‌زموونگه‌ریدا، ل١٨.

٩. ئەتوانین لە ئاکامی ئەو تایبەتیانەی لەم قۆناغەدا بڵێین: درامای کوردی خەریکە لە خەم دەڕەخسێ، بۆیە ئەم ماوەیەشمان ناونا هەنگاوی لە خەم ڕەخسینی درامای کوردی.

## قۆناغی دووەمی گەشەسەندن: ١٩٨٦- ١٩٩٥

### هەنگاوی یەکەم: ڕۆژگاری زێڕین لە ١٩٨٦-١٩٩٠

ڕەنگە کەس نەبێ لە ئاستی تایبەتیەکانی درامای ئەم قۆناغەدا تووشی سەرسوڕمان نەبێت چونکە ڕۆژگارێ، کە ئەم هەنگاوەی درامای کوردی پیا تێپەڕ بووە ڕۆژگاری نەهامەتی مێژووییە کەچی دراما دەچێتە ڕۆژی زێڕینەوە، سەرەتای هەنگاوی یەکەمی ئەم قۆناغە سەرەتای جەنگی عێراق- ئێران بوو، لە ناوەڕاستی ئەم هەنگاوەدا جەنگ دەوەستێتو دەستپێکردنی جەنگێکی تر کۆتایی بەم هەنگاوە دێنێ، ئەوە بوو، کە جەنگی عێراق- ئێران وەستا "ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ ئێران قایل بوو بەپێی بڕیاری ژمارە ٥٩٨ی ئەنجومەنی ئاسایش شەڕ ڕابگرێت، عێراقیش لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٦دا قایل بوونی خۆی بەو بڕیارە ڕاگەیاندبوو ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٠یش ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری دا تەقە بووەستێت"[٣١] بەڵام ئەم ئاشتییە مەینەتییەکانی گەلی عێراقی نەگۆڕی چونکە شەڕی کوردو ڕژێم لەلایەکو لووت بەرزیو لەخۆبایی بوونی سەرانی ڕژێم دان جیرکردنەوەی لەموڵەو بارودۆخی هەر لە پشێویدا هێشتبووەوەو ئەو واهیمەی سەرکەوتنەی، کە ڕژێم تێیدا دەژیا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خولیای شەڕی دەکردن، ئەم خولیایەش خستنیە سەر ڕێگەی کوێت* بە پەلاماردانی کوێت شەڕێکی تر

---

[٣١] گۆڤاری بەیان، ژ١٥٧، تەمموزی ١٩٨٩ دڵشاد ئەیوب سەعید ١٩٨٨/٨/٨ ڕۆژی سەرکەوتنو ئاشتییە، ل٥.

* "ڕۆژی ٢/ئاب/١٩٩٠ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە بەغداد بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا وتوبووی، کە دەستەیەکی لاوی باوەڕبەخۆهێناو کودەتایان بەسەر ڕێژیمی کوەیتدا کردوو داوای پاڵپشتیو یارمەتیان لە عێراق کردو ئێمەیش چووین بە دەنگیانەوە تا ئاسایش بپارێزین". بڕوانە ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژ٥٣ ١٩٩٠/٨/٤ بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ل١.

هەڵگیرسا، لەنێوانی ئەم دوو جەنگەیشدا رژێم بەردەوام بووە لە بەکارهێنانی چەكو هێزی سەربازی دا دژی گەلی کوردو چەند کردەوەیەکی نامرۆڤانەو کۆمەڵ کوژیان دژی رۆڵەکانی کورد ئەنجامداو هەزاران کەسیان سەرەونگوم کرد، تەنانەت لەو کەسانەیش پەیوەندی راستەوخۆیشیان لەگەڵ شۆڕش نەبوو تاکە تاوانیان ئەوەبوو، کە کوردن، بۆنمونە "هێزێکی حەرەس جمهوری لە بەغداوە نارد دەوری ئۆردوگاکانی قوشتەپەو بەحرکەیان گرتو هەر پیاوێکی بارزانیان بەردەست کەوت لە گەنجو لە پیر هەموویان گرت"[٣٢]، ئێستایش ئەو هەزاران کەسە سەرو سۆراغیان نییە، وە کردەوەکانیان گەیشتە رادەیەکی بێ شەرمیو دڕندانەی وەها، کە یەکێ لە سەرکردەکانی سوپا بە بڵاوکراوە بە کەرتەکانی سوپاکەی راگەیەنی، کە "بڕیاریان داوە، کە شەرەفو سامانی تێکدەرانو کەسوکاریان ببەن بۆ خۆیان"[٣٣] کار بەوەشەوە نەوەستا، گازی کوشندەو چەکی کیمیاویشیان کرد بەسەر کورددا، ئەمە بارودۆخێکی هێندە ناهەموارو ناسازبوو مەگەر کۆمەڵگایەکی وەك خەڵکی کوردستان بتوانن خۆیانی لەبەر رابگرن، بەڵام گەلی قاڵبووی بۆتەی خەبات دەتوانێ لەگەڵ بارودۆخەکاندا خۆی بگونجێنێو بە شێوازێکی نوێ ئاوێتەی رووداوەکانی ببێتەوەو بنەماکانو خۆپاراستنو مانەوەی خۆی لە بووارە مێژووییەکەدا دیاری بکات ئەمەیش لەسەر ئاستی جەماوەری، کە نەستی کۆرۆڵی سەرەکی تیا دەتوانێ، رووناکبیر لە کاردانەوەی رووداوەکاندا بەرجەستەی دەکات. بەشێوە رەسمییەکەیش پارتو رێکخراوە رامیاریو کۆمەڵایەتییەکان دەیکەنە بەرنامەی کارو دروشم، دەربارەی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردیش لەم قۆناغەدا گرنگترین ئەرکێ ئەنجام بدرێت ئەرکی پاراستنو پامالّی نەکردنی بنەما کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانی نەتەوەکەیە بۆئەوەی لە بووارێکی ترو گۆڕانکارییەکی تری مێژوودا ئەو بنەما پارێزراوانە ببنە وەڵامی سەردەمەکەو وەك فاکتەرێکی سەرەکی بەرنامەی کاری نوێ بەکاربرێن، ئەمەیش پرۆسەیەکی ئەبستمۆلۆجیو بەرنامەی هۆشمەندانەی ئەو جەماوەرەو توێژە رووناکبیرەیە، کە دەبێ بەرنامەی رێنیسانس ئامادەو جێبەجێ بکاتو لە وتاری رۆشنبیریی خۆیدا پرۆسەکە بکاتەوە، رەفتارو هەڵوێستی هەنووکەیی

---

[٣٢] پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چ٢، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٢٢.

[٣٣] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٣٠.

جەماوەری لێ بەرهەم بهێنێ..! ئەمیش وتاری رووناکبیری سەردەمەکە بوو، کە هەر لە هەناوی رووداوەکانەوە بە مێژوو کردنەوەی واقعی بەرجەستە کردو توانی بوون وەك راستییەکی رەها رابگرێت‌و لەو کێشەو ململانێیەدا گرەوەکە بەرێتەوە... ئەمەیش لە تێڕوانینی ساکارو سەرپێیدا جۆرێکە لە مەحاڵ‌و دژواری کەچی راستییەکە ئەوەیە، لە سەردەمێکدا سەنگەرەکان تێکدەشکێن کۆشکەکان دەڕمێن گوندەکان کاول دەکرێن کەچی لە ساتەوەختێکی مێژوویی بەرامبەردا جوانترین تابلۆو قەشەنگترین پەیکەرو ناسکترین پارچە مۆسیقاو خۆشترین گۆرانی‌و سەرکەوتووترین چیرۆك‌و رۆمان‌و پارچە هۆنراوەو دراما لەدایك دەبێت، کە نەك دۆست بگرە ناحەزیش ناتوانێ نکۆڵییان لێ بکات. ئەمە رواڵەتی گشتیی ئەم قۆناغەو رۆشنبیریی‌و شارستانییەتی گەلی کوردە لە کوردستانی عێراق، لەگەڵ هەر جۆرێکی هونەرو ئەدەبیشدا هەڵوێستەیەك بکەین بە ئاسانی راستی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێت‌و بەپێی پێویستیش ئێمە لەگەڵ دراما درێژە بەم باسە دەدەین بەو مەبەستەی روونی بکەینەوە، کە دراماى ئەم سەردەمە لە چ ئاستێکدایە..؟ جا پێش ئەوەی خۆمان دۆخەکە هەڵسەنگێنین بۆ زیاتر دڵنیابوون سەرنجی هەڵسەنگاندنی شارەزایانی عەرەب پسپۆڕانی ئەدەب‌و رۆشنبیریی عێراق تۆمار بکەین وەك رەخنەسازی دراماى عەرەبی د. کمال عید* لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا دراماى کوردی هەڵئەسەنگێنێ وە دەربارەی فیستیڤاڵی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی** دەڵێت: "چوارەم فیستیڤاڵی شانۆیی لە

---

* د. کمال عید: دەرهێنەرێکی شانۆییە نزیکەی ٢٥ بەرهەمی شانۆیی بۆ شانۆی نەتەوەیی میسری دەرهێناوە لە قاهیرەو شارەکانی تری میسرو یەکەم کەس بووو دراماکانی چیخۆف‌و گۆرکی‌و میللەرو برێختی بە شانۆی میسری ناساندو خاوەنی ژمارەیەکی زۆرە لە کتێبی هونەری‌و زانستی وەك المسرح الاشتراکی، دراسات فی الادب والمسرح، رؤیە جدیدە في الدراما، الدراما الاشتراکیە فی مصر، المسرح بین الفکرە والتجریب، جمالیات الفنون، علم الجمال المسرحی، تاریخ وتذوق الموسیقی ئەمە بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر وتارو لێکۆڵینەوەی رەخنەیی، کە لە رۆژنامەو گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاوی کردۆتەوە.

** فیستیڤاڵی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی لە ٥/٣ — ١٩٩٠/٥/١٠ سازکرا. کارتی رێنمایی فیستیڤاڵ.

سلێمانی بووبە نەریتێکی باشی شانۆیی کوردی، هەرچەندە یەکەم جارە بە ئامادەبوون لەم فیستیڤاڵە شەرەفمەند ئەبم، بەڵام فیستیڤاڵەکە وردبینیو رێكو پێکی ئامادەکاری پێوە دیاربوو لە نمایشو کۆڕەکاندا، ئەوەیش بەلای منەوە گرنگە بۆ ئەم فیستیڤاڵانە، هەروەها بۆچوونە رەخنەییەکانیش تا ئەمڕۆ، هەواڵدەری راستییە زانستییەکانو راستگۆیین. دوور لەو خاترو خۆترەی، کە بۆتە ئافاتی فیستیڤاڵە عەرەبییەکانمان... تا ئەمڕۆ هەموو نمایشەکانم بینی، کە شانۆی کوردی پێشکەشی کردوین نمایشی چاكو جۆراوجۆر بوون لە جۆرە جیاجیاکانی دراما. لەم نمایشانەدا هەبوو، کە تازەکردنەوەی هاوکێشەی هۆشمەندانەی بەکارهێنابوو تا ئەوپەڕی توانایش دوور لە لادان، داهاتووی شانۆی کوردی- رپۆرتوار-ەکەی دیاری دەکات، کە بریتییە لەو لێکۆڵینەوانەی، کە لە هەموو زانیارییە هونەرییەکانو لایەنە مرۆڤایەتییەکانو ئەمیشم لە نمایشەکانی ئەم فیستیڤاڵەدا بینیو ئەوەیش زانیاری پسپۆڕییەکان زیاتر دەکاتو تەکنیکی ئەکتەرو دەرهێنەرو هونەرییەکان دەگەشێنێتەوە... هونەرمەندی شانۆکاری کوردی توانای ئەوەی هەیە ئەو کارە گرانانە بەسەر بکاتەوە، کە شانۆیەکی پتەو دروست دەکاتو پسپۆڕیی ئەکتەرەکان زیاتر دەکات، بەتوانایان دەکات لە بەرەوڕوو بوونەوەی هەموو جۆرەکانی دراما.. رەنگە جەماوەری شانۆی کوردی وەك بینیم خۆشەویستی ئەوینی هەیە بۆ شانۆ هۆکاری سەرەکی بێت لە بەرزکردنەوەی هونەرمەندی کورددا بەرەو ئاستە بەرزەکان بە بەردەوامی جەماوەر لێرە پەرۆشییەکی وای هەیە بۆ شانۆ کەلە هیچ پارچە زەوییەکی عێراقی برادا نەمدیووە"[٣٤]. د. کمال عید نووسەرێکی ئەکادیمییەو نووسینەکانی بەهایەکی زۆری هەیە لەناو رۆشنبیرو دراماناسی عەرەبداو رێی تێناچێت ئەم قسانەشی بەبێ بنەمایەکی زانستی کردبێت بۆ درامای کوردیش شانازییە، کە مامۆستایەکی هونەر ئاوا هەڵیسەنگێنێ بەتایبەتی ئەگەر لەپاڵ دەنگەکەی ئەودا هەندێ دەنگی تریش هەبن، وەك رەخنەسازی عێراقی د. فاضل ثامر لەبارەی فیستیڤاڵەکەوە وتی: "فیستیڤاڵەکە دیارخستنێکی شانۆییو رۆشنبیریی رێكوپێكو تەواوبوو توانی وێنەیەکی وردو سەرتاپاگیری ریالیستیانەی بزووتنەوەی شانۆی کوردیمان

---

[٣٤] جریدە العراق الخمیس ٢٤/ئایاری/١٩٩٠ یوسف الحیدری حوار مع الناقد المسرحی الدکتور کمال عید، ص١١.

هەواڵنامەی کتێب

پێشکەش بکات... هەر بەم بۆنەیەوە بە هەلی دەزانم، کە پیرۆزبایی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانو هەموو ئەو هونەرمەندو شانۆکارانە بکەم، کە هاوبەش بوون لە سەرکەوتنی ئەم چالاکییەدا.. ئەتوانم بڵێم، کە نمایشەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە ئەزموونی کورد لە شانۆدا پێشکەوتووە بۆ هاوتەریب بوونی شانۆی عێراقیو عەرەبی دەڕوانێت. وە لە نمایشەکانیشدا ڕێڕەوە ئەکادیمیو کلاسیزمییەکانو ئەزموونگەرییە نوێکانیش هەبوون هەروەها هەندێ ڕێڕەویش سودیان لە تەکنیکی شانۆی ئاهەنگسازی یان شانۆی تەماشاکردن یا تەکنیکی شانۆی داستانی یا شانۆی وێنە وەرگرتبوو."[٣٥].
ابراهیم عیسی ڕۆژنامەنووس دەڵێت ".. نابێ ئەوەمان بەسەردا تێپەڕبێت، کە دەست ڕاکێشان بۆ ئەو بۆچوونە درەوشاوەیەی، کە جەماوەر لە ناخماندا تۆماری کردو بە وریاییەوە ئامادەبوونی خۆی تۆماردەکرد لە چاودێری کردنی نمایشەکانو کردنەوەی دەروازەی دایەلۆگو تۆمارکردنی سەرنجەکانیاندا،... ئەو واتا شاراوەیەی لەودیو گوتەی جەماوەرییەوە هەیە، جەماوەرە زۆرو تینوەکەی شانۆی جاد، کە لەگەڵ چێژیاندا لە ناوچەیەکی هۆشمەندیدا دێتەگۆ، پەردەی لەسەر لادەباو واتاکەمان بۆ روون دەکاتەوە، پێکەوە لکانی ڕاستەوخۆ ڕوودەدات لە بەینی جەماوەرو ئەکتەردا بەمەبەستی لکاندنێکی پتەو.."[٣٦]. ئەم پەیوەندییە گرنگەی نێوان هونەرمەندو جەماوەر، کە دراماو هونەرەکانی دروستیان کردووە* بەڕاستی ئەوە دەردەخات، کە دراما بووە بە پێویستی هۆشمەندانەی خەڵکەکە، چونکە تەنها بۆ کات بەسەربردنو چێژوەرگرتنێکی کاتی نایەتە شانۆ، بەڵکو وەك نووسەر دەڵێت بە وریاییەوە چاودێری کاتەکان دەکاتو بە پەرۆشە بۆ بینینو هاوبەشی هەڵسەنگاندنەکانیش دەکات، ئەمەیش سەرنجی زۆربەی

---

[٣٥] نفس المصدر، علی کریم حسن اراو فی مهرجان المسرح الکردی الرابع فی السلیمانیه، ص١١.

[٣٦] المصدر السابق، زاویة فنون الکتابه اسماعیل عیسی، مهرجان المسرح الکردی الرابع، ص١١.

* ڕەخنەسازی شانۆی عێراقی حسب الله یحیی دەربارەی ئەم دیاردەیە، کە لە یەکەم فیستیڤاڵی شانۆیی هەولێردا دیبووی دەڵێت: "ئەوەی، کە سەرنج ڕاکێشەو مایەی دڵخۆشی و شانازییشە ئاپۆرە بەستنی جەماوەرو کۆبوونەوەی جەماوەرە لە دەوری شانۆکەو هروژمی بە پەرۆشیانە بۆ بینینی نمایشەکان". بڕوانە گۆڤاری کاروان ژمارە ٧٠ ك١ ١٩٨٨ حسب الله یحیی مهرجان اربیل المسرحی الاول، مسرح جاد یبحث عن فعله الحي، ل١٥٥.

ئەو نووسەرانە بوو، کە ئامادەی فیستیڤاڵەکە بوون وەك سلیم الجزائری، کە دەڵێت: "ئەوەی سەرنجی راکێشام گفتوگۆی جوانو توانای پرشنگدارانەتانە بە هۆشیارییەوە"[٣٧].. ریپۆرتاژە رۆژنامەگەرییەکانیش ئاوا تۆماریان کردووە: "یەکێك لە دیاردە جوانو بەسوودەکانی میهرەجانەکە، لێدوانو گفتوگۆ بوو لەسەر ئەو بەرهەمانەی پێشکەش دەکران.. مایەی دڵخۆشییە، کە ژمارەیەکی زۆر بەشداری تێدا دەکرد، کە ئەمەیش نیشانەی هۆشیاریو بایەخو گوڕی هونەرییە لە سلێمانیدا، کۆبوونەوەی جەماوەر هەر لە سەعات ٩ی بەیانیداو پڕبوونی هۆڵی رۆشنبیری جێی سەرنجی میوانەکانی بەغداو هەولێرو شارەکانی تر بوو..."[٣٨] دیارە ئەو پەرۆشییەی جەماوەر بۆ شانۆکە دیاردەیەکی زەقەو هێندەی خودی بەرهەمەکان سەرنجی چاودێر بەلای خۆیدا رادەکێشێتو بووەتە مایەی گفتوگۆ لەسەرکردن، هەر لە خۆڕاو بەبێ بنەماو هۆکار نییە. بێگومان هۆکاریش دوو لقی لێ دەبێتەوە یەکێکیان دەچێتە جیهانی دراماو وابەستەی خودی درامایە ئەوی تریان دەچێتەوە بۆ جیهانی بینەرەکەو ئەو حاڵەتە تاکییەی مرۆڤی کورد، کە باسمان کردو وتمان دەیەوێت، کە وەڵام دانەوەی وتاری ئەبستمۆلۆجی خۆی پێك بهێنێو تیۆریزەکانی وتارەکەی خۆی بەرجەستە بکات، لەبەرئەوەیش داهاتووی دۆخێکی وەستاوە لەبەردەم دروستکردنی وتاری سەربەخۆدا تووشی رامان بووە پەنا دەباتە بەر وەرگرتنو گواستنەوەی وتاری ئامادەکراوی لایەکی ترو لە نزیکترین سەرچاوەوە بۆ خودو مێژووی کۆ دەگەڕێتەوەو وتارەکانی ئەو سەرچاوانە دووبارە دەکاتەوە چونکە تیۆرە ئامادەکراوەکان بەدەنگ ویستی دەستە پاچەی تیۆریزە کردنەکەیەوە دێنو هیچی پێ دروست نەکرێت بۆ دروستکردنەوەی ئەوان دڵی خۆی خۆش دەکات، ئەمەیش هۆیەکی گرنگە بۆ ئاپۆرەی جەماوەر لەدەوری شانۆ ئەگەر خواستەکەیش نەدۆزێتەوە وردە وردە لێی دووردەکەوێتەوە، بۆیە بەرپرسیاری گرنگ لە ئەستۆی هونەری کوردیدا دەمێنێتەوە، ئەو بەرپرسیارییەش، کە درامای

---

[٣٧] رۆژنامەی پاشکۆی عیراق، ژ٣١، ١٩٨٨/٤/١٣ شەهاب عوسمان فیستیڤاڵی شانۆی پەیمانگای سلێمانی گەشانەوەی شانۆی هاوچەرخی کوردییە. ل٤.

[٣٨] رۆژنامەی پاشکۆی عیراق، ژ٣١، ١٩٨٨/٤/١٣ شەهاب عوسمان فیستیڤاڵی شانۆی پەیمانگای سلێمانی گەشانەوەی شانۆی هاوچەرخی کوردییە. ل٤..

کوردی ئەم قۆناغەی هێناوەتە جۆشو خرۆشی گەڕان بەدوای چەمكو شێوازی نوێدا ئەو گەڕانەیش پرسیارێك دەخاتە بەردەم رووناكبیرو پسپۆڕانو لەسەر زاری نازك الاعرجییەوە دەردەبڕێت دەڵێ: "ئایا راستە بڵێین فیستیڤاڵی سێهەمی پەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلێمانی بە پلەی سەرەكی ئەزموونی بەخۆیەوە دی، وە نمایشەكانی فیستیڤاڵی ئەمساڵ بە پلەی سەرەكی ئەزموونی بەخۆیەوە دی... لە بەردەوامی قسەكانیدا ئاوا دیاردەكە هەڵدەسەنگێنێ تەنها ئارەزووی خودیی هونەرمەند بۆ گەڕانو دۆزینەوە تاكە هاندەری بەرەو ئەزموون چوون نییە، لەوانەیە ئەزموون بۆ وەڵام دانەوەی ئەم هاندەرانە بێت، كە لە ویستو ئارەزووی هونەرمەند بەدەرن وەك كەمیی دەقی تۆكمەو باش یا كەوتنە ژێر كاریگەری ئەزموونێكی شانۆیی تەواو نەبوو، یا كەوتنە ژێر كاریگەری مامۆستایەك لە مامۆستاكانی، یان پێویستیەكانی گەیاندن، كە بەهۆیەك لە هۆكانەوە زمان لە ئاستیا دەستەوسان دەبێت، یان لەوانەیشە تەنها حەز بە جیاكردنەوە بێتو هیچی تر، لەهەموو حاڵەتێكدا دەبێ ئاگامان لەوەبێت، كە ئەركی ئەزموون ئەوەیە، كە دەبێ هونەرمەند بگوێزێتەوە بەرەو پیادەكردنی تاقی كردنەوەو گەڕان بۆ رەسەنێتی، گەر ئەزموونیش نەگەیشتە ئاسۆگەی رەسەنێتی ئەوا دەكەوێتە بەر لافاوی ناوەكانەوە بەبێ ئەوەی پێگەیەكی چەسپیوی هەبێت لەسەر بنەمای شانۆیەكی تۆكمە.."[39].. ئەمانە تەنها باری سەرنجو دیدی ئەو شارەزایانە بوو لە ئاكامی یەك فیستیڤاڵی هونەرییەوە، ئەگەر سەرنجی بۆنەو چالاكییەكانی* تریش بدەین زۆر لەوە زیاتریش دیدو باری سەرنجیان لێ كۆدەبێتەوە وە ئەمە بێجگە لەو سەرنجو هەڵسەنگاندنانەی لە كۆڕو سیمینارەكانی ئەو فیستیڤاڵەدا دەریان بڕیوەو بە نووسین بڵاویان نەكردۆتەوە وەك رای "محمود ابو العباس وهانی هانی ومحمد بدری

[39] جریده الجمهوریه، عدد ٧٥٥٢ الخمیس ٢٤/ئایار/١٩٩٠ نازك الاعرجی، التجربه والتجریب فی عروض المسرح الکردی، ل٧.

* وەك دیداری یەكەمی شانۆی كوردی، كە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨دا سازكراو جەماوەرێكی زۆر ئامادەی كۆڕەكانی دەبوون لە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی لەماوەی هەر چوار رۆژەكەی فیستیڤاڵدا بە بەیانیانو ئێوارانیش. بڕوانە جریدە العراق، ع ٣٨١٠، ٢ی ئاب ١٩٨٨ یوسف حیدەری "علی هامش ملتقی المسرح الکردی الاول، ص٥".

وکەمال غەمبارو ئەحمەد سالار"[٤٠] جا ئێستا بە دڵنیاییەوە ئەم سەردەمە بە زێڕین بزانین بۆ درامای کوردیو گەشەسەندنیو ئەو گەشەسەندنەیش درامای کوردی گەیاندە ئاستێك مەگەر رادەی گەشەسەندن تەنها لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٥ بەم جۆرە بووبێت، جیاوازی سەرەکیش لەنێوان گەشەسەندنی ئەم دوو قۆناغەدا ئەوەیە، کە گەشەسەندنی یەکەمیان لە ئاکامی هێمن بوونەوەو ئاسودەیی قۆناغە مێژووەکەوە بوو و ئەمەی دووهەمیان پشێویو جەنجاڵیو دڵەڕاوکێی قۆناغە مێژووییەکە هۆکاری سەرەکی گەشانەوەیەتی، قۆناغێکی زێڕینیش ئەوە هەڵدەگرێت، کە هەڵوێستەیەکی زێڕینی لە ئاستدا بکرێتو تایبەتییە بریسکەدارەکانی بناسرێتەوە:

تایبەتییەکانی درامای ئەم قۆناغە:

ئەم قۆناغە، کە زێڕینە بەتایبەتییەکانی زێڕین بووە، کە لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

١. زۆربوونی بەرهەم بە رادەیەکی بەرچاو، ژمارەی ئەو بەرهەمانە، کە لەم پێنج ساڵەدا پێشکەش کراوە چ بە چاپو بڵاوبوونەوە یا نمایش بێت لە هی هەر قۆناغێکی تر زیاتر، بۆ نموونە گۆڤاری کاروان لەو ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر دەقی خۆماڵیو ژمارەیەکیش دەقی وەرگێڕاو یا ئامادەکراوی بڵاوکردۆتەوە، گۆڤاری بەیانیش بەهەمان شێوە، ئەمە بێجگە لە گۆڤاری رۆژی کوردستانو نووسەری کوردو رۆشنبیری نوێ** و..هتد.

٢. چڕبوونەوەی پەیامداریو بەرجەستەکردنی پەیامەکە لە ناوەرۆکی دەقە درامییەکاندا.

٣. گرنگیدانێکی زۆر بە تاکی کورد و بەرجەستەکردنی کێشەکانی ژیانی رۆژانەی ئەو تاکە وەك لە دراماکانی بازنەی تەنیاییو کۆلارەو خەوخۆشو چەند دەقێکی تریش***

---

[٤٠] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق. ژ٣١، ١٩٨٨/٤/١٣ شەهاب عوسمان فیستیڤاڵی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان... ل٤-٥.

** لە پاشکۆی ئەم پارەدا بیبلیۆگرافیای تایبەت بەو دراما بڵاوکراوانە پێشکەش دەکەینو خشتەی تایبەتی بۆ ئەو دەقانە دەکەین، کە بڵاوکراونەتەوە لەو گۆڤارانەدا.

*** کۆلارە، درامایەکە تەلەفزیۆنی بووو، لە تایتڵی دراماکەدا ناوی نووسەرەکەی حاجی مەکی عبداللە نوسرابوو، بەڵام لە نامەیەکی تایبەتدا، کە هونەرمەند حەمەعەلی خان پاڵەوانی دراماکە،◄◄

دیاره ئەم گرنگیدانەیش بە تاکی کورد لە ئاستی لایەنە گشتییەکەی ناوەڕۆکی درامای کوردی کەمنەکردۆتەوە بەڵکو گرنگیدانە، کە لە هەردوو لایەنەکەدایە کێشە گشتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریو تاکی کوردیش لەناو ئەو کێشەیەدا لای لێ کراوەتەوە.

٤. پەرەسەندنی زانیاریو ڕۆشنبیری شانۆیی بەگشتی:- لەم قۆناغەدا لێکۆڵینەوەو سیمینارگرتنو کۆڕبەستنو بڵاوکردنەوەی بابەتی زانستی دەربارەی دراماو شانۆو میتۆدو تیۆرو بزووتنەوە دراماییە جیهانییەکانو مێژووی درامای جیهانی گەیشتە رادەیەکی دیارو بەرچاو*.

٥. زۆربوونی ژمارەی تیپە شانۆییەکان: پێویستی قۆناغەکە بە بەرهەمی زیاترو زۆربوونی کارمەندانی بواری شانۆ، بەتایبەتی کادری زانستی لە دەرچووانی کۆلیجو پەیمانگای هونەرەجوانەکان ئەوەی دەخواست بووارو دەزگای تر دابمەزرێت چونکە تیپە مۆڵەت دراوەکان جێگەی گشت تواناو وزەکانیان تێدا نەدەبۆوە بۆیە دەبوو تیپی نوێو بوواری نوێ بدۆزرێتەوە، ئەمانە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندانی تازەپێگەیشتوو لە بوواری تیۆریزەکردنو میتۆدی نوێدا سەرنجەکانیان چڕدەبۆوەو ئاواتو خواستی خۆیان لە تیپەکانی پێشوودا نەدەهاتەدی بەتایبەتی لەبوواری پراکتیكو میتۆدە نوێکاندا ئەمانەیشی بوون بەهۆی ئەوەی چەند تیپێکی

---

بۆی نووسیبووم، کە وەڵامدانەوەیە دەربارەی چەند پرسیارێکی من سەبارەت بە کۆلارە حەمەعەلی دەڵێت: نووسینی منە لەبەر باری رامیاری نەمتوانی کاتی خۆی بەناوی خۆمەوە پێشکەشی بکەم... بازنەی تەنیایی لە نووسینی حەمەفەریق حەسەنە.

* ئەگەر تەنها سەرنجی ژمارەکانی گۆڤاری کاروان بدەین بەتایبەتی لەدوای ژمارە ٣٥ەوەو لە بەشی کاروانی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە لە هەر ژمارەیەك لەو ژمارانەدا هەواڵی چەند کۆڕێك تۆمارکراوە، کە تایبەت بووون بە هونەرو ئەدەبی شانۆو لە شارەکانی کوردستاندا سازکراون... هەروەها لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاریو پاشکۆی عێراقیشدا، کە لەو ماوەیەدا هەواڵی چەندین کۆڕو سیمیناریان ڕاگەیاندووە ئەمە بێجگە لەو بابەتانەی، کە تایبەت بووون بە لایەنەکانی تیۆریو بە ڕەخنەی شانۆیی.

نوێ دابمەزرێت وەك: تیپی شانۆی سالار** و تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردیو تیپی شانۆی ئاشتیو تیپی نواندنی هونەری نوێی هەولێرو تیپی ئەڤرۆی دهۆكو تیپی شۆرشڤان.

٦. گەشبوونەوەی دراما لە شارۆچکەکاندا: هەرچەندە چالاکی درامی لەوەوپێش لە شارۆچکەکاندا هەبووە بەڵام لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرچاو چالاکی لە شارۆچکەی رانیەو قەڵادزێو دەربەندیخانو هەڵەبجەو مەخمورو کۆیەو رەواندز...** گەشەی سەند.

٧. گەشەسەندنی دراما لە دهۆك: بزووتنەوەی شانۆیی لەدوای حەفتاکاندا لە دهۆك دەستی پێکرد، بەڵام بزووتنەوەیەکی کزو لاواز بوو وە لەسەرەتای هەشتاکانەوە وزەیەکی تێ هاتەوە بەڵام لەم قۆناغەدا بەتەواوی گەشایەوە بەتایبەتی پاش ئەوەی ژمارەیەك لە گەنجەکان خوێندنیان لە کۆلیجو پەیمانگای هونەرە جوانەکان تەواوکردو گەڕانەوە بۆ دهۆك وە کەوتنە چالاکیو دامەزراندنی تیپی شانۆییو بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆشنبیریی تایبەت بە دراماو کۆڕبەستن بۆ بابەتو گفتوگۆکردن..

هەواڵنامەی کتێب

** تیپی شانۆی سالار بەپێی نووسراوی ژمارە ١٧٧٨٢ی وەزارەتی اعلامی رۆژی ١٩٨٤/١٠/١١ مۆڵەتی رەسمی وەرگرتووە بەڵام لەسەرەتای ١٩٨٥دا کەوتە چالاکی بۆیە هەر دەچێتە خانەی ئەم قۆناغەوە.

** بۆ نموونە لە ژمارە ٥٤ی گۆڤاری کاروان نیسانی ١٩٨٧ دەربارەی پێشکەشکردنی درامایەك لە دەربەندیخان هەواڵی نووسیوە لە لاپەڕە ١٢٠ هەروەها ژمارە ٤٦ ی هەمان گۆڤار دەربارەی پێشکەشکردنی دوو شانۆگەری لە چەمچەماڵ هەواڵی بڵاوکردۆتەوەو وە لە شاری رانیە شانۆیی تەرازووی نووسەر ئەمینی میرزا کەریم پێشکەشکراوەو لە قەڵادزێش شانۆیی کامە رەوایەو کامە نارەوایە لە نووسینی شەفیق محمد پێشکەشکراوە بڕوانە ژ٤٦ی ساڵی ١٩٨٦ی گۆڤاری کاروان ل١٢٢-١٢٣ وە شانۆنامەی شێتەکانی ئەم رۆژگارە بۆماوەی شەش رۆژ لە رانیە پێشکەشکراوە بڕوانە رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ١٣١، ١٩٩٠/٤/٤ ل١٦ وە لە رەواندزیش فیستیڤاڵی هونەری سازدەکرێتو لەو فیستیڤاڵەدا شانۆیی شاری ئەوینی تەلعەت سامان پێشکەش دەکرێت بڕوانە گۆڤاری کاروان ژ٤٦، ت١، ١٩٨٦، کاروانی رۆشنبیری لە کوردستان، ل٩٨.

بزووتنەوەیەکی شانۆیی باش لە دهۆکدا دەستی پێکرد*** لەپاڵ چالاکی تیپە پسپۆڕەکاندا تیپی دەزگاو ڕێکخراوەکانیش چالاکییان نواندووە بەتایبەتی وەك یەکێتی قوتابیانو لاوان* و لە هاڤرکی نێوان شارەکاندا جێگەی خۆی کردۆتەوە**.

٨. بەرفراوانبوونی جیۆگرافی بزووتنەوەی درامای کوردی: لەم قۆناغەدا رووبەری جیۆگرافی بزووتنەوەی درامای کوردی بەرفراوانیەکی باشی بەخۆیەوە بینیو سنووری شارەکانی کوردستانی بەزاندو گەیشتە پایتەختو هەندێ شاری تری عێراق ئەوەبوو

---

*** ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ لە ژمارە ١١٦ی رۆژنامەی پاشکۆی عێراق رۆژی ١٩٨٩/١٢/٢٠ وتویەتی: لدو ماهیا سالا ١٩٨٨و لسەرێ ١٩٨٩ دوو تیپین هونەری هاتنە دەستوردان هەوالێك دەخەینەڕوو، کە دەلێت: تایی دهۆکێین ئیکەتیا ئەدیبو نڤیسڤانێت کورد لە رۆژیت ١٧، ١٨، ١٩ی ١٩٨٧/١١ میهرەجانەکا مەزن بۆ شانۆی رێکئیخست بڕوانە گۆڤاری کاروان ژ٦٣، نیسان ١٩٨٨ ل١٢٣... هەروەها هەوالێکی تر دەلێت "ل ریکەفتی ١٩٨٨/٩/٢٣ نەقابا هونەرمەندا ل دهۆکێ شانۆگەرییەك ل هۆلا بزاڤیت فێرگەهی پیش کیش کر ل ژێر ناڤێ پەشیمان ژ نڤیسین و دەرهینانا زهیر رەڤەندی " بڕوانە گۆڤاری کاروان، ژ٥١، ك١، ١٩٨٦، ل١٢٣، هەروەها هەوالێش دەربارەی کۆڕی هونەری بڵاوکراوەتەوە وەك کۆڕەکەی- محسن عوسمان- دەربارەی "کرۆتۆڤسکیو شانۆی هەژار" لە رۆژی ١٩٨٧/٣/١٣ بڕوانە گۆڤاری کاروان ژ٥٦، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل١٢٢.

* بۆ بەڵگەو دڵنیایی ئەم هەواڵەی رۆژنامەی هاوکاری دەخەینە پێش چاو، کە بە ناونیشانی شانۆگەریا قوتابیت ئەڤرۆ ل دهۆکێ هاتە پیشکیش کرن، دەلێت ژ بزاڤێت تیپا شانۆیا ئیکەتیا قوتابیانو لاوان ل پارێزگەها دهۆکێ لە رۆژێت ٤/١٠ رۆژێ ٤/١١ رۆژا ٤/١٢ شانۆگەریەکە ئارمانجبەرو پەروەردەیی هادف وتعلیمی لبن ناڤێ قوتابیت ئەڤرۆ هاتە پیشکیش کرن، ئەڤ شانۆگەری ژ نڤیسینا بەهزاد احمد بووو ژ دەرهینانا هونەرمەندێ گەنج فارس مستەفا بووو.. بڕوانە رۆژنامەی هاوکاری، ژ١٧٢، ١٩٩٠/٤/١٣، وەسفی حەسەن شانۆگەریا قوتابیت ئەڤرۆ، ل٩.

** لە فیستیڤاڵی شانۆی لاواندا، کە رۆژانی ٧، ١٩٨٧/٩/٨ لە هەولێر سازکراو تیپەکانی لاوانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك بەشدارییان کرد لە پێشکەشکردنی بەرهەمی درامیدا، لە ئاکامدا گرەوی فیستیڤاڵەکە بەر تیپی شانۆی شۆرشڤان کەوت، کە درامای زەلامێ خۆ مشت خانە کری یان پێشکەشکرد، هەواڵی ئەم خەڵاتکردنەش لە رۆژنامەی پاشکۆی عێراق ژ٧، ١٩٨٧/١٠/٢٨ "مەجیدی حسۆ" لەژێر ناوی تیپا شانووا شۆرەڤانو خەڵاتێ ئیکێی تیا بڵاوکراوەتەوە لە ل١١.

هەندێ بەرهەمی درامای کوردی لە بەغدا نمایش کرانو بوونە مایەی ڕەزامەندی لە بەغداو هەروەها لەشاری موسڵ، دیارە ئەم چوونەش ئاسایی نەبووەو ململانێی ویستووە لە ئاکامیشدا درامای کوردی گرەوی بردۆتەوە خۆی خزاندۆتە نێو چالاکیە درامیەکانی ئەو شارانە، بۆنموونە کاتێ هونەرمەند ئەحمەد سالارو تیپەکەی ویستیان بە درامای کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ بەشداری فیستیڤاڵی شانۆی عەرەبی بکەن لە بەغدا گەلێ کۆسپیان لەبەردەمدا قوت کردنەوە تا نەچێتە ناو فیستیڤاڵەکەوە بەڵام لە ئاکامی کۆڵنەداندا ڕێگەی پێدرا، کە لە پەراوێزی فیستیڤاڵەکەدا نمایش بکرێت، لەبارەی ئەو بەشدارییەوە ئەحمەد سالار دەڵێت: "پێویستە شانۆی کوردی وجودی خۆی هەبێت لە فیستیڤاڵەکان بۆئەوەی دەنگی دیاربێت لەناو گەلانی تر کەچی ئێمە یەکێك لە تیپی پارێزگاکان بووین، کە دەبووایە لە شارەکەی خۆمان بەرهەمەکەمان پێشکەش کردایە، لەگەڵ ئەمەش دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی یارمەتیەکی زۆری داین بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەری کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ لە شاری بەغدا"[٤١] دیارە تەنها لەبەرئەوەی کاتێ هەڵۆ بەرز دەفڕێ ڕێگەی پێنەدرا بچێتە ناو فیستیڤاڵی شانۆی عەرەبییەوە، بۆ بەڵگەش، کە ئەم ڕێگەگرتنە هەبوو وتارەکەی پاشکۆی عێراق دەکەینە نموونە: "ئێمە لەکاتێکدا بەشدارنەبوونی تیپە شانۆییەکانی کوردستان لە فیستیڤاڵی شانۆی عەرەبیدا بە داخێکی گەورە دادەنێین لەهەمان کاتدا هەست بەوە دەکەین، کە مەیدانی شانۆی کوردستان ئەوەندە فراوانە، کە لە توانایدا هەیە بوونی خۆی رابگەیەنێو کۆڵەکەی خۆی بچەسپێنێو دەورە کۆمەڵایەتیو بەهرەمەندییەکەی خۆی زۆر چاك ببینێ"[٤٢].. هەرچۆنێ بێت ئەو بزووتنەوە جۆشدراوەی درامای کوردی لە پایتەختی عێراق جێی خۆی کردەوەو لە فیستیڤاڵەکانی (منتدى المسرح) دا بەشداری بەرچاوی هەبوو وەك بەشداری کردنی تیپی نواندنی سلێمانی، کە گرەوی فیستیڤاڵەکەی بردەوەو بەرهەمەکەی شانۆی قەرەج بە پلەی یەکەمی فیستیڤاڵەکە

---

[٤١] ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق ژ٣٠، ٦/٤/١٩٨٨، ئیبراهیم صالح ئەحمەد سالارو گفتوگۆیەکی سەرپێی، ل١١.

[٤٢] هەمان سەرچاوە عبدالوهاب تاڵەبانی ئەم چوارشەممەیە فیستیڤاڵی شانۆ.. ل١٦.

دەرچوو هەروەها بەشداری تیپی شانۆی شۆرشڤانی دهۆك لە فیستیڤالّی شەشەمی* "شانۆی ئەزموونگەری"[٤٣]، جارجارەش كۆمەڵەی رۆشنبیری كورد لە بەغدا چالاكی دراماییی نواندوەو هەندێ شانۆیان نمایش كردووە وەك "شانۆی بەسەر شۆستەی نەویستنەوە، كە بۆماوەی پێنج رۆژ لەسەر یەك نمایش كراوەو لە رۆژی یەكەمدا ١٩٩٠/٤/١٢ دووجار لەسەریەك نمایش كراوە بەهۆی زۆری ژمارەی بینەرانییەوە"[٤٤] هەروەها "شانۆیی دیدەنی لە رۆژی ١٩٨٥/٣/٢٨ لە هۆڵی كۆمەڵەی رۆشنبیریی كوردی نمایش كراوە"[٤٥].

٩. نووسین دەربارەی درامای كوردی بە زمانی عەرەبی:- هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە نووسەرانی كورد هەوڵیان داوە خۆیانو نەتەوەكەیان بە گەلی عەرەب بناسێننو بوونی نەتەوەی كورد لەلای گەلی عەرەب بكەنە راستی، هەربەو نیازە زۆر نووسەری كورد بەرهەمیان بە زمانی عەرەبی نووسیوە تا كلتووری كوردی پێ بناسێنن وەك د. عزالدین مصطفی رسول، كە (الواقعیة في الأدب الكردي) ی نووسی یا وەك گەلەگورگی حسین عارف*، كە كرا بە عەرەبی بەناوی (الذئاب)ەوە بڵاوكرایەوە یا ئەو

هەواڵنامەی كتێب

* لە شەشەمین فیستیڤالّی شانۆییە ئەزموونگەرییەكانی منتدی المسرح، كە لە رۆژانی ٢-١٤ ئایاری ١٩٩٠ سازكرا دوو تیپی كوردی لە دهۆكەوە چوونە بەغداد بۆ بەشداریكردن لەو فیستیڤالّەدا ئەوانیش تیپی شانۆی شۆرشڤان وە تیپی شانۆی ئەڤرۆ بووونو دوو خەڵاتی فیستیڤالّەكەشیان بردەوە، یەكێكیان خەڵاتی باشترین كچە ئەكتەر، وە ئەوی تریان خەڵاتی چاكترین ئەكتەری كوڕ بووو. "بڕوانە گۆڤاری كاروان ژ٨٨، تەموزی ١٩٩٠ ریژنە نامەی رۆشنبیری پایتەخت ل١٢١".

[٤٣] رۆژنامەی هاوكاری، ژ١٧٢، ١٩٩٠/٤/٢٣ بەبێ ناوی نووسەر شانۆیی نجنسكیو ساتی زەماوەندی، ل١٢.

[٤٤] رۆژنامەی هاوكاری، ژ١٧٥، ١٩٩٠/٥/٧ مەنسور باقر شانۆیەكی كوردی لە بەغداد، ل٩.

[٤٥] گۆڤاری بەیان، ژ١٠٦، نیسان ١٩٨٥ دانا رؤوف راپۆرتی بەغداد، ل٩٥.

* ئەم كۆمەڵە چیرۆكەی حسین عارف، كە عبدالستار كاظم كردبووی بەعەرەبیو كمال غمبار پیاچۆتەوەو پێشەكی بۆ نووسیوە. وە ژمارە دووی بڵاوكراوەكانی گۆڤاری كاروانی پێدراوە، كاتی خۆی سەرنجی نووسەرە عەرەبەكانی راكێشاوەو دەربارەیشیان نووسیوە وەك نووسینەكەی حسب الله◄◄

گۆشە (الثقافة الكوردية)ی، كە جلال وردە لە گۆڤاری الثقافة دا دەینووسیو شیعرو چیرۆكی كوردی وەردەگێڕا بۆ عەرەبی وەیا یوسف الحیدری، كە شیعرو چیرۆكی كوردی دەكردە عەرەبیو لە رۆژنامەی العراقدا بڵاوی دەكردەوە یا نووسەرانی كورد ژمارەیەكی تایبەتی گۆڤاری نووسەری كوردیان بە عەرەبی دەركرد بۆئەوەی پێشكەشی بەشدارانی (مهرجان المربد الشعري) بكەن..هتد. وە لەم قۆناغەیشدا شارەزایانی بوواری دراما هاوبەشی ئەو هەنگاوە پیرۆزەیان كردو گەلێ بابەتی رەخنەییو ریپۆرتاژی رۆژنامەگەرییان دەربارەی درامای كوردیو بزاڤەكەی بە زمانی عەرەبی نووسیو بڵاویان كردەوە وەك نووسینەكانی كەمال غەمبار، حەمید ریبووار، یوسف حەیدەری، صباح هورمز، اسماعیل هەورامی، عەواد عەلی، حسب الله یحیی هەروەها هەندێ دەقی درامای كوردیش كراوە بە عەرەبی وەك "شانۆگەری كێشەی چوونو نەچوون، كە كەمال غەمبار وەریگێڕابوون بۆ عەرەبیو لە بەشی عەرەبی گۆڤاری كارواندا بڵاوی كردنەوە"[٤٦] ئەم چالاكییانەش هەنگاوێكی رۆشنبیریی چاكە بۆ ناساندنی درامای كوردیو بزاڤەكەی بە گەلانی تر بەتایبەتی عەرەب.

١٠.گەشەسەندنی درامای تەلەفزیۆنیو سینەمایی: لەم قۆناغەدا هەنگاوی باش نراوە لە بوواری درامای تەلەفزیۆنیدا، ئەوەبوو دراماكانی ژاڵەو كۆلارەو گوڵاڵەو میوانی ناوەختو هەندێ درامای تر لە تەلەفزیۆن نمایش كران هەروەها لەم سەردەمەدا دوو فیلمی سینەمایی تۆماركران، كە فیلمی نێرگس بووكی كوردستان[٤٧] و فیلمی خەوخۆش بوونو لە لە دایكبوونی ئەم هونەرەوە درامایان لەگەڵ خۆیاندا تۆماركرد، ئەو درامایانەش، كە بەشێوەیەكی گشتی دیمەنەكانیان لە دەرەوەی ستۆدیۆ تۆماركراونو وەك پێویستی ئەو هونەرە دەبێت سیناریۆی تایبەتی بۆ بنووسرێت. نووسینی سیناریۆش هونەرێكە تایبەتەو پێویستی بە پسپۆڕی هەیەو ئەركی گرنگیش

یحیی، كە لە گۆڤاری كاروان، ژ٣٨ ت٢ "١٩٨٥"دا بەناونیشانی الذئاب اربع قصص كوردیة لحسین عارف بووو لە لاپەڕە ١٢٠دا بڵاوكراوەتەوە.

[٤٦] گۆڤاری كاروان، ژ٨٩ ئەیلول و تشرینی یەكەم ١٩٩٠ ترجمە كمال غمبار قضیة الرحیل ولا اللارحیل، ل١١٦.

[٤٧] گۆڤاری سینەماو شانۆ، ژ١ شوباتی ١٩٩٨ نیرگز بووكی كوردستان، ل٦٧.

دەبینێ لە درامای تەلەفزیۆنیو سینەماییدا نواندنی ئەو جۆرە چالاکییەش لەلایەن کوردەوە سەرەتایەکی مژدە بەخشە بۆ گەشەسەندنی سینەمای کوردیو درامای تەلەفزیۆنی*.

١١.گەشەسەندنی شێواز: لە قۆناغەکانی پێشوودا شێوازی دراماکان هەنگاوی نابوو بەرەو گەشەسەندنو بەزاندنی شێوازە لاساییکەرەکەو بەرەو شێوازی شانۆی داستانی هەنگاوی باشی نابوو وەلەم قۆناغەشدا هەنگاوێکی تری هەڵگرت بەهۆی کاریگەری میتۆدە نوێکانەوە وەك شانۆی ئاهەنگ سازیو شانۆی وێنەو شانۆی ئەزموونگەری، کە لەم سەردەمەدا ببوونە شێوازی باو وەك لە دەقەکانی ئەحمەد سالاردا دەبینرێت بەتایبەتی نالیو خەونێکی ئەرخەوانی، کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ جزیری وانەی ئەڤین دەدات[٤٨] بۆ نموونە هیچ کام لەو درامایانە وەك شێوازە کۆنەکە دابەش نەکراون بەسەر بەشو پەردەدا وەك لەوەوپێش دەوترا پەردەی یەکەم دیمەنی یەکەم یا دووەم یا دواپەردەو دوادیمەن بەڵام دراماکانی ئەحمەد سالار بە شێوازێکی نوێ دیمەنەکانی دابەش دەکاتو بە پارچە مۆسیقا یا گۆرانییەك وابەستەی یەکتریان دەکاتەوە، کە خوێنەر یا بینەر بەئاسانی هەست بەو پارچە پارچەییە ناکاتو دەقەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی بەیەك پارچەیی خۆی دەنوێنێ**شایانی باسە لەسەرەتای ئەم هەنگاوەدا جۆرێکی تر لە دەقی دراما پەیدابووە ئەویش ئەو درامایانەیە، کە بۆ خوێندنەوە دەنووسرێن نەك بۆ نمایش ئەوەش، کە لەم بووارەدا جێدەستی دیارە ئەنوەر مەسیفی

---

* هونەرمەند حیدر عبدالرحمن وتارێکی لە ژمارە ٨٩٠ی ١٩٨٧/٥/٧ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بەناونیشانی درامای تەلەفزیۆنی کوردییەوە بلاوکردۆتەوەو تێیدا دەڵێت: "لەم دواییەدا کۆمەڵێك بەرهەمی درامی تەلەفزیۆنی تۆمارکرانو پێشکەش کران، ئەمە جگە لەوەی کەوا هەندێ بەرهەمی دیکەیش بە ڕێگەیەوە بۆ بینین، ئەمەیان مایەی دڵخۆشیمانە کەوا ئەو چەند برا دەرهێنەرانەی کەوا◄◄ لەم بووارەدا کاردەکەن وزەیەك بەکاردێنن، کە زیاتر لە توانای خۆیان لەپێناو دروستبوونو رسکاندنی درامای تەلەفزیۆنی کوردی".

[٤٨] شانۆی سالار، ئەحمەد سالار ١٩٩٩ هەولێر.

** لە پاری داهاتووی ئەم باسەماندا دەربارەی ئەو دەقانە دەدوێینو یەکەیەکەشیان دەکەینەوە. هەربۆیە لێرەدا لەوە زیاتر لەسەری ئەرۆیشتین.

شاعیره، كه له سالّی ١٩٨٥وه ناوبەناو لەم جۆره دەقانه بلاّودەكاتەوەو لێشی دەنووسرێت شانۆگەری بۆ خوێندنەوە وەك دراماى خمخانه[٤٩] و تائێستاش لەسەر بلاّوكردنەوەی ئەم جۆره دەقه بەردەوامه[*]. هەروەها شانۆگەری پانتۆمایمیش هاته ئاراوه، وەك دەقەكەی سعید كاكەیی[**].

١٢.زۆربوونی ئۆپەرێتی منالاّن: له قۆناغی پێشوودا درامای منالاّن دەستی بە گەشانەوە كردو لەم قۆناغەشدا گەشەسەندنەكەی هەر بەردەوامە بەلاّم ئەوەی گەشتری دەكاتەوە زۆربوونی ئۆپەرێتە[***] بۆ منالاّن، دیاره ئەو زۆربوونەش سێ هۆكاری گشتی

---

[٤٩] گۆڤاری بەیان، ژ١٠٨ تایبەت بە شانۆ حوزەیرانی ١٩٨٥ ئەنوەر مەسیفی شانۆگەری بۆ خوێندنەوە، ل٧٠.

[*] بۆ نمونه له ژماره ٣٤ی گۆڤاری رامانی نیسانی ١٩٩٩دا دەقێكی تری بەناوی بەهەشتی رەشەوە بلاّوكردەوە له ل٣٠٧.

[**] "سعید كاكەیی درامایەكی پانتۆمایمی بە ناونیشانی شاری دلّدارانی بارانو مرۆڤ له ژماره ١٠٨ی گۆڤاری بەیانی ١٩٨٥دا وه له لاپەڕه ١١٢دا. بلاّوكردەوە بەناونیشانی شانۆگەری پانتۆمایم، ئەمە یەكەم دەقی مایمە، كە بە زمانی كوردی نووسرابێتو بلاّوكرابێتەوە چونكە لەوەوپێش لەو جۆره دەقه بە زمانی كوردی بلاّونەكراوەتەوە Mime یان نواندنی بێدەنگیش، ئەو دەقەیە، كە تیایدا ئەكتەر لاسایی ژیانو مرۆڤ دەكەنەوە بەبێ قسەكردن تەنها پشت بە هێماو گۆڕینی سیمای دەموچاو یا جولّەی لەشو دەستو پەنجەكان دەبەستن". بۆ تێگەیشتن لە هونەری پانتۆمایم بڕوانه "معجم المصطلحات المسرحیه، سمیر عبدالرحیم الجلبی" دار المأمون بغداد، ص١٥٤.

[***] Opera "شانۆییەكی گۆرانی ئامێزه: هۆنراوەیەكی شانۆییه بۆئەوە دەهۆنرێتەوە، كە لەگەلّ مۆسیقا پێشكەش بكرێت.

Opretta: جۆره ئۆپرایەكی ناسكه و هەندێ بەزمه سات لەخۆ دەگرێت، هەندێ جاریش ئەم وشەیه له باتی بەزمه ساتی مۆسیقی رۆمانسیاسیی بەكاردێت، كە گرێچنێكی بەسۆز و كۆتاییەكی دلّخۆشیی هەیە". بڕوانه معجم المصطلحات المسرحیة، سمیر عبدالرحیم الجلبی، دار المأمون بغداد، ص١٦٥-١٦٦.

هەیە کەلەم قۆناغەدا ئەم هونەرەی بووژاندۆتەوە، یەکەمیان، وەك لەمەوپێش باسمان کرد دیاریکردنی ساڵی منالاَنی جیهانە لەلایەن دەزگا نێونەتەوەییەکانی جیهانەوە، دووەمیشیان، گەشەسەندنی رۆشنبیری گشتییە بەرامبەر بە پەروەردەو پێگەیاندنی منالّ، سێهەمیشیان، کە راستەوخۆیەو تایبەتە بەم قۆناغەی درامای کوردییەوە، ئەوەیە، کە نووسەرانی کورد بەهۆی گوشاری زۆری سانسۆرەوە بۆیان نەدەلوا، کە راستەوخۆ بیرو بۆچوونە نەتەوەییو پێشکەوتوخوازەکانیان وەك درامایەکی ئاسایی بە پەخشان دارێژن پەنایان دەبردە بەر شیعرو ئاواز چونکە شیعر ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە بۆ هونەرەکانی رەوانبێژیو هێما بەکارهێنان، لەلایەکی ترەوە شیعرو ئاواز زیاتر سەرنجی منالّ رادەکێشیو کاری تێدەکاتو بوواریش بۆ نووسەر دەرەخسێنێت، کە لەسەر زمانی گیانداران‌و رووەكو سروشتەوە وتووێژەکان دەربڕێتو بە سانسۆریشدا تێپەڕی بکات، چیرۆكو رووداوەکانی ئەو ئۆپەرێتانەش بەشێوەیەکی گشتی دەربارەی هاوکاریو یەکگرتن‌و بەرپەرچدانەوەی دڕندەو جانەوەرەکان‌و رسواکردنیانە وەك ئۆپەرێتی دارستان[٥٠] لە نووسینی جیهاد دلّپاکەو تیایدا دەلّێت:

پیاوی ١: ئێمە هاتووین پیاوی میری گەورەین.
پیاوی ٢: ئەو چی فەرموو وا ئەڕۆین‌و وائەکەین.
پیاوی ٣: تەوری تیژمان لەسەرشانە وا هاتووین.
پیاوی ٤: کێ رێگر بێ پێستی لەشی بۆ ئەگروین‌و... تا دەلّێت:
خەلّکی دێ: لە هەڕەشەی پیاوانی میر ناترسین.
ئێمە پشتمان هەر بە خۆمان ئەبەستین
دەستی شەقار پەنجەی زامدار شایەتن
بەسەر مەرگا هەر رەش‌و رووت سەرکەوتن
بۆ هەر گولّێ زامی لەشی حازرە
بۆ هەر دارێ هەزار دەروون ئاگرن.

تەنها وردبوونەوە لەو دوو کۆپلەیە ئەوە روون دەکەنەوە، کە نووسەر ئەم دەقەی بەو شێوازە نووسیوە بۆئەوەی منالّ بکا بە بەهانەو بیروبۆچوونی رامیاریو شۆڕشگێڕی

[٥٠] گۆڤاری بەیان ژ١٥٣ ئازار ١٩٨٩ جیهاد دلّپاك دارستان، ئۆپەرێت بۆ منالاّن، ل٤٣.

خۆی دەربڕێت، عومەر عەلی ئەمینیش لە ئۆپەرێتی گوڵە پەلکە زێڕینە[٥١]دا هەر مەبەستێکی شاراوەی هەیە، هەروەها "حەسیب قەرەداخی شاعیریش لە ئۆپەرێتی قەتارە"[٥٢]دا هەمان نیازو محمد حسین هەڵەبجەیی لە ئۆپەرێتی زەوییەکەی مام باپیردا هەر ئەو نیازەیان هەبووە.

١٣. بەرەو ئەزموونگەری: ئەزموونگەری وەك شەپۆلێکی نوێ لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لە عێراقدا کەوتە ناوناوانو لەلایەن ژمارەیەك لە مامۆستایانی کۆلیجی هونەرەجوانەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا لە نمونەی "د. صلاح قصب، د. عونی کرومی، د. فاضل خلیل، شفیق مهدي و عزیز خیون"[٥٣] وە ڕۆڵی کاریگەریان بینی بەسەر شانۆی عێراقەوە چونکە ئەم ئەزموونگەرە نوێیانە وەك "یاسین النصیر ناویان دەبات هەموویان مامۆستان لە کۆلیجی هونەرەجوانەکان و عزیز خیون نەبێت ئەویش لە دەرچووانی ئەو کۆلیجەیە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەوڵەکانیان لە سەر زەمینەیەکی فشۆڵو بڕیاری نائەکادیمی بوونیاد نەناوە"[٥٤] بێگومان ئەوکاتە واتە لەسەرەتای هەشتاکاندا ژمارەیەکی باشی قوتابی کورد لەو کۆلیجە دەیانخوێند وەك کمال رەئووف هەنجیرەو شەماڵ عمرو رزگار کەریمو نیگار حسیبو میدیا رەئووفو فەهمی سەلمانو موفق عارفو گەزیزە عمرو فرمێسك مستەفاو...هتد بێگومان ئەمانە لە پۆلەکانی خوێندنو لەدەرەوەی کۆلیج بیروبۆچوونو ئەزموونی مامۆستاکانیان دەکەوتە بەرچاوو گوێ ئەمەیش سەرچاوەی یەکەمیان بوو، لەبەرئەوەی وزەی پڕجۆشو نیازپاکی خستبوونیە دۆخی بەرپرسیارییەوە بەرامبەر کۆمەڵگاو قۆناغەکەی تەنها بەو بڕە زانستە دانەدەکەوتن بەرەو سەرچاوەی زیاتر دەجولاًنو بۆئەو مەبەستە کەوتنە گەڕان بەدوای سەرچاوەی تردا تا لەسەر پانتاییەکی فراوانتر ئاوێتەی

[٥١] سەرچاوەی پێشوو، عمر علی امین، گولە پەلکەزێڕینە، ل٣٠.

[٥٢] گۆڤاری بەیان، ژ١٤١ ئازاری ١٩٨٨ حسیب قەرەداغی قەتارە.. ئۆپەرێت بۆمناڵان، ل٣٠.

[٥٣] جریدە الجمهوریە، ع ٦٩٦٣ فی ٩ ت١ ١٩٨٨ یاسین النصیر تیارات جدیدە فی المسرح العراقی، ص١٠.

[٥٤] نفس المصدر، ص١٠.

ئەزموونو تیۆرە تازەکانی شانۆبن[*] و لەوێوە کەوتنە سۆراغی میتۆدە نوێکانی جیهان تا راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوە جیهانییەکاندا دروستبکەن. ئیتر کەوتنە خوێندنەوەو شیکردنەوەی ئەو سەرچاوانە وەك کرۆتۆفسکیو ئەنتوانو ئارتۆو پیتەربروكو...هتد لە عەرەبەکانیش هەوڵی ناساندنی عبدالکریم برشیدو شانۆی ئاهەنگسازیو دەستەی شانۆی وێنە..هتد بوو بە خولیا سەرەنجام بزووتنەوەیەکی نوێ نەك هەر لە بوواری دراماو هونەری شانۆدا بەڵکو لە بوواری ئەدەبو هونەر گەشەی کرد، سەرەتای ئەو بزووتنەوەیەش بە بانگەشەکردن دەستی پێکرد، لە دووتوێی وەرگێڕانی بابەتە لێکۆڵینەوەکانی ئەزموونگەرە عەرەبەکان دەستی پێکردو لەهەمان کاتیشدا ئەزموونگەرە عەرەبەکانیشیان بە خوێنەری کورد دەناساند بەهۆی وەرگێڕانی وتارو بەیاننامە شانۆییەکان یان لە ڕێگەی چاپپێکەوتنی رۆژنامەییەوە جا بۆ روونکردنەوەی زیاتر ناسینی ئەزموونگەری پێویستە لە بیروبۆچوونو بەرنامەکانیان وردبینەوە، سەرەتاش دەبێ لە چالاکییە تیۆریەکانەوە دەستپێبکەینو لەوێوە بەرەو پراکتیك بڕۆین، لایەنی تیۆریش لە نووسینەکانیاندا دەبینرێتەوە، کە تیایدا ئەوە رووندەکەنەوە، کە وێڵی دوای راستینو لە کۆششی بەردەوامدان بۆ گەیشتن بەو مەرامە پەنا دەبەنە بەر "زانستی ئەزموونگەری Scientia experimentalis، کە یەکەم جار

هەواڵنامەی کتێب

---

[*] دەربارەی هەوڵی زانستیانەی ئەو لاوانە یوسف الحیدری ی ئەدیبو رۆژنامەنووس لە وتارێکدا، کە بە بۆنەی دیداری شانۆی کوردییەوە رۆژی ١٩٨٨/٦/٢٠ دەبەسترا، لە رۆژی ١٩٨٨/٦/١٦ وتارێکی لە رۆژنامەی العراقدا بە عەرەبی بڵاوکردەوەو تیایدا وتبووی: دەربارەی کادری پراکتیکی◄◄ کەوا دەقی دراما لەسەر دەستیدا دەخرێتە خانەی جێبەجێکردنەوەو دەبێتە کار یان بەرهەمی هونەری، ئەتوانم بە دڵنیاییەوە پاش ئەوەی لە فیستیڤاڵی دووەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا بەشداریم کردو چەند بەرهەمێکی درامی سەرکەوتوم بینی"خۆماڵیو جیهانی" تەواو دڵنیأبووم، کە هونەرمەندانی کورد توانایەکی بەپێزیان هەیەو ئەو توانا بەپێزەی لە دەربڕیندا هەیە دەیانخاتە ئاستی لێپرسینەوەی هونەرییەوە، لەم بووارەیشدا ئەوان بەتواناو وزەیەکی گەورەوە لە ئامادەگیدان.. ئەوەی ناخمی گەشاندەوە توانای ئەو گەنجانەیە، کە شیاوی ئەوەن دروشمی بوونیادنانیان لە رابەرەکان وەرگرن... ئەم وتارەی حەیدەری بەناونیشانی (محاولة لرسم ملامح المسرح الکوردی المعاصر)ەوە بڵاو کراوەتەوە.

ئەم ناوە لەلای روجر بیکۆن بیسترا، کە وتی ئەزموون دوو ئەرکی لەسەرشانە، کە بریتین لە تحقیق کردنی ئەو ئەنجامانەی، کە زانستەکان پێی گەیشتوونو دۆزینەوەی راستی نوێ تیایاندا، ئەزموونی زانستی ئەزموونی زانستییانەیش لە ئەزموونی ئاسایی جیادەکرێتەوە بەوەی زانستی پەنا دەباتە بەر ئامێری پێویستو تایبەت بە زانستەکەیەوە. هەروەها سەرنجەکانی لەسەر دیاردە ریالیستییەکاندا دەپەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو دیاردانەی، کە بە خەیاڵ دروستیان دەکاتو پێشکەشی عەقڵی دەکاتەوە، عەقڵیش بە هونەر یارمەتی سروشت دەدات، ئەزمونکار پاکژ دەکرێتەوە دەگوشرێتو دەهەژێت، ئەزمونەکانی بێ سنوورو جۆراوجۆر دەکات تا لە چەند دۆخێکی جیاجیادا یەك دیاردە هەڵسەنگێنێ"[٥٥].

ئەم بەرنامە ئەزمونکارییە لە دێرزەمانەوە* هاتۆتە کایەوە، هەر لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیەش، کە "مادە یەك تایبەتی نییە بەڵکو چەند تایبەتییەکی هەیە لە شێوەو کێشو...هتد کۆئەندامەکانی هەستەوەریش لەیەك کاتدا کاریگەری جیاجیای ئەو تایبەتییانە دەگوێزنەوە بۆ مێشك، بەوپێیە لە مێشکدا درك پێکردنی تەواوی شتەکان پێکدێت گونجاندنی درك پێکردنو بەستنەوەی بە تایبەتێتی شتە درك دروستکەرەکانەوە، بووە رێ خۆشکەر لەبەردەم بافلۆفو تیۆرە مەرجییەکەیدا"[٥٦] و ئەم فەلسەفەیەیش رۆژگارێکی زۆر کاری کردبووە سەر بزووتنەوەی بیری تا فەلسەفەی ژێری Rationalism سەری هەڵداو لەسەر دەستی "رینیە دیکارت ١٥٩٦-١٦٥٠ و بینگوت سپینۆزا ١٦٣٢-١٦٧٧ وە گۆد فرید فیلهلم لیبتس ١٦٤٦-١٧١٦ گەیشتۆتە پۆپەو کامڵ بووە، عەقلانیەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە بەبێ ئەزمونو ئەزمونکاریو تاقیکردنەوەی جیهانی مەوزوعی هەر بەتەنها لەڕێی چالاکی رووتی

[٥٥] تاريخ الفلسفة الاوروبية في العصر الوسيط، يوسف كرم، دار القلم بيروت، ١٩٧٩، ص١٥٦-١٥٧.

* مێژووی ئەو فەلسەفەیە بەندە بە مێژووی ژیانی روجیر بیکۆنەوە واتە ١٢١٤-١٢٩٤ بڕوانە تاريخ الفلسفة الاوروبية في العصر الوسيط، ل١٥٧.

[56] من الميثولوجيا الى الفلسفة عند اليونان، د. حسام محى الدين الالوسي، جامعة الكويت، ص٤٨-٤٩.

هەولێرەی کتێب

عەقڵەوە دەتوانین زانیاری پێویست لەبارەی بووەوە پەیدا بکەین‌و ئەوان پێیان وایە زانیاری لە عەقڵەوە دەردەچێت‌و واتاو نیزام‌و بوون‌و مەبەست بە بابەت یا بە جیهانی دەرەوە دەبەخشێت. ئەم بۆچوونە لە سەدەی هەژدەیەمدا ماوەیەك برەوی هەبوو وەلێ هەر زوو ئەزمونگەرە ئینگلیزەکان جۆن لۆك ١٦٣٢-١٧٠٤ وە جۆرج پارکلی ١٦٨٥-١٧٥٣ و دیڤید هیوم ١٧١١-١٧٧٦ و جۆن ستیورانت مل ١٨٠٦-١٨٧٣ لێی راپەڕین‌و تا سەدەی نۆزدەیەم بەتەواوی کپیان کردەوە"[٥٧] ئیتر وردەوردە ئەقلانییەتی سەدەی حەڤدەیەم لەسەر پانتایی بیری شارستانیەت جێگەی بۆ نەمایەوەو خرایە مۆزەخانەی بیرەوەو ئەقلانییەتی نوی لە ئەقلانییەتە مەزهەبیەکەی دیکارت جیادەبێتەوەو لە نیتشە بە دواوە ئەو ئەقلانییەتەش وەك چەمکێکی فەلسەفی نوێ لە تێزکەی میشیل فۆکۆدا خۆی دەنوێنی، کە پێی لەسەر بوونی یەکسانی نێوان ژمارەی تاك‌و ژمارەی ئەقڵەکان دادەگرێت‌و هەر بەو چەمکەیش لەلای فەیلەسوفە نوێکان دەبینرێتەوە وەك سارتەرو مارکۆزو ئەلتۆسیر...هتد.. نوی خوازو ئەزمونگەرەکانی کوردیش وابەستەی ئەو چەمکە نوێیەی ئەقلانیەت‌و لەپێشەوە بانگەشەی ئەزموونگەری دەکەن نەك وەك دوو چەمکە دژ یەکەکەی چەرخی حەڤدە، لە نووسینەکانیشیاندا ئاوا راڤەی لی دەکەن "ئەقلانییەت چەمکێکە لە ساتە وەختە جیاکاندا مانای جیاجیای هەیە بەڵام لە جەوهەردا دەکری وەك ئاماژەکردن بۆ ئیشکردنی ئەقڵ لەناو کایە جیاجیاکانداو بۆ لێکدانەوەیەکی زانستیانەی دەوروبەر بەکاربهێنرێت"[٥٨] لەم چەمکەیشەوە هەوڵی بەردەوام دەدەین بۆ ئامادەکردنی ئەقڵی کوردی‌و بەکارهێنانی راستەوخۆی ئەو ئەقڵە لە پرۆسیسی ناسین‌و گۆڕیندا بەمەیش بوونیادی فەلسەفی ئەزمونگەرە کوردەکان لە کایە مەعریفیەکەیاندا لەو چەمکە کۆنەی ئەزمونگەری جیادەبێتەوە، کە گشت دەسەڵاتەکان دەباتەوە بۆ ژێر فەرمانڕەوایی هەستەکان‌و لە ناسینی ئەزموونی خۆیاندا ئاوا ئەزمونگەریەکە

---

٥٧ رۆژنامەی پاشکۆی عێراق ژ١٢٧ ٧/٣/١٩٩٠ زایەر رۆژبەیانی دابڕانی ئەپستمۆلۆجی یان دابڕانی ئیستاتیکی! ل١٠.

٥٨ رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ١٣٤ ٢٥/٤/١٩٩٠ مەریوان وریا قانع کۆمیدیای سەلەفیەت، ل١٠.

دەناسێنن "ئەزمونگەری راستەقینە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کە هەوڵی بنیادنانی پرسیارو وەڵامی خۆمان بدات، پرسیاری ئێمە لە دنیاو وەڵامی ئێمە بۆ دنیا ئەگینا هەرجۆرە ئەزموونی، کە فەرزکردنی پرسیارو وەڵامی کەسێکی دیکە بی دەبێتە درۆزنە ئەزموون"[٥٩] . لەروانگەی ئێمەوە ئەم قۆناغە بانگەوازی روناکبیرانەی کوردی تیا لەدایك دەبێت، کە بانگەشە بۆ ئەقڵ دەکاتو پلانی نوی دادەنێتو بۆ تیۆریزەکردن تیۆریزەکردنی مێژوو، تیۆریزەکردنی ئابووری، تیۆریزەکردنی ئەدەبو هونەر..هتد وەلە بانگەشەی ئەو تیۆریزەیەدا دەڵێن: "لە رۆشنبیری ئێمەدا تیۆرەیەك لەدایك نابێت پێش ئەوەی تیۆریزەکەی ئەو بوونیادە ئەقڵییە نەکرابێت، کە رێگرە لەپێش دەم تیۆرەکاندا"[٦٠] . ئەم شەپۆلە رووناکبیریە کەلەسەر ئاستی بیر جێگەی خۆی خۆشکردووە، لە بووارە جیاجیاکانی بیرو شارستانیەتدا دژەکاری دەبێتو پانتاییەکانی ژیانی شارستانی پڕدەکەنەوەو لە رەوتی درامای کوردیشدا، پوختەی ئەو دیاردەیە لە نووسینەکانیاندا ئاوا بەرجەستە بووە"مەبەستم ئەوەیە ئامادەبوونی زانین جۆرە ئەقلانییەتێکی لە رۆشنبیرییەکەماندا خولقاندووە، یەکەم هەنگاویشی ئەو جیابوونەوەیەیە لەگەڵ ئەقڵی سەلەفیدا لە تێگەیشتنو کارکردندا بەڵام ئەم ساتەی ئێستای نوێخواز نەگەیشتۆتە ئەوەی، کە بتوانێت دابڕان لەگەڵ نمونەی رۆژئاوادا بخولقێنی ئەم خولقاندنەش کارێکی گەلێك قورسەو لە کورتترین مانایدا "دامەزراندنی خود"ە کەواتە ئەگەر یەکەمین سات هەڵوەشاندنی ئەقڵی سەلەفی بێت ئەوا هەنگاوەکان مژدەبەخشنو کەم تا زۆریش ئەم ئەقلانییەتە لە تێڕوانینو بەرهەمی زیندووی بووارەکانی رۆشنبیریدا رەنگی داوەتەوە"[٦١] .. مایەی گەشبینیو سیمای گەشەسەندنە، کە هەوڵو کۆششێکی ئاوا زانستیانەو لەئاکامی قوڵبوونەوەی فەلسەفییەوە سەرنجی ئاستە هونەریەکان بداتو پلانو بوونیادنانی بۆ دارێژێتو لەو ئاسۆگەیەوە بانگەوازی ئەزمونگەر سەرچاوە بگرێت نەك تەوژمێکی کتوپڕو

[٥٩] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ١٣٤ ٢٥/٤/١٩٩٠ مەریوان وریا قانع کۆمیدیای سەلەفیەت، ل١٠

[٦٠] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ١٢٣، ١٦/٥/١٩٩٠ بەختیار عەلی تیۆریزەکردنی تیۆرە، ل١٠.

[٦١] رۆژنامەی ئاسۆ، ژ١٦، ٩/٦/١٩٩٠ شەماڵ عومەر ئامادەکردنی مەعریفە لەنێوان ئەقلانیەتو.. ل٤.

چاولێگەریو لاسایی کەرەوەی خواستراوانە بێت، بەڵکو بنچینەیەکی بیری دروستی کردبێت وەك خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن: "هەموو کارو پرۆژەیەکی ئەزمونگەری رەگو ریشەی هەیەو تەنها وەك زۆر لە برا هونەر دۆستەکان تێگەیشتوون تەوژمێکی کتوپڕ نییە ئەم کارو نمایشتە ئەزمونکاریانەیش لە گۆشە نیگایەکی زانست ئامێزی هەموو ئەو ویستگە لەدوونەهاتوانەی ئەو هێڵە ئاسۆگەیە درێژەی ئەفرێنەرانی چیای هونەری ئەزمونگەریو نوێخوازی شانۆی جیهانیە"[٦٢] ئەمە وتارێکی سەرپێیو رێکەوت نییە بەڵکو پرۆسەیەکی هۆشمەندانەی ئامادەکراوەو لە ئاکامی وردبوونەو هەڵسەنگاندنی رەوتی مێژوویی هونەرەکەو هەڵسەنگاندنی ئاستی ئێستایدا وەك هەولێکی چالاکانەی چاکسازیی بانگەواز بۆ ئەزمونگەری دەکرێتو راستەوخۆ بنەما بیرییەکانی ئەو دیاردەیە دووبارە دەکرێتەوە ئەوەتا لە وتارێکی تردا هەر ناونیشانی وتارەکە دەبێ بە پاڵپشتو نموونەی بەدەنگەوەچوون، کە وتارەکە بەم ناوەوەیە شانۆی ئەزمونگەری "قارچك هەڵتۆقین" نییە؟؟ "من دڵنیام لەوەی خۆهاویشتنە ناو رووباری ئەزمونگەرییەوە لە بوواری شانۆدا، وا بەئاسانی وەك قارچك هەڵتۆقین نییەو نایەتەدی، ئەو لاوانەشی، کە ئەمڕۆ بانگەشەی ئەزمونگەری دەکەنو بۆتە خەونو ئاواتی بەردەوامیانو بە عیشقو پاکییەوە ئامێزیان بۆ کردۆتەوە "حەتمەن" گەیشتونەتە ئەو بڕواو قەناعەتەی، کە لە پەنایەکی زۆر زانستییەوە "ئەزمونگەری" دەبێتە بناغەیەکی پتەوی بنیاتنانی کۆشکی شانۆی رەسەنی کوردی..."[٦٣] ... ئەم لاوانە رێبوارێکی کوترەوی ئارەزوومەندن، کە بۆ کپکردنو دامرکاندنەوەی ئارەزووە خەفەکراوەکان ساتێك لادەنە ویستگەیەكو چەشەیەك لە کانیاوی ئەو ویستگەیە بنۆشن، هەر لە هەمان کاتو شوێنیشەوە چاوەچاوی بریسکەی چۆڕە ئاوی سەرچاوەیەکی تر بیانخاتە سەر خولیاو کەڵکەڵەی گواستنەوەی ویستگەو سەیرانگاکان. بەڵکو وەك ئەندامانی ناو کەشتیەکەی نوح تا نەگەنە وشکانی دەستبەرداری کەشتیەکە نابن "بەدووی زەمەنێکی

---

[٦٢] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ٣٠، ١٩٨٨/٤/٦ دانا رەئوف "ئەمرۆمان" دەبێتە زەمینەیەکی پتەوی سبەینێ،ل٥.

[٦٣] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ٢١، ١٩٨٨/٢/٣ شەماڵ عومەر ئەزمونگەری قارچك هەڵتۆقین نییە!، ل١٠.

ونو پڕ لە نهێنی جیهانێکی جیاوازدا وێڵە، خەونی لێ ڕەنگاوڕەنگ ئەبێو گەرەکیەتی خۆیو ئەکتەرەکان گەشتێکی ئەفسوننی بە کەشتیەکەی نوح بکەنو لە روانگەی پرۆسیسو بەرجەستەکردنی کارێکی هونەری بەرزەوە بگەنە وەڵامی پرسیارە فەلسەفیەکان"[٦٤] هەر بۆ گەیشتنە وەڵامی پرسیارە فەلسەفیەکان ئەزمونگەران لە خەوبینینی بەردەوامدانو لە زەمینە ڕۆشنبیرییە خودییەکەیانەوە شێوازە تایبەتەکەی خۆیان یا خەونەکەیان "لە فەلسەفەی توندوتیژی ئارتۆ یاخود ئەزمونەکانی پسپۆڕانی شانۆی روسی مایرهۆلدو فاختانکۆفو تایرۆف...هتد یاخود لە نومایشتە هەژارو طقص ئامێزەکەی کرۆتۆفسکی یان جیهانە ئەفسونیو تیشك ئامێزەکەی پیتەر بروکەوە بێت سەربەستە، سەربەستە چارۆکەی کەشتیەکەی بەرەو ڕۆخی چ رووبارێك بەرێت"[٦٥].. گەشتی خەونو پڕ ئەفسونو ئەزمونگەری گەلێ تەگەرەو کۆسپی هاتۆتە رێو واتەواتی زۆری نایەوە بەتایبەتی ئەو سەربەستیەی، کە بە خۆمان دابوو بۆ ئاراستەی چارۆکەی کەشتیەکان تەنانەت لەلای هەندێ ئەزمونکار گومانو ساردبوونەوە سەری هەڵدا تیایاندا بوو دەیوت: "قۆناغی ئێستای شانۆی ئێمە قۆناغی هەوڵو تەقەلادانە بۆ دروستبوونو پێگەیشتنی شانۆیەکی رەسەنی کوردی.. جا هەر جموجۆڵو رێبازێکیش، کە خزمەتی ئەم ئامانجە نەکات، لە خۆماندووکردن بەولاوە هیچ بە شانۆی کوردیمان ناگەیەنێت. کەواتە بەم پێیە ئامانجی سەرەکی جارێ لەپێش هەموو شتێکەوە پێگەیشتنی شانۆیەکی رەسەنی کوردییە. نەك بانگەواز بۆ ئەزموونو ئەزموونگەری... ئیتر ئەمە ئەزموونگەرییە بۆ لە خەڵکی خرایە کەشکەشانی فەلەك. دوکتۆر سلمان قطابە لە کتێبی (المسرح من أین الی أین)ەدا دەڵێ: بەپێی ئەو هەموو تاقیکردنەوە شانۆییە ئەوروپیانەی، کە لە وڵاتی عەرەبیدا نزیکەی سەد ساڵێکە هێشتا هونەرمەندانی شانۆ لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە دەپرسن، ئایا شانۆیەکی عەرەبیی

---

[٦٤] ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ٦، ١٩٨٧/١٠/٢١ دانا رەئوف چەند تێڕامانێکی ئەزمونگەری فەلسەفی سەبارەت بە چەمکی شانۆیی، ل١٠.

[٦٥] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٠.

رەسەنمان هەیە؟"[٦٦] ئەزموونکارەکان ئـەم ساردبوونەوەیە بـە رووبـەکی تـری ئـەزموون دەزانـنو لەگـەڵی دەکەونـە گفتوگـۆو بـەهۆی ئـەو گفتوگۆیەیـشەوە زیـاتر بەرنامـەو پرۆژەکانی خۆیان دەردەخەنو وەك بڵێی بە تیرێك دوو نیشانە دەشکێنن، هـەم وەڵامـی رەخنەو پرسیارەکە دەدەنەوەو هەم زیاتر خۆیان دەناسێنن: "بەو رەخنەگرانە بڵێم هونەر لاسایی کردنەوە نییەو قاڵبووی خەونو ئەندێشەو فیکری بـەرزو خولقانـدنی شـێوەیە.. روونکردنەوەی ئەزموونگەرییەتیش لەم قۆناغەی شانۆی کوردیدا پێویستیەکی گـەورەی شارسـتانیەتەو بەمـەیش شـانۆی کـوردی دەچـێتە قۆنـاغی پـرۆژەو دوابـەدوای ئـەوە هەنگاوی زانستیانە دەنێت بەرەو دامەزراندن.. هەر لەم رووەشـەوە نمایـشکردنی دەقـی جیهانیش نـە تـاوانو نـە شـارەزابوونو نـە راکردنیـشە لـە ئـەدەبو مێـژوو و کلتـوری نەتەوەیی.. ئەم مەسەلەیەش وەك قۆناغێك زۆر میللەتی تری پیا تێپەڕبووە..."[٦٧] ئەم خولیایە، جۆشی پڕ خۆشی ئەم کۆمەڵە بەهۆی چالاکییە تیۆرییەکانەوە بووە خەسـڵەتی هەرە دیاری ئەم قۆناغەی درامای کوردی چونکە پرۆژەی کارکردنیان بـە دەیـان وتـاری رۆژنامەگەریو باسی شانۆیی* دەستی پێکرد توانیان دەنگو رەنگی خۆیـان بگەیەننـە

---

[٦٦] رۆژنامـەی پاشـکۆی عێـراق، ژ١٨ ١٩٨٨/١/١٣ گـەزیزە بـا ئەزموونگـەری کەرەسـە بێـت بـۆ پێگەیاندنی شانۆی کوردیمان، ل١٠.

[٦٧] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ٨٨، ١٩٨٩/٥/٣١ دانا رە ئوف شانۆی ئەزموونگەری لە تـەرازوی رەخنەسازیدا، ل٤.

* "بێجگە لەو وتارانەی، کە لێیـان دوایـن چـەندین وتـارو باسـی تریـان بڵاوکردۆتـەوە وەك شـانۆی ئەزموونگەری شانۆی زیندووی نیگار حسیب قەرەداغی، کە رۆژی ١٩٨٧/١١/١٨ لـە ژمـارە ١٠ی پاشکۆی عێراقدا بڵاوکراوەتەوە وە سێیەم بەیاننامەی شانۆی ئاهەنگ سازی، کە هۆشەنگ محمد امـین وەریگێـڕاوەو لـە ژمارەکـان ١٤٤- ١٤٥- ١٤٦ی پاشـکۆی عێـراقـدا بـە زنجـیرە بڵاویکردۆتـەوەو کتێبەکەی دانـا رەئـوف شـانۆی توندوتیـژی لـەنێوان تیـۆرو پراکتیکدا. وە وتـاری سـایکۆلۆژییەتی نەمایشی شانۆیی هەمان نوسەر لـە پاشـکۆی عێراقـدا لـە رۆژی ٣٠ی ئـەیلول ١٩٩١وە دەربـارەی شـانۆی وێنـەیی، کـە شـەماڵ عومـەر لـە ژمـارە ٧ی پاشـکۆی عێـراق لـە رۆژی ١٩٨٧/١٠/٢٨دا بڵاویکردۆتەوە وە رۆژی ١٩٩٠/٥/١٦ لە ژمارە ١٣٧ی هەمان رۆژنامەدا بابەتێکی تری بڵاوکردەوە بەناوی ئۆدیب لەنێوان نومایشی کلاسیکیو بۆچوونەکانی فرۆیدا".

جەماوەرو ئەو نووسینو هەڵسەنگاندنانەی لەسەر بەرهەمەکانیان پێشکەش کرا زیاتر ڕێگەی بڵاوکردنەوەو ناساندنی کارەکانی خۆشکرد بۆئەم کۆمەڵە، هەوڵو چالاکییەکانی بوواری پراکتیکیشیان فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی وەك کۆمەڵێکی خاوەن دەنگوڕەنگ بناسرێن، کە توانای گفتارو کرداریان یەك دەگرنەوەو لە بەرهەمەکانی غۆریلا، لە چاوەڕوانی سیامەند دا، باخچەی ئاژەڵان، کەمانچەی ڕۆچێلد، ئەوەڵ سەحەرە، دەریا...هتد، ئەمانە بەرهەمی ئەو کۆمەڵە بوون، کە ڕاستەوخۆ بانگەشەی ئەزموونگەریان دەکردو تیپی شانۆی ئەزموونگەرییان دامەزراندبوو بەڵام لەپاڵ ئەو کۆمەڵەیەشدا بزووتنەوەیەکی هونەری چڕوگەش لە ئارادا بوو، کە بەرهەمەکانیان ئەزموونی نوێنو لە خانەی ئەزموونگەریدا دادەنرێن وەك بەرهەمەکانی ئەحمەد سالار نالیو خەونێکی ئەرخەوانیو کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفرێو جزیری وانەی ئەڤین دادەدات هەروەها بەرهەمەکانی جیهاد دلپاكو بکر رشیدو حسین میسریو گەلێ بەرهەمی تریش، وەك بەرهەمەکانی تیپی هونەری نوێی هەولێرو تیپی شانۆی شۆرشڤان، کە زیاتر لە دە شانۆیی لەم قۆناغەدا پێشکەش کردووەو زۆربەیان دەچنە خانەی ئەزموونگەرییەوە "بەتایبەتی دوای ئەوەی، کە ئەو تیپە مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرت لە ١٩٨٩/١٠/٨"[٦٨]. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەزموونو کاری ئەزموونکاری زۆر لەپێش ئەم قۆناغەدا سەری هەڵدابوو وەك ئەو بەرهەمانەی، کە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد لە بەغدا پێشکەشیان دەکرد وەك: "چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بە سەگ، لەساڵی ١٩٧٩ وە شانۆی مرۆڤێکی ئاسایی ئەو دوو بەرهەمە بەرزان عوسمان دەریهێنابوون، ساڵی ١٩٨٣ شانۆیی بایتی بابا بایتی هەروەها لە سلێمانیو دهۆكو هەولێریش هەندێ بەرهەم پێشکەش کراون، کە دەچنە خانەی ئەزموونگەرییەوە هەرچەندە بانگی ئەزموونگەریشیان بۆ نەدرابوو وەك پردی وڵات و تەقینەوە پردی ئارتا...هتد.

دەبێ لە ئاست ئەو دیاردە نوێخوازییە کۆمەڵەی ئەزموونگەریو ئەوانەیش، کە لەو کۆمەڵە نەبوونو جێی دەستیان بەسەر بزاڤی شانۆی کوردییەوە دیارەو کارەکانیان وەك ئەزموونێکی نوێی تایبەت دەچێتە خانەی ئەزموونگەریەوە، ئێمەیش لە ئاست

[٦٨] ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ١١١، ١٩٨٩/١١/١٥ ئەمین حیدر تیپا شانۆیا شۆرەشڤانو.. هەلبژاردنا دو ھاهێکی، ل٥.

بەخشش‌و بەرهەمیاندا لەگەڵ ئەو دەنگە یەکانگیرین، کە دەڵێت: "لە راستیدا ئەمە وزانەیش شایستەی بایەخدان‌و داواندن‌و مشت‌ومڕن، چونکە توانیان هەنگاوی راست‌و راستەقینەی خۆیان رووەو ئەزموونگەری‌و نوێخوازی بنێن. ئەم تاقمە خۆبەختکەرە سەداو و چمکی بنەچەی ئەم رێبازەیان گرتە دەست‌و توانیان لەماوەیەکی زۆر کەمی پێوانەییدا پەرە بە شانۆی کوردی بدەن‌و بزووتن‌و جم‌وجۆڵ بخەنە ناو رەگ‌و ریشەو دەمارە سڕبووەکانیەوە، بەتایبەتی بازدانێکی وایان پێ بەخشی، کە لەمیانەی لاسایی کردنەوە بیگوێزنەوە بەرەو هاوبەشبوونێکی تازەگەری گەرم‌وگوڕ هەنگاو بنێن"[٦٩] ئەمە تێڕوانینی گشتی سەرجەم دیاردەکەیە ئەگەر لە تێڕوانینی هونەرمەند ئەحمەد سالاریش وردببینەوە هەر لە تەوەری نوقلانەو گەشبینییەوە لەو چالاکییانەی روانیوەو دەڵێت: "ئەزموونگەری ئەزموونە لە پای رەواو لەبارتر بینینەوەو گەڕان‌و خولیا بە مەرامی جوانترو چاکتر کەواتە داهێنان‌و پەرەسەندنە لە بواری هونەردا دروستکردنە، کەواتە ئەم بووارەش هەر لە دۆخە بەردەوامیەکەی شارستانیەتی مرۆڤدایە... تا دەڵێ ئەم بزووتنەوە ئەزموونکارییە کۆششێکی پڕ لە گیانی لاوێتییە بۆ سەلماندنی بوون‌و چەسپاندنی پێناسنامەی رۆژگارەکە...بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەزموونگەری ماندووبوونێکە دوور لە مایەپووچی.. کەواتە گەشبینی‌و هۆشیارییە"[٧٠]، ئەمە بۆچوونی هونەرمەند ئەحمەد سالارە لەسەردەمی سەرهەڵدان‌و گەرمەی چالاکییەکاندا، ئەی دەبێ ئێستا لە هەڵسەنگاندنی هەمان دیاردەو پیاچوونەوەی کارەکاندا چۆن هەڵیانسەنگێنێ؟، یا چۆن سەرنجی تایبەت دەربارەی کۆمەڵەکە دەربڕێت؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا کاك ئەحمەد سەرنجەکانی پێشوو دووپات دەکاتەوەو دەڵێت: "یەك راستی هەیە دەبێ بڵێین ئەزموونگەری رێباز نییە ئەزموونگەرێتی هەوڵی بینینەوەیە، تەوژمیش نییە، بەڵام خولیایەکی زیندووی پیرۆزە لە هەستی هونەرمەندا بۆ داهێنان، کە شوێن پێ هەڵگیریی‌و شێوازە لاسایی کارەکان بەجێ دەهێڵێ‌و دەیەوێ خۆی خۆی‌و کەسایەتی خۆی لەو داهێنانەدا ببینێتەوەو ئەوەیش کاری هونەرمەندی بەتوانایە...

---

[٦٩] گۆڤاری رامان، ژ١٠، ٥ی نیسان ١٩٩٧ حمید ریبوار دەربارەی گوتاری شانۆییمان، ل٢٦.

[٧٠] رۆژنامەی پاشکۆی عێراق، ژ١٤، ١٩٨٧/١٢/١٦ رۆژنامە ئەزموونگەری ئاوێتەیەکی پڕ مانای ژیانە، ل٨-٩.

پاشان دەڵێ ئەو هەولانەی گەنجە خوێنگەرمەکان وەك: شەماڵ عومەرو دانا رەئووفو... مەرج نییە تەنها لاسایی کردنەوەی وێنەیی بووبن، بەڵکو ئەوانە هەندێ تایبەتمەندی خۆیانی تیابوو، شتەکانیان رەنگو رواڵەتی کوردی تیابوو بەتایبەتی هەڵێنجان لە کەلەپوری کوردی، بەیتو ئەفسانە کوردییەکان، کە لە بەرهەمەکانی خەجو سیامەند* و کارەکانی تردا دەبینرێنەوە"[٧١] ئەم گەشبینیو هەڵسەنگاندنە نوێیەی کاك ئەحمەد دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە ئەو لاوانە مایەپووچ نەبوونو بەردێکیان خستە سەر تەلاری شانۆی کوردیو تائێستاش هەر بەردەوامن** بۆیە کۆتایی ئەم قۆناغە بە کۆتایی ئەزموونگەرەکان نازانینو دڵنیاشین، کە ئەزموونگەری کۆتایی نایەت چونکە مرۆڤ بەبێ ئەزموون ناتوانێ خۆیو قۆناغەکەیو دەوروبەر بناسێتەوەو ناسنامەی خۆی دیاری بکات.

## هەنگاوی دووەم: درامای کوردی ١٩٩١-١٩٩٥ قۆناغی راپەڕین

لەسەرەتای قۆناغی پێشوودا ئەوەمان دیاریکرد، کە بە پەلاماردانو داگیرکردنی کوێت ئەو قۆناغە کۆتایی پێ دێتو قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات.

سەرەتای ئەم قۆناغەیش سەرەتای قەیرانێکی نوێ بوو نەك هەر بۆ کورد یا عێراق بەڵکو بۆ ناوچەکەو جیهانیش بەتایبەتی پاش ئەوەی حکومەتی عێراق بەناوی گەڕانەوەی لق بۆ ئەسڵ "ئەویش بەرایی کردنی یەکێتییەکی تێکەڵ بووی تەواوی"[٧٢] ئەم قەیرانەیش دۆخێکی نوێی بەدوای خۆیدا هێنایە ئاراوە، کە رواڵەتەکانی لە چەند رووداوێکی گرنگی نوێدا خۆی نواند، لە هەمووشیان گرنگتر بۆکورد، راپەڕینی خەڵکی

---

* ئەو بەرهەمە بەناوی لە چاوەڕوانی سیامەنددا بووو نەك خەجو سیامەند وە شەماڵ عومەر ئامادەی کردبووو.

[٧١] گۆڤاری رامان، ژ١٠، ٥ی نیسانی ١٩٩٧ ئامادەکردنی رامان چاوپێکەوتن، ل٤٠.

** تیپی شانۆی ئەزموونگەری تائێستایش هەرماوەو هونەرمەندە ئەندامەکانیشی لە هەندەران لە چالاکی نەکەوتوون بەڵام دوورە وڵاتن. درەنگ هەواڵی چالاکیان دەبیستین.

[٧٢] رۆژنامەی ئاسۆ، ژ٥٤، شەممە ١٩٩٠/٨/١١ رۆژنامەکە سەرکردە: ئەوەی هەوڵی ئەوە بدات دەست درێژیمان بکاتە سەر.. ل١.

کوردستان بوو کەلە ئاکامی تێکشکانی هێزی سەربازی عێراق لە جەنگی نێوان عێراقو هاوپەیمانان دۆخێکی گونجاو بۆ خەڵکی کوردستانو عێراقیش هاتە ئاراوە تا بتوانن وەڵامی ستەمو زۆرلێکردنی دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بدەنەوەو پەلاماریان بدەن، چونکە ئەو تەرازوی هێزە، کە لەوەوپێش بەلای عێراقدا لاسەنگ بوو شیرازەکەی گۆڕاو تای عێراق سووك بوو بەتایبەتی دوای تێکشکانی سوپاکەی لە کوێت لەبەرئەوەی جەنگەکە زۆر لە توانای عێراق قورستربوو بوو بەهۆی ئەوەی سوپاکەی لەبەریەك هەڵوەشێتەوە ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوەی خۆی دا بەدەستەوە بە دیل گیرا* ئەوەیشی، کە مابووەوە سوپایەکی بەزیوی شکست خواردوو کەوتە بەر پەلاماری خەڵکی داخ لە دڵی عێراق، بەتایبەتی گەلی کورد، هەربۆیە خەڵك توانی لەماوەیەکی زۆر کورتدا گەلێ شارو شارۆچکە** رزگار بکاتو دەسەڵاتی رژێمی تێدا نەهێڵێت پاشان رژێم پاشماوەی هێزەکەی کۆکردەوەو پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی دا لە خواروی وڵاتو ناوەڕاستو لەپاشدا لە کوردستان لە ئاکامدا خەڵکەکە وەك وەڵامدانەوەی ئەو لەشکرکێشیو کوشتو کوشتارە شارەکانیان چۆڵ کردو روویان کردە ناوچە سنووریەکانی ئێرانو تورکیا، ئەم کۆچە سەرجەمییە لەپاشدا بە کۆڕەو ناسرا لە ئاکامی بە دەنگەوە هاتنی دەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتوەکان "بڕیاری ٦٨٨ی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی رامیاری عێراقییەکانەوە دەربکات"[٧٣] و تارادەیەك دەستی سوپای عێراقی بکێشێتەوەو بوو بە هۆیەك، کە دۆخێکی نوێ بێتە ئاراوە، کە رێی بۆ وتوویژ خۆشکرد، کە لەنێوان بەرەی کوردستانیو حکومەتی عێراقدا، ئەم گفتوگۆیە زۆری خایاندو رژێم چەند جارێك رایگەیاند، کە

---

* وەك رێژیم دانیپیاناوە زۆر لە سەربازەکانی هەر بە زیندویی کراون بەژێر گڵەوە، ئەمەش کاتێ لەشکری هاوپەیمانان سەنگەرەکانیان پامال کردن، لەم بارەیەوە رۆژنامەی العراق بە قەڵەمی علی بدری دەنوسێت.. زیندەبەچاڵ کران... تاوانێکی چەرخە، کە لێی نابوررێت!! بڕوانە جریدە العراق، ع٤٧٧٨ الاربعاء ٢٥ی ایلول ١٩٩١ "علی بدری" دفنوا احیاء.. ص٣.

** وەك شارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوك، دهۆك.

[٧٣] جریدە المؤتمر، ع ٥٤، جمعە ٢٧ی مایس ١٩٩٤، قرار ٦٨٨....، ص٥.

ڕێکەوتن نامەیەك بەم زوانە رادەگەیەنرێت* بەڵام ئاكامێكی نەبوو بەڵكو گەل جارێكی تر راپەڕی‌و سوپاكەی رژێمی لە كوردستان وەدەرنا، رژێمیش دام‌ودەزگا كارگێڕی‌و خزمەتگوزارییەكانی خۆی لە كوردستان كێشایەوە. وە لە ئەنجامدا بەرەی كوردستانی ناچاربوو، كە بەڕێوەبردنی ناوچەكە بگرێتە ئەستۆی خۆی‌و بەشێوەیەكی كاتی ئەو بۆشاییە پڕبكاتەوە، كە رژێم بە كشانەوەی دام‌ودەزگاكانی دروستی كردبوو، پاشان بەرە بڕیاری دروستكردنی پەرلەمانی كوردستانی داو پەرلەمان‌و حكومەتی هەرێمی كوردستان دروست بوو.

ئەم كورتە باسە پانۆرامایەكی خێرای رووداوە مێژووییەكان تەنها بۆ دیاریكردنی پەیكەری گشتی بارودۆخەكە بوو چونكە ناتوانین دراما لەدەرەوەی رووداوە مێژووییەكاندا بناسینەوە یا تایبەتییەكانی دیاری بكەین ئەگەر تایبەتییەكانی كات‌و شوێنی ئەو هونەرە دیاری نەكەین، چونكە وەك هونەرمەند تەلعەت سامان دەڵێت: "دەبێ شانۆ پڕ بە پێستی قۆناغ بێت"[٧٤] بەڵێ دەبێ دراما هاوتەریبی قۆناغ بێت، جاوەك لە سەرەتایشەوە وتمان ئەم قۆناغە قۆناغی قەیرانە بۆ گەلی عێراق ئاستی شارستانییەت سیمای سەرەكی قەیرانەكە لەخۆدەگرێت، درامایش لەو ئاستەدا دەبینرێتەوەو بەتایبەتی لەساڵەكانی ١٩٩١-١٩٩٢-١٩٩٣دا، كە شیرازەی هەموو دیاردە شارستانییەكان تێكچوو بوو بۆیە خەمخۆراني هونەرو دراما دێنە دەنگ‌و دۆخەكە هەڵدەسەنگێنن‌و ئاوا دەیناسێنن: "رەوتە هەڵكشاوەكەی شانۆی كوردی روو لە نزمی‌و وشكبوونەوە دەكات و كردە شانۆییەكەش وەك پرۆسێسێكی ئەستاتیكی زانین لە برەو دەكەوێ پرۆژەی دامەزراندنیش ئەو تەوژمە چوست‌و چالاكەی نامێنێت ئەوە تا ئێستا تێكڕا جولانەوەی شانۆیی لە كوردستاندا لە برە نمایشێكی بەناوە شۆڕشگێڕ

هەواڵنامەی کتێب

---

* بۆ نموونە رۆژنامەی العراق لەسەر زاری كاك مسعود بەرزانی‌یەوە دەڵێت: بەم زوانە رێكەوتن نامەیەك رادەگەیەنرێ. رۆژنامەی هاوكاری‌یش بە مانشێتی گەورە دەنوسێ: رێكەوتن نامەی تایبەت بۆ پتەوكردنی حوكمی زاتی ناوچەی كوردستان رادەگەیەنرێ.

[٧٤] رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ١٤، ١٩٩٢/٢/١٠ دڵشاد مەجید دیمانە لەگەڵ تەڵعەت سامان، ل٨.

بابەتی هەڵچوون ئامێز بەولاوە چی دی نین"[٧٥] کەواتە قۆناغەکە قۆناغی بەستەڵەكو قەیرانی درامایەو هیچ بەڵگەو دیاردەیەکی وایش لە ئارادا نییە، کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بێت بەتایبەت لەسەرەتای ئەم قۆناغەوە تا ناوەڕاستیشی بەولاوە، تایبەتییەکانی قەیرانو سڕبوون بە باڵای دراما دەبڕێت، وەك لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

- **سستی دراما:** لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا دراما بە رادەیەکی گشتی سڕبووبوو گەر نایشڵێین گیانی تیا نەمابوو تەنها لەبەرئەوەیە، کە هونەرمەندانو نووسەران بەردەوام لە هەوڵداندا بوون بۆ بووژاندنەوەی ئەوجا ئەو هەوڵانە بە باسکردنو کۆڕو کۆبوونەوە یا بە نووسینو بڵاوکردنەوە بوویێت کاریگەری هەبووە هەر هیچ نەبێت نەیانهێشتووە ناوی کوێربێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك پێویست نەتوانرا لەو ماوەیەدا شتێکی وای بۆ بکرێت، کە وزەی تێ بێتەوە، لەبەر چەند هۆیەك، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. تێکچوونی دامودەزگا هونەرییەکان بەهۆی جەنگو راپەڕینەوە یا کشانەوەی لە کوردستان وەك ئەو دەزگایانەی، کە سەر بە وەزارەتی راگەیاندنی رژێم بوون و لەوەوپێش لایان لەو هونەرە دەکردەوە... تا دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانو سەرلەنوێ دەرکردنەوەی گۆڤاری کاروان..

٢. گرانی باری ئابووری، بەهۆی ئابڵوقە ئابوورییەکانەوە ئابڵوقەی نێونەتەوەییو ئابڵوقەی رژێمی عێراق لەسەر کوردستان گرانییەکی وەها کەوتەوە، کە لە وزەی هیچ تیپو دەستەیەکی هونەریدا نەبوو خەرجی بەرهەمێکی درامی دابین بکات چونکە ئامادەکردنی شانۆییەك دە هەزار دیناری تێدەچوو.

٣. گرانی کاغەزو خەرجی چاپکردنی کتێب بواری ئەوەی نەهێشتبوو، کە نووسەران بتوانن دراماکانیان بە چاپ بگەیەنن، بۆیە زۆربەی بەرهەمەکانیان بە دەستنووسی مابووەوە چاوەڕێی دەرفەتێ بوون تا رووناکی ببینن*.

هەولێرەی کتێب

---

[٧٥] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ١٤٨، ١٩٩٢/٧/٢٦ عوسمان ئەحمەد هەڵۆیستێك، ل٦.

* بۆ نمونە ژمارە ١٠ی گۆڤاری رامان، کە تایبەتە بە شانۆو وە لە ١٩٩٧/٤/٥ دەرچووە سیانزە دەقی درامی خۆماڵیو وەرگێڕاو یا ئامادەکراوی بڵاوکردۆتەوە زۆربەی هەرە زۆریان لەپێش ساڵی ١٩٩٥دا نوسراون وەك چەپکێ گوڵی تەلعەت سامان، کێشەی چوونونەچوونی ئەحمەد سالار،◄◄

٤. ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان بەهۆی گرانی باری ژیانەوە ناچاربوون لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیاندا سەرقاڵی کارو کاسبی بن‌و نەیانپەرژێتە سەر هونەرو کاتی ئەوەیان بۆ نەمێنێتەوە**.

٥. ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان‌و نووسەران ئاوارەبوون‌و روویان کردە هەندەران***.

٦. هەندێ لە هونەرمەندان لە راپەڕین‌و کارەساتەکاندا شەهیدبوون وەك عزت ئەحمەد کەریم، ئەریوان عومەر دەوڵەت****، سەید توانا لە رانیەو جەوهەر باپیرو نەوزاد مستەفا[٧٦].

---

خەنجەری ناو سندوقەکەی محسن محمد، ئەو پیاوەی لە مردن دەترسا ئامادەکردنی عەبدوڵا سراج، قۆپچەی مەرگ نووسینی عیزەت ئەحمەد کەریم...هتد.

** لە نزیکەوە ئاگاداری گوزەرانی ژیانی ئەو هونەرمەندە شەرەفمەندانەین‌و ناویان دەزانین بەڵام چاکتر وایە سەرنج بدەینە ئەم نووسینە، کە نووسەرێك لەم بارەیەوە نوسیویەو دەڵێت: شتێکی تریش هەیە، کە دەبێ رەچاوی بکرێ ئەویش مەسەلەی ژیانی رۆژانەی هونەرمەندە.. چونکە لە هەموو کەسێك وادیارە کەس لە هونەرمەند دەستوپێ سپی تر نییە، جا ئەم بارە ناهەمووارەی، کە ئەمڕۆ لە کوردستان لە ئارادایە وای لێ کردووە، کە تەنها بیر لە دابینی ژیانی رۆژانەی خۆی‌و منداڵەکانی بکاتەوە بۆ زیاتر وردبوونەوە لەو خاڵە بڕوانە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ١٤٨ ١٩٩٢/٧/٢٦ عوسمان ئەحمەد، هەڵوێستێك، ل٦.

*** وەك هونەرمەندان شەماڵ عبداللە، شەماڵ عمر، دانا رەئوف، وەلید معروف، رزگار باهیر، ئەکرەم سلیمان، نیگار حسیب، میدیا رەئوف، بکر رشید، محمد تیمور، سعدون یونس‌و خێزانەکەی، سمیرە سعدون.

**** "ئەریوان عمر دەوڵەت ١٩٦٤/٥/٢٥ لە سلێمانی لەدایکبووەو ساڵی ١٩٨٦ بڕوانامەی دبلۆمی شانۆی وەرگرتووەو رۆژی ١٩٩١/٣/٧ لە راپەڕیندا شەهیدبووو" بڕوانە رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٣٧ ١٩٩٢/٣/٨ "رۆژنامە" هونەرمەندو نووسەری شەهید ل٨. عیزەت ئەحمەد کەریم، رەخنەگرو درامانوس سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردبووو لە سلێمانی لە ئاکامی "تۆپ بارانی رژێم"دا لەناو قوتابخانەکەی شەهید بووو... بڕوانە "مجله الپقافه الجدیده. ع٢٤٠/ عدد الپانی السنه ٣٩ ك١٩٩١/١ شهید السلیمانیة الفنان الکردي الوطني عزت احمد کریم، ص١٤٧.

٧. بەشێك لە هونەرمەندانو نووسەران لەناو دەزگا راگەیاندنەكانی پارتو رێكخراوە سیاسییەكان كاریان دەكردو بواری كاری هونەریان كەم بووەوە بەتایبەتی كاری درامی چونكە كاتی زۆر دەوێت وەك هونەرمەندان: كەمال رەئووف هەنجیرە، ئەحمەد سالار، عوسمان چێوار، كەریم عوسمان، كامل فەخرەدین، سیروان جەمال، مستەفا ئەحمەد، كەمال سابیر، نەهرۆ سالح، فایەق عومەر... محسن محمد، كە خۆی لە زاری خۆیەوە دەڵێت: "تەلەفزیۆن ئیستهلاكم دەكاتو وەختم لێ دەگرێت"[٧٧].

○ **قۆناغی گەشبوونەوە:** لە ناوەڕاستی ئەم قۆناغە بەدواوە واتە ساڵانی ١٩٩٤و ١٩٩٥دا وردەوردە دراما جووڵەی تێكەوتەوەو لەسەرەتادا ژمارەیەكی كەم بەرهەمی دراما پێشكەش كرا، هەرچەندە تارادەیەكیش لاوازیان پێوە دیاربوو، چونكە هێشتا راپەڕین وەك بزووتنەوەیەكی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی كوردستان هەر لایەنی رواڵەتیو توێكڵی ببووە دیاردەو ناخو كاكڵەو كرۆكی ئەو راپەڕینە وەك كردەوەیەكی مێژوویی نەتەوەیی لە هزری قۆناغەكەدا دەنگی نەدابووەوەو وتاری زانینی لێ بەرجەستە نەكرابوو تا ببێتە سەرچاوەو دەقو وتاری ئەدەبیو هونەری لێ هەڵهێنجرێ، بۆیە لە بزاڤە شانۆییەكەشدا بەشێوەیەكی دژوار دەنگی دابووەوەو لە هەندێ بەرهەمی هونەریدا وەك هەندێ دروشمی شۆڕشگێڕانە هەرزەییو كاڵوكرچ خۆی دەنواندو نەبووە پرۆسەیەكی مەعریفی نوێخوازانە. نموونەی ئەو بەرهەمانەش لە دراماكانی چارەنووسی ئادەمیزادی تیپی نواندنی سلێمانیو خەڵكو بەردی شانۆی سالارو زەوییە بەیارەكانی تیپی شانۆی پێشڕەوو ئەسپەشێی كۆمەڵەی هونەرە جوانەكان- مەڵبەندی گشتی سلێمانیو سەربازی هەڵاتوو سەنگەری تیپی راستی...خۆی دەنوێنێ.

○ زۆربوونی بەرهەمی درامیو بڵاوبوونەوەی بە شارەكاندا بۆ نموونە "لە چەمچەماڵ شانۆیی بینایی لە نووسینی سیروان رەحیم پێشكەش دەكرێت. لە هەڵەبجەی شەهید شانۆی پەیام دروست دەبێتو لە ٢٤و ١٩٩٢/٧/٢٥ ئۆپەرێتی

---

[٧٦] جەوهەر باپیرو نەوزا مستەفا، شەهیدانی شارە دێرینەكەی كوردستانو شانۆی كورد مەغدید حاجی، ل١.

[٧٧] رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژ٢٠٢، ١٩٩٢/٩/٢٨ محسن محمد بەدوای غۆرێلادا دەگەڕێ، ل٨.

شوانو بەرغەل پێشکەش دەکات، یانەی رۆشنبیری لە هاوینەهەواری سەلاحەدین درامای ئەسپە دزراوی غەفور سالح پێشکەش دەکات لە رۆژانی ١٧و ١٨و ١٩٩٢/٨/١٩ وە تیپی شانۆی حەمرین لە شەقلاوە هەر لە ئابی ١٩٩٢دا درامای سەمای مەرگ پێشکەش دەکەن وە لە چەمچەماڵ تیپی شانۆی گەل لە ١٩٩٢/٨/٢٤ درامای دایکی خائینێکی نمایش کردووە، وە لە دیانە تیپی شانۆی چوارچرا رۆژی ١٩٩٢/٨/٢١ درامای دارستانێکی تینووی پێشکەش کردووە وە رۆژی ٨/٢٥یش تیپی شانۆی بەکرەجۆ درامای سەگ بیمەی بێکارییە بۆ چەند رۆژێك نمایش دەکرێت، هەروەها لە شەقلاوە شانۆیی دیکتاتۆرو راپەڕینو مەشخەڵی شۆڕش لە مانگی حوزەیرانی ١٩٩٢ پێشکەش دەکات، تیپی شانۆو مۆسیقای کەلاریش درامای چیای بەزیو پێشکەش دەکات...هتد"[٧٨].

○ لە دوو ساڵی کۆتایی ئەم قۆناغەدا واتە ١٩٩٤و ١٩٩٥ دراما بەتەواوی کەوتە جوڵەو گیانی سڕبووی* وردەوردە جۆشو خرۆشی تێکەوتەوە، ژمارەی بەرهەمەکان

---

٧٨ رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەکانی ١٢٥و ١٢٦و ١٢٩و ١٤٨و ١٧٥و ١٧٦ی رۆژانی ٦/٢١و ٦/٢٢و ٧/١و ٧/٢٦و ٨/٢٤و ٨/٢٦و ١٩٩٢/٨/٢٨ ئەو هەواڵانەی لە هەگبەی دوالاپەڕە دا تۆمارکردووە.

* بۆیە دەڵێین سڕبووو تا لە خامۆشو مەرگ جیابکرێتەوە چونکە سڕ جووڵەیەکی سستو گیانێکی کەم هێزی تیایە، لەو قۆناغەشدا دراما ئەو جوڵەو گیانەی تیابووەو ناوەناوە درامای سەرکەوتووش پێشکەش کراوە وەك مەرگی ئەرخەوانیی کامەران رەئوف، بڕوانە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ١٥٢ ١٩٩٢/٧/٣٠ رۆژنامە وێنەگرتنی فیلمی مەرگی ئەرخەوانی.. ل٦و پێکەنینی تورەیی تەلعەت سامانو، کە نووسەرێك لەبارەی ئەم دوو بەرهەمەوە دەڵێت: لەگەڵ ئەوەیشدا ناوەناوە بەرهەمی سەرکەوتوو هەر پێشکەش کراوە، لەم دواییانەدا شانۆنامەی "پێکەنینی تورەیی" لە نووسینو دەرهێنانی تەلعەت سامان بۆماوەی ٨ رۆژ زۆر بە سەرکەوتووانە پێشکەش کراوە، لە جەوێکی رۆشنبیرانەدا ئەم مامۆستاو نووسەرە بەڕێزانە مومتاز حەیدەریو دکتۆرە شوکریە رسولو حەمەکەریم هەورامیو کەمال غەمبار بە رۆحیەتێکی دوور لە سۆزو عاتیفەوە دەستنیشانی لایەنی پیرۆزیو سەرکەوتوویی ئەم کارەیان کردو مامۆستای نووسەر دکتۆر مارف خەزنەدار فەرمووی: پێویستە ئەم شانۆگەرییە لەدەرەوەی کوردستانو ئەوروپایش نیشان بدرێت بڕوانە ژ١٤٨ی رۆژی ١٩٩٢/٧/٢٦ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، وتارەکەی عوسمان محمد، هەڵوێستێك، ل٦.

زۆربوونو ئاستی هونەریشیان بەرزبۆوەو رەوتی داهێنان رووی لە جوولەو گەشبوونەوە کرد، هۆی ئەم گەشبوونەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خالانە:

أ. دوای دروستبوونی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ دامودەزگای هونەری دامەزرایەوەو کەوتنە چالاکیو لە بواری درامیانەیشدا چالاکییان نواند، وەك بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیری شارەکان، کە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بوو.

ب. چاککردنەوەی شانۆو هۆڵە هونەرییەکانو دروستکردنی هۆڵو شانۆی نوێ لە شارو شارۆچکەکاندا.

ت. زۆربوونی دەزگاکانی تەلەفزیۆنو لاکردنەوەی ئەو دەزگایانە لە هونەری دراماو تۆمارکردنو نیشاندانی بەرهەمی درامای کوردی.

پ. ئاوڕدانەوەی سەرکردەو رێکخراوە رامیاریەکان لە هونەرو هونەرمەندانو دەستگیرۆیی کردنی تیپە هونەرییەکانو تەرخانکردنو بەخشینی بوودجەی دیاریکراو بۆ پێشکەش کردنی کاری درامایی.

ج. هێوربوونەوەی راژەیی بارودۆخەکەو پەیدابوونی جۆرە ئازادییەك دوور لە سانسۆری رژێم بواری خۆشکرد، کە هەندێ دەقی درامی بە ئازادی لەدایك بن وەك دراماکانی فرمێسکی رەشو عەرەبانەو گوڵ عومەرو پێلاوو شەهیدەکان ئەم هەفتەیە دەگەڕێنەوەو رۆشنا.

ح. رەخساندنی بواری گشتی چاپو چاپەمەنێ هەندێ هەلی دروستکرد بۆ چاپو بڵاوکردنەوەی دەقی دراماو باسو لێکۆڵینەوەی هونەری لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتیش وەك ئەو چاپەمەنیانەی، کە لە سویدو هۆڵەنداو ئەڵمانیاو...هتد دەردەچوو.

خ. بڵاوکردنەوەو پیشاندانی هەندێ دەقی کۆن لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانەوە وەك دراماکانی ژاڵەو مانگی ئاوابوو وە گوڵاڵەو دڕندەی تۆرۆس، کە وەك یادخستنەوەو هاندان وابوو بۆ جەماوەرو هونەرمەندانیش، کە ئاوڕ لە رابردووی درامای کوردی بدەنەوەو شکۆمەندیەکانی لەبەرچاوبگرنو لە داهاتوودا سەرلەنوێ بزاڤی هونەری کوردی بگەشێنێتەوە.

❶ لەم قۆناغەدا هەستی شۆڕشگێڕانە لە بەشی هەرە زۆری دراماکاندا زاڵە، بەزۆریش وا خۆی دەنوێنێ، کە وەڵامدانەوەی کارە ناڕەواکانی رژێمی عێراقە لەبەرامبەر مرۆڤی کورد نواندبووی، بۆیە هەندێ بەرهەم وەك گێڕانەوەی بەشێك لەو

یادگارە تاڵانەی ئەو رۆژگارەن‌و لەم قۆناغەدا یاد دەکرێنەوە وەك نموونـەی شـکۆمەندی لە دراماکانی مەرگی ئەرخەوانی‌و فرمێسکی رەش‌و ئەسپەکەی کاکـە حەمـەو پـێڵاوو پاکبوونەوەدا...هتد دەردەکەون.

❷ ئەوەی لەم قۆناغەدا زۆر روون دەردەکەوێت زۆربوونی بەرهەمی تۆمارکراوە لەسەر فلیمی ڤیدیۆکاسێت، کە بە فلیم یا درامای تەلەفزیۆنی ناودەبرێن هەرچەندە زۆرو بۆری پێوە دیارە چونکە بەشێکیان لە بەرهەمهێنانی گروپی ناشارەزاو کاڵفام‌و هەرزەی هونەرین، کە تاقیکردنەوە هونەریەکانیان کزو لاوازن بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا مزگێنی بەخشن بۆ داهاتوو چونکە وەك تاقیکردنەوەن بۆئەوەی بەرهەمی باشتر بەدوای خۆیاندا بهێنن.

❸ دروستبوونی پەیمانگای هونەرەجوانەکان لە هەولێر، بەمەیش پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە کوردستاندا دەبێتە دوو، کەواتە ژمارەی دەرچووانیش دەبێتە دووهێندەی جاران، هەروەها پەیمانگا رێگە خۆش دەکات لەبەردەم ئارەزوومەنداندا تا لەسەر بنەمای زانستی بەهرەکانیان پەروەردە بکەن‌و ببنە کادیری داڕۆژ، "سەرنج: لە پاشدا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆکیش دامەزرا".

❹ گەشەسەندنی درامای منداڵان و دامەزراندنی تیپێکی تایبەت بە درامای منداڵ بەناوی تیپی شانۆی منداڵان[٧٩]، کە بەردەوام بەرهەمی درامای منداڵان نمایش دەکات وەك بەرهەمە گرنگەکانی تیتیلەو بیبیلە، پشیلە سورە.

❺ دامەزراندنی گەلێ تیپی شانۆیی، کە زۆربەیان مۆڵەتی رەسمیان لە وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، ئەو تیپانە بە شارو شارۆچکەکاندا بڵاوبوونەتەوە وەك: تیپی شانۆی تینا، تیپی شانۆی شار، تیپی شانۆی راستی لە سلێمانی، تیپی شانۆی گەل لە چەمچەماڵ، تیپی شانۆی چوارچرا لە دیانا، تیپی هونەری هەورامان لە تەوێڵە، تیپی شانۆی هەڵەبجە، تیپی شانۆی میللی کۆیە،

---

[٧٩] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ٣٣١ ٣/٣/١٩٩٣ فیستیڤاڵی یەکەمی هونەری منداڵان، ل٨.

KURDOLOGY

تیپی شانۆی سیروان لە کەلار، تیپی شانۆی رەواندز، تیپی شانۆی سامانو تیپی شانۆی زانکۆ لە کۆیە، هەروەها تیپی شانۆی مەشخەڵ لە کۆیە*.
گەشەسەندنی رەخنەی هونەری تایبەت بە سیناریۆو دەقی تۆمارکراو جا بۆ سینەما یا بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکرابێت** ئەم بزووتنەوە رەخنەییەش هاوشانی گەشبوونەوەی بزووتنەوەی درامایی تۆمارکراوە چونکە ئەم قۆناغە شاکاری وەك مەرگی ئەرخەوانیو فرمێسکی رەشو پاکبوونەوەی بەخۆیەوە دی لەپاڵ نێرگز بووکی کوردستانو....هتد دا.

* هەواڵی دامەزراندنی ئەو تیپانە لە هەگبەی دوالاپەڕەی رۆژنامەی کوردستانی نوێوە وەرگیراوە لە ژمارەکانی ژمارە ١٨٠ ١٩٩٢/٩/١، ژمارە ١٧٦ ١٩٩٢/٨/٢٨، ژمارە ١٢٥ ١٩٩٢/٦/٢٦، ژمارە ١٧٣ ١٩٩٢/٨/٢٤، ژمارە ٣٣١ ١٩٩٣/٣/٣، ژمارە ٣٢٤ ١٩٩٣/٢/٢٣، ژمارە ١٩٩ ١٩٩٢/٩/٢٤، ژمارە ٣٢٢ ١٩٩٣/٢/٢١.

** وەك ئەو نووسینانەی ئیسماعیل هەورامی، توخوا پەلە مەکەن، لە ژ١٨٩ی ١٩٩٢/٩/١٣ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، وە یا نووسینی قەرەج شاکارێکی تەلەفزیۆنییە لە نووسینی بەکر عەبدوڵا، کە بەشی یەکەمی لە ژمارە ٢٤١ی ١٩٩٢/١١/١٣ی کوردستانی نوێ دوو ژمارەی تر لەدوای بڵاویکردەوە، هەروەها چەند سەرنجو لێکۆڵینەوەیەك لە درامای تەلەفزیۆنی شەهیدەکان ئەم... "دیاری ئەحمەد باقی"، کە رۆژی ١٩٩٢/١١/٢٦ رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاویکردەوە، یان نووسینەکەی حەسەنساڵح حەسەن، کە بە ناونیشانی نێرگز بووکی کوردستان هەنگاوێکی سەرنەکەوتوو بۆ سینەمای کوردی، لە ژمارە ١١١ ١٩٩٢/٦/٧ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە یا گەلەگورگ لەنێوان حسێن عارفو مەهدی ئومێددا، کە حەمەسوار عەزیز لە ژ١٩٩ی ١٩٩٢/٩/٢٠ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها گەلێ نووسینی رەخنەیی تر لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە وەك ئەو نووسینانەی، کە لە رۆژنامەکانی برایەتیو ئاڵای ئازادیو...هتددا بڵاوکراوەتەوە.

# زانستی بڕگە

نووسین و ئامادەکردنی
محەممەد ساڵح سەعید

## زانسـتی و فەرهـەنگی بڕگـە

هەواڵنامەی کتێب

١. زانستی و فەرهەنگی بڕگە لە شیکارییەکانی زانا فەردینان دی سۆسۆردا
٢. فەرهەنگی بڕگە لە لێکدانەوەی کوردیدا

لێرەدا سود لەسێ وتاری زانا دی سۆسۆر وەرگیراوە، کە ساڵی ١٨٩٧ بەناونیشانی تیۆری بڕگە Theoria la syllable وەرگیراوە، کە دەربارە ولەسەر بنەمای پەیڕەوی دەنگیی لێیدوواوە.

زۆرینەی زاناکانی ڕێڕەوی دەنگیی لەسەر کردەی دەنگیی کاردەکەن، واتە دروستبوونی دەنگەکان لە ڕێگەی کۆئەندامی دەنگییەوە، بەڵام لایەنی گوێلێبوون وازلێدەهێنن.

ئەم شێوازە بەچاك دانانرێت، چونکە سروشتی گوێلێبوون ڕاستەوخۆ وێنای ئەو دەنگانەمان پێدەگەیەنن، کە ئەندامە دەنگییەکان دەریاندەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا باروبوواری گوێلێبوون خۆی، بنەمای هەموو تیۆرێکی دەنگییە.

لێتێگەینیی دەنگی، ئەو بوون و ڕوودانەی لە ناهەستیی مرۆدا هەیە و لەناخدا دروستدەبێت، پێش لێکۆڵینەوە لەیەکە فۆنۆلوجییەکان دەکەوێت. بۆڕوونکردنەوە، من

نموونەیـەك بـۆكردەی داخـستنی دەرگایـەك دەهێنمـەوە "ئـەوەی پـێش بیركردنـەوە لەمەبەستی پەیڤی داخستنی دەرگا بكەینـەوە لـەو دیـوی هەسـتەوە ترسـی جیرە یـان تەقـەی دەرگاكـەمان تیـادا دروسـتدەبێت. یـان، كـە رەشـەبایەك هەڵـدەكات لەترسـی پلوپووش، چاودەنووقێنین. ئەوانە ئەوبارە نائاساییەی هەستەوەرن، كە ئەو دەنگانـە لـە ناخماندا پێشیدەخەن وپێشبینی دەكەین."

كاتێك گوێـچكە جووتـە دەنگـی ت،ب یـان هیترمـان پێدەبیـستێت، لەوكاتـەی بشتوانین جووڵەی لێووقـورگ بەزنجیرەیـەك دەنـگ وێنـە بگـرین، ئەوسـاش هـەرناتوانین لقەبەشكردنەكانی جووڵەی گۆكردن وێنابكەین و بەوبینینـە نـاتوانین پێبـزانین دەنگێـك لەكوێوە دەستپێدەكات و دەنگێكی تریش لەكوێدا كۆتاییدێت.

هەر بۆ نموونەش ئەگەر بیستن و باری بووارە گوێلێبوونەكە نەبێت، نەماندەتوانی بڵێین برِگە fall" فال یان فالڵ سێ یەكە، دوویەكە یان چوار یەكە دێت.

چـونكە ئێمـە كـاتی بیـستنمان لـەناخی ریزەیـەكی گوتراودایـە، كـە دەنگێـك جیابكەینەوە، ئەمەش ئەو دەنگە ناوازەگونجاوەیە كە پێمان دەگات.

درێژبوونـەوەی دەنگێكـی وەك تـاڵ، تـێڵ، تـال گـرنگ نییـە، بـەڵكو جـۆری لێتێگـەیینی، هـەروەها ئەوەیـە، كـە ریزبەنـدیی دەنگیـی بەترپـەی لێـدانی یەكـسان دابەشنابن، بەڵكو بەترپەی لێدانی لەگەڵ یەكگونجاویی وەها دەبێت، كە هـەر لێـدانێك beat بەیەكەی پێكەوتوو گونجاو ناسرابن.

هەر ئەوەشە خاڵی دەربازبوونی سروشتیی یاسـای دەنگـی. پیتـی گریكـی كـۆن باشترین نموونەی ئەم بارەیە.

هەر هێمایـەكی نووسـین لەگریكیـدا وێنـای دەنگـە سـاكارەكەی خـۆی دەكـات. لەبەرئەوەبوو ئەلفوبێی گریكی بەداهێنانێكی بلیمەتانە دانـراو رۆمانـەكانیش لەوانـەوە وەریانگرت.

ئەوەتە لەنووسینی وشەی barbarous دا هەرپیتێك ترپەی لێدانێكی یەككەوتوو دەردەخات، وەك بەرە بەرە لەكوردیدا، یان دارە دارە.

لەوزمانە گریکییەدا وەك لەئینگلیزیدا هەیە دووپیتی وەك s، c ی تیادانییە بۆیەك دەنگ دەستبدەن و نموونەی تریش. بەپێچەوانەی ئەوە شەوە کەدووپیت بۆیەك دەنگ بەکاردێت، ئەوەتە یەك پیت بۆ سێ دەنگ تیادا بەکاردێت.

پیتی (c) لەئینگلیزیدا بۆ دەنگی س، ك، ش بەکاردێت، وەك:

جوان: nice، کە بۆ س بەکاردێت.

کووپ: cup، کە بۆ ك بەکارهاتووە.

زەریا: ocean، کە بۆ ش بەکارهێنراوە.

هەروەها دەنگی (ش) بە هەشت شێوە لە دەنگی ئینگلیزیدا بەکاردێت.

جیاوازیی زۆری تریش لەم شێوازانە دا هەیە کەپێیانبسەلمێت گرفتی ئێمە لەئاماژەی دەنگ بۆهێمای پیت لەبیستن، گوتن و تۆماری نووسینیدا لەگەڵێك زمان کەمترە.

بەڵام قوبرسییەکان لەسەر یەکەی لێکدراوی وەك pa و ti و do و هیتری وەك ئەوانە پەیڕەو دەکەن.

بەم جۆرە هێما نووسینییە دەڵێن بڕگە یی. بەڵام لەبەرئەوەی بڕگەی جیای تری وەك pak و tpa و هیتریش هەن ئەو ناولێنانە دەقاودەق نییە.

سامییەکانیش babaros بەشێوەی BRBRS – بربرس دەنووسن.

واتە بزوێنەکان، کە عەرەب پێیدەڵێن حرکات لەناو نووسینەوەکاندا تۆمار ناکەن و ناینووسن. ئەوان هەر بەسەلیقەی دەنگیی و واتا جیایاندەکەنەوە. بەڵام هەرگیز دەنگدەرهاتنەکان لەگەڵ نووسینە تۆمارکراوەکاندا هاوتانین و گەلێك لەیەك دوورکەوتوونەتەوە. ئەو دانە دەنگییانەی عەرەبنووس، کە، تە، بە و کو، تی، بە، کە بەشێوازی بڕگەیی دەنگەکان دەیانبیستین، لەبواری نووسینیدا کەتەبە - کتب یەو کوتیبە –کتبە. زۆر لەیەك دوور دەکەوونەوە و هاوتایی لە نێوانیاندا نامێنێت. – وەرگر –

هەولێرنامەی کتێب

بەڵام گریکەکان توانییان بەرێژەی یەك بۆ یەك دەنگ و هێما نووسینییەکان یەکبخەن. ئەمەش ئەو رێژە پێویستە تەواوەیە، کە بنەمای یاسای نووسینی دەنگیی ساز نەك ناسازە، کە دەیەوێت.

نەتەوەکانی تر ئەم بنەمایەیان هەستپێنەکردووە، لەبەر ئەوە حونجەی پیتەکان لای ئەوان بەزنجیرەی دەنگیی گۆکراو بەپێی ترپە دەنگییە پێکەوە گونجاوەکان دابەشنابن.

دابەشی دەنگەکان لە زنجیرەی گوتن و گۆکردندا لەسەر بنەمای گوێلێبوون نەبێت ناکرێت. بەڵام پێناسی ئەم دەنگانە ئەوەکارێکی ترە، چونکە لەسەر بنەمای کاریگەریی کرداری گوتن نەبێت ناتوانین دەنگەکان وەك بیستنیان، پێناسەبکەین. گرانە، یەکە دەنگییەکان لەزنجیرەکانیاندا شیبکەینەوە. بەڵکو دەبێت بۆ ئەو بزوێنانە بگەڕێینەوە کە لە کردە دەنگییەکەدا بوونیان هەیە.

لەم کردەوەیەدا هەر دەنگێك بەکارێکەوە دەبەسترێتەوە: ئەوەتە ب ی وردبینیی بیستن ب — بە ی وردبینیی گوتراوەکەوە دەبسترێتەوە. کاتی دابەشکردنی زنجیرەی گۆکراوە وتراوە کە، هەردوو یەکە بەهێزەکەی ب - bi.. ،بە - be مان دەستدەکەوێتەوە. هەر بەوە وەك ئەنجامی کۆتایی هەستی وەرگرتنی گوێ لێبوون و بزووتنەکانی گۆکردن بەفۆنیمان دەگەیەنێتەوە: ، کە کاریگەریی ئاڵوگۆڕی یەکەی بیستن و گوێ لێبوونە لەگەڵ یەکەی گوتراودا. بەوەش دەسەلمێت، کە ئەوە یەکەیەکی لێکدراوی نادەیە، کە رەگێکی لە زنجیرەی گوتراودایەو رەگەکەی تریشی بە زنجیرەی بیستندا.

ئەو رەگەزانەی لە دابەشکردنی زنجیرەی گوتراودا دەستمان دەکەون، وەك ئەڵقەی زنجیرەکە وەهان. ئەوانەش چرکەن و ناتوانرێت کورت بکرێنەوە، هەروەها ناشتوانرێت لە دەرەوەی کاتی خایاندنەکەیاندا لێیان بکۆڵرێتەوە. بۆ نموونە جووتە دەنگی تا — ta هەمیشە لە بەشێکی درێژی لەدوای بەشێکی تر و لە چرکە ساتێکدا دروستدەبن. بەڵام ئەگەر بەتەنها دەنگی ت — t مان وەرگرت، دەتوانین لە دەرەوەی کاتی روودانی و تەنها بەشێوە رووتەکەی خۆی لێیبکۆڵینەوە.

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، کە t — ت بەگشتی لەتیرەی T — ت یە بەپیتی گەورەی "Capital" بۆ ئەوە بەکارهێنرا، کە بزانێت سەربەوتیرەیەیە. هەروەها i کەسەربەتیرەی I یەو.. هتد.

جائەگەر بەتەنها دەنگمان بەپێناسی جیاگەر داناو هەمووشتێکی ترمان خستەلاوە، ئەوسا دەکەوێتە سەر کاتەکانی بەرو دوای بوونەکەیەوە روودانەکەی. ئەوەش وەك ریزەی مووزیکیی دۆ، رێ، می —do, ri, mi ی لێدێت، ئەوەی دەبێت هەر بەکاتی سەردەمی بەرودوا دابنرێت، بەڵام ئەگەر تەنها یەك رەگەزی سەرەکیت هەڵبژارد، ئەوسا دەتوانم بەرووتی هەرلەو رەگەزە بکۆڵمەوە.

دوای ئەوەش پسپۆری یاسای دەنگیی، ژمارەیەکی چاك لە زنجیرەی گوتراوی چەند زمانێك شیدەکاتەوە، ئەوسا دەتوانێت دەستنیشانی ئەو رەگەزانە بکات کە هەریەك لەو زمانانە بەکاردەهێنن و ئەو رەگەزانە پۆلێن دەکات. جا ئەگەر هەندێك نموونەی جۆری بیستراوی دەنگی نابایەخداری خستە پشگوێ، بۆی دەرکەوێت، کە پۆلە دەنگییەکان لە ژمارەیاندا رادەدارن. هەندێك نووسینی تایبەتی لەبارەی ئەم پۆلێنکراوانەوە هەن، کە بەدرێژی لێیان کۆڵراوەتەوە[١].

هەواڵنامەی کتێب

## کرانەوەی ناوەکی و کرانەوەی دەرەکی

سۆسۆر لە تەقینەوە بۆ دەرهاویشتن و دروستبوونی دەنگدا لەو ناوەکی و دەرەکییەدا سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێت کە زنجیرەی دەرفرتانی کۆبوونەوەی دەنگە لە دوایەك هاتووەکان نەبچڕێت.

لەوێدا وەك داوامان لێبکات بەراورد لەنێوان ئەم دووبارەدا بکەین، بۆ ئەوەی ناوەکی و دەرەکییەکەمان بۆ دەربکەوێت.

ئەوئێمەش وێنای چەند دەرفرتانێگی دەنگیی دەردەخەین:

[١] ل ٥٦، ٥٧، ٥٨ - علم اللغە العام — فەردینان دی سۆسۆر

١. تارا - تا+ را:

دووكرانــەوەی دەرەكــی دەردەخــات بەبێئــەوەی زنجــیرەی دەرهاویــشتن تێكبــچێت و هەردووكیشیان چونیەكن. لە درێژكردنەوەیاندا دەتـوانین بـە ئاسـانی و بەدرێـژی هـەوا دەربكەین.

٢. برا - ب + را:

لەم بارەشـدا زنجیرەكـە تێكنەچـووە، بـەڵام دەرفرتانـدن لـە دەرهاویـشتنی فـۆنیمی ب لەگەڵ بزرۆكە كورتەكەدا، كاتی گۆكردن تووشی كرانەوەیەكی كورتی ناوەكی دەبـین بـۆ نەبچڕان و فریاكەوتنی دەرهاویشتنی پارچەی دووەم كەكرانەوە دەرەكییەكەی تێدایـە را و لەوبارەدا با — هەوا بە ئاسانی دێتە دەرەوە، كە جۆرێـك ئاسـایی و ئاسـنی تێدایـە، پێچەوانەی یەكەم پارچە، كە جۆرێك لە كپی و بگرە لە كپكردنی تێدایە.

٣. بزن - ب + زن:

لێـرەدا لـە هـەردوو بەشـەكەدا كرانـەوەی نـاوەكی روودەدات و كرانـەوەی دەرەكـی و درێژبوونەوە بۆ دەرچوونی باكەی فرە هەستناكەین. گۆكردن لێرەدا كورتبڕە.

٤. بردن - بر + دن:

دووبرگەی یەكسانن لە ژمارەی سێ دەنگ و تۆماركردنیان بـە دوو پیـت. هـەردووكیان دوو كرانـەوەی نـاوەكیی كورتبڕیـان هەیـە. دەرفرتانی دوو پێكهاتەكـە درێژكردنـەوەی دەرهاویشتنی بایان لەگەڵدا نییە. وەك — تارا — لە یەكەمدا

## سەرنج

١. وەرگێـڕو سەرپەرشـتی تیۆرییـەكانی زانـا سۆسـۆر الإنفجـار — إنفجـار بـە واتـە تەقینەوە یان بۆكردەی دەرهاویشتە دەنگییەكان بەكارهێناوە، بـەڵام لەگـەڵ مەبەسـتی ناخی واتاگەیاندنەكەدا ناگونجێت، چونكە تەقینەوە فڕێدان وپەرش و بڵاوكردنەوەی تری لەگەڵدایە و مادیشە نەك هەر بەرجەستەیی. كـورد دەڵێـت "فرتـە ی كـردە دەرەوە. "

لەبەرئەوەی دەنگ هەرخۆیەتی، کە توشی فرتە ی دەرهاویشتن دەبێت بۆ دەرەوە، ناوەکیبێت یان دەرەکی، درێژ یان کورتبڕبێت.

٢. من نموونەی بییانی بۆ روونکردنەوەی تیۆرییەکان ناهێنمەوە، بۆ پتر سوودلێوەرگرتن هەوڵدەدەم بۆ هاوتاو هاوشێوەیی یان بۆ بەراورد پێکردن لەگەڵ پەیڤ و دارشتە کوردییەکاندا رەفتار دەکەم.

٣. عەرەب تیۆرییەکانی وەرگێڕاوە. زاراوەی کۆنی صائت —دەنگدار، صامت — بێدەنگ، فتحه — سەر و ضمه —بۆر و.. .هتد ی، بەکارهێناوە، بەڵام من زاراوە نوێیەکان بەکاردەهێنم وخۆم لە ریتمی بە عەرەبی بییرکردنەوە دەپارێزم و لێیان دووردەکەومەوە.

٤. من تەنها دەچم بەلای ئەوضمك و سەرەداوانەدا، کە بۆ بوواری بابەتەکەی خۆم و زمانی کوردی سوودیان لێدەبینم. مەرجیش نییە تیۆری و نموونەکانیش لەسەداسەد بۆ کوردی و لەگەڵ زمانەکەماندا بگونجێت. مەرج نییە دەقاودەقبن.

٥. لەوەدا، کە دەڵێت: [١] "دەتوانین هەمیشە دەرفرتەی دەرەکی بە دەرفرتەی ناوەکییەوە ببەستێنەوە" دیارە هەردوو جوڵەی دەرهاویشتنی دەنگی دەتوانن بەبێبچڕان لەگەڵ یەکدابن، بەڵام بەلای منەوە دەبێت پابەندی مەبەست و واتاداری لە نێوانیاندا هەبێت و پارێزراو بێت، لە سنووری سروشتی و کردەی ژیانیدا بێت، ئەگینا ئەوسا ئەم کردەی فرتەدەنگیانەی دەرهاویشتن بالێرەدا بزانین، وەك نموونە چیدەگەیەنن: فلمرساهووچ، کە دەر فرتانی ناوەکی و دەرەکیی دەرهاویشتنی دەنگیی ئاسایی تیایاندا تێدەپەڕێت بەڵام بەبێئەوەی پەیوەندی و پابەند ی واتادارییان لەنێواندا هەبێت

٦. ئەو وردکردنەوەیەی پێشەوەمان ئەو بییر دۆزەیەی سۆسۆر دەسەلمێنێتەوە، کە لە ژمارە دووی ئەولاپەرەیەدا، دیسان بەڕوونی دەڵێتەوە "هەمیشە دەتوانین فۆنیمی دەرفرتەی ناوەکی و دەرفرتەی دەرەکی بەیەکەوە ببەستنەوە."ئێمەنین، کە ئەوانە پێکەوە دەبەستینەوە، بەڵکو بیرلێکردنەوە لە پێویستییە سروشتییە ژیانییەکانن ئەو پابەندییە ناخییە واتادارییە یەکبخەن و زمانەوانی بلیمەتیش ئەو راستییانە بدۆزنەوە و دەربخەنەوە. دواییش. بەڕێگەی لێدەرهێنان و لێوەرگرتنی رێزمانیی رێساو بنەواشە زمانییەکان زانستانە بپارێزن و رێکبخەن.. ئەوسا دەبنەپەیڕەوکار، ئەوەتە هەر

هەواڵنامەی کتێب

خۆیشی دەڵێت: "دەرفرتەی دەرەکی، وەها لەئەندامە دەنگییەکان دەکات هەڵۆیستیان بێ لایەن بێت وەك ئەوەی پەیوەندییان بە چرکەساتی کردە دەنگییەکەی دواوە نەبێت و لەدەرفرتەی ناوەکیشدا جوڵییەکی یارمەتیدەری ئەندامەکەی پێویستە"[٢].

٧. ئەگەر بۆ نموونەکەی ١ ی من بگەڕێینەوە، ئەوا سۆسۆر دەڵێت "لەوساتەی دەرفرتەی دەرەکی یەکەم روودەدات، ئەندامەکانی گۆو گوتن، بۆدەرفرتەی دەرەکیی دووەم بارێکی راستی دەرهاویشتن وەردەگرن" هەرچەندە ئامێرو ئەندامەجەستیەکان جیاو دوورن لەیەکەوە، من ئەکارە ماسولکە رێژە بەووباز دانە وێنادەکەم، کە لەرۆتیندا، بێئاگا چالێك یان کۆسپێکمان دێتەبەر، کاردانەوەی بزاوتنێکی کتوپڕی تیاماندا دروست دەبێت، کەئەوەش وەڵامەکەیەتی روودانەکە تێدەپەڕێنێت.

٨. بەپێی ئەم زانستە بەزنجیرەی پێکەوە بەستراوی ئاسایی دەگوترێت زنجیرەی فەسلەجی. بەرەبەرە ئەڵقەکانی بۆدەرهاویشتەی با و نوقانی کراوەیی ئەندامە دەنگسازەکان، بەدوای یەکدا لەکاردا دەبن، هەرئەوەشە سنووری بڕگە دیاریدەکات. "هاوتای رێکوپێکی بنەمای ئامێری و دەنگبیستییەکی دیاریکراو، زنجیرەی دەرفرتە ناوەکی و دەرەکیەکان لە زانستی فۆنۆلوجیدا دەستەبەر دەکات و لەگەڵ ژمارەی کۆمەڵە چاوەڕوانکراوەکاندا یەکسان دەبێت. " سنووری بڕگەش لە یەك زنجیرە ی فۆنیمەکاندا لەچەند خالێك خۆی تێدەپەڕێنێت. هەرئەو نەرمبزوانەیە کە وشە لە یەك بڕگەوە بۆ ژمارەی زۆرتری بوونی بڕگە تێدەپەڕێنێت.

٩. لوتکە بزواوەکان واتە بزوێن یان بزوێنەر، کە بە پێناسە کۆنەکە دەنگدارەو بە دەنگدار ناویدەرکردووە. کەچی بە دەنگەکانی تری ناو بڕگەکە دەڵێت: دەنگە خامۆشە نیشتووەکان. بەو پێیە سەرو بۆرەکان و دەنگە راستەکان بە واتەی دەنگدارو بێدەنگ دووپۆلی جیاواز دەخەنەوە. ئەم یاسای ناولێنانە ماوەیەکی دووردرێژ سەری لە نووسەرەکانیش تێکدا. هەردوو جۆرەکە دەنگن، دەرفرتەی دەرەکی و ناوەکییان هەیەو پێشی جیادەکرێنەوە. هەریەکەش کرانەوەی فراوان یان تەنگیان هەیە، کە رادەی

---

[٢] ل ٧٣ - علم اللغه العام – فەردینان دی سۆسۆر

کرانەوەیان جیاوازە. بیستنی گوی لەهەر زنجیرەیەکی گوتراودا، دابەشەی بڕگەیی هەستپێدەکات و دەنگدار بزوێنەری بڕگەش جیادەکاتەوە. جیاکردنەوەشی، واتە دەنگتیژی هەندێك فۆنیم دەردەخات. ئێمە لە ناو پەیڤە واتادارەکاندا پێویستە واتا لە باری ڕێزمانی بڕگەدا دەربهێنین. " بەشیکردنەوەی جێگەی بڕگە لەزنجیرە دەنگیەکاندا، ئەو یەکە وردانەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەنگیان کراوەیە یان داخراو. بەوەش سنووری بڕگە، لوتکەی جووڵە و ئەو مەرجە فسیۆلۆجیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شوێنجۆریی دەنگبیستەیی ئاکۆ سیتی پێ ڕوودەدات".[٣]

١٠. بەشیکردنەوەی جێگەی بڕگە لە زنجیرە دەنگییەکەیدا و دیاریکردنی شوێنەکەی ئەو یەکە وردانەشمان بۆدەردەکەوێت، کە لە دەنگی کراوەو هی تری کپ داخراو پێکدێت. دیارە کردە دەنگییە بەرەودواکان لەسەر دەرفرتە ناوەکی و دەرەکییەکان وەستاوە کەبنچینەی دابەشەی زنجیرەیەکە بۆ بڕگەکان.

دەبا وەك نموونەیەك سەیری ئەم داڕشتەیە بکەین، ئەو ڕاڤەیەی سەرەوەمان بۆ دیاریدەبێت:

"کابرای سەرلێشێواو بە منجە منج و بۆڵە بۆڵ هات"

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کاب<br>رای<br>واو<br>هات | سەر | لی<br>شی | بە<br>جە<br>ڵە | من<br>من | جو | بۆ | بۆڵ |

هەواڵنامەی کتێب

(١) بڕگەکان بەزنجیرەی پەیڤە دەربڕراوەکە هەموو وەك هاوکێشەبەسەر یەکەوە:

کاب + رای سەر+ لێ + شێ+ واو +بە + من + جە + من +جو + بۆ +ڵە+ بۆڵ + هات.

[٣] ل ٧٣ - علم اللغە العام – فەردینان دی سۆسۆرل ٧٥- ٤ – سنووری بڕگەو لوتکە جووڵە.

ل -٧٦ – ٧٧ –ی سەرچاوەکە.

١. بەو جۆرە لە جیاکردنەوەی یەکەمدا بەپێی بزوێنەر، کراوەیی، داخراوی کپی، کورتی و درێژی، باری ئاوازداری و ژمارەی فۆنیمی بڕگەکان جیامان کردوونەتەوە بۆ ئەوەی تیۆرییەکانی لەسەر جێبەجێبکرێت، دەرفرتە دەنگییە جیاکانیش دەبیسترێن.

٢. بەڵام لە دووەم جیاکردنەوەدا زنجیرە دەنگییەکانم بەڕیزەی دروستبوونە سروشتییەکەی خۆیان و بەپێی وشە لەدوایەکەکان و بەبێ پچڕانی واتایی دەربڕینی داڕشتە پەیڤەکە، تۆمارکردووە، کە واتای گشتیی پێکهاتەکەش دەردەخاتەوە.

١١- دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە:

ئەو کات و ساتەی دەرهاویشتنی دەرفرتەی ناوەکی دەیەوێت لەکاتی دەرفرتەی دەرەکی درێژ تر دەخایەنێت.

بۆ نموونە، کە دەڵێین من کردم. درێژ تر دەخایەنێت لەوەی، کە دەگوترێت داراهات.. هەرچەندە کاتێك بەوردی دەیانبیستین ئەو جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت، بەڵام دیارە ئەو خێراییە بە ئامێری دەنگپێو ئاسانتر دەسەلمێت و راستیی درێژخایەنیی ماوەی بیستنەکانی تێدا دەسەلمێت.

ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەردوو داڕشتە پەیڤەکان لە ژمارەی بڕگە، دەنگدا یەکسانن، بەڵام درێژبوونەوەو کورتبڕییەکانی دەرەکی و ناوەکییان جیاوازە:

١- من کردم. = من+ کر+ دم.

لە ناوەڕاستی جووتە فۆنیمی یەکەم و سێیەمی هەرسی بڕگەکاندا، واتە لە نێوانیاندا بزرۆك — کورتە بزوێن وەك کورتە دەنگی هەستپێکراو، بەستەرو دەرخەری دەنگەکان بڕگەکانیان راگیرو چەسپاندووە.

بەو جۆرە بوونی دەنگەکان لە هاوکێشەکاندا هەبوونی خۆیان دەسەلمێنن و ئاوەها دەیانبیستین:

من کردم = من+کر+ دم

= م+ بزورۆك +ن+ك+بزرۆك+ ر+د+بزرۆك +م

هاوکێشەی هەرسی بڕگەکەش =نە بزوێن+بزوێن+ نەبزوێن.

٢- دارا هات.

دارا هات = دا+ را+ هات.

لێرەشدا لە ناوەراستی جووتە فۆنێمی یەکەم و سێیەمدا، لە هەرسی بڕگەکاندا، لە نێوانیاندا بزوێنی اهەیە.

ئەمانیش کراوەتر لە بزرۆك هەستپێکراو، بەستەرو دەرخەری واتە بزوێنەری دەنگەکان بڕگەکانیان راگیرو چەسپاندووە.

هەر بەو جۆرە بوونی دەنگەکان لە هاوکێشەکاندا وهەبوونی خۆیان دەسەلمێنن وئاوەها دەیانبیستین:

دارا هات = دا+ را + هات

= د+ ا +ر+ا+ ه+ ا+ ت

هاوکێشەی هەرسی بڕگەکەش = نەبزوێن + بزوێن + نەبزوێن.

بەئومێدم بەش و لقە جیاواز وگشت لایەنەکانی ئەم بابەتە بە دوورو درێژی یەکبابەتەی بڕگە لە زمانی کوردیدا وەك ئەرکێکی نەتەوەیی پێشکەش بە نەوەی نوێی میللەتە کۆڵنەدەرەکەمی بکەم.

هەواڵنامەی کتێب

## فەرهەنگی بڕگە

بڕگە بە واتاو گەیاندنی مەبەست، بە چەند جۆرێك لێکدراوەتەوە. ئەو لێکدانەوانەش بە بواری پێکهاتەیی، مادی، واتاداری، واگەیاندن، رێزمانی وبواری وشەو رستەسازیی زمانی کوردیی پەیوەندیدارە و بەرجەستە دەبێت.

بۆ لێکدانەوەی بەکاهێنانی ئەم پەیڤە وەك وشەیەکی تایبەتی بۆ بڕگە واتای syllable ی ئینگلیزیی و المقطع ی عەرەبی و بەو واتایەی مەبەستێکی تایبەتی سنووردارو دیاریکەرو جیاکەرەوەی پارچەکانی پێکهاتەیی هەر وشەیەك، بە هەر جۆرو قەبارەیەك بێت ناچارین بە چەند بۆچوون و بوارێك، کە بیگرێتەوە راڤەی بکەین و لە فەرهەنگۆکێکدا روونی بکەینەوە.

بڕگە، یەکەم پێکهاتەو دانەیە لە پەیڤ و دەربڕیندا، کە هاوبەش لەناو پـەیڤ و دەربڕیندا وگەلێك جار بە تەنهاش مەبەست دەگەیەنێت و واتا دەبەخشێت، ئەو کاتـە بڕگەکە وشەیەکیشە: با، باو.

لەلایـەن و بـوواری پێکهـاتن و دروسـتبوونی وشـەدا، بـەدوای پیتـدا، دووەم بچووکترین پێکهێنەری دەنگیی وشەیەکە تێگەیشتنی بیرۆکەکانی تیادا پەخشدەبێت و شرۆڤە دەبێت: نۆ، نیو، ناو، وان. باری واتـا بەخـشی یـەك بڕگـەی واتـادار، گەیەنـەرو سـەلمێنەری بڕگەیـە بەداڕشـتەی کرۆکـی و وشەسـازیی لەزمانەکەمانـدا و بەهـەردو جۆرەکەیەوە. هەردوو جۆرەکەی بڕگە، کە لە شوێنی تردا شرۆڤە دەکرێت..

## فەرهەنگی پێناسەی پەیڤی داڕشتەی بڕگە

هەواڵنامەی کیر

### یەکەم بڕگە

١. جێگەی شکاندنی جۆ بۆ ئاودێریی.

٢. شوێنی شکاندنەوەی جۆگە بۆ ئاو لێهەڵگرتن بۆ ئاودان.

٣. شوێنێکە لەزێ و رووباراندا، کە بڕ بدات و مرۆ بتوانێت پێیدا بپەڕێتەوە بـەواتای بووار.

٤. بەواتای پاگە دێت. لەلەی قەراغی هەندێك شت.

٥. بڕگە: لەلە لەلە کردن دەگەیەنێت.

بڕگە بڕگە: جێیەکە لەلەی زۆربێت.

بڕگە بڕگە: زۆر لەلە کراو. لەلە کراوی فرە.

بڕگە شوێنی لەلە کراو لە دار یان ئاسن دا.

کەواتە شوێن و جێگە بووارێکە بۆ بـڕ کـردن، جیـا کردنـەوە و لێـشکاندن. دوو واتا دەگەیەنن و لە دەربڕیندا لێکیش نەپچڕێنراون. واتە بەسەر یەکـەوە ئـەو مەبەسـتە دەگەیـەنن. هـەر بـەمجۆرەش ئـەم داڕشـتەیە بـووە بـە یەکەیـەکی زمـانی بۆگەیانـدنی

مەبەستێکی دیاریکراوو ئاشکرا.کەپەیڤی بڕگە یە، واتە جیاکەرو جیاکار لەشوێنی خۆیدا بۆبڕکردنی ئەوبەشە بڕگانەی هەر وشەیەکیان پێکهێناوە.

**دووەم بڕگە:**

پەیڤی بڕگەهەر خۆی سەربەخۆ وشەیەکە.

ئەم وشەیە لە دوو پارچەی واتادار پێکهاتووە: بڕ+ گە = بڕگە.

وشەی بڕگە خۆی لە دوو بڕگە پێکهاتووە:

پارچەی بڕ، بڕگەیەکی جیاکراوە و سەربەخۆیەو وشەیەکیشەو واتادارە.

بەڵام گە ناوە بۆ جێگەو شوێنێکی وەك پێگە. ئەمیش هەر بڕگەیەکی سەر بەخۆو مۆرفیمێکە و پاشگرە و لە مەبەستی گوتنەکەی دەگەین و لە دەربڕەکەدا ڕووندەبێتەوە.

هەر یەکەش لە بڕ وگە، کە دوو بڕگەی جیای یەك وشەیین، خۆشیان مۆرفیم و پاشگرن، دوودانەی یەك بڕگەیی جیا لە یەکن و هەریەکەیان مەبەستی سەربەست و تایبەتی خۆیانیان هەیە.

کەواتە:

بڕ: گوتنێکی واتادارە و بە تەنها خۆی چەندێتیی دەگەیەنێت و

گە: هەروەها. بەڵام هەندێك کەس لە بریتی گە گا بەکاردەهێنن، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی وشەکەو مەبەستپێکانی، لەبەر ئەوە راستتر ئەوەیە بۆ شوێن و ڕێگەو جێگە هەر گە بەکار بهێنن نەك گا، بەتایبەتی بۆ شوێن و جێگەو ڕێگەی ئاماژە پێکراو.

هەرچەندە هەندێك جار شیاوە بگوتریت وگوتراوە:

ڕێگەو ڕێگا

جێگە و جێگا گوتراوە جێگاو ڕێگا، بەڵام نەگونجاوە لەبریتی پێگە پێگا بەکاربهێنرێت چونکە مەبەستەکەی دەگۆڕرێت.

لە گەلێ ئەوەشدا وەها گوتراوە، کە لە جۆرو شێوازەدا گا پاشگرێکی ناکوردیی فارسیئامێزە، واتاکەشی جیایە.

هەروەها ناکرێت ببێژین:

بۆ: خوانگە بڵێین خوانگا بەمەبەستی شوێنی خواردنهەروەها بۆ رۆشنگە ناگوترێت رۆشنگا.

بۆ برگە ئەوە هەر ناگونجێت بڵێین برگا.

هەروەها بۆژینگە چۆن بتوانین ژینگا بەکار بهێنین.

وێناو نمونەی زۆری تر هەن بۆ پتر سەلماندنی ئەوەی، کە گە بەکار بهێنین بۆ ئەو جۆرە دەربڕانە نەك گا.

وەك: فڕگە - بۆ فڕۆکەخانە.

قڕگە - گوندێکی نزیك شاری سلێمانییە.

دگە - جۆرێکە لە برنجی خڕ.

منگە - وشەیەکی دەنگییە بۆ ئاخاوتن.

چاوگە - بۆ سەرچاوەی ئاوو مەبەستی تریش.

روانگە - بە مەبەستی بوورج و شوێنی چاودێریی و تێڕوانین. بۆ جێگەی بۆسەدانانی راوکەر لەکاتی خۆنانەوە بۆ ئەنگاوتنی کەڵە کێوی و گیانەوەرانی کێوی زیانبەخش یان بێزییان.[4]

نێرگە — ئەو رایەڵیە، کە لەمسەری بەرهەیوانەوە بۆ ئەو سەری بەر هەیوان دادەنرێت و لە ناوەڕاستی نێرگە کۆڵەکەیی دەخرێتە ژێر

دنگە — بەواتەی لە جێیی پایە بۆ راگرتن. کۆڵکەش دەگەیەنێت.

فێرگە — بۆ روونکردنەوەی شوێنی فێرکردن پەروەردە فێربوون

سەیرانگا، هەوارگە، هەوینگە، پێگە، بازگە، رێژگە

---

[٤] سەرنج: لێرەدا دەبێت بییرو بۆچونی خۆم بۆ ئەوە دەربخەم کەدژی راوکردنی پەلەوروگیانەوەرانی بێزییانم، چونکە ئەوانە سامانی نەتەوەیی و جوانکارین بۆ شوێنە سروشتییە هەوارەکانی کوردستان.

## سێیەم

دوایئەوەی لـە پـەیڤی گـە وەك بەشـێك و پارچـەیەك لـە وشـەی بڕگـە دوایـن و شیمانکردەوە، پێویستە لە بڕ ی یەکەم بەش و پارچەی ئەو دارِشتەیە بدوێین.

بڕ:

بەواتەی: هەند، بەش

هەندێك، بەشێك

کەم، چەردە، بڕێك: چەردەیەك: کەمێك.

کەمێك، پارچەیەك، تیلمێك

لێکراو، بڕکراو

لێکراوێك، بڕکراوێك

بڕاو، بڕدراو

ببڕکراو: جیاکراو، جێبەش: جیاکراوە

جیاکراوێك، جێبەشکراوێك

لە دەربڕین و پێکهاتە زمانییەکاندا بە پێی شـوێن واتاکـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە دیاریکراوانە دێتە کایە. کاتێك بۆ دەرخستنی واتای تایبەتی مەبەستە دیاریکراوەکـان بۆیان بگەڕێین و قوڵی بکەینـەوە، هـەموویان زۆر بەئاسـانی خۆیانمـان بـۆ دەردەخـەن و تێمان دەگەیەنن.

بۆ نموونە:

بڕ:

لە چەندێتیدا: بەواتای هەندێك، چەردەیەك، کەم بێت، یان زۆر.

- بڕێك کەرەسەم پێویستە.
- بڕێکی کەمم پێویستە.
- بڕێکی زۆرم پێویستە.

بڕ

بە واتەی بڕبوون. واتە بەشبوون و جیابوونەوە. رانە مەڕەکە بڕبوون. کەرتبوون.

لەیەك جیابوونەوە بڕکران — لەیەك جیاکرانەوە.

بڕ

لە لێبڕین ولێکردنەوەوە هاتووە.

جلە بووکەکەمان بڕی.

کالآکەمان بڕی.

پارچەیەکی لێدەبڕم یان لێیدەکەمەوە.

بڕ:

بۆ ڕێگە ڕۆیشتن و ڕێگەبڕین. گەیشتن بۆ شوێن و جێگەیەك:

زۆرمان بڕیوە و کەممان ماوە.

نیوەی ڕێگەمان بڕیوە.

هێشتا هیچی وامان نەبڕیوە.

بڕ:

وەك ناوێك بۆ پارچەیەك دار: یەك بڕ دار،بڕەدار پارچەیەك داری بڕراوەیە کەلە ئەستووریدا مامناوەندییە لە

موور باریکترەو لە چیلکە ئەستورترە.

وەك دووسی بڕدار بێنەو تەندوورەکەی پێداخە

هەروەها بۆ درەختیش بەکاردێت:

چەند بڕدارگوێزت هەیە ؟!

چوار بڕدارگوێزم هەیە.

دوو بڕ هەڵووژە و یەك بڕدار قەیسی لە ڕەزەکەمدا هەن.

هەواڵنامەی کتێب

**چوارەم**

لە سەرێکی ترەوە دەتوانین پەیڤی بڕ لە بڕدا بەو شێوەیە وەربگیرین، کە بە بڕین بەشێکمان وەرگرتبێت و لێکردبێتەوە. ئەوسادەلێین:

+ بڕ لەبڕەوە وە رگیراوە.

+ بڕین: چاوگێکی یاو ی یە، یایی.

کاتێك ن ی چاوگ لە بڕین لێدەکەینەوە.

بڕی لێدەمێنێتەوە بەواتای ئەو دارەکەی بڕی. بڕی لێرەدا کردارێکی رابووردووە بۆ سێیەم کەسی تاك و کردارێکی تێپەڕە.

بە پێ رێگە دوورەکەیان بڕی. ئەوان کاڵای بووکێیان بڕی.

بۆ نموونە:

بڕیم- بڕیت — بڕی

بڕیمان- بڕیتان — بڕییان

کاتێك راناوە کەسییە تاك و کۆکانیان لێدەکەینەوە، بڕ یان لێدە مێنێتەوە.

+ بڕی کرداری رابووردووە بۆ سێیەمکەسی تاك.

کاتێك ی راناوی لێدەکەینەوە، بڕ دەمێنێتەوە.

+ بڕ بەقەدی کرداری بڕینی چاوگ دادەنرێت.

هەروەها بڕ رەگی کرداریشە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە هەمووپارزینە جیاکانی گشت تاف و دەمە جیاوازەکانی رابووردوو، رانەبووردوو، پێویستیی، داخوازیی و ئەری و نەرێداو بۆ هەموو کەسەکانی تاك وکۆ و دیارو نادیاردا تیایاندا هەیە، بەکارهاتووە و چەند جارە بووەتەوە، تەنانەت یەك دانەیان نییە بڕ ی تێدا نەبێت، بەو جۆرە بەرەنگی کردار دانراوە، کە لە هیچ یەکێکیاندا پیتێکی کەم نییە و لێینەکراوەتەوە.

بەڵام با دوای پارزینی چاوگی بردن بکەوین، دوایی ئەوە دەردەکەوێت، کە برد لە هەموو رستە بەکارهێنراوەکاندا هەرخۆی بەتەنها نامێنێتەوە، وەك:

دەبەم، ببەم، ببە.. . هتد

کەواتە بردوەك بڕ نابێتەوە بەرەگی کردار بۆ چاوگی بردن،چونکە لەبەکارهێنانەکانداو لە هەندێك شوێندا بەشێك لە خۆی وندەکات.

بەڵام بڕ یوەرگیراو لەچاوگی بڕین وەك لەخوارەوە روونددەبێتەوە لە گشت بەکارهێنانەکاندا وەك خۆی دەمێنێتەوە:

١- بڕیم — بڕیت— بڕی

بڕیمان - بڕیتان — بڕییان

٢- دەبڕم — دەبڕیت — دەبڕێت

دەبڕین — دەبڕن — دەبڕن

٣- ببڕە — ببڕن

٤ - ببڕم — ببڕیت - ببڕن

ببڕین — ببڕن — ببڕن

٥- بڕرام — بڕرایت — بڕرا

بڕراین — بڕران — بڕران

٦- دەبڕرێم — دەبڕرێیت - دەبڕرێت

دەبڕرێین — دەبڕرێن - دەبڕرێن

٧-بڕی - بڕیوە — بڕیبوو — دەبڕی — ببڕیایە

نەبڕی - نەبڕیوە - نەبڕیبوو- نەدەبڕی — نەبڕیایە

دیارە ئەمە بۆ گشت کەسە تاك و کۆکان هەموویان هەر بەم جۆرەن.

لەباری نەرێشدا بڕ لە هەموو رستەکادندا وەك خۆی دەمێنێتەوە:

١- بۆ ژمارە ١ نە بۆ نەری بەکاربهێنە، وەك بڕیم — نەمبڕی

٢- بۆ رشتەکانی ژمارە ٢بۆ نەری نا بەکاربهێنە، وەك دەبڕم — نابڕم

٣- بۆ نەرێی سێیەم مە بەکاربهێنە: ببڕە — مەبڕە

٤- بۆ نەرێی چوارەم نە بەکاردەهێنین: ببڕم — نەبڕم

٥- بۆ ئەمیش نە بۆنەرێیە: بڕرام — نەبڕرام.

٦- بۆ شەشەم نا بۆ نەرێیە: دەبڕرێم — نابڕرێم

بەم جۆرە لە هەموو رشتە پارزینییەکانداو هیتریش، کە نەمانووسیون بڕ وەك خۆی دەمێنێتەوە لەوبارەدا کە چەندێتی نانوێنێت بووە بە رەگی کردار.

لە گشتشیاندا وەك بڕگەیەکی سەربەخۆ ماوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## پێنجەم

لە فەرهەنگی بڕ دا بەلامەوە پێویستە کە بۆ پتر روونکردنەوەی بایەخی زمانی و واتایی بڕ ی وەرگیراو لە بڕین و بەشداربوو لەگەڵ گە دا بۆ پێکهاتنێکی واتاداری تایبەت بە دروستبوونی وشەو وشەسازی، لایەکیش بەلای دروستبوونی پەیڤ و واتادارییی نوی لەگەڵ چەند پێشگرو پاشگرێکدا بکەینەوە،

هەر بۆ نموونە:

بڕین ← لێبڕین:

بەواتای لێکردنەوە، کە مپێدان، لێکەمکردنەوە، بێبەشکردن و پێنەدان..

بڕین پێبڕین: بە ئەری و پۆزە:

بەمەبەستی بە پێوانە بڕین، بە باڵابڕین، بە بەربڕین. پێبڕان و بەشبەش و بەرکەوتن. لە گفتوگۆدا وەك نەری و نێگە بە واتای قسە پێبڕین. دەمکوت کردن.. هتد کە ئەوانە گشتیان مەبەستی جیاوازن.

بڕین ← بۆ بڕین:

کردەی بڕینە بۆ کەسێك یان شتێك. بە هەردوو شێوازی ئەری ونەرێ بەکاردەهێنرێت.

- بۆ تۆی دەبڕین. لە تۆ نابڕین بۆ ئەو.
- لە تۆی ئەبڕین بۆ تۆ. لەو دەبڕین بۆ تۆ.

هەواڵنامەی کتێب

بڕین ← تێبڕین: واتەیەکی هیمائامێزە.

واتەیەکی تەشەر ئامێزە وەك جنێوپێدان و جۆرێك لە دەستدرێژی. هەندێك جار بێگیانی تیادابەکاردێت،

وەك: تێلایەکی تێبڕی. تێلایەکی تێدەبڕم. یان: ئەمەی تێدەبڕم

بڕین ← دابڕین:

لەیەك جیاکردنەوە. لێکدوورکەوتنەوە. یەکتر نەدوواندن. قسەی لێدابڕیووم. نامدوێنێت.

بڕین ← دابڕان:

یەکتر نەویستن. لەیەکتر تۆران. خۆ تێنەگەیاندن. لێکبڕان. لەیەك دابڕاوین. لەگەڵ یەك نەماوین. لێدابڕان.

بڕین←بڕینەوە:

وەك لە شیربڕینەوەی ساوایان. دار بڕینەوە.، ڕۆژانە بڕینەوە بەردەوامی و هەمیشە بوون دەگەیەنێت. واتا تایبەتیەکانیشیان جیاوازن.

بۆ بڕینەوە:

دیاریکردنی تێدایە بە واتا و مەبەستەکانی پێشەوە. موچەمان بۆ بڕینەوە. مانگانەیەکت بۆ دەبڕینەوە.

پێبڕینەوە: وەك مەرج و بەسەردا دانان بەسەردابڕین. بەسەردا سەپاندن. بەپێچەوانەی بۆ بڕینەوە بۆ ئامێری بڕینەوەش بەکاردێت: پێیدەبڕینەوە مشار، داری پێدەبڕینەوە واتە داری پێدەبڕینەوە.

دابڕان: داربڕ بەتەوور دار دەبڕێتەوە. بەتەوور دار دەبڕینەوە.

مەڕو بزن بڕینەوە: لەبەهارێکی درەنگدا بە برنگ مەڕ و بزن دەبڕینەوە. واتە خوری و موویان لێدەکەینەوە.

هەوالنامەی کتێب

## پوختەی ئەنجام

ئێمە لێرەدا کورتەیەکمان لەسەر زانستی بڕگەو بوواری فەرهەنگیی ئەم زاراوەیە روونکردەوە. بەڵای هیچ لایەنێکی تریدا نەچووین. دەبێت ئەوە بزانرێت کەلە پێکهاتە زمانییەجۆربەجۆرەکاندا، بڕگە بەشدار، پێکهێنەرو دروستکەرە. دوای پیتبچووکترین یەکەی زمانییە، کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر واتاداری، مەبەست، رێزمان، رێنووس، وشە و رستەسازی، دەربڕەی ژیانیی و ژیاریی و.. هتد دا هەیە. لەداڕشتەی پێکهاتەیی بیر کردنەو ەو دەربڕیندا ئەرکی زمانیی جیاواز دەبینێت. ئەمانە و هەرچیش لەبارەیەوە نووسراوە، لە کتێبێکدا بە هاوکێشەی بڕگەوە، نووسیومە، بەناوی بڕگەلە زمانی کوردیدا و هیواخوازم بتوانم بە زوویی چاپیبکەم.

## تێبینی

لە بوواری تۆمارکردن و نووسیندا هەندێك بووچوونی تایبەتی هەیە، کە پەیوەندیان بەڕێنووس و رێزمان ەوە هەیە، پێویستیان بە لێدوانی زانستانەی قووڵ و بڕیاری فەرمی هاوبەش هەیە بۆ رزگار کردنی زمانی کوردی لە شێوازی جیای ئەو چەند جور بەکارهێنانەی لە بەدەستنووسین و چاپکردندا پێی دەنووسرێت و پەیڕە ویدەکرێت، کەمن لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت ی بۆبکەم:

١- لە فۆکلۆردا گوتراوە:

هەوری زستانێ خوڕی

دەوڵەمەند ریشی بڕی

کەلێرەدا مەبەست هەورە .

٢- منداڵەکان یاری بە تۆپی هەوری دەکەن.

بەلام لێرەداهەوریکە تۆپێکی ئسفەنجیەو ئاوازو هێزی پەستانی فرتەو دەنگدەرهاتنەکە لە-هەوری هەور+ی- نموونەی یەکەم جیایەو وەکو یەك نین.

٣- بەڵام ی لەم نموونەی سێیەمەدا لەوانەی پێشوو جیایەو یپەیوەندی بەستەر دێتە ئاراوە کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت بۆ نموونە: هەوریی سەری ئەو کیژە کوردە جوان و رەنگینە.

ی لەم نموونەیدا دوو دەنگە فۆنیمە. یەکەمیان فرتە قووڵەو لەبنجی پەیڤەکەدایە، هێز لەسەرە. دووەمیان، کە بەستەرو پێبەستی پەیوەندی نێوانە. ئەگەر بڕیاریش بدەین دەرفرتەی قووڵ و هیز لەسەر-Hewri - هەوری- هەوریی لە پێڕەوی رێنووسدا هەر بە هێمای یەکی بە رووتی بنووسین ئەوا هەرگیز بۆ پێویستی راستبوونی باری رێزمانییەکەی هەردەبێت بنووسینهەوریی بۆ نموونە:

هەوریی ملی بووکە خان جوان و ناوێژەیە.

گرفتی ئەم بووارو بابەتە فراوان و فرە جەمسەرە. لێرەدا هەر بووار بۆ ئەم کورتە ئاماژەیە دەڕەخسێت.

هەواڵنامەی کتێب

کوردۆلۆجی

سەردانی ماڵپەڕی کوردۆلۆجی بکەن

www.kurdology.com

# نەتەوە چییە ؟

ئێرنێست رێنان
پێشەکی و وەرگێڕان لە فرەنسییەوە
د. موحسین ئەحمەد عومەر

لە لای ئێرنێست رێنان نە زمان نە خاك نـە بەرژەوەنـدی هاوبـەش و نـە ئـاین، هۆکارێك نین بۆ دروست بووونی نەتەوە و مەرجی ناسیۆنالیزمیش نـین. ئەمانـە تـوخمی ناجێگیر و بزۆکن. ئەوەی نەتەوەیەك دروست دەکا، بڕیاری بـە یەکـەوە ژیانـە، بـووونی رابردووی هاوبەش و درێژبوونەوەی ئەم رابـردوو و ئـەم بەیەکـەوە ژیانـە بـەرەو ئاینـدە، هـەروەها ئامـادەیی لـە بیرکردنـی کارەساتەکانی رابـردوو و قوربانیـدان لـە پێنـاوی یـەکتر....هتـد. ئەمانـەن فاکتـەری سـەرەکی دروسـتبوونی نەتەوەیـەك، چـونکە هـیچ نەتەوەیەك لە یەك نەژاد پێك نایێ، بـەڵکو هـەردەم کۆمـەڵێك نـەژاد بەیەکـەوە، دوای لەبیرکردنی رووداوە خوێناوییەکانی نێوانیان یەکتر دەگرن و نەتەوەیـەك پێـك دەهێـنن. نەتەوە گیانە، پرەنسیپێکی روحییە، لە یەك کاتدا رەگەکانی لە رابـردوو و ئایندەدایـە. ..هتد

نەتـەوە چییە؟ پرسـیارێکی کـۆنی تازەیـە، کێـشەیەکە، چـەمکێکە هـەردەم پێویستی بە وەڵامێکی دروست هەیە. وەڵامێکـی ورد و دروسـت، دەشـێ ئـەم وەڵامـە سەخت بێ بەڵام مەحاڵ نییە . رەنگە مرۆڤی کورد لە هەموو کەسێك زیـاتر پێویـستی بەم وەڵامە هەبێ، لەم بارەیەوە تـا ئێـستا لـە نـاو کـورد هەنـدێ هـەوڵ بـە ئاراسـتەی ناسینی ئەم بابەتە هەیە، بەڵام هەردەم لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە مێـژوویی و سیاسـی و وتارە رۆژنامەوانییە راگوزارەکان سەرنجی دراوەتێ، بە گشتی زەخیرەیەکی فیکـری — فەلسەفی — مێـژوویی لـەم بارەیـەوە لـە نـاو ئێمـەدا زۆر کەمـە، ئێمـە لـەم بارەیـەوە

پێویستیمان بە کار و خەباتێکی کولتووریی زۆرە، لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەکان و تێگەیشتنمان بۆ دیاردەی نەتەوە و دەوڵەت، نەتەوە لە سەردەمی مۆدێرن و دەوڵەتی نوێ. لەم بارەیەوە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە کلاسیکییەکان بایەخێکی لە بن نەهاتوویان هەیە، بە تایبەتیش سەرچاوە کلاسیکییە رەسەنەکان، کە بە تێکست و ئایدیای بنچینەیی دادەنرێن. لایەنێکی تر، کە پەیوەندییەکی ناسکی بە ژیانی هاوچەرخی کوردەوە هەیە، هەڵبژاردن و وەرگێڕان و پێشکەشکردنی ئەم سەرچاوە رەسەنانەیە، کە بە پێویستییەکی سەرەکی و پڕ بایەخ دەژمێردرێ ئەگەر بە دروستی و بە پوختی لە زمانی یەکەمەوە، بێ هەڵە و چەواشەکاری بکرێنە کوردی، چونکە، هەروەکو وتمان، هەر ئەمڕۆ کورد وەك نەتەوەیەك لە سەردەمێکی زۆر ئالۆز و ناسکدا دەژیێ، سەرچاوەی رەسەن و وەرگێڕانی پوخت وەك گەنجینەیەك بۆ کولتووری کوردی حسێب دەکرێ، چونکە زۆر شت هەن، بە تایبەتی ئایدیاکانی لەمەڕ دەوڵەت و نەتەوە و پەیوەندییە سیاسییە هاوچەرخەکان گەلێك زۆر بە چەواشەکاری و کۆپیکردن و دزین و سوود لێ وەرنەگرتنی دروست لە ناو کورد بڵاو دەکرێنەوە، دواجار زۆر کاریگەریی خراپیان لەسەر ئاست و رادەی رەسانەیەتی و بەرهەمهێنانی رەسەنیی کولتووری کوردی دەبێ. لەم روانگەیەوە ئێمە دەستمان بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتەی رۆژهەڵاتناس و فیلۆلۆگی فرەنسی ئێرنێست رێنان Ernest Renan بردووە، کە وەك سیمینارێك لە ژێر ناوی: نەتەوە چییە ؟ ?Qu'est-ce qu'une nation، لە ١١/ مارس/١٨٨٢ لە سۆربۆن پێشکەشی کردووە.

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە مێژووی شارستانی رۆژئاوا، بە سەردەمی لە دایکبوون و سەرهەڵدان و ئالۆزبوونی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە قەڵەم دەدرێ، وەك فیلۆلۆجی و زانستی زمان و سۆسیۆلۆجی و ئیتنۆگرافی و لێکۆڵینەوە سیاسییەکان، ئایینییەکان، دەروونییەکان، دواتر ئەنترۆپۆلۆجی و مێژووی میللەتان و نەتەوەکان و دەوڵەتان، بێگومان ئەمانەش رەگ و ریشەیەکی کۆنیان هەیە، سەرەتاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن لە مێژووی نوێی رۆژئاوا.

هەر لەو سەردەمەوە ئیمپراتۆرە گەورەکان بەرەو پووکانەوە و لە ناوچوون دەڕۆن، کە هەندێکیان دەمێك بوو لە ناوچووبوون وەك: ئیمپڕاتۆریای ئوتریش و هەنگاریا، ئیمپراتۆریای عوسمانی...هتد، سەرەتای سەرهەڵدانی ئازادی میللەتان و خەباتی

رزگاریخوازی میللەتان، سەرهەڵدانی بیر و فەلسەفەی سۆسیالیزم و شۆڕشی چینە کۆمەڵایەتییەکان، دواتر بەرەو نەمان چوونی کۆلۆنیالیزم و سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوە و دەوڵەتی قانون و تا دەگاتە دەوڵەتی هاووڵاتیبوونی ئەم سەردەمە و شێوە جیاجیاکانی دەوڵەت و حوکم کردن، وەك دوا فۆڕمی نوێی دەوڵەت، کە ئێستا لە پڕۆسەی گەشەکردندایە. هەموو ئەم بوارانە سەرچاوەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەم ئاخاوتنەی ڕێنان، بەڵکو زووتریش. یەکێ لەو ئایدیایانەی، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فۆرمی دەوڵەت و حوکمکردنی ئەمڕۆوە هەیە، ڕێنان لە بیرکردنەوەی خۆی لەم بارەیەوە ئەوەندە قووڵ ڕۆیشتووە، پێشبینی ئەوەی کردووە، کە ئەورووپا ناشێ بەو شێوەی ئەو سەردەمە درێژە بە خۆی بدا ئەگەر نەچێتە ناو یەکێتییەکی فراوانتر و سەرتاپاگیری لە شێوەی کۆنفیدراسیۆنێك، ئەمەش لەگەڵ ئەو تیئۆرەی ڕێنان لەمەڕ نەتەوە تێك دەکاتەوە، کە تەنیا بڕیاری بەیەکەوە ژیان و لەبیرکردنی ڕابردوو دەیانگەیەنێتە ئەم هەنگاوە گرینگە. سەرەڕای جەنگ و کوشتارێکی زۆر لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ئەورووپادا، کەچی لە پێناوی دروستکردنی یەکێتیی نەتەوەکانی ئەورووپا، دروستکردن و پاراستنی هێز، ئەم ڕابردووە لە بیرکرا، یەکێتیی ئەورووپا دروست کرا، ئێستا ئەورووپا بەرەو هەنگاوی تر دەڕوا ئەمەش چەسپاندنی دەوڵەتی قانون و دەوڵەتی هاووڵاتیبوونە یان گەیشتنە بە سیستەمێکی دیموکراتیی باڵا. هەموو ئەمانە و زیاتریش لەم بارەیەوە لەم سیمینارەی ڕێنان پێشبینی کراوە.

نەتەوە چییە ؟ پرسیارێکە پێویستی بە وەڵامێکە. من لێرە تەنیا لە ڕوانگەی ڕێنانەنەوە دەڕوانمە ئەم پرسیارە، بەڵام پێش وەڵامدانەوە، بە گرنگی دەزانم ئاماژە بەو پێناسە باو و فۆلکلۆرییە بکەم، کە دەمێکە لە ناو کورد وەك وتارێکی میللی دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە. هەڵبەت دەشێ هەمان دیاردە لە ناو هاوسێکانی کوردیشدا هەبێ، کە باس لە نەتەوە دەکرێ، ڕاستەوخۆ باس لە زمان و خاك و مێژووی هاوبەش و نەژاد و بەرژەوەندی هاوبەش دەکرێ، لە پاڵ ئەمە مەزهەب یان ئایینی هاوبەشیشی دەخەنە سەر. دەشێ ئەم پێناسەیە بە یەکێ لە پێناسە هەرە چەواشەکارەکان لە قەڵەم بدرێ، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین لە سەردەمێکی دیاریکراوی ژیانی میللەتانی ڕۆژهەڵات هۆکاری تر هەن بوونەتە هۆی دروست بوونی نەتەوە، ئەگەرچی ئەمانەی سەرەوە، کە بە ریز ناومان هێنان بە خاسیەتی یەکگرتن لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام چونکە

دیاردەی بزۆك و ناجێگیرن، ناشێ بە هۆكاری بەرایی لە دروستبوونی نەتەوە لە قەڵەم بدرێن. ئەمانە پاشان وەك سیفەتێك لە ژیانی شارستانیی هەر نەتەوەیەك وەك تایبەتمەندی سیاسی و كولتووریی هەر نەتەوەیەك دەركەوتوون. ئەوەی بە پلەی یەكەم وەك هۆكاری دروستبوونی نەتەوە، لە روانگەی رێنان، دەركەوتووە بریتییە لە لەبیرچوونەوە و دروست بوونی یادوەرییێكی تر، كە بنچینەكەی لەسەر بڕیارو ئیرادەی بەیەكەوە ژیانە، دیاردەیەكی لەم جۆرە لە رۆژهەڵات، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، كارێكی تا بڵێی سەختە پوختەیەك لە بارەی سەردەمی پێش بە نەتەوەبوون پێشكەش بكرێ. چونكە ئاین و جەنگ و كوشتار و جیۆگرافیا، وەك هاوكێشەیەكی ئاڵۆز لەم پەیوەندییەدا دەردەكەون و هەموو شتێك دەشارنەوە، ئەگەرچی ئاین بۆ نەتەوەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەدەكانی ناوەڕاست بە هۆكاری یەكگرتن و بە یەكەوەژیان دادەنرێ بە پێچەوانەی ئەمەش تا سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم هۆكارە درێژەی هەبووە، دواتر بزووتنەوە سیاسییە ناسیۆنالیستەكان سەرهەڵدەدەن، هەڵبەت ئەمەش بە كاریگەری رۆژئاوا خۆی. بەڵام دروستبوونی نەتەوە، پرۆسەیەكی زۆر ئاڵۆزتر بووە، ئەمەش بە پلەی یەكەم دوای لە بیركردنی كێشە و ناكۆكی و كوشتارەكانی نێوانیان، رابردوو لەبیر كراوە و زەمینەی یادوەرییێكی تر لەسەر بنچینەی ئیرادە و بڕیاری بەیەكەوە ژیان دروست بووە، كە رووی لە ئایندە بووە. ئەمەش لە شێوەی دەنگدانێكی رۆژانە بووە هەروەكو رێنان بۆی دەچێ، هەموو رۆژێك نوێبووتەوە.

میللەت هاوواتای نەتەوەیە، لە روانگەی منەوە، سەرەنجدان لە زمان و بەرژەوەندیی هاوبەش و خاك و نەژاد و مێژووی هاوبەش و ئاینی هاوبەش، ئاڵۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەر یەكە لەمانە پێكهاتە و ناسینی تایبەتی خۆی دەوێ، ئەگەر چی لە روانگەی رێنان هیچ یەكێك لەمانە بە تەنیا نابنە بنچینە وكۆڵەگەی پێكهێنان و پێكهاتنی یان دروستبوونی نەتەوە.

باسكردنی یەكە بە یەكەی ئەمانە، بۆ خوێنەر لێ دەگەڕێین راستەوخۆ لە روانگەی رێنانەوە پێی بگا. دەبینین هەر یەكە لەم دیاردانە ماوەیەكە لە ناو ئێمە باوە و رەنجێكی زۆریش لەم بارەیەوە دراوە، سەرەڕای ئەوەی دەشێ كاریگەری ئەرێنی خۆی هەبووبێ لەسەر تێگەیشتن لەم چەمكە لە ناو كورد، لەگەڵ ئەمەش، لێكدانەوەی

زانستی و وردبوونەوە، دواتر روانینی مەوزوعی و دوور لە تراویلکە و تارمایی شتێکی ترە، ئەمەش واتە تێگەیشتنێکی نوێ و هاوچەرخ، یارمەتی ئەوەمان دەدا باشتر خۆمان بناسین و باشتر سەرنج لە مێژووی خۆمان بدەین، دواتر باشترین تێگەیشتن لە نەتەوە، یارمەتی ئەوەمان دەدا باشتر لە داهاتووی ژیانی نەتەوە خۆی بگەین، بەو مانایەی وەك رێبەدیکردنی ئەزموونگەری دێتە بەرچاو، نەتەوە دەتوانێ خۆی لە بەربەست و کۆسپەکان رزگار بکات.

ئەگەرچی روانینی رێنان لە ئەفسانە و میتۆلۆژی بە دوور نییە ، بەتایبەتی لە رووی تێگەیشتن لە نەژادی مرۆڤ و ناسینی رەگ و ریشەکانی، کە ئەو هەوڵی داوە لە رووی رەگ و ریشەو نەژادی زمانەکان بگاتە ئەنجامێك و پۆلینکردنی نەتەوە و نەژادەکانیان، وەك دابەش کردنی نەژادی مرۆڤ بۆ سامی و ئاری هیندوئەورووپی، دواتر پیشاندانی باڵادەستی ئارییەکان بە سەر سامییەکاندا. رێنان لەم رووەوە وەك رۆژهەڵاتناسێکی دەگمەن و کاریگەر ناسراوە، لەم رووەوە ئێدوارد سەعید بەو رۆژهەڵاتناسە وەسفی دەکا، کە خاوەن تاقیگەیەکی فیلۆلۆجییە و دواجار دەشێ بە رۆژهەڵاتناسی بەراوردکار لە قەڵەم بدرێ. ئەم دابەشکردن و باڵادەستییە، کە لە ناو لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتناسییەکان لە دایکبووە و گەشەی کردووە و ئەمڕۆش گرینگی پێ دەدرێ، لە روانگەی من لە ئەفسانە و میتۆلۆژی زیاتر نییە . بەڵام ئەوەی، کە گرینگ و پڕ بایەخە، ئەم زەمینەیە لە وتاری (نەتەوە چییە؟)ی رێنان بایەخێکی ئەوتۆی نییە، رێنان لە روانگەیەکی زۆر زانستی و زۆر قووڵ باس لە نەتەوە دەکات. تا ئەمڕۆش ئەم روانینە زانستییە درێژە بە بوونی خۆیان دەدەن.

لە روانگەی رێنانەوە نەتەوە لەسەر بنچینەی دوو کۆڵەگە وەستاوە، ئەم دوو کۆڵەگەیەش لە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەن. یەکەم بریتییە لە: یادوەری (ذاكرة — Mémoire) یێك لە رابردووی هاوبەش، یادوەرییەك کە پڕبێ لە کار و داهێنانی هاوبەش. دووەم بریتییە لە: بڕیاردان و دڵنیاییکردنی بەردەوام و هەمیشەیی ئیرادەی بە یەکەوە ژیان. بە بێ یادوەری سەختە گردبوونەوە و کۆبوونەوەی مرۆڤەکان هەبێ و بە یەکەوە بژین و سەرەنجام نەتەوە دروست بێ، چونکە بێ ئەم یادەوەرییە، کە پەیوەندی راستەوخۆی بە رابردووەوە هەیە سەختە ئیرادەیەك هەبێ لە دایك ببێت. ئینجا ئەگەر ئەم ئیرادەیە بە پاڵپشت بە رابردوو لە ئێستا و داهاتوو خۆی پیشان نەدا،

هەواڵنامەی کتێب

دیسان زۆر سەختە ئەم گردبوونەوەیە، کە لە شێوەی نەتەوە خۆی پیشان دەدا، درێژە بە خۆی بدا. ئەگەر یادوەری و بیرەوەری نەمێنێ نەتەوەش نامێنێ، بەڵام ئەوەی، کە پارادۆکس — ێك دروست دەکا، یادوەری خۆیەتی، مەرج نییە یادوەری نەتەوەیەك هەمووی بریتی بێ لە شکۆمەندی و سەرکەوتن، بەڵام ئیرادەی بەیەکەوە ژیان، هەندێ جار لاپەڕە ڕەشەکان لە یادوەریی خۆیدا دەسڕێتەوە، ئەمەش بە مەبەستی درێژەدان بە ژیانی بەیەکەوەیی و سەرکەوتنی نەتەوە. ڕێنان چەند نموونەیەك بۆ بەڕاست گەڕاندنی ئەم لایەنە پیشان دەدا، وەك ئەو کوشتارانەی لە باشووری فڕەنسا لە سەدەکانی ناوەڕاست روویان داوە، بەڵام دواتر لە بیرکراون و نەبوونەتە ڕێگر لە بەرامبەر دروست بوونی نەتەوەی فرەنسی. ڕێنان دەڵێ: لە بیرکردن یان لەبیرچوونەوە دەتوانم بڵێم هەڵەی مێژوویی، فاکتەری جەوهەرین لە دروستکردنی نەتەوە، هەر لەبەر ئەم دیاردەیەشە پێم وایە گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی گەلێ جار بۆ ناسیۆنالیزم مەترسیدارە. لە راستیدا پشکنینی مێژوویی، ئەو کردەوە توند و تیژیانە دەخاتە ژێر رووناکی و دەیانژێنێتەوە، کە لە پشت هەموو پێکهاتە و هەڵکەوتێکی سیاسییەوەیە. هەتا ئەوانەش، کە ئەنجامەکانیان بە چاکی گەڕاوەتەوە. چونکە یەکێتی و یەکگرتن هەردەم بە توندوتیژی جێ بە جێ دەکرێ. یەکگرتنی فڕەنسای باکوور و فڕەنسای باشوور، دوای کوشتار و تۆقاندنێکی بەردەوام دروست بوو، کە سەدەیەك درێژەی کێشا.

ڕێنان هەموو ئەو دیاردانە لە دروستبوونی نەتەوە دووردەخاتەوە گوایە هەروەکو چۆن لە فیکری میللی و باودا هەیە رۆڵی بنچینەیی دەگێڕن لە دروستبوونی نەتەوە، وەك: نەژاد، ئیتنۆگرافی، ئاین، زمان، خاك، بەرژەوەندی هاوبەش، جیۆگرافیا، چونکە، هەر یەکە لەمانە بریتین لە توخمی گۆڕاو و بزۆك و ناجێگیر، ناشێ ببنە کۆڵەکەی بنچینەیی دروستبوونی نەتەوە. خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ تێکستەکە و وردەکارییەکانی روانینی ڕێنان بزانێ.

دواجار، ئەوەی، کە وەك سەرەنجامێك دەمێنێتەوە پیشاندانی پێناسەی ڕێنانە بۆ نەتەوە، کە لە سەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا. ڕێنان لەم بارەیەوە دەڵێ: نەتەوە گیانە، پرەنسیپێکی روحییە، دوو شت هەن، کە لە راستیدا یەك شتن، ئەم گیانە، ئەم پرەنسیپە روحییە پێك دەهێنن. یەکیان لە رابردووە، ئەویتریان لە لە ئێستادایە. یەکیان بریتییە لە بوونی میراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەری و یادوەری (الارث و التقالید

الماضية)، ئەویتریان ڕەزامەندی هەنووکەیی ئێستا و ئارەزووی بە یەکەوە ژیان، ئیرادەی درێژەدان بە پیشاندان و دەستگرتن بەو میراتەی، کە بە شێوەیەکی هاوبەش بۆیان ماوەتەوە و پێیان گەیشتووە. بەڕێزان، مرۆڤ شت ئەزبەر ناکات، نەتەوەش وەك تاکەکەس، ئەنجامی رابردوویەکی درێژی ڕەنج و قوربانی و گۆێرایەڵییە. نەریتی باو و باپیران لە هەموو شتێك شەرعی ترە. ئەرك و ڕەنجی باو و باپیرانە، کە ئەمڕۆ ئێمە بەم شێوەین. رابردوویەکی پاڵەوانانە، پیاوە گەورەکان، بوونی شکۆمەندی، ئەمانەن ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییانەی، کە بنچینەی بیری ناسیۆنالیزم و نەتەوە پێك دەهێنن. کردن و بەجێ گەیاندنی زۆر شت بە یەکەوە و هێشتاش درێژەدانی زیاتر بەمە، ئەمانەن مەرجە جەوهەرییەکانی بوون بە گەل. ... دەشێ ئەمە ئەمڕۆش، پێناسەیەکی نوێ بێ و کاریگەری خۆی هەبێ. بێگومان لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان لەم بارەیەوە پەلوپۆی زۆریان لێ بۆتەوە، ئەمڕۆ، کێشەی نەتەوە، لە چوارچێوەی کێشە و بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی جۆراوجۆر سەرنجی وردتری لێ بۆتەوە، وەك نەتەوە و کێشەی ئیتنیك، سیاسەت، ئەنترۆپۆلۆجی، ئایینناسی، کۆمەڵناسی و هێزی نەتەوە لە دابینکردنی بازاڕ و هێزی بەرهەمهێنان. ..هتد.

لە ناو لێکۆڵینەوە فیکری و ڕۆژهەڵاتناسییەکان، لە دوای سەردەمی ڕینانەوە، راستەخۆ دوو مۆدێلی جیاوازی تێگەیشتن و چارەسەری نەتەوە سەرهەڵدەدەن، ئەمانەش بریتین لە مۆدێلی ئەلمانی، کە بە مۆدێلی کولتووریی ناسراوە، لەگەڵ مۆدێلی سیاسی، کە بە مۆدێلی فرەنسی ناسراوە. لە مۆدێلی فرەنسی، کە بە نەتەوە دەڵێن Nation هەندێ جار ئەم تێرمە بە مانای دەوڵەتیش دێ دەوڵەتی کەونی یان جیهانی. هەر یەکە لەم مۆدێلانە مێژوویێکی فیکری و شێوازێکی فەرمانڕەوایی تایبەتی لە پشتە. هەڵبەت لەم پێشەکییە کورتە بواری ئەوە نییە بە درێژی بچینە ناو ئەم وردەکارییانە. سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشین، کە ئەم تێکستەی بەردەست، یەکێکە لە تێکستە ناودارەکان لە بارەی نەتەوە و بیرکردنەوە لێی و پێناسەی نەتەوەیە.

# نەتەوە چییە ؟

... پێشنیار دەکەم لەگەڵ ئێوە مەسەلەیەك شی بکەمەوە، کە لە رواڵەتدا روونە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەشێ تێنەگەیشتنێکی ترسناکی لێ بکەوێتەوە، فۆڕمەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جۆر بە جۆرن، گردبوونەوە گەورەکانی کۆمەڵانی خەڵك وەك چین، میسر، بابلی کۆن. خێڵ، لە شێوەی خێڵەکانی عیبری و عەرەبی، شاری وەك ئاتێن و سپارت، یەکگرتنی کۆمەڵێك وڵات لە شێوەی ئیمپڕاتۆریای کارلۆمان -Carlovingien*، (لە سەردەمی حوکمڕانی شارلەمان، لە کۆتایی سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینی، بەشێك لە ئیمپڕاتۆریای شارلەمان، رۆژئاوای ئێستای فڕەنسا، واتە ناوچەی ئەکیتێن، لە بن دەسەڵاتی کارلۆمان بووە، کە برای شارلەمان شای فڕەنسا بوو، بە یەکەوە تا ٨١٤ زایینی حوکمڕانیان کردووە. وەرگێڕ). میللەتانی بێ وڵات بەڵام یەکگرتوو لە رێگای پەیوەندی ئاینی، وەك ئیسرائیلییەکان و پارسەکان، نەتەوەی وەك فرەنسییەکان، ئینگلستان و تەواوی ئۆتۆنۆمییە هاوچەرخەکانی ئەورووپی، کۆنفیدراسیۆن لە شێوەی سویسرا سویس ئەمریکا، پەیوەندی و خزمایەتی لە رێگای نەژاد، یان زمان، کە لە نێوان لکە جیاوازەکانی جەرمەنەکان ئەلمانەکان و سلاڤەکان هەیە. ئەمانەن مۆدێلەکانی کۆبوونەوە و گردبوونەوە، کە لە هەموو جۆرەکانی هەیە یان هەبووە و ناشێ بێ کێشە و ئاڵۆزی تێکەڵیان بکەین و بە سەریاندا رەت بین. لە سەردەمی شۆڕشی فرەنسی لەو باوەڕەدا بووین، کە پێکهاتە و شارە بچووکە سەربەخۆکانی وەك سپارت و رۆما، دەشێ وەك مۆدێلێك بەسەر نەتەوە گەورەکانی سی چل ملیۆن کەسیدا پەیڕەو بکەین. بەڵام لەم سەردەمەمان، هەڵەی زۆر ترسناك دەکەین: نەژاد و رەگەز تێکەڵی نەتەوە دەکەین و خاسییەتی سەربەخۆیی -Souveraineté دەدەینە پاڵ گرووپی ئیتنۆگرافی یان

زمانەوانی. هەوڵ دەدەین لە بارەی ئەم کێشە سەختانە بگەینە هەندێ وردبوونەوە، کە تیایاندا سادەترین هەڵە لە بارەی مانای وشەکان، لە بنچینە و گۆشەنیگای بە راست گەڕاندن و لێکدانەوەی دروست لە کۆتاییدا بکەوینە ناو هەڵە و ئاڵۆزی ترسناك.

ئەوەی باسی لێوە دەکەین بابەتێکی ناسکە، تا رادەیەك وەك ئەناتۆمی و نەشتەرکاری وایە، باس لە زیندووان دەکەین وەك چۆن باس لە مردووان دەکرێ. هەوڵدەدەین بەوپەڕی خوێنساردی و بێ لایەنی رەها لەم بارەیەوە بدوێین.

## بەشی یەکەم

لەوەتەی ئیمپراتۆریای رۆمانی روخاوە، یان باشتر، لە سەروبەندی لە باریەکچوون و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای شارلەمان، ئەورووپای رۆژئاوا دێتە بەرچاو دابەشی چەند نەتەوەیەك بووە، کە هەندێکیان، لە هەندێ سەردەمدا هەوڵیان داوە، بێ ئەوەی بە شێوەیەکی درێژخایەن تێیدا سەرکەون، کاریگەری و دەسەڵات و رکێفیان لەسەر ئەوانی تر هەبێ. ئەوەی شارل کەن و لوئی چواردەیەم و ناپۆلیۆنی یەکەم نەیانتوانی بیکەن لەو بڕوایەدام کەس ناتوانێ لە ئایندەدا بیکا. دامەزراندنەوەی ئیمپراتۆریای رۆمانی یان ئیمپراتۆریای شارلەمان مەسەلەیەکە بۆتە مەحاڵ. دابەشبوونی ئەورووپا زۆر گەورە و فراوان بووە. یەکێك، دەسەڵاتێك، یان هەوڵێك بتوانێ کۆنترۆڵێکی جیهانیی بەسەردا بکا، ئەمەش وەك پارچە کردارێك هاوپەیمانیەکی خێرا دروست دەکات و وادەکا ئەو نەتەوەیەی ئارەزووی کۆنترۆلی جیهانیی هەبێ بەسەر ئەورووپای دابەشدابوودا بیگەڕێنێتەوە ئاست و تخووبی خۆی. لەوساوە دەبینین جۆرێك لە هاوسەنگیی درێژخایەن بەرقەرار بووە. لەم سۆنگەیەوە دەبینین، فڕەنسا و ئینگلستان و ئەڵمانیا و رووسیا بەو شێوەی هەن تا سەدان ساڵی تریش درێژە بە خۆیان دەدەن، ئەمەش سەرەڕای ئەو خەتەرانەی تووشیان بووە، تایبەتمەندییە مێژووییەکانیان، کە بریتین لە پارچە بنچینەییەکانی ئەو دامەیەی بەشەکانی بەردەوام لە گۆڕاندان بە پێی گرینگی و مەزنایەتی خۆیان، بەڵام هەرگیز بە تەواوی تێکەڵی یەکتر نابن.

نەتەوەی دروستبوو لەم شێوەیە، شتێکی نوێیە لە مێژوو. مێژووی کۆن شتی وای نەبینیووە، نە میسری کۆن، نە چینی کۆن، نە کەلدەی-Chaldée ی کۆن، بابلی کۆن بە هیچ شێوەیەك نەتەوە نەبوون. ئەمانە کۆمەڵە خەڵکێك بوون لە لایەن یەکێك سەرپەرشتی کراون، کە بە خۆیان وتووە کوڕی رۆژ یان کوڕی ئاسمان. شتێك نەبووە بە ناوی هاووڵاتی میسری یان چینی. لە مێژووی کۆندا کۆمار و میرنشینی لە سەر ئاستی شار هەبووە، بە هەمان شێوە کۆنفیدراسیۆنی کۆماری ناوچەیی و کۆمەڵە ئیمپراتۆریای ناوچەیی هەبوون، بەڵام قەت نەتەوە بەو شێوەی ئێمە باسی دەکەین و تێی دەگەین نەبووە. ئاتێن و سپارت و سیدۆن (شاری سەیدا لە لوبنان، وەرگێڕ) و تیر (شاری سور لە لوبنان، وەرگێڕ)، شاری بچووك بوون و جۆرێك لە وڵاتپارێزی دڵگیر بوون، بەڵام ئەمانە شار بوون و لە سەر رووبەرێکی بچووك بوون، وڵاتی گۆل (فرەنسا، وەرگێڕ) و ئیسپانیا و ئیتالیا، پێش بوون بە بەشێك لە ئیمپراتۆریای رۆمانی، لە کۆمەڵە خەڵکێکی بێ پەیوەندی لە نێوان خۆیان، بێ دەزگای ناوەندی، بێ خانەوادەیەکی فەرمانڕەوا زیاتر نەبوون. ئیمپراتۆریای ئاشوور، ئیمپراتۆریای ئێران و ئیمپراتۆریای ئەسکەندەر بە هەمان شێوە، ئەمانەش وڵات و نیشتمان نەبوون. هەرگیز وڵاتپارێزیی ئاشووری بوونی نەبووە، ئیمپراتۆریای ئێرانییش لە دەرەبەگایەتییەکی فیۆدالی پان و بەرین زیاتر نەبووە. هەتا ئێستا نەمان بینیوە نەتەوەیەك نەژادی خۆی بە هێرشە مەزنەکانی ئەسکەندەر و ئیمپراتۆرەکەی ببەستێتەوە، ئەگەرچی لە بنچینەدا زۆر دەوڵەمەند بوو بۆ مێژووی گشتیی شارستانی.

بەڵام ئیمپراتۆریای رۆمانی زۆر لەوە نزیك بووبۆوە ببێتە نیشتمان، لە ئەنجامی ئەو چاکانەی لە وەستانی جەنگ بە دیهات، فەرمانڕەوایی رۆمانەکان، کە لە سەرەتاوە زۆر ستەمکار بوو، لەگەڵ وەستانی ئەم شەڕانە خەریك بوو خێرا خۆش دەویسترا. ئەمەش وەك رێکخراو و جڤاتێکی گەورە بوو. هاوتای نیزام و ئاشتی و شارستانی بوو. لە دوادواییەکانی ئیمپراتۆریای رۆمانی، لە لای مرۆڤە مەزنەکانی، کەشیشە رۆشنبیرەکان، خوێندەوارەکان هەستێکی راستەقینەی ئاشتیی رۆمانی هەبوو، ئەمەش پێچەوانە و دژایەتی ئەو ئاووهەوا بەربەرییە بوو، کە هێرشی دەهێنا. بەڵام ئیمپراتۆریایەك دوانزە جار گەورەتر لە فرەنسای ئێستا (لەوساوە فرەنسا قەبارەی خۆی پاراستووە. وەرگێڕ) بە پێوەری هاوچەرخ ناشێ ببێتە دەوڵەتێکی نوێ یان نموونەی

دەوڵەتێکی نوێ دروست بکا. (ئێمە لەو باوەڕەین هەمان دیاردە بەسەر ئیمپراتۆریای عوسمانیدا پەیڕەو دەبێ، کە لە بەریەك هەڵوەشایەوە و نەبووە نیشتمان، وەرگێڕ) بۆیە دەبینین دووکەرتبوونی رۆژهەلات و رۆژئاوا ئەنجامێك بوو خۆ لێ لادانی شتێکی مەحاڵ بوو. ئەزموونەکانی ئیمپراتۆریای گۆلوا گۆل، (فرەنسای کۆن، وەرگێڕ) لە سەدەی سێیەمی زایینی سەریان نەگرت. هێرشی ژەرمەنییەکان دواتر ئەو پرەنسیپانەیان خستە ناو جیهان، کە بوونە بنچینەیەك بۆ ناسیۆنالیزم.

بەڵام گەلانی ژەرمەنی (جەرمەنی) هەر لە سەردەمی هێرشە گەورەکانیان لە سەدەی پێنجەمی زایینی تا دوا هێرشیان بۆ داگیرکردنی نۆرماندی لە سەدەی دەیەم چییان کرد ؟ بە لای کەمی بنچینەی نەژادەکانیان گۆڕی، بەڵام کۆمەڵێك بنەماڵە ئەریستۆکراتی سویایی —یان بەسەر ئەو بەشانە فەرزکرد، کە کەم تا زۆر لە ئیمپراتۆریای کۆنی رۆژئاوا حسێبێکیان بۆ دەکرا و ناوی هێرش بەرەکانیان وەرگرت. لێرەوە، فرەنسی و بوورگۆنی و لۆمباردی دروست بوون، دواتریش نۆرماندی. خێرا گەشەسەندن و گەورەبوونی ئیمپراتۆریای فرانك — ی (مەبەست فرەنسایە — وەرگێڕ) نیشانەی دروستبوونەوەی چرکەساتێکی مێژوویی یەکێتیی رۆژئاوایە، بەڵام ئەم ئیمپراتۆریە لە ناوەڕاستی سەدەی یانزەم بێ چاکبوونەوە پارچە پارچە دەبێ. پەیماننامەی ڤێردون ئەم پارچە پارچە بوون و دابەش بوونە جێگیر دەکا، لێرەوە فرەنسا و ئەلمانیا و ئینگلستان و ئیتالیا و ئسپانیا، بە رێگای پڕ لە هەزاران هەڵەت و ناخۆشی بەرەو هەڵکەوت و بوونێکی ناسیۆنالیست دەچن، هەروەکو ئەمڕۆ دەیانبینین لە بووژانەوەدان.

خاسییەتەکانی ئەم دەوڵەتە -Etats جیاوازانە چین و چی لە یەکیان جیادەکاتەوە؟ تێکەڵاوی و لە ناو یەکتر توانەوەی دانیشتوانەکانیانە؟ لە نێو ئەو وڵاتانەی، کە لە سەرەوە ناومان هێنان، هیچ شتێکی هاوتای ئەمانە نادۆزینەوە لە پێکهاتووی ناوەوەی تورکیا (ئیمپراتۆریای عوسمانی — وەرگێڕ) بچێ، کە تێیدا تورك و سلاڤ و یۆنانی و ئەرمەن و عەرەب و سوری و کورد دەژین، جیاوازی لە نێوان ئەمانە هەر ئەمڕۆ ئەوەندە زۆرە، هەروەکو جیاوازییەکانی سەردەمی فتوحاتە، شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕاوە. دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت ئەم ئەنجامەیە. سەرەتا گەلانی جەرمەنی ئاینی مەسیحییان —یان وەرگرت دوای ئەوەی کەمێ پەیوەندییان بە گەلانی یۆنانی و

لاتینی پەیدا کرد. کاتێ سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو لە یەك ئاینن، یانیش، کە سەرکەوتوو دەچێتە سەر ئاینی ژێرکەوتوو، وەك سیستەمی تورك (تورکەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست دوای داگیرکردنی گەلانی موسلمان، خۆشیان بوونەوە موسلمان — وەرگێڕ) واتە ناسینەوەی رەهای مرۆڤەکان بە پێی ئاینەکەیان ناشێ جارێکی دیکە رووبداتەوە. دووەم هۆکار، هێرش بەر و سەرکەوتووەکان زمانی تایبەتی خۆیان لە بیر بکەن. نەوەکانی کلۆڤیس، ئالاریك، گۆندبۆ، ئەلبۆین، رۆلۆن، دەمێك بوو زمانی رۆمانیان (مەبەست لە زمانی رۆمانی کۆنە، کە دایکی زمانەکانی لاتینییە، نەك زمانی رۆمانی، کە لە کۆماری رۆمانیا قسەی پێ دەکرێ — وەرگێڕ) ئەمەش هەر خۆی ئەنجامی تایبەتمەندییەکی تری گرینگ بوو، چونکە، فرانکەکان، بوورگۆنییەکان، گۆتەکان، لۆمباردییەکان، نۆرماندییەکان، ژنێکی زۆر کەمیان لە نەژادی خۆیان لەگەڵ ئەوان هەبوو. بۆ ماوەی چەندان نەوەی یەك بە دوای یەك، سەرۆکەکانیان تەنیا ژنیان لە ژەرمەنییەکان دەهێنا. بەڵام کەنیزەك و دایەنی منداڵەکانیان لاتینی بوون. تەواوی خێڵ ژنیان لاتینی بوو. هەر ئەمەشە وایکردبوو، زمانی فرانکی -Lingua Francica زمانی گۆتی -Lingua Gohica، لەوکاتەوە، کە فرانکی و گۆتیەکان لەسەر خاکی رۆمانی نیشتەجێ بوون چارەنووسێکی زۆر کورتیان هەبێ. بەڵام مەسەلەکان لە ئینگلستان بەم جۆرە نەبوون، چونکە هێرشەکانی ئەنگلۆسەکسۆنەکان بێ هیچ گومانیك ژنیان لەگەڵ بوو، دانیشتوانە برۆتانیەکان هەڵدێن، لە لایەکی تر، لاتینییەکان، بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا نەبوون لە هەرێمی برۆتان. ئینجا ئەگەر بە گشتی گۆلەکان لە سەدەی پێنجەم زمانی گۆلواییان قسە کردبێ ، کلۆڤیس و نەوەکانیان هەرگیز زمانی ژەرمەنییان پشتگوێ نەخستووە بۆ زمانی گۆلوا.

لێرەوەیە، کە ئەم ئەنجامە سەرەکیە دەردەکەوێ، سەرەڕای توندوتیژییەکی زۆر لە داب و نەریتی هێرش بەرە ژەرمەنییەکان، ئەو چوارچێوە و نموونەی دەیسەپێنن، وێرای تێپەڕینی سەدەکان، دەبێتە چوارچێوە و نموونەی نەتەوە خۆی. فڕەنس، بە شێوەیەکی زۆر شەرعیانە دەبێتە ناوی وڵاتێك دوای ئەوەی بە ئاستەم کەمایەتییەکی فرانکی تێیدا جێگیر دەبێ. لە شیعرە داستانسەراییەکانی بەرایی، کە ئاوێنەیەکن بۆ گیانی سەردەم، دەبینین هەموو دانیشتوانی فڕەنسا فرەنسین. بیری جیاوازی نەژادی لە ناو دانیشتوانی فڕەنسادا، لە لای یەکێکی وەك گرێگواری توور، ئەوەندە روون و بەڵگە

نەویستە، دەبینین لە لای شاعیران و نووسەرانی فرەنسی دوای هـووگ — کـاپێ، بـوونی نییە . جیاوازی لە نێوان بەگزادە و جوتیارێك بە گوێرەی پێویست هەستی پێ دەکـرێ. بەڵام ئەم جیاوازییە جیاوازییەکی ئیتنیکی نییە . بەڵکو جیاوازییەکـە لـە ئازایـەتی و داب و نەریتی پەروەردەکردن و میراتدا خۆی دەنوێنێ. ئەگەر بڵێین ئـەم هـەموو شـتانە لە ئەنجامی داگیرکردن و هێرشێك روویان داوە بـە بـیری کەسـدا نایـەت. بـە پێـی ئـەو سیستەمە ناتەواوەی گوایە بەگزادەیی بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییـەك، کـە شا داویەتی بەمانە لە بەرامبەر پێشکەش کردنی خزمـەتێك بـە نەتـەوە، لـە کاتێکـدا دەبینین، لە سەرەوە بینینمان هەموو بەگزادەییەك دەشـێ لـە بـەگزادەیی بکـەوێ، ئـەم سیستەمە وەك دۆگمێك لەگەڵ سـەدەی سـیازدەیەمدا جـێگیر دەبـێ. هـەمان شـت تـا رادەیەك لە پاش تەواوی داگیرکردنـەکانی نۆرمانـدی روویـان دا. دوای یـەك دوو نـەوە، داگیرکـەرانی نۆرمانـدی نـاتوانن خۆیـان لـە تـەواوی دانیـشتوانی تـر جیابکەنـەوە. کاریگـەرییان لـەوان کـەمتر نـەبوو، خاسـیەتێکی بـەگزادەیی و نـەریتی سـوپایی و هەستێکی نیشتمان پەروەرییان پێشکەش کردبوون، کە پێشتر نەیانبوو.

لە بیرکردن، دەتوانم بڵێم هەڵەی مێژوویی، فاکتەری جەوهەرین لە دروسـتکردنی نەتەوەدا، هەر لەبەر ئەم دیاردەیەشە پـێم وایـە گەشەسـەندنی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی گەلێ جار بۆ ناسیۆنالیزم ترسناکە. لە راستیدا، پشکنینی مێژوویی، ئەو کردە تونـد و تیژییانە دەخاتەوە ژێر رووناکی و دەیان ژیێنێتـەوە، کـە لـە پـشت هـەموو پێکهاتـە و هەڵکەوتێکی سیاسییەوەن. چونکە یـەکێتی و یـەکگرتن هـەردەم بـە توندوتیـژی جـێ بـەجێ دەکـرێ. یـەکگرتنی فرەنـسای بـاکوور و فرەنـسای باشـوور، دوای کوشـتار و تۆقاندنێکی بەردەوام دروست بوو، کە سەدەیەك درێژەی کێشا . شـای فرەنـسا، ئەگـەر بتـوانم بیلـێم، نموونـەی کەسـێکی ئایـدیالی جـێگیر و درێژخایەنـە و بەرجەسـتەکاری پوختەترین یەکێتی ناسیۆنالیزمییە، بەڵام، کـە لـە نزیکـەوە سـەرەنجی دەدەینـێ، ئـەو پرێستیژ و مەزنینەی هەیبوو دۆڕاندوێتی، ئەو نەتەوەیـەی دروسـتی کـرد لەعنـەتی لێ کرد، ئەمڕۆش، تەنیا رووناکبیرەکان دەزانن، نرخی چی بوو و چی کرد.

لە بنچینەدا بە هۆی جیاوازی / دژایەتی -Contrasteی نـاکۆکی و دژایەتییـەوە ئەم قانونە گەورانەی مێژووی ئەورووپای رۆژئاوا ناسك دەبن. لـەو کارنامـە و پـڕۆژەی، کە شای فرەنسا، بەشێکی بە هۆی ستەمکاری خۆی و بەشێکی بەهۆی عەدالـەتخوازیی

خۆی بە شێوەیەکی ئەوەندە جوان گەیاندییە سەر، بە بەراورد لەگەڵ فڕەنسا زۆر لە وڵاتان تێیدا سەرنەکەوتن.

لە ژێر تاجی سان ئێتیەن (ئاینزای ئۆرتۆدۆکس – وەرگێڕ) ماگیار (هەنگارییەکانی ئەمڕۆ یان مەجەرەکان، وەرگێڕ) و سلاڤەکان توانیان تایبەتمەندی و جیاوازی خۆیان بپارێزن، هەروەکو پێش هەشت سەد ساڵ مابوونەوە و نەگۆڕابوون. ئەگەرچی ئەوان لە ناو خۆیان ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتری، خانوادەی شاهانەی هەبسبۆرگ هەوڵی نەدا بیان توێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پارێزگاری کردن. لە هەرێمی بۆهێم (چێکی ئەمڕۆ- وەرگێڕ) چێك و ئەڵمانەکان بێ تێکەڵاوبوون و توانەوە لە ناو یەکتری، وەکو تێکەڵاونەبوونی ئاو و ڕۆنی ناو پەرداخێك مابوونەوە. سیاسەتی تورك (عوسمانی، وەرگێڕ) لە جیاکردنەوەی نەتەوەکان لە ڕێگای ئاینەوە، ئەنجامی زۆر خراپ و خەتەری لێ کەوتەوە، ڕۆژهەڵاتی بە جارێ رووخاند. بۆ نموونە شارێکی وەك سالونیك یان ئیزمیر، کە پێنج شەش کۆمۆنیتەی (گرووپی ئیتنیکی جیاواز- وەرگێڕ) جیاوازی تێدا دەژیا، هەر یەکەی یادوەری و بیرەوەریی تایبەت بە خۆی هەبوو بە ڕادەیەك هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نەبوو. لە کاتێکدا ئێمە دەزانین جەوهەری نەتەوەیەك لەوەدا کۆ دەبێتەوە، هەموو تاکەکانی هەست بکەن زۆر شتیان هەیە کە بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، زۆر شتی تریشیان هەیە کە بە یەکەوە لە بیری دەکەن. ئەمڕۆ هیچ هاووڵاتییەکی فڕەنسی نازانێ بوورگۆندە، ئالانە، تایفالە یان ڤیزیگۆتە. هەموو هاووڵاتیەکی فڕەنسی دەبێ بێرتێلۆمی لەبیر کردبێ، کە بریتییە لە کوشتاری باشووری فڕەنسا لە سەدەی سیازدەیەم. ئەمڕۆ، لە فڕەنسا دە خێزانت دەست ناکەوێ بتوانێ بەڵگەی روونی نەژادی خۆی پیشان بدا. لەمەش زیاتر، هەر ئەم بەڵگانەش بە شێوەیەکی گشتی ناتەواون بەرامبەر ئەو هەموو تێکەڵبوونە و چوونەناویەکەی پاشان ڕوویان داوە، کە دەتوانن هەموو سیستەمێکی جینیالۆجی وەچەناسی (ڕەچەڵەکناسی) تێکبدەن.

کەواتە نەتەوەی نوێ و مۆدێرن ئەنجامێکی مێژووییە بە هۆی زنجیرەیەك کردە دروست دەبێ، کە هەمووی بە یەك ئاراستەدا دەڕۆن. هەندێ جار یەکێتی بە هۆی خانوادەیەك دروست دەبێ وەك لە نموونەی فڕەنسادا دەردەکەوێ، هەندێ جاریش بە هۆی ئیرادەی ڕاستەوخۆی هەرێمەکان خۆیان وەك نموونەی هۆلەندا و سویسرا و بەلژیك،

هەندێ جاریش بە هۆی گیانێکی گیان، ئەقڵ، رۆح - Esprit ی گشتییەوەیە، وەك لە ڕێگای لە ناوبردنی نازوفیزی فیۆدالی لە ئیتالیا و ئەلمانیا دواتر بە ئامانج گەیشت. هەردەم هۆکارێکی قووڵ سەرۆکایەتی یان سەرپەرشتی دروستبوونی ئەم نەتەوانەی کردووە. لە حاڵەتی لەم جۆرەدا، پرەنسیپەکان بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو دەردەکەون. بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن، ئیتالیا بە هۆی شکان و ژێرکەوتنەکانییەوە یەکی گرتەوە، تورکیاش (دەوڵەتی عوسمانی- وەرگێڕ) بەهۆی سەرکەوتنەکانییەوە رووخا. هەموو شکانێك ئیتالیای بەرەو پێشەوە بردووە، هەموو سەرکەوتنێکیش تورکیای (دەوڵەتی عوسمانی- وەرگێڕ) بەرەو لە ناوچوون بردووە. چونکە ئیتالیا نەتەوەیە بەڵام تورکیا (دەوڵەتی عوسمانی- وەرگێڕ) لە دەرەوەی ئاسیای بچووك (ڕۆژئاوای تورکیای ئەمڕۆ- وەرگێڕ) نەتەوە نەبووە. شکۆمەندی و مەزنیی فڕەنساش دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشەکەی، کە بانگی ئەوەی دا نەتەوەیەکی سەربەخۆ هەیە. لەم رووەوە لاساییشمان بکەنەوە رەنگە شتێکی خراپ نەبێ. پرەنسیپی نەتەوەکان هەمان ئەو شتانەی خۆمانن. بەڵام نەتەوە چییە ؟ بۆچی هۆڵەندا نەتەوەیە، بەڵام هانۆڤەر و هەرێمی پارێم نەتەوە نین؟ فڕەنسا چۆن پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ ببێتە نەتەوەیەك، لە کاتێکدا ئەو پرەنسیپانەی دروستی کردوون بزربوونە؟ چۆن سویسرا، کە لە سێ زمان و سێ نەژاد پێکهاتووە بە نەتەوە دادەنرێ کەچی هەرێمی تۆسکان (ئیتالیا- وەرگێڕ)، کە خەڵکێکی تێکەڵاو و لێك نزیکی هەیە نەتەوە نییە ؟ لەبەرچی ئوتریش (نەمسا- وەرگێڕ) دەوڵەتە بەڵام نەتەوە نییە ؟ پرەنسیپی نەتەوەیی جیاوازی چی لەگەڵ پرەنسیپی نەژادەکاندا هەیە؟ ئەمانەن ئەو خاڵانەن، کە یەکێکی بیرمەند هەوڵ دەدا لە سەریان بگیرسێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بگونجێ. بێگومان کێشەکانی جیهان بەم جۆرە لێکدانەوە چارەسەر نابن، بەڵام مرۆڤە خاوەن ئەزموونەکان لەم بارەیەوە دەیانەوێ هەندێ هۆکار بدۆزنەوە و شتەکان و روانینە رووکەشەکان تێکەڵ بکەن.

# بەشی دووەم

بە گوێرەی روانینی هەندێ لە تیئۆریناسانی بواری سیاسی، نەتەوەیەك، پێش هەموو شتێك خێزانێکە یان لە خێزانێکەوە، خانوادە، بنەماڵە، خێزان، بنەماڵە -Dynastie هاتووە ئەم خێزانەش سەرۆکایەتی داگیرکردن (فتح -Conquête) ێکیان کردووە. سەرەتا تەنیا وەرگیراوە پاشان لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لە بیرکراوە.

بە گوێرەی ئەم روانینە سیاسییەی سەرەوە، گردبوونەوە و یەکگرتنی هەرێمەکان، بە هۆی خێزانێکەوە، لە رێگای شەڕ و شۆڕ و ژنخوازی و رێککەوتنەکانیان، لەگەڵ ئەو خێزانە کۆتایی پێ دێ، کە دروستی کردووە. زۆر راستە، کە زۆربەی نەتەوە مۆدێرنەکان لە رێگای خانوادەیەکی فیۆداڵەوە دروست بوون، کە پەیوەندی بنچینەییان بە خاکەوە هەبووە، ئەمەش وەك ناوکێك بووە بۆ دروست کردنی سەنترالیزاسیۆنێك (مرکزیە)، (رێنان لەم خاڵەوە مەبەستی ئەوەیە، کە هەندێ یەکگرتن و کۆبوونەوە لەسەر خاك و بەرهەم هێنان و پەیوەندی ماددی دروست دەبێ، نەك پەیوەندی خوێن، کە پێچەوانەی ئەمەیە، - وەرگێڕ) سنوورەکانی فڕەنسا وەك نەتەوەیەك لە ساڵی ١٧٨٩ نە هیچی سروشتی بوو، نە پێویستیش بوو. ئەو زۆنە گەورەیەی، کە خانوادەی کاپێتی خستییە سەر سنووری تەسکی رێککەوتننامەی ڤێردوون دەسکەوتی تایبەتی ئەو خانوادەیە بوو. (رێککەوتننامەی ڤێردوون لە ساڵی ٨٤٣ زایینی بوو، کە ئیمپراتۆریای کارلۆڤانگییەنی کردە سێ بەشەوە کە فڕەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیای ئایندەی لێ دروست بوو. وەرگێڕ).

لە سەردەمی دەست بەسەرداگرتنی خاك و وڵاتان، (مەبەستی رێنان لە سەدەکانی ناوەڕاستە. وەرگێڕ) هیچ روانینێکمان بۆ سنووری سروشتی و مافی نەتەوەکان و ئیرادەی هەرێمەکان نەبوو. یەکبوونی ئینگلستان و ئایرلەندا و سکۆتلەندیا بە هۆی خانوادەیەکەوە بوو. ئیتالیاش، کە ئەوەندە دواکەوت ببێتە نەتەوەیەك، پێش ئەم سەدەیەی ئێمە، هیچ کامێکیان خۆیان نەکردە ناوەندی یەکگرتن. شتێکی سەیرە، لە دورگەیەکی تاریکی وەك ساردێنیا، کە خاکێکی بە ئاستەم ئیتالییە، ناونیشانی پاشایەتی ئیتالیای لێوەبێ. هۆلەندا، کە خۆی خۆی دروست کرد، هەڵبەت بە هۆی

بڕیاردانێکی ئازایانەی ڕێککەوتنی ژنخوازی لەگەڵ مالباتی ئۆرانژ -Orange بوو، بێگومان ئەم یەکگرتنەش لەو ڕۆژەوە، کە هاتۆتەدی خۆ لە خەتەردانێکی گەورە بوو.

بەڵام قانونێکی لەم جۆرە، شتێکی ڕەهایە ؟ نەخێر. سویسرا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە ڕێگای کۆبوونەوە و یەکگرتنی کۆمەڵە خەڵکێکی تێکەڵاو دروست بوون، لە بنچینەی دروستبوونیان هیچ خێزان و بنەماڵەیەك نییە . لێرەوە لە بارەی ئەوەی پەیوەندی بە فرەنساوە هەیە نادوێم، بۆ ئەمە دەبێ نهێنییەکانی ئاینده بزانین. تەنیا ئەوەندە دەڵێم، کە ئەو پاشایەتییە گەورەیەی فرەنسا، ئەوەندە ناسیۆنالێکی بەرز بوو، بۆ ڕۆژی دوای ڕووخانی پاشایەتی توانی لە سەر پێیەکانی خۆی بووەستێ. پاشان سەدەی هەژدەیەم هەموو شتێکی گۆڕیبوو. دوای کۆمەڵێك سەردەمی پڕ لە نشووستی مرۆڤ گەڕابووەوە بۆ گیان و ئەقڵی بەرایی، بۆ ڕێز لە خۆگرتن، بۆ بیرکردنەوە لە مافەکانی. وشەی وەك نیشتمان و هاوولاتی ماناکانی خۆیان وەرگرتبووەوە. بەم جۆرە، زۆر سەخت لە ناو مێژوو تەواو بوو و گەیشتە ئامانج، پرۆسەیەك، کە دەشێ لە فیزیۆلۆجیدا بە ئۆپەراسیۆنێك بیچوێنین پێناسنامەی یەکەمی کەسێك زیندوو بکەیتەوە، کە مێشك و دڵیان دەرهێنابێ.

کەواتە دەبێ دان بەوەدا بنێین، کە دەشێ نەتەوەیەك لە بنچینەی دروست بوونیدا بنەماڵە و خێزانێك نەبووبێ. هەروەها نەتەوەیەك لە ڕێگای خێزانێك یان بنەماڵەیەکەوە دروست بووبێ، خۆی لەم بنەماڵە جیابکاتەوە بێ ئەوەی لە ناوبچێ و نەمێنێ. پرەنسیپە کۆنەکان، کە تەنیا حسێب بۆ مافی میرەکان دەکەن چیتر بایەخیان نامێنێ و دەستیان پێوە ناگیرێ، چونکە لە مەودوا بێجگە لە بنەماڵە و خێزان، مافی نەتەوە و ناسیۆنال هەیە. ئەم مافی ناسیۆنالە لەسەر چ پێوەرێك دروست دەبێ ؟ بە چ نیشانەیەك دەیناسینەوە ؟ بە چ کردەیەکی بەرجەستە ئاوەژوو دەبێ یان لە بار دەبرێ ؟

**یەکەم:** لە بارەی نەژادەوە زۆر کەس بە دڵنیاییەوە دەڵێن: دابەشکردنە دەسکردەکان، کە ئەنجامی پەیوەندی فیۆدالێن، ژنخوازی لە نێوان میرەکان، کۆنگرەی دیپلۆماتەکان، هەموو ئەمانە کۆنن و سەردەمیان بەسەر چووە. ئەوەی، کە بە توندوتۆڵی و چەسپاوی دەمێنێتەوە، نەژادی خەڵکەکانە. ئەمەیە مافێك دروست دەکات و شەرعییە. خێزانی جەرمەنی کۆمەڵە خێزانی جەرمەنی، بە پێی ئەو تیئۆرەی

باسی دەکەم، مافی ئەوەی هەیە ئەندامە پەرت و بڵاوەکانی جەرمـەنیزم بگرێتـە خۆی هەتا ئەگەر ئەو ئەندامانە داواش نەکەن بێنــەوە نـاو جەرمەنـەکان. مـافی جەرمـەنیزم لەسەر هەرێمێکی دیاریکراو زۆر بە هێزترە وەك لە مافی دانیشتوانی ئـەو هەرێمـە لـە سەر خۆیان. بـەم جۆرە لێـرەوە ئێمـە چەشـنە مـافێکی بنـچینەیی و بـەرایی دروست دەکەین هاوتای مافی پاشاکان بێ بەرامبەر بە مـافی خـودایی. (چـونکە پاشـاکان لـە کۆندا دەسەڵاتی خۆیان بە دەسەڵاتێکی خودایی دادەنا یان وەك نوێنـەری خـودا خۆیـان دەناساند — وەرگێڕ) لەم رووەوە ئێمە جەوهەرێکی ئیتنۆگرافی دەدەینە پـاڵ پرەنـسیپی دروستبوونی نەتەوەکان. ئەمەش گەورەترین هەڵەیە، ئەگەر ئەمە بهاتبایـە باڵادەسـتی وەرگرتبایە، شارستانیی ئەورووپی لە ناو دەچوو. چەند پرەنسیپەکانی نەتەوە دروست و شەرعین، هێندەش مافی بنچینەیی و بـەرایی نـەژادەکان تەسـك و پـڕ لـە خەتـەرن بـۆ پێشکەوتنی دروست و پوختە.

لە ناو خێڵ و شارە کۆنەکانی سـەردەمی کـۆن -Antiquité، دەزانـین، کـردەوە و مەسەلەی نەژاد گرینگی پلە یەکی هەبوو. خێڵ و شارەکۆنەکانی سەردەمی کۆن تـەنیا درێژبووەوەی خێزان بوون. لە سپارت و ئاتێنی کۆن، تەواوی دانیشتوان بە پلەی دوور و لێك نزیك خزمی یەکتر بوون. هەمان شت لە ناو بەنی ئیسرائیل هەبوو، ئەمڕۆ هـەمان شت لـە نـاو خێڵـە عەرەبـەکان دەدۆزینـەوە. لـە ئاتێن و سـپارت و بـەنی ئیـسرائیل، دەگوازینـــەوە بـــۆ ئیمپراتۆریـــای رۆمـــانی. هەڵکەوتـــەکان لێـــرەوە تـــەواو جیـــاوازن. ئیمپراتۆریای رۆمانی بە فاکتەری توندوتیژی دروسـت بـوو، پاشـان بـە هـۆی فاکتـەری بەرژەوەنـدی مایـەوە و درێـژەی بـە خۆیـدا، ئیمپراتۆریـای رۆمـانی خـاکێکی بـەرین و فراوانی هەبوو، لە شار و هەرێمێکی زۆر پێکهاتبوو، کە تەواو لێك جیاواز بوون، هـەر ئـەم پێکهاتنـە جیـاوازە خـۆی گـەورەترین لێـدان بـوو لـە بـیری نـەژاد. مەسـیحییەت (کریستیانیزم)یش بە خۆی و خاسییەتە گـەردوونی و رەهاکـەی، چالاکانەتر لـە پـشت جێگیرکردن و قـووڵ کردنـەوەی ئـەم بیرەی خـۆی بـوو. مەسـیحییەت پەیماننامەیـەکی تایبەت لەگەڵ ئیمپراتۆریای رۆمانی دەبەستێ، سەرەنجام بە کاریگەری ئـەم دوو لایەنـە جیـاوازەی ناهاوتـای یـەکتر، کـە بوونـە هـۆی دروسـت بـوونی یـەکگرتن، هۆکـاری ئیتنۆگرافیی (نـەژاد — وەرگێـڕ) فـەرمانڕەوایی لـە ژیـانی مـرۆڤ و پەیوەندییـەکان بـۆ چـەندان سـەدە بـە لاوەنـرا. هێرشـی بەربـەرەکان، سـەرەڕای رواڵـەتی تایبـەتییان،

هەنگاوێکی دیکە بوو بەو ئاراستەیەدا، واتە نەمانی فەرمانڕەوایی و کاریگەری نەژاد. پارچە پارچە بوون و دابەشبوونی مەملەکەتی بەربەر هیچ خاسییەتێکی نەژادی نەبووە. ئەم کێشەیە لە ڕێگای بە کارهێنانی هێزەوە چارەسەر کراوە، یانیش بە هۆی چەشە و ئارەزووی داگیرکەران خۆیان. نەژادی ئەو خەڵکەی پێیان دەگەیشتن بۆ ئەوان هیچ نرخێکی نەبووە. شارلەمان هەمان شتی ڕۆما، ئیمپراتۆریای ڕۆمانی کردبووی، ئەو بە شێوازی خۆی کردییەوە، ئیمپراتۆریایەکی بێ نموونەی دامەزراند، کە دانیشتوانەکەی لەنەژادی جیاجیا پێکهاتبوون. ئیمزاکارانی ڕێککەوتننامەی ڤێردون لە (٨٤٣ ز — وەرگێڕ) بە ئارامی و بێ هەڵچوون هەردووو سنوورییان لە باکوورەوە بۆ باشوور کێشا، بێ ئەوەی دووچاری ڕاڕایی و نیگەرانی نەژادی ئەو خەڵکانە بن، کە لە ڕاست و چەپی ئەو سنوورانە دادەنیشتن. جوولە و بزووتنی سنوورەکان، کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دەستی پێکرد، هیچ کارێکتەرێکی ئیتنۆگرافی نەبوو. ئەگەر ئەو سیاسەتەی، کە بنەماڵەی کاپێتی بە کاری دەهێنا تا ڕادەیەك دەستی هەبووبێ لە کۆکردنەوەی خاکی کۆنی گۆل لە ژێر ناوی فڕەنسا، ئەمە هۆیەك نەبوو وەك ڕێبەدیکردن بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە لە ژێر ئەم ناوە یەکبگرن. وڵاتی دۆفینێ و برێس و پرۆڤانس و فرانش کۆنتێ، رابردووی نەژادی هاوبەشی خۆیان بە بیر نەدەهاتەوە. هەموو هۆشیارییەکی گۆلوایەکان لە سەدەی یانزەیەمی زایینی لە ناوچوو، ئەمڕۆش تەنیا لە ڕوانگەیەکی پسپۆڕییەوە هەست بە کارێکتەری کەسایەتیی گۆلواییەکان دەکەین.

کەواتە، فاکتەری ئیتنۆگرافی (نەژادی — وەرگێڕ) ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە دروست بوون و پێکهاتنی نەتەوە مۆدێرنەکان، فڕەنسا لە سێلت و ئێبیری (نیمچە دورگەی ئیسپانیا و پۆرتوگال پێی دەگوترێ ئێبیریا — وەرگێڕ) و جەرمەنی پێکهاتووە. ئەڵمانەکان لە نەژادی جەرمەنی و سێلتی و سلاڤەکان پێکهاتوون. بەڵام ئیتالیا وڵاتێکە فاکتەری ئیتنۆگرافی (نەژادی — وەرگێڕ) گەورەترین گومانی لێ دەکرێ، چونکە دانیشتوانەکەی لە ئێتروسکی و پلێزاژ و یۆنانی پێکهاتوون، بێجگە لە توخم و نەژادی دیکە، کە لە تێکەڵاوییەکی زۆر ئاڵۆز و تێکچڕژاو پێکهاتوون. دانیشتوانی دورگەکانی بریتانیاش، بە گشتی لە تێکەڵاوییەکی خوێنی سێلتی و جەرمەنی پێکهاتوون، کە ناسینەوەیان کارێکی سەختە.

راستی ئەوەیە، کە نەژادی پاك بوونی نییە و دامەزراندنی سیاسەتیش لەسەر بنچینەیەکی نەژادی و ئیتنۆگرافی وەك ئەوە وایە لەسەر زەمینەیەکی وەهمی و خەیاڵی پەیڕەو بکرێ. دانیشتوانی وڵاتانی مەزنی وەك ئینگلستان و فڕەنسا و ئیتالیا، خوێنێکی گەلێك زۆر تێکەڵاویان هەیە. ئایا ئەڵمانیا لەم رووەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە؟ ئایا وڵاتێکی جەرمەنی پاك بوونی هەیە؟ ئەمە لە خەیاڵ و وەهم زیاتر نییە ! هەموو باشووری ئەو وڵاتە گۆلوایین. هەموو خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە، لە ئەلپ ـەوە بگرە سلاڤن. ئەو پارچانەی، کە دەمێنێتەوە بە راستی هەروەکو دەڵێن لە نەژادێکی جەرمەنی پاکن؟ لێرەوە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ئایدیایەکە، کە دەبێ روونترین خوێندنەوەی بۆ بکەین و پێشگیری لە تێنەگەیشتنەکان لەم بارەیەوە بکەین. گفتوگۆ لە بارەی نەژادەوە کۆتایی نایێ، چونکە وشەی نەژاد بە دوو جۆری زۆر جیاواز لە لایەن مێژوونووسە فیلۆلۆگەکان و ئەنترپۆلۆجیستە فیزیۆلۆجیستەکان لێکدراوەتەوە. (رێنان لە وتارێکی دیکە بە ناوی: "ئەو خزمەتانەی فیلۆلۆجی پێشکەشی بە زانستە مێژووییەکان کردووە"، بە درێژی لەم بارەیەوە دواوە، کە لە بوولتەنی "کۆمەڵەی زانستی فڕەنسا" لە ١٠ مارسی ١٨٧٨ بڵاوبۆتەوە- وەرگێڕ). نەژاد لە روانگەی ئەنترۆپۆلۆجیستەکان هەمان مانای -Zoologie زانستی لێکۆڵینەوە لە جۆر و چەشن و رەچەڵەکی گیانداران، (دەشێ بڵێین گیاندارناسی یان گیانەوەرناسی — وەرگێڕ) کە بنەمای تەواوی خزمایەتی خوێن دیاری دەکا. بەڵام لێکۆڵینەوە لە زمان و مێژوو ناچێتەوە سەر هەمان دابەشکردن و خوێندنەوەی فیزیۆلۆجیدا. وشەی وەك: براکیسێفال -Brachycéphales و دۆلیکۆسێفال -Dolichocéphales، (یەکەمیان لە لێکۆڵینەوەی فیزیۆلۆجیدا بە مانای کەللەی خڕ و پان و بەرین دێ، دووەمیان بە مانای کەللەی درێژ دێ — وەرگێڕ) لە مێژوو و فیلۆلۆجی هیچ شوێنێك و مانایەکیان نییە . لە ناو گرووپی مرۆیی، کە زمانی دروست کردووە، هەروەها، کە دیسیپلینی ئاریایی دروست کردووە، پێشتر براکیسێفال و دۆلیکۆسێفال هەبووە. دەبێ هەمان حسێب بۆ ئەو گرووپە سەرەتاییەش بکەین، کە زمان و دامەزراوە سامییەکانی دروست کردووە. بە مانایەکی تر، ئەسڵی زوولۆجی (فیزیۆلۆجی — وەرگێڕ) مرۆڤایەتی، گەلێك زۆر کۆنتر و لە پێشترە لە ئەسڵی کولتوور و شارستانی و زمان. گرووپە سەرەتاییە ئارییەکان، سامیەکان، تورانیەکان هیچ جۆرە پێکچوونێکی فیزیۆلۆجی هاوبەش لە نێوانیان

نەبووە. ئەم گرووپانە کردەی مێژوویین، کە لە سەردەمێك روویان داوە، دەتوانین بڵێین پێش پانزە یان بیست هەزار ساڵ، بەڵام نەژادی زوولۆجی مرۆڤایەتی لە ناو تاریکی مێژووی مرۆڤدا بزرە.، کە لە روانگەی فیلۆلۆجی و مێژووناسییەوە دەگوترێ نەژادی جەرمەنی، بە دڵنیاییەوە مەبەست لەمە بوونی خێزانێکی دیاریکراوە لە ناو جۆری مرۆڤ. بەڵام مەبەست لەم خێزانە، خێزانێکە بە مانا ئەنترۆپۆلۆجییەکەی؟ نەخێر، بە دڵنیاییەوە. دەرکەوتنی تایبەتمەندی جەرمەنی لە مێژوودا دەگەڕێتەوە چەند سەدەیەکی کەم پێش کریست. مەسیح پێدەچێ ژەرمەنەکان ئەو سەردەمە هەر لە ناو خاکیش دەرنەچووبن. پێش ئەمە، لەگەڵ سلاڤەکان لە ناو کۆمەڵە خەڵکانی دیاری سیتەکان Scythes- تواونەتەوە، تایبەتمەندی جیاوازی خۆیان نەبووە. بەڵام ئەو جۆرەی چەشنە مرۆڤەی، کە بە پێچەوانەی باو دەگوترێ نەژادی ئەنگلۆسەکسۆن، ئەمەیان نە برۆتۆنی سەردەمی چار قەیسەر -Cesar ن، نە ئەنگلۆسەکسۆنی هەنگیستەکانن Hengist-، نە دانیمارکییەکانی کنوت — ن Knut، نە نۆرماندی سەردەمی گیۆمی مەزنن Guillaume le داگیرکەرConquêrant ، بەڵام ئەنجامی هەموو ئەمانەن. فرەنسییەکان نە گۆلواییەکانن، نە فرانك —ەکانن، نە بوورگۆندی —ین. ئەمانەن، کە لەو مەنجەلە دەرچوون، کە بە سەرۆکایەتیی پاشای فرەنسا هەموویان بە یەکەوە لە نەژادی جۆربەجۆر پێکهاتوون. دانیشتوانی جێرشی یان گێرنێسی لە رووی بنەچەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خەڵکی نۆرماندی رۆخەکانی ئەوبەر، کە هاوسێیی یەکترن نییە . لە سەدەی یانزەیەمەوە، تیژترین و وردبینترین چاو نەیتوانیوە لە هەردووو رۆخی دەریای بەرامبەر یەك سادەترین جیاوازی بەدی بکا. رووداوی بچووك و ناچیزە، وایانکردووە، کە فیلیپ ئۆگوست ئەم دوورگانە لەگەڵ تەواوی نۆرماندی داگیرنەکا. لە ئەنجامی لێك جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە لە یەکتری بۆ ماوەی حەوت سەد ساڵ، دانیشتوانی هەردووو لا، نەك هەر بە یەکتری بوونە بێگانە، بەڵکو تەواو بە یەکتریش نەچن. نەژاد، هەروەکو ئێمە، مێژووناسان تێیدەگەین، شتێکە دروست دەبێ و هەڵدەوەشێتەوە. لێکۆڵینەوە لە نەژاد بابەتێکی سەرەکییە بۆ زانایان، کە خۆیان بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە خەریك دەکەن. نەژاد لە سیاسەتدا پەیڕەو کردنی نییە . ئەو هۆشیارییە سروشتییەی، کە دەستی هەبووە لە داڕشتنی نەخشەی ئەورووپا، مەسەلەی

هەواڵنامەی کتێب

نەژادی لە بەرچاو نەگرتووە، سەرەنجام نەتەوە یەکەمەکانی ئەورووپا ئەو نەتەوانەن، کە بە گشتی لە خوێن و نەژادێکی تێکەڵاون.

مەسەلەی نەژاد، کە لە سەرەتادا کردەیەکی بنچینەیی و بایەخدار بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم بایەخ و شوێنەی خۆی بزر دەکا. مێژووی مرۆڤ جیاوازە لە گیانەوەرناسی -Zoologie. نەژاد هەموو شتێك نییە ، هەروەکو چۆن لە لای گیانەوەرانی بخۆر -Rongeur و چنگدارەکان Felin هەیە، مافی ئەوەمان نییە بچین لە دونیا بگەڕێین و دەست لە سەر و کاژەلاکیان بدەین و بڵێین: "تۆ لە خوێنی ئێمەی، تۆ هی ئێمەی"، لە دەرەوەی خاسییەتی ئەنترۆپۆلۆجی، ئەقڵ و عەدالەت و ڕاستی و جوانی هەن، کە هەموویان یەك شتن لە لای خەڵك. سیاسەتێك لە سەر بنچینەی ئیتنۆگرافی دامەزرابێ جێگای دڵنیایی نییە . ئەمرۆ دژی ئەوانی تر بە کاری دەهێنێ، سبەی بۆ دژایەتیی خۆت هەڵدەگەڕێتەوە. ئایا ئەمە ڕاستە، کە ئەڵمانەکان ئەوەندە ئاڵای ئیتنۆگرافییان بەرزکردبێتەوە، سبەی سلاڤەکان نەیەن ناوی گوندەکانی هەرێمی ساکس و لۆزاك لە لایەن خۆیانەوە شی نەکەنەوە و بە دوای پاشماوەی ڤیلتز و ئۆبۆتریت -ەکان نەگەڕێن، حسێبی هەموو ئەو کوشتار و بە کۆمەڵ خەڵك فرۆشتنەی ئۆتۆنەکان لە دژی باپیرانیان کردیان ساغ نەکەنەوە ؟ بۆ هەموو لایەك باشترە بزانین لە بیری بکەین.

من ئیتنۆگرافییم خۆشدەوێ، زانستێکە سوودێکی ناوێزەی هەیە، بەڵام چونکە خۆم دەمەوێ بە تەنیا و سەربەخۆ وەك زانستێك وەریگرم، دەمەوێ بێ تێکەڵکردن بێ لەگەڵ سیاسەت. لە بواری ئیتنۆگرافی، هەروەك لە هەموو بوارێکی لێکۆڵینەوە، سیستەم دەگۆڕێ. ئەمەش مەرجی پێشکەوتنە. سنووری دەوڵەتان هەردەم بە گوێرەی بزووتن و جوولەی زانستەکان دەگۆڕێ. نیشتمانپەروەری پشت بە تێگەیشتن و چارەسەرێکی کەم و زۆر ناکۆك -Paradoxal دەبەستێ. دێن و لە نیشتمان پەروەرێك دەپرسن ئێوە هەڵەن، خوێنی خۆتان بۆ ئەم مەسەلەیە دەڕێژن، وا هەست دەکەن ئێوە سێلت — ن، نەخێر، ئێوە بە هەڵەدا چوون، ئێوە جەرمەنین. پاشان، دەساڵێ دواتر، دێن و پێت دەڵێن ئێوە سلاڤن. بۆ ئەوەی زانست نەشێوێنین وەلامی ئەم پرسیارە نادەینەوە، کە پەیوەندی بە کۆمەڵێك بەرژەوەندییەوە هەیە. لەمە دڵنیاین کە، ئەگەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە دیپلۆماسیانە بێ پڕ لە بەڵگە بێ، ڕووبەڕووی

هەولێرنامەی کتێب

موجامەلەیەك دەبینەوە، کە وەك هەڵە خۆی دەنوێنێ، سەرەنجام باشترە: زۆر بە سادەیی داوای هەقیقەتی لێ بکەین.

**دووەم:** ئەوەی تا ئێستا لە بارەی نەژادەوە وتومانە، دەبێ لەربارەی زمانیش بیڵێین. زمان داوامان لێ دەکات لە سەری بگیرسێینەوە، لەمەش ناچارین. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلستان و ئەمریکای ئیسپانی (ئەمریکای باشوور یان لاتینی —وەرگێڕ) و ئیسپانیا، هەمان زمان بەکار دەهێنن، بەڵام یەك نەتەوەش نین. بە پێچەوانەوە، دەبینین سویسرا نموونەیەکی گونجاوە، چونکە بە رەزامەندی لایەنە جیاوازەکان دروست بووە، ئەمەش سێ یان چوار زمان دەگرێتەوە. لە مرۆڤدا شتێکی باڵاتر لە زماندا هەیە، ئەمەش ئیرادەیە، ئیرادەی سویسرا بۆ یەکگرتن، سەرەڕای جیاوازی زمان، کردەیەکی زۆر گرینگترە وەك لە پێکچوونێك، کە زۆربەی جار لە رێگای تێکدان وەرگیراوە.

خاسییەتێك لە فڕەنسادا هەیە، کە دەبێ شانازی پێوە بکا، ئەمەش بریتییە لەوەی، کە فڕەنسا هەرگیز هەوڵی نەداوە یەکگرتنی زمان بە هۆی ئیجبارکردن و زۆرکردن وەرگرێ. ئایا ناتوانین لە رێگای زمانە جیاجیاکانەوە هەمان سۆز و هەمان بیرکردنەوەمان هەبێ و هەمان شتمان خۆشبووێ؟ پێش ئێستا باسی نەگونجانی پشتبەستن بە سیاسەتی ئیتنۆگرافیمان لە سەر ئاستی جیهانی دەکرد، دەبێ هەمان لێکدانەوە و پشت نەبەستنمان هەبێ بەرامبەر بە فیلۆلۆجی بەراوردکاری. کەواتە با لێکۆڵینەوەکان لەم بوارانە ئازادی تەواوی گفتوگۆی خۆیان هەبێ و وازیان لێ بێنین. ... ئەو گرینگییە سیاسییەی، کە دەیدەینە زمان لەو روانینەوە دێ، کە ئێمە بۆ زمانمان هەیە وەك ئەوەی زمان نیشانەیەکی نەژاد بێ. ئەمەش هەڵەیەکی زەقە. لە پڕووسیا، کە ئەمڕۆ تەنیا بە ئەڵمانی قسەی لێ دەکرێ، چەند سەدەیەك پێشتر بە سلاڤی قسەیان لێ دەکرد. وڵاتی گال — ەکان بە ئینگلیزی قسە دەکەن، وڵاتی گۆل و ئیسپانیا بە زمانی سادە و پێشنەکەوتووی ئەلپ لێ لۆنگ دەدوێن، لە میسر بە عەرەبی دەدوێن، لەم بارەیەوە نموونە زۆرە. هەتا لە بارەی بنەچەی ئەمانەشەوە لە کۆندا، پێکچوون و وێکچوونی زمان پەیوەندییەکی بە پێکچوون و وێکچوونی نەژادەوە نەبووە. بۆ نموونە با خێڵی سەرەتایی ئارییەکان Tribu proto-aryenne یان سامییەکان

وەرگرین. لە ناو ئەمانە کۆیلەیان هەبووە بە هەمان زمانی سەردارەکان قسەیان دەکرد، لە کاتێکدا دەبینین زۆرجار کۆیلەکان لە نەژادێکی جیاواز بوون وەك سەردارەکانیان. بە چەشنێکی تر، دابەش کردنەکانی زمانانی هیندوئەورووپی و سامییەکان و ئەوانی تر، بە شێوەیەکی ئەوەندە سەرنج راکێش بە هۆی کاریگەری فیلۆلۆجی بەراوردکاری دروست بووە، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ دابەشکردنە ئەنترۆپۆلۆجیستەکان تێکناکەنەوە. (رێنان تیرەیەکی لە نێوان فیلۆ-لۆجی داناوە بۆ فراوانترکردنی ماناکەی، مانای خۆی و مانای فەلسەفە و ئەقڵ و لۆجیك و مێژووش دەگرێتەوە. وەرگێڕ) زمان دروستبوونێکی مێژووییە، زۆرکەم شت لە بارەی نەژادی ئەو کەسەی قسەی پێ دەکات پیشان دەدا. لە هەموو حاڵەتێکدا زمان ناتوانێ ئازادی مرۆڤ بە یەکەوە ببەستێتەوە، کە مەسەلەکە دەگاتە ئەو ئاستەی بنەچەی ئەو خێزانە دیاری بکرێ، کە بۆ ژیان و بۆ مردن لەگەڵی یەك دەگرین.

ئەم نرخ پێدانە بەرز و تایبەتە بە زمان وەك هەستیارییەکی یە هێز بۆ نەژاد، خەتەری و نەگونجانی خۆی هەیە.، کە درێژدادڕی تێدا دەکەین، خۆمان لە ناو کولتوورێکی دیاریکراو قەتیس دەکەین و ناوی لێ دەنێین ناسیۆنال: لەم رووەوە ئێمە سنوورێك بۆ خۆمان دادەنێین و دەرگاکان لەسەر خۆمان دادەخەین. ئەو هەوا زۆر و مەزنەی لە سەر زەمینی بەرینی مرۆڤایەتی هەڵی دەکێشین بەجێی دەهێڵین، خۆمان لە ناو زیندانی نیشتمانپەروەری قەتیس دەکەین. هیچ شتێك لەمە خراپتر نییە بۆ ئەقڵ، هیچ شتێك لەمە ترسناکتر نییە بۆ شارستانی. با دەست بەو پرەنسیپە بنچینەییانەوە بگرین، کە مرۆڤ پێش ئەوەی ئەندامی ئەم زمانە یان ئەویتر بێ، یان سەر بەم کولتوورە یان یەکێکی تر بێ، بوونەوەرێکی ئاقڵمەند و ئەخلاقییە. پێش کولتووری فرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی، کولتووری مرۆڤایەتی هەیە. تەماشای پیاوە مەزنەکانی سەردەمی بووژانەوە بکەن: نە فرەنسی، نە ئیتالی، نە ئەڵمانی بوون. بە هۆی پەیوەندی قووڵیانەوە بە سەردەمی ئەنتیك (کۆن -Antiquité)ەوە، نهێنی پەروەردەی راست و دروستی مرۆڤایەتییان دۆزییەوە، بە گیان و دڵیش دڵسۆزی بوون، سەیربکەن چەند بە جوانی پەیامی خۆیان گەیاندە سەر.

**سێیەم:** ئاین. ئاینیش بە هەمان شێوە ناتوانێ بنچینەیەکی پڕ و تۆکمە بۆ دامەزراندنی ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرن بڕەخسێنێ. لە سەرەتادا ئاین ژیانی سۆسیالی گرووپەکانی پێکدەهێنا یان بریتی بوو لە ژیانی سۆسیالی گرووپەکان. گرووپە کۆمەڵایەتییەکان درێژبووەوەی خێزان بوون. ئاین و مەراسیمەکان، مەراسیمی خێزان بوون. ئاینی ئاتێن، هەر خۆی ئاینزا (مەزهەب)و مەراسیمی ئاتێن بوو، بە هەمان شێوە ئاینزای دامەزرێنەرە میتۆلۆجییەکان و قانوونەکان و نەریتەکانیان بوو. ئەم ئاینزایانە سەر بە هیچ تیۆلۆجییەکی ئاییناسی —و- دۆگماتیك عقائدی — باوەڕێکی ئاینی — و نەبوون. ئەم ئاینە بە هەموو مانای پڕی خۆی، ئاینی دەوڵەت بوو. هەر کەسێ ئەم ئاینەی پەیڕەو نەکردبا بە ئاتێنی لەقەڵەم نەدەدرا. بە گشتی ئەم ئاینە بریتی بوو لە نەریتی ئەکرۆپۆلی بەرجەستەکراو. سوێندخواردن و پەیماندان بوو بە مردن لە پێناوی نیشتمان. ئەم ئاینە وەك هاوتای تیروپشك یان پەرستنی ئاڵا وابوو لەم سەردەمەی ئێمە، بەشداری نەکردن لەم نەریتە وەك ئەوە وابوو لە کۆمەڵی مۆدێرنی خۆمان بەرگی سەربازی لەبەر نەکەی. ئەمەش مانای وابوو ئەو کەسە رایدەگەیەنێ، کە ئاتێنی نییە. لە لایەکی ترەوە، ئەم نەریتە یان ئەم ئاینزایە بۆ ئەو کەسەی ئاتێنی نەبووایە هیچ مانایەکی نەبوو، لە هەمان کات هیچ هاندانێك و زۆرکردنێکیان بەکار نەدەهێنا بۆ ئەوەی بێگانەکان وەربگرن. کۆیلەکانی ئاتێن ئەم ئاینزایەیان پەیڕەو نەدەکرد. بە هەمان شێوە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە هەندێ کۆماری بچووك هەمان نەریت و ئاینزا هەبوو. لە کۆماری ڤێنیسیا بە چاوێکی جوان سەیری یەکێکیان نەدەکرد ئەگەر سوێندی بە سان مارك-Saint Marc نەخواردبا، لە کۆماری ئەمالیفیتان-Amalifitainیش بە هەمان شێوە، بە چاوێکی جوان سەیری کەسێك نەدەکرا ئەگەر سان ئەندرێ -Saint Andréی نەخستبایە سەرەوەی هەموو سان-ئەلقەدیسەکانی بەهەشت. پاشان، کە چەوساندنەوە و دیکتاتۆری لە ناو ئەم کۆمەڵگایە بچووکانە سەری هەڵدا، بووبووە دیاردەیەکی ئاسایی و ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەدەخوێندرایەوە، چونکە وەك ئەوەی لێ هاتبوو چۆن ئەمڕۆ لە کۆمەڵی ئێمە لە کاتی جەژنی لە دایکبوونی باوك پیرۆزبایی لێ دەکەین.

ئـەوەی، کـە راسـت و دروسـت بـوو لـە سـپارت و ئـاتێن، دەمێـك بـوو کـۆن و بەسەرچوو بوو لەو مەملەکەتانەی شانشین لە پاش شەڕوشۆڕەکانی ئەسکەندەر سـەریان هەڵدا، بە تایبەتی لە ئیمپراتۆریای رۆمانی باوی نەمابوو.

ئەو لە ناوبردن و چەوساندنەوەیەی ئەنتیکۆس ئێپیفان پەیڕەوی دەکرد بۆ ئەوەی رۆژهەڵات بێتە سەرئاینزای ژوپیتێری ئۆلـۆمپی، هـەروەها ئـەوەی، کـە ئیمپراتۆریـای رۆمانی پەیڕەوی دەکرد بۆ بە دەوڵەتیکردنی ئاینی پڕۆپاگەندە بۆ کراوی خۆی، هەڵـەو تـاوان و بـێ ماناییـەکی گـەورە بـوو. ئـەمڕۆ پەیوەنـدی پێکهاتـەکان تـەواو روونـن. کۆمەڵانی خەڵکی ئایینداری وەك یەك نەماوە. هەر کەسە باوەڕی بە شتێکە و شتێك بە ئارەزووی خۆی پەیڕەو دەکا. ئاینی دەوڵەت نەماوە، دەتوانین فرەنسی، ئینگلیز و ئەڵمان بین لە هەمان کات کاتۆلیك و پڕۆتێستان یـان ئیـسرائیلی بـین. پـەیڕەوکردنی نـەریت و ئاینزا نەماوە. ئاین بۆتە کارێکی تاکە کەسی. پەیوەندی بە هۆشیاریی تاکـەوە هەیـە. دابەشکردنی نەتەوە لەسەر بنچینەی کاتۆلیك، پڕۆتێستانت بوونی نەماوە. ئـاین پـێش پـەنجا و دوو سـاڵ واتـە سـاڵی ١٨٣٠ ز — و تـوخمێکی ئەوەنـدە بینـچینەیی بـوو لـە دروستبوونی بەلچیکا، گرینگی تەواوی خۆی پاراستووە لە ویژدانی هەر یەکێك، بـەڵام بەلچیکا بە ساغ و سەلامەتی لەم هاوکێشەیە دەرچوو، چونکە هۆکاری تر هـەبوون لـە دەست نیشانکردنی سنووری نێوان گەلان.

**چوارەم:** یـەکێتیی بەرژەوەنـدی. بـە دڵنیاییـەوە یـەکێتیی بەرژەوەنـدی بابـەتی پەیوەندییەکی بەهێزە لە نێوان مرۆڤەکاندا. بەڵام ئایا بەرژەوەندی تا ئەو رادەیـە تێـری ئەوە دەکات نەتەوەیەکی پێ دروست بکرێ؟ لـەو بـاوەڕەدا نـیم. یـەکێتیی بەرژەوەنـدی کۆنترا بازرگانییەکان دروست دەکا، بەڵام لە ناسیۆنالیزمدا لایەنێکی عاتیفی هەیە، لە یەك کاتدا گیان و جەستەیە، (زۆلڤێرێن -Zollverein یەکێتی بەرژەوەندی نابێتـە وڵات و نیشتمان. (زۆلڤێرێن: یەکێتی گـومرگی ئـەڵمانی بـوو لـە سـەردەمی پروسـیا، گوایـە دەستێکی باڵای هەبووە لە یەککگرتنی ئەڵمانیا. وەرگێڕ)

**پێنجەم:** جیۆگرافیا. ئەوەی، کە پێی دەگوترێ سنوورە سروشتییەکان، بە دڵنیاییەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە دابەشبوونی نەتەوەکان. جیۆگرافیا یەکێ لە فاکتەرە بنچینەییە مێژووییەکانە، رووبارەکان رێبەدی کەری نەژادەکان بوون، چیاکانیش بەربەست. یەکەمیان پشتگیری کاربووە، دووەمیان سنوور دیارخەر بووە لە بزووتنەوە مێژووییەکان. ئایا هەروەکو هەندێ لایەن لەو باوەڕەدان دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی سنوورەکانی نەتەوەیەك لەسەر نەخشە دیاریکراوە و سەرەنجام ئەم نەتەوەیە مافی ئەوەی هەیە بە پێی پێویستی خۆی دەست بەسەر پارچە زەوی و هەندێ رووبەردا بگرێ بۆ فراوانکردنی سنوورەکان، بۆ ئەوەی بگاتە شاخێك یان رووبارێك، کە هەڵکەوتێکی بە پلەی یەکەم سنوور دیارخەری هەیە؟

لە روانگەی هەڵکەوتێکی لەم جۆرە ئێمە شەرعییەت دەدەین بە هەموو جۆرە توندوتیژییەك. لەبەر ئەوە، ناچارین بڵێین، ئایا ئەمە چیاکان و رووبارەکانن، کە سنوورە سروشتییەکانی نەتەوەیەك دیاری دەکەن؟ شتێکی بەڵگەنەویستە، کە چیاکان خەڵك لێك جیادەکەنەوە و رووبارەکانیش بە یەکیان دەگەیەنێ. پاشان هەموو چیاکان نابنە هۆی لێك جیاکردنەوەی دەوڵەتەکان. کامانەن ئەوانەی لێکیان جیا دەکەنەوە و ئەوانەش، کە لێکیان جیا ناکەنەوە؟ (لە لای رێنان هەندێ جار دەوڵەت بە نەتەوە دێ، هەندێ جاریش جیاوازی لە نێوان ئەم دووە دەکا. وەك لەم نموونەی سەرەوە دیارە— وەرگێڕ)

لە بیارتیسەوە تا تۆرنێیا رێژگەی رووبارێك چییە نادۆزیتەوە هەڵکەوتێکی سنووردیارخەری هەبێ. ئەگەر مێژوو بیویستبایە، لوار و سێن و مۆوز و ئەلب و ئۆدێر (ناوی هەندێ رووبار و شاخن- وەرگێڕ) هەمان خاسییەتی سنووری سروشتی وەك راین — یان دەبوو، کە ئەو هەموو کێشەی بۆ مافە بنچینەییەکانی ویستی مرۆڤەکان مرۆڤ ناوەتەوە. لەم بارەیەوە باس لە هۆکاری ستراتیجی دەکرێ.

راین لەم رووەوە حاڵەتێکی رەها نییە ، راستە بە پێی پێویست لەم بارەیەوە وازهێنان و دەست لێ هەڵگرتن إمتیاز/أعطا -Concession هەبێ. (لێرەوە رێنان ئاماژە بە رووباری راین دەکات لە نێوان فڕەنسا و ئەڵمانیا، کە لێکیان جیادەکاتەوە و هەردەم کێشەی لەسەر بووە–وەرگێڕ). بەڵام پێویست بەوە ناکا ئەم وازهێنان و دەست لێ هەڵگرتنە زۆر دوور بڕۆن. ئەگەر وانەبێ، ئەو کاتە هەموو خەڵك داوای چارەسەری

سوپایی دەکەن، ئەمەش واتە جەنگی بەردەوام. نەخێر، خاکیش وەك نەژاد نەتەوە دروست ناکا. خاك کۆڵەکە و بنچینەیەك بۆ یەکگرتن و بنیاتنان-Substratum دابین دەکا، زەمینەیەك بۆ خەبات و کارکردن، مرۆڤیش گیان پێشکەش دەکا. مرۆڤ هەموو شتێکە لە دروستبوونی ئەو شتە پیرۆزە، کە پێی دەگوترێ گەل، نەتەوە، میللەت هیچ ماددەیەك لەمە زیاتر تێری ئەمە ناکا. نەتەوە پرەنسیپێکی روحییە، ئەنجامی ئاڵۆزییەکی مێژوویی قووڵە، خێزانێکی روحییە، نەك گرووپێکی دیاریکراو بە هۆی نەخشە و پێکهاتەی خاك.

تا ئێستا باسی هەموو ئەو لایەنانەمان کرد، کە تێری ئەوە ناکەن ئەو پرەنسیپە روحییە دروست بکەن وەك: نەژاد، زمان، بەرژەوەندییەکان، پەیوەندی ئاینی، جیۆگرافیا و چارەسەری سوپایی. کەواتە چیتر ماوە باسی بکەین؟ دوای گوتنی هەموو ئەم شتانەی تا ئێستا بیستووتانە، وا ناکەم گوێگرتنتان درێژە بکێشێ.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی سێیەم

نەتەوە گیانە، پرەنسیپێکی روحییە. دوو شت هەن، کە لە راستیدا یەك شتن، ئەم گیانە، ئەم پرەنسیپە روحییە پێکدەهێنن. یەکێکیان لە رابردووە، ئەویتریان لە ئێستادایە -Present. یەکێکیان بریتییە لە بوونی میراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەری و (الارث والتقالید الماضية) و ئەویتریان رەزامەندی هەنووکەیی و ئارەزووی بە یەکەوە ژیان، ئیرادەی درێژەدان بە پیشاندان و دەستگرتن بەو میراتەی، کە بە شێوەیەکی هاوبەش پێیان گەیشتووە و بۆیان ماوەتەوە. بەڕێزان مرۆڤ شت ئەزبەر ناکات. نەتەوەش وەك تاکەکەس، ئەنجامی رابردوویەکی درێژی رەنج و قوربانی و گۆڕایەڵییە. نەریتی باو و باپیران لە هەموو شتێك شەرعی ترە. ئەرك و رەنجی باوباپیرانە، کە ئەمڕۆ بەم شێوەین. رابردوویەکی پاڵەوانانە، پیاوە مەزنەکان، بوونی شکۆمەندی، مەبەستم لە شکۆمەندی پڕە، ئەمانەن ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەی، کە بنچینەی

بیری ناسیۆنال و نەتەوە پێکدەهێنن. بوونی شکۆمەندیی هاوبەش لە رابردوو، ئارەزوو و ئیرادەی هاوبەش لە ئێستادا، کردن و بەجێ گەیاندنی زۆر شت بەیەکەوە و هێشتاش درێژەدانی زیاتر بەمە، ئەمانەن مەرجە جەوهەرییەکانی بوون بە گەل. بە رادەی جیاواز ئەو قوربانیانەمان خۆش دەوێن، کە بەخشیومانن، ئەو ئازارانەی چەشتوومانن. ئەو ماڵەمان خۆش دەوێ، کە دروستمان کردوون و بۆ نەوەکانی تر دەیگوازینەوە. سروودی سپارتییەکان گریکی کۆن، کە دەڵێ ئێمە ئەوەین، کە لە رابردوو ئێوە وابوون، ئێمە دەبینە ئەوە، کە ئێوە وابوون بە هەموو سادەییەکی خۆی، دەشێ ببێتە سروودی هەموو نیشتمانێك.

لە رابردوو، بوونی میراتێك لە شکۆمەندی و پەشیمانیی هاوبەش، لە داهاتووش بوونی هەمان پرۆگرام بۆ گەیاندنە سەر و جێ بەجێکردنی. بە یەکەوە ئازار چەشتن و بەختەوەربوون و هیوا خواستن، ئەمانەن، کە نرخییان زۆرترە و باشترە لە بوونی گومرگی هاوبەش و بوونی هەندێ سنوور بە گوێرەی هۆکار و روانینی ستراتیجی. ئەمەیە، کە باشتر تێیدەگەین وەك لە جۆربەجۆری نەژاد و زمان. پێش ئێستا گوتم بە یەکەوە ئازارچەشتن بەڵێ، ئازارچەشتن بە یەکەوە زیاتر یەکخەر و یەکدیگرە وەك لە بوونی شادی و بەختەوەریی هاوبەش. لە راستیدا بۆ یادداشت و بیرەوەرییە نەتەوەییەکان ناسیۆنالەکان کارەسات و ماتەم -Deuils باشترە وەك لە سەرکەوتنەکان، چونکە ئەمەیان ئەرکێك رەپێش دەکا، فەرمانڕەوایی رەنجدانی هاوبەش دەکا. کەواتە نەتەوەیەك بریتییە لە بوونی هاوکارییەکی گەورە، کە بە هۆی هەست و سۆزی پێشکەشکردنی قوربانیدان لە رابردوو و لە داهاتوودا دروست بووە. هەست و سۆزی پێشکەشکردنی قوربانیدان لە رابردوو و ئامادە بوون بۆ پێشکەش کردنی هەمان شت لە ئایندەدا. ئەمەش رابردوویەکی دەوێ، لە ئایندەش خۆی لە کردەیەکی دیار و هەست پێکراودا دەبینێتەوە، ئەمەش بریتییە لە: رەزامەندی و ئارەزووی روونی درێژەدان بە ژیانێکی هاوبەش. بوونی نەتەوە بریتییە لە دەنگدانێکی میللییانەی رۆژانە، ببەخشن کە ئەم مێتافۆر بەکاردێنم، هەروەکو بوونی تاکەکەس وایە، کە لە ناو ژیانێکی بەردەوامە. ئاه، دەزانم، ئەمە لە مافی خودایی کەمتر میتافیزیکییە، کەمتر شەڕانگێزترە وەك لە مافی هەڵبەستراوی مێژوویی. لە بە دوای یەکداهاتنی هەموو ئەو ئایدیایانەی خستمە پێشتان، نەتەوەیەك لە پاشایەك، شایەك زیاتر ئەو

مافەی نییە ، کە بە هەرێمێکی ولاتەکەی دەڵێ: تۆ هی منی، من دەستت بەسەردا دەگرم. هەرێمێك لە روانگەی ئێمەوە، بریتییە لە دانیشتوانەکەی، ئەگەر یەکێك لەم بارەیەوە راوێژی پێ بکرێ، ئەوە دانیشتوانەکەیەتی. نەتەوەیەك هەرگیز لە بەرژەوەندیی راستەقینەیدا نییە ولاتێك بە پێچەوانەی ئیرادەی خۆی زەوت بکرێ یان دەستی بە سەردا بگیرێ. راوبۆچوونی نەتەوەکان، دواجار، تاقە کریتێری (پێوەر) ی شەرعییە، کە دەبێ هەمیشە بۆی بگەڕێینەوە.

ئێمە وەهمەکانی مێتافیزیکی و ئایینناسی(تیۆلۆجی)مان لە سیاسەت دوور خستەوە. چیتر ماوە پاش ئەمە؟ ئەوەی دەمێنێتەوە مرۆڤە، مرۆڤ بە خۆی و ئارەزوو و پێویستییەکانییەوە. لەوانەیە بڵێن دوو کەرتبوون و لێکجیابوونەوە و پارچە پارچەبوونی نەتەوەکان بە گشتی، ئەنجامی سیستەمێکە، کە ئۆرگانیزمە کۆنەکانی دەخاتە ژێر رەحمەتی ئیرادەیەك، کە زۆرجار روون نییە . راستە لە حاڵەتی وادا هیچ پرەنسیپێك نابێ تا ئەوپەڕی خۆی پێداگیری لەسەر بکرێ. راستییەکانی حاڵەتی لەم جۆرە تەنیا هەموویان بە یەکەوە و بە شێوەیەکی گشتی نەبن پەیڕەو نابن.

ویستی مرۆڤ دەگۆڕێ، بەڵام لەم بارەیەوە چی ناگۆڕێ؟ نەتەوەکان شتێك نین نەمر بن.، کە سەرەتایان هەبوو پایانیشیان دەبێ.

لەوانەیە کۆنفیدراسیۆنی ئەورووپی جێگای بگرێتەوە. (ئەمڕۆ یەکێتیی ئەورووپی جێگای دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوروپیی گرتۆتەوە، ئەم کۆنفیدراسیۆنەی رینان باسی دەکا، بە راست دەرچوو، ئەمەش بەڵگەی دروستی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی رینان پیشان دەدا- وەرگێڕ) بەڵام ئەمە لەم سەدەیە جێ بەجێ نابێ. بۆ ئەمڕۆ بوونی نەتەوە شتێکی باشە و پێویستیشە. بوونی نەتەوەکان گەرانتی بەرقەراری ئازادییە و بێگومان ئەم ئازادییە نەدەما ئەگەر جیهان یەك قانون و یەك سەرداری هەبووایە.

بە پێی توانای جۆربەجۆر و ناهاوتایان، نەتەوەکان بە یەکەوە کاری هاوبەشی شارستانی بنیات دەنێن.

هەر یەکەیان نموونەیەك دەخەنە سەر ئەم کۆنسێرتە گەورەیەی مرۆڤایەتی، ئەمەش بە گشتی بریتییە لە بەرزترین واقیعێکی نموونەیی و ئیدیال، کە پێی گەیشتوون. بەڵام هەر نەتەوەیەك بە تەنیا وەربگرین لایەنی لاوازی خۆی هەیە. زۆرجار لەگەڵ خۆم دەڵێم، کە یەکێك هەموو جۆرە خراپەکارییەکی هەبێ و لە لای نەتەوەکان

ئەم خراپەكارییانە وەك چاكەكاری وەربگیرێن، ئەو كەسە لەسەر شكۆمەندی پووچ بژیێ و بە رادەیەك چاوبرسی و دڵپیس و ئاژاوەگێڕ بێ، بێ هەڵكێشانی شیر نەتوانێ دان بە خۆیدا بگرێ، لە روانگەی منەوە كەسێكی نەفرەت لێكراوە لە ناو مرۆیان.

بەڵام ئەم هەموو وردەكارییە نارێك و پێكەوە نەگونجاوانە لە ناو بە یەكەوەبوویی شارستانییەكاندا بزر دەبن. بە راستی سكم بە مرۆڤایەتی دەسوتی، رەنج و ئازارێكی زۆری بینیوە، دەبێ چیتر چاوەڕێی بكا! هیوادارم گیانی حیكمەت ببێتە رابەری مرۆڤایەتی و لەو مەترسییانە بیپارێزێ، كە دێنە سەر رێگای.

بە كورتی بەڕێزان: مرۆڤ نە كۆیلەی نەژادی خۆیەتی، نە هی زمان، نە هی ئاین، نە هی ئاراستەی رووبار و زنجیرە شاخەكان. بەڵگەنامە یان پلەیەكی Agregation- (بەڵگەنامە یان شەهادە یان پلەیەكی باوەڕپێكراوی رۆشنبیری و پسپۆڕی- وەرگێڕ) مەزنیی مرۆڤ، ساغ لە رووی ئەقڵی و گەرم لە دڵەوە، هوشیارییەكی ئەخلاقی دروست دەكەن، كە پێی دەگوترێ نەتەوە.

تا ئەو كاتەی ئەم هوشیارییە ئەخلاقییە هێزی خۆی بنوێنێ بە هۆی ئەو قوربانیدانەی، كە وەك ئەركێكە لەسەر شانی تاكەكەس لە خزمەتی گشتی پێشكەشی بكا، نەتەوە شەرعییەت بە خۆی دەداو مافی بوونی خۆی دەپارێزێ. ئەگەر گومانیش لە سەر سنوورەكان قیت بوونەوە، رای دانیشتوانە بە یەك ناكۆكەكان وەربگرن.

مافی خۆیانە لە بارەی كێشەكەوە رایان وەربگیرێ. رەنگە ئەمەش لە روانگەی سیاسەتی بەرز و باڵاوە پێكەنیناوی بێ، ئەم پاكیزانە ژیانی خۆیان بەوە دەبەنە سەر یەكتری هەڵخەڵەتێنن و لە بەرزایی پرەنسیپە باڵاكانی خۆیانەوە، سكیان بە جیهانی ئێمە دەسووتێ، راوەرگرتنی دانیشتوانەكان، كەواتە بیكە، چ ساویلكەییە ! فەرموو ئەمانەن ئایدیا فرەنسییە كرچ و كاڵەكان، كە دەیانەوێ لە جیاتی دیپلۆماسی و جەنگ وەسیلەی دیكەی منداڵانە بەكاربهێنن.

چاوەڕێ كەن بەڕێزان، لێگەڕێن فەرمانڕەوایی باڵا -Transcendance تێپەڕێ، فێری بە كەم سەیركردنی خۆمان بین لە لایەن بەهێزەكان. لەوانەیە، دوای زۆر هەست پێكردنێكی بێهوودە، دەگەڕێینەوە بۆ چارەسەری پشتبەستوو بە ئەزموون. هۆكاری بە راست گەڕاندنی روانینمان لە ئایندە، هەندێ جار، وەك فێربوونی سەرشۆڕكردنێك مۆدێلی نەماوە.

سەرچاوە:- رێنان، ئێرنێست. نەتەوە چییە ؟ وەشانی Mille et Une Nuit، پاریس، فرەنسا، ١٩٩٧.

- RENAN, Ernest.Qu'est-ce que une Nation? Preface de Nicolas Tenzer, Illustration de Karine Daisay, edition Mille ET Une Nuit. Paris, n: 178. 1997. pp 48.

کوردۆلۆجی

## لەژێر چاپدایە

دابەشبوونی دانیشتوانی شاری هەولێر — فاتیمە قادر مستەفا

ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا — شیلان عومەر حسین

## سەردانی ماڵپەڕی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بکەن

www.kurdology.com

# رۆژهەڵات داهێنانێكی رۆژئاوایە

## خوێندنەوەی وردی كتێبی" رۆژهەڵاتناسی" ئێدوارد سەعید

د. موحسین ئەحمەد عومەر

ئەم وتارەی بەردەستت بریتییە لە خوێندنەوەیەكی راستەوخۆی كتێبی "رۆژهەڵاتناسی- L'Orientalisme" ئێدوارد سەعید، كە چاپە فرەنسییەكەی ناونیشانێكی دیكەی لابەلاشی هەیە لە ژێر ناوی —L'Orient cré par l'Occident واتە: رۆژهەڵاتی داهێنراو لە لایەن رۆژئاوا، یان رۆژهەڵاتی دروستكراو لە لایەن رۆژئاوا. من ئەم بابەتەم لە زستانی ساڵی ١٩٩٦- ١٩٩٧ لە پاریس بە فرەنسی نووسیوە و هەر لە لایەن خۆشمەوە كراوەتەوە كوردی، راستەوخۆ پشتم بە چاپی یەكەمی فرەنسییەكەی بەستووە، كە لایەن وەشانی گالیمار لە ساڵی ١٩٨١ چاپ و بڵاوكراوەتەوە، ئەم وتارە بریتییە لە كورتكردنەوەیەكی چڕی ئەم كتێبە، كە لە كاتی دەرچوونیدا ناوبانگێكی زۆری پەیداكرد، هەتا ئەمڕۆش تێزەكانی درێژە بە خۆیان دەدەن. ئێدوارد سەعید لە زۆر شوێن نموونەی لە مێژوو و واقیعی عەرەبی بەرامبەر بە رۆژئاوا هێناوەتەوە، لەو شوێنانەی پێویست بێ منیش نموونەم لە مێژووی هاوچەرخی كورد هێناوەتەوە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە پێكهاتووی سیاسی فەرهەنگی كۆمەڵایەتی. بایەخی سەرەكی ئەم كتێبە لەوەدا خۆی دەنوێنێ، كە خوێندنەوەیەكی تیۆری ئەبستمۆلۆجییە بۆ گشت ئەو كەرەستە و نووسینانەی لە پەیوندی رۆژهەڵات و رۆژئاوادا هەیە. لەمەیان نووسەر وەك مێتۆد و خوێندنەوە زۆر سەركەوتووە، بەڵام راستەوخۆ ئەو رەخنەیەی، كە لەم كتێبە دەگیرێ ئەوەیە هەندێ جار نووسەر، كە باسی رۆژهەڵات دەكات نموونە تەنیا لە واقیعی عەرەبی دەهێنێتەوە، هەندێ جاریش، كە باسی ئیسلام دەكرێ وەك ئەوەی تەنیا باسی عەرەب بكرێ. سەرەنجام، لەگەڵ

خوێندنەوە ڕۆژهەڵات و عەرەب و ئیسلام وەك یەك شت دێنە بەرچاو. لە کاتێکدا ئەمانە سێ شتی جیاوازن و هەر یەکەیان بوارێکی لێکۆڵینەوە و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ناو ڕۆژهەڵاتناسی. بێجگە لە عەرەب، کورد و فارس و تورك و میللەتانی موسلمانی تری ڕۆژهەڵات، هەریەکەیان مێژوو و هەڵکەوتی تایبەتی و قورسایی و جێگای خۆیان لە پەیوەندی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە. ڕۆژهەڵات هەر تەنیا عەرەب نییە ، عەرەبیش تەنیا هەموو ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژهەڵاتە داهێنراوەی ڕۆژئاوا پێکناهێنێ.

## بووارەکانی ڕۆژهەڵاتناسی

ڕۆژهەڵاتناسی، جیهان و مرۆڤایەتی دابەشی دوو جۆر دەکات و نرخیان دیاری دەکات، لە دیاریکردنی ئەم نرخەدا، ڕۆژئاوا هەردەم پۆزەتیڤە، ڕۆژهەڵاتیش هەردەم نێگەتیڤ. لەوەتەی ڕۆژهەڵات هەردەم بە لاواز و بەرەو رووخان چوون سەیرکراوە، ڕۆژئاواش ئەو ئەرك و مافانەی بە خۆی داوە دەسەڵاتی بە سەریدا هەبێ.

### ١- جیۆگرافیای خەیاڵیی ڕۆژهەڵاتناسی

ئیدوارد سەعید لە دایکبوونی ڕۆژهەڵاتناسی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەنجومەنی ڤیەننا-ی ساڵی ١٣١٢. لەو ساڵەدا کلێسا بڕیار دەدا بەشەکانی زمانی عەرەبی و یۆنانی و عیبری و سریانی بکاتەوە. ئەمەش مانای وایە ڕۆژهەڵاتناسی هەر لە سەرەتاوە دەسەڵات و ئارەزوویەکی جیۆگرافیایی گەورەو تازەی هەبووە. چونکە وەك رووبەر ئەم جیۆگرافیایە جیهانێکی پان و بەرین دەگرێتەوە، ئەمەش لە یۆنانەوە بگرە تا دەگاتە ژاپۆن.

ڕۆژهەڵاتناسەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا دوو جۆر بوون، ئەو زانایانەی پسپۆڕ بوون لە زمانەکانی ڕۆژهەڵات، ئەو ئەدیب و نووسەر و شاعیرانەی، کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری وێنەی ڕۆمانسی و خەیاڵی ڕۆژهەڵاتی وەك: ڤیکتۆر هوگۆ لە کۆمەڵە شیعری ڕۆژهەڵاتییەکان، گوتە — Goethe لە دیوانی ڕۆژهەڵاتی، شاعیری ڕۆژئاوایی،

فلۆبێر لە رۆمانی سالامبۆ، ژێرار دو نێرڤال لە گەشتنامەکەی و نووسینەکانی تری و هیتریش.

لەبارەی ئەمانەوە، ئێدوارد سەعید بە چەشنێك باسی رۆژهەڵاتناسی دەکات وەك ئەوەی رۆژهەڵاتناسی جۆر ژانر-Genreێکی ئەدەبی بێ، باس لە ئێگزۆتیزم ناوێزە و بێ نموونە و کلێشەی ئامادە و نهێنی و لایەنە پەنهانەکانی وێنەی رۆژهەڵات دەکا.

## ٢- داهێنان و دروستکردنی جیۆگرافی

رۆژهەڵات وەك سفێرێکی جیۆگرافی لەسەر بنچینەیەك یان زەمینەیەك دروستکراوە، کە زەمینە و بنچینەی رۆژئاوا نییە . لەم بارەیەوە لە لای ئێدوارد سەعید دوو شانۆنامەی کلاسیکی ئەم نوێنەرایەتیکردنە جیۆگرافییەی رۆژهەڵات پیشان دەدەن، ئەمانەش بریتین لە:

١- فارسەکانی ئێشیل:، کە تێیدا ئاسیا رووخاوە و بەرامبەر رۆژئاوا دۆڕاوە.

٢- باخوسەکانی ئۆرپیدۆس:، کە تێیدا رۆژهەڵات چرووك و بێ مانایە و لە هەمان کات ورووژێنەرە، جیهانی باخوس –Bacchus خوداوەندی شەراب لە لای رۆمانەکان، جیهانێکی خەتەرناك و سەرەنجراکێشە.

پاشان لەسەر ئەم بنچینەیە فلتەرە ئەخلاقییەکان دادەمەزرێن، کە رۆژهەڵاتناسی دروست دەکەن، تەورات و کریستیانیزم، مارکۆ پۆلۆ، چیرۆکنووسەکان، فتوحاتی ئسلامی و خاچپەرستەکان. لەسەر ئەم بنچینەیە لە یەك کاتدا رۆژهەڵات بریتییە لە مێژوو، سەفەر، چیرۆکی خورافی، ستێریۆتیپ ڕوانینی حازر و بێ پێشینەیەکی بیرلێکراوە، دووبەرەکییەکی سەخت. لێرەوە رۆژهەڵات رارا و ناجێگیرە لە نێوان رەسەنایەتی خۆی، کە بریتییە لە سیفەتی سەرەنجراکێشی خۆی و دووبارەبوونەوەی ئەوەی، کە پێشتر ناسراوە، کە رق و کینە دەورووژێنێ.

هەر لە بارەی هەمان فلتەری روانینی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات، بۆ نموونە ئیسلام لە روانگەی کریستیانیزم بینراوە، ئیسلام وەك دووبارەبوونەوەیەکی کریستیانیزمی، بەڵام پڕ لە هەڵە و ناتەواوی بینراوە. لەم روانگەیەوە موحەمەد بۆ ئیسلام هەمان هەڵکەوتی کریست – عیسای هەیە بۆ کریستیانیزم. ئەم باوەڕە بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم

بایەخێکی گەلێك زۆری هەبوو، کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. ڕۆژهەڵاتناسەکان لایان گونجاوترە باس لە موحەمەدیزم یان ئاینی موحەمەدی یان موحەمەدییەکان بکەن وەك لە ئیسلام و موسلمانەکان.

ڕۆژهەڵاتناسی هێزێکی هەیە، کە بە سێ ئاراستە دەڕوا:

١. لەسەر ڕۆژهەڵات کە دروستی دەکات یان دایدەهێنێ
٢. لە سەر ڕۆژهەڵاتناسی کە ڕۆژهەڵاتناس دروست دەکات و دادەهێنێ
٣. لەسەر بەکاربەری ڕۆژئاوایی.

ئەم سێ ئاراستە هێزە ڕۆژهەڵات لە شوێنێك یان جێگایەك دادەنێ وەك ئەوەی لە دەرەوەی جیهاندا بێت.

ئەمەش ئەو مانایە دەدا، کە تەنیا پسپۆڕەکان، واتە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەتوانن لە ڕۆژهەڵات بگەن، ئەوان ڕۆژهەڵات دەکەنە وڵاتی خۆیان و بووری لێکۆڵینەوەی خۆیان. لێرەشەوە هەموو ڕۆژئاوا، کە ئارەزوویان لە ڕۆژهەڵاتە ناچارن کۆدەکانی بیرکردنەوە و زاراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بەکاربهێنن. سەرەنجام لەمەوە، دوو ئامانجی ڕۆژهەڵاتیمان دەست دەکەوێ، کە بریتین لە:

١. ڕۆژهەڵات بە ڕۆژهەڵاتی کراوە.
٢. ڕۆژهەڵات بچووك دەکرێتەوە، بە چەشنێك ڕێکدەخرێ وەك ئەوەی لە خوارەوەی ڕۆژئاوا بێ.

## ٣- پڕۆژەکان

گرووپی یەکەمی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە سەدەی نۆزدەیەم بریتین لە ئینگلیزەکان، ئەمانەش یان مسیۆنێرەکان بوون یان پزیشکەکان. لێرەوە "پەیامی" ڕۆژهەڵاتناسەکان لە دایك دەبێ، کە ئەمەش بە مانای ڕزگارکردنی کەلەپوور و مەزنی ڕابردووی ڕۆژهەڵات دێ بۆ یارمەتیدانی خودی ڕۆژهەڵات تا لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێ و لە داهاتوودا ئامادەیی هەبێ.

یەکێ لە خاڵە هەرە گرینگەکان، کە وەك سەرەتای بەرجەستەکاری ڕۆژهەڵاتناسی هاوچەرخ دادەنرێ داگیرکردنی میسرە (فتح — Conquête) لە ساڵی ١٧٨٩ لە لایەن

ناپۆلیۆن بۆناپارت. ناپۆلیۆن لەم هێرشکردن و داگیرکردنە سێ ئامانجی هەبوو، کە دەیویست بە دییان بهێنێ:

١- بە دەستهێنانی شکۆمەندی و ڕێگاگرتن لە بریتانیا تا نەگاتە هیندستان.

٢- بە دەستهێنان و پەیداکردنی کۆلۆنیەکی عەرەبی بۆ فرەنسا.

٣- دامەزراندنی ڕۆژهەڵاتناسی: هەڵبەت بە داگیرکردنی میسر ئەم هەلکەوتە زێڕینە بۆ فرەنسا هەڵدەکەوێ لە زوویکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، سەرەنجام ڕۆژهەڵاتناسی ئەو ڕێڕەوەی وەرگرت، کە پێویستە و ناپۆلیۆن دەیویست، واتە: تێکەڵکردنی زانین و دەسەڵات. ناپۆلیۆن بۆناپارت دەیان پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتناس لەگەڵ خۆی دەبات، دواتر ئەم پسپۆڕانە بەرهەمێك بەیەکەوە ئامادە دەکەن، کە بە وەسفی میسر — La description de l'Egypte ناسراوە و یەکێکە لە سەرچاوە هەرە دەگمەن و ناوێزەکانی ڕۆژهەڵاتناسی.

ڕۆژهەڵاتناسەکان وەك بەشێك لە "سوپای مەزن"ی بۆناپارت کاردەکەن، پەیوەندی بە خەڵکی ڕەسەنی شوێنەکەوە دەکەن، بەیاننامە و ئاگادارییەکانی سوپا و ناپۆلیۆن بۆ عەرەبی وەردەگێڕن، داوا لە زانا ئاینییەکان دەکەن قورئان بە گوێرەی بەرژەوەندی سوپای مەزن شرۆڤە بکەن. دواجار لایەنی کارگێڕی و دەسەڵاتی میسر لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دادەڕێژرێ.

چوارەمین پرۆژەی ناپۆلیۆن بریتییە لە بە دەستهێنانی مێژوو. لە ئاخاوتنێکی بۆ "سوپای مەزن" دەڵێ: ئێستا لە بلندایی ئەم پیرامیدانە (ئەهرامەکانی میسر) چەندان سەدەی مێژوو سەیرمان دەکاو لێمان دەڕوانێ. دواتر ئەستووندەیەك Obélisque کە بە خەتی هێرۆگلیفی لە سەری نووسراوە وێڕای سەدان دۆکیومێنت و پاشماوەی ئارکیۆلۆجی لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە فرەنسا. ئامانجی سەرەکی ناپۆلیۆن بریتی بوو لەوەی شارستانی کۆن و نوێی میسر بکرێتە کەرستەیەکی لێکۆڵینەوە. لێرەوە پەیامی کۆنی میسیۆنی ڕۆژهەڵاتناسەکان زیندوو دەبێتەوە، کە بریتییە لە ڕزگارکردنی بەشێکی ئەم کەلەپوورە جیهانییە، کە تا ئەو کاتە شاردراوە بوو یان نەناسرابوو. لەگەڵ هێرشەکەی ناپۆلیۆن ڕۆژهەڵاتناسی گەشەسەندن و فراوان بوونێکی زۆر سەرنجڕاکێش وەردەگرێ و فۆڕمەکانی لەم بووارانە بە دیار دەکەون وەك:

١. لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە زمانەکان.

٢. سەدەی نۆزدەیەم بە خێرایی دەبێتە سەرچاوەی بێ هیوایی بۆ ڕۆمانتیکەکان و ئازار و ڕەشبینییەکانی ئەو سەردەمە. ئەوەی بۆ ڕۆژهەڵات گەشت دەکات بە دڵشکاوی دەگەڕێتەوە.

٣. ڕۆژهەڵات دەبێتە سەرچاوەیەکی زیندووی سەیروسەمەرە و نموونەیەك بۆ ناتەواوییە ئەخلاقیەکان Exentricité، شذود، غرابە، غریب الأطوار و خەیاڵ لێدان - Fantasme، لێرەوە، ئاوەڵناوی ڕۆژهەڵاتی وەك هاوواتای سەیر و سەمەرە و شاد، غریب بە کاردەهێنرێ، یەکێك نەتوانێ لە ڕووی سێکسییەوە خۆی کۆنترۆڵ بکا...هتد.

٤. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، بووارەکانی لێکۆڵینەوە دەبینین تەواو هاوتایە لەگەڵ سنوورەکانی کۆلۆنی.

٥. لە باندۆنگ لە ساڵی ١٩٥٥ ڕۆژهەڵاتناسی دەکەوێتە ناو گرفتێکی گەورە: ڕۆژهەڵاتناسەکان، کە بایەخیان بە بابەتی ڕۆژهەڵاتێکی لاواز دەدا، توانای ئەوەیان نەبوو خۆیان نوێ بکەنەوە و لە یەکتری بگەن، کەچی لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە، ڕۆژهەڵاتێکی ئازاد و داواکار و بە هێز لە ڕووی سیاسی و سەربڵند بە خۆی دەدۆزنەوە. ئەم گرفتە گەورەیە بە دوو ئەلتەرناتیڤ چارەسەر دەبێ:

٦. ڕەتکردنەوەی گەشەسەندن.

٧. گونجاندنی بە زانینی ڕۆژهەڵاتناسەکان.

ئێدوارد سەعید نموونەی ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی ئینگلیزی سەدەی بیستەم گیب Gibb دەهێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٤٥ گیب لە زانکۆی شیکاگۆ، بابەتێك لە بارەی لاوازی ئەقڵی عەرەبی پێشکەش دەکا، کە توانای بیرکردنەوەی ئەقڵیی نییە . ساڵی ١٩٦٣، کە گیب بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هارڤەرد، لە ڕوانگەی ئەو پەیڕەوکردنی سایکۆلۆجی و میکانیزمی دام و دەزگا سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات و ئاسیادا، لە گاڵتەجاڕییەك زیاتر نییە .

ڕۆژهەڵاتناسی کۆدەکانی بیرکردنەوەی خۆی بۆ حاڵەتەکانی هاوچەرخ و ئەمڕۆ بەکاردەهێنێ:

هەواڵنامەی کتێب

• ڕۆژهەڵاتی کۆلۆنیزاسیۆن ڕەت دەکاتەوە چونکە لە پرەنسیپی خۆبەڕێوەبردن ناگا.
• فەلەستینییەکان جێگیربوونی جوولەکەکان لە فەلەستین ڕەت دەکەنەوە، چونکە ئەمانە موسلمانن و بە ئارەزوویەکی ناجێگیر هاندراون و دەیانەوێ ناموسلمانەکان ڕەتکەنەوە.

## ڕۆژهەڵاتی کێشە و بە کێشەکراو

### ڕۆژهەڵاتناس چۆن خۆی دەبینێ ؟

١. ئەو خۆی بە ڕزگارکەری ڕۆژهەڵات لە قەڵەم دەدا، زمانە بزربووەکان دەدۆزێتەوە، دەست لە سەر ڕەفتارەکان و ڕەگەزەگان و بیرکردنەوە و دیاردە ڕەوشتییەکان دادەنێ.
٢. ڕۆژهەڵاتناس خۆی بە داهێنەری ئامێر و مێتۆدی زانستی دادەنێ، کە ڕۆژهەڵاتی تێ دەئاخنێ.

ڕۆژهەڵاتناس بۆ هەموو ڕۆژئاواییەك پێویستییەکە ئەگەر بیەوێ لە ڕۆژهەڵات بگا. بێ ئەو، ڕۆژهەڵات لە ئاڵۆزی زیاتر نییە و زەحمەتە تێی بگەین و پڕە لە سەیر و سەمەرە و دیاردەی نالۆجیکی. لێرەشەوە دەبێ گرینگی بەم ئەفسانە و وەهمانە Mythe بدا بۆ ئەوەی بوونی خۆی و پێویستی خۆی بە ڕاستەقانی بگەیەنێ و پیشانی بدا تەنیا ئەو دەسەڵاتی هەیە شتەکان بە جوانی بگەیەنێ.

**١-سیلڤێستر دو ساسی، ئێرنست ڕێنان، کارل مارکس: لابووری فیلۆلۆجی و زایەڵەکانی**

سیلڤێستر دو ساسی بە دامەزرێنەری ڕۆژهەڵاتناسی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێ. لە ساڵی ١٧٥٧ لە خێزانێکی سەر بە مەزهەبی جانسنی لە دایکبووە. لە زوویەکەوە فێری زمانی عەرەبی و ئاشوری و کلدانی و عیبری دەبێ، بە تایبەتی زمانی عەرەبی، کە دەرگای ڕۆژهەڵاتی بۆ دەکاتەوە، ساڵی ١٧٩٦ ئەو یەکەم مامۆستای زمانی عەرەبییە لە "پەیمانگای زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان" پاشان لە ساڵی ١٨٢٤ دەبێتە بەڕێوەبەری ئەم پەیمانگایە، هەر لە ساڵی ١٨٢٤ دەبێتە پرۆفیسۆر لە کۆلیژ دو فرەنس. زمانی کوردی بە هەوڵی کامەران بەدرخان لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو دەچێتە ناو پرۆگرامی ئەم پەیمانگایە و لە بەشی ئێرانشناسی دەخوێندرێ، کە بەندە هەنگاوی

مەتریزی پێش ماستەر لەم پەیمانگایە خوێندووە. یەکێ لە کارە ناسراوەکانی سیلڤێستر دو ساسی، وەرگێڕی بوولتەنەکانی سوپای مەزنی فرەنسایە بۆ هاندانی موسلمانەکان دژی رووسیا، کە ئامانجی ناپۆلیۆن بوو، لە ساڵی ١٨٣٠ لە کاتی گرتنی جەزایر، سیلڤێستر دو ساسی بەیاننامەکانی سوپا بۆ جەزایریەکان وەردەگێڕێ. دروستکردن و داهێنانی سەرچاوە رۆژهەڵاتناسییەکان و لایەنی پێداگۆژی و هەروەها دروست کردنی نەریتێکی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕی ورد لە بارەی رۆژهەڵاتناسییەوە هەموو بۆ کار و خەباتی سیلڤێستر دو ساسی دەگەڕێتەوە. سیلڤێستر دو ساسی دیوارێك یان بەربەستێك لە نێوان کارە رۆژهەڵاتناسییەکان و خەڵك خوێنەران دروست دەکا. لێرەوە رۆژهەڵاتناسی دەبێتە دەست پێشخەرییەك و کارێکی نهێنی، باتینی، بووارێك تەنیا تایبەتمەند بێ بەو کەسانەی، کە دەست پێشخەری و خوێندنیان لەم بارەیەوە هەبووە و فێربوونە. بە کاریگەری سیلڤێستر دو ساسی رۆژهەڵاتناس دەبێتە کەسێك، کە لە نهێنی و شاراوەکانی رۆژهەڵات دەگا. پرەنسیپی گشتی لەم بارەیەوە دادەڕێژێ، نموونەی تایبەت بنیات دەنێ بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکان. بە داهێنەر و چالاك لەم بووارانەی خوارەوە دەدەنرێ، وەك: ئەرشیڤی رۆژهەڵاتناسی، جیاکردنەوەیان، هەڵبژاردنیان، خوێندنەوە و ئاشکرا کردنی کۆدەکانیان، دامەنووسی و بەرهەم هێنانەوە و خوێندنەوەیان. هەر ئەم کارانەشن، کە لە بەراییدا دەبنە بنچینەی سەرچاوەکانی رۆژهەڵاتناسی.

رۆژهەڵات خۆی بۆ (سیلڤێستر دو ساسی) رۆژ بە رۆژ بایەخی کەمتر دەبێتەوە لە تەواوی ئەوەی رۆژهەڵاتناسەکان پێشکەشی دەکەن. ئەمەش بنچینەیەکی پێشینە و بەراییە، کە لە لای ئەو بنیات نراوە.

سیلڤێستر دو ساسی لەگەڵ ئەوە دایە، کە رۆژهەڵات خۆی زۆر وشك و خاوە بۆ ئەوەی ئەورووپییەك تێی بگا. لەبەر ئەوە دەبێ لە لایەن رۆژهەڵاتناسێك وەربگێڕدرێ و بنووسرێتەوە.

سەرەنجام رۆژهەڵاتناس دەبێتە:

- فلتەرێکی پێویست لە رێگای ئەم فلتەرە رۆژهەڵات بە رۆژئاوا دەگات.
- رۆژهەڵاتناس دەبێ رۆژهەڵات لە رێگای پارچە پارچەی بچووکەوە پێشکەش بە رۆژئاوا بکات.

هەواڵنامەی کتێب

ئەم خاڵەی دوایییان وەك پرەنسیپێك بایەخێکی گەلێك گرینگی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتناس، چونکە ڕێگا بە ڕۆژهەڵاتناس دەدا، لافی ڕاستی و هەقیقەتی گەورە لەسەر ڕۆژهەڵات لێ بدا، لەسەر ئیسلام، شێوازی ڕەفتار و نەریتە ڕۆژهەڵاتییەکان لەسەر بنچینەی پارچەی بچووك ئەو ڕاستیانە پیشان بدا.

لەگەڵ تێپەڕینی وەخت کاری ڕۆژهەڵاتناس لە بیر دەکرێ و ڕۆژهەڵات لە هەمان ئاستی کاری ڕۆژهەڵاتناس دەوەستێ. سیلڤێستر دو ساسی بە داهێنەری ئەو مێتۆدە ناسراوە، کە دەڵێ: ڕۆژهەڵاتناس ڕۆژهەڵات دادەهێنێ و دروستی دەکا، ڕۆژهەڵاتناس ڕۆژهەڵاتی خۆی دادەهێنێ و دروستی دەکات و وەك ڕۆژهەڵاتێکی هەقیقی پیشانی دەدا.

هەرچی **ئێرنست ڕێنان**- ە، بە جێگرەوە و داهێنەری هاوپەیمانی نێوان ڕۆژهەڵاتناسی و فیلۆلۆجی دادەنرێ.

فیلۆلۆجی یارمەتی ڕێنان دەدا زمانەکان پۆلین بکا. بەڵام ڕوانین و تێگەیشتنی ڕێنان بۆ فیلۆلۆجی تا ڕادەیەکی زۆر میتافیزیکیانەیە. لە لای ڕێنان زمان بەرامبەر بە مرۆڤ وەك بوونەوەرێك دەوەستێ. لە هەمان کاتدا سەدەی نۆزدەیەم سەدەی زانستی پزیشکی و فرێنۆلۆجیشە زانستی لێکۆڵینەوە لە فۆڕمی کەللەسەر، بەو مانایەی کەسایەتی و بەهرەیەکی ئەقڵی و ئاوەز دەگەیەنێ. نزیکی و گۆڕینەوەی ڕۆشنبیریی لە نێوان ڕێنان و زانستەکانی دیکە، ڕێگا بۆ ڕێنان خۆش دەکەن لابدا و ڕێگای تر بگرێتەبەر.

لێکۆڵینەوە لە نەژادی زمانەکان وردە وردە بەرەو ئەوە گەشە دەکەن ببنە لێکۆڵینەوە لە نەژادی مرۆڤایەتی، پۆلین کردنی زمانەکان لە لایەن ڕێنان بۆ خێزانە زمانەکان دەبنە بنچینەیەك بۆ پۆلین کردنی نەژادی مرۆڤایەتی.

ڕێنان بوواری ڕۆژهەڵاتناسی خۆی دیاری دەکا، کە بریتییە لە سامی و سامییەکان Sémitisme، لەم ڕووە بایەخێکی زۆر بەم بابەتە دراوە، هەتا دەگاتە ئەو ڕایەی، کە دەڵێ ئەو خۆی سامی و سامییەکانی داهێناوە. ئەمەش نموونەیەکی باڵا و گونجاوی ڕۆژهەڵاتناسییە:، کە خۆی بوواری لێکۆڵینەوەی خۆی دادەهێنێ، لە هەمان کاتدا هەقیقەتێکیش دادەهێنێ.

سامی و سامییەکان، یان بواری لێکۆڵینەوەی سامی بۆ ئێرنست رێنان، رووچوون و ناتەواوییەکی نەژادییە لە هیند و ئۆرۆپییەوە هاتووە و رێنان هەموو شیکردنەوە و شرۆڤەکانی بەم فلتەرە جێ بە جێ کردووە: ئەمەش بریتییە لە داهێنانی دژەسامی هاوچەرخ Antisémitisme.

ئێرنست رێنان وەسفی سامییەکان دەکات وەك یەکتاپەرستێکی هار، کە نە هونەر، نە کولتوور، نە میتۆلۆجیایەك چییە بەرهەمیان نەهێناوە، هەروەها هۆشیارییەکی کەمیان هەیە و دواجاریش نوێنەرایەتی ئەقڵ و ئاوەزێکی نزمتر دەکەن لە سروشتی مرۆڤایەتی. لێرەوە رێنان بە لارێدا دەڕوا لە پەیوەندی نێوان زمانناسی و ئەناتۆمی توێکاری. رێنان، کە نموونەی بێ هاوتای رۆژهەڵاتناسە، داهێنان دەکات و رەفز دەکاتەوە و حوکم لە بارەی کەرستەکانی دەدا. لە لای رێنان زمان وەك بوونەوەرێکی زیندووە، بە چەشنێك باس لە سامی و سامییەکان دەکا، کە خاوەن ئەقلێکن تەنیا لە ئاستی رابواردن دان، توانای خۆ زیندووکردنەوەیان نییە ، زمانیان مردووە. ئەمەش زەمینەی رووناکبیرییە بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە سامییەکان بوونەوەری زیندوو نین.

رێنان بە داهێنەری ئەوە دادەنرێ، کە ئێدوارد سەعید ناوی لێ دەنێ لابراتوار Labratoire یان تاقیگە:

- بچووککردنەوەی رۆژهەڵات، لێ سەندنەوەی خاسیەتی مرۆیی بۆ ئەوەی بتوانرێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و بخرێتە ناو کۆد و زانستەکان.

رێنان زمانەکان بۆ رەگ و ریشەکان دەگەڕێنێتەوە، مرۆڤەکانیش بۆ نەژادیان. لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی زمانانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا وادەکەن دوو خێزانە زمانی جیاواز لە دایك بن: خێزانە زمانی هیندوئەوروپی و خێزانە زمانی سامی. پرەنسیپەکانی رۆژهەڵاتناسی دەیانەوێ یان ئەوە پیشان دەدەن، کە رۆژئاوا لە رۆژهەڵات بالاتر بێ، رێگاش بۆ ئەوە خۆش دەکەن، کە زمانەکانی هیندوئۆرۆپی بالاترن لە زمانەکانی سامی. دواجار لە هەردوو خێزانە زمان دوو جۆر نەژادی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە، هیندوئەوروپییەکان بۆ ئارییەکان، سامی —یش بۆ سامییەکان. لێرەشەوە زەمینەی بالایی Superiorité ئارییەکان لەسەر سامییەکان دەدۆزرێتەوە.

شۆڕشی فیلۆلۆجی ئێرنست رێنان کارێك دەکا، کە لە مەودوا یان دواتر رۆژهەڵاتناسی

هەواڵنامەی کتێب

ببێتە دیسیپلینێکی بەراوردکاری. بەڵام لە بارەی کارل مارکسەوە، ئێدوارد سەعید کارل مارکس بە رۆژهەڵاتناسێکی رۆمانتیکی لە قەڵەم دەدا، رۆژهەڵاتناسێك لە شێوەی گۆتە Goethe، چونکە پێی وایە، مارکس تەواو دڵنیایە، کە ئینگلتەرە لە هیندستان دەبێ لە ناوبردن و تێکدان دروست بکا بۆ ئەوەی سەر لە نوێ لە دایك بێتەوە.

مارکس سۆز و نیگەرانی خۆی بۆ ئازاری هیندییەکان پیشان دەدا بەڵام هەر زوو ئەم سۆز و نیگەرانییە بزر دەبێ، چونکە ناچارە، بۆ ئەوەی لە بارەی رۆژهەڵات بدوێ، دەبێ وشە و کۆدەکانی بیرکردنەوەی رۆژهەڵاتناسەکان بە کاربێنێ، کە هاوتای هەمان سۆز و نیگەرانیەکانی بەراییە و بۆ ئەم رستەیە دەگۆڕێ لە بنچینەدا ئەم خەڵکە ئازار ناکێشن، چونکە ئەمانە رۆژهەڵاتین.

مارکس نموونەی نارۆژهەڵاتناسە هەست ناکا خیتابی رۆژهەڵاتناسیی ئاوەژووی دەکا. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە، هەر، کە لە بارەی رۆژهەڵاتەوە قسە دەکەن، هاوکێشەیەك لە ناساندن و کۆدی جیاجیا خۆیان بەسەر بیرکردنەوە فەرز دەکەن و وادەکەن وەك رۆژهەڵاتناسێك مرۆڤ بیریکاتەوە.

**٢- گەشتیاران و گەشتکەرانی ئینگلیزی و فرەنسی**

گەشتیاران و گەشتکردن بۆ خاکی پیرۆز ئۆرشەلیم گرینگی بایەخی خۆی هەیە، چونکی ئەزموون و تاقیکردنەوە دەخەنە سەر بوواری ناسینی کتێب، بە تایبەتی کتێبە پیرۆزەکان. لە سەدەی نۆزدە رۆژهەڵات دەبێتە ئامانجی گەشتی زۆر تایبەتمەند، فلۆبێر و دزرائیلی و مارك تویەن سەفەری بۆ دەکەن و گەلێك ئیماژ Image مەبەست لە ئیماژ، زیاتر ئینتیباع و روانینە نەك وێنە، چونکە دەتوانین بڵێین وێنەی ئینتیباعی، هەرچی ئیماژە زیاتر هەڵکەوتێکی خەیاڵی یان باشتر موجەرەدی هەیە، رەنگە وێنەی موجەرِەد لێی نزیك بێ لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە.

بەڵام ئەورووپییەك، کە لە رۆژهەڵاتە بە شێوەیەکی ئیجباری لە پەیوەندییەکی نایەکسان و ناهاوسەنگە. نموونەی لەم جۆرە، لان Lan ی رۆژهەڵاتناسە بە خۆیی و کتێبەکەی وەسفی داب و نەریتی میسرییەکان خۆی وا نیشان دەدا دەچێتە ناو رۆژهەڵاتییەکان وێڕای پاراستنی ئەقڵ و روانینی ئەورووپایی خۆی، ئەمەش وەك

پێویستییەك بتوانێ حوكمیان لەسەر بداو قسەیان لەسەر بكا و شییان بكاتەوە.

لان بە داهێنەری ڕۆژهەڵاتناسی سیخوڕ Espion دادەنرێ. توانای خۆتواندنەوە و درۆكردن بۆ بەدەست هێنانی زانین بە سوودی ڕۆژئاوا. بەڵام لان دەبێ وەك سیخوڕێكیش خۆی بە ڕۆژئاوا بناسێنێ، وەك تەنیا بە ڕواڵەت موسلمانێك، وەك ڕۆژئاواییەكی خاوەن ڕەگ و نەژادێكی پاك بۆ ئەوەی لە هەموو ساتێكدا خۆی وا پیشان بدا، كە تووشی یان دووچاری كوفر نەبووە.

لەم بارەیەوە لان بە یەكەم كەسێك دادەنرێ، كە ئیشكالییەتی خستۆتە ناو زانیارییەكانی ڕۆژهەڵاتناسی، هەڵبەت لە جیهانی كۆكردنەوەی زانیارییەكان، واتە سیخوڕی و هەواڵگری Renseignements. پرەنسیپێك هەیە، كە ناچارمان دەكات زانیارییەكان لە ڕوانگەیەكی چاوەڕێكراو پێشكەش بكەین لە لایەن ئەو كەسەی، كە دەخوێنێتەوە، واتە لە ڕوانگەی بڕیاردەری سیاسی، ئەگینا ئەو كەسە هەست بە شتەكان ناكا.

كەواتە لان نوێبوونەوە و داهێنانی خستۆتە ناو ڕۆژهەڵاتناسی، ئەو ناچارە خۆی وا پیشان بدا، كە جێگای باوەڕە و وەك ڕۆژئاواییەك وایە، سیفەتی مرۆیی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەكان بكاتەوە، بۆ ئەوەی سیمایەكی زانستی بداتە كارەكانی.

یەكێكی دیكە لە خاسیەتەكانی ڕۆژهەڵاتناس، لان دەیەوێ هەموو میسر بە دەست بهێنێ، میسر بە تەواوی و لە هەموو ڕوویەكەوە.

لەم بارەیەوە ڕووداوێك دەگێڕێتەوە، كە مانایەكی تایبەتی دەبەخشێ، لە میسر زۆر فشاریان بۆ هێناوە ژنێكی میسری بهێنێ، هەموو جارێك، كە داوایان لێ كردووە بە توندی ڕەتی كردۆتەوە بۆ ئەوەی وەك ڕۆژئاواییەك بمێنێتەوە و نەكەوێتە ناو تەڵەی ئەوەی ببێتە ڕۆژهەڵاتی. لان ناچاربووە خۆی ڕەت بكاتەوە و ڕواڵەتی مرۆیانەی ڕۆژهەڵاتی لە خۆی دووربخاتەوە بۆ ئەوەی وەك ڕۆژهەڵاتناسێك بمێنێتەوە. لەگەڵ لان، ڕۆژهەڵاتناسی سیفەتێكی تایبەتی وەردەگرێ، كە بریتییە لە كۆكردنەوە و بە دەست هێنانی ماتەریالی ڕۆژهەڵاتی، پاشان بڵاوكردنەوەی ئەم ماتەریالانە ڕێكخستنیان وەك زانینێكی تایبەتمەند. ڕۆژهەڵاتناس خاوەنی ڕۆژهەڵاتە. ئەگەر بمانەوێ ڕۆژهەڵات بناسین یان گێڕانەوەمان لە بارەیەوە هەبێ، بە ئیجباری دەبێ پەنا بۆ ئەو ببەین یان

هەواڵنامەی كتێب

وەکو ئەومان لێ بێ.

لان لەگەڵ رووداوی ژن هێنانە میسرییەکەیدا، رینماییەك بۆ ئەو کەسانە دادەنێ، کە سەفەر بۆ رۆژهەلات دەکەن، ئەمەش بریتییە لە خۆ سانسۆر کردن ئۆتۆسانسۆر. ئەو نووسەرەی دەچێتە رۆژهەلات ناچارە وەك ئەرکێك، وەك رۆژهەڵاتناسێك رەفتار بکا، ماتەریالی زانستی و دابڕاو لە سیفەتی مرۆیی لەگەڵ خۆی بهێنێتەوە. نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەری شیعرییەتی شوێن، مێژوو، پاشماوە و کەلاوەی ئارکیۆلۆژی، کاریگەری سێکسی، جوانی، رۆحانییەتی سەحرا، دەروون و هەڵکەوتی ئەخلاقی جیاواز...هتد. هەموو ئەم لایەنانە وەك ترس و خەتەری دێنە بەرچاو، ئەو کەسە دەبێ خۆی بپارێزێ و بە ئەوروپایی بمێنێتەوە. گەشتیارانیش خۆیان بە مەبەستی هێنانەوەی ماتەریالێك، کە بۆ رۆژهەڵاتناسی سوودی هەبێ دەگونجێنن، دەیانەوێ بەم جۆرەبن.

**٣- دوو رۆژهەڵاتناسی**

ئێدوارد سەعید جیاوازی لە نێوان دوو رەوتی رۆژهەڵاتناسی دەکا:

١. ئینگلیزەکان لە ناو ئیمپراتۆریای خۆیان سەفەر دەکەن، خۆیان بە کردە و داهێنانەکانی کۆلۆنیالی دەبەستنەوە، بە دوای سەرکەوتنەکاندا دەگەڕێن...هتد.

٢. فرەنسییەکان ئاهوئەسەفیان بۆ ئەو حاکانەی خۆیان هەیە، کە لە دەستیان داوە و هەوڵەکانیان بۆ رۆژهەڵات زیاتر ئۆتۆپییە خەیاڵی. ئەمەش بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان هەردووکیان، لە ناپۆلیۆنەوە تا ئەمڕۆ بە سەریدا زاڵ نەبوونە. رۆژئاوا رۆژهەلات فێر دەکات ئازادی چ مانایەك دەبەخشێ و چی دەگەیەنێ.

## نێرڤال و فلۆبێر

ئەمانە نموونەی گەشتیار و زیارەتکاری فرەنسین، بەڵام لە رۆژهەڵاتناسی کلاسیکی تێدەپەڕێنن. نێرڤال لە ریگای پەیوەندی بە ژنێکەوە تام و چێژ لە رۆژهەلات دەکات. ئەو پێچەوانەی لانە، کە ئەمەی رەت دەکردەوە. بەڵام زۆر لە یاداشتەکانی لان وەردەگرێ بۆ خۆ بە راست گەڕاندن و سەلماندن. ئەمەش نموونەیەك یان جۆرێکە لە دان پیانان بە سەرکەوتنی خۆی. ئەو ناتوانێ لە بەرامبەر رۆژهەلات خۆی بپارێزێ و

بەرگری بکا، کۆڵ دەدا، خەریکبوو لە ئەرکەکەی وەك رۆژئاواییەك بمێنێتەوە، بەڵام رۆژئاواییەك دابڕاو لە سیفەتی مرۆیی. رۆژئاوا دەبێ خۆی بخاتە ناو رکێفی دەسەڵاتی رۆژهەڵاتناسی. سەرەنجام نێرڤال ناچارە یاداشتێکی زۆر لە لان وەربگرێ بۆ ئەوەی نرخێکی رۆشنبیری بداتە کارەکانی، ئەمەش شتێکە هیچ نووسەرێك ئامادە نییە بیکا لەسەر بابەتێکی تر.

بەڵام فلۆبێر بۆ ئیماژی سێکسی رۆژهەڵات بایەخێکی گەلێك مەزنی هەیە. لە لای ئەو رۆژهەڵات جێگایەکە بۆ ئەزموونی سێکسی. هەموو ئەوانەی سەفەری بۆ دەکەن بە دوای ئەم ئەزموونە گەڕاون: پەیوەندییەکی سێکسی بێ گوناهی رۆژئاوایی. بە دەست پێشخەری فلۆبێر، لایەنی سێکسی رۆژهەڵاتی دەبێتە بابەتێکی گەلێك میللی: وەك بوونی سەمای ژنان لە سەمای میللی، ژنی رۆژهەڵاتی، وەك بوونی کارت پۆستالی ئێرۆتیکی کۆلۆنیالی ساڵانی بیستەکان. وێرای تێوەگلانی سیاسی بەرەو ژووری ئەورووپی لە رۆژهەڵات لە ساڵانی ١٨٤٠ بۆ سەرەوە و کێشەی لوبنان رووبەڕووی وەسفێکی وردی کێشەی کەمایەتییەکان دەبینەوە. رۆژهەڵات وەك مۆزایکێك لە کەمایەتی خۆی دەردەکەوێ، کە هەر زنجیرێك کەمینەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە.

## رۆژهەڵاتناسی هاوچەرخ

### ١- رۆژهەڵاتناسی شاراوە و رۆژهەڵاتناسی دیار

رۆژهەڵاتناسی رۆژهەڵات دەباتە ناو زانستی رۆژئاوا، پاشان دەیباتە ناو هوشیاری یان ئاگایی Conscience رۆژئاوا.

بۆ هەموو ئەورووپییەك، رۆژهەڵاتناسی زنجیرەیەك هەقیقەت و سەرچاوە لە بارەی رۆژهەڵات دەنەخشێنێ، کە رێ بۆ روانینێکی ئیمپریالیستی و ئێتنۆسەنتریستی خۆش دەکەن. ئەم هەقیقەتانە جێگیرنین، هەردەم لە گۆڕاندان، هەروەکو چۆن رۆژهەڵاتناسی پێی وایە رۆژهەڵات پاسیڤە و توانای خۆنوێکردنەوەی نییە ، مردوو و بێ جوولەیە، رۆژهەڵاتناسی بۆ خۆشی دووچاری هەمان حاڵەت دەبێتەوە، مردوو و بێ جوولەیە. ئەم حەقیقەتە نەخشە بۆ کێشراوانەی سەر رۆژهەڵات، راستەوخۆ لە سەدەی نۆزدەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەمەش زۆر بە وردی تا رادەی وشە بە وشە گەیشتووە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمەش لە دیسپۆتیزمی رۆژهەڵاتی، کەسایەتی رۆژهەڵاتی، شەهوانیەتی رۆژهەڵاتی دەردەکەوێ. بەڵام رۆژهەڵاتناسی وەك رێبازێکی سیاسی بە مانای باڵادەستی بە هێز بەسەر لاواز و بێ هێز دێ. رۆژهەڵاتناسی سەدەی نۆزدەیەم ئەم روانینانەی وەك کۆمەڵێك هەقیقەت رەپێش کردووە. ئێدوارد سەعید ناو لەم رۆژهەڵاتناسییە دەنێ رۆژهەڵاتناسی شاراوە. ئەمەیان بە پێچەوانەی رۆژهەڵاتناسی دیار گەشە دەکا.

١- تیۆرەکانی نەژاد، لەمەش مەبەست ئەوەیە، کە پێشکەوتوو و گەشەسەندووەکان ئاری و ئەوروپییەکانن، دواکەوتووەکانیش رۆژهەڵاتی و ئەفریکاییەکانن.

٢- پشتگیری ئیمپریالیزم: مەبەست لەمە، دەست نیشان کردنی یەکێکە وەك رۆژهەڵاتی، واتە ناساندنی وەك نەژادێکی نۆکەر، کە دەبێ نۆکەرایەتی بکا و لەم ئاستە بمێنێتەوە. سنوورەکانی رۆژهەڵات بە پێی ویستی ئیمپریالیزم دەگۆڕێ، ئەم دیاردەیە یۆنان و ئیسرائیل ناگرێتەوە.

٣- بوونی روانینێکی نێرانە، بەو مانایەی رۆژهەڵات مێیە، پڕ لە نهێنییە، شەهوانییە، منالآنەیە، کەرستەی خەیاڵ و فانتازمایە. رۆژهەڵات وەردەگرێ، سەرەنجام دەبێ بچینە ناوی و کارگەریمان لە سەری هەبێ و کۆلۆنی بکرێ.

ئێدوارد سەعید زۆر گرینگی بە پەیوەندی سێکس و کۆلۆنیزاسیۆن دەدا. رۆژئاوا رۆژهەڵات کۆلۆنی دەکات چونکە هەست دەکات پیاوە، نێرە. رۆژئاوایی لە ئەوروپا وەچە دەنێنەوە و منداڵ دروست دەکەن، سەرەنجام دەبێ لە رۆژهەڵات پشوو بدەن. هەتا کردەی کۆلۆنی کردنیش گەلێك زۆر بە مەراسیم و کەشی فریودان و دەسخەرۆکردن اغواو Séduction دەچێ. سەرەتا ئامانجێك گەشەی پێ دەدرێ، پاشان فریو دەدرێ گەشەپێدانی کارگەرییەك دواتر پێ لە ناو خاکی ئەو دادەنرێ، وێڕای گەشەپێدان ماڵی دەکرێ و دەپیتێنرێ.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم زانین (معرفە) دەسەلات زۆر بە قووڵی تێکەڵی یەکتر دەبن.

ساڵی ١٩٥٩ لۆرد کورزۆن و کرۆمەر بەرپرسانی ئیداری لە میسر پەیمانگای لێکۆڵینەوە رۆژهەڵاتییەکان دادەمەزرێنن، لێرەوە رۆژهەڵاتناسی دەبێتە ئامێرو کەرستەیەکی باڵادەستی و رکێف کردن. بە کەڵکی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە و فێرکردنی بەرپرسانی کۆلۆنیالی دێ. هەر لەو سەردەمەشەوە، کە بوواری جیۆگرافیا

وەك زانستێکی نوێ دەتەقێتەوە، جیۆگرافیناسەکان دەبنە ئاژانی سیخوڕ زانیاری کۆکەرەوە بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە. فەتح Conquête. بۆ نموونە، لە وڵاتی کۆنگۆ، کە کۆلۆنیەکی بەلژیکا بوو، پێش ئەوەی ببێتە دەوڵەت کۆمەڵەیەکی جیۆگرافیایی بوو. لە وڵاتی مەغریبیش جیۆگرافیناسە فڕەنسییەکان بنچینەی بەڵگەنامەکانی کاروباری دانیشتوانی ڕەسەنی ئەوێیان دارِشتووە. هەر لەم ساڵانەدا بوو کۆمەڵە جیۆگرافی و جیۆگرافیناسەکان بایەخێکی لە رادە بە دەریان وەرگرت، کە وەك شۆڕشێك دەژمێردرێ. هەرە ناسراوترینیان بریتی بوون لە کۆمەڵەی جیۆگرافیایی فڕەنسی، کۆمیتەی ئەفریکای فڕەنسی، کۆمیتەی ئاسیای فڕەنسی، کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیایی...هتد. کاری ئەم کۆمەڵانە بریتی بوو لە گەشەپێدانی بەرژەوەندی رۆژئاوا لە چوارچێوە و شوێنی مەبەست. دانانی سنوورەکان بەم کۆمەڵانە دەسپێردرێ، وەك چۆن لە سەروبەندی پەیمانی سایکس پیکۆ رۆلی خۆیان گێڕا لە دانانی سنوورەکان بۆ میسر و فەلەستین و عێراق و ئوردن، کە بەر بریتانیای مەزن کەوتبوون و سووریا و لوبنانیش بەر فرەنسا. کوردستانیشی گرتەوە و بە پێی هەمان پەیماننامە دابەشی سێ پارچە لە عێراق و تورکیا و سووریا کرا. لە سەرەتای سەدەی بیستەم رۆژهەڵاتناسەکان دەبنە ئاژانی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا، لۆرەنسی عەرەبی ناسراوترین کەسایەتییە لەم بارەیەوە. لە ناو کوردیش، مێجەر نۆییل و مێجەرسۆن و های و ئەدمۆنز و. ..هتد، هەمان رۆلی لۆرەنس و بگرە زیاتریش دەگێرن لە کۆنترۆل کردنی کوردستان و دابەشکردنی، هەڵبەت لە خزمەتی بریتانیای مەزن، بۆ نموونە کتێبی خێڵەکانی کورد- ی مارك سایکس لە سەردەمی نوێ لە بوواری کوردناسیدا بایەخێکی زۆری هەیە، بە یەکێ لە سەرچاوەکانی کۆنترۆل و ناسینی کورد دادەنرێ، هەڵبەت وێرای کارەکانی مێجەرسۆن لە بوواری زمان و چاپەمەنی. ژیانی نهێنی و پڕ لە گومانی مێجەرسۆن بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ لە کوردستان وەك ئاژانێکی بەریتانی پێش بوون بە حاکمی سیاسی سلێمانی بۆ تێگەیشتن بووە لە کورد و ناسینی بزووتنەوە و لایەنی لاواز و بە هێزی ئەو. هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا دوای بە هێزبوونی کۆمەڵە جیۆگرافییەکان و سەرهەڵدانیان، گەریدەیەکی وەك ئانری باندێر ساڵی ١٨٨٥ لە سەر داواکاری کۆمەڵەی جیۆگرافیناسانی فڕەنسی دێتە کوردستان و

هەموو لایەك دەگەڕێ. ئەمە چەند نموونەیەکە لەم بارەیەوە، دەشێ ئەم لایەنە فراوانتر و تایبەتمەندتر باسی بکرێ.

**٢- شێواز، توانا، روانینی شارەزا.**

ئیمپریالیزم لە بنچینەدا پێشنیاری ئەوە دەکات رۆژئاوا، کە دەچێتە رۆژهەڵات بە مەبەستی نوێکردنەوەی رۆژهەڵاتە، بەڵام ئەمە لەگەڵ پرەنسیپەکانی رۆژهەڵاتناس ناگونجێ، کە دەیەوێ رۆژهەڵات جێگیر و پاسیف بێ. گەشەسەندن و بووژانەوە دەبێ هەر لە رۆژئاوا بمێنێتەوە هەتا ئەگەر لە رۆژهەڵاتیش سەرهەڵبدا. لۆرەنس کە بە لۆرەنسی عەرەبی —یش ناسراوە و خاوەنی کتێبی هەفت کۆڵەگەکەی حیکمەتە، رەمزی ئەم پرەنسیپەیە، ئەو خۆی هەموو راپەڕینی عەرەبەکانە، هەموو مێژووی راپەڕینی عەرەب لۆرەنس خۆیەتی، بەرپرسیاری سەرکەوتن و نشووستییەکانە.

رۆژهەڵاتناس بە سەختی دەبێتە ئاژانی ئیمپرتۆرەکەی خۆی، دەبێتە یەکێتی رۆژئاوا و رۆژهەڵات.

**٣- گرفتی نێوان دوو جەنگ**

لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا گرفتێکی مەزن دووچاری رۆژهەڵاتناسی دەبێتەوە، رۆژهەڵاتییەکان خۆیان نوێ دەکەنەوە، داوای چارەنووسی خۆیان دەکەن، بزووتنەوەی سەربەخۆیی دادەمەزرێنن، دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی دەوەستنەوە و باڵادەستییەکەی رەت دەکەنەوە.

لێرەوە سەرەتای گەڕانەوەیەکی ترسێنەری رۆژهەڵات دەردەکەوێ، رۆژهەڵاتناسی سەرەنجام بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ناو کۆدەکانی خۆی، لەمەودوا خۆی لە ئیسلام بەرجەستە دەکاتەوە. دواجار لەم ساڵانەدا، رۆژهەڵاتناسی لە رێگای گرینگیدان بە لێکۆڵینەوە لە ئیسلام لە رێگای دوو رۆژهەڵاتناسی ناسراو خۆی نوێ دەکاتەوە، یەکەمیان لوی ماسینیۆن- ی فرەنسییە، ئەویتریان گیب- ی ئینگلیزییە.

**٤- بووژانەوەی رۆژهەڵاتناسی فرەنسی و ئینگلیزی**

گرفتی گەورەی رۆژهەڵاتناسی لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی راگرتن و باڵادەستیی بەردەوامی رۆژئاوا بەسەر رۆژهەڵاتدا، سەرەنجام پەیوەندی رۆژهەڵات بە رۆژئاوا، کە تا ئەو کاتە باڵادەستی ئەمەی دواییان بوو بەسەر هی یەکەم، بۆ بەشداری کار و هاوتای ئەو دەگۆڕێ. ماسینیۆن، کە رۆژهەڵاتناسی

دیاری ئەو سەردەمەیە لە ڕێگای وانەکانی ئێڕنست ڕێنانەوە دێتە ناو ڕۆژهەڵاتناسی. ئەو بە گشتی گرینگی بە ئیسلامی سوفی یان سوفیزمی ئیسلامی داوە. بۆ ئەو ئیسلام بریتییە لە ئاینی ئیسماعیل، واتە ئەو پەیمانانە ڕەت دەکاتەوە، کە خودا بە ئیسحاقی داوە. بۆ ئەو ئیسلام تەنیا ئاینی پرۆتێستۆ و خەباتە جهاد دژی کوفر. سوفیزمیش، سوفیزمی ئیسلامی، وەك دژە ئاراستەیەکە لە ڕێگای ئەمەوە دەیەوێ لە خودا نزیك بێتەوە. ماسینیۆن بە ڕۆژهەڵاتناسێکی نوێخواز لە قەڵەم دەدرێ. هۆ و ئەنجام لە لای ئەو پێکدێ لە ئیسلام و عەرەب. ئەو لە نووسینەکانی پێش ١٩٤٨ تاقە ڕۆژهەڵاتناسی ئەنتی کۆلۆنیالیزمە و پشتگیری لە فەلەستینییەکان دەکا. بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەو لە ناو لۆجیکی دوانەی ڕۆژهەڵاتی کۆن – ڕۆژئاوای نوێ دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەوڵێکی زۆری داوە لە ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بگا، بەڵام قەت ناتوانێ لە دەمەقاڵێ و ناکۆکی نێوان ئیسحاق و ئیسماعیل تێپەڕێ. سەرەنجام یەکێ لە بیرە نوێیەکان لێرەوە سەرهەڵدەدا، ئەمەش بریتییە لەوەی، کە ڕۆژهەڵات ناتوانێ لە خۆی بگا چونکە ڕۆژئاوا خستوویەتیە ناو ئەم حاڵەتەوە و زیانی پێ گەیاندووە. بەڵام ماسینیۆن زۆر بە نەریتخوازی و کلاسیکی دەمێنێتەوە، هەموو شتێك دەخاتە ناو پەیوەندی بنەما سامییەکان، کە ڕۆژهەڵاتین، ڕۆژئاوایی، کە ئەوروپایی و ئارین. بەڵام هەرچی گیب –ە، تەواو پێچەوانەی ماسینیۆن بوو. ئەو لە پێناوی خزمەت کردن بە وڵاتەکەی نووسیویەتی. لە لای ئەو، لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان دەبێ لە خزمەتی سیاسەتی نیشتمانی بریتانیا بێ.

لە ڕوانگەی ئەوەوە ئیسلام ئاینێکی جیهانی و لێبووردەیە، ڕێگا بەوە دەدا کۆمەڵێك کۆمونۆتەی جیاجیا بەیەکەوە بژین. لە ڕوانگەی گیب، تەنیا زایۆنیستەکان و مارۆنییەکان ناتوانن لەگەڵ ئێتنیکی دیکەی جیاواز بژین.

لای گیب، مۆدێرنیزمی ئیسلامی وەك پەرچەکردارێك بوو بەرامبەر ڕۆمانسیزمی ئەوروپایی. هەروەها ڕای وایە، کە ئیسلامی بێ نموونە و ئیدیال، ئیسلامی بێگەرد ناشێ هەبێ تەنیا لە لای زاناکانی ئیسلامی نەبێ. بە ڕای گیب ئیسلام کاریگەرییەکی بێدەنگی هەیە لەسەر کۆمەڵانی خەڵك، ئەمەش بە هۆی لایەنی بێگەرد یان ئیدیالی خۆی، کە لە لایەن دەستەی زانایانی چاکسازیخواز بە مەبەستی نوێکردنەوە

لێکدەدرێتەوە ناکۆکی تێدەکەوێ. هەموو کێشە و لە باریەکچوونەکانیش بۆ ئەمە دەگەڕێنەوە.

گیب روانینی خۆی بە رۆژهەڵاتناسی دەبەستێتەوە، کە بە رای ئەو دەتوانێ بنووسێ و پەردە لە سەر شتەکان هەڵماڵێ بەرامبەر بە ئیسلام کاتێ، کە ناتوانێ بدوێ و لێرە و لەوێ دەستەی زانایانی دەکەونە هەڵە و درۆ کردن.

**٥- سەردەمی نوێ**

لە روانگەی ئێدوارد سەعید لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم رۆژهەڵاتناسی دەگەڕێتەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی دوای گرتنەوەی ئیمپراتۆرە کۆلۆنیدارە کۆنەکانی ئەوروپایی لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لێرەوە رۆژهەڵاتناسی تێکدەشکێندرێ پاشان سەر لە نوێ لە ژێر ناوی لێکۆڵینەوە ئارییەکان دروست دەکرێتەوە.

**٦- نوێنەرایەتی وێنەی عەرەب لەو سەردەمە**

تەواوی ئەو وێنانەی عەرەبەکان هەیانە لە میدیای رۆژئاوا لە رۆژهەڵاتناسی کلاسیکی وەرگیراون و کاریگەری ئەویان بە سەرەوەیە.

- پێش ١٩٦٧ عەرەبەکان بریتیی بوون لە بەدووەکانی سەرپشتی وشتر.
- پاش ١٩٦٧ بریتی لە بەرجەستەکاری دۆڕاندن و بێ توانایی.
- پاش ١٩٧٣ بریتین لە عەرەبە ترسناکەکان، کە بیرە نەوتەکان کۆنترۆڵ دەکەن، لە ناو کاریکاتێرەکانیش نوێنەرایەتی سامییەکان دەکەن وەك بوونی زەردەخەنەیەکی شووم، لوتێکی گەورە و چەماوە، ئەوان لە پشت هەموو کێشەیەکی ئابوورییەوەن، کە پەیوەندی بە نرخی ماددە خاوەکانەوە هەیە.

لەم روانگەیەوە عەرەبەکان مێژوویێکیان هەیە، بەڵام ئەم مێژووە بەشێکە لەو مێژووەی، کە نەریتی رۆژهەڵاتناسان پاشان نەریتی زایۆنیستەکان دروستیان کردووە. لامارتین و زایۆنیستە بەراییەکان لەو بڕوایەدان فەلەستین وەك سەحرایەکی چۆڵ و هۆڵ وایە چاوەڕێی بووژانەوە و بوون بە باخچە دەکا، ئەمەش بە رۆژئاوا دەکرێ. بە پێی روانینی ئێدوارد سەعید جوولەکەی ئەوروپایی پێش سەردەمی نازی دووفاقی کردووە یان کەوتۆتە ناو ئەم حاڵەتە. ئەوەی ئێستا هەمانە بریتییە لە پاڵەوانێکی جوولەکە، کە دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتێکی دووبارە دروستکراوەوە، کە لە

ڕۆژهەڵاتناس - جەربەزە - پێشەنگ بوورتۆن - لان — ڕێنان و سێبەری هەڵکشاوی خۆی، کە عەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتن. عەرەب لە لایەن ئیسرائیل بەستێندراوەتەوە بە زنجیرەیەك پەرچەکرداری سزادراو، هەر ئیسرائیل خۆی دەیخاتەوە شوێنی خۆی، واتە ناو سێبەر. لە دەرەوەی ئەنتی زایۆنیزم، عەرەب خاوەنی پیترۆلە، لێرەشەوە ئێمە بەرامبەر بە نەبوونی توانا و نەبوونی توانای عەقلی و ئەخلاقی عەرەبین کەچی خاوەنی ئەو هەموو پیترۆلە یەدەگە زۆرەیە. پرسیاری باو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە: بۆچی خەڵکانێك وەك عەرەب دەبێ ئەو مافەیان لە دەست بێ هەڕەشە لە جیهانی ئازاد و گەشەسەندوو بکەن؟ وەڵامەکەش بریتییە لەوە: مارینزەکان دەتوانن بڕۆن دەست بەسەر کێلگەکاندا بگرن. لە ناو میدیا، عەرەب هەردەم وەك کۆمەڵە خەڵکێك Masse پیشان دەدرێ نەك وەك تاکە کەس بێجگە لە دیکتاتۆرە ڕۆژهەڵاتییەکان هەردەم کۆمەڵانی خەڵکی عەرەب لە میدیاکان لەو کاتانە پیشان دەدەن، کە تووڕەن و لە ناو کوێرەوەری دان و خەریکی کردەیەکی ناعەقلانین. ئەمەش دەبەسترێتەوە بە هەڕەشەی جیهاد و داگیرکردنی ڕۆژئاوا...هتد.

### ٧- ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی

لە ڕوانگەی ئێدوارد سەعیدەوە بەشداری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەوەیە لەمەودوا لە ڕێگای زمانەوە ئەم بەشدارییە دەست پێ ناکا بەڵکو لە ڕێگای لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژییەکانەوەیە و پاشان لە سەر ڕۆژهەڵات پڕاتیك دەکرێ.

ئەمریکا هەمان نەریتی فیلۆلۆجی ئەوروپایی نییە و ڕۆژهەڵاتیش هەردەم وەك کێشەی سنوور بینراوە. ڕۆژهەڵاتناسی گۆڕاوە، بەڵام هەمان خاسییەتی تایبەتی خۆی پاراستووە، کە بریتییە لە دژایەتی و کینە لەوەی لێی دەکۆڵێتەوە.

### ٨- ئەمریکا نەریتێکی ڕۆژهەڵاتناسی تایبەت بە خۆی هەیە

کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی ساڵی ١٨٢٤ دامەزراوە، هەڵبەت لە پێناوی هاندانی ئەمریکا بۆ چوونە ڕۆژهەڵات. ئەمریکییەکان هەر لە زوویەکەوە بایەخێکی تایبەتی بە زایۆنیزم و فەلەستین دەدەن. هەر لەبەر ئەمەش وەك یەکێ لە هۆیەکان وایان لێ دەکات بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بکەن. لە لای ئینگلیزەکانیش، پشتگیری کردنی زایۆنیزم و پەیماننامەی بەلفۆر ئامانج تیایاندا خۆ نزیك کردنەوە بووە لە ئەمریکییەکان بۆ بە دەست هێنانی پشتگیری بانکەکانی ئەمریکی، کە لە دەست

هەولێرنامەی کتێب

جوولەکەکان بوو. بە رای ئێدوارد سەعید خالّی هاوبەش لە نێوان زایۆنیزم و ئەنتی سامی رۆژهەڵاتناسییە. ساڵی ١٩١٨، شێم وایزمان نامەیەك بۆ لۆرد بەلفۆر بەم شێوە توندەی خوارەوە دەنووسێ: عەرەبەکان، کە بە رواڵەت زیرەکن و گیانێکی زیندوویان هەیە، تەنیا رێز لە یەك تاقە شت دەنێن، کە هێز و سەرکەوتنە. ... دەسەڵاتی بەریتانی وەك ئەوان دەزانێ و سروشتی بە کرێگیراوی عەرەب دەناسێ ... لەبەر ئەوە دەبێ بەردەوام لەسەر پێی خۆیان بن. هەر چەند رژێمی ئینگلیزی دادپەروەری پەیڕەو بکا، عەرەبەکان لووت بەرزتر دەبن...

ئەم روانینە کاریگەری لەسەر روانینی ئەمڕۆی عەرەب هەیە. ئەو فەلەستینییەی، کە خەبات دژی کۆلۆنیالیستی بێگانە دەکات یان کێوییە یان گەوجە ئەوان بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ ئەو سەحرایەیان لەبەر دەست بوو هیچیان لێ نەکرد. یان کۆمەڵە خەڵکێکن دەشێ پشتگوێ بخرێن، جۆرێك لە بوونەوەری خوارەوەی مرۆن، کە دابڕاون لە خاسیەتی مرۆڤایەتی و خاسیەتی دابڕاو لە تاکەکەسی. ئیدارەی سیاسەتی ئیسرائیل بەرامبەر بە عەرەب پشت بە رۆژهەڵاتناسی دەبەستێ. ئەمەش لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێ.

- عەرەبی باش ئەو کەسەیە چی داوا لێ بکەین دەیکا.
- عەرەبی خراپ عەرەبێکی تیرۆریستە.
- عەرەب رێزی هێز دەگرێ و خۆی هێمن رادەگرێ ئەگەر بەردەوام هەڕەشەی لێدانی لەسەر بێ.

ژەنەڕاڵ هەرکابی وەسفی ئەقڵ و رەوشتی عەرەب دەکات و دەڵێ: ئەوان لە رووی ئەخلاقییەوە تێکچوون، دژە سامین و توندەتیژن و ناهاوسەنگن. لە روانگەی ئێدوارد سەعید زایۆنیزم لە رۆژهەڵاتناسیەوە وەرگیراوە. لەبەر ئەوەی دەبینین:

- هەر سامییەك، کە رێگای رۆژهەڵاتناسی هەڵبژارد بەهێزە، پێشەنگە، نوێیە.
- سامییەکەی تر، واتە عەرەب، ئەو لە ناو رێگا رۆژهەڵاتییەکان دەمێنێتەوە، واتە کەرستەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتناسی.

**٩- رۆژهەڵاتییەکان، رۆژهەڵاتییەکان، رۆژهەڵاتییەکان.**

تەواوی شارەزاکان، کە راوێژ بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن بە رۆژهەڵاتناسی گۆشکراون. ئێدوارد سەعید بە دوای ئەوە ناگەڕێ بڵێ، کە رۆژهەڵاتی



هەواڵنامەی کتێب

راستەقینە جیاوازە لەوەی رۆژهەڵاتناسەکان دەیڵێن، بەڵام دەیەوێ بڵێ رۆژهەڵات داهێنراوێکی رۆژهەڵاتناسییە. رۆژهەڵاتناسی ئیمرۆ لەوپەڕی بە هێزی و سەرکەوتنی خۆیدایە، رۆژهەڵات لە راستیدا بووەتە مانگێك بە دەوری وڵاتە یەکگرتووەکاندا دەسووڕێتەوە. هیچ زانایەکی رۆژهەڵاتی ناتوانێ لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتناسانی رۆژئاوا پشتگوێ بخاو گرینگی پێ نەدا، چونکە: خوێندنگاکان لە لایەن هێزە کۆلۆنیالیستەکان دروست کراون، کتێبخانەکان لە رۆژئاوان، درێژەدان بە لێکۆڵینەوە و خوێندن لە رۆژئاوا دەکرێ نەك لە رۆژهەڵات. زاناکانی رۆژهەڵات دێن لە ئەمریکا کڕنووش بۆ رۆژهەڵاتناسەکان دەبەن، پاشان دەچن لە رۆژهەڵات لێکۆڵینەوەکانیان بڵاودەکەنەوە. زاناکانی رۆژهەڵات سوود لە رۆژهەڵاتناسی وەردەگرن بۆ دەست بەسەرداگرتنی رۆژهەڵات. هۆکاری دووەم بریتییە لە ئایدیۆلۆجیای بە کاربردن Consommation، عەرەبەکان بریتین لە بەکاربەری گەورەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆکاکۆلا، ترانزیستۆر، پیشاندانی وێنەی کولتووری رۆژهەڵات لە ماس-میدیا، لێرەوە پارادۆکسێکی دوو سەرە سەرهەڵدەدا.

- عەرەب، کە خۆی وەك عەرەب دەبینێ، کە لە لایەن هۆلیوود پیشان دەدرێ.
- ئەنتیلجنسییای دروستکراو بۆ بازاڕی ئازاد رۆڵی خۆی لە بازرگانی Marketting دەدۆزێتەوە، ئەمەش واتە نوێبوونەوە لە رێگای بە کاربردن.

ئیسلامییەکان هەمان ئەم کۆدانە بە کاردەهێننەوە، هەڵبەت بە مەبەستی نوێکردنەوە لە رێگای سەر لە نوێ بە ئیسلامکردنەوە، ئیسلام دەکەنە کەرستەیەکی بە کاربردن.

**تێبینی:** زاراوەی Structurer، کە چاوگێکی فرەنسییە بە مانای بنەما رێکخستن، دانانی بنەما و سیستەم دێ، لە لای ئێدوارد سەعید لە فۆرمی رابردووی سادە بەکارهاتووە وەك Structuré و Restructuré بە کارهاتووە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای مشکل بالفتحە و مرکب دێ، واتە: کێشە و بە کێشەکراو.

**سەرچاوە:** Edward Saïd, L'Orientalisme, L'Orient Créé par l'Occident. Seuil, ١٩٨٠.

**- ئێدوار سەعید، رۆژهەڵاتناسی، رۆژهەڵاتی داهێنراو لە لایەن رۆژئاوا، وەشانی سۆی، گالیمار، ١٩٨٠.**

# عەرەبی بەدو و شوانکارەی کورد
# بەراوردێك
# لە نێوان رواڵەت و بنەماکانی ژیانیان

نووسینی / د. شاکر خصباك
وەرگێڕانی / د. جەزا تۆفیق تالب
م.ی. عەتا محمد علاالدین

بیابانشینی (بەداوەت) بەمانا جیۆگرافییەکەی بریتییە لە شوێنگۆڕکێ، دۆخێکە ژینگەی سروشتی بەسەر مرۆڤیدا سەپاندووە. ئەم دۆخەش لەگەڵ دوو رواڵەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هاوکاتە. یەکەمیان رواڵەتی ئابووری خۆی لە خەریکبوونی دانیشتوان بە (لەوەڕ گوێزانەوە – الرعی المتنقل) دەبینێتەوە و دووەمیان رواڵەتی کۆمەڵایەتی کە پشت بە سیستمە خێڵایەتییەکە دەبەستێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئاژەڵداری لەوەڕ گوێزانەوە سادەترین شێوەی بە دەنگەوەچوونە بۆ ئەو ژینگە سروشتییە وشکە یا نیمچەوشکە و دروست بووی سروشتیی ئەو ژینگەیە گژوگیایە، جا کورت بێت یان درێژ، لە سروشتی ئەم گژوگیایەدایە لە کاتی باران باریندا شین دەبن و هەرکاتێك بەکارهات، ئیتر تا ساڵی داهاتوو سەوز نابێتەوە. بۆیە دانیشتووانی ئەم ناوچانە ناچارن هەمیشە بەشوێن جێگەی نوێدا بگەڕێن و بەردەوام کۆچ بکەن لە جێگایەکەوە بۆ یەکێکی تر.

هەر کە گژوگیای ناوچەیەك بەسەردەچێت، بۆ دابین کردنی لەوەڕی ئاژەڵەکانیان بۆ ئەوی تر کۆچ دەکەن. بۆیە نیشتمانی راستەقینەی شوانکارە گەڕۆکەکان، بیابان و نیمچە بیابانەکانە. بەڵام هەندێ شوێنی تر هەن (لە هەندێ ناوچەی کوردستانیش) کە دەکەونە پشت هێڵی بارانی ( ١٠ ) ئینچەوە کە بڕی بارانەکەی بەشی کشتوکاڵی

**جێگیر ناکات**، بۆیە سیستمێکی شوانکارەیی گەڕۆکی تێدا دروست بووە کە لە هەندێ ڕووەوە هاوشێوەی سیستمی بەدووەکانی بیابانە.

لەگەڵ ئەوەی بڕبڕەی ژیانی ئابووری هەریەك لە بەدوی عەرەب و شوانکارەی کورد، لەوەڕ گوێزانەوەیە، هەروەك چۆن بڕبڕەی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەردووکیان خێڵایەتییە، بەڵام کۆمەڵێك جیاوازی لە یەکیان جیادەکاتەوە، کە لە (ناوەرۆکیدا - جوهرها ) جیاوازییە لە نێوان شوانکارەی بیابان و شوانکارەی ستێپس، کە هەوڵ دەدەین لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بیانخەینە ڕوو.

دیارترین جیاوازی لە نێوان بەدوی عەرەب و شوانکارەی کورد بریتییە لە سیستمی کۆچ و ڕەو لای هەریەکەیان، کۆچ و ڕەو لای کۆچەری کورد جۆرە گواستنەوەیەکی بەپێی وەرز (ستوونی - الرأسی ) و دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانی ئاووهەوا لە وەرزەکاندا. ڕاستییەکەی ئەمانە ساڵانە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دووجار دەگۆڕن، لە سەرەتای هاویندا سەردەکەون بۆ ناوچە بەرزەکان(کوێستان)، لە کۆتایی پاییزیشدا دادەگەڕێن بۆ دەشت و دۆڵەکان. ئەم (گەڕانە - التنقل) بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستە بە ڕادەی چەندایەتی و چۆنایەتی لەوەڕگاکان، نەك پلەی گەرما کە ڕۆڵێکی لاوەکی دەبینێت. ئەوەی شایانی تێبینی کردنە ئەوەیە، کە ئەوان پابەندن بە ناوچەیەکی دیاری کراوی لەوەڕگای زستان، بەتایبەتی کە تیایدا بە کشتوکاڵکردنەوە خەریك دەبن، بەڵام لە لەوەڕگا هاوینییەکانیاندا(کوێستان) دەچنە شوێنی تا ڕادەیەك فراوانتر، کە ئەمەش قەد پاڵ و لوتکەی چیا و بانە بەرزەکان دەگرێتەوە، کە لەوەڕی زۆریان لێیە.

هەندێك نووسەر بەوە ڕازی نەبوون کە ئەم جۆرە کۆچکردنە بە ڕەو — گەڕان (الترحل)، ناوبنرێت، ئەم کۆمەڵە گەڕۆکانە لە کۆتاییدا، جار لە دوای جار دەگەڕێنەوە هەمان شوێنی پێشووی خۆیان، هەرچەندە ئەگەر لە هاتوچۆی هاوینیاندا زۆریش ڕۆشتبێتن[1]، بەڵام ناتوانین ئەم ڕایە وەربگرین، لەبەرئەوەی دیارترین ڕوخساری ژیانی کۆچبەرەکان، ناجێگیربوونە، کە مۆرکێکی تایبەت بە ژیانی ئەم کۆمەڵانە دەبەخشێت. بەڵام کۆچی عەرەبە بەدووەکان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کۆچی کوردە

---

[1] Hoover, O,W, Novaj nomadism , Geographied Review , Vol,xxi,No.3. 1939.

کۆچەرییەکاندا هەیە، کە بریتییە لە جووڵەیەکی بەردەوام و هەموو ساڵەکە دەگرێتەوەو پابەندی وەرزەکان نییە، هەروەها بریتییە لە جووڵەیەکی نیمچە بازنەیی، لەوەرزی باراندا دەچنە قوڵایی بیابانەکان و لە وەرزی بێ بارانیدا لە رووبارو سەرچاوە ئاوییەکان نزیك دەبنەوە، ئەم جووڵانەوەیەش بەندە بە کەمی و زۆریی باران بارین، چونکە ئەو بارانە، دابەش بوون و دەوڵەمەندیی لەوەڕگاکان دیاری دەکات. هەروەها بیرەکان کاریگەرییان لەسەر ئەم جووڵانەوەیە هەیە، چونکە بیرەکان بەکلیلی رێگاکانی ناو بیابانەکان دادەنرێن و سەرچاوەی ئاوی کاروانی کۆچەرییەکانن، لەبەرئەوە رۆڵێکی گەورەیان لە دابەش بوونی کۆمەڵە کۆچەرییەکانی ناو بیابانەکاندا هەیە[٢].

بڕیاری (کۆچ و رەویش - الأرتحال) لە لایەن ریش سپی یان سەرۆك خێڵەکانەوە دەدرێت، سەرۆك یان ریش سپی فەرمانی کۆچ و وەستان و کات وشوێنەکانیان دەدات[٣]

لە رابردوودا، کۆچی شوانکارە کورد و عەرەبە دەشتەکییەکان روخساری جۆرە رێکخستنێکی پێوە دیار بووە.

لە کاتی کۆچکردنی شوانکارە کوردەکان هەموو ئەندامەکانی خێزان بە پێ دەڕۆشتن، پیاوان تفەنگەکانیان دەکردە شانیان، لە کاتێکدا ژنەکان منداڵەکانیان دەگرتە کۆڵەوە، بەڵام منداڵ و پیرەکان سواری ولاخ دەبوون، کەل و پەلەکانیش کە بریتی بوون لە رەشماڵ و رایەخ و پێداویستی رۆژانە لەسەر پشتی هێستر و گوێدرێژەکان بار دەکران. پێداویستییە قورسەکانیش، وەك رەشماڵە زستانەییەکان، لای ئەو خزم و دۆستانە جێ دەهێڵران کە لە رۆڵەکانی هەمان خێڵ بوون و دەمانەوە، بۆ پارێزگاریی کردنیان و بۆ ئەوەی تا بکرێ گیاندارەکانیان باریان سووك بێت. جەڵەبە یان رانە ئاژەڵەکانیش لە قەدپاڵی گردەکاندا، لەژێر چاودێری شوانەکاندا بڵاوەیان پێدەکرا.

٢ البداوة والاستقرار فى العراق، للدكتور نورى خليل البرازى، معهد البحوث والدراسات العربية، القاهرة، ١٩٦٥، ص ١١٥.

٣ البادية، تأليف عبدالجبار الراوى، بغداد، ١٩٤٧، ص ١٠٧.

ڕەوکردنەکە لە نێوان ناوچە زستانەییەکان و (لەوەڕگا - المراعی) هاوینییەکان بە چەند قۆناغێکی جیا ئەنجام دراوە، کە هەر قۆناغێکیان چەند سەعاتێکی دەخایاند. زیاتر ڕەوەکە لە بەرەبەیانەوە دەستی پێدەکردو لە نیوەڕۆدا دەوەستا، پاشان دوای خۆرئاوابوون، بەتایبەتی لە شەوانی مانگەشەودا دەستی پێدەکردەوە. لە کاتی کۆچەکردنەکەدا (ڕەشماڵیان) هەڵ نەدەدا، تەنها لە و دەمانەدا نەبێت کە کاروانەکان لە جێگایەکدا بۆ چەند ڕۆژێك دەمانەوە، بەڵکو هەرکەسەو جل و بەرگ یان پێخەفی لە خۆی دەئالاند و لەو هەردەدا دەنووست. هەرچی کۆچی عەرەبە دەشتەکییەکانیشە، ئەوا ( بورکهات Burkhardt) ی (گەڕیدە- الرحالة) لە ناوەڕاستی سەدەی ( ١٩) بەم شێوەیە باسی لێوە کردوون :

(لە پێشی خێڵی کۆچبەرەوە کۆمەڵە (سوارێك) کە ژمارەیان پێنج یان شەش کەس دەبێت لە دووری (٦) میلەوە دەڕۆن، بۆ ئاشنابوون و چاودێری کردنی ڕێگاکە. بەشی سەرەکی خێڵە کۆچەرییەکە لە ریزێك کە پێش دەکەوت بە دووری (٣) میلو لە چەند پیاوێکی چەکدار و حوشتر سوار پێك هاتووە کە دووری نێوان هەر یەکەیان (١٠٠ ) بۆ ( ١٥٠ ) هەنگاو دەبێت و بە درێژایی ریزی پێشەوە بلاو دەبنەوە. لە دوای ئەو ریزەشەوە، کۆمەڵێك ریزی پان دێت کە لە حوشترە مێیەکان و بێچووەکانی پێك دێت، لەسەر ئەو گژوگیاو دڕکانەی دێنە ڕێیان دەلەوەڕێن.

لەدوای ریزەکانی حوشترە مێیەکان، حوشترە بارکراوەکان بە خێوەت و خۆراك دێن، پاشان حوشترە کەژاوەدارەکان کە ژن و مندالیان تێدایە دێت، پیاوانیش بە نارێك وپێکی بەنێو ئەو هەموو ریزانەدا بلاودەبنەوە، کە زۆربەیان هەوڵدەدەن لەپێشەوەبن، هەندێك لە پیاوان ڕەشمەی ئەسپەکان دەگرن بێ ئەوەی سواربن، دەکرێ درێژی کاروانی ئەم جۆرە خێڵە کۆچبەرانە بە دوو میل و نیو مەزەندە بکرێت[٤] ).

بەڵام ئەم ڕێکوپێکییە لە کۆچی کوردی یان عەرەبی لە ئێستا دا وەکو جاران بەدی ناکرێت، ئەویش بەهۆی تێك چوون و لاوازبوونی سیستمی خێڵەکی. ئەو گرفتانەش کە تووشی شوانکارە کوردەکان دەهاتن بەهۆی کۆچکردنیانەوە جیاواز بووە لەوەی تووشی عەرەبە دەشتەکییەکان دەهاتن لەکاتی ڕەوکردنیاندا. ئەویش لەبەر

[4] Burkhardt, J,L,Notes on Beduins and Wahabys Trides, London 1881, p,35.

جیاوازیی ئەو ناوچانەی کە پیادا تێدەپەڕن. عەرەبە دەشتەکییەکان بە ناوچەی چۆڵەوانی دا گوزەر دەکەن و کەمتر لە گوند و کێڵگەکان نزیك دەبنەوە، جگە لە کاتی کەم ئاوی، بۆیە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەشتیاراندا زۆر بە ئەستەم رووی دەدا، مەگەر خۆیان بەمەبەستی دزین و تالانکردن هەڵیان کوتابێتە سەر ئەو گوند و کێڵگانەی لە لێواری بیابانەکەدان.

بەڵام لە بارودۆخی ئاساییدا، لە ناوچەی دیاریکراودا هاتووچۆ دەکەن و هەر خێڵێك ناوچەیەکی هەیە پێی دەوترێت (دێری هۆزەکە- دیرة القبیلة) کە تیایدا هاتووچۆ دەکات و بۆ هیچ خێڵێکی تر نییە تیایدا ئاژەڵ بلەوەڕێنێ.

بەڵام کۆچی شوانکارە کوردەکان کێشەی زۆری بۆ خۆیان و گەشتیاران دروست دەکرد، بە جۆرێك کە کاتی رەویان لای گەشتیاران بە بایەخەوە سەیر دەکرا.

بە جۆرێك ( دیکسۆن- Dickson) باری گەشتیارانی کوردی لەو دەمانەدا بەم شێوەیە وەسف کردووە :(وادەی کۆچی کۆچەرە کوردەکان کاتێکی ناخۆش بووە بۆ دانیشتوانی گوندەکان، ژنان لەماڵەکانیان دەمێننەوە و دەرگاکان لەسەر خۆیان دادەخەن، پیاوانیش بە چواردەوری ماڵەکان و خاڵە گرنگەکاندا دابەش دەبن، لەکاتێکدا چەکدارەکان لە بارێکی شپرزەو هەڵچوون و ئامادەباشیدا بوون. زۆرجاریش تەقەکردنی پچڕ پچڕ و تێکەڵ دەبیسترێ) [٥].

راستییەکەی، شوانکارە کوردەکان لە رابردوودا باکیان بەوە نەبووە کە چ رووبەڕووبوونەوەیەك لە نێوان ئەوان و گەشتیاران روودەدات، چونکە دەیانزانی کە هەمیشە ئەوان بەهێزترن و گەشتیارەکان بە ناچاری بێدەنگ دەبن، هەرچەندە ئاژەڵەکانیان زیانیش لە کێڵگەکانیان بدات.

بۆیە لە ناوچەی کۆچی خێڵی جاف پەندی ( کشتوکاڵەکەتان لەسەرە رێگە لابدەن ) باو بوو کاتێك کشتیار و جوتیاران گازەندەی خۆیان دەبردە لای سەرکردەکانی جاف کە پیاوەکانیان زیانیان بە کێڵگەکانیان گەیاندووە، ئەو پەندەیان بۆ دەوتنەوە. بەڵام ئەمڕۆ، لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی میری بەسەر شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا، دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان لە جاران بەهێزترن، خێڵە کۆچەرییەکانیش لاوازترو کەم

---

[5] Dickson , B,Jovrney in Kurdistan, Veograpgical Journal, Vol,35,1910.p, 374

ژمارەشن، کۆچەرییەکانیش ژمارەیان کەمی کردووە، بۆیە شوانکارە کوردەکان خۆیان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بەدوور دەگرن و قەدپاڵی چیاکان دەگرنەبەر. لەگەڵ هەوڵدانیان بۆ خۆبەدورخستن لەگەڵ گەشتیاران، بەڵام زەحمەت بوونی کۆنترۆڵ کردنی ئاژەڵ، دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کێڵگەکان و لەوێشەوە دروست بوونی کێشە لەگەڵ جوتیاران، هەر ئەمەش یەکێکە لەو کۆمەڵە هۆکارەی بۆتە هۆی وازهێنانی زۆرێك لەو کۆچەرییانە لە ژیانی کۆچەری و جێگیر بوون لە شوێنیك هەرکاتێك هەلیان بۆ رەخسابێت.

رەشماڵ هەڵدان لای شوانکارە کوردەکان لە ئەستۆی ژنانە. خاتوو بیشوب (Bishop) وەسفی رەشماڵ هەڵدان بەم شێوەیە دەکات :

(کاتێك خێڵە کوردە کۆچەرەکە دەگاتە شوێنی خۆی لە بەرەبەیان یان پاش نیوەڕۆ، کارەکان بە رێکوپێکی ئامادە دەکرێن. پێش هەموو شتێك منداڵەکان دەخرێنە ناو لانکەکانیانەوە، پیاوانیش، ئەگەر زەوییەکە پێویست بکات پاکی دەکەنەوە، پاشان سنگی چادرەکان دادەکوتن و ئەستوندەکانی(ستوونەکانی) بەرزدەکەنەوە، ئەگەر درەخت هەبێت، ئەوا بە گەڵا شوورەیەگ بەدەوری خێوەتگاکەدا دروست دەکەن، پاشان ژنانیش کارەکانی تر ئەنجام دەدەن کە بریتییە لە ئەرکە سەرەکییەکانی رەشماڵ (تاوڵ) هەڵدان، لە کاتێکدا پیاوان دەست دەکەن بە قسەزۆرکردن و جگەرە کێشان. تاوڵەکان(رەشماڵەکان) هەمان جێگەی رێژەیی خۆیان داگیر دەکەن، ئەگەر چی رەشماڵەکە ریز ریز یان نیوە بازنە یان شەقامی یەکتربڕ بێت، بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان شوێنی خاوەنەکانیان بزانن بەبێ لێخوڕینیان. رەشماڵەکان کە لە مووی بزن دروست کراون دەردەهێنرێن، و ژنان پاکیان دەکەنەوە، و بەسەر ستوونەکاندا بڵاویان دەکەنەوە و لە ناوەوە چەند جارێك پاکیان دەکەنەوە پێش جێگیرکردنیان لەسەر ستوونەکان. ڕەشماڵە گەورەکانیش بە چیخ دەکرێن بە چەند بەشێکەوە، هەندێك خێڵ تەیمانێکی قامیش بە دەوری هۆبەکەدا دروست دەکەن، تەنها دەرگایەکی بۆ دەهێڵنەوە، زەوی ناوەوەی تەیمانەکە وەك (پەچە – حظیرة)ی ئاژەڵەکان بەکاردەهێنرێت، دار و چیلکەش وەك سووتەمەنی بەکاردەهێنرێت، ژنان دەچن بۆ ئاو هێنان، و کوڕانیش ئاگاداری رانەکان

دەبن [٦]، لەگەڵ ئەوەی ئەم وەسفە لە هۆبە دەوارێکی خێڵێکی کۆچەری لە سەدەی نۆزدەوە وەرگیراوە، بەڵام بەسەر هۆبە دەوارنشینە خێڵە کوردییەکانی ئێستاشدا جێبەجێ دەبێت ).

هۆبە رەشماڵێکی کوردییە لە چەند کۆمەڵە خێزانێك پێك دێت کە پەیوەندی خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، لە هەندێ کاتیشدا خێزانێکی فراوان دەردەخات.ئەم کۆمەڵە خێزانە مافی هاوبەشیان لە لەوەڕگادا هەیە، هەروەها بە هاوبەشی ژمارەیەك شوان بە کرێ دەگرن [٧].

سەرکردایەتیی خێوەتگاکەش زیاتر بە پیاوێکی بەتەمەن وخاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز و توانایەکی ئابووری بەرچاو دەسپێردرێت، کە لەوانەیە گەورەی خێزانە فراوانەکەش بێت.

جارێکی تر جیاوازی لە نێوان رەشماڵەکانی شوانکارە کوردەکان و خێوەتگای عەرەبە دەشتەکییەکان بەدی دەکرێت، خێوەتگای عەرەبی دەشتەکی رێکخستنێکی ئاشکرای پێوە دیارە بە پێچەوانەی رەشماڵە کوردییەکان، رەشماڵەکان لەشێوەی بازنە یان لاکێشە هەڵدەدرێن کە لەپێشەوەیان رەشماڵی ریش سپی خێڵە بۆ ئەوەی لای میوانان دیاربێت. هەرچی ئاژەڵەکانیشن، ئەوا لە ناوەوەی هۆبەکە چاودێری دەکرێن بۆ پاراستنیان لە دزی و راووڕووت [٧]. "بورکهات" لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا وەسفی هۆبەکەی خێڵی ( عنزة ) ی کردووە و تائێستاش ئەو وەسفە بەسەر یان دا گونجاوە، کە دەڵێت : ئەگەر ژمارەی رەشماڵەکان کەم بوون، ئەوا لە شێوەی بازنەدا هەڵ دەدرێت و پێیدەوترێت ( دوار )، بەڵام چادرگای گەورە لە شێوەی هێڵی راست یان ریزێك چادری تاك هەڵدەدرێن، بەتایبەتی ئەگەر هۆبەکە لە کەناری چەم یان زێیەك بێت، لەوانەشە چادرگاکە لە چەند ریزێك پێك بێت، لێرەشدا بە هۆبەکە دەوترێت (نزلة). بەڵام لەوەرزی زستان دا، کاتێك ئاو و لەوەڕگا هەیە، باری هۆبەکە بە تەواوەتی جیاواز دەبێت، بە جۆرێك خێڵەکە هەمووی بە درێژایی دەشتەکە بڵاو دەبنەوە،

---

[6] Mrs,Birshop,J, Journey in Persia and Kurdistan, London 1891,Vol,1,p, 371-78.

[٧] البدو والقبائل الرحالة فی العراق، لمکی الجمیل، بغداد، ١٩٥٦، ص ٩٣.

ڕەشماڵەکانیش لە شێوەی کۆمەڵ هەڵدەدرێن، کە هەریەکەیان سێ یان چوار چادر دەبێت و نێوان هەریەکەیان لانی کەم نیو سەعات پیادەرەوی دەبێت، بەم جۆرە هۆبەیەش دەوترێت ( فرقة )[٨]. دیمۆلین (Demolin) ئەم فرە جۆرییەی هۆبەکانی بە کرۆکی سیستمی کۆمەڵایەتی خێڵە دەشتەکییەکان بەستۆتەوە.

بۆیە خێوەتی بە بچووکترین یەکەی خێڵەکانی بیابان داناوە، کە بریتییە لە خێزانێکی ( ناوکی- نووية )و کۆمەڵە خێوەتی باوك و کوڕ و ئامۆزاکان (نزلة) پێك دێنن، کە تیایدا هاوبەشن لە ئاژەڵ وکەلوپەلەکانداو کۆمەڵێك (نزلة) (دوار)ێك پێك دەهێنن، کە بریتییە لە کۆمەڵە خێزانێکی باوکسالاری کە لە یەك بەرەبابن یان ڕەچەڵەکن. ئەرکی ڕۆژانە بە هاوبەشی دەبێت وەك چاودێری ران و نۆرەی شەوانە و ئاودانی ئاژەڵەکان. بەڵام بە کۆمەڵە (دوار) ێك (فرقة ) دروست دەبێت کە بریتییە لە گەورەترین ژمارەی ئەندامانی خێڵەکەو دەتوانن پێکەوە جوولە بکەن بێ ئەوەی قورسایی زۆر بخەنە سەر لەوەڕگاکان[٩].

هەروەها جیاوازیی ئاشکرا لە نێوان ڕەشماڵی شوانکارەی کورد و خێوەتی عەرەبی دەشتەکیدا هەیە، ڕەشماڵی کوردی بە بچووکی قەبارەکەی ناسراوە بە بەراورد لەگەڵ چادری عەرەبیدا، ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی ئاووهەوای شاخاویدا بگونجێت، کە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە و لە هەرچوارلاوە هەڵدەدرێتەوە، بەڵام چادری عەرەبی شێوەیەکی نزیك بازنەیی هەیەو لە سێ لاوە بە زەوییەوە جێگیر دەکرێت. زۆربەی ڕەشماڵە کوردییەکان بە یەك ستوون قایم دەکرێتو لە ناوەوە هیچ دابەش بوونێکی تێدانییە، بەڵام ڕەشماڵی کوردە نیمچە کۆچەرییەکان جیاوازییەکی زۆر ئاشکرای هەیە، بەوەی بەچەند ئەستوندەیەك(ستوونێك) پاڵپشتی بۆ دەکرێتو لەناوەوە لە ڕێگەی چەند بەربەستێك یان دیوارێك کە لە قامیش دروستکراوەو پێی دەوترێت(چیخ) بۆ چەند بەشێك دابەش دەبێت، کە هەر بەشێك لەو بەشانە بۆ مەبەستێکی تایبەتی بەکاردێت، یەکێکیان بۆ میوان، دووەمیان بۆ ژنان و کاری ناوماڵ، سێیەمیان وەك گەنجینەی خۆراك و شیرەمەنییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا قەبارەی ڕەشماڵی کوردی و عەرەبی بەندە بە

---

٨ بوركهارت، مصدر سابق، الجزء الأول، ص٣٣.

٩ أنماط من البيئات، للدكتور جمال حمدان، ص ١٠٢.

پێگە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکەی کۆچەرەکان، بۆیە رەشماڵی سەرۆکەکانی کورد یان عەرەب گەورەتر و بەرزترن. لایارد ( Layards) باس لەوە دەکات کە دەواری گەورە پیاوان و سەرۆکە کوردەکان جیاوازە لە رووی قەبارە و پڕبوونی لە فەرش و کەل و پەلو هەندێکیان لەناوەوە دەبنە چوار یان پێنج بەش [١٠]. وەك مکی جميل دەڵێت : لە کاتێکدا تاولی هەژارەکان یەك ستوونی هەیەو لە دیوی دەرەوەی هۆبەکەشە، کەچی رەشماڵی ریشسپیی خێڵەکە چوار تا پێنج ستوونی هەیە [١١]. بەلام عبدالجبار راوی باس لەوە دەکات کە هەندێ رەشماڵ بە سێ ستوون یان چوار یان پێنج یان شەش وحەوت ستوون یان زیاتر هەڵدەدرێن و ئەوانەشیان کە لە سێ ستوون کەمتریان هەیە پێیان دەوترێت (مکرون)، ئەو رەشمالانەش بە سێ ستوون هەڵدەدرێن پێیان دەوترێت سێکوچکە (مثولث)، بەوشێوەیە چوارکوچکە(مروبع) و پێنج کوچکە (مخومس). هەروەها دەڵێت رەشماڵە گەورەکان بەهۆی چیخ دەکرێن بە چەند ژوورێکی نیمچە سەربەخۆ، کە هەربەشەیان بۆ مەبەستێکی دیاری کراو بەکاردێت، یەکێکیان بۆمیوان و ئەوی دی بۆ نووستن و سێیەم بۆ چێشتخانە. هەندێ جاریش فەردەی ئارد و برنج و جۆو شتی تر وەك بەربەست یان دیوار لە ناوەوەی رەشماڵەکەدا بەکاردێت [١٢]. رەشماڵی کوردی و عەرەبی لە ریسی مووی بزن دروست دەکرێت، کە پانییەکەی دووپێ و درێژیەکەی نزیکەی ٤٠ گەز دەبێت.[١٣]

لە رووی ژیانی ئابووریشەوە، کۆمەڵە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان عەرەبی دەشتەکی و شوانکارەی کورددا هەیە. لە کاتێکدا ژیانی عەرەبی دەشتەکی بە تەواوی، پشت دەبەستێت بە ئاژەڵداری و ئەوەی پەیوەندی بەوەوە هەیە، کەچی شوانکاری کورد جگە لە ئاژەڵداری جۆرێك کشتوکاڵی سادە پەیڕەو دەکات. وەك پێشتر وتمان کە

---

10 Layards,Sir Austin Henry, Discoveries in ruins of Nineveh and Babylon,with travels in Armenia, Kurdistan…metc, London 1853, p, 310.

١١ البدو والقبائل الرحالة، مکی الجمیل، ص ٩٣.

١٢ البادية لعبدالجبار الراوی، ص ١٢٨ .

13 Forde ,G, Daryll, Habitat. Economy and society , London , 1956.P. 317.

هەولێرنامەی کتێب

شوانکارە کوردەکان لە لەوەڕگا زستانەییەکاندا ماوەی زیاتر لە حەوت مانگ دەمێننەوە، و بەو ناوچانەش دەوترێت شوێنە گەرمەکان(گەرمیان).

لە کاتی مانەوەیان لەو ناوچانە، زەوییەکە بۆ کشتوکاڵ ئامادە دەکەن و تۆوی گەنم و جۆ و گەنمە شامی دەوەشێنن. لەگەڵ هاتنی وادەی کۆچ ورەو بۆ کوێستانە بەرزەکان، دانەوێڵەکانیش پێدەگەنو بۆیە پێش کۆچکردن دروێنە دەکرێن. جێی ئاماژە بۆکردنە کە لەوەڕگای زستانەی کوردەکان زیاتر بریتییە لە زەویی کشتوکاڵی کە خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرۆك خێڵ و موڵکدارە نادیارەکان (غائبين)، کە لە لایەن خاوەنەکانیانەوە بەرامبەر برێك پارە بە کرێ دەدرێتو لە یەك کاتدا بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕ وەبەردەهێنرێت، بەڵام دۆخەکە لە لەوەڕگا هاوینەکان جیاوازە، کە لە زۆربەی کاتدا، لە سنوورێکی زۆر تەسکدا نەبێت، بۆ کشتوکاڵ دەست نادات. خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، ئەگەرچی خێڵەکان خۆیان بە خاوەنیشی بزانن.شوانکارە کوردەکان لە کۆیستان، کە لەوەڕگای هاوینەیانە، بەتەواوی خۆیان بۆ ئاژەڵداری تەرخان دەکەن، بەڵام هەندێ جار پێش گەڕانەوەیان بۆ گەرمیان، هەندێ زەوی بۆ کشتوکاڵ ئامادەدەکەن و تۆوی جۆ و گەنمە شامی دەوەشێنن، کە ساڵی داهاتوو دێنەوە بۆ کوێستان دەبینن، دانەوێڵەکە کاتی درووکردنی هاتووە، تەنانەت وادەی پێگەیین و کامڵ بوونی بەهۆی نزمی ڕێژەیی پلەی گەرما لە شوێنە بەرزەکاندا دوادەکەوێت . ئاساییە کە لە هەڵبژاردنی ناوچەی لەوەڕگا زستانەییەکان رادەی بوونی زەوی کشتوکاڵی تیایدا کاریگەری گەورەی هەبێت، لەکاتێکدا هەڵبژاردنی ناوچەی لەوەڕگا هاوینەییەکان پشت بە بوون و زۆری لەوەڕگا تیایدا دەبەستێت.

گرنگترین ئەو ئاژەڵانەی کە شوانکارەی کورد بایەخ بە پەروەردەکردنیان دەدات مەڕو بزن و مانگایە، بەڵام ولاخەبەرزە، ئەوا ژمارەیەکی کەمی لای خۆیان دەهێڵنەوە، ئەویش بۆ سواربوونو ژمارەیان نیشانەی دەوڵەمەندی خاوەنەکەیەتی، بەڵام زۆر بەکەمی لە ژیانی ئابوورییاندا بەشدار دەبن. هەروەها شوانکارەی کورد ژمارەیەکی باش هێستر و گوێدرێژیان هەیە بۆ بەکار هێنانیان لە گواستنەوە و سواربووندا.

کەسی دەوڵەمەند لە خێڵەکەدا خاوەنی سەدان سەر مەڕ و بزن و ژمارەیەکی دیاریکراو ڕەشەولاخیشە، بەڵام هەژارەکان چەند سەرێکی کەمیان هەیە. زۆری لەوەڕگاکان کاریگەری لەسەر ژمارەی ئاژەڵەکانی خێڵەکە هەیە، بەدەر لە ئاژەڵی تر،

مەڕو بزن بایەخێکی تایبەتییان هەیە لە ئابووریی شوانکارەی کوردا، جگە لەو قازانجەی دەست دەکەوێ لە ئەنجامی زاوزێکردنیان و فرۆشتنی کار و بەرخەکانیان، لە شیرەکەیان رۆن و پەنیر کە دوو مادەی سەرەکی ئابووری دەشتەکین دروست دەکەن و ماستی ترشیشی لێ دروست دەکرێت، کە بەخۆراکێکی سەرەکی خێزان دادەنرێت. هەروەها مووی بزنیش بۆ دروستکردنی رەشماڵ بەکاردێت، هەروەها دەچێتە پیشەسازی جۆراوجۆرەوە کە هەندێکیان دەچنە بواری بازرگانییەوە، لەوانە پیشەسازی فەرش و گۆرەوی و جل و بەرگی ناوەوە. ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە، کە ژنی کورد خۆی بەتەنها ئەرك و قورسایی پیشەسازییە خۆماڵیەکانیان دەکەوێتە سەر شان.

لێرەوە بەدیاردەکەوێت کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەوەی بڕبڕەی ژیانی ئابووریی شوانکارەی کوردە، بریتییە لە بازرگانی کردن بە ئاژەڵی زیندووەوە.بەڵام چالاکی بازرگانییان تەنها فرۆشتنی مەڕو ماڵات نییە، بەڵکو بازرگانی کردن بە بەروبوومەکانیان، هەندێك لە پیشەسازیی ماڵیش، لە هەندی ساڵی بە بارانیشدا، دانەوێڵەش لەخۆ دەگرێت. پرۆسەی بازرگانی کردن بە مەڕوماڵاتەوە لە رێگەی سەرۆك خێڵەکانەوە دەبێت، کە ئەوان مامەڵەکان لەگەڵ بازرگانانی شاردا ئەنجام دەدەن. کوردە خێڵەکییەکان دەترسن پەیوەندی بە بازرگانانی شارەوە بکەن لە ترسی ئەوەی نەوەك هەڵیانخڵەتێنن، بەڵام بازرگانی بە کەل و پەلەکانی ترەوە، بە تایبەت شیرەمەنی، ئەوا ژنان دەیکەن، بەوەی بەروبوومەکان دەبەن بۆ گوندە گەورەکان شارەکانی نزیك هۆبە رەشماڵەکانیان و بازارێکی کاتی بۆ دادەنێن، ئەم چالاکییەش تەنها بۆ وەرزی زستانە دەردەکەوێت.

ئابووریی عەرەبی دەشتەکی برێك روخساری جیاواز لەوەی باسکرا لە خۆ دەگرێت، عەرەبی دەشتەکی بە هیچ شێوەیەك کاری کشتوکاڵی ناکات، بگرە رقیشی لێیەتی، و ڕقی لەوانەشە کە ئەنجامی دەدەن و[14] ژیانی ئابوورییان بە تەواوەتی پشت بە ئاژەڵ دەبەستێت بۆیە بەدوایەوەیەتی لە ناوچەیەکەوە بۆ ئەوی تر. حوشتر بە گرنگترینی ئاژەڵەکانیان دادەنرا، بەڵام لە ئێستادا ئەو بەها ئابوورییەی نەماوە یان بە تەواوی کەم

---

[14] ئەم ڕوخسارە بنەڕەتییە لە ژیانی دەشتەکییدا خەریکە دەگۆڕرێت و هەندێکیان جۆرە کشتوکاڵێکی کاتی دەکەن.

بوەتەوە، دەکرێ بڵێین کە حوشتر بەرپرس بووە لە یەکێك لە ستوون گرنگەکانی ژیانی ئابوورییان کە نێوانکاریی بازرگانییە. عەرەبی دەشتەکی هەر لە کۆنەوە لە ناوەندی بازرگانیدا کاری کردووە.ئەو دەستی گرتووە بەسەر بازرگانیی گواستنەوە لە نێوان کەنارەکانی دورگەی عەرەبی و باشووریدا، هەروەها لە نێوان ناوچەکانی کەنداوو دەریای عەرەب لە خۆرهەلأت و باشوور و ناوچەکانی دەریای سوور و ناوەڕاست لە باکوورو خۆرئاوا.هەروەها دەستی گرتووە بەسەر بازرگانیی نێوان بیابانی گەورەی عەرەبی لە ئەفریقا لە نێوان دەریای ناوەڕاست و ناوچە خولگەیی و کەمەرەبییەکاندا. بێگومان سروشتی ژیانی کۆچەرییانەی لە نێوان کەنارەکان و ناوەڕاستی بیاباندا بە شوێن لەوەڕگا و گۆڕینەوەی بەروبومەکەی لەگەڵ بەروبومی جوتیارانی جێگیر، هەلی ئەوەی بۆ رەخساند کە (نێوانکاری-وساطة)ی بازرگانی ئەنجام بدات. بەلأم راکێشانی رێگای نوێ بە بیابانەکاندا و بلأوبوونەوەی ئۆتۆمۆبیل وای کردووە حوشتر بایەخی خۆی وەك ئامرازێکی گواستنەوە لە بیاباندا لە دەست بدات، بگرە دەشتەکییەکان خۆیان لە هەندێ ناوچەدا بۆ گواستنەوەی خۆیان و مەڕومالأتیان لۆری بەکاردێنن، بەمەش پیشەی (نێوانکاری - وساطة)ی بازرگانی لای عەرەبی دەشتەکی کۆتایی پێهات. بەم شێوەیە بەهای ماددی حوشتر دابەزی و ژمارەیان بەشێوەیەکی زۆرو بەرچاو کەم بووەتەوەو تا وای لێهاتووە هەڕەشەی لەناوچوونیان لێ دەکرێت، هەروەها گۆشتی حوشتر بەهای کەمترە لە گۆشتی ئاژەڵی تر، ئەنجامدانی کاری گواستنەوەی بازرگانی لە ئێستادا لە لایەن دەشتەکییەکانەوە، تەنیا بە دەست ژمارەیەکی کەمیانەوەیە. کاری ئەوانیش تەنها لە وەرزی هاویندایە، کە دانەوێڵە و بەروبوومی کشتوکاڵیی تر لە کێڵگەکانەوە بۆ شارو دێهاتە گەورەکان دەگوازنەوە، بۆیە زۆربەی خێڵە دەشتەکییەکان ئێستا خەریکی بەخێوکردنی مەڕو مالأتن. لەکاتی ئێستادا، ژمارەی حوشتر بەندە بەجۆری لەوەڕگاکان، هەر کاتێك بیابانەکان فراوان بن، و بێ ئاوی (وشکانی) بەتین بێ ژمارەی حوشتر زیاد دەکات.بەلأم ئەو خێلأنەی لە نزیك رووبار یان ناوچە نیمچە وشکەکاندا دەسووڕێنەوە، ژمارەی رانە مەڕەکانیان زیاد دەکات.بۆیە حوشتر پێگەی یەکەمی هەیە لای خێڵەکانی (الظفیر) و (عنزة) لە بیابانی باکوور و باشووردا، لە

کاتێکدا مەڕ لەپێشەوەی ئابووری خێڵی (شمر)ە کە لە بیابانی جەزیرەدا دەسوڕێنەوە[١٥].

داهاتی دەشتەکی عەرەبی ـ هەروەك شوانکاری کورد ـ بە پلەی یەکەم پشت بە فرۆشتنی ئاژەڵی زیندوو دەبەستێ، بە پلەی دووەمیش بازرگانی کردن بە بەروبوومەکانی لە تووکی حوشتر و خوری و پێستە و رۆن و پەنیرو خەریکە ئەسپ رۆڵێکی ئەوتۆی نەمێنێ لە ئابووریی عەرەبی دەشتەکی، تەنها لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا نەبێت، کە هەندێ دەوڵەمەند و ریش سپی بەخێوی دەکەن بە مەبەستی بازرگانی، بۆیە بوونی ئەسپ نیشانەدەری دەوڵەمەندی و خۆشگوزەرانی خاوەنەکەیەتی.

عەرەبی دەشتەکی خۆی مامەڵە لەگەڵ بازرگانانی شاردا دەکات، بەڵام زۆرجار فێڵی لێ دەکرێت، ئەو بارودۆخە سروشتییە قورسە کە خۆی لە وشکانی و رووتەنیی شوێنەکەیدا دەنوێنێت، ناچاری دەکات کە ئەو جۆرە فرو فێڵ و هەڵخەڵەتاندنە قبوڵ بکات. ئەو فێڵ و تەڵەکەبازییەش بریتییە لە و بازرگانییەی پێی دەوترێت سەلەم (السلم)، کە ئەویش بریتییە لەوەی دەشتەکی پارە بە قەرز لە بازرگانەکە وەردەگرێت پێش وەرزی فرۆشتن، بەمەش ناچار دەبێت ملکەچی ئەو نرخانە بێت کەبەسەریدا دەسەپێنرێنو زۆر کات نرخێکی کەمە[١٦].

خۆ ئەگەر وەرزەکە پشتی تێکرد ئەوا ناچار دەبێت جارێکی تر قەرز بکات، بەمەش بەکۆت و بەندی توندوتیژ ترەوە بەبازرگانەکەوە دەبەسترێتەوە و خۆی لای بازرگانەکە زیاتر کۆت دەکات بە جۆرێك رزگار بوونی ئەستەمە.

بەگشتی باری ئابووریی عەرەبی دەشتەکی هەمیشە خراپە و ژیانێکی قورس و ناخۆشی هەیە. بۆیە ئەمە زۆرێك لە رۆڵەی خێڵەکانی ناچارکردووە کە خێڵەکانیان بەجێبهێڵن و لە شارەکان و کۆمپانیاکانی نەوت وجێگای ترکار بکەن.

هەروەها کۆمەڵێك جیاوازیی بنەڕەتی لە رووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان عەرەبی دەشتەکی و شوانکارەی کوردا هەیە، کە خۆی لە سروشتی سیستمی هەریەکەیاندا دەبینێتەوە، ئەو جیاوازییەش بریتییە لە جیاوازیی سەرەکیی نێوان

---

[١٥] البداوة والاستقرار فی العراق، للدكتور نوری خلیل البرازی، ص ٩٩.

[١٦] مصدر سابق، ص ١١٤.

سیستمی خێڵەکیی شوانکارەی ستێپەکان و سیستمی خێڵەکی شوانکارەی بیابان. لە خێڵەکانی ستێپسەکان، خێزانی فراوان (ناوکی- نواة) ژیانی کۆمەڵایەتییە.

کە لە باوك و کوڕەکانی و خێزانەکانیان پێکهاتووە، لەگەڵ گەورەبوونی خێزانەکەدا، مەڕو ماڵاتیشیان زیاد دەکات، ئەویش بەهۆی زۆربوونی دەستی کارکەرەوە[١٧].

بۆیە سیستمی کۆمەڵایەتی بەندە بە پەیوەندیی نێوان تاکەکانی ئەم خێزانە فراوانە. باوك لەم جۆرە خێزانانەدا بە هەموو مانایەك و نموونەی باوکی پاتریارکییە، کە گشت دەسەڵاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەژێر دەستی ئەودا کۆدەبنەوە. بەڵام ئەم خێزانە فراوانە پێویستی بە پاراستنی ران ومێگەل و لەوەڕگاکانە، ئەم پارێزگارییەش بە چوونە پاڵ هۆزەکە دەستەبەری دەکات. بۆیە هەمیشە چەند خێزانێکی فراوان کە لەوانەیە پەیوەندیی خزمایەتی پێکەوەیان نەبەستێتەوە کۆدەبنەوە، دەچنە ژێر ئالای خێڵێکی دیاری کراوەوە، بۆیە یەکێتیی ناو هۆز، یەکێتییەکی سیاسییە، نەك خوێنی. ئەم یەکێتییەش لە رێگەی هاوبەشبوون لە زەوییەکی دیاریکراودا، ملکەچ بوون بۆ سەرکردایەتییەکی دیاری کراو دێتەدی و ئەم خەسڵەتەش بە تەواوەتی لەسەر سیستمی خێڵی کوردیدا پیادە دەکرێت. خێڵی کوردی بە گشتی، خێڵی زەوییە، نەك خێڵی خزمایەتی (نسب - پشت)، لەبنەڕەتیشدا زیاتر لە گوندێکەوە نزیکە کە لە نێوان دوو هەوارگەی هاوینە و زستانەدا دێن و دەچن[١٨].

بە وتەیەکی روونتر، خێڵ لە چەند لقێك پێك هاتووە کە لە ناوچەیەکی دیاریکراو دادەنیشن یان دەگەڕێن ئەم لقانەش بە پەیوەندیی خزمایەتی و خوێن بە یەکەوە نابەسترێنەوە، بەڵام هەر لقێك لە کۆمەڵە خێزانێکی فراوان کە خزمایەتی کۆی کردونەتەوە پێك دێت، ئەم شێوازە خێڵەکییە کۆمەڵێك روخسار دەسەپێنێت، لەوانە، سەرۆکی خێڵی کوردی لە جێی دەسەڵاتی یەکەمە، نەك باوکێکی رۆحی. مینۆرسکی (Minorisky) دەڵێت : لە زۆر ناوچەی کوردستان سەرۆك(ئاغا) بەچاوی جەنگاوەری

---

١٧ أنماط من البيئات، للدكتور جمال حمدان، ص ٦٣.

١٨ عشائر االعراق الكردية، للمحامي عباس العزاوي، مطبعة المعارف، ١٩٤٧، ص ٢٧.

سەرکەوتوو و خەڵکە رەش و رووتەکەش وەك رەگەزێکی تر سەیر دەکرێن[19]، بۆیە هێزی شەڕکردن مەرجی سەرەکی سەرکردایەتی کردنی خێڵی کوردی بووە، لە راستیشدا ئەو لقەی سەرکردایەتی خێڵی دەکرد، نەیدەتوانی ئەو سەرکردایەتییە بکات، ئەگەر هێزێکی جەنگی نەبوایە کە ببێتە مایەی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر لقەکانی تردا، و بەرگریان لێبکات لەبەرامبەر هێرشەکانی دوژمندا.

ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرۆکی کوردی دەسەڵاتێکی فراوان و رەهای هەبێت لە بەرامبەر هەموو کاروبارەکانی خێڵەکەدا. نیکیتین (Nikitine) دەڵێت : هەرکاتێك سەرۆکی کورد دەسەڵات بگرێتە دەست، ئیتر ئەندامی خێڵەکە ناتوانێت مشتومڕی لەگەڵ بکات لەسەر هەرکێشەیەك بێت[20] . میلنگێن (Millngene) وەسفی دەسەڵاتی سەرۆك خێڵی کوردی دەکات و دەڵێت : (سەرۆکی خێڵی کوردی دیکتاتۆرێکی رەهایە، دەسەڵاتەکانی سنووریان نییە، دەتوانێت دەست بەسەر موڵك و ماڵی هەموو کەسێکدا بگرێتو فەرمانی کوشتنیان بدات، هەر کاتێك ئەوە بە پێویست بزانێت)و بڕیارەکانی سەرۆك لە کاروباری خێڵەکەی کۆتاییەو هیچ تاکە کەسێك و کۆمەڵێك ناتوانێت پووچەڵی بکاتەوە یان بەرپەرچی بداتەوە. هەرکەسێك بیەوێت بەرەنگاری سەرۆك بێتەوە و سەرپێچی فەرمانەکانی بکات، ئەوا لە سزاو تووڕەیی سەرۆك رزگاری نابێت.

تاکە پەیوەستی نێوان تیرەکانی خێڵیش، پاش ملکەچ بوونیان بۆ سەرۆکێکی دیاریکراو بەشداری کردنە لە شەڕ لەکاتی پێویستدا، بەڵام ئەمە لەناو هەر تیرەیەکی خێڵەکەدا جیاوازە، چونکە هەر تیرەیەك بریتییە لە کۆمەڵێك خێزانی فراوان کە بە پەیوەندی خزمایەتی بە یەکەوە بەستراونەتەوە، بۆیە ئەندامەکانی ملکەچی کۆمەڵێك پەیوەندیی جۆراوجۆرن، لەوانە، بەرپرسایەتیی هاوبەش و هاوکاریی ئابووری، بەشداربوون لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکاندا. بەرپرسیارێتیی هاوبەشیش وا دەخوازێت کە بەشداری لە شەڕدا بکرێت لەگەڵ هەر کۆمەڵێکی تر لە کۆمەڵەکانی تیرە کە تووشی پەلامار دەبێت.بەڵام ئەم بەرپرسیارێتییە لەکاتی رووداوی کەسیدا نامێنێت، بۆ نموونە، رووداوی کوشتنی یەکێك لە ئەندامەکانی تیرەیەك، ئەندامەکانی دیکە راناکێشێت بۆ

[19] الاکراد –ملاحظات و إنطباعات، تألیف ف.مینورسکی، ترجمة د. معروف خزندار، بغداد ١٩٦٨، ص ٣٥.

[20] Nikitine ,B, Les Kurdes, Paris,195,p.138.

شەڕ لە دژی ئەندامەکانی تیرەی بەرامبەر، بەڵکو خزمانی نزیکی کوژراوەکە تۆڵەی دەسێننەوە، تەنها ئەگەر کوژراوەکە یەکێك لە سەرۆك خێڵەکان بێت. بۆیە ناکرێت تۆڵەسەندنەوە بە بەرپرسیارێتیی خێڵ دابنرێت، بەڵکو بەرپرسیارێتیی خێزانەو ئەندامەکانی ئەو تیرەیە بەرپرسیارنین لە خوێنبایی(دیة)، بەڵکو خزمانی کوژراوەکە دەیدەن. هاوکاریی ئابووریی نێوان ئەندامەکانی تیرەکە، بریتییە لە خاوەنداری هاوبەشی لەوەڕگاکان، سەرچاوەکانی ئاو و هەندێك جاریش زەوییە کشتوکاڵیەکان. ئەم هاوکارییەش لە خێڵە کۆچەرییەکاندا زیاتر بەئاشکرا دەردەکەوێت،٠ بۆیە تیرەکە بە گشتی رووبەرێکی دیاریکراو زەویی هەیە بۆ لەوەڕی ئاژەڵەکان، یان بە هاوبەشی زەوییەکی دیاریکراو بە کرێ دەگرن بۆ بەکارهێنانی وەك لەوەڕگای ئاژەڵەکانیان، بەشداربوون لە ئاهەنگەکانیش بریتییە لە هاوبەشی کردن لە ئاهەنگەکانی ژنخوازی و پرسە لە رێگەی ئامادەبوون لە خۆشی و ناخۆشیەکاندا، و پێشکەش کردنی دیاری پێویست.

بەڵام خێڵی عەرەبی جیاوازییەکی سەرەکی هەیە لەگەڵ خێڵی کوردیداو دەتوانرێت بە خێزانێکی هەڵاوساو(متضخمة) دابنرێتو ئەندامەکانی دەچنەوە سەر یەك باپیری هاوبەش، هەروەها ئەو جیاوازییەی نێوان پێکهاتەی خێڵی کوردی و عەرەبی ـ وەك وتمان ـ هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان ژینگەی ستێپسی و ژینگەی بیابانیین. چونکە بیابان لە ستێپس، لە رووی لەوەڕگاو ئاوەوە هەژارترە.

بۆیە ململانێ و کێشمەکێش لە نێوان دانیشتوانەکەیدا بەهێزترە. لەو ململانێ سەختەدا لە پێناوی ژیان، پەیوەست بوونی تاك بە کۆمەڵێکی قەبارە گەورەوە دەبێتە پێویست بۆ زامنکردنی پاراستنی، لێرەوە بیری (دەمارگیری- العصبیة) و بەهای مرۆڤ بە یەکێك لە روخسارەکانی خێڵی عەرەبی دادەنرێت [٢١].

سروشتی ئەم پێکهاتەی خێڵی عەرەبی، بۆتە هۆی دروست بوونی جیاوازییەك لە سەرکردایەتی کردنەکەیداو سروشتی پەیوەندی نێوان تاکەکانی. سەرۆك یان ریش سپی بە باوکی رۆحی خێڵ یان هۆز دادەنرێتو دەسەڵاتەکانی باوکی (گەورەی) خێزان گوێزراوەتەوە بۆ ئەو، ئەویش حوکمڕانی خێڵەکە دەکات بەپلەی یەکەم، لەڕێگەی پشت

---

[٢١] انماط البیئات، تألیف الدکتور جمال حمدان، ص ١٠٢.

بەستن بە پێگە، و ژێریی خۆی، بە پلەی دووەمیش، پاڵپشتی کردنی خزمانی زۆر نزیك و دەمارگیری خێڵەکی بۆی دابین دەکات. کەواتە بۆیە ئەو نابێتە نوێنەر بۆ دەسەڵاتدارێکی رەها یان دیکتاتۆرێك. کابرای دەشتەکیش مل کەچی نابێت، ئەگەر دڵنیا نەبێت کە ئەوکارە لە بەرژەوەندی خۆیدایەو بە تەواوەتی لە ناخی خۆیەوە هەڵقولاوە. دەشتەکی ملکەچ نابێت بۆ ستەمی سەرۆك و بەرپەرچی دەداتەوەو دەتوانێت خۆی لە کۆمەڵگای هۆزەکەی دوورەپەرێز بگرێت، بێ ئەوەی تووشی سزا ببێتو ئازادیی تەواوی هەیە لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی لەو کاروبارانەی پەیوەستی بە خۆی و خێڵەکەی[٢٢] و سەرۆکایەتییەوە هەیە با ئەو سەرۆکایەتییەش پشتاوپشت لە باوکەوە بۆ کوڕ بێت، بەڵام ئەندامەکانی خێڵ دەتوانن کەسێکی تر لە جێگای ئەو هەڵبژێرن، ئەگەر بە شایستەیان نەزانی. سەرۆك یان(ڕیش سپی- الشیخ)یش بەرپرسیارە لە کاروباری خێڵ و دەسەڵاتی یەکەمی هەیە لە هەموو کارێکدا، هەر ئەویشە فەرمانی شەڕ دەدات، دانوستان لەگەڵ خێڵەکانی ترو نوێنەرایەتییان دەکات لەگەڵ دەوڵەتدا، کات و شوێنی کۆچ و رەو دیاری دەکاتو هەروەها سەرۆکایەتی دادگای خێڵەکەش دەکات، بێ ئەوەی بە تەنها بڕیار بدات، بەڵکو کۆمەڵێك بەشداردەکات کە پێیان دەوترێت (العوارف) کە تایبەتن بە یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناو ئەندامەکانی خێڵەکەو بڕیارەکانیشیان بە گشتی جێبەجێ دەکرێت[٢٣].

ئەم پێگەیەی سەرۆك بەرپرسیارییەکی زۆر گرنگی خستۆتە ئەستۆی، کە ئەویش ئەرکی میوانداریییە، ئاشکراشە کە میوانداری یەکێك لە دیارترین رووخسارەکانی سیستمی عەرەبی دەشتەکییە، کە رێزلێگرتن و پابەندبوون پێیەوە ئەرکێکی پێویست و بایەخدارەو سەرۆك پێویستە لە پارەوپولی تایبەتی خۆی کاروباری دیوەخانەکەی و میوانەکانی بەڕێوە ببات، کە ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە پێویستە تا رادەیەکی باش دەوڵەمەند بێت. دیوەخانیش دەزگایەکی زۆر گرنگی کۆمەڵگای عەرەبی دەشتەکییە، تیایدا دادگایی و گفتوگۆ دەربارەی کاروباری خێڵو گێڕانەوەی

---

[٢٢] البداوة والاستقرار فی العراق، للدكتور نوری خليل البرازی، ص ٩٩.

[٢٣] البادية، لعبد الجبار الراوی، ص ١٠٧.

سەرگوزەشتەو گەیاندنی هەواڵ ئەنجام دەکرێت، بۆیە نزیکە لە ئەنجومەن یان پەرلەمانی خێڵ.

یەکەی بنەڕەتی خێڵی عەرەبی دەشتەکی خێزانە کە پێشی دەوترێت کەسوکار یان ماڵ کە بریتییە لە خێزانێکی گەورەو پەیوەندیی نێوانیان پتەوەو لە کارکردندا هاوکاریی یەکتر دەکەن، سوودو دەستکەوتەکانیش دابەش دەکەن، دوای ئەویش (نەوەیە- جیل) بریتییە لە کۆمەڵە خێزانێك کە بەهۆی خزمایەتییەوە پەیوەندییەکانی نێوانیان زۆر بەهێزە تا دەگەنە(باپیرەی) پێنجەم، کە پێی دەوترێت (الفخذ). خێڵیش لە چەند تیرە(فخذ)ێك پێکدێت کە تێکڕا پێیان دەوترێت (الحمائل) ئەم تیرە(فخذ)انە پەیوەندی خزمایەتی دوور و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیەو لە کۆمەڵێك خێڵیش هۆز یان (قبیلة)پێکدێن[٢٤].

سروشتی پێکهاتەی هۆزی عەرەبی دەشتەکی وای لە ئەندامەکانی کردووە، کە کۆمەڵێك رایەڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەهێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، رایەڵی ئابووری وەك خاوەندارێتی ئەندامەکانی خێڵ بۆ زەوی لەوەڕگاو بیری ئاو بەشێوەی دەستەجەمعی، لە دیارترینی وێنەی رایەڵی کۆمەڵایەتیش، ئەو دەمارگیرییە خێڵەکییەیە، کە لە بارەیەوە ئەو پەندە عەرەبییەی دەڵێت (یارمەتی براکەت بدە، زۆرداربێ، یان زۆرلێکراو) وێنای دەکات. کە دەتوانرێت بووترێت لە دیارترین رووخسارەکانی تۆڵە(الثأر) و خوێنباییە(الدیة). لێپرسراوێتیی تۆڵەش لەسەر خزمانی نزیك، تا پلە پێنجی کوژراوەکەیە بەوانەش دەوترێت پێنجە(الخمسة)[٢٥]، ئەو پێنج کەسەش بەرپرسیارن لە دانی پارەی خوێنەکە، ئەگەر نا، هەریەك لەو پێنج کەسە لەوانەیە بکەونە بەر تۆڵەی خێڵی بەرامبەرەوە، بەشداربوونیش لە پەلاماردان، بۆتە دیاردەیەکی مێژوویی، کە پشتگیری کردنێکی ئابووری زیاتر دەردەخات لەوەی روخسارێکی کۆمەڵایەتی بێت.

---

٢٤ البدو والقبائل الرحالة، لمکی الجمیل، ص٤٠-٤١.

٢٥ مصدر سابق، ص ٤١.

ئەمەش دیارترین رواڵەتە جیاوازەکانی نێوان شوانکارەی ستێپس و شوانکارەی بیابانەکان بوو کە لە کرۆکیدا وەك باسکرا جیاوازییەکانی نێوان شوانکارەی ستێپس و شوانکارەی بیابان دەردەخات.

لەکۆتایی ئەم بابەتەدا، پێویستە وشەی کۆتایی لەسەر باری شوانکار و خێڵەکییەکان، کوردبن یا عەرەب بەگشتی بڵێین، بێ گومان لە کۆتایی چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەوە پێشکەوتنێکی گرنگ بەسەر سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتیاندا هاتووە، لەگەڵ کاتیشدا ئەو پێشکەوتنانە بەرزبوونەوەو ئەمەش بۆتە هۆی شکست هێنان و رمانی سیستمی خێڵایەتی و دروست بوونی گۆڕانێکی پلە بەپلە بەسەر چەمك و بنەما ئابوورییەکانیدا، لە رێگای تێکشکانی ئەو دوورەپەرێزییەی لە دەوریاندا هەبوو بەهۆی راکێشانی تۆڕی گواستنەوەی نوێ لە شاخ و بیابانەکانیاندا. سەبارەت بە کورد، زۆربەی خێڵە کۆچەرییەکانیان لەبەر یەك هەڵوەشاونەوە و زۆربەی تیرەکانیان جێگیر بوون، چەند تیرەیەکی کەمیان ماون کە لەسەر هەمان رێچکەی کۆچەری کۆنن. تیرە نیشتەجێ بووەکانیش تەنها بەناو ملکەچی خێڵەکانیانن، لە زۆرترین جێگای کوردستان، کۆچ کردن لە نێوان کوێستان و گەرمیاندا لە سنوورێکی زۆر تەسکدایە و تەنها بریتییە لە بەجێهێشتنی شیوو دۆڵەکان و هەڵکشان بۆ بەرزایی و شاخە بەرزە نزیکەکان لە هاویندا. ئەم کارەش ئەندامەکانی خێزان دەیکەن کە ئاژەڵداری دەکەن و ئەندامەکانی تری خێزانەکە لە کوێستانی خۆیان دەمێننەوە بۆ خەریك بوون بە کشتوکاڵی هاوینەوە. ئەگەر خێزانەکە ژمارەیان کەم بوو ئەوا شوان بۆ ئەم کارە بەکرێ دەگرن.

بەڵام لای عەرەبی دەشتەکی، هێشتا سیستمی خێڵایەتی تا رادەیەك ئەو هێزەی خۆی پاراستووە، بەڵام ژمارەی خێڵەکۆچکەرەکان زۆر کەمی کردووە، و زۆرێك لە خەڵکەکانیان جێگیر بوونو هەرکاتێکیش هەل رەخسابێت لە رێگەی پرۆژەکانی دەوڵەت بۆ جێگیرکردنیان لە بیابان، خۆیان بە کشتوکاڵەوە خەریك کردووە. بە داخەوە ئاماری ورد لەسەر کۆچەری بیابان لە وڵاتانی عەرەبی دا نییەو گوێڕایەڵی جاران بۆ خێڵ لاواز بووەو ئێستا بەندە بە چەند کۆمەڵێکەوە لەناو خێڵەکەدا کە پەیوەندیی خزمایەتییان هەیە و زیاتر لە خێزانێکی فراوان دەچن. دەست تێوەردانی دەوڵەت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان خێڵەکان و کۆنترۆڵ کردنی ئەندامەکان و سەپاندنی

یاسا بەسەریاندا، بۆتە هۆی پووکانەوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکان.ئەم پووکانەوەیەش بەهۆی خەریك بوونی زۆربەی سەرۆکەکان بە کاروباری خێڵەکانیان و کڕینی زەوی کشتوکاڵی و جێگیربوونی زۆربەیان لە شارەکان زیاتر بووەو ئەمەش وای کردووە ئەندامەکانی خێڵەکە تەنها بەناو ملکەچ و گوێڕایەڵی سەرۆکەکانیان بن. دەکرێ بوترێت لە ئێستادا گوێڕایەڵی کوڕانی خێڵە کوردی و عەرەبییەکان تەنها بەندە بە کۆمەڵێك خێڵی بچووك کە بریتیین لە خێزانی فراوانو ئەمەش تەنیا لە بارودۆخێکی سیاسی تایبەت چوارچێوەیەکی بەرفراوان لەخۆ دەگرێ.

کوردۆلۆجی

هەواڵنامەی کتێب

**ئێستا لە بازاڕدایە**

**جیۆگرافیای باشووری کوردستان** **د. عەبدوڵڵا غەفوور**

# ئەرشیفی کوردۆلۆجی

## چاوپێکەوتنێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ هێمنی شاعیردا



هێمن تەها لەتیف ڕەفیق سابیر

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا مامۆستا هێمن و بەشێکی سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان -ئێران لە بەغدا دەژیان. ئەو کاتە سەرەتای نارەزایی و خۆپێشاندانی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی شا دەستی پێکردبوو. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە حکومەتی عێراق، لەسەر داوای حکومەتی ئێران، سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکرات لە عێراق دەردەکات و ئەوان دەچن لە ئەفغانستان جێگیر دەبن. لەو دۆخەدا بوو لەگەڵ هاوڕێم کاک کەمال میراودەلی، کە بەسەردان هاتبوو بۆ بەغدا، بڕیارمان دا

چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ مامۆستا هێمندا بکەین.

ئەوەبوو شەوی ٢٩ی تەمووز/ ١٩٧٨ لەماڵی برایەکی کاک کەمال ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ مامۆستادا، لەسەر کاسێت، تۆمار کرد.

دوای ئەوە رووداوەکان بە خێراییەکی سەیر و چاوەڕواننەکراو چوونە پێش و چارەنووسی ئێمەیشیان گۆڕی. تەنیا چل ڕۆژێك دواتر و لە ٨ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٧٨دا من عێراقم بەجێ هێشت و بۆ درێژەدان بە خوێندن چوومە بولگاریا و کاسێتەکە لای کاک کەمال مایەوە. تەنیا شەش مانگێك دواتر، لە ناوەڕاستی مانگی فەبریوەری (شوبات)ی /١٩٧٩دا، شۆڕشی گەلانی ئێران بەرپا بوو. شا هەڵات. هێمن لە جیاتی ئەوەی رەوانەی ئەفغانستان بکرێت، گەڕایەوە وڵاتی خۆی. لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩دا دەستم لە خوێندن هەڵگرت، بولگاریام بەجێ هێشت و بە قاچاخی گەڕامەوە کوردستان و لە شاری مهاباد هێمنم بینییەوە. ساڵێکیش دواتر کاک کەمال میراودەلی بۆ خوێندن چوو بۆ بریتانیا و لەوێ گیرسایەوە. چاوپێکەوتنەکەیش، لەسەر کاسێت، لای براکانی کاک کەمال لە بەغدا مایەوە و بڵاو نەکرایەوە. بەڵام ئەوان ماوەی سیی ساڵ پاراستیان. لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم.

چاوپێکەوتنەکە لە شەودا و بە تەسجیلێکی ئاسایی تۆمار کراوە. دوای ئەو هەموو ساڵانە، جۆرایەتیی کاسێتەکە خراپتر بووە و هەندێك رستە و وشە هەن روون نین، بۆیە لەو شوێنانەدا بۆشایی (..................) داندراوە. هەروا لە قسەکانی هێمندا وشەی عەرەبی هاتوون، کە رەنگە هەندێکیان بۆ خوێنەری ئیمڕۆ ناسراو نەبن، بۆیە هەندێکیان کراون بە کوردی، یان لە پەنایاندا کوردییەکەی نووسراوە.

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

**رەفیق سابیر**

● ڕەفیق: شەوی (٢٩)ی تەمووزی ساڵی ١٩٧٨ ئەو دیمانەیەمان لەگەڵ مامۆستا هێمندا تۆمارکرد. دیارە مەبەست لە تۆمارکردنی ئەو دیمانەیە هەر تەنیا ئەوە نییە هەندێك پرسیار و دەمەتەقێی ڕۆژنامەنووسانەی ئاسایی تۆمار بکرێت بەڵکو مەبەست لێرەدا ئاشکراکردنی هەندێ لایەنی شاراوەی ژیان و داهێنان و تێکۆشانی مامۆستا هێمنە. لەم دیدارەدا سەرەڕای مامۆستا هێمن مامۆستا کەمال میراودەلی و ڕەفیق سابیر بەشدارییان کرد.

● ڕەفیق: سەرەتا مامۆستا حەزدەکەین بە خێرایی ئاوڕێك لە منداڵیت بدەینەوە. بێگومان تەمەنی منداڵی دەورێکی گەورە لە دروستکردنی کەسایەتیی ئینسان و بە تایبەتی شاعیردا دەبینێ. تۆ وەك لە (تاریك و روون)دا باست کردووە، وەك منداڵێکی ئاسایی تامی منداڵیت نەچەشتووە، یان وەك ماکسیم گورکی دەڵێت لە منداڵیی خۆت مەحروم بوویت. ئایا تەمەنی منداڵیی تۆ، پەروەردەبوونی خێزانیی تۆ، تا چەند کاری کردۆتە سەر ژیان و ئایندەت، یان تا چەند پاڵیان پێوە ناوی بۆ ئەوەی وەك شاعیرێك ڕێگای ژیان بگریتەبەر و ببیتە شاعیر؟

* هێمن : ژیانی منداڵیم وەکو لە تاریك و روونەدا وتومە ژیانێکی زۆر ناخۆش بوو، بە تایبەتی بە گەورەیی تێگەیشتم کە ژیانێکی زۆر ناخۆش بوو، باب و دایکێکی سۆفی و وشکم هەبوون بە تایبەتی دایکم. دایکم یەکجار سۆفی بوو. ئەوسا عومرم شەش ساڵان بوو هەڵی دەستاندم نوێژی بەیانیان بکەم، بە ئاوی سارد دەستنوێژیان پێ دەگرتم و نوێژیان پێ دەکردم.

عومرم حەوت ساڵان بوو دەیان وت نابێت لە ژووری بنوویت و چونکە قەرەباڵغ بووین، نازانم خزمەتچیمان هەبوو. حەوت ساڵانە دەستنوێژیان لێ دەشکێ. ناردمیانە دیوەخانێ، لە دیوەخان دەنووستم، زۆر چاکم لە بیرە بەیانیەك کە هەڵنەستابووم بۆ نوێژێ، منداڵە و بەیانیان زوو هەڵناستێ. مامێکم گۆزەیەك ئاوی ساردی کردە باخەڵم. ئەو زەربەتەی کە ئەو لێیدام ئێستاشم لە بیرە، ئەو گۆزە ساردە ئەل ئانێکی لە بیرمە وەکو شتێکی ناخۆش. ئەوە تا عومری دوازدە ساڵی درێژەی هەبوو، بەڵام لە دوازدە ساڵیدا چوومە خانەقای باپیری شێخی بورهانی، لەوێ زاهیرەکەی (بە رواڵەت) ویشك بوو ئەما بنەوەکەی ویشك نەبوو. کاکە منیش منداڵێك بووم گەیبووم، یانی زۆر زووتر لەوەی منداڵ باڵق دەبێ من باڵق بووم، لەبەرئەوەی چاك بەخێوکرابووم لە

دوازدە سیازدە ساڵی من باڵق بووم. ئەو دەمەی ناردیانم بۆ خانەقا تۆڵـەم کـردەوە، بـە ڕاستی تۆڵەم کردەوە، چونکە بە ڕۆژ وڵات بەڕەڵا نەبوو، بەڵام دەبوو بـە شـەو خـاڵۆزام هەبوو هەموویان بۆ خۆیان خەریکی کاری خۆش و عیاشـی بـوون، منـیش وەك ئـەوان خەریکی ئەوەی بووم. من لەو وەختییەوە تامی دڵداریشم چەشت، یانی دڵداری لەگـەڵ کچ، لە دوازدە سیازدە ساڵی دەستم پێ کرد، ئەما منداڵییەکەم تـا عـومرێکی یـازدە دوانزدە ساڵی بە ڕاستی ناخۆش بوو. ئێستا هەتا پتر بیریان لێ دەکەمەوە پتر نارەحەت دەبم و پتر دەنگ دەداتەوە لە شاعیریی مندا. ئاخر شیعری سووری دەوران کە من پـێم وایە کاك کـەمال خوێندویەتییـەوە، دەنگدانـەوەی منداڵییەکەمـە، دەمـەوێ تۆڵـە لـە ڕەسەنزادەیی خۆم بکەمەوە.

● کـەمال: مامۆسـتا دەبیـنم سـەرەتایەك بـووە، سـەرەتای دەسـتپێکردنی شیعرەکانت وەکو شیعر دەبینی قەرەبووکردنەوەی ئەو ناخۆشیەیە، بەڵام تۆ دەڵێی ئـەو وەختەی کە منداڵییتە یانی هەستت بەو ناخۆشییانە نەکردووە کە ئێستا هەستیان پـێ دەکەی. باشە ئەو وەختەی تۆ لە تەمەنی چەند ساڵیدا یەکەم شیعرت نووسیووە؟

* هێمن: لە چواردە و پانزە ساڵیدا بوو.

● کەمال: چی پاڵی پێوەنای ئەو شیعرە بنووسی؟ قەرەبووکردنـەوە نـەبووە بـۆ ئەوەی تۆ دەڵێی لە دوانزدە ساڵییەوە دڵداریم کردووە، یـانی ژیـانێکی خـۆش بـووە، هەستیشت نـەکردووە بـە ناخۆشـی منـداڵیی، ئایا قەرەبووکردنـەوەی خۆشەویستیی دایکت بووە؟ ئایـا شیعرنووسـین لـە کۆمەڵدا و لـەناو بـرادەر و هاوەڵـەکانت بـەرزتری دەکردیەوە ؟

● هێمن : بە ڕاستی کاکە ئەوەڵ جار کە شیعرم دەسـت پێکـرد شـاعیر نـەبووم. یانی حسی شاعیرانەم نەبوو. ئەما نازم بووم، دەمتوانی لە چوارچێوەیەکدا قسە بکەم، تەقلید بکەم. هیچ حسی شاعیرانەم تێدا نەبوو. نە دەمویست قـەرەبووی منداڵییەکـەم بکەمەوە، نە دەمویست ژیانـە خۆشـەکەی ئـەو دەمـەی بنووسـم. تـەنیا دەمـەویست لاسایی مەسـەلەن شـێخ ڕەزا بکەمـەوە، یـان لاسـایی حـافزی شـیرازی بکەمـەوە، کـە ئەسڵەن ئەل ئان(ئێستا) دەزانم حافز چ عەزەمەتێکە(چـەند مەزنـە) ئـەو دەمـەی هـەر تێی نەگەیشتبووم، ئاوا بوو

(..................................)

● کەمال : تۆ ئەوانت بینی بوو؟

* هێمن : بەڵێ لەو عومرەیدا کە دەستم بە شیعر گوتنێ کرد ئەوانم بینیبوو........ .

بەڵێ بە ئوتومبێل دەهاتن دەچووم بەخێرهاتنم دەکردن و ئەوانە هەموو قەومێکی تێدا بوو تورك فارس هەتا عەرەب، عەرەب بۆ ئێمە شتێکی سەیربوو نەمان دیبوون ئەوجا ئەنواعی کورد بە لەهجاتی موختەلیف (جیاواز) تێیاندا بوو بە شاعیری کلاسیکی زۆر چاك دادەنرێ وەك سەید رەشیدی.. زۆر شاعیر بوو بەڵام بە داخەوە ئاساری ئەو هەموو لە بەین چوو. ئەمانە تەئسیریان لە من کردبوو وەك منداڵێك، ئەما نەمزانی چۆن کاردەکەم بەوە خۆم بەختەوەرم کە ئەو ئەسەرانەی پێشووم هەمووی لە بەین چوون، دەنا بۆ خۆم گاڵتەم پێ دەکردن.

بەڵام ئێوە نەچوونە سەر زەمانی لاوێتیم، من لە ٢٠ ساڵیدا تەقریبەن حسی شاعیریم بزوا. شیعرەکانم لە ٢٠ ساڵیدا بوو ئەو دەمەی موتاڵایەکی زۆرم دەکرد زۆرم دەخوێندەوە، یەکێك لەو شتانەی کە زۆر هەستی شاعیرانەی منی بزواند کتێبی تریفەی مانگ بوو، ئەو فەلاحانەی باپم یا هی خاڵم زۆریان فەرق نەبوو لەگەڵ کۆیلەکان کە (لە کتێبەکە)دا باسی لێ دەکرێ. ئەوە حسی شاعیرانەی منی بزواند ئەوەڵ شیعری شاعیرانەی من، بە عەقیدەی من ئەو شیعرەی کە بۆنی شیعری لێ دێت کە لە (تاریك و روون)دا هەیە، ئەو شیعرەیە کە باس لە کوڕ و کچێکی کورد دەکەن کە لە دیوانەکەدایە.

● کەمال: شیعرە سەرەتاییەکان دڵداری بوون یا چی بوون، ئەوانەی کە دەڵێی شیعری حەقیقی خۆم بوون لە بیست ساڵییەوە بە زۆری چ بابەتێك بوون؟

* هێمن : کاکە وەڵا ئەوەل شیعرێکی کە لە ئەزموونی شاعیریمدا نووسیومە، ئەوەل شیعرە کە بڵاوم کردەوە بۆ گەلاوێژم نارد، شیعرێکی سیاسیی زۆر رەق و تەق بوو. ئەل ئان ئەوە حاشام لێ کردووە، پێم خۆش نییە کەس بزانێ هی من بووە. ئەوە ئەوەل شیعری بڵاوبووەی من بووە.

ئەوە ئەوەل شیعری بڵاو کراوەم بووە کە بۆ خۆم پێم وایە حسی شاعیرانەی تێدایە.

لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تاکەنگێ دەبی وابێ هەست و دەنگ
دیلی ژێر دەستی ئەسیریی تاکەی
تینی نەداریو فەقیریی تاکەی
لە ژێر زنجیر و کۆتا دەناڵێی
مەگەر دێوانەی شێتی عەودالی

● رەفیق : مامۆستا تۆ وەکو پێشتر باست کرد، لە تەمەنێکی زوودا تووشی داوی دلّداری بووی. تەمەنی دوانزدە، سیانزدە یا چواردە ساڵی، وابزانم تەمەنێکە هێشتا مرۆڤ ئامادە نەبووە بۆ ئەوەی کە بچێتە ژیانی دلّدارییەوە. ئایا بە رای تۆ ئەوەیان ئەو رووکردنە پێشوەختییەی دلّداری کارێکی نەکردۆتە سەر ئەوەی کە تۆ پەنا بەریتە بەر شیعر نووسین، یان هەر ئەو شوێنەی کە لێت خوێندووە بەرەو شیعری بردیت؟

* هێمن: نەوەڵاهی با پیاو درۆ نەکات بە راستی ئەم دلّدارییە منی هان نەدابوو بۆ شیعر. ئەما ئەو جەوەی تیایدا دەژیام هەر باسی شیعر بوو. هەر شیعری خۆشیان دەخوێندەوە. منیش پێم خۆش بوو یەکێك لەو کەسانە بم کە ببمە شاعیر.

● کەمال: ئەم شیعرەی باست کرد وەعی تێدایە، وەعی کۆمەڵایەتیی، ئەمە لە چییەوە دروست بووە؟

* هێمن : ژیانی بنەماڵەکەم، بە تایبەتی خاڵەکانم، زۆری تەئسیر کردە سەر ژیانی من. کاکە دەرکەوانیان لە دەرکێ بوو، نەیان دەهێشت کچیان بێتە دەرێ، ژنیان بێتە دەرێ. ئا ئەوە منی هان دابوو کە قەرەبووکردنەوە نیشان بدەم. ئەل ئان من بۆ خۆم تێدەگەم کە ئەوە زۆر هانی دام بۆ ئەوەی. بە بێ شك لە کوردستانی ئێرانی ئەوەل شاعیرم کە دیفاعم لە حەقی ژن کردووە نازانم لە کوردستانی عێراق کەس کردوویەتی یان نا، ئەما لە کوردستانی ئێراندا ئەوەل شاعیرم کە دیفاعم لە حەقی ژن کردووە، چونکە ژنی ماڵەکەی خۆمانم دیوە تەئسیری لەسەرم کردووە. دوای ئەو وەختەی کە دەستم کرد بەو شیعرەی شتی ئەوروپاییم خوێندبۆوە، فەقێیەکی نەخوێندەوار نەبووم. مەسەلەن لە ١٧- ١٨ ساڵیدا (بێ نەوایان)ی (ڤیکتۆر هۆگۆ)م خوێندەوە، شیعرەکانی لامارتینم بە فارسی خوێندبوونەوە. ئەوانە زۆریان تەئسیر لێ کردم. بەڵام بە راستی تا

٢٥ ساڵی و ٢٦ ساڵی خۆم بە شاعیر نازانم، یانی لە ٢١ ساڵیمدا شیعرم هەیە ئەوەیە کە پێم وایە بڕێکی شیعرایەتیی تێدا هەیە، بەڵام تا ٢٥ ساڵی نەگەیبوومە ئەو سۆز و ئیشقەی کە خۆم بە شاعیر بزانم.

● رەفیق: ئەو کاتەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دروست بوو. تەمەنی تۆ تەواو ٢٥ ساڵ بوو، لێرەدا دەتوانین بگەینە ئەو قەناعەتەی کە دروستبوونی کۆمەڵە و ئەو شۆڕشەی لە کوردستانی ئێراندا دروست بوو، دەبێ کارێکی گەورەی کردبێتە سەر دروستبوونی شاعیریەتیی تۆ، یان بڵێین کامڵبوونی شاعیریەتیی تۆ ؟

* هێمن: بەڵێ بە بێ شك.

● رەفیق: لە سەرێکی کەیشەوە ئەوەی کە هانمان دەدات ئەو قسەیە بکەین، سەرەڕای ئەوەی کە خۆت ئێستا وتت، ئەوەیە کە هەموو شۆڕشێ شاعیری خۆی دەخولقێنێ، شاعیر خۆی لەناو گەرمەی ئەو شۆڕشەدا دەخولقێ، جا لێرەوە دەتوانین بڵێین کۆماری مهاباد و ئەو شۆڕشەی میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران بەرپای کرد تۆی خولقاند، یان تۆی سەر لە نوێ وەك شاعیرێك دروست کردەوە، چۆن چۆنی خۆت ئەو شتە لێك دەدەیتەوە؟

* هێمن: لە پێشدا با ئەوەی بڵێم، دیسان جارێکی تر، دووبارەی کەمەوە کە من فەوزی دروستی کردم. من وەکو ئینسانێکی خزمەتکارێکی کورد مەلا ئەحمەدی فەوزی دروستی کردم، ئەگەر تووشی ئەو کابرایەی نەبام خوا دەیزانی چارەنووسی من چی لێ دەهات و بۆ کوێ دەچووم. کوڕی شێخی ئیسلامی نەوەی شێخی بورهانی ئێستا عەبای بە شانەوە دەبوو، ردێنی دەبوو، یان خەڵکی تەلقین دەکرد، یا هێمنێك دەبوو کە ئێستا ئێوە دەیبینن، ئەم کابرایە منی فێرکرد کە کوردی. تۆ کوردی و ئەو کوردەش ئەو میللەتە لێقەوماوەیە. تۆ کە زەوقی ئەدەبیت هەیە، خزمەتی زمانە ئەدەبییەکەی خۆت بکە، دەنا من لە پێشدا شیعرم بە فارسیش دەگوت. فارسیشم زۆر باشتر دەزانی لە کوردی، ئێستایش پێم وایە من شارەزای ئەدەبی فارسی پترم لە ئەدەبی کوردی، بەڵام ئەو کابرایە پێی وتم کوڕە خیانەت بە میللەتەکەت مەکە، مەچۆ بە زمانی بێگانە شیعر مەڵێ. ساڵێك ئەم کابرایە هەموو رۆژێ پێش دەرسوتنێ، فێری کوردایەتیی دەکردم، ئەما ئەوە لە پێشدا خەڵق بووبووم. پێش کۆمەڵەی (ژ.ك)، بەڵام کۆمەڵەی (ژ.ك) زۆر چاك منی پێ گەیاند. پێش ئەوەی جەمهوری پەیدا بێ،

کۆمەڵەی (ژ.ك) پێی گەیاندم، فێری رۆژنامەنووسیی کردم و لە مجەلەی (نیشتمان)دا، لە ژمارەی دووەم تا ئەخیری، لە هەمووواندا مەقالە و شیعرم نووسیوە. خوا هەڵناگریٚ هەژار و زەبیحی تەئسیریان زۆر بوو لە سەر من کارم بەوەی نەداوە ئێستا هەژار لە کوێیە و چ دەکات؟

ئەو دوو رەفیقە هەردووك لە من خوێندەوارتر بوون. ئەو دەمیش زۆر پاك بووین . ئەوجا کۆمەڵەی (ژ.ك) تەئسیرێکی دیکەشی کردە سەر شاعیریی من. کە سوێندم خواردبوو خیانەت لە کورد نەکەم، پێم وابوو ئەگەر تەماشای کچە کوردێکیش بکەم خیانەتە. سێ ساڵ لە خۆشترین سەردەمی گەنجی، لە ۲۱ ساڵی تا ۲٤ ساڵی، بڕوا بکە من دڵداریم تەرك کرد. درۆ ناکەم کە دەڵێم عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم ئەوە لەو وەختەدا گوتومە، لە ساڵی۱۹٤۳ دا وتومە، بە راستی درۆم نەکرد. **خاطرەیەکتان** بۆ دەگێڕمەوە کە بۆ کەم کەسم گێڕاوەتەوە. لە تاریك و روون‌دا دەڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جار عاشق بووم وەکو عاشق یانی کچێکم خۆش دەویست، وەك وەی نا کە کاری جنسی لەگەڵ بکەم. هەر دەمپەرست، کەچی کچەکە وریاتر و تەمەنی لە من گەورەتر بوو. خوازبێنیکەرێکی دەوڵەمەندی بۆ پەیدا بوو مێردی پێ کرد. عومرم حەڤدە ساڵ، شانزە ساڵ بوو. ئەوە بۆ من یەکێك بوو لەوانە هاندەری شاعیریی من بێت، مەحرومیەت. زۆرم پێ خۆش بوو مەسەلەن ئەو کچە ژنی من بێت. چوار ساڵی پێچوو من ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بووم و سوێندم خواردبوو کە خیانەت لە هیچ رەفیقێکی خۆم و لە هیچ کوردێك نەکەم و ئیمانیشم پێ بوو. رۆژێکی ئەو زەبیحییەی کە دەیناسن، بانگی کردم بۆ کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵە، لەو رۆژەدا ئەو ژنەش قەولی بە من دابوو بێتە لام. قەولی دابوو بێتە ماڵی رەفیقێکم ببینم. نەمدەزانی مێردەکەی ئەندامی کۆمەڵەیە یان نا، بۆ خۆم حەلالم کردبوو. چوومە ئەو جێگایەی کە کۆبوونەوەی لێبوو، مێردی ئەو ژنەی لێبوو، پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند بوو. بڕوا بکە ئەو قسانەی کە کردیان گوێم لە هیچی نەبوو، چونکە دەمزانی ژنەکە لەوێ چاوەڕوانمە، ئەوا من ناتوانم بچم. ئەوانەی دەیان وت هیچم گوێ لێ نەبوو، قسەکانیان پێ وتم، رۆیشتم. لە بەینی رێگادا دوو دڵ بووم ئایا بچم، نەچم. ئاخری هەستی سیاسیم بەسەر هەستی سێکسیمدا زاڵ بوو. بەسەری تۆ رامکردەوە بۆ دێیەکەی خۆمان. وتم ئەو شەو لە شاریم نەوەکو، وەك کورد دەڵێ شەیتان زەفەرم پێ

بەرێ. زۆر نارەحەت بووم. سێ چوار رۆژان گریام. ئەم ژنەش پێی وابوو کە من ئینتیقامم لێ ستاندۆتەوە. ئیدی ئەو جێگایەی منی لێ بووبام ئەو ژنە قەتی لێ نەدەبوو. بڕوابکە تا ١٥ رۆژ پاش راکردنێ بوو (مەبەست دوای روخانی کۆمارە) تووشی بووم لێی پرسیم وتی بۆ وا پیر بووی؟ وتم خۆ من لە مەڕمەڕ دروست نەکراوم تۆ لە مەڕمەڕ دروست کراوی، پیرنابی. ئەوەبوو بە چاویدا دامەوە و وتی ئەو جارەی بۆ نەهاتی تۆڵەت لێ کردمەوە. بە گیانی ئێوە حسی رەفاقەت نەیهێشت ئەوەی بکەم. ئەو **٢٣** ساڵەش تەحەمولم کرد تا پێمگوت وەڵاهی ئەوەبوو من نەمویست ئیهانە بە تۆ بکەم ئەما هەستی هاوڕێیەتی وای لێکردم کە تووشی ئەو رێگایە بم، ئەوانە هەموو تەئسیریان کردۆتە سەر شاعیریی من. ئەما تەئسیری پێشەوا قازی محەمەد لە هەموو شتێك پتر بوو. من زۆر منداڵ بووم کە پێشەوا قازی محەمەدم دەناسی، چونکە باوکەکانمان، باوکی من و باوکی پێشەواش دۆست بوون. پێشەوا هێشتا نەبوو بوو بە قازی، باوکی قازی بوو کە من دەمناسی، هاتوچۆی ماڵی یەکترمان دەکرد. با بۆ تەئریخ (مێژوو) بڵێم ئێمە دوو بنەماڵە بووین لە مهابادا هەمیشە نێوان ناخۆشیان هەبووە، بنەماڵەی شێخی ئیسلام و قازی هەمیشە ناکۆکیان هەبووە و هەمیشە دەسەڵاتی زیاتر بە دەست بنەماڵەی ئێمە بووە. باوکم و پێشەوا ئەو سوڵحەیان کرد، ئیدی ئەو نێوان ناخۆشیە نەما. باوکم دایمە قازی محەمەدی پێ باش بوو. ئەوە لیاقەتێکی ترە بۆ ئەو، زۆر رێزی دەگرت، گەرچی باوکم زۆر بە تەمەنتر بوو، ئەما زۆر رێزی دەگرت. ئەما کە بیر دەکەمەوە پێشەوا ئەو دەمی رێزی (هەژار)ی لە من زیاتر دەگرت. ئایا بۆ ئەوەی بوو کە کوڕە هەژارێك بوو؟ (هەژار) زۆر هەژار بوو، یانی بە راستی درۆی نەکردبوو کە ناوی خۆی نابوو هەژار .

● کەمال: زووتر دەیناسی؟

* هێمن: نا... ئەمنی زووتر دەناسی. کە بووینە شاعیر و هاتینە ناو حیزب ئیحتیرامی (هەژار)ی پتر لە من دەگرت، تەشجیعی وی پتر دەکرد لە من. لە حاڵێکدا من ئەو دەمەی هەستم کردبوو کە من لە (هەژار) شاعیرترم. پێم وابوو رەنگە ئەو زیاتر لە من وەزن و قافیەی بزانیایە، ئەما وەك من شاعیر نەبوو، کورد و ئازەربایجانی، کە لە (تاریك و روون)دا هەیە، یەکەم شیعرە کە حیزب داوای لێ کردووم

کە دەبێت بیلێم، دەنا قەت حیزبی ئێمە داوایان نەکردووە شیعر بڵێم، ئەوجارە داوایان لێ کردم کە دەبێت شیعرێ بڵێم.

● رەفیق: قازی محەمەد خۆی داوای لێکردی؟

* هێمن: بەڵێ، زۆر پێوەی نارەحەت بووم، هەتا وتم ٤٠ (...) دەنووسم، ئەما ناتوانم شیعرێك بە کەڵەگایی بڵێم. دیارە (هەژار)یش؟ هەروەك شاعیرەکان (........) شیعریان دەخوێندەوە، لە بیرمە کە ئەو شیعرەم دروست کرد دوایی بۆ خۆم لێی رازی بووم، ئەگەر چی شیعری مناسەبەتە و شیعارە، ئەما شیعرییەتی تێدا هەیە. پێشەوا لای سەرووی هەموو کەس راوەستابوو منیش دانیشتم لە هۆڵێکی درێژ بوو شاهۆڵی پێ دەڵێن، هۆڵێکی زۆر گەورەیە. ئەوبەرەوبەر خەڵك دانیشتبوو منیش لەو سەری هۆڵەکە دانیشتبووم. کە شیعرم دەخوێندەوە دەنگم گیرا. پێشەوا قازی محەمەد لەوسەری مەجلیسەوە هەستا پەرداخێکی شەربەت بۆ هێنام، وتی بیخۆوە بابم بە قوربانت بێ. ئەگەر ئێستا ئەو شیعرانەی تازە نووسیومە بیدیایە دەبووە چی بکردایە. ئەو کابرایە شیعرناسێ بوو کە ناکرێ بڵێی شیعرناس نەبوو شاعیر بوو، بە راستی شاعیر بوو. ئەوانە زۆر لە پەروەردەکردنی مندا تەئسیریان هەبووە. شتێکی دیکەش وەك تەئریخ بڵێم کە لە پێشەکی (تاریك و روون)دا نەم نووسیوە من زۆر مەمنوونی حیزبەکەی خۆمم، لە سەرەتاوە تا ئەلئانیش، کە قەت وەك شاعیر نەیان ویستووە شیعریان بۆ بڵێم، لە بیرمە بە زۆر پێیان وتم مەقالەی کورت بنووسە، بۆ نموونە لەسەر ڤێتنام، بەڵام قەت بە زۆر پێیان نەوتووم شیعرێ بڵێ بۆ ڤێتنام، ئەوە لە زەوقی شاعیری منی نەداوە، هەندێك حیزب لە شاعیرییان خستوون، لەوانە مەسەلەن کامەران (رەنگە) پارتی لە شاعیریی خستبێ. هەر پێیان وتووە شیعر بڵێ. ئەما ئێستایش حیزبی ئێمە قەت داوای لە من نەکردووە وەکو شاعیر شیعرێ بڵێم لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبێتەوە، شیعرێ دەڵێم ئەگەر بە کەیفیان بوو بڵاوی دەکەنەوە بە کەیفیان نەبوو بڵاوی ناکەنەوە، ئەما وەك نووسەرێك داوام لێ دەکەن مەقالە بنووسم، پێشم دەنووسن، بە زۆریش پێم دەنووسن، دەنووسم. شتیان دەدەمێ، ئەما وەك شاعیر شتیان داوا لێ نەکردووم .

هەواڵنامەی کتێب

● کەمال: بە شێوەی ناراستەوخۆ دیارە دەوریان زۆر بووە بۆ ئەوەی شیعری سیاسی و نەتەوەیی بڵێی، بەوە دیارە زیاتر هانیان داوی شیعری سیاسی و نیشتمانی بڵێی لەوەی شیعری دڵدارییان بۆ بڵێی؟

* هێمن: بەڵێ بە بێ شك وابووە.

● رەفیق: بوونی مامۆستا هێمن لە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەستنەوەی چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی حیزب و گەلەکەیەوە وە لە هەمان کاتدا ئەو تێکۆشانە دوور و درێژەی کە سیی ساڵ زیاترە لە ریزی ئەو حیزبە و لە ریزی میللەتەکەیدا کردوویەتی، رەنگە ئەوە هۆیەکی سەرەکی بووبێ بۆ ئەوەی کە مامۆستا هێمن خۆی بیەوێ، یا خۆی هەست بکات و هەست نەکات، زیاتر بە لای شیعری سیاسیدا بچێ، تەنانەت خۆی روونی کردەوە کە لە سەرەتای گەنجێتیدا لەوپەڕی گەرموگوڕی هەرزەکاریدا وازی لە زۆر لایەنی دڵداری و هەتا لایەنی شەخسی و سێکسی هێناوە لە پێناوی مەسەلەی سیاسیدا. ئەو مەسەلەیە لای گەورە بووە و زیاتر لە تێکۆشانی سیاسیدا قاڵ بووە و مەسەلەی میللەتەکە، بۆتە بەشێك لە ژیان و تاقیکردنەوەی شیعری، بۆیە باڵی بەسەر شیعرەکانیدا کێشاوە.

● کەمال: مەسەلەن کێ وای لێکردووە؟ واتە (کۆمەڵە)، کۆمەڵە، یان قازی محەمەد نەبوایە لەوانە بوو رێگایەکی ترت دەگرت؟

● رەفیق: بێگومان (کۆمەڵە) وەك حیزبێك، بەڵام من مەبەستم ئەو لایەنەیە کە هاندەری شیعری سیاسیی بووە.

* هێمن: با حەقیقەتێك بڵێم، من وەك وتم لە تەواوی عومرمدا ماوەیەکی زۆر کەم عاشق بووم. من ژنم پێ جوانە، زۆرم خۆش دەوێت، بەڵام بڕوام پێ بکەن لە تەواوی عومرمدا سوئی ئیستفادەم لە ژن نەکردووە، یانی نەمویستووە وەکو شاعیرێك، وەك کوڕە شێخێك ئیستفادە لە ژن بکەم، وەك کوڕە ئاغایەك ئیستفادەی لێ بکەم. ئەگەر ئەو خۆی خۆشی ویستبم لە گەڵم کردووە، دەنا قەت نەم ویستووە. ئەگەر دەبینم لەناو سێ چوار هەزار کەسدا کچێك دێ ماچم دەکات، دەزانم ئەو کچە عاشقی من نەبووە. کوڕی زۆر جوانتر هەیە لە من عاشقی بێ، عاشقی هونەرەکەم یان خزمەت بە میللەتەکەمە، ئەو کاتە دیسان ناتوانم سوئی ئیستیفادە لەو کچە بکەم، یانی وەك کچی خۆم ماچی دەکەم، حسی پیاوەتیم تێدا دەکوژێ. بە راستی رەنگە ئەو

KURDOLOGY

هەموو تەحبیبە(خۆشەویستییە) بڕێکی زەرەر لە شیعرم دابێ. کە بۆ کێ شـیعر بڵـێم. ئەما دیسان من پێم وایە شیعر ئەگەر تام و خوێیەکی تێدا نەبێت شیعرێکی سیاسـیی وشکە، بە لامەوە زۆر خۆش نییە. ئەگەر لە بیرتان بێ شاعیری باشی سیاسیمان بووە، کە رەنگە وەزن و قافیەشیان لە من چاکتر زانیبێ و زمانیشیان لە من خراپتر نەبووبێ، بێگومان، بەڵام وردە وردە لەنێو دەچن. بە زۆریش خەریکین زیندوویان کەینەوە، بـەڵام لەناو خەڵکدا نەماون. کەچی هێمن و گۆران کـە شـیعری تـەڕیان وتـووە هـەر مـاون، لەبەرئەوەی ئـەو تەجروبەیـە منـی چـاکتر کـردووە کـە شـیعرە سیاسییەکانیـشم تـام و بۆنێکی دڵدارییان هەبێ. ئاخر شیعرم ئەو شیعرەیە کە، وەڵڵاهی پێم وا نییـە زۆرم بـۆ دڵداری وتبێ، بەڵام شیعرێکی دڵدارانەیە:

تۆ بەڵێنم پێ بدە  تا من بەرەو ژووان ببمەوە
بم دەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە با جوان ببمەوە
دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە
شەنگە بێری بسڕەوە فرمێسکی جێژوانی ئیتر
رەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بۆ شوان ببمەوە

من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ریژنەیەکم لێ بدە پێم وایە بۆ رووان ببمەوە
شێخی سەنعان بۆ کچە گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەشیوان ببمەوە

* هێمن: دەزانن ژنەکەشم کچە شێخە؟

● کەمال: لەوەوە دەتوانین بڵێین شاعیر هەتا شتێك کە مەسـەلەیەکی مـەوزوعیش بێ یان شیعرێکی نیشتمانی بـێ، یـانی تەجروبـەی تاقیکردنـەوەی زاتـی لـە دەروونـی خۆیدا، بۆی بچێ باشتر دەتوانێ دەری ببڕێت، یانی شتەکە هەیـە، کـە تـۆ بـاوەڕت بـە شتێکە کە لە دەرەوەی خۆتە، بەڵام لێی گەڕێی تاکو ئەو شتە لەگەڵ شتێکی نـاوەوەی

خۆت، لەوانەیە شەخسی بێت بۆ خۆت، لەوانەیە خۆشەویستیی خۆت بەرامبەر بە کچێك، بەڵام بتەوێ لە یەکی بدەی بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەکە راستگۆییەکی تێدا بێ. لەو حاڵەتەدا شیعرەکە تەڕ و پاراوی تێدا دەبێ یان نا؟

* هێمن: دەبێت بڵێم ئافەرین بۆ ئەو سوئالەی کردت. بەبێ شك ئەو شیعرە شتێکی زاتی خۆمی تێدا هەیە، ئەگەر شتی ناوەوەی خۆمی تێدا نەبێت بۆم ناوترێ. با درۆ نەکەم لەگەڵ خۆم و خەڵکدا. من وەختێکی شیعری (سنوور) دەڵێم، کە پێم وایە شیعرێکی باشی منە، بە راستی ژن و منداڵەکەی خۆشم لە بیرە، ئەمما سنوورەکەشم لە بیرە، ئەو سنوورەی کە رێگای لە من و تۆ بەستووە وڵات پێکەوە بنێین. ئەگەر ژن و منداڵەکەی خۆمم لە بیر نەبا، پێموا نەبوو ئەو شیعرە واتەڕ دەربچێ، لەبەرئەوەی شتی زاتیی خۆمی تێدایە، ئەگەر زۆر دیقەت لە شیعری هەر شاعیرێك بکەی، شاعیری واقیعی، نەك ئەو کەسانەی شیعر وەك مەقالە دەنووسن، تەماشا دەکەی زاتی شاعیرەکەی تێدا دەبینی. حاجی قادری گەورەی ئێمە، شیعرە سیاسییەکانی هیچ بۆنی شیعریان لێنایە، وەك مەقالەی سیاسیی نووسیوە، مەقالەی، زۆر چاکیش. من بە راستی سەری نەوازش لەبەر حاجی قادر دادەنەوێنم، ئینسانێکی زۆر رووناکبیر بووە لەو زەمانە، بەڵام شیعرە بەهارییەکەی شیعر نییە ئاگری گرتووە، ئەو وەختەی باسم کرد ئاگرێکە باسی تەبیعەتی کوردستانی کردووە لە ئەستەمبوڵ. لەو شارە خۆشەش، ئەما دیسان ئاگری دەروونی تێدا دیارە. من پێموایە حاجی قادر ئەو تاکە شیعرەی وتووە شیعر بێ. پێم وابێ ئەو شیعرەیە کە شیعر بێ ئەما ئەو شیعرە ئاگری تێدایە.

ئەو شیعرەی نالی ناردوویەتییەوە بۆ کوردستان چ ئاگرێکە پیاو دەسوتێنێ. دیارە ئەم کابرایە هەر کوردستانەکەی خۆش نەویستووە ئەو شتانەی، ئەو بیرەوەرییانەی کە بەجێی هێشتوون ئەوانیشی لە بیر بووە، لەبەرئەوەی بە راستی شاعیر دەبێ شتی زاتیی خۆشی لەگەڵ شیعر تێکەڵ بکات تا ئەوەندەی تر تام و چێژ بدات .

● کەمال: گرنگ سەرکەوتنە لە تێکەڵکردنەکەیدا؟

* هێمن: بەڵێ کێ سەرکەوتووە لەوەدا ئەو کەسەی سەربکەوێ لەوەیدا بە عەقیدەی من ئەوە شاعیرە، شاعیری زۆری سەرنەکەوتوومان هەن .

● رەفیق: مامۆستا لە کاتی قسەکردندا باسی پێشەوا قازی محەمەدت کرد، وتت قازی محەمەد نەك هەر یەکێك بوو کە لە شیعری زانیوە بەڵکو شاعیر بووە، ئەمە بە پێی ئەو ئاگاداربییەی کە لە برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لە دوور و نزیکەوە گوێمان لێ بووە، بە پێی ئەو نووسینانەی لە بارەی شەخسی قازی محەمەد نووسراون، ئینسانێك بووە زۆر لە شیعرەوە نزیك بووە تا لە سیاسەت، یان دەتوانین بڵێین شاعیر بووە تا سیاسی، شاعیر مەبەستمان ئەوە نییە شیعری نووسیبێ، مەبەستمان ئەوەیە کە ئینسانێکی ئەوپەڕی ناسك، خاوێن، ئینسانێك ناسکییەکەی تا رادەی ئەوەی لە هەندێ شتدا وەك سەرکردەیەکی سیاسی هەڵسوکەوت نەکات، وەکو شاعیرێك و هەندێ جار بە گیانێکی عاتیفیانەشەوە لە هەندێ لایەنەوە قسە بکات یان رەفتار بکات. تۆ کە قازی محەمەدت ناسی، ئایا ئەو وەك پێشەوا و سەرکردەی میللەتێك و شۆڕشێك تا چەند ئەو سیفەتانەی تێدا بووە کە پێویستە لە سەرکردەیەکی سیاسیدا هەبێت؟

* هێمن: کاك رەفیق وەختێکی باسی پێشەوام لێ دەپرسی وەختە گریانم بێ. ئەگەر قسەکانم باشیش نەبێ دەبێت لێم ببوورن. من پێشەوام وەك (.....) دەپەرست ئێستایش وەك (.....) دەیپەرستم، ئەما دەکرێ نەختێ رەخنەشی لێ بگرم .

من لە پێشەکی تاریك و رووندا نوقاتی زەعف (خاڵی لاوازی) پێشەوام نووسیبوو، بەڵام داخەکەم رەقابەی بنکەی پێشەوا رەقابەیان کردو فڕێیان دا، بۆ چیشیان فڕێدا؟ لەبەرئەوەی نا پێیان وابوو نەقدەکەم بەجێ نییە، پێیان وابوو چونکو لە کوردستانی عێراق دەژیم خەڵك پێیوادەبێ کە من ریایم لەبەر سەرکردایەتیی وێ (کوردستانی عێراق)کردووە، بۆیە نەقدی پێشەوام کردووە، با لەتیفتر باسی پێشەوا بکەین. پێم وابوو زۆر لەمە زیاتر بوو بۆ پێشەوای میللەتێکی دواکەوتووی وەك کوردی ئەو سەردەمە. هێند فاسیلەی هەبوو لەگەڵ میللەتەکەی، هێند پێشکەوتووتر بوو لە خەڵکەکە، بۆ پێشەوای ئەو میللەتە نەدەبوو، ئەو واقیعەن ئینسان بوو، ئینسانی خۆش دەویست. لە ژمارە دووی کوردستانی ئەو کاتەدا مقابەلەیەکی هەیە، ئێستا ئەو

ژمارەیە لە مەجمەعی عیلمیی کوردی (کۆڕی زانیاری کورد) هەیە. صەحەفییەك لێی پرسیووە ئایا تۆ حەقی ئازادیی ((سەوت-دەنگدان)) دەدەی بە ژن؟ وتوویەتی بە داخەوە میللەتەکەم ئەوەی نازانێ ژن چییە دەنا چۆن؟ من پێم وایە ژن نیوەی ئەو میللەتەیە. زۆر سەیرە بۆ مەلایەکی ٣٥ ساڵ لەمەو پێش قسەی وا بکا، مەلاش بوو. بەڵێ زۆر ناسکتر بوو زۆر شاعیرتر بوو زۆر ئینسان تر بوو لە پێشەوای میللەتێك. بریا مەسەلەن، یەکێکی وەك سمایل ئاغای سمکۆ قائیدی حەرەکەکە بوایە، پێشەوا مستەشاری بایە، شتی فێرکردبا، ئەما خۆی پێی نەدەکرا، خۆی نەی دەتوانی خائینێ بکوژێ، لە تەواوی رابەریی پێشەوادا یەك ئینسان ئیعدام کراوە، وەکو ئیعدام، ئەویش قاچاخچییەکی عێراقی هاتبوو بۆ دێیەك ناوی باخچەیە، چای هێنابوو، خاوەن ماڵەکە کوشتبووی و چایەکەی فرۆشتبوو. دوای ئەوە ئاشکرا بوو کە کوژراوە. پێشەوا ئیعدامی ئەو کابرایەی ئیمزا کردووە، بەڵام ناردی لە عێراقەوە براکانی کابرایان هێناو بەوان ئیعدامیان کرد.

● رەفیق: ئەویش ئیعدامێکی سیاسی نەبوو؟

* هێمن: نا، نەبوو. حەزدەکەم بڵێم زۆر چاکم لە بیرە کەسێك بە ناوی غەفوور مەحموودی هەبوو، عزوی حیزب بوو، هەتا مەسئول بوو لە حیزبدا، نەك مەسئولی ناوەندی ئەما لە کادرە سەرەکییەکانی حیزب بوو، دوایی ئاشکرا بوو کە ئەمە جاسوسی ئێران و ئینگلیزیش بوو. پێشەوا تفی لێ کرد، گوتی لێی گەڕێن، ئەوەبوو قەتعی راتبی کرد(موچەی بڕی)، بەڵام گەنجەکانی حیزب لە کۆڵی نەبوونەوە ئینتیقام (تۆڵەیان) لێ ستاندەوە و کوشتیان.

لە بیرمە من و هەژار چوینە لای خەبەرەکەمان پێدا، فلان کەس کوژرا. خوا دەیزانێ جنێوی دا، وتی مەلعونینە ئێوە کوشتوتانە. ئاگای لێ نەبوو کە ئەم قەتلە سیاسییە کراوە، وتمان ئێمە شاعیرین. من و هەژار هەردووکمان پێدەکەنین، چونکە بە راستی پێمان خۆشبوو کە خائینێك کوژراوە. ئەما ئەو نارەحەت بوو، زۆر چاکم لە بیرە دەی وت ئاخر نازانن ئەوە بابی هەیە، دایکی هەیە، منداڵی هەیە. دەکرا چاکی کەین، دەکرا تەربیەتی بدەین. بەڵام کە پێشەوا ئیعدام کرا، ئەو کابرایە، برایەکی نوقستانی هەبوو قاچی شەل بوو، بە گۆچان دەڕۆیشت. چوو بەو گۆچانەی کە پێی دەڕۆیشت لە قاچی پێشەوای دا. دیارە نەیوێرا دوای ئەوە لە مهاباد بژی، نازانم چی لێهات و بۆ

کوێیان برد، بەڵام بە گۆچان لە قاچی پێشەوای دابوو، کاتی ئیعدام کردنەکەی، کەوا بوو ئەم کابرایە رقی لە پێشەوا هەڵگرتبوو. لەگەڵ ئەوەی پێشەوا ئاگای لە کوشتنی برای وی نەبوو، ئەما ئەو لە لێ قەوماندا ئەوەی کرد. ئەو یەکێك بوو لەو خەڵکەی پێشەوا رابەری دەکرد.

● رەفیق : مامۆستا ئێمە لە سەرەتاوە بەو هۆیانە دەستمان پێ کرد کە لە منداڵییەوە کاری کردۆتە سەر تۆ و پاڵی پێوەناوی بۆ شیعرنووسین، دوایی هاتینە سەر ئەو هۆیانەی کە تاقیکردنەوەی شیعری تۆی بەرەو کامڵبوون برد: ئێمە لێرەدا ناتوانین مەسەلەی رووخانی کۆماری مهاباد لە بیربکەین، کە بە رای ئێمە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر تۆ، چ وەك شاعیرێك، چ وەك تێکۆشەرێك، کە هاوبەشی دامەزراندنی کۆماری مهابادتان کرد. حەز دەکەین لەو بارەیەوە کارتێکردنی رووخاندنی کۆماری مهابادمان بۆ باس بکەیت؟

* هێمن: جارێ با بیرەوەرییەکی خۆشی پێکهاتنی ئیعلانی کۆمارتان بۆ بگێرمەوە. کاکە رۆژی دووی رێبەندان کە ئیعلانی کۆماری مهاباد کرا من لە پەنای پێشەوام. ئەو رەسمانەی لە (تاریك و روون)دان زۆر چاك پێشەوا بە خەڵك دەناسێنن. رەئیسی زابتە گەورەکانی بە حەواوە راگرتووە، بەڵام من شاعیرێکی رووت بووم، ئەو لە پەنای خۆی دانیام. ئەو دەیویست کە وەختێکی (کاتێکی) جەمهوری ئیعلان دەکرا هەر من و هەژاری لە پەنا خۆی دانابا. کاکە بڕوا بکە ئەو رۆژە ئەوەندە گریاوم کە قەد لە عومری خۆمدا ئەوەندە نەگریاوم. گاڵتەی پێ دەکردم دەی وت ئەوە بۆ عەجەمەکان دەگری. من لە خۆشیان دەگریام، دەی ووت بابە بۆ دەگریەی، دەنا رۆژ لەو رۆژەی خۆشتر دەبێ؟ رووخانی ئەوی بەدوادا هات . بزانە! پاش ئەو رۆژە خۆشە، من روخانەکەم دیت. بڕوا بکە مردم، نازانم بۆ نەمردم، بۆ دڵم نەتۆقا، ئەگەر پێیان وتم پێشەوا ئیعدام کراوە بۆ دڵم نەتۆقا، ئەگەر بیستم دوژمن هاتەوە وڵاتەکەیان داگیرکردینەوە. ئەمانە هەموو تەئسیری زۆر گەورەیان کردە سەر شاعیریی من. تا ئێستاش هەر دەنگ دەداتەوە و رەنگ دەداتەوە.

● کەمال: مامۆستا، تا پێشەوا لە ژیاندا بوو شیعرت بۆ نووسیوە؟

* هێمن: بەڵێ هەمە، بەڵام شیعر نین، راستییەکەی بڵێم شیعارن و ئەگەر لە (تاریك و روون)دا فرێم نەدان وەکو دروستم کردن هەر نووسیمنەوە، بۆ ئەوەبوو تەئریخی

میللەتەکەمان لە بیر نەچێتەوە بزانن ئێمەش رۆژێکی رەئیس جمهورێکمان هەبووە، دەڵێم (هەر بژی قازی رەئیسی جەمهور) ئەوە شیعارە بۆ خۆتان دەزانن .

● کەمال: مامۆستا لە ماوەی کۆماری کوردستاندا چۆن بوو شاعیری تر، بێجگە لە تۆو هەژار دەرنەکەوتن؟

* هێمن: کاکە هەبوون. بە عەقیدەی من چوار شاعیری باش هەبوون، دوویان ئەو کاتە لە من و هەژار بە تەجروبەتر و شاعیر تربوون. بەڵام ترسنۆك بوون نەیان توانی ناوبانگ دەرکەن.

● کەمال: ئەو کاتەش هەر ترسنۆك بوون؟

* هێمن: بەڵێ، ئەو کاتەش هەر ترسنۆك بوون. نەیان توانی ناوبانگ پەیدا بکەن. لە یەکێکیان بێ خەبەرم کە ناوی خالە مینەیە، تکا دەکەم ئەوە بێگانە گوێی لێ نەبێ چونکە دەزانن خاڵە مینە کێیە، بەڵام لەم رۆژانە گوێم لە شیعری یەکێکی دیکەیان بوو، کە ناوی (حەقیقی) یە، ئاغاواتیشە. شاعیرێکی زۆر باشی کلاسیکیی کوردییە، ئەوان هەردووکیان لە من و هەژار باشتر بوون، بەڵام ترسنۆکی نەیهێشت بێنە ناو مەیدان. کشانەوە، شیعریشیان هەیە لە رۆژنامە .

● کەمال: تەشجیعیان کەمتر بوو؟

* هێمن: ئەرێ وەڵا تەشجیعیشیان کەمتر بوو. ئەو تەشجیعە بۆ ئێمە هەبوو، وەکو ئەندامێکی حیزب تێکۆشەر بووین، وەکو شاعیرێك ئەندامێکی حیزبی، تێکۆشەر بووین، ئەوان وەکو ئەندامی حیزب تێکۆشەر نەبوون. حیزب ئێمەی پێ گەیاند، ئەوانی پێ نەگەیاند.

من کە لە ئەزموونی شاعیریمدا وتومە (......) خراپترین نەوعی شیعر تەخمیسە، چونکە دوو شاعیر ناتوانن وەکو یەك بن. کەچی من شیعرێکی ئەو حەقیقەیەم دیوە تەخمیسێکی(حەقیقی) لەسەر شیعرێکی نالی، ئەگەر دەی خوێنیەوە تەماشا دەکەی شیعرەکەی نالی ناقیسە. پێم وایە شتێکم لە بیربێ شیعر،

له زولفی تۆ كه (..............)
یەقین بۆ میشكی ئەسفەر عەینی رشكن
مەفەرموو چاوم، ئەو چاوانە ویشكن
دوو چاوی من كه لێلاوی سروشكن
دەپێون ئاوی بەحری خویێ به پێوان

به راستی شیعرەكەی نالی ناقیسە ئەگەر ئەوەی تێدا نەبێ، هەر لەو رۆژانەشدا لە رادیۆ شیعرێكی خوێندەوە، كه بە راستی لە ئەوجی شیعری كلاسیكیی بوو، ئەما كۆمار نەیتوانی ئەوانە پێ بگەیەنێ. خەڵك برێكیان دەناسێ ئەما زۆر كەم .

● كەمال: بۆ ژیانی خوێندەواری و رۆشنبیری بە گشتی و ئەو خەڵكەی كە كۆمار پێی گەیاند چۆن بوو؟

● هێمن: كاكه جەمهوری بۆ موسەقەف (رووناكبیر)كردنی خەڵك زۆر خەریك بوو، بەڵام خەڵك زۆر دواكەوتوو بوو. ئەو دەمی لە مهاباد تەنیا یەك ئینسانی حیزبیمان هەبوو كە سانەوی(خوێندنی ئامادەیی) تەواو كردبوو، ئەما ئەو زابت (ئەفسەر)انەی كه كوردی عێراقی هەیبوو تەئسیرێكی زۆریان هەبوو، لە هەمووان زیاتر محەمەد قودسی بوو. هەموو رۆژی جومعەیەك كۆبونەوەیەكی گشتی هەبوو لە تەواوی ژیانی كۆماردا. خەڵك كۆدەبوونەوە، پێشەوا قسەی بۆ دەكردن. خەڵكی دیكە قسەی بۆ دەكردن و(.....) هەموو خەڵكی مهاباد دەهات، تەقریبەن ژنیش دەهات(.....) محەمەد قودسی لەوانە بوو بە نسبەت ئەوەی زۆر موسەقەف تر بوو لە خەڵكی وڵاتی ئێمە. عیزەت عەبدول عەزیز زۆر موسەقەف بوو بەڵام لەهجەكەی تەواو نەبوو، ئەویش قسەی بۆ دەكردین، مستەفا خۆشناو قسەی بۆ دەكردین هەر ئەوانەش بوون، كە ئەم ئینسانە موسەقەفانە زۆر سەقافەتیان فێری خەڵك دەكرد و دەرسیان دەخوێندەوە. ئێمە بۆ سانەوی مودەرسیمان نەبوو، ئەوانەی وەختێكی (كاتێكی) لە شەڕ نەبوون دەچوون دەرسیان دەخوێند. عوسمان دانش بە راستی بۆ ئەو دەمەی دەوری هەبوو ئینسانێكی موسەقەف بوو، بەڵام چی لێ هات نازانم؟

● رەفیق: تا مرد هەر لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق بوو.

* هێمن: ئەو دەمەی خەڵکی مهاباد عوسمان دانشیان پێ ئینسانێکی موسەقەف بوو. ئەو قسەی بۆ دەکردن و هەموو رۆژی جومعان بێ نۆبڕ خەڵك كۆدەبۆوە لەو چوارچرایەی کوردستان، زۆرجار پێشەوا خۆی قسەی بۆ دەکردن. دوای ئەوەی من شیعرم دەخوێندەوە، هەژار شیعری دەخوێندەوە، وردی شیعری دەخوێندەوە. خاترەیەکی خۆشم هەیە لە وردی. چوار کرێکارمان هەبوو، کەس هەر چاپی نەدیبوو، خەڵك دەهاتە سەیری چاپخانە رادەوەستا بۆ ئەوەی چاپخانە ببینێ. چوار منداڵی بچکۆلەمان فێرکردبوو زۆر مورەتەب بوون. پێشەوا (.....) کە دەهات ئاسنەکەی ماچ دەکرد، دەی وت ئەوە چاپخانە سەقافەتی کوردە. برا سۆڤییەتەکانمان کوردێکیان بۆ ناردبووین، دوو کوردیان بۆ ناردبووین دەیان وت کوردی سۆڤیەتن و کەس تێیان نەدەگەیشت، بەڵام یارمەتییان داین. بەڵام پیاو ئینساف بکات کوردی عێراق زۆریان تەئسیر لە رووناککردنەوەی ئێمەدا کرد. پێم وایە هەر شەش حەوت کەس بووین کوردیمان دەزانی بخوێنینەوە و بنووسین. مەسەلەن یەکێك (.....) کە لە شۆڕشێکی کوردستانی عێراق کوژراوە (دار المعلمین)ی لێرە(کوردستانی عێراق) تەواو کردبوو هاتەوە، کوردی دەزانی بنووسێ. کاك کەماڵ چۆتە کوردستانی ئێران رەنگە لەگەڵ هەندێ کەس شارەزا بووە، ئێستا کوردستانی ئێران لە باری رووناکبیرییەوە (سەقافەتەوە) لە کوردستانی عێراق زۆر پێشکەوتووترە. ئێستا، ئەما ئەو دەمەی کاکە زۆریان فەرق بوو، کوردستانی عێراق زۆر لە پێشتر بوو .

● رەفیق: مامۆستا باسی ئەوەت کرد کوردستانی ئێران لە رووی رووناکبیرییەوە لە پێشترە، بێگومان مەبەستت لە لایەنە ئەدەبییەکەی نییە، بەڵکو مەبەستت لایەنی خوێندەواری و لایەنی سیاسی و لایەنی دیکەشە، ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە ئایا شیعری کوردی ئێستا لە کوردستانی ئێراندا چۆن دەبینی؟ ئایا ئێستا شاعیری ئەوتۆ هەن. جگە لە حەقیقی و لەو شاعیرانەی کە باست کردن شاعیری ئەوتۆ هەن، کە هیوای ئەوەیان لێ بکرێت کاروانی شیعری نوێ لە کوردستانی ئێران بەرەو پێشەوە بەرن، بە تایبەتی لەناو گەنجەکاندا ؟

❊ هێمن: کاك ڕەفیق ئەو کاتەی کە من هاتووم سێ شاعیری لاو هەبوون کە (مەکتەبی گۆران)یان گرتبوو، بەڵام من پێم وابوو هەرسێکیان گەیشتبوونە پلەی گۆران. ئەو دەمەی ١٠- ١٢ ساڵ لەوە و پێش یەکێکیان بە داخەوە مرد.

● ڕەفیق: سوارە؟

❊ هێمن: سوارە، دوویان ماون هەروا وەك من بیان ناسم هەر ئەو دووانە لە سەنگەری خەباتێکی پاکی سیاسیدا ماونەوە. من وەك شاعیری نوێخوازی کورد، بێ ئەوەی هیچ تەعەسوبێکم هەبێ، فاتح شێخ ئیسلامی، کە ئەو شێخ و ئیسلامی مەریوانە، خزمین، ئەما زۆر دوور، بە گەورەترین شاعیری نوێخوازی کورد دەناسم. ئەوائیلی شیعرەکانی کە دەینووسی، ئەوسا تەلەبە بوو، پێم دەگەیشتن هونەرەکەشی لێرەدایە، کاکە شتێك هەیە با بێ دەلیل قسە نەکەم، ئەدەبی فارسی ناسکترە لە ئەدەبی عەرەبی و ئەوانە هەموو ئەدەبی فارسی دەخوێننەوە، شاعیرە نوێخوازەکانی فارس کاکە دەستیان لە کلاسیك بەرنەداوە، جگە لە شاعیرێکی زۆر چاکیان بە ناوی (ئەحمەدی شاملۆ) شیعری کلاسیکم لێ نەدیووە، دەنا مەسەلەن ........ .

بە داخەوە لێرەدا ڕووی دووەمی شریتەکە تەواو دەبێت.. ئایا دیدارەکەیش دوای ئەو پرسیارە تەواو بووە؟

# کتێبخانەی کوردۆلۆجی

## ١- خوێندنەوەیەکی سەرپێیی بۆ دوو کتێبی محەمەد حەمەباقی

**کتێبی یەکەم:**

**ئەبولحسین کوردستانی**
**فەرهەنگی کوردی- فارسی**
**ئامادە و ساغکردنەوە و پەراوێز محەمەد حەمەباقی**
**لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٧ \ ١١٢ لاپەڕە**

دەقی ئەسڵی ئەم نامیلکەیە بە ناوی " کتاب لغات کردی" و بە زمانی فارسییە، لە ساڵی ١٣٠٣ کۆچی ١٨٨٥ بە ئەمری ناسردین شای قاجار، شای ئێران، لە لایەن ئەبولحەسەن خان فەخرولملکەوە، نووسراوە و بە شێوەی باسمە چاپی بەردین لە تاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەبولحەسەن خان فەخرولملك چوارەمین کوڕی رەزا قولی خانی ئەردەڵان والی ئەردەڵانە لە سنە. رەزا قولی خانیش کوڕە گەورەی خەسرەو خانی ناکامە. دایکی رەزا قولی خان حوسنی جیهان خانم کچی فەتحعەلی شای قاجارە. هاوسەری رەزا قولی خان، واتە دایکی ئەبوولحەسەن خان، تووبا خانم، کچی عەباس میرزای وەلیعەهد، کوڕی فەتحعەلی شا بوو. مەحەمەد شا باوکی ناسردین شا خاڵی ئەبوولحەسەن خان بوو، ناوبراو زوربەی تەمەنی خۆی لە دەرباری شای ئێراندا بردە سەر و پاشان یەك لە

خزمەتکارە باوەڕپێکراوەکانی ناسردین شا بوو. ئەبوولحەسەن خان لە ساڵی ١٨٥٨ لە دایك بووە، جگە لەم نامیلکەیە خاوەنی بەرهەمێکی دیکەیە بە زمانی فارسی بە ناوی " از حریم تا حرم"، کە لە ساڵی ١٩٨٦ بە هەوڵ و تێکۆشانی مەحەمەد ڕەزا عەباسی لە تاران لە چاپ دراوە.

بەسەرهاتی " کتاب لغات کردی" زۆر سەیر و سەمەرەیە. ناسردین شا، ژن یا کەنیزێکی لە دەربار بوو، ئەم ژنە خەڵکی سنە بووە، کوڕێکی هەبوو و بە عەزیز ولسولتان بەناوبانگ بوو. ئەوەندە ورد و کز و لاواز بوو، پیان دەوت " مەلیچك" واتە چۆلەکە، بەلام فارسەکان بانگیان دەکرد " مەلیجەك". ئەم کوڕە سەرەڕای ناشیرینی زۆر قۆشمە و قسەزان بوو، ببوو بە هەرە خۆشەویستی ناسردین شا و هێندەی وەزیرێك دەسەلاتی هەبوو، زۆرجار وەزیرەکانی دەوڵەت بە هۆی ئەوەوە داخوازی تایبەتیان لە ناسردین شا دەکرد. ئەم کوڕە هەتا ماوەیەکی زۆر هەر فارسی نەدەزانی و بە کوردی لەگەڵ دایکی و تەنانەت ناسردین شایشدا قسەی دەکرد، ناسردین شا زۆر حەزی لە شێوەی قسەکردنی بوو، بۆ ئەوە لە قسەکانی تێبگا، ئەبولحەسەن خانی ڕاسپارد شتێکی لە مەڕ زمانی کوردییەوە بۆ ئامادە بکات. سەیر ئەوەیە ئەبولحەسەن خانیش دەسەلاتی تەواوی بە سەر زمانی کوردیدا نەدەشکا، چونکە دایکی کورد نەبوو، خۆیشی هەر لە منداڵییەوە لە دەرباری ئێران لە تاراندا گەورە ببوو، سەرەڕای ئەمانەش لە دەرباری ئەردەلانەکان لە سنە لە بەر ئەوەی کارمەندان و خزمەتکاران زوربەیان لە تاران و بە گشتی لە عەجەمستانەوە لەگەڵ دەسەلاتداراندا دەهاتن، زمانی کوردی ئەوەندە لە ئارادا نەبوو. ئەبولحەسەن خان، یەکێ لەوانە بووە، کە دەکرێ بڵێین کەم کوردی دەزانی و یا هەر نەیدەزانی، دەبێ ئەم نامیلکەیەی بە یارمەتی کەسێکی تری ناشارەزا نووسیبێ. بۆیە هێندێ وشە لەم نامیلکەدا دەبینرێ، کە هەڵەیە و لەگەڵ ئاخافتنی خەڵکی سنەدا جیاوازە و واتای وشە و ڕستەکان بە زمانی فارسیش لە زۆر شوێندا لە جێگا خۆیاندا نین و بە هەڵە لێك دراونەتەوە، ئەم وشە تێکەڵ و پێکەلانە شێوەی قسەکردنی ئەو کوردانەیە، کە بە ڕەگەز کوردن بەلام بە هۆی ئەوەوە لەگەڵ فارسەکاندا زۆر تێکەلاون و کوردی بە کار ناهێنن، بە چەشنێ کوردییان لە بیر کردووە. جا وادیارە ساخکەرەوەی نامیلکەکە ئاگاداری ئەم گیروگرفتانە نەبووە و شارەزای وردەکاری زاراوەی ئەردەلانیش نییە و لە فارسییەکەشدا کۆڵە، بۆیە سەرجەمی نامیلکەکە تێکشێوێندراوە.

کاك محەمەد حەمەباقی، جارێ ناوی نووسەرەکەی بە هەڵە کردووە بە (ئەبولموحسین کوردستانی) و نەشیزانیوە

کێیـە، پاشـان ئـەم نامیلکەیـە فەرهـەنگ نییە، بەڵکو ڕێبەرێکی چکولەی فێرکردنی زمانی کوردییە.

ساخکەرەوەی نامیلکـە لـە زۆر شـوێندا گەلێك وشە و ڕستەی بۆ نەخوێندراوەتـەوە و لێی حاڵی نەبووە و لـە پـەراوێزدا گوایـە ساخی کردوەتـەوە، کەچـی نووسـەر خـۆی دروسـتی نووسـیوە و کاکـە حەمـە لێـی تێکـداوە! نموونـەی ئـەم تێکدانـە یـەکجار زۆرن، لێـرەدا چـەند دانەیـەکی دەسنیـشان دەکەین:

ل. ٤٩، نووسـەر نووسـیویەتی، صـبرت بووت صبر کنید. کاك حەمـە کردوویـە بـە صەبرت بوِت، سەبرت هەبێ، ئـارام بگـرە. نووسـەر دروسـتی نووسـیوە کاکـە حەمـە سکوونی سەر واوەکەی بە واو زانیوە و لـێ زیاد کردووە. ئەگەر نووسینەکەی نووسەری نامیلکە بە ڕێنووسی ئەمڕۆ بنووسین ئـاوا دەبێ بنووسرێ: سەبرت بوێت، بەڵام واتـای فارسییەکەی کۆ نییـە و تاکـە واتـە سـەبر بکە نەك سەبر بکەن.

هەمان لاپەڕە، حقت لئاسنم حقیقتا از تو خواهم گرفت، کاکە حەمە کردوویـە بـە حەقیقـەت لـت ئەسـنم، حەقیقـەت لێـت ئەسـێنم. واتـا و بۆچـوونی نووسـەر و ساخکەرەوە هیـچیان ڕاست نـین. "حـەقت لـێ ئەسێنم" بە زاراوەی ئـەردەڵانی واتـای "تۆڵەت لـێ دەکەمەوە" دەدا.

لە هەموو لاپەڕەکانی ئەم نامیلکەدا کاك حەمە هەستی بەوە نەکردوە، کە نووسـەر لـە ژێر کـارتێکردنی زمـانی فارسـیدا، ژێـرە لـە جیاتی (ێ) بە کاردێنێ.

ل. ١٣ ل. ٣ دەق، بگــرتن، کــراوە بــە بگرتـون و لـە پـەراوێزدا واتـای چاوپۆشینی لێکراوەتــەوە. نووســەری کتێــب دروســتی نووسیوە، هـەروەها واتـای فارسیەکەشی لـە جێگـای خۆیدایـە. بـەڵام واتـا کوردیەکـەی "چاوپۆشـیی" لـە پـەراوێزدا ڕاسـت نییـە، بگـرتن بـە فارسـی گـزشـتن و بـە کـوردی تێپەڕینە.

هەمان لاپەڕە، "بروپیری روین/ بەرەوپیری ڕوین" ی دەقەکە، کراوە بە بەرەوپیری چوون. دیسان هەر لەم لاپەڕەدا ل. ٣ دەق برلابوون/ بەرەڵلابوون" لەبیر کراوە و نەنووسراوەتەوە!

ساخکەرەوەی نامیلکە، ئەم نووسـراوە بـە دەسنووس دەزانـێ، کەچی وەك باسمان کـرد چاپیە بەڵام بە شـێوەی بـەردین و لـە ل. ٦دا دەنووســـێ لاپـــەڕەی ١ و ٢ ی دەقـــی نامیلکەکە فـەوتاوە. ئەمـەش ڕاسـت نییـە، نووسـراوەکە تـەواوە و نووسـەر لـە لاپـەڕەی سێەوە دەستی پێکردووە. ئەو وشە دانسقە و دەگمەن و پاکانە، کە کاك محەمەد حەمەباقی ئامـاژەی پێـدەکات، ئێـستاش جـەماوەری خەڵکی سنە لە ئاخافتنیانـدا هـەر بـە کـاری دێنن.

بەداخـەوە، هەڵـە و ناتـەواوی و کـەم و کوڕیی ئەم نامیلکەیە- ساخکراوە- ئەوەنـدە

زۆرن، لەم مەودا کەمەی ئێمەدا ناکرێ هەمووی دەسنیشان بکرێن.

محەمەد حەمەباقی دەنووسێ: " زۆرم هەوڵدا بزانم ئەم رووناکبیرە کوردە کێیە، نەمتوانی سۆراخی راستەقینەی هەڵبگرم".

ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە خۆزگەکەی دەهێنینە دی و وێنەکەی پێشکەش دەکەین.



ئەبولحەسەن خان فەخرولملك، ئەردەڵان، نووسەری "کتاب لغات کردی"

## کتێبی دووەم:

### شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری
### لە بەڵگەنامەی قاجاردا
### وەرگێڕ: محەمەد حەمەباقی
### لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان
### ٦ بەرگ، هەولێر ٢٠٠٧

بەشێك لە خاكی كوردستان، لە بن دەستی دەوڵەتی ئێراندایە، دانیشتووانی ئەم بەشەش وەكو بەشەكانی تر لە دابینكردنی مافی چارەنووسی خۆیان بێ بە شن و لە ژێر چاودێریی وردی دەوڵەتی ئێراندان. كوردستانی بن دەستی ئێران شوێنێكی ستراتیجییە و لە بەر هاوسێتیی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و پاشان دەوڵەتی توركیا و عێراق، لە باری سیاسییەوە، لە لایەن دوڵەتی ئێرانەوە، بایەخێكی یەكجار زۆری پێدەدرێ، هەرچەند هەتا بۆیان بكرێ لە باری ئابووری و كولتوورییەوە لە بیری دەكەن و پاش دەخرێ. دیارە لە ئارشیفەكانی ئەم وڵاتەدا بەڵگە و سەنەدێكی زۆر سەبارەت بە كورد، هەڵگیراوە، كە دەبێ توێژەران هەوڵی دەستخستنی بدەن.

محەمەد حەمە باقی، بۆ ئەم مەبەستە بەرهەمێكی شەش بەرگی بە ناوی "شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەڵگە نامەی قاجاریدا"، لە چاپ داوە.

- بەرگی یەكەم، دەسنووسێكە، كە عەلی ئەكبەری سەرهەنگ، بە ناوی"افتتاح ناصری" لەساڵی ١٨٨٠ بە زمانی فارسی نووسیویە.
- بەرگی دووەم، دەسنووسێكە، كە عەلی كوڕی ئەمیر گوونە خانی ئەفشار، بە ناوی: مێژووی سەرهەڵدانی كوردەكان و كوشت و بڕ و تاڵانی شێخ عوبەیدوڵڵای بێ بنچینە و هەرا و پشێوی زۆر لە وڵاتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٢٩٧ تاریخ خروج اکراد و قتل "و" غارت شیَخ عبیدالله بدبنیاد و اغتشاش و فتنه زیاد در مملکت آذربایجان در سنه

١٢٩٧، لە پاش شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا، بە زمانی فارسی نووسیویە.

•بەرگی سێیەم، وەرگێڕاوێکە لە وەرگێڕاوێکی عەرەبی بە قەڵەمی جرجیس فتح الله لە بەشێك لە نامەی دوکتۆرای وەدیع جویدە، بە ناوی "بزووتنەوەی میللی کوردستان، سەرچاوەکانی و پەرەستاندنی"کە لە ساڵی ١٩٦٠دا بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، کاك محەمەد حەمەباقی ناوی لێناوە "شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەمەریکی و بەریتانیدا". ئەم ناوە، کە وەرگێڕی کوردی بۆی داناوە، راست و رەسەن نییە.

•بەرگی چوارەم کتێبێکە، کە ئەسکەندەری کوریانس، لە ساڵی ١٨٨١دا بە زمانی فارسی بە ناوی " تاریخ طغیان اکراد" نووسیویە. وەرگێڕ ناوی لێناوە " شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگە نامەی ئەرمەنیدا". راستە نووسەری ئەم کتێبە ئەرمەنی بووە بەڵام ناو لێنانی بە ناوی بەڵگەنامەی ئەرمەنی لە جێگای خۆیدا نییە، چونکە ئەمە روانگەی خەڵکی ئەرمەنی نەبووە بەڵکو روانگەی رەسمی دەوڵەت و کاربەدەستانی ئێرانە.

•بەرگی پێنجەم، "شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگە نامەی قاجاریدا" ئەم بەرگە هەڵبژاردەیەکە لە کتێبێکی ٨ بەرگی بە ناوی " گزیدە اسناد سیاسي ایران و عثماني"هەڵبژاردەی بەڵگە سیاسیەکانی ئێران و عوسمانی بە زمانی فارسی، کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لە ١٩٩٠دا لە چاپی داوە.

•بەرگی شەشەم، هەڵبژاردەی چەند نامەیەکی حسەنعەلی خان ئەمیر نێزامی گەڕووسیە. لە کتێبێك بە ناوی "گزارشها و نامە های دیوانی و نظامی امیر نظام گروسی"بە زمانی فارسی.

بۆ کارێکی زانستی وا، کە ئاکادێمیا واتە کۆڕی زانیارییەك لە چاپی بدا، بە هەر پێوانە و کێشەمەنییەك، گەلێك مەرجی پێویست هەیە، کە دەبێ بەرهەمهێنەر هەیبێ، زانینی تەواوی هەر دوو زمانەکە، پسپۆڕیی مێژوو و لە هەموویان گرنگتر بە باشی ئاگادار بوون لە خەت و شێوەی نووسینی بەڵگەکان. بە داخەوە کاتێ سەیری ئەم بەرهەمە دەکەین، هیچ کام لە مەرجەکان نابینین. هەڵەی خوێندنەوە و تێگەیشتن، هەڵەی وەرگێڕان و گەلێك هەڵەی تر ئەوەندە زۆرن، کەس نازانێ لە کوێوە دەست پێبکات. بۆ نموونە، لە بەرگی یەکەم، واتە "افتتاح ناصری"، لە دوا لاپەڕەیدا نووسەرەکەی - عەلی ئەکبەری سەرهەنگ- بۆ ناسردین شای نووسیوە، کە سەرەڕای ئیفتیتاح ناسری، کتێبێکی دیکە لە شێوەی "نصاب" بە زمانی فرەنسی نووسیوە و پاشان پێشکەشی دەکات. وەرگێڕ بەم شێوە وەریگێڕاوە:". ..

کتێبی "نەصاری" یش... بە زمانی فەرنسایی و هەر لەم بارەیەوەیە ئەویش هەر بە دەستی. .. دەگات. " پاشان لە پەراوێزدا نووسیویە:" مەبەست لە کتێبەکەی "ئەسکەندەر غوریانس" ی ئەرمەنییە، کە ئەویش یادداشتی رۆژانەی ناوبراوە... بەڵام ئەم کتێبەی "ئەسکەندەر غوریانس" بە زمانی فارسی نووسراوە و نەبیستراوە بە زمانی فرەنسایی بێت".

کەچی مەبەستی عەلی ئەکبەری سەرهەنگیش ئەوەیە، کە کتیبێکی دیکەی هەیە لە شێوەی نصاب چەشنە فەرهەنگێکی وشەیە بە شیعر، وەك " نصاب الصبیان"ی ابوو نصر فراهی، کە بە زمانی فرەنسی دایناوە. جا ئەگەر وەرگێڕ لەم رستە سادە و ساکارە ئاوا تێگەیشتبێ!! دەبێ لەو نامانە، کە بە خەتی "شکستە" نووسراون چی حاڵی بووبێ؟

بەراستی ئەگەر هەڵەکانی خوێندنەوە و تێگەیشتن و وەرگێڕان لەم کتێبانەدا یەك لە دوای یەك ریز بکەین، یەك بەرگی گەورە دەگرێتەوە.

وەرگێڕ پێشتر هێندێ لەم کتێبانەی بە ناوی" شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا" لە ساڵی ٢٠٠٠، لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە موکریانیدا بڵاو کردبووەوە، پێویستە ئەوەش بووترێ لەم چەشنە هەڵانە لە کتێبەکانی دیکەی وەرگێڕدا وەك " سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی"ش زۆر بەرچاو دەکەون.

تەنانەت وێنەی سەر بەرگی کتێبەکە، وێنەی سەید عەلی ئەسغەر نییە، بەڵکو وێنەی هاوڕێیەکی سەیید عەلی ئەسغەرە. بەناوی حاجی خەلیلی دانش، کە تارژەن و گۆرانبێژێکی ناوداری سابڵاغە و باوکی هونەرمەند محەمەد دانشی گۆرانیبێژی ئێستای ناوچەی موکریانە. بۆ ئەو مەبەستەش وێنەی حاجی خەلیل دانش و مەلا کەریمی رەحمەتی پێشکەش دەکەین، کە لەتێکی ئەم وێنەیە بە هەڵە بووە بە سەید عەلی ئەسغەر و سەر بەرگی کتێبەکەی کاك محەمەد حەمەباقی رازاندووەتەوە!

**د.عەبدوڵڵا مەردۆخ**



حاجی خلیلی دانش                                        مەلا کەریم

# ٢-بڵاوكراوەكانی كوردۆلۆجی

### سۆفیزمو كاریگەریی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی كورددا

د. جەعفەر عەلی رەسول

زنجیرە: ٩

نووسەر لەم كتێبەدا باسی سۆفیزمو سیاسەتو بیری نەتەوەیی دەكات وەختێك بەیەكەوە گرێ دەدرێن بۆ خزمەتی شۆرشی نەتەوەیی.

ئەم كتێبە لەچوار بەش پێك هاتووەو هەر بەشێكیش بەسەر چەند باسێكدا دابەشكراوە. وەك هەر باسێكی ئەكادیمی، لە بەشی یەكەمدا، بۆ ئەوەی بێتە سەر ریبازەكانی سۆفیزم لە كوردستاندا، باسی سۆفیزم وەك چەمك دەكاتو لە رووی زمانەوانییەوە وشەكە شی دەكاتەوەو پاش ئەوە پێناسەی سۆفیزم وەك زاراوە دەكات.

دیارە لە كوردستاندا دوو رێبازی دیار هەن، ئەوانیش ریبازی قادریو نەقشبەندین كە لە پاڵ ئەركە ئاینییەكاندا زۆر جار بۆ مەرامی شۆرشو بیری نەتەوەیی وەگەرخراون.

نووسەر رۆژگاری دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی كردووە بەسەرەتا، بۆیە لەم بەشەدا باسی رەنگدانەوەی سۆفیزم لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی كورد، لەو سەردەمەدا دەكات. هەموو باسەكانی ئەم بەشە بە دەوری سولتان عەبدولحەمیدو سەردەمەكەیو بزوتنەوەی كوردو بیری نەتەوەییو سۆفیزمو پان ئیسلامیزمو شێوازی رەنگدانەوەی پاش ئیسلامیزم لە هەڵوێستی رابەرانی سۆفیزمی كوردا دەسورێنەوە.

بەشی سێیەم تیشك دەخاتە سەر قۆناغێكی ترو بیرو بۆچونێكی تر بەرامبەر سۆفیزمی كورد، ئەویش بۆچوونی كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو هەڵوێستی بەرامبەر بە سۆفیزم لە كوردستاندا، بۆیە ئەمە ناچاری دەكات بەوردی لەسەر كۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو ئامانجوپرۆگرامو پەیوەندییان بەسۆفیزمەوە بوەستێ. هەر لەم بەشەدا رەنگدانەوەی سۆفیزم لە راپەرینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانو راپەرینەكەی مەلا سەلیمدا باس كراوە.

نووسەر بەشی چوارەمی بۆ قۆناغێكی نوێتر تەرخان كردووە (١٩١٨- ١٩٢٥)و

هەواڵنامەی كتێب

بەوردی لە پەیوەندی سۆفیزم بە دوو شۆرشی نوێوە، دەکۆڵێتەوە ئەوانیش، شۆرشی شێخ مەحمودو راپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانن.

ئەم کتێبە (٢٦٣) لاپەڕەیەو نووسەریش پشتی بە چەندین سەرچاوەی کوردیو عەرەبیو فارسی بەستووە.

**قضاء هەڵەبجە**
**دراسة في الجغرافية الإقليمية**
**عطا محمد علاء الدين**
**زنجیرە: ١٠**

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی کە مەڵبەندی کوردۆلۆجی بە زمانی عەرەبی چاپی کردوون، مەڵبەندی کوردۆلۆجی چاپی کردووە. کتێبەکە ٣٠٩ لاپەڕەیەو لە سێ بەش پێك هاتووەو هەر بەشەیشی بەسەر چەند پارێکدا دابەش کراوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە دەستنیشانکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە، پێکهاتەی جیۆلۆجی، تۆپۆگرافیا، ئاووهەوا، خاك، روەکی خۆڕسك، سەرچاوەی ئاو.

تا ئێرە هەر باسی هەڵەبجەیە لە روی جیۆگرافیای سروشتییەوە.

بەشی دووەمی باسەکە بە ناوی دانیشتوانی هەڵەبجەوەیەو بەسەر چەند پارێکدا دابەشکراوە، وەك: دابەشبوونی جیۆگرافیی دانیشتوانی هەڵەبجە، نەشونمای دانیشتوان، پێکهاتەی دانیشتوان، بەشی سێیەمیش بە ناونیشانی ئابووری قەزای هەڵەبجەوەیەو چەند پارێکی لە خۆگرتووە، لەوانە: کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار، گواستنەوەو بازرگانی، ئەم کتێبە، بەپێی میتۆدی هەرێمایەتی نوسراوە، کە تەنها بە ئاوو هەواو پێکهاتەی سروشتییەوە ناوەستێ، بەڵکو بۆ رۆڵی مرۆڤو خەسڵەتی مرۆڤایەتیو گرێدانیان بە لایەنی سروشتییەوە بە کار دەبرێت.

ئێستا میتۆدی هەرێمایەتی زیاتر بۆ ناسینی کەسێتیی هەرێمەکان، دەستنیشانکردنی جیاوازی لە نێوان هەرێمێكو هەرێمکی تردا لەسەر ئاستی جیهان، یان ئاستی وڵاتێك بەکار دەبرێ. جیۆگرافیای هەرێمایەتی تازە پەرەی سەندووە هەرچەندە لە کۆنەوە گریگ جیهانیان بەسەر چەند هەرێمێکی گەورەدا و هەر هەرێمێکیشیان بۆ دە هەرێمی بچووك دابەش کردووە، بەڵام بەرنارد فارینۆس لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەی زایینیدا ١٦٥٠ز جیۆگرافیای کرد بە دوو بەشی سەرەکییەوە، یەکەمیان گشتیەو دووەمیشیان تایبەتییە، یەکەمیان لە زەوی دەکۆڵێتەوە، لە شێوەو دیاردەو جوڵەو ئەو شتانەیش، کە کاری تێ دەکەن، جیۆگرافیای تایبەتو هەرێمایەتی لە پەیوندی نێوان هەردووکیانو کارلێکردنیانو پەیوەندیان دەکۆڵێتەوە.

**ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا**

**جاسم محەمەد محەمەد عەلی**

**زنجیرە: ١١**

ئەم کتێبە لەچوار بەش‌و چەند باسێك پێك هاتووەو نووسەر لەو هۆکارە سیاسییانە دەکۆڵێتەوە کە ڕۆڵیان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگا سلێمانیدا هەیە.

لە بەشی یەکەمدا باس لە دابەشبوونی ڕێژەیی دانیشتوان‌و پێکهاتەی تۆبۆگرافیی پارێزگای سلێمانی‌و ناوچە شاخاوی‌و نیمچە شاخاوی کراوە.

لە بەشی دووەمدا نووسەر باسی دابەشبوونی دانیشتوان بەپێی گوندو شار، دابەشبوونی شارنشین بەسەر یەکە کارگێرییەکاندا دەکات.

دابەشبوونی چڕیی‌و پێوەرەکانی، گردبوونەوەی دانیشتوان تەوەری سەرەکی بەشی سێیەمەو لە دوو باس پێك هاتووە.

لە بەشی چوارەمدا نووسەر جەخت لەسەر ئەو هۆکارە سیاسییانە دەکات کە کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان هەیە، لێرەدا باسی قۆناغێکی نوێتر دەکات کە ڕژێمە دکتاتۆرەکان دێهاتیان ڕاگواستۆتەوەو بەزۆرو بەویستی ڕەگەزپەرستانەی خۆیان دابەشیانکردوون.

هەر لێرەوە باسی چەمکی ڕاگواستنی زۆرەملێ‌و ئەنفال‌و کۆمەڵگەی زۆرەملێ‌و هەڵەبجەو چەکی کیمیاوی دێتە پێشەوە.

لەگەڵ ئەمانەدا پێرست بۆ خشتەو نەخشە کراوە کە بۆخۆی گرنگیی زیاتر بە بابەتەکە دەبەخشێت.

**ناوی کتێب:**

**پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و تورکیا**

**١٩٩١- ١٩٩٨**

**نووسەر: هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم**

**زنجیرە: ١٢**

تەوەری سەرەکی بابەتی ئەم کتێبە پەیوەندیی سیاسیی هەرێمی کوردستان‌و تورکیایە. نووسەر سەرەتای دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش ڕاپەڕین تا ساڵی ١٩٩٨ بۆ نووسینەکەی هەڵبژاردووە.

دیارە کوردستان لەسەدەی بیستدا لە کاریگەریی دوو جەمسەری، واتە ئەمریکاو سۆڤێت بێبەش نەبووە. بەڵام پاش هەرەسهێنانی جەمسەرێکیان بارودۆخی دنیا بە گشتی‌و ناوچەکەمان بەتایبەتی گۆڕاو پاش ئەمە بۆ کوردیش ڕەخسا حکومەتی هەرێم پێکبهێنێت.

بۆیە دەوڵەتانی دراوسێ کەوتنە دژایەتیکردن‌و بەکارهێنانی سیاسەتی

هەولێرنامەی کتێب

تایبەتی خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حکومەتەدا.

کتێبەکە لە چوار بەشو چەند تەوەرو باسێك پێك هاتووە.

بەشی یەکەم لەسەر بنەماکانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیایە. لێرەشدا باسی چەند بنەمایەك دەکات وەك: بنەمای جیۆگرافیای سیاسیو بنەمای سیاسیو سەربازیو ئابووریو مێژوویی.

لە بەشی دووەمدا نووسەر بۆ تیشککستنە سەر مێژووی پەیوەندی نێوان تورکیاو عێراق، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٦ پاشان لەوێوە دەگاتەوە ساڵی ١٩٩٠. بۆیە باسی دوو جۆر پەیوەندی دەکات ئەوانیش پەیوەندیی سەردەمی مەلەکیو پەیوەندیی سەردەمی کۆمارین لەگەڵ حکومەتی تورکیادا.

لە بەشی سێیەمدا نووسەر لەجۆری پەیوەندیی سیاسی تورکیاو کوردستان لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٨ ئەدوێ.

لە بەشی چوارەمدا، کاریگەریی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەسەر کوردستانو تورکیاو بەتایبەت سیاسەتی عێراقو سوریاو ئێرانو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێت بەتەوەری باس.

نووسەری ئەم کتێبە میتۆدی مێژوویی هەڵبژاردووە، ڕەچاوی ڕێبازی زانستیی جیۆگرافیای سیاسیشی کردووە.

## رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمەریکا

**١٩٤٩ – ١٩٩١**

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**زنجیرە: ١٣**

شاعیرو رۆژنامەنووس نەوزاد عەلی ئەحمەد لە سوید نووسیویێتی. لە پێشەکیو چوار بەش پێك هاتووە. نووسەر هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی. هەر لەو ساڵانەوە هەوڵی ئەوەی داوە بەپێی ناونیشانی تێزەکەی لەبارەی رۆژنامەگەری بوواری خەباتی خوێندکاری کورد لە ئەمەریکاو ئەوروپا بنوسێ، بەڵام لەبەر نەبوونی سەرچاوە بۆی نەکراوە دەست لە کارێکی وا بدا تا گەیشتۆتە سویدو لەوێ جێگیر بووە.

ئەوروپا لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە چەندین کۆمەڵو گروپی خوێندکارانی کوردی تێدا دروست بوون، بەڵام کتێبیان لەبارەوە چاپ نەکراوە.

هەموو ئەو بەڵگەنامانەی، کە کەوتوونەتە دەست نووسەر دەیسەلمێنن یەکەمین ڕێکخراو، کە خوێندکارانو لاوانی کورد ڕۆڵیان لە دامەزراندنیدا هەبێ ساڵی ١٩٤٩ لە ئەوروپا دامەزراوەو چالاکی زۆری هەبووە.

هەواڵنامەی کتێب

نووسەر میتۆدی وەسفی مێژوویی بۆ باسەکەی بەکار هێناوە، ئەمەش بۆکارێك تیشك بخاتە سەر سەرهەڵدانی کۆمەڵەو گروپی خوێندکاریو مێژوویی‌و ڕۆژنامەگەرییان میتۆدێکی گونجاوە. نووسەر لێکۆڵینەوەکەی بەسەر پێنج بەشدا دابەش کردووە.

١. کورتەیەك سەبارەت مێژووی بزاڤی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا.
٢. هونەرەکانی تەکنیکی ڕۆژنامەگەریی.
٣. هەڵبژاردەی بابەتەکان بە گوێرەی هونەرەکانی نووسین.
٤. رابەرێك بۆ ڕۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپاو ئەمریکا.
٥. ناساندنی گۆڤارێکی خوێندکاران، وەك نموونە.

نووسەر رای وایە بزوتنەوەی خوێندکاران لە سالانی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردوودا پەرەی سەندووە، هەرچەندە سەرەتاکەشی بۆ کۆتایی چلەکان دەگەڕێتەوە، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا ساڵی حەفتاو پێنج خوێندکارە کوردەکانی ئەوروپای کۆ کردبووەوە بەڵام دوای ئەو ساڵە حیزبەکان کۆمەڵەی خوێندکاری خۆیانیان بە جیا دروستکرد، ئەمەش کارێکی خراپی کردە سەر خوێندکارانی کورد، چونکە لە جیاتی کۆبوونەوە، لەسەر بنەمای حیزبی دابەش بوون. واتە لەو کاتەوە هەر حیزبەو هەوڵ دەدات رێکخراوی لاوانو قوتابیانو ژنانی خۆی هەبێت. راستە ئەمە جۆرێکە لە فرەکردنو هەمەچەشنی بەڵام هێزی بزوتنەوەی خوێندکارانی کەم کردووە، رێگای خۆش نەکردووە بۆئەوەی خوێندکاران بە شێوەیەکی دروست داکۆکی لە مافی خوێندکار بکەن نەك حزبو حزبایەتی. بەڵێ بزوتنەوەی خوێندکاری کورد لە دەرەوەی وڵات هەمیشە شوناسو مافو کێشەی کوردی لەبەر چاو بووەو خەباتی بەردەوامی بۆ کردووە، بەڵام ئەو راستیەش ناشاردرێتەوە کە دابەشبوونی بەسەر حیزبدا لە گڕو تینی کەم کردۆتەوە.

**شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥**

**د. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی**

**زنجیرە: ١٤**

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجییە، ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە، لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرایەو لە بەشی مێژووی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی گفتوگۆی لەسەر کراوە.

سەرەدەمێکی دیاریکراوی شاری سلێمانی دەخاتەڕوو. نووسەر لەژیانی مێژوویی‌و سیاسی‌و کاریگەریی هێزی دەرەکی لەسەر ئەم شارە دەکۆڵێتەوە.

ساڵی ١٩٣٢ عێراق لە کۆمەڵەی گەلاندا بە ئەندام وەردەگیرێ.. ئەمەش دەبێت بە

هەوڵنامەی کتێب

خاڵێکی وەرچەرخان، بۆ عێراق بە باشە دێتەوەو بۆ کوردیش کاریگەریی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە کوردستان لکێنرا بە عێراقەوە ئیتر ئینگلیزیش بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیو بەرژەوەندیی مەیسەربن ئاواتەکانی کوردی فەرامۆش کرد. هەر لە ساڵی ١٩٣١ دا جموجوڵی سیاسیو سەربازیی شێخ کۆتایی هات. فشارێکی زۆر خرایە سەر شاری سلێمانی، نەمانی شۆرش ورەی خەڵکێکی زۆری کەم کردەوە، رەنگە ئەمە وایکردبێت لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢- ١٩٣٩ دا چەندین کۆمەڵەو ریکخراوی سیاسی دابمەزرێن. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش بارودۆخێکی وەها رەخسا ئەم ریکخراوانەی زیاتر خستەگەڕو چالاککتری کردن.

ئەم تێزە لە چوار بەش پێك هاتووەو هەر بەشێکیش بەسەر چەند باسێکدا (پار) دابەش کراوە.

ناونیشانی بەشی یەکەم (بارودۆخی شاری سلێمانی دوای بە ئەندام وەرگرتنی عێراق لە کۆمەڵەی گەلاندا (١٩٣٢) یە، ناونیشانی باسەکانی بریتین لە: بارودۆخی ئابووری، بارودۆخی خوێندنو خوێندەواری، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، بارودۆخی تەندروستی. واتە نووسەر لەم باسەدا وەك رێخۆشکردن، لە بارودۆخی شاری سلێمانی لە بوارە جیاجیاکاندا دەکۆڵێتەوە. لە بەشی دووەمدا دێتە سەر بارودۆخی سیاسیی شاری سلێمانی لە ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٩) دا. باسەکانی ئەم بەشەش بریتین لە: سیاسەتی هەردوو حکومەتی عێراقی- بریتانی لە ئاست شاری سلێمانیدا، ئاوارەبوونی بارزانیەکانو دەست بەسەرا گرتنیان لە سلێمانی، هەڵوێستی سیاسیی دانیشتوانی سلێمانی لەساڵانی سییەکاندا.

بەشی سێیەم کراوە بەچوار باس. نووسەر لەم بەشەدا بایەخی بە شاری سلێمانی لە جەنگی جیهانیدا داوە، تیشکی خستۆتە سەر پێشهاتە سیاسییەکانو کاریگەرییان، پاشان لە رەوشی ئابووریی سلیمانیو سەروبەندی بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١و پڕوپاگەندەی سیاسەتی بریتانیا دژ بەم شارە دەکۆڵێتەوە.

بەشی چوارەم لە سێ باس پێك هاتووەو نووسەر بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر رۆڵو جۆری ئەو پارتانە تەرخانی کردوون کە لەم شارەدا دامەزراون، هەر لە پارتە نەتەوەییەکانەوە تا ئەو پارتانەی کە مارکسیزمیان کرد بە بنەمای پێکهاتەی خۆیان.

ئەم کتێبە ٢٧٦ لاپەڕەیەو بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شاری سلێمانی لە رووی مێژوویی، سیاسییەوە گرنگی تایبەتیی خۆی هەیە.

**هۆشیاریی کۆمەڵایەتی**

**فوئادی تاهیر سادق**

**زنجیرە: ١٥**

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە کتێبەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی ساڵی ٢٠٠٨ چاپکراوە.

ئەم کتێبە لەشەش بەند پێك هاتووە.

نووسەر لە پێشەکیدا هۆکاری دانانی ئەم کتێبەی خۆی روون دەکاتەوە. هەروەها پێناسەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەکاتو گرنگیی ئەم جۆرە هۆشیارییە دەردەخات کە ئەبێتە هۆی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر، کۆمەڵی دواکەوتوو تاکی پێشکەوتوو لە کۆمەڵو تاکی دواکەوتوو.

بەندی یەکەم لە چەند باسێك پیکهاتووە وەك: کۆمەڵگەو بنەماکانی پێکهاتنی، گۆڕانی کۆمەڵایەتیو هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چاکسازیو شۆڕشو گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

بەندی دووەم بریتییە لەم باسانە: کورتەیەکی چڕی کۆمەڵزانی، گرنگیی کۆمەڵایەتی، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کەسێتیو ژیانی کۆمەڵایەتی. ئەم کتێبە ١٨٥ لاپەڕەیەو بەشێکی ترە لە پرۆژەیەك مامۆستا فۆاد تاهیر سادق دەمێکە بەشی تری وەك کتێبی تایبەت لێ چاپکردووە. وەك هۆشیاریی رۆشنبیری، هۆشیاریی فیکری... هتد.

**إقليم كوردستان العراق في دائرة السياسات النفطية العالمية**

**د. محەمەد رەئوف سەعید**

**ئەندازیار زمناکۆ سەعید فە تحوڵڵا**

**زنجیرە: ١٦**

ئەم کتێبە نووسینێکی تایبەتییە لەبارەی نەوتو سیاسەتی نەوتیو هەرێمی کوردستان.

د.محەمەد رەئوف سەعیدو ئەندازیار زمناکۆ سەعید فەتحوڵڵا نووسیویانە. (٧٩) لاپەرەیەو بەسەر سێ پاردا دابەشکراوە جگە لە پێشەکیو ئەنجامو چەند پاشکۆیەك.

پاری یەکەم بۆ مێژووی نەوت لە عێراقدا تەرخانکراوە. پاری دووەم گرنگیی رۆڵی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو زلهێزەکانی جیهان لە دارشتنی بەرنامەی سیاسیی تایبەت بە نەوت روون دەکاتەوە.

ئینجا لە پاری سێیەمدا دێنە سەر باسکردنی دانانی سیاسەتێکی نەوتیی تۆکمە بۆ کوردستان.

نەوت لەکۆنەوە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر پاشماوەی لاشەی ئاژەڵانو پێکهاتەکانی رووەکی سروشتی کە بەناخی زەویدا رۆچوون دروستبووە.

لە کۆنەوە شارستانییە کۆنەکان سوودیان لە مادەی نەوت بینیوە. هەر لە

شارستانیی بابلەوە کە بۆ دروستکردنی ڕێگاو بانو خۆگەرمکردنەوەو ڕۆشنایی بەکاریان هێناوە. بەڵام سوودوەرگرتنی تەواوەتی لەو کاتەوە بووە کە یەکەم بیرە نەوتساڵی ١٨٦٩ لەویلایەتی بنسلیفینیای ئەمریکی بە پێشنیاری (روکفلر)و هاوبەشەکانی لێدراوە.

زلهێزەکان پێش جەنگی جیهانیی یەکەم هەستیان بە گرنگیی ئەم مادەیە کردووەو لەبواری پیشەسازیی قورسو وەسیلەی هاتوچۆکردندا بەکاریان هێناوە، بەڵام لە جەنگی جیهانیدا سوودی باشتری دەرکەوت بۆ خزمەتکردنی ڕێگاوبانو هاتوچۆکردن لە شەڕدا.

پاش ئەوەی گرنگیی زیاتری دەرکەوت زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە پێناوی نەوتدا کەوتنە بەربەرەکانیی یەکتر. لەمڕۆشدا بەشێك لە هۆکارە نهێنییەکانی جەنگو ئاشوب نەوتە. بۆیە شتێکی سەیر نەبوو جۆرج بوشی باوك لە گوتارێکدا وتی: ئێمە ڕێگا نادەین دکتاتۆرێکی ملهوڕ دەست بەسەر نەوتی کەنداودا بگرێ.

نووسەرانی ئەم کتێبە سەبارەت بە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری نەوتدا راوبۆچوونی ئاشکرای خۆیان هەیە، وای بۆ دەچن کە هەڵوێستی سەرکردایەتیی کورد روون نییەو هەندێ جار لە عەقڵانییەتەوە دوورە، بەتایبەتی لە دەرکردنی یاساو بڕیاردا، کە پەیوەندیی بە بابەتی نەوتو گازەوە هەیە.

چونکە دەرکردنی یاسای لەم جۆرە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەو وردبینیی زۆر هەیە.

**بەعەرەبکردن لە هەرێمە کوردنشینەکاندا**

**٦٣٧ – ٨٤٧**

**ڕەحیم ئەحمەد ئەمین**

**زنجیرە: ١٧**

ئەم کتێبە١٧٧ لاپەڕەیە. بریتییە لە سێ بەند هەر بەندەی کراوە بە چەند بەشێکەوە.

بەندی یەکەم: بە ناونیشانی بەعەرەبکردن لە بووارەکانی زانستی، زماندایە. بەشەکانیش بریتین لە بەعەرەبکردنی بوواری زانستی بەشی دووەم بەعەرەبکردنی زمان لە وڵاتی کورددا.

بەندی دووەم لە ژێر ناونیشانی بەعەرەبکردنی رەگەزیی کوردیو ناوی شارو شوێنەکانی وڵاتی کورددایە بەشەکانی ئەمانەن: بەعەرەبکردنی رەگەزیی کورد، بەعەرەبکردنی ناوو شوێنو شارەکانی وڵاتی کورد.

بەندی سێیەمیش بەناونیشانی بەعەرەبکردنی جیۆگرافی لە هەرێمە کورد نیشنەکاندایەو لە دوو بەش پێك هاتووە: بەشی یەکەم نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکانی پێش ئیسلام لە ناوچەکانی

هەواڵنامەی کتێب

وڵاتی کورددا. فاکتەرەکانی نیشتەجێبوونیان لەسەردەمی ئیسلامدا، بەشی دووەم نیشتەجێبوونی هۆزە عەرەبەکان لە هەرێمە کورد نشینەکاندا.

لە هەموو بەندو بەشەکاندا لێکۆڵەر هەوڵی داوە، کە بیسەلمێنێ مەسەلەی بە عەرەبکردن کێشەیەکی نوێ نییە لە کوردستاندا بەڵکو مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسلامو ئەو هێرشانەی، کە بەناوی فتوحاتەوە دەکرانە سەر کوردستان.

فتوحات چەند لەگەڵ خۆیدا سەربازو ئایینی هێنابێ ئەوەندەش کاری کردۆتە سەر زمانو بیری ئەو ناوچانەی، کە فەتح دەکران. بەعەرەبکردن هەموو بووارەکانی ژیانی دەگرتەوە. بوواری زمان، بوواری ئەدەب، ژیانی کۆمەڵایەتی، چۆن زمان لە ئەنجامدا دەگۆڕدرا ئاوەهاش ناوی شوێنو ناوچەکانیش دەگۆڕدران. لە بوواری زانستیدا نەتەوەکانی تر وەك: کورد، فارس، تورك رۆڵی چاکیان لە پێشخستنی زمانو ئەدەبو نوسینی مێژووو فەلسەفەو ئاییندا بینیوە، بەڵام ئەم کاری بەعەرەبکردنە وای کردووە هەر بە عەرەب لە قەڵەم بدرێنو رەگەزو شوناسیان بسڕێتەوە.

**ناوی کتێب:**

**تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسي**

**نووسەر: سەلاحەدین ئەنوەر قەیتولی**

**زنجیرە: ١٨**

یەکێکە لەو کتێبانەی کە مەڵبەندی کوردۆلۆجی چاپیکردووە.

دیارە بە عەرەبکردن سیاسەتێکی چەوتی رژێمە گشتگیرەکانی ئەم وڵاتە بووە، هەم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیانو هەم بۆ کەمکردنەوەی رووبەری کوردستانو سڕینەوەی مێژووی کورد.

بەڵام سەرەتا بە چەند شوێنێکی دیاریکراو دەستیان پێکردووە وەك کەرکوكو مەخمورو خانەقین کە بەشێکی گرنگن لە کوردستان.

نووسەری ئەم کتێبە قەزای خانەقینی هەڵبژاردووە تا باسی ئەم سیاسەتە چەوتە رەگەزپەرستانەی رژێمە یەکبەدوایەکەکانی عێراق بکات.

کتێبەکە لە ٢٥٤ لاپەڕە پێك هاتووەو چوار بەشی لەخۆ گرتووە.

ناونیشانی بەشی یەکەم پێناسەکردنی ناوچەی لیکۆڵینەوەکەیە، واتە قەزای خانەقینو لەسێ پار پێك هاتووە. پاری دووەم مەودای مێژوویی شارەکەیە پاری سێیەمیش مەودای دیمۆگرافییە.

هەواڵنامەی کتێب

لەبەشی دووەمدا نووسەر ئەو فاکتەرە سەرەکییانە دەخاتەروو کە سیاسەتی بە عەرەبکردنیان پێ پیادەدەکرێ.

ئەم بەشەی کردووە بە دوو پار لە پێناوی رونکردنەوەی چەمکی بە عەرەبکردنو هۆکانیدا.

لە بەشی سێیەمدا باسی قۆناغەکانی بە عەرەبکردنو نیشتەجێکردنی هۆزە عەرەبەکان لە کوردستاندا دەکات بە مەبەستی کەمکردنەوەی دانیشتوانی کوردستانو شێواندنی نەخشەی ئیداری.

لە بەشی چوارەمدا کە لە چوار پار پێك هاتووە، لە ئەنجامەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردن دەکۆڵێتەوە. ئەمیش لەرووی دیمۆگرافیو ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە.

دیارە زەویو سنووری خانەقین درێژبونەوەی سروشتیی هەرێمی کوردستانی عێراقە. لە سەردەمی عوسمانییەکانیشدا لەژێر دەسەڵاتی بابانیو باجەلانیو زەهاوییەکاندا بووە.

سیاسەتی بەعەرەبکردنیش لەم شارەدا نوێ نییە، بەڵکو بۆ سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی رەشید عالی گەیلانییشدا ١٩٤١ خێزانێکی زۆر دەرکراونو نێردراون بۆ ئێران، پاشان گواستنەوە بە قۆناغێکی سەخت تردا براوە بەتایبەتی لە شەستەکاندا تا رێکەوتننامە شوومەکەی جەزائیر ١٩٧٥.

ئەم کتێبە زانیارییەکی چاکی لەربارەی خانەقینو سیاسەتی بە عەرەبکردن تێدایە. سوودێکی لە بەرچاوی بۆ کتێبخانەی کوردی هەیە.

## کۆیە

**لێکۆڵینەوەیەك لە جیۆگرافیای هەرێمی**

**کامەران تاهیر سەعید**

**زنجیرە: ١٩**

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێك هاتووە.

بەشی یەکەم لەبارەی خەسڵەتە سروشتییەکانی قەزای کۆیەیەو لە چەند باسێك یا پارێك پێك هاتووە وەك پێگەو رووبەر، پێکهاتەی جیۆلۆجی، تۆپۆگرافیاو کەشوهەواو خاكو رووەکی خۆرسكو دەرامەتی ئاو.

بەشی دووەم: ئەگەر نووسەر لە بەشی یەکەمدا باسی پێکهاتەی جیۆلۆجیو ئۆپۆگرافیاو سروشتی کۆیەی بە گشتی کردبێت ئەوە لە بەشی دووەمدا هاتۆتە سەر دانیشتوانی شاری کۆیەو چۆنێتی پێکهاتنیو دابەشبوونی جیۆگرافیای دانیشتوان.

بەشی سێیەمی باسەکە بۆ خەسڵەتو لایەنە ئابووریەکانی قەزاکە تەرخان کراوە، تیایدا نووسەر بایەخ بە چالاکی کستوکاڵیو پیشەسازیو گەشتو

گوزارو جموجۆڵی بازرگانیی قەزای کۆیە دەدات.

گرنگی ئەم باسە لەوەدایە، کە هەر تەنها لایەنی سروشتیی نەگرتووە بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی هەرێمایەتییە لەبارەی هەرێمی کوردستان بەگشتی یەکە کارگێڕیەکانیشی. دیارە جیۆگرافیای هەرێمایەتی هەر تەنها لایەنی سروشتی ناگرێتەوە بەڵکو جۆگرافیای سروشتیو مرۆیی بەیەکەوە دەبەستێت.

## بوون لە شیعری مەحویدا

**د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا**

**زنجیرە: ٢٠**

هەواڵنامەی کتێب

ئەم کتێبە نامەی دوکتۆرایە لە سێ بەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: بوونو ڕەنگدانەوەی بوون لە شیعری مەحویدا.

بەشی دووەم: عیشقو ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعری مەحویدا.

بەشی سێیەم: عەدەمو ڕەنگدانەوەی عەدەم لە شیعری مەحویدا.

لە بەشی یەکەمدا پێناسەی چەند زاراوەیەکی فەلسەفی دەبینین وەك: بوون چییە؟ ئاستەکانی بوون، بوون لە خۆیدا، بوون بۆ خۆی جۆرەکانی بوون، بوونی ساختە، خاسیەتەکانی بوونی ساختە، بوونی ڕەسەن، خاسیەتەکانی بوونی ڕەسەن...هتد. ئەم زاراوانە بۆ چوونە ناو باساکەوە کارێکی پێویستن، وەك ڕێخۆشکەر وان، خوێنەر بۆ ڕونکردنەوەی بوون لای مەحوی دەبەن. دەتوانین بڵێین ئەم بەشە لایەنی تیۆری کتێبەکەیە تیایدا نووسەر تیشك دەخاتە سەر دیدی چەند فەیلەسوفێك بۆ بوون، وەك هیگڵو هایدگەر.

نووسەر لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە باسی بوون دەکات، هەرچەند بوون لە سەرەتای مێژووی فەلسەفەی مرۆڤایەتییەوە باسکراوەو جێگای تایبەتی لای فەیلەسوفو فەلسەفە جیاوازەکان هەبووە.

بەشی دووەمی باسەکە لە چەند ناونیشانێکی لاوەکی پێك هاتووە وەك:

عیشق لای ئەفلاتوون، عیشقو ناوەندگیری عیشق لای مەحوی، ڕەنگدانەوەی عیشق لە شیعری مەحویدا، عیشقو ئاگری عیشق، پەروانەو مۆم، ئاگری عیشق عیشقو پەژارەی بوون، عیشقو قوربانیدان، عیشقو سۆفیو زاهید.

لەم بەشەدا نووسەر لەسەر عیشق لای ئەفلاتوون دەوەستێو دەیکا بە دەروازەیەك بۆ چوونە ناو کێشەی عیشق لە شیعرەکانی مەحویدا. ڕەنگە ئەگەر سوود لە بۆچوونەکانی باشلار دەربارەی گڕو عیشقو ئاوو سووتان ببینرایە ئەوا ئەم بەشە ئاسۆیەکی فراوانتری هەبووایە.

باشلار یەکێکە لەو فەیلەسوفو تیۆرداڕێژانەی، کە بە قووڵی باسی ئەم هاوکێشە ئینسانییانەی ناو ئەدەب دەکات.

بەشی سێیەم بریتییە لە پێناسەکردنی عەدەم لە فیکری فەلسەفیدا، پاشان باسی دڵەراوکێ دەکات، کە بە فاکتەرێکی دیاری دەزانێ بۆ وروژاندنی عەدەم. نووسەر وای بۆ دەچێ لە پاڵ شتە گوتراوەکانی دەقەکانی مەحویدا جیهانێکی شاراوە هەیە خوێنەر خۆی دەتوانێ دەرگاکانی بکاتەوە. هەروەها بۆ ئەوە دەچێ، کە مەحوی لە سەرەتای ڕەوتی ئەدەبیدا سۆفی بووە بەڵام لە قۆناغی دواترا لەم چوارچێوەیە دەرچووە گەڕاوەتەوە بۆ جیهانی ناوەوەی خۆی. خەریکی کێشەی بوون بووە.

**شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا**

**حەمەنوری عومەر کاکی**

**زنجیرە: ٢١**

ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجییە.

لەسێ بەش و هەر بەشێکیش لە چەند باسێك پێك هاتووە.

لە بەشی یەکەمدا نووسەر لەسەر پێناسەی شێوازو جۆرەکانی شێوازو شێوازی کۆنو نوێ دوواوە. دیارە ئەمەیش ڕێگاخۆشکردنە بۆ چوونە ناو مەبەستی سەرەکییەوە.

بەشی دووەم تەرخانە بۆ شێوازی شیعری کلاسیکیی کوردی، بۆ ئەمەیش نووسەر تیشکی خستۆتە سەر میرنشینی ناوچەی سلێمانیو زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو کاریگەریی زمانو زمانی ئەدەبیی میللەتانی تر بەسەر ئەدەبی کوردییەوە، بەتایبەتی زمانی فارسیو تورکیو عەرەبی. بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی پراکتیك شیعری نالیو سالمو کوردی دەکات بە نموونەو بەشی سێیەمی بۆ تەرخان دەکات، کارەکە تەنها لەکێشو قافیەو لێکچواندنو هەندێك هونەری ڕەوانبێژی تردا چوارچێوەی بۆ دادەنرێت، واتە شێوازی ڕەوانبێژی زاڵ دەبێت.

**ئەرمەنۆساید**

**سەدەیەك لە پەیوەندییەکانی کوردو ئەرمەن**

**مامەند ڕۆژە**

**زنجیرە: ٢٢**

خاوەنی ئەم کتێبە، بابەتەکەی بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە.

هەر بەشێکیش لە چەند پارێك پێك هاتووە.

لە بەشی یەکەمدا تیشکی خستۆتە سەر هاوبەشیی مێژوویی ئەرمەنو کوردو زمانو جیۆگرافیاو ئایینو کولتووری ئەم دوو میللەتە.

دیارە ئەمە وەك ڕێخۆشکردنە بە مەبەستی چوونە ناو کرۆکی باسەکەیەوە کە جینۆسایدی ئەرمەنو کوردە. لای نووسەر،

هەواڵنامەی کتێب

وەك لە بەشی دووەمدا دەردەكەوێ، هەر تەنها كورد نییە كە تۆمەتی كوشتاری ئەرمەنی دەدرێتە پاڵ بەڵكو هەمان تۆمەت (كوشتار) رووبەڕووی ئەرمەنیش دەكرێتەوە.

گوایە ئەویش دەستی لە كوشتاری كوردا هەبووە.

ئەمە بۆ خۆی زانیارییەكی فەرامۆشكراوو نوێ ئەوروژێنێ، بەڵام پێویستی بە وردبینییەكی تەواو هەیە.

عوسمانییەكان ئەو سیاسەتەیان بەكارهێناوە كە ئەم دوو میللەتە بدەن بەگژیەكدا بۆ جێبەجێكردنی مەرامی تایبەتی خۆیان.

یەكێك لە خاڵە گرنگەكانی تری ئەم كتێبە باسكردنی ئیتیحادو تەرەقیو جینۆسایدی ئەرمەنە.

نووسەر لە بەشی سێیەمدا كە تایبەتە بە پەیوەندییەكانی كوردو ئەرمەن سێ قۆناغ لە پەیوەندی دەخاتە روو: نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، سەردەمی كۆمار، نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم.

**بنیاتی كارنامەیی لە دەقی نوێی كوردیدا**

**د. عبدالقادر حەمە ئەمین محەمەد**

**زنجیرە: ٢٣**

ئەم كتێبە لە بنەڕەتدا نامەی دكتۆرایەو لە زانكۆی سلێمانی گفتوگۆی لەسەر كراوە.نووسەریش د. عبدالقادر مامۆستایە لە بەشی كوردی زانكۆی سلێمانی.

ئەم كتێبە هەوڵێكە بۆ پەیڕەوكردنی میتۆدی نوێ. دیارە ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێ كە بەرەبەرە زانكۆكانمان بەسەر ڕێبازە نوێكاندا ئەكرێنەوە، بە پێچەوانەی جارانەوە كە دەرگا لەرووی هەوڵی رەخنەیی نوێدا داخرابوو.

بنیات بۆ خۆی جگە لە سنووری وشە راستەقینە زمانەوانییەكەی، زاراوەیەكی رەخنەیی نوێیە. راستە هەموو دەقێك بنیاتی هەیە، بەڵام وەرگرتنی هەر دەقێك وەك بنیات بۆ شیكردنەوە دەمانباتەوە سەر میتۆدێكی رەخنەیی كە زیاتر لە شەستەكاندا لە ئەوروپا مشتومڕی گەرمو گفتوگۆی فراوانی لەسەر دەكرا و لە كۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی چەندین ڕێبازی تر دەربكەون، لەوانە تیۆری پاش بنیاتگەریو پاش كۆلۆنیالیزمو رەخنەی بەهاناچوونی خوێنەر.

كارەكەی د. عبدالقادر حەمە ئەمین محەمەد لەم چوارچێوەدا ئەسوڕێتەوە بنیات دەكات بە پنتی خوێندنەوە.

لای ئەم دەق ئەبێت بە گرنگترین تەوەر بۆ خوێندنەوە.

ناوەرۆكی باسەكەی لە دوو بەشو ئەنجام پێك هاتووە. بەشی یەكەم بریتییە لە ئەركی جومگەییو لەشەش باسو پار پێك هاتووە:

لەم بەشەدا نووسەر لەسەر ئاستی تیۆری كار دەكاتو بەدوای پێناسەكردنی بنیاتو

هەواڵنامەی كتێب

جۆرەکانیدا ئەگەڕێ. هەر شەش باسەکە بریتین لە جۆرەکانی بنیات کە بەم جۆرە ریزکراون: بنیاتی تاکگەری، بنیاتی گشتی، بنیاتی بێکۆتایی، بنیاتی میتازمان، بنیاتی سەرچاوەیی.

ناونیشانی بەشی دووەم ئەرکی جەمسەرگیرییە. لەم بەشەدا ئەرکی بنیاتی هەڵچوونو بنیاتی پێکاریگەربوونو بنیاتی شیعریو بنیاتی شێوازناسیو بنیاتی ئاوازو بنیاتی دووبارە دەخاتە روو.

ئەو نموونانەی کە نووسەر هەڵیبژاردوون بۆ باسەکەی شیعری عەبدوڵڵا گۆرانو شێرکۆ بێکەسو عەبدوڵڵا پەشێوو پیرەمێردو ئەنوەر قادر محەمەدو دیلانو کامەران هێمنو بێکەسو فەرەیدون بەرزنجیو لەتیف هەڵمەتو هیدایەت عەبدوڵڵا حەیرانو محەمەد عومەر عوسمانو قوبادو جەمال غەمبارو کەساس جەباریو قەدری جانن. ئەم کتێبە (٢٦٤) لاپەڕەیەو چەند پاشکۆیەکی تیایە گرنگترینیان پاشکۆیەکە بۆ فەرهەنگی ناوی نووسەران بە زمانی کوردیو ئینگلیزی.

**کولتوورو ناسیۆنالیزم**

**د.رەفیق سابیر**

**زنجیرە: ٢٤**

ئەم کتێبەی لە پێنج بەش پێك هاتووە.

بەشی یەکەم/ ناسیۆنالیزمو کولتووری کورد.

بەشی دووەم: جیهانگیریو داهاتووی دەوڵەتی نەتەوەییو پرسی کورد

بەشی سێیەم: زمانو نەتەوە

بەشی چوارەم: ئیسلامی سیاسیو پێناسی نەتەوەیی کورد

بەشی پێنجەم: سەرەتایەکی مێژوویی لە بارەی سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لە کوردستاندا.

دیارە کێشە نەتەوەییەکان تا ئێستایش لای ئێمە بێ چارەسەرکردن ماونەتەوە.

ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە ئێمە لە رۆژئاوا جیادەکەنەوە.

هەندێك کێشەمان هەن، کێشەی سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمن. هەرچەندە ئێمە بە رواڵەت چووینەتە سەدەی بیستو یەکەمەوە، بەڵام چەندەها کێشەو مەسەلەمان هەن کێشەی سەدەو دوو سەدەو سێ سەدەی پێش ئێستان. واتە لە سەردەمی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا بە دەیەها گرفت ئابلۆقەدراوین کە گرفتی سەردەمی سوننەتیو رۆژئاوا دەمێکە کۆتایی پێهێناون.

هەر بۆیە لێرەوە دەکرێ بڵێین مێژوو کۆتایی نەهاتووە.. بەتایبەت سەبارەت بە میللەتانی وەك ئێمە.

داخستنی مێژوو بەوەی لە خاڵێکدا، یا لە چوارچێوەی شارستانییەکدا بیوەستێنین، پێچەوانەی پێشکەوتنو پەرەسەندنە. نوێگەری خۆیشی، ئەگەر لە خاڵێکدا

هەواڵنامەی کتێب

بوەستێ دەبێتەوە بەدژی خۆی، ئەگەر مێژوو لای سەنتەر وەستابێت، کە ئەمەیش جێگای مشتومڕە، ئەوە لای پەراوێزی وەك ئێمەمانان هێشتا هەر لە سەرەتادایە.. تازە دەجولێین بۆ چارەسەرکردنی دەیەها کێشەو گرفت کە هیچ رێگاو چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

بۆیە کولتوورو ناسیۆنالیزمیش لای خۆمان تا رادەیەك بەجیا دەکەونەوەو ئەم کتێبەیش بەشێوەیەکی جیاواز دەیانخاتە روو بۆ دۆزینەوەی پرسیاری دەرباز. هەر بۆ ئەوەی جەخت لەسەر کۆتایی نەهاتنی مێژوو بکەین چەند رستەیەکی د.رەفیق دێنینەوە کە دەڵێ: پرۆسەی مۆدێرنیزمو پۆست مۆدێرنیزمو لیبرالیزم لە ئەوروپادا، بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، هێشتا نەیتوانیوە کۆتایی بە ناسیۆنالیزم بێنن، نەیانتوانیوە مافی یەکسانیی نەتەوەییو کولتوریی بۆ کەمە نەتەوەییەکانی نێو ئەو وڵاتانە دابین بکەن.

جا ئەگەر ئەمە حاڵی کێشەو چەمکێکی گرنگی وەها بێت لە سەنتەردا، ئەی ئەبێت چۆنچۆنی لای ئێمەی پەراوێز بکەوێتەوە؟

نووسەر دیدێکی روونی هەیە بۆ خستنە رووی کێشەکەو دۆزینەوەی چارە. لەسەر ئاستی تیۆری دوو جۆر مۆدیل لە ناسیۆنالیزم دەخاتە روو. ناسیۆنالیزمێك لەسەر بنچینەی هاوڵاتیبوونو ناسیۆنالیزمێك لەسەر بنچینەی ئێتنیکی-کولتووری. مۆدیلی یەکەم رۆشنگەرانی فەرەنسا جەختیان لەسەر کردووەو پێیان وابووە، دەوڵەت دروستکەری نەتەوەیە. مۆدیلی دووەم بە پێچەوانەوەیەو پێی وایە دەوڵەت بەرهەمی نەتەوەیە.

ئەمانە دوو نموونەی دیارن لە رۆژئاوا پیادە کراون ئیتر ئێمەیش تا ئێستا هەر لەژێر دەستی ئەو نموونەیاین کە رژێمە گتشگیرەکانی ئەم وڵاتانە کاری پێدەکەن.

ئەم کتێبە ١٨٨ لاپەڕەیەو گرنگیی تایبەتیی خۆی بۆ کتێبخانەی کوردی هەیە.

**رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا**

**کاروان عومەر قادر**

**زنجیرە: ٢٥**

کتێبێکی زمانەوانییەو نووسەرەکەی پشتی بە چەندین سەرچاوەی نوێو هەمەجۆر بەستووە. بابەتەکەی بەسەر سێ بەشو چەند باسێکدا دابەشکردووە.

بەشی یەکەم بەناونیشانی شیکردنەوە بەرایییەکانی تیۆری (سەرتۆپ-کۆمێنت)ە.

بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی (لە رستەی باسمەندی زمانی کوردی)دایەو بەسەر دوو پاردا دابەشکراوە یەکەمیان (رستەی سەرتۆپی)یەو دووەمیشیان (پرۆسەی باسمەند لە زمانی کوردی)دایە.

بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی تیشکۆ Focus لە دروستەی زانیاریدا)یە بۆیە بەشێوەیەکی ئاسایی کردویەتی بە دوو

هەواڵنامەی کتێب

پار. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەرەو لە کۆلێجی زمانی سەر بە زانکۆی سلێمانی گفتوگۆی لەسەر کراوە.

**شەرەفخانی بەدلیسی**
**سەردەم، ژیان، نەمری**
**ی.ئی.ڤاسیلییڤا**
**وەرگێڕ: د.ئارام عەلی**
**زنجیرە: ٢٦**

بەرهەمی کوردناس‌و مێژوونووسی روسی یڤگێنیا ڤاسیلیڤایە، د. ئارام عەلی لە زمانی رووسییەوە کردویەتی بە کوردی.

خاتوو یڤگێنیا ڤاسیلیا تەمەنی خۆی بۆ نووسین‌و توێژینەوە لەسەر شەرەفخان‌و مێژووی کوردستان تەرخان کردووە.

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێك هاتووە.

بەشی یەکەم بەناونیشانی (خاکی کورد لە سەردەمی شەرەفخانی بەدلیسیدا)یەو تیایدا باسی ناوچەو مێژووی کوردستان‌و ئەو سەردەمە دەکات کە شەرەفخانی تیا دەرکەوتووە.

بەشی دووەم (لاپەڕەکانی ژیان یان ڕێگایەکی دوور بەرەو ماڵەوە)یە، چەند باسێکی لە خۆگرتووە وەك: لانەی بنەماڵە- ئۆجاغی باوك‌و باپیرانی بەدلیس، بنەماڵە‌و هۆز، باپیری مەزن‌و کوڕەزای بەناوبانگ، میر شەمسەدین، باوکی شەرەفخانی بەدلیسی لە ئێران لە دەرباری سەفەوییدا، گەڕانەوە بۆ بەدلیس، بۆ لانەی بنەماڵە، کتێبی شەرەفنامە یا کتێبی سەربەرزی کوردستان.

بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی (نەمریی وشەی شەرەفخانی بەدلیسی)دایە. ئەم کتێبە لە پاڵ ئەوەدا گرنگیی کتێبی شەرەفنامە روون دەکاتەوە وەك تۆمارێك وایە بۆ ژیانی شەرەفخانی بەدلیسی، وەك نووسەرو مێژوونووس‌و مرۆڤ.

وەرگێڕی کتێبەکە د. ئارام عەلی دکتۆرای لە مێژوودا هەیەو ماوەیەکە گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان.

هەواڵنامەی کتێب

**بۆ بینینی تەواوی بەرهەمەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بڕوانە:**

www.kurdology.com

هەواڵنامەی کتێب